**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣

## ١٩٩٢ - بەرگی سێیەم

---

چاپی یەکەم ١٩٩٧

له بڵاوکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ناوی کتێب: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
پرۆتۆکۆلەکان ـ ١٩٩٢/ بەرگی سێیەم

چاپی یەکەم: ١٩٩٧

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان: ٢٠٧

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٤) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٣ ــــــــ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٥) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٨ ــــــــ ل٥٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٦) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٩ ــــــــ ل١٠٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٧) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٣ ــــــــ ل١٣٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٨) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٤ ــــــــ ل١٧١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٩) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٦ ــــــــ ل٢٠٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٠) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٧ ــــــــ ل٢٣٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤١) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/١٧ ــــــــ ل٢٧١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٢) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/١٨ ــــــــ ل٢٩٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٣) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٣١ ــــــــ ل٣٣٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٤) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/١ ــــــــ ل٣٦٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٥) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢ ــــــــ ل٣٧٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٦) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٣ ــــــــ ل٤١٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٧) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٤ ــــــــ ل٤٥٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٨) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٩ ــــــــ ل٤٩١



# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٣٤)

چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٣٤)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٣

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (٣٤)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو. ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ــ گفتوگۆ کردن لەسەر دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی***
***٢ــ گفتوگۆ کردن لەسەر یاسای پاراستنی بیانییەکان.***
***٣ــ گفتوگۆ کردن لەسەر یاسای پێشمەرگە.***
***٤ــ خوێندنەوەی نامەکەی مادام دانیال میتران.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە لێدوانی ئەمڕۆماندا چوار خاڵمان هەیە.

خاڵی یەکەم لەسەر داخوازیی هەردوو کتلە دوا دەخەین بۆ دانیشتنێکی تر، ئەوەیش بابەتی زانکۆی سلێمانی و بڕیارە نارەواکەی ئەنجوومەنی وەزیرانە، بەلام من بەش بەحاڵی خۆم کە بەرپرسیارم وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ بەدواداچوونی ئەو بڕیارانەی کەدەیدەن لەسەر پێڕەوی ناوخۆ، سوورم لەسەر ئەوەی کە ئەو بڕیارە هەڵبوەشێتەوە، بۆیە حەز دەکەم ئێوە ئاگادار بکەمەوە وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ودەستەی سەرۆکایەتی ئێمە پشتگیریی لە رای لیژنەی یاسا دەکەین لەئەنجوومەن و، دواخستنی گفتۆکردن لەسەر ئەم خاڵەش مانای نییە.

هەردوو بابەتی خاڵی (دوو)و، (سێ) لە دانیشتنی پێشووشدا دواخران بۆ ئەوەی دابەش بکرێن بەسەر هەردوو کوتلەکەدا، هەروەها دەبێ دەستی خۆمان سووک کەین بۆ ئەوەی یاسای پێشمەرگە زوو تەواو بکەین.

ئێستا ماوە بە لیژنەی یاساو لیژنەی پێشمەرگە دەدەین، پاشان ئەگەر چ تێبینییەک هەبوو بیلێن.

خاڵی تازە بابەت، ئەگەر هەردوو کتلە چ شتێکیان هەیە دەربارەی ئەو بابەتە با بفەرموون.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

پێشنیار دەکەم خاڵی یەکەم بۆ کۆبوونەوەی دووەمی هەفتەی ئاینده دوا بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســــەعــدی ئەحـــمـــەد مـــحـــەمـــەد:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

من پشتگیریی ئەو پێشنیارەی بەڕێز فرەنسۆ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن:**

ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

بێگومان من دژی ئەو بڕیارەم، حەزدەکەم ئەو بابەتە زۆر بە سادەیی وەربگرین و مەسەلەکە پەیوەندیی نییە بەهەردوو حزبەوە. من ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانم، بەڕێز دکتۆر فوئادیش ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانییە، ئەمە پەیوەندی بەگیانی هەردوو حزبەوە نییە، چونکە پێویست ناکات ئێمە لێرە دانیشین بڵێین کێ بەپەرۆشە بۆ ئەم تەباییەو، ئەمە خواستی جەماوەرە، ئەگەر ئێمەش ڕاست دەکەین لێرە نوێنەری ئەو جەماوەرەین، دەبێت لێرە لە هەموو کەس زیاتر پاڵپشت و پشتگیریی ئەو بۆچوونە بکەین، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ بەتایبەتی ئەو دوو حزبە ڕۆژ بە ڕۆژ لەیەکتر نزیکتر دەبنەوە، بۆیە من هەر سوورم لەسەر ئەم بابەتە. دواخستنی ئەم بابەتەش دەرچوونە لە ڕەوتی دیموکراتییانەی ئێمە کە ئەمڕۆو لە ئایندەش بەرپرسیارین لێی.

بەڕێز د. عیزەدین دوێنێ تەئکیدی کرد من لەگەڵی نەبووم، ئێستاش لەگەڵی نیم کە لیژنەی یاسا دەیەوێت پینەی بکات، نەخێر من دەڵێم ئەو تەجاوزە ئەبێت ڕاست بکرێتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر لادان دروست نەبێت لەلایەن هیچ دەسەڵاتێکەوە، لەبەر ئەوە من دژی ئەم دواخستنەم و، دەبوایە ڕۆژی یەکەم زۆر بەئاسانی و بێ ئەوەی دەنگی لێوە بێت، بڕیارمان لەسەر بدابایەو، بەو شێوەیە لە بەڵگەنامەکانی خۆمان دەچەسپا کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەنجوومەنی نیشتمانیی و ئەنجوومەنی وەزیران بە(بەهێمنی) مەسەلەکانیان چارەسەر کردووە، وەکو ئەڵێن (ئاو گەڕایەوە سەر جۆگەی خۆی). وادیارە ئەنجوومەنی وەزیران یان (سەرۆک وەزیران) بەتایبەتی حەز دەکەن ئەم بابەتە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئێستاش من تێناگەم بۆ سوورن لەسەر ئەوەی ئەو بڕیارە هەڵنەوەشێتەوە کە خۆشیان دەزانن ڕاست نییە.

**بەڕێز د. عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا ڕەســـول:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

پێشەکی ئەمەوێ یەک شت ڕوون بکەمەوە، مەبەستم لەپینەوە پەڕۆ یەک شت بوو ، لیژنەی یاسا

دەڵێ ئەو بڕیارە پێچەوانەی یاسایە لەبەر فلان هۆ، یان ئەو بڕیارە ڕێکەو راستە لەبەر فلان هۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێویست ناکات لیژنەی یاسا بیڵێ ئەوە لە پێڕەوی ناوخۆ پەرلەماندا هەیە، بەندێکی روونەو، ئەوەی لێرە دائەنیشێت هەقی هەڵوەشاندنەوەی هەر بڕیارێکی هەیە.

**بەڕێز عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حزبەکان کە ئەندامن لەپەرلەمان حەقی خۆیانە پێش ئەوە بێنە ناو پەرلەمان لەبابەتەکان بکۆڵنەوە و بڕیاری خۆیان بدەن. بۆ چی دەنگ دەدەن، بۆچی دەنگ نادەن؟، بەڵام ئێمە چەند سەعاتێک لێرە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، ئەوسا هەڵدەگیرێ بۆ لێکۆڵینەوەی مەکتەبی سیاسی، کەواتە ئێمە لە رۆڵی پەرلەمان کەم دەکینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بابەتە ئێمە لێی بێ دەنگ نابین تاوەکو نەگەین بە ئەنجامێک وەکو فەرموودەی قورئان دەڵێ:
(لن ابرح الأرض حتى يأذن لي أبي أو يحكم الله بيننا فهو أحكم الحاكمين).

**صدق الله العظيم**

لە راستیدا ئەمە یەکەم لادانە، بۆیە ئەبێت حەدێکی بۆ دابنرێ.

بڕگەیەک هەیە ئێمە زیادمان نەکرد، حەز ئەکەم راتان وەرگرم بەرامبەر ئەو بابەتە، ئەویش ئەمرۆ نزیکەی سەعات (١٠) ئەنجومەنی وەزیران خەملاندنی بوودجەیان بۆ ناردین، ئینجا ئێمە دەیدەین بەلیژنەی ئابووری و، هیوادارم بەزووترین کات دابنیشن و دیراسەی ئەم بوودجەیە بکەن و، راپۆرتیان دەربارەی ئەم بابەتە ئامادە بکەن. ئەمە تەنیا بۆ ئاگاداریە و نابێتە خاڵ لە بەرنامەی ئەمڕۆدا.

پرۆژەی یاسای پاراستنی بیانییەکان، لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لای هەمووتانە؟ تکایە ئەگەر زەحمەت نەبێت لیژنەی یاسا بێنە سەر مینەسە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای پاراستنی بیانی یەکان دەخوێنمەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار(   )

تأريخ القرار

بناءاً على مقتضيات مصلحة شعب كوردستان واستناداً الى الفقرة (١) من المادة(٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس بجلسته المنعقدة في (    ) إصدارالقانون الآتي:

## قانون رقم (   ) لسنة ١٩٩٢
## قانون حماية الأجانب والعاملين مع منظمات الأمم المتحدة والمنظمات الأنسانية في إقليم كوردستان العراق.

المادة الأولى:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یاساکە بڕگە بڕگە گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قانوون حمایە الأجانب والعاملین، مەبەست لە (العاملین) کێ یە؟، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەستمان لە(العاملین) ئەو کەسانەن کە خەڵکی کوردستانن و لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکەن، وەک شوفێرێک، یان یاریدەدەرێک، یان هەرکەسێک کە کارمەندی ئەوان بێت هەمان یاسای لەسەر جێبەجێ دەبێت.

مەبەستی (مشرع) لە دانانی ئەو یاسایە ئەوەیە کە پارێزگاری کارمەندانی ئەو ڕێکخراوانە بکات، چونکە زۆر جار خەڵکانێک کە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا کار دەکەن تیرۆر دەکرێن بە مەبەستی ئەوەی ئەو ڕێکخراوانە بترسێن و لە کوردستاندا بڕۆن، ئەمەیە مەبەستی (مشرع) لە دانانی یاساکەو، رای کۆتاییش بۆ ئەندامانی بەڕێزە، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەوانەیە هەندێ لەوکارمەند کوردانەی کە لەگەڵ ئەو ڕێخراوانەدا کار دەکەن دوژمنداری کەسێتییان هەبێت، لەبەر ئەوە کاتێک دەکوژرێن مەرج نییە تاوانبارەکە لە سێدارە بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەم یاسایە تەنیا تایبەت بێت بە کارمەندە بیانییەکان، چونکە ئێمە یاسای مەدەنیمان هەیە بۆ کارمەندە کوردەکان، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پشتگیری لە قسەکەی بەڕێز عومەر سەید عەلی دەکەم، چونکە هی وا هەیە لەناو شار تاوانێکی کردووە، ئێستا بووە بە شوفێر لە (UN) یان یەکێک لە ڕێکخراوەکان، لەوانەیە خەڵک لەتۆڵەدا بیکوژن، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە حکوومەتی هەرێم خۆی شوفێرەکان دابنێت بۆ ئەوە ڕێکخراوانە بۆ ئەوەی ئەو جۆرە دیاردانە ڕوونەدات، سوپاس.
**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پرسیارێک لە لیژنەی یاسایی دەکەم دەربارەی (قانون حماية الاجانب و العاملين مع منظمات الأمم المتحدة)، ئایا ئەم یاسایە هەموو بیانییەکان دەگرێتەوە کە دێنە کوردستان هەتا ئەگەر دوژمنی میللەتی کوردیش بن؟، سوپاس.
**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا کار دەکەن مرۆڤی گومان لێکراوو هاندراون، تەنیا ئەمانە نەبێت کە لەلایەن حزبەکانەوە تەزکیە کراون و لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا کار دەکەن، لەبەر ئەوە پێشینار دەکەم کە ئەو کارمەندانە شەرەفی پارێزگاری کردنیان پێ نەدرێت، سوپاس.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
وەڵامی تێبینییەکانی ئەندامە بەڕێزەکان دەدەمەوە:
بێگومان کە یاسایەک دادەنرێت بە سیفەتی گشتی دادەنرێت و تەماشای هەندێ لایەنی تایبەتی ناکرێت. کاتێک بیانییەکان دێنە کوردستان، دەزانن حکومەتی عێراق بڕیاری تیرۆرکردنی هەموو بیانییەکی داوە کە بێتە ناو عێراق، ئێمەش ئەو یاسایەمان بۆ ئەوە داناوە کە پارێزگاریان بکەین و، هەروەها وەکو هەموو کارێکی تر کە مەترسی لەسەر بێت یاسا پارێزگاری دەکات بۆ ئەوەی خەڵک نەترسێن لەو ڕێکخراوانەدا کار بکەن.
خاڵێکی تر دەربارەی ئەو کەسانەی کە تەزکیە دەکرێن لەلایەن حزبەکانەوە، ئەمە پەیوەندی بە دانانی یاساوە نییەو، تەنیا پەیوەندیی بە حزبەکانەوە هەیە کە ئەوان کێ دەنێرن بۆ کارکردن لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە.
سەبارەت بە پرسیارەکەی بەڕێز حازم یوسفی، ئەم یاسایە بە شێوەیەکی گشتی بۆ پارێزگاری کردنی هەموو بیانییەک دادەنرێت کە دێنە ناو کوردستان، هەتا ئەگەر کوردێکیش لەدەرەوە جنسیەی وڵاتێکی بیانی وەرگرتبێ ئەویش دەگرێتەوە، بێگومان هەموو بنەمایەکیش ئیستسنای هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان کە زۆری لە جێی خۆیەتی، یاساکە لە بنەڕەتدا لەوەزارەتی ناوخۆو ئەنجوومەنی وەزیراندا گفتوگۆی لەسەر کراوە، پاشان ئاراستەی پەرلەمان کراوە، مانای ئەوەیە ئەوان بەرژەوەندیی وڵاتەکەیان بەرچاو خستووە، ئینجا ئەم یاسایەیان بۆ ئێمە ناردووە.

دەربارەی ئەو کەسانەش کە دادەمەزرێن لەو ڕێکخراوانە، پێشنیار دەکەم لەلایەن وەزارەتی ناوخۆو مرۆڤایەتی تەزکیە بکرێن و ڕەوشت پاکییان بچەسپێنن، پاشان لە ڕێکخراوەکاندا دابمەزرێن، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

پێشنیارێک هەیە لەسەر بابەتی(عاملین) بەو شێوەیە: (أو أحد العاملين مع منظمات الأمم المتحدة أوالمنظمات الأنسانية العاملة في إقليم كوردستان العراق إذا كان عملهِ لدى المنظمات المذكورة هو دافع لقتله) ئەمە وەک پێشنیارێکە.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دوو پێشنیارم هەیە، یەکەم بڕگەکە بەو شێوەیە بێت (يعاقب بالأعدام كل من قتل عمداً أوساهم..).

خاڵی دووەم، پێشنیار دەکەم دادگا بڕیاری ئەوە بدات کە ئەو کارمەندەی دەکوژرێت لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەرکی ڕەسمی بووە، یاخود کوشتنەکەی ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز ســەعــدی ئـەحـــمـــەد مـــحـــمـــەد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەرای من ئەو بڕگە تازەیە زیادە، چونکە لە مادەی (٢)دا هاتووە(لاتطبق أحكام الفقرة (آ) من المادة الأولى من هذا القانون على الجاني ،اذاكان للمجني عليه دور في موضوع الجريمة و تطبق في حقهِ العقوبات الواردة)، واتا ئەگەر بیانییەک تاوانێکی (مخل بالشرف)ی کرد بێت خۆی بەشدارە لە تاوانەکە، لەبەر ئەوە دەبێ یاسای ئاسایی بەسەردا بسەپێت، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنـان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

سەبارەت بە تێبینییەکەی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە، ئێمە بۆیە لامان داوە، چونکە لە یاسای سزادان هیچ دەقی وا نییەو، ئەو بابەتە تازەیە، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـــحـــەمـــەد ئەمین عــەبدولحــەکـیم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڕاستی من دەقەکەم بەشێواو دێتە بەرچاو، پێشنیار دەکەم ئەمە بکرێت بەدوو مادە یەکێکیان

تایبەت بێت بەو بیانیانەی لێرە کاردەکەن ئەوی تریان تایبەت بێت بەو کارمەندانەی کە لەگەڵیاندا کاردەکەن،واتا بەم شێوەیە بێت.

المادە الأولى: (يعاقب بالأعدام كل من قتل عمداً شخصياً أجنبيا). «أو أحد العاملين» لابرێت لەو دەقە.

المادة الثانية: (يعاقب بالأعدام كل من قتل شخصاً أجنبياً من منظمات الأمم المتحدة والمنظمات الأنسانية العاملة في إقليم كوردستان العراق) ئينجا لەدوای ئەوە «أو أحد العاملين معهم أثناء ممارسة العمل» زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێک بابەت هەیە دەبێ ئێمە بە وردی سەیری بکەین، ئەگەر کارمەندێکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەست نیشان کرابێ بۆ کوشتن، ئەوە لەوانەیە لەکاتی کارکردنی رەسمی و لە دەرەوەی دەوامی رەسمیش تیرۆر بکرێت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هێشتا گفتوگۆ لەسەر ناونیشانەکە دەکەین، ئێمە دەمانەوێ پەرلەمان بڕیار بدات لەسەر یاسای پاراستنی ئەو کارمەندانەی لە رێکخراوەکاندا کار دەکەن بۆ ئەوەی هان بدرێن بەردەوام بن لەسەر کارەکەیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێک هەیە (قانون حماية الأجانب) وشەی (العاملين)ی لەگەڵدا بێت یان نا؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم وشەی (العاملين)ی تیادا نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو رێکخراوانەی لەکوردستاندا کار دەکەن زۆربەی زۆری ئۆتۆمبیلی خۆیان نییە، زۆربەیان ئۆتۆمبیلی کۆنە جاشن و بەکرێیان گرتوون، مادام ئەگەر شوفێری ئەوان بپارێزرێ، ئەی بۆ شوفێرەکانی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نەپارێزرێن، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە رێکخراوەکان ئەم مافەیان پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە دەڵێ(العاملين) ی تیا نەبێت. ئەمە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە(العاملين) لە دەقەکەدا وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ دەقەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵڵا حـەیدەری:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

المادة الأولى فقرة(أ)/ يعاقب بالأعدام كل من قتل عمداً شخصاً أجنبياً أو أحد العاملين مع منظمات الأمم المتحدة والمنظمات الأنسانية العاملة في إقليم كوردستان العراق.

الفقرة(ب) تراعى العقوبات المقررة في أحكام قانون العقوبات العراقي وتعديلاته رقم(١١١) لسنة/١٩٦٩ بخصوص الحالات غير الواردة في الفقرة(أ) من هذا القانون.

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟.

**بەڕێز شـەوكـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

بەڕای من پێویستە بکرێت بە (يعاقب بالأعدام كل من قتل عمداً شخصاً أجنبياً أو عاملاً مع المنظمات)، چونکە (أجنبی) ئێرانیش دەگرێتەوەو ئەو کوردە ئەجنبییانەش دەگرێتەوە کە لەدەرەوەن و ناسنامەی بیانیان وەرگرتووە، بۆیە پێویستە ئەو (أجنبی)یانەی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کاردەکەن دیاری بکرێن کێنە؟.

**بەڕێز حـازم ئەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

من تەئکید لەسەر ئەوە دەکەم کە (أجنبی) ئێرانیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حـەمـیـد سـەلیم مـیـران:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

پێشنیار دەکەم بڕگە(أ) بەو شێوەیە بێت: (كل من شرع بالقتل أو قتل عمداً)، چونکە ئەو بڕگە (أ) بەو جۆرە مایەوە، یەکێک هەوڵی کوشتنی کردو، کوشتنەکەی نەکرد، ئەوا یانی هیچ نەکرا، سوپاس.

**بەڕێز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

پێشنیار دەکەم دەقەکە بەو شێوەیە بێت : (يعاقب بالأعدام كل من قتل عمداً شخصاً أجنبياً أو أحد العاملين مع منظمات الأمم المتحدة والمنظمات الأنسانية في إقليم كوردستان العراق بشكل رسمي، یان « استحصال موافقة مجلس وزراء »)، بۆ ئەوەی جیاوزای هەبێت لە نێوان ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ڕێکخراوەکان کار دەکەن و ئەو مرۆڤە خراپانەی کە بەڕێزان ئەندامانی باسیان کردن، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدوڵڵا حـاجی ئیبـراهیم عـەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

پێویستە جیاوازی بکرێ لە نێوان ئەو بیانییانەی کە لە دەرەوە بۆ کاروباری بۆ کاری مرۆڤایەتی

دێنە ناو کوردستان، لەگەڵ ئەوانەی کە لەودیوی سنووری تورکیاو ئێران بۆ کاری تیرۆری دێن، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو پێشنیارم هەیە بۆ لیژنەی یاسا، یەکەم لقێک جیا بکرێتەوە بۆ ئەو بێگانانەی بەکاروباری مرۆڤایەتی هاتووەنەتە کوردستان.

، دووەم: وشەی (العاملین) مادام بڕیاری لەسەر درا وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس

**بەڕێز ئازاد فەتاح میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای ئێمە دەقەکە بەو شێوەیە بێت :(یعاقب بالأعدام کل من قتل عمداً شخصاً أجنبیاً عاملاً مع منظمات الأمم المتحدة والمنظمات الأنسانیة وکذلك العاملین معهم في إقلیم کوردستان العراق)، سوپاس

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بیانییەکان رەوشتیان وایە ناترسێن و، دێنە کوردستان بەبێ پارێزگاری لەشارێک بۆ شارێک ئەچن، بێ ئەوەی بزانێ بەچ رێگایەکدا چوونە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە وەسێتێک لەلای ئێمەوە دەربچێت بۆ وەزارەتی ناوخۆ تاکو پارێزگارییان بکات و، نەیەڵن ئەو بیانییانە لە خۆیانەوە بێن و بچن بەمەش دیاردەی تیرۆکردنیان کەم دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەم مادەیە بەم شێوەیە بێت (یعاقب بالأعدام کل من یتسبب عمداً في قتل أجنبي دخل کوردستان ولە حصانة، أو أحد العاملین مع منظمات الأمم المتحدة والمنظمات الأنسانیة العاملة في إقلیم کوردستان أثناء قیامه بالعمل.)، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئەم بڕیارە بەو رەهاییەی کە هاتووە، ئێمە پێمان خۆش بێت، یان خۆش نەبێت، خزمەتی سیخورەکان دەکات و، رێگا خۆش دەکات بۆ کاری سیخوری لەسەر کورستان و بزووتنەوەی کوردیدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ زانیاریتان پێش ماوەیەک (مەدام میتران) کە لە کوردستانەوە گەڕایەوە بۆ فەرەنسا، نامەیەکی سوپاسنامەی نارد تیایدا ئەڵێ: **(پێش هەموو شتێک سوپاستان ئەکەم بۆ ئەو**

**پێشوازییەی کە ئێوە لە منتان کرد لەکوردستان و ئەو هەوڵەی کرا لە مانگی حەوت، هیچ بۆ کوشتنی من نەکرا، هیچ لەبڕیاری منی نەگۆڕیوە بۆ پشتگیریی مافی کورد. من دەزانم ئەمڕۆ بارودۆخ زۆر ناخۆشە بۆ کوشتنی مەدەنی، بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکانی تر بتوانن هاوکاریتان بکەن من داخوازیتان لێ دەکەم شتێکی وابکەن کە پاراستنی ئەندامی ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکان مسۆگەر بکەن، من لەو بڕوایەدام کە ڕێکخستنی ئەو پاراستنە بە «إتفاق مشترک»ی نێوان هەموو لایەنەکان و حکومەتی کوردستان دەکرێت، یوادارم کە ئێوە یارمەتی چارەسەرکردنی ئەو کۆسپە بدەن. بڕواتان هەبێت .. «دانیال میتران».).**

ئەمە یەکێکە لە دۆستەکانی گەلی کورد دیارە بابەتی تەقینەوەو تیرۆرکاری تێ کردووە لەدەرەوە بەپەرۆشەوە تەماشای ئەو بارە دەکات، ئەوە بۆ ئاگاداریی ئێوەی بەڕێزە، با لیژنەی یاسا بفەرموێ بەردەوام بێ.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (أجنبی) تۆزێک لێی بکۆڵینەوەو بزانین (أجنبی) یانی چی؟ (أجنبی) جاسووس و تێکدەر نییە، کەسێک بەبێ پاسپۆرت، بەبێ هیچ شتێک بچێتە دەوڵەتێک تێکدەرە، یان بۆ جاسوسی بچێتە دەوڵەتێکی تر ئەوە تێکدەرە، بەڵام («جنبی» ئەو کەسەیە کە بەشەرعییەتی قانوون دێتە وڵات)، یاسا دەڵێت: ئەگەر یەکێک بۆ تخریب بێت، بۆ جاسووسی بێت (باطل)ە، (کل مابني على باطل، باطل) دەتوانین لە هۆکارە پێویستەکان (الاسباب الموجبە) باسی ئەمە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من دەقەکە بە رەهایی نەبێت و، ئەم دەستەواژەی بۆ زیاد بکرێت (أثناء تأدیە الواجب أو بسببە)، ئەمە تاڕادەیەک چارەسەری بابەتەکە دەکات.

خاڵێکی تر، ئەوەی مەلا ئیبراهیم فەرمووی کە دەڵێ(تسبب)، وشەی تسبب نابێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکی ترمان بۆهاتووە دەڵێ: «یعاقب بالأعدام کل من قبل أو ساهم بأي شكل من الأشكال) ئێمە ، شروع بالقتل لێمان دەرهێنا، لەبەر ئەوەی لەیاسای سزادانی عێراقی سزاکەی زۆر توندە، ناشگونجێ (شروع بالقتل) لە سێدارە بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک روونکردنەوەم هەیە لە یاسای سزادان ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ لەسەر هەموو

کەس جێبەجێ دەبێت، چ بیانی بێت، یا عێراقی بێت، ئەگەر پێمان خۆش بێت و پێمان ناخۆش بێت یاسای عێراقی (مطبق)ە.

لێرە مەبەست لەو یاسایەدا یەک بڕگەیە (تشدید عقوبە)مان کرد بە (٤٠٥) لە (سجنی مؤبد)ەوە بۆ (إعدام)، ئەوی (ظروف مشددە) هەمووی ماوەتەوە سەبارەت بە عێراقی وأجنبی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی مەسەلەکە یەکلا بکەینەوە پێشنیارێک لە دەستەی سەرۆکایەتییەوە هەیە کە پێناسەی هەردوو وشەی (أجنبی) و (العاملین) لەلایەن لیژنەی یاساییەوە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو گرفتە نەمێنێت. مەبەستەکە روونە، ئەمڕۆ ئەو کەسانەی دێنە ناو وڵات ناسنامەی بیانی (أجنبی) هەڵدەگرن، ئەو کەسانە بیانین (أجنبین)، بەڵام ئەویاسایە ئەو بیانیانە دەگرێتەوە کە ئیش دەکەن لە کوردستاندا، هەروەها ئەوانەش دەگرێتەوە کە هاوکارییان دەکەن و لەگەڵیان ئیش دەکەن،ئەو یاسایە بۆ ئەوانەیە کە ئێستا دەسنیشان کراون و، چەند هەوڵێکیش دراوە بۆ کوشتنیان. ئەمانە دەبێ دیاریی بکرێن.

جا ئەگەر رازین ئەم بڕگەیە زیاد بکرێت دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو پێناسەیە بکرێت تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین، کێ دژە؟ کەس، بەگشتی دەنگ پەسەندکرا (أجنبی و عاملین) پێناسە بکرێن.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: (لا تطبق أحكام الفقرة «آ» من المادة الأولى من هذا القانون على الجاني أذا كان للمجني عليه دور في موضوع الجرية و تطبق بحقة العقوبات الواردة في القوانين المرعية.)

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە پێناسەکە مەسەلەکە تۆزێک چارەسەر دەکات، بەڵام وەکو پێشنیار بۆ لیژنەی یاسا مادەی(٢) بەم شێوەیە بێ:

١ـ (لا تطبق أحكام الفقرة (آ) من المادة الأولى من هذا القانون على الجاني إذا كان للمجني عليه دور في وقوع الجرية).

٢ـ (إذا لم يكن عمله مع المنظمات المذكورة سبباً في قتله).

٣ـ (إذاكان دخوله الى كوردستان بقصد التخريب والتجسس).

بەڕای من ئەوە ئەو گرفتەکە هەندێک چارەسەر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست لە دانانی سزا ترساندن قەدەغەکردنی (المجرمین)ە، لەبەر ئەوە لێرەدا پێویستیمان بەم

مادەیە نییە، چونکە مادەکە دەڵێ: (إذاكان للمجني عليه دور) ئەمە یەک.
دوو: ئەو شتانەی لە یاسادا هەیە، پێویستی بەپێشنیار کردن نییە، مافی (دفاعي شرعي) وەک لە مادەکانی (٤٢/ ٦٠ /١٢٨)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم وەکو عورفێکی لێ بێت،هەر مادەیەک هەموارکردنی هاتە سەر یەکسەر بخوێنرێتەوەو، بخرێتە دەنگدانەوە. .
ئێستا سەرۆکی لیژنەی یاسا پێشنیارێکی کرد سەبارەت بە بڕگەی یەکەم (أثناء تأدية الواجب أو بسببه)، داوا دەکەم ئەم پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مادەیەی هەموار بکرێ دەیخوێنینەوەو دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هەموارکردنی خراوەتە سەر، ئەوا لەو دانیشتنە بڕیاری لێ نادرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەیاد تۆ ئەندامی لیژنەی یاسای ، ئەمە یەکەم یاسا نییە ئێمە دایدەنێین، لە یاساکانی تر چۆن پەیڕەو کراوە لەم یاسایەشدا بە هەمان شێوە دەبێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕگەیە ئەگەر زیاد بکرێت ئەوا دەقەکە بەتەواوی دەگۆڕێت، چونکەکارمەندی ڕێکخراوەکان ئەگەر لەماڵی خۆشیان بن تەقەیان لێ دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوتمان لەلایەن لیژنەی یاساوە بڕگەیەک زیاد دەکرێ بۆ پێناسە کردنی هەردوو وشەی (أجنبي) و (العاملين)، ئەوکاتە ئەو بیانی(أجنبي) یە لەماڵی خۆی، یان لە کاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا بکوژرێت مافی بەرگری لێ کردنی هەیە.
لیژنەی یاسا با گفتوگۆ لەسەر ئەو هەموارکردنە بکەن و، پاشان دایبڕێژنەوە، ئەو کاتە دەخەینە ڕوو و دەنگدانی لەسەر دەکرێت.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی(٢) کە نووسراوە (لاتطبق احكام الفقرة(أ) من المادة الأولى) دیارە ئەوە استثنا کراوە، بەڵام پێشنیار دەکەم بڕگەکە شمولی تر بێت لە جیاتی (لاتطبق أحكام الفقرة(أ) من المادة الأولى

من هذا القانون على الجاني إذا كان للمجنى عليه دور في وقوع الجريمة) لێرەدا بڵێین:(إذا قام بالتجسس أو التخريب داخل كوردستان و ثبت عليه ثبوتاً قانونيا)، بۆ ئەوەی کەسانی تیرۆرست و سیخوڕیش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە دەربارەی ئەو برگەیە (إذا کان للمجنى عليه دور في وقوع الجريمة)، واتا یەکێک ئەگەر پێشتر تاوانێکی کردبێ پاشان کوژرا ئایا ئەم دەقە نایگرێتەوە؟، نازانم ئەم(ال)ە لە جێگەی خۆیەتی، یان لە جێگەی خۆی نییە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی بەڕێز ئەیاد زۆر بەجێیە. پاشان ئێمە لە لیژنەی یاسادا لەسەر ئەم خاڵە ڕێک دەکەوین سەبارەت بە تێبینییەکەی بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین، بابەتی چاودێری کردن سیخوڕی لە زمنی ئەم یاسایەدا نییە، لەوانەیە ماوەیەکی تر یاسایەکمان بۆ بێت لەم بابەتە، چونکە وەک ئێمە گومان وەزارەتی ناوخۆ بڕیار دەدات بیانە (أجانب) کێن.

بۆ وەڵامدانەوەی مامۆستا مەلا تاهیر، وابزانم دەقی مادەی (٢) زۆر روونە کەدەڵێ: «لاتطبق أحكام الفقرة أ» مانای وایە (قەتل عمد)ە، نەک کوشتن بە هۆی ڕووداوێکی تر، لەبەر ئەمە ئەو (ئەلف و لامە) لەجێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە وەڵامی لیژنەی یاسا بوو لەسەر تێبینییەکانی ئەندامانی بەڕێز. کەواتە مادەی(٢) دەخەینە دەنگ دانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادەکە وەک خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا مادەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة (تسرى أحكام هذا القانون على كافة القضايا التي لم تكتسب درجة الثبات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی(٣) هیچ تێبینییەک هەیە؟ نییە. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (٣)وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ کەس. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة(لايعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی(٤) هیچ تێبینییەک هەیە؟ نییە. دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (٤) وەک خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟کەس. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة(ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ تصديقهِ، و صدورهِ من المجلس الوطني لأقليم كوردستان العراق).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە(٥) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ کەس، بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: (ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(٦) وەک خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ کەس. بە تێکڕای دەنگ پەسەندکرا.

خاڵی سێیەم لە بەرنامەی ئەمڕۆدا، یاسای وەزارەتی پێشمەرگەیە، ئەگەر لیژنەی یاسا راپۆرتی تایبەتیی خۆیان هەیە بیخوێننەوە، هەروەها لیژنەی پێشمەرگەش راپۆرتی خۆی بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان ئاگادارین، ئەوە زۆر یارمەتیمان دەدات لەکاتی گفتوگۆ کردندا، چونکە ئەوان لایەنی پەیوەندیدارن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی سەرۆکی ئەنجومەن دەکەین کە ئاگاداری کردین، بێگومان هەر لیژنەیەک بەپێی پێڕەو دەبێت راپۆرتی خۆی هەبێت، بەڵام ئێمە لە لیژنەی یاسادا لەبەر کەمی ماوە راپۆرتمان ئامادە نییە و، دانیشتنێکی دوور و درێژمان کردووە لەگەڵ لیژنەی تایبەتی پێشمەرگەدا، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت ئەو یاسایە، ئێمە چەند جار لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی پێشمەرگە دانیشتووین و، یەکەم دانیشتنیش کە لەگەڵ لیژنەی یاسا کردمان، ئێمە لە ڕووی یاساییەوە لەگەڵ لیژنەی یاسا کۆک بووین لەسەر ئەوە سیغەیە کە بێت بۆ بەڕێزتان و، هەرچی تێبینیشمان هەبوو لەڕووی سەربازییەوە وەکو ڕاپۆرتێک دامان بە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە دەستەی سەرۆکایەتییەوە داوا لە لیژنەکان دەکەین هەر پرۆژەیەک کە دەدرێ بە لیژنەیەک پاش ئەوەی گفتوگۆی لەسەر تەواو دەبێت، بە ڕاپۆرتێکی تایبەتی بەرزی بکەنەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی و، دەبێت ئەو ڕاپۆرتەش ئیمزا کرا بێت لەلایەن هەموو ئەندامانەوەو، هەر ئەندامێک دەتوانێت تێبینییەکەی تۆمار بکات، ئەگەر پرۆژەیەکیش پەیوەندیی بەدوو لیژنە، یان سێ لیژنەوە هەبوو، دیسان دەبێت هەر لیژنەیەک ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بکات و، یانیش لیژنەکان پێکەوە ڕاپۆرتێکی هاوبەش پێشکەش بکەن، چونکە پەیڕەوەی ناوخۆ بەم شێوەیەیەو دەبێت لەمەودوا لەسەری بڕۆن.

**بەڕێز نەوشیروان فوئاد مەعروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لیژنەی یاساو لیژنەی پێشمەرگە کۆ بوونەوەی دوایی خۆمان کرد. دوو برگە هەیە لەمادە(٨) برگە (١) و برگەی(٢)، ئەو پرۆژەیەی ئێستا بڵاو کراوەتەوە، بەو سیغەیە نەبوو کە ئێمە پێشکەشی لیژنەی یاسامان کردبوو، دیارە زیادەی کراوەتە سەر و وەک خۆی نەهاتۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاتی دێینە سەر گفتوگۆکردنی یاساکە دەتوانی تێبینی خۆت بدەیت.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

رقم القرار (      )

تأريخ القرار (      )

قرار

إستناداً الى أحكام الفقرة(١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم(١) لسنة١٩٩٢ .. قرر المجلس الوطني الكوردستاني بجلِسته المنعقدة بتأريخ (      ) إصدار القانون الآتي:

## قانون رقم (٥) لسنة ١٩٩٢
## قانون وزارة شؤون البيشمه ركه

المادة الأولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المدرجة إزاءها:
١ ـ الوزارة: وزارة شؤون البيشمه ركه.
٢ ـ الوزير: وزير شؤون البيشمه ركه.
٣ ـ وكيل الوزارة: وكيل وزارة شؤون البيشمه ركه.
٤ ـ الديوان: ديوان وزارة شؤون البيشمه ركه.
٥ ـ المجلس: المجلس الأستشاري للوزارة.
٦ ـ الأقليم: إقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر مادەی یەک؟ نییە. دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (١) وەک خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بەتێکڕای دەنگ مادە یەک وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

المادة الثانية

١ ـ الوزير هو الرئيس الأعلى للوزارة والمسؤول عن توجيه أعمالها وممارسة الأشراف و الرقابة على فعالياتها وتصدر عنه القرارات والأوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة و تشكيلاتها من النواحي العسكرية والفنية والأدارية والمالية والتنظيمية ضمن أحكام القوانين والأنظمة و التعليمات النافذة ويكون مسؤولاً أمام مجلس الوزراء بأعتباره عضواً متضامناً فيه.

٢ ـ وكيل الوزارة يساعد الوزير في مهامه أعلاه، حسب الصلاحيات المخمولة له.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر مادەی(٢)؟.

**بەڕێز د. حەمەنەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە برگەی(١)دا (تصدر عنه)، یان (تصدر عنده) کامەیانە؟، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(تصدر عنه) ڕاستە، ئەوی تر هەڵەی چاپە.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکم هەیە لەسەر خاڵی (٢)ی مادەی دووەم، ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان ئەرکەکانی

وەزیری پەروەردە لەگەڵ وەزیری پێشمەرگەدا، دەبینین دەسەلات و ئەرکی هەردوو وەزیر وەکو یەکە، بەڵام بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە دەسەڵاتی زیاترە لە بریکاری وەزارەتی پەروەردە بەپێی ئەم دەقەی کە نووسراوە بۆ نموونە، ئەگەر تەماشای دەقی وەزارەتی پەروەردە بکەین دەڵێ:(للوزارة وكيل يتولى ممارسة المهام التي يوكلها اليه الوزير)، بەڵام لەم یاسایەدا دەڵێ (وكيل الوزارة يساعد الوزير في مهامه أعلاه)، مەبەستم ئەوەیە لە یاسای وەزارەتی پەروەردەدا وەزیر ئەرکەکانی بریکاری وەزارەت دیاری دەکات، بەڵام لە وەزارەتی پێشمەرگەدا دیاری نەکراوە کێ دەسەڵاتی بریکاری وەزارەت دیاری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دەزیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادەی دووەم خاڵی یەک پێشنیار دەکەم (وتصدر عنه القرارات)، ببێت بە(ويصدر القرارات)، سوپاس

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لە مادەی دووەم خاڵی یەک وشەی (فعاليه) ببێت بە (فعالياتها)، چونکە (جمع)ـە. سوپاس

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم سەبارەت بە (قرارات) هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت تێبینییەکەی مامۆستایان کردیان ئەمە هەڵەیەکی چاپە تێبینییەکەی د. فایەق دەربارەی بەراورد لە نێوان یاسای وەزارەتی پەروەردەو وزارەتی پێشمەرگە، یاسای وەزارەتی پەروەردە پێشتر پەسند کراوە، دەبوایە ئەو کاتی خۆی ئەو تێبینییانەی بدابایە. پاشان ئەگەر ئەندامان دەیانەوێت هەموارکردنێک بێتە سەر دەسەڵاتەکانی بریکاری وەزارەتی پەروەردە، ئەوا دە ئەندام دەتوانن پرۆژەیەک پێشکەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستی بەڕێز فایەق تەنیا بەراورد بوو، چونکە ئەم دەقە لە یاسای هەردوو وەزارەتدا هەر جارەی بە شێوەیەک هاتووە. باوەڕکەم هەردوو دەقەکە مانای جیاوازیان هەیەو، رای لیژنەی یاساو پێشمەرگەو وەزیری پێشمەرگەش هەر وایە.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم ئەوەیە لە هەردوو یاساکە دەسەڵاتی وەزیر وەکو یەک هاتووە لە دەقی هەردوو

وەزارەتدا، بەڵام بریکاری وەزارەت دەقەکەیان جیاوزایان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزت تەسەور دەکەی ئەمە شتێکی یاسایی زیادەیە یان کلێشەکەیە، ئەگەر وایە ئەوە خۆبان لیژنەی دارشتن دەیکەن.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو دەق و ماناش جیاوازی هەیە لە نێوان یاسای وەزارەتی پەروەردەو پێشمەرگە،چونکە لێرە لە یاسای وەزارەتی پێشمەرگەدا وەکیلی وەزارەت (يساعد الوزير في مهامة أعلاه) یانی بە زۆریە(يجب أن يساعدة في كل مهامة)، بەڵام لەوێ هاتووە (وكيل وزارة يمارس المهام التي يوكلها لة والوزير)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەق بوو لە لیژنەی یاسادا ئەم بابەتەتان یەکلا کردبایەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من لە دەقی هەردوو وەزارەتدا وەزیر دەسەڵات دەداتە وەکیل وەزارەت و، ئەویش جێبەجێی دەکات.

پرسیارەکەی بەڕێز د. فایەق. لەوە نەبوو کە یاسای وەزارەتی پەروەردە بگۆڕێت و نەزانێ یاسای وەزارەتی پەروەردە چۆن دەگۆڕێت، وابزانم ئێمە بەکلێشەیەکی دیاری کراو نەبستراینەوە، گرنگ ئەوەیە ناوەڕۆکەکەی یەک بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم مادەیە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تتولى الوزارة المهام التالية.

١ ـ مهمة الدفاع عن وحدة كوردستان العراق أرضاً و شعباً من كل اعتداء أياً كان مصدره.

٢ ـ تهدف الوزارة لتنفيذ واجباتها المحددة في الفقرة(١) أعلاه عن طريق:

آ ـ تحديد و توحيد قوات الـ(پيشمه ركة).

ب ـ تشكيل وحدات نظامية منه.

جـ ـ تدريبهم وتأهيلهم في المراكز والمدارس والمؤسسات التدريبية والتعليمية.

٤ - وضع الخطط العسكرية اللازمة لتنفيذ مهام الوزارة.
٥ - تأمين جميع الأمور التعلقة بـ(التسليح، التجهيز،الأسكان، تأمين الأرزاق، الرواتب، الأمور الحسابية والأمور الخدمية الأخرى).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادەی سێیەم هیچ تێبینییەک هەیە لەسەری؟.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە برگە(ب) نووسراوە (تشكيل وحدات نظامية) ئەوە لێک دەدرێتەوە کەپاش ئەوەی هێزی پێشمەرگە دەکرێتە یەک ، ئەوکاتە (وحداتي نظامي) دروست دەکرێت نەک هەموو وەختێک، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە برگە یەکدا هاتووە(تحديد وتوحيد قوات البيشمە رگە)، پاش یەک بوون کە زانرا ژمارەیان چەندە ،ئینجا (وحداتی نظامی) پێک دەهێنرێت، ئەگەر تەماشای برگە یەک بکەین ، ئەوە روون دەبێتەوە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەوانەیە هەندێ پێشمەرگە لە ریزەکانی هێزی نیزامیدا نەبن، بەڵام پێشمەرگە دەبێت سەر بە وەزارەتی بەرگری بێت، بۆ نموونە بارەگای حزبەکان لەوانەیە لە زمنی ئەو هێزە نیزامییە بێت کە خۆیان دیاریان کردووە.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوڵڵا دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەم یاسایەدا لایەنی ئایینی باس نەکراوە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە ئیمام فەوج دابمەزرێت، سوپاس.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو پێشنیارم هەیە، یەک سەبارەت بە برگەی (أ) دارشتنەکەی بەم شێوەیە بێت (توحيد قوات البيشمە رگە و تحديد عددها).

دوو، دارشتنی برگەی(ج) بەو شێوەیە بێت (تدريبهم وتأهيلهم علميا و عملياً بغية رفع مستواهم القتالي و الثقافي بفتح مراكز ومدارس ومؤسسات تأهيلية وتعليمية) ئەمە بێت لەجیاتی (إدخالهم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو تێبینییە ئەگەر زەحمەت نەبێ دوایی بەنووسین بیدە بە لیژنەی یاسا.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برگە(هـ): (تأمين جميع الأمور المتعلقة بالتسليح والتجهيز والاسكان ،تأمين الأرزاق، والرواتب والأمور الحسابية)، من پێشنیاردەکەم کە(خدمات صحية)ش بخرێتە سەری، ئەگەر ئەندامانی لیژنەی یاساش (خدمات صحية) لە زمنی (أمور أخرى) دانەنێن، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پاشان جەنابی وەزیری کاروباری پێشمەرگە خۆی روونکردنەوە دەربارەی ئەو بابەتە دەدات، سوپاس.

**بەڕێز د.جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێکم هەیە دەربارەی مادە(٣) برگە(ج)(تدريب في المراكز والمدارس)، ئایا ئەم برگەیە کۆلیژی سەربازیش دەگرێتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من حەز دەکەم ئەم پرسیارە وەڵام بدەمەوە، ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت، ئایا (أثر رجعی) نابێت؟.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم لە برگە (هـ)دا وشەی (إداريە)ش هەبیت واتا بەم شێوەیە بێت :(الأمور الحسابية والادارية والخدمية الأخرى ) واتا یەک جار (لأمور)ی تیادا بێت، (اداريە) ش زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جلوبەرگ، مووچە و هەموو شت لە یاساکەدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە برگەی (ج) دەڵێ:(تدريبهم وتأهيلهم علمياً وعملياً)، پێشنیار دەکەم (بدنيا) بەکاربێت، چونکە(عمليا) هیچ مانای نییە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئیستا وەڵامی تێبینییەکانی ئەندامان دەدەمەوە:

یەکەم: ئەو تێبینییانەی لەلایەن ئەندامانەوە درا هەندێکیان زمانەوانییە، بۆ نموونە وشەی(منە) لە بنەڕەتدا ئەم یاسایە زۆر لەمێژە دانراوەو، لیژنەی پێشمەرگەش بڕیاری داوە لەناو پەرلەمان (وحداتی نظامی) دروست بێت بەپێی پێشمەرگەی کۆن.
خاڵی دووەم: پەیوەندیی هەیە بە قەزیەی سیاسی، حزبەکان بەشێکی پێشمەرگە ئەبەن بۆ خۆیان بەشێکی تری ئەمێنێتەوە بۆ ئێمە، ئینجا وشەی (منهم) لاببەن یان لای نەبەن هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، چونکە پەیوەندی بە(هدف)ەوە هەیە.
سێیەم: سەبارەت بە(تدریبهم وتأهیلهم علمیاً وعملیاً) واتا ئەو کەسانەی لەناو مەڵبەندی مەشقدان مەنهەجی ڕۆژانەیان هەیە وەکو (تەوجیهی سیاسی، وەرزشی بەیانیان،کاری مەیدانی، وانەی سیاسی و سەربازی...)، لەبەر ئەوە ئەم ڕستەیە هەمووی دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی ئاستی قتالیان بەرز بێت و، ئەوخاڵەی کەزیادیان کرد: (ادخالهم في المراكز والمدارس والمؤسسات)، (مؤسسات) هەموو شتێک دەگرێتەوە، سوپاس.
چوارەم: سەبارەت بە مەسەلەی تەندروستی، (الآمور اخری) تەندروستیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری یەکەم دەڵێ کە (تشکیل وحدات نظامیە منهم)، یانی لەکێ پێک دێت؟، پاش یەکخستنی هێزی پێشمەرگە لە پێشمەرگە پێکدێت، ئەوە وەڵامی پرسیاری بەڕێز نەجمەدین بوو.
دووەم سەبارەت بە مەسەلەی ئیمامی ناو سوپا، ئەوە لە دەقەکەدا هەیە(تشکیل وحدات نظامیە) لە (وەحدەی نظامی) ئێمە نەمانگوتووە تەنیا عقید وضابط و ئەفسەر هەیە، بەڵکو (وحدەی نظامی) ،لە ئەفسەرو سەربازو لە کەسانی تریش پێک دێت.. .
بەڕێزان ئەندامان دەربارەی بڕگە (هـ) هەندێک تێبینییان هەبوو. لەم بڕگەیەدا وشەی (خدمات) هەیە کە زۆر شت دەگرێتەوە وەکو (الاداریە والصحیە...)، لەبەر ئەوەی یاسا هەمیشە بە کورت و ڕێکی دێت، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکە د.جەلال کە بەڕێزت وەڵامت دایەوە، گوتت: (أثری رجعی) نییە.
پرسیارەکە دەربارەی کۆلیژی سەربازی بوو، لێرەدا واهاتووە دەڵێ:( في المراكز والمدارس والمؤسسات التدريبية والتعليمة)، ئەوە بڕگەیە کۆلیژی سەربازی ئەگرێتەوە، یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری بەڕێز عومەر دوو لایەن دەگرێتەوە، لایەنە سەربازییەکەی بەڕای من بدرێت بە وەزیری پێشمەرگەو، لایەنە یاساییەکەش ئێمە ئامادەین وەڵامی بدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا كەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وەلامم دایەوە:(تدريبهم وتأهيلهم علمياً وعملياً بغية رفع مستواهم الثقافي والعلمي وذلك بأدخالهم في المدارس والمراكز والمؤسسات التدريبية والعلمية) ئەمە لەبڕگەی(ج)دا هەیە زۆریش گشتی یە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەتا ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە كۆلیژی سەربازیی نەكردۆتەوە، هەر كاتێک كۆلیژی سەربازیی كرایەوە ئێمە باسی لێ دەكەین و، هەر لایەنێكیش كۆلیژو پەیمانگای سەربازیی بۆخۆی كردۆتەوە، ئەمانە سەر بە حكومەتی هەرێمی كوردستان نین و، وەزارەتی پێشمەرگەش خۆی بەرپرسە ئەم یاسایە چۆن جێبەجێ دەكات.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسادا لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگە لەسەر سیغەی یاسایی ئەم دەقە كۆكین و، هێشا دەقی تریش ماوە لە یاساكەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم دەقە دەخەینە دەنگدانەوە.

كێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەی سێ وەک خۆی بمێنێتەوە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟.. دەست بەرز كرایەوە.. سوپاستان دەكەین.. كێ دژە؟ یەک كەس، كەواتە بەزوربەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:

١ ـ الديوان: يرأسه ضابط يتولى الإشراف على المكاتب والمديريات التالية:

أ ـ مكتب الوزير.

ب ـ مكتب وكيل الوزير.

جـ ـ مكتب المجلس الاستشاري للوزارة.

٢ ـ رئاسة هيئة الأركان العامة وتشمل:

أ ـ دائرة رئيس هيئة الأركان العامة.

ب ـ دائرة معاوني رئيس هيئة الأركان العامة.

جـ ـ الدوائر الأخرى المرتبطة برئاسة الأركان العامة.

ء ـ قيادات المناطق.

٣ ـ المجلس الأستشاري للوزارة:

أ ـ وهو مجلس استشاري له حق أبداء الرأي وتقديم المقترحات الى الوزير ضمن حدود هذا القانون. ويشكل هذا المجلس على الوجه الأتي:

أولاً: الأعضاء الأصليون وهم:

١ ـ رئيس الأركان العامة.

٢ ـ معاون رئيس الأركان.

٣ ـ قادة المناطق.

ثانياً: الأعضاء الأستشاريون، أي ضابط يقرر المجلس حضوره.

ب ـ يحدد صلاحيات ومهام المجلس بنظام خاص تصدره الوزير.

٤ ـ هيئة من ذوى الخبرة والأختصاص في شؤون البيشمه ركة والأمور العسكرية للعمل على تحديد وتوحيد البيشمه ركة.

٥ ـ محكمة التمييز العسكرية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادەی چوار؟.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سێ پرسیارم هەیە:

یەکەم: دەربارەی ئەوە دەڵێ:(تتألف الوزارة من التشكيلات التالية: الديوان برئاسة ضابط يتولى الأشراف على المكاتب والمديريات التالية) ئەوە(ضابط)ە، یان(ضباط) ە؟، چونکە ئەوە دەڵێت: (عدة مكاتب).

دووەم: ئایا (هيئة الاركان) بەستراوە بەکێ؟ باشترە بەم شێوەیە بێت ( رئاسة هيئة الأركان العامة مرتبطة بـ) یان (وتشمل) بێت.

سێیەم: دەڵێ ( دوائر أخرى) مەبەست لەمە کام دوائرە؟.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە تەشکیلاتی وەزارەتدا باسی (تجنيد وتعبئة وإحصاء) نەکراوە، ئایا خەڵکی کوردستان کاتێ وەختی سەربازییان هات بۆ کوێ بڕۆن؟، سوپاس.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادە (٢) برگە (ب) تێبینییەکی زمانەوانیم هەیە. (تحدد صلاحيات ومهام المجلس) دەبێت بەم شێوەیە بێت:(وتحدد صلاحيات ومهام المجلس بنظام خاص) نەک ( نظام خاص)، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگە (٤) لەمادەی (٤) ( هيئة توحيد قوات اليپشمەرگة)، ئێمە لیژنەیەکی کاتیمان لە لیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی یاسا پێکهێناوە بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە ئەمە تەنها وەکو بڕگەیەک دانراوە: (للوزارة تشكيل هيئة مئوقتة)، ئەو( هيئة توحيد قوات اليپشمە رگة) وەک پێکهاتەیەک بێت، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە خاڵی دووەم بڕگە (٥) دا (محكمة تمييز عسكرية) نووسراوە، باسی دادگای تر نەکراوە ئەمە یەک. دوو، لەثانيا:(الأعضاء الاستشاريون) بە کۆ هاتووە کەواتە دەبێت (ضابط)یش بە کۆ بێت، واتا بەم شێوەیە بێت (الضباط الاستشاريون الذين يقرر المجلس....)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە پێکهاتەی (مجلس استشاری)دا، أولا: (الأعضاء الأصليون رئيس الأركان العام قادە المناطق) ئەمە روون نییە.

لە خاڵی دووەم دەڵێت: الأعضاء الأستشاريون أي (ضابط يقرر المجلس حضوره) بەڕای من ( أعضاء استشاريون آخرون) بێت، چونکە ئەمانە ژمارەیان دیاری نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکە یەکە وەڵامی تێبینییەکانی ئەندامە بەڕێزەکان دەدەمەوە.

لەدیوانی وەزارەتدا (يرأس ضابط) ئێمە نەمانویست دیوانی وەزارەت بەشکڵێکی گەورە بێت (أمين سر عام وقزارة الدفاع)، خۆتان دەزانن لە هەموو وەزارەتێک بەتایبەتی لەوەزارەتی پێشمەرگەو، وەزارەتی بەرگری هەموو وڵاتەکان بگەڕێن سێ جۆرە ئەنجوومەن هەیە، ئەنجوومەنێک پێ دەڵێن ( مجلس القوات المسلحة) ئەوە بەرپرسە لە سەرکردایەتی مەشق کە سەرکردەی گشتی بەرپرسی ڕاستەوخۆیەتی.

ئەنجوومەنێکی تر هەیە پێی دەڵێن (مجلس الدفاع)، ئەم ئەنجوومەنە لەهەموو وەزارەکانی حکومەتی بەغدا دەستی پێ کردووە لیژنەیەک دادەنێن بۆ دەسەڵات پێدان، ئێمە گرفتمان لەسەر ئەوەیە وا دیارە کەس دەسەڵاتی خۆی لێرەدا نازانێ، بۆ نموونە تائێستا ئێمە سێ مانگە لەوەزارەتین، ( یەک ضابط صف) من نەمگەڕاندۆتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو ئەفسەرانەی لەڕێگەی حزبەکانەوە دەگەڕێنەوە لە ١٠٪ دڵسۆز نین بۆ ئێمە، لەبەر ئەوە دەستمان بۆ کەس نەبردووە ئەم لیژنەیە لەسەرداواکاریی برادەران ناومان نا(مجلس استشاري) ئەم ئەنجوومەنەش ئەو (مجلس

القوات المسلحه)یە نییە (مجلس الدفاع الأعلى)ی ئیسلامییەکان نییە وەکو هی زەمانی مەلەکیش نییە، ئەوانە دەسەڵاتی شەڕیان هەیە، دەسەڵاتی وەستاندنی شەڕیان هەیە، ئەو لیژنەیە کە پێک دێت لە پادشا یان سەرۆکی کۆماری یان سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری وەزیری دارایی و وەزیری ناوخۆش تیایدا بەشدار دەبن (مجلس القوات المسلحة) تەنیا خۆی بەشدار دەبێ، بەڵام وەزیری مالیە تێدا دەبێت، چونکە ئەو بڕیار دەدات کە دارایی هەیە بۆ ئەوان دابین بکرێت یان نا لەبەر ئەوە ئێمە ئەفسەرمان دانا کە سەرپەرشتی دەکاتە سەر مەکتەبەکان و ئەوامر وەردەگرێت لە دەرەوەی وەزارەتەوە و تەخویلی دەکات بەپێی کەناڵەکانی ئیشەکە کە باس کرا.

دەربارەی خاڵی(تحديد صلاحيات المجلس بتعليمات خاصة) لەو خاڵە تەعلیماتمان لابردووە، هەروەها ئەو بڕگەیەشمان لابردووە (للوزارة تشكيل هيئة مؤقتة).

سەبارەت بە مەسەلەی دادگای تەمییز، ئێمە بەستمانەوە بە هیئەی ئەرکانی سوپا، بەڵام بەڕێز یونس دەڵێ با سەر بەوەزارەت بێ بۆ ئەوەی کار نەکاتە سەر بڕیارەکان، ئێمەش وامان لێ کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەید حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت پرسیارەکەی د.حەمە نەجم کە دەپرسێ(تعبئه و احصاء) بۆ لە ناو یاساکەدا نییە، ئەمەش هەر مافی وەزیرە وەڵام بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەا دەڵێ (للوزارة هيكل تنظيمي) لەناو ئەو (تنظيمه) هۆبەمان داناوە کە ئەمانەن: ( التعبئه، تجنید، دائرەی قانوونی، احصاء)، سوپاس

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەک تێبینیم هەیە سەبارەت بە ڕێنمایی دەبێت بەنیزام بێت، چونکە بەپێی یاسا دەبێت یەکەم جار نیزام دێت دوای ئەو ڕێنمایی دێت، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە شتێکی (استشاری إختصاصی)یە پێویست بە نیزامەکە ناکات، چونکە تەنیا گەڕانەوەی ئەفسەر نییە ئەم قیاساتە، لەبەر ئەوە ئەتوانین بە نیزام و بە ڕێنمایی بیکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی پرسیارەکەی بەڕێز یونس (هيئة توحيد قوات البيشمەرگة) واهاتووە لەمادە(٤)دا

دەڵێت: (تتألف الوزارە من التشكيلات التالیە:
١ ـ الدیوان.
٢ ـ رئاسة هیئة الأرکان العامة.
٣ ـ المجلس الاستشاري للوزارة.
٤ ـ هیئة توحید قوات البیشمە رگة.
٥ ـ محكمة التمیز العسكریة( هیئة توحید قوات البیشمەرگة). ئینجا ئەوە هاتووە دەڵێ: (للوزارة تشكیل هیئة مؤقتة)، واتا لەپاش ئەوەی ژمارەدنەکە کراوە، ئێمە (تشكیل هیئة مؤقتة)مان دروست کردووە، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە بە نووسراوێکی ڕەسمی ڕاپۆرتێکمان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن و، لیژنەی یاسای پەرلەمان کردووە، تیایدا رای خۆمان دەربڕیوە کە دەبێ لیژنەی یەکخستنی پێشمەرگە کاتیی بێت، چونکە ئەگەر لیژنەکە هەمیشەیی بێت کاتێک هێزی پێشمەرگە یەکخستنەکەی تەواو دەبێت، ئەوا ئەو لیژنەیە بێ ئیشوکار دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەوڵ بدەن ئەوە نەکەنە خاڵی چوارەم.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

للوزارة تشكیل هیئة مؤقتة، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچیان ماناو ناوەڕۆکی مەسەلەکە ناگۆڕێت، مادام رای وەزارەتی پێشمەرگە وا بووەو، لەرووی یاساییەوە هیچ گرفتی تیادا نییە کە وەزارەت بڵێ (تشكیل هیئة مؤقتة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەلایەنی شێوەکارییەوە با ئاڵوگۆڕی لە نێوان شوێنی خاڵی چوارەم و پێنجەمدا بکرێت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە رازین ئەو ئاڵوگۆڕییە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا مادە (٤) دەخەینە دەنگدانەوە.

مادە چوار کێ لەگەڵ ئەوەیە وەک خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز

کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟کەس. بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا تەنیا ئەو تێبینییە بخرێتە سەری.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الخامسة: (تقوم رئاسة هيئة الأركان العامة بوضع الخطط التنفيذية اللازمة لتحقيق المهام الواردة في المادة الثالثة من هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە پێنج هیچ تێبینییەکی لە سەر هەیە؟. دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە (٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة السادسة: (تقوم الوزارة بأعداد الميزانية العامة للوزارة والوحدات التنظيمية المرتبطة بها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادەی شەشەم هیچ تێبینییەک هەیە لەسەری؟.نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە (٦) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ کەس. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة السابعة: (يتم إعداد الهيكل التنظيمي للوزارة بنظام تصدره الوزارة بما يحقق أهدافها و إدارة شؤون الـ«پيشمه رگة» من النواحي العسكرية والأدارية والمالية والفنية والقانونية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تێبینییەکم هەیە بۆ لیژنەی یاسا لە جیاتی (تصدرها الوزارة)، ببێتە(مجلس الوزراء)، چونکە دانانی (هيكل تنظيمي) لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من وەزیر بۆی هەیە نیزام بۆ وەزارەتەکەی خۆی ئامادە بکات و، پاشان رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانی بکات لە ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا گفتۆگۆی لەسەر دەکرێ و پەسەند دەکرێ، بەڵام دەرکردنی نیزامەکە وەزیر بە ئیمزای خۆی دەیکات، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری رایەکەی بەڕێز عەدنان دەکەم ئێمە بادوو شت تێکەڵاو نەکەین، (الهیکل التنظیمی) لە زمنی وەزارەتە، چونکە خۆی هەیکلەکە دادەنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە لەلایەنی ناوەڕۆکەوە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، چونکە وەزیریش بەرپرسیارە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا، شتێکی سروشتییە کە ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندیی لەسەر ئەو(هیکل)ە پیشان کە پێشکەشی دەکرێت.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی لەمادە ئەسڵیەکە واهاتووە : (للوزیر أن یضع هیکلاً تنظیماً للوزارة بما یحقق أهدافها وإدارة شؤون البیشمه رگة من النواحي العسکریة والأداریة والفنیة)، بەڵام پاشان زۆر ئاڵوگۆری تیادا کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارە یاساییەکە بەم شێوەیەیە ( ئایا نیزام لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانە، یان لە دەسەڵاتی وەزیرە؟) خۆی نیزامە نەک رێنمایی جیاوزییەکە لە رووی یاساییەوەیە.

**بەڕێز کەمال موفتی/ وەزیری کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەتوانین لێرە وشەی (نیزام) هەڵگرین، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من لەگەڵ ئەو رایەم نیزام ئەنجوومەنی وەزیران دەری دەکات و،بەم سیغەیە رێک دەبێت:(تقوم الوزارة بأعداد الهیکل التنظیمي لها بما یحقق أهدافها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە مەسەلەی دەسەڵاتە، نیزام لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانە، رێنمایی لە دەسەڵاتی وەزیرە.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەمیشە نیزام لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانە، بەڵام رێنمایی وەزارەت دەری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارەی کاک شێروان کە دەڵێ: (یتم إعداد الهیکل التنظیمي للوزارة بما یحقق اهدافها وإدارة شؤون البیشمه رگة من النواحي العسکریة والأداریة والمالیة) ئەو کاتەی کە ئامادەی کرد دەبێت لە ئەنجوومەنی وەزیراندا بخرێتە روو بۆ ئەوەی رەزامەندیی لەسەر وەربگیرێ.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـــز ســـــــەرۆکی ئـــەنجـــــــوومـــــــەن.**

وەکو مەبدەء ئێمە کۆکین لەسەر ئەمە، بۆ ئەوەی زیاتر تەئکیدی لەسەر بکەین، وەزیر دەسەلاتی دانان و دەرچوواندنی هەیە، بۆ نموونە دەسەلاتی دەرچوواندن (سلطه الاصدار) لەسەر مەرسومی کـۆمـاری دەردەچێت، دەسـەلاتێک هەیە پێی دەڵێـن (سلطەی إصـدار)، وەزیری کـاروباری پێشمەرگایەتی دەسەلاتی دەرچوواندنی هەیە کە ئەندامێکە لەئەنجوومەنی وەزیراندا، سوپاس.

**بەڕێـــز ســـــــەرۆکی ئـــەنجـــــــوومـــــــەن:**

پاشان دراسەیەک دەکەین سەبارەت بە مەسەلەی (نیزام و ڕێنمایی). ئێستا مادە حەوت وەکو خۆی دەخەینە دەنگدانەوە تەنیا ئەو هەموار کردنەی بێتە سەر کە(نیزام) بێ، یان (ڕێنمایی).

مـادە (٧)کێ لەگـەڵ هەمـوارکـردنەکـەدایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کـرایەوە.. سوپاستان دەکەین..کێ دژە؟. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شـێـــروان ناسح عـــەبدوڵـلا حـەیدەری:**

**بەڕێـــز ســـــــەرۆکی ئـــەنجـــــــوومـــــــەن.**

المادة الثامنة:

١ - يكون منح الرتب الدائمة و الوقتية طبقاً لقانون الخدمة.

٢ - للوزير إعادة العسكريين الذين هم خارج الخدمة لأسباب الكوردايه تي وفقاً لمتطلبات الضرورة والحاجة وبناءاً على توجيه من اللجنة المختصة في الوزارة و موافقة المجلس الوطني الكوردستاني مع مراعاة القوانين المرعية.

**بەڕێـــز ســـــــەرۆکی ئـــەنجـــــــوومـــــــەن:**

مادە(٨) هیچ تێبینییەک هەیە لەسەری؟.

**بەڕێز نەوشـیـــروان فـوئاد مـــەعـروف مـــەسـتی:**

**بەڕێـــز ســـــــەرۆکی ئـــەنجـــــــوومـــــــەن.**

دەربارەی برگـە (٢) ئێـمـەی لیـژنەی کـاروباری پێـشـمـەرگـە کـە لەگـەڵ لیـژنەی یاسـادا کـۆبوویـنەوە سیغـەیەکی کۆتـاییمـان بۆ داناو پێشکەشی ئێوەمـان کرد، بەلام ئێـستـا ئەو سیـغـەیە هەندێ زیادەی کراوەتە سەر. خۆی لە بنەڕەتدا دەقەکەی ئێمە بەم شێوەیە بوو:(للوزير إعـادة العسكريين الذين هم خارج الخدمة لأسباب الكوردايه تي وفقاً لمتطلبات الضرورة والحاجة وبناءاً على توصية من اللجنة المختصة)، ئێستا زیادەی کراوەتە سەر ، (وموافقة المجلس الوطني الكوردستاني ومراعاة القوانين المرعية). پرسیار دەکەم لەلیژنەی یاسا ، ئەم زیادەیە چۆن چووەتە سەر ئەو برگەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز د.عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا ڕەســـول:**

**بەڕێـــز ســـــــەرۆکی ئـــەنجـــــــوومـــــــەن.**

برگەی یەکەم کوردی بوایە چاکتربوو ئەمە یەک. دوو (لقانون الخدمة العسكرية)، ئێمە تائێستا

یاسای خزمەتی سەربازییمان نییەو تا ئێستا کار بە یاساکانی حکومەتی مەرکەزی دەکەین.
دووەم (لأسباب الكوردايەتيش دەگرێتەوە)، سوپاس.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادە (٨) یەکەم دەڵێ:(منح الرتب العسكرية الدائمية والوقتية)، (منح الرتب) لە دەسەڵاتی بەرزترین دەسەڵاتە لە ناوچەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وشەی (کوردایەتی) سنووردارە، خەڵک هەیە تورکمانە، مەسیحییە، یان شیوعین، لەسەر قەزیەی سیاسی گیراون، یان دوور خراونەتەوە دەتوانین سوود لە ئەزموونیان وەرگرین، ئەگەر کوردایەتییەکە بگۆڕێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم لە پێڕەوی ناوخۆ زەوابت دابنرێ، چونکە ئەو پەیوەندیی بە مووچە دانیش هەیەو موڵکی تایبەتی وەزیر نییە مووچەی روتبەکانی سەربازیی بدات، با ئەوە بە یاسا بچەسپێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوای رێککەوتننامەی ساڵی (١٩٧٠) ئەو ئاشوورییانەی لەناو شۆڕشی ئەیلوولدا بوون زۆر کارەساتیان دیوە، چونکە لەرێککەوتنەکەدا هاتبوو کە ئەوەی لەسەر کوردایەتی وای لێ هاتبوو بگەڕێندرێنەوە، لەبەر ئەوەی کەکورد نەبوون بێ بەش بوون بۆیە پێشنیار دەکەم ئەمە بکرێتە گشتی باشترە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم برگەکە زیاد بکرێت بۆ ئەو ئەفسەرانەی کە لە (ئەمن و استخبارات) و شوێنی ئەوها کاریان کردووە، بۆ ئەوەی ئەم یاسایە نەیانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە خاڵی دووەم گۆڕانکاری کراوە لەسەر ئەو دەقەی کەئێمە پێشکەشمان کردووەو، پێویستی بەزیاتر روونکردنەوە هەیە لەلایەن لیژنەی یاساوە، چونکە سێ جار دەستی وەزیر بەستراوەتەوە، جارێک لە لیژنەی پەیوەندیدار، جارێک لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، جارێکیش لە (القوانين المرعيه)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگە(٢)ی مادە یەک دەڵێ:(للوزیر إعادة العسکریین الذین هم خارج الخدمة) ئەو دەستەواژەیە بکرێت بە(الذین طردوا من الخدمة) یان بکرێت بە(خارجوا الخدمة لأسباب الکوردایە تي)، ئەمەیەک، دووەمیان دەڵێت: (موافقة المجلس الوطني الکوردستاني مع مراعاة القوانین المرعیة) باوەڕکەم یەکێکیان بێت بەسە، سوپاس.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مەزهەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم پەیوەندیی بەمافی ئافرەتەوە هەیە، پێشمەرگەی ژن زۆر دەوری هەبووە لە ساڵی (١٩٧٤) و لە راپەڕینی (١٩٩١) دا، بەڵام لە یاسای وەزارەتی پێشمەرگە هیچ باس نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بۆگەڕانەوەی ئەفسەر بۆ سەر ئەرکەکانیان دەسەڵات بدرێت بە وەزیری پێشمەرگە، لەبەر ئەوە ئەم دەستەواژەیە زیادە(موافقة المجلس الوطني والقوانین المرعیة)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند تێبینییەکم هەیە، یەکەم دەربارەی (یکون منح الرتب الدائمیة الوقتیة طبقاً لقانون الخدمة) ئەو (قانون الخدمە)یە قانونێکە لای خۆمان تازە دانراوە یان قانون الخدمه العراقیبه؟.

دووەم من پشتگیری د. عیزەدین دەکەم (الأسباب الوطنیة) بێت باشترە.

دوا پێشنیارم ئەوەیە کە ئیمامی ئایینی لەناو سوپا دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(منح الرتب الدائمیة والوقتیة) بە مەرسوم دەبێت،کێ تەوقیعی دەکات؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەم وشەی (مؤقتە)روون بکرێتەوە بەمە(ضابط احتیاط) دەگرێتەوە یانی چی؟.

پێشنیار دەکەم مەسەلەی (کوردایەتی) نیشتمانپەروەریشی لەگەڵدا بێت باشترە، چونکە لە مێژووی رابوردووی خۆمان زۆر کەس لە سێدارە دراون لەسەر خاکی کورد و کوردستان، کوردیش نەبوینە بۆ نموونە پێنج کەس گیروان لە (موقفی عام) لەگەڵ ئێمە بوون لە ساڵی١٩٦٢، کوردەکە لەناو (مجلسی عرفی) گەلێک جنێوی دا وبەربوو کەچی چوار محامی عەرەب بە پێنج ساڵ گیران لەسەر (السلم فی کوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا هادی خـــزر کـــوێخـــا:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــەن.**

لەمـادە(٢)دا هاتووە :(وفقاً لمتطلبات الضرورة والحاجة)، مەبەستیان لە (متطلبات الضرورة والحاجة) چییە؟، پێشنیار دەکەم ببێتە(وفقاً لمتطلبات الحاجات الضرورية) بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــەن.**

زۆر پرسیار دەکرێ لەبارەی (قانون الخدمة)ەوە، ئەو یاسایەی ئێمە دامان رشتووە (قانوونی خدمەی پێشمەرگەیە)، ئێمە هەڵمان وەشاندەوە، چونکە دەبوایە لێرە ئەم قانوونە ئەمڕۆ حازربوایە. لێرە دەڵێ(يعين ضابط ويمنح الرتب ورواتبه ويرقى ويحال على التقاعد وتقبل استقالته ويعاد الى الخدمة بقرار من مجلس الوزراء بناء على اقتراح من وزارة الپيشمةرگة).

نقطەی دووەم ئێمە (ضوابط)مان هەیە، ئەم (ضوابط)ە پێش ئەوەی وەزارەت تەشکیل بێت، ئێمە لێرە دەڵێین (بناءعلى مقتضيات الضرورة والحاجة) کابرایەک دوێنێ خانەنشین بووە لە سوپادا، پەیوەندیی بە هیچ شتێک نییە و بۆ کوردایەتیش نەهاتووە، تەنها بۆ ئەوە هاتووە سوود وەربگرێ و مووچە وەربگرێ لە وەزارەت و کاتێکیش کە ئەرکێکی پێ دەسپێرین ڕۆژێک دەیکات و ڕۆژێک نایکات. لەبەر ئەوە ئێمە لیژنەیەکمان پێک هێنا بۆ ئەوەی بە ڕەوایی ئەم کارە بکەن، بۆ نموونە ئێمە ئەمڕۆ دامان نا سریەیەک دروست بکەین(٥) کەسمان پێویست بوو، ویستمان دوو ئەفسەر هەڵ بژێرین، بەڵام ئەندامانی لیژنەکە گوتیان کاتی خۆی ئەمانە تاوانیان کردووە، گوتمان ئەمانە پاڵ پێوە بنێن، لەبەر ئەوە (اسس وضوابط) مان هەیە بۆ گەڕانەوە، ئێمە یەکێک ناگەڕێنینەوەلە ١٠٠٪ ئەمین نەبێ، بەڵام جاری واهەیە، بۆ نموونە ئێستا لەتۆپخانەی عەینکاوە ناچارین عەرەب هەڵدەبژێرین، خۆعەرەبەکە قادەی بەعس نییە زومرەی تەخریب نییە، کابرایەک هاتووە دەڵێ من ئامادەم بەڵام بۆ (ضابط)ە کوردەکان زۆر تێبینیمان هەیە لەسەریان، ئێمە خۆمان ممارسەمان هەیە لەگەڵیان دا، پاشان ئەوانەی دەیانگەڕێنینەوە بەشێکیان بێ بەش بوون، ئەمەش لە دەسەڵاتی ئێمە و بزووتنەوەی کوردایەتی نییە، دەسەڵاتی درێژایی بزووتنەوەی کوردییە.

خاڵێکی تر باسی ئیمام تابور کرا، ئێمە لێرە لە(هیكلي تنظيمي) یەکە کە فەوجێک دروست دەکەین ئیمام تابوری تیادایە.

ئێمە یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگەمان هەیە کە دوو بابە، لە بابی یەکەم، مادەی یەکەم وەکو پێناسە دەڵێ: (تعتبر فترة التي قضاها الپيشمه رگة من الحركة السياسية الوطنية كوردايه تي منذ التحاقة بها خدمة فعلية لأغراض الخدمة والعلاوة) ئێمە لێرەش باسی ڕتبەمان نەکردووە، لەبەر ئەوە ئێوە باوەڕتان هەبێت لەلایەنی ڕتبەوە ئێمە زۆر دەزانین ، قضیەکە لێرە تەنیا (کەفائەیە).

دووەم بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ ئەوەی جاشی تیادا نەبێت ئێمە گوتوومانە(ینفذ هذا القانون إعتباراً من ١١/٩/١٩٦١ الی ٢٠/٨/١٩٩٠، ئەمەناوی جاشی تیادا نەبوو، بالێرە ئەو پێشمەرگانە وسامی هەمەجۆریان دەدرێتێ، بێگومان ئەوەش نیزامێکی دوور و درێژی هەیە، ئەویشمان کردووە بەپێنج پلەوە، (سەرکردەکانی بزووتنەوە، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، سەرکردەی مەڵبەندو لقەکان، ئەندامەکانی ترو پێشمەرگەی ئاسایی لەگەڵ کادرەکان) ئێمە ناتوانین دەسەلات بەخۆمان بدەین لەخۆمانەوە ئەوە بکەین، ئەبێ ڕۆژێک دانیشین لەگەڵ ئەو سەرکردانە پرسیان پێ بکەین، ئینجا یاسای (أنواط و أوسمة) دابنێیین.

بابی دووەمیش پەیوەندی بە شەهیدانەوە هەیە، بێگومان شەهیدان هەموو شتێکیان دراوەتێ گۆڕستانیان بۆ دانراوە هەرگۆڕە بەشێوەیەکی گشتی لە مەڕمەڕە(١٠)م پانیەتی و (٣٠) م درێژیەکی و ماوە لەنێوانیان دا هەیە بۆ ئەوەی ئۆتۆمۆبیل بتوانی تەرمی شەهید بێنێ و دای بنێت، ئەو کەسانە دەچن زیارەتی ئەوە دەکەن کەشەرفی کوردایەتی یان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مانای ئەوەیە کە یاسایەکی تایبەتیمان هەیە نەک یاسای خدمەی عێراقی.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت پرسیارەکەی بەڕێز نەسرین، لەیاسادا دەقێک نییە جیاوازی لە نێوان ژن و پیاواندا بکات لەقانوون دەڵێت: (يسري هذا القانون على جميع الاشخاص ) واتا ژن و پیاو دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیاری یەکەم ئەوەی بەڕێز نەوشێروان کردی، ڕاستە ئێمە لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگەدا کۆبووینەوە بابەتەکە بەو شێوەیە بوو کە باسی کرد، بەڵام پاشان لە لیژنەی یاسادا دانیشتین پاش گفتوگۆ ئەم زیادکردنە کرا، ئەم زیاد کردنەش دەتوانرێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ، هۆی ئەو زیاد کردنەش ئەو هەڵەیە بوو کە وەزارەتی ناوخۆ کردی بەدانی ڕوتبەو گەڕاندنەوەی پۆلیس و هەندێ کاری هەڵەی تر.

بەڕێز د.عیزەدین باسی بابەتی کوردایەتی کرد ئێمە لە بنەڕەتدا بڕیارمان دابوو وشەی سیاسە بەکار نەهێننین، لەبەر ئەوەی وشەی کوردایەتی وشەیەکی پیرۆزە، هەروەها لاری نییە لەسەر ئەوەی کابرایەکی عەرەب بێت کوردایەتی بکات قەومیەتەکەی خۆشی نەگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی کورد نەبوو هیچی بۆ نەکرا، سوپاس.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـوومـەن.**

وەک من گـوتم هەمـوو شـتـێک دێتـە بەردەسـتی ئێـوە دەتوانن گـۆڕانی لەسـەر بكەن، دەبێ وەزارەتی كـاروباری پێشـمـەرگـە لە ئێمـە زیاتر سور بێت لەسـەر وشـەی كـوردایەتی، چونكە سیاسـەت زۆر گشتییە لەوانەیە سبەینێ خەڵكێكی تر بێت بڵێ بەناوی سیاسـەت دەركراوم، ئەوەش گرفتێک بۆ ئێمە دروست دەكات، دەبێ زۆر بەچاكی بیر لەم بابەتە بكەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـوومـەن:**

ئەگـەر وشـەی (كـوردایەتی) زیاد بكەین وەكـو لیـژنەی یاسا گـوتی: كـوردایەتی وشـەیەكی گشتییـە، بۆیە ئەوەی لەسەر كوردایەتی تووشی زەرەرێک بێت، توركمان بێت، عـەرەب بێت، ئاشووری بێت هەقی ئەوەی هەیە، چونكە ئێمە ئەو یاسایە جێبەجێ دەكەین.

**بەڕێز د.عـیـزەدین مـسـتـەفـا رەسـوڵ:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـوومـەن.**

أسباب وطنیە كوردیەشی بخرێتە سەری، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـوومـەن:**

وشەی (كوردایەتی)، وشەیەكی سیاسی و فراوانەو هەموو كەسێک دەگرێتەوە لەم كوردستانەدا كەتووشی زەرەر بێت.

**بەڕێز عـەبدوڵلا حـاجی ئیـبـراهیم عـەبدوڵلا:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـوومـەن.**

پێشنیار دەكەم وشەی (كوردایەتی) بمێنێتەوە، بەڵام وشەی (وطنیە)شی بخرێتە سەری.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـوومـەن.**

ئەم بابەتە گفتوگۆ دەكرێ ئەوەی پێویستی بە گۆڕین بێ دەیگۆڕین.

بەڕێز د.حەمە نەجم پرسیاری كرد بەرزترین دەسەڵات لە هەرمێدا كێیە؟. ئێمە لە كوردستان ئەمڕۆ تەنیا یاسای رابەرمان هەیە كە دەسەڵات تیایدا دیاری كراوە.

پرسیارەكەی بەڕێز د.فایەق هەمان پرسیاری د.عیزەدین بوو كە وەڵامدرایەوە.

بەڕێز سەعدی گوتی بابەتی روتبە و شتی وەها بەكەیفی نەدرێت، ئێمەش هەوڵمان داوە كەبە كەیفی نەدرێت.

بەڕێز فرەنسۆ هەمان تێبینی هەبوو لەسەر وشەی كوردایەتی ئێمەش وەڵامان دایەوە.

بەڕێز ئیـبـراهیم تێـبینی هەبوو دەربارەی ئەوانەی دێنەوە ناو هێـزی پێشـمـەرگـە (أمن و استخبارات) نەبن، وابزانم عیبرەت بەنەس نییە، وەزیر سوێندی خواردووە بە تەئكید پابەندیش دەبێت بە سوێندەكەی و ئەم جۆرە كەسانە ناخاتە ریزی پێشمەرگە.

بەڕێز شەوکەت پرسیارەکەی پەیوەندیی بەخاڵی دووەوە هەبوو، راستە ئێمە ئەو زیادەیەمان کردووە ئێمە دەستی وەزیری خۆمان ناگرین و ئەمەش جێگای گفتوگۆیە.
بەڕێز مەلا تاهیر پرسیارێکی کرد دەربارەی وشەی(خارج الخدمة)ی ئەمە عیبارەتەکە زۆر ئاشکرایەو، پاشان وەزیری کاروباری پێشمەرگە دەتوانێ ئەمە روون بکاتەوە.
سەبارەت بە تێبینییەکەی بەڕێز نەسرین خان دەربارەی پێشمەرگەی ژن، منیش رای خۆم دەخەمە پاڵ رای بەڕێز وەزیری کاروباری پێشمەرگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لە خاڵەکەدا (ألف و لامەکە) هەڵگرین دارشتنەکە دەگۆڕێت لەوانەیە ئەوە چارەسەری بابەتەکە بکات.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی دوایی ئەوەی کە مامۆستا محەمەد ئەمین دەڵێت یاساکە گۆڕانی تێدایە، ئێمە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان حرس و گۆڕانکاری، ئێمە تەنیا مەبەستمان ئەوەیە کە یاساکە گرفتی تیادا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی کوردایەتی زۆر ریکوپێکە، چونکە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی هەموو خۆیان بەکورد دەزانن، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خاڵی دووەم دەربارەی گەڕاندنەوەی عەسکەرییەکانە، ئێمە هەموومان کۆکین لەسەر ئەمە هەتا لیژنەی پەیوەندیدار لەوەزارەتدا. وەزارەت خۆی دەزانێ پێویستی چییە بۆ گەڕانەوەی ئەو ئەفسەرانە، کوردستان ئێستا پێویستی بەدروست کردنی (هیکل نظامی) هەیە، ئەو ئیشە پێویستە بەپەلە بکرێت و نابێ رۆتینی تیادا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باوەڕێکی زۆرمان بەبرادەران هەیە بۆ گەڕانەوەی ئەفسەران. تەئکید لەسەر ئەوە دەکەم کە دەبێت ئێمە دووربین لەلایەنی عاتفییەوە، ئەوەی لە سلێمانی ئەبیستم بۆ گەڕانەوەی پۆلیس دوو سێیەکیان گەڕاندۆتەوە کە یەکێکیان عەمیدە و دووەمیان لوایە کە دووجار لە قادسیە بریندار بووە، یەکێکیان لە ساڵی (١٩٧٤) پیاوی رژێم بووە ئێستا گەڕاوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران هەندێ مەترسییان هەیە بەرامبەر ڕەفتارەکانی پۆلیس هەر وەک بەڕێز وەزیری پێشمەرگە باسی کرد، هەندێ بنچینەی بۆ دانراوە بۆ چۆنێتی (منحی رتب)، بەلام برگەی(٢) بۆ گەڕانەوەی عەسکەری مەبەست دانانی روتبە نییە تەنها بەپێی پێویستی وەزارەتی پێشمەرگە ئەوەی کە لیژنەکە دەست نیشانی دەکات ئەو عەسکەرییانەی کە خانەنیشن دەگەڕێنەوە بۆ ناو ڕیزی سەربازی، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حەسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی کوردایەتی دروشمی نەتەوەیی رزگاری کوردو دیموکراتییەتە بۆ عێراق، لەبەر ئەوە رام وایە کە ئەم وشەیە فراوان و گونجاوە، سوپاس.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم برگە(٢) لە مادە(٨) بەو شێوەیە بێت : (للوزير إعادة العسكريين من أكراد وغيرهم الى الخدمة لأسباب تتعلق بالحركة( الكوردية)،چونکە وشەی (الكورديه) فراوانترە لە وشەی (کوردایەتی)و، هەموو کەسێک دەگرێتەوە لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (کوردایەتی) وشەیەکی پیرۆزە، بەلام من پێشنیار دەکەم ئەم زیادەیە بکرێت (للوزير إعادة العسكريين الذين هم خارج الخدمة لأسباب الكوردايه تي والمساهمين في الحركة التحررية الكوردية). سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز د. عیزەدین فەرموو.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کوردایەتی کە دەبێت بەعەرەبی، دەبێت بە(الحركة التحررية الكوردية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز فرەنسۆ با پێشنیارەکەی بنوسێ، بۆ ئەوەی داڕشتنەکەی بچەسپێ.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگەی یەکەم لە مادەی(٨) کە بەڕێزان ئاماژیان بۆ کرد کەدەڵێت:(منح الرتب الدائمية والوقتية)، هەمیشە پەرلەمانی کوردستان دەری دەکات واتا بە یاسا دەبێت، کەواتە

پێویست دەکات بڵێت بە ڕەزامەندی پەرلەمان؟، چونکە ئەوانەی دەگەڕێنەوە بۆ خزمەت بەپێی (قانوون خدمة) دەگەڕێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم بڕگەیە جیاوازە کە دەڵێ (للوزير إعادة العسكريين الذين خارج الخدمة لأسباب الكورداية تي وفقاً لمتطلبات الحاجة والضرورة...) بۆیە ئەمەیان داناوە.

**بەڕێز سەید حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی وشەی کوردایەتی، ئەگەر ئەمە زیاد کەین لەسەر بڕگەکە ئەوکەسانەش دەگرێتەوە کەلە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بەشداری یان کردووە، ئەمە هیچ شت لە بابەتەکە ناگۆڕێت، ئەمە یەک، دووەم، زیاد کردنی (موافقة المجلس الوطني الكوردستاني مع مراعاة القوانين المرعية) ڕاستە ئێمە لە کۆبوونەوەی هەردوو لیژنە ئەم زیادەیەمان کرد، ئەگەر ئەوەشتان پێ زیادەیە با پەرلەمان لایدات، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبڕگە(٢)دا ئەم عیبارەیە زیادەیە (موافقة المجلس الوطني)، بۆیە پێشنیار دەکەم لاببرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(يكون منح الرتب الدائمية والوقتية طبقاً لقانون الخدمة) ئەم(آل) وادەگەیەنێت کە (قانون خدمة) هەیە، ئێمە هەتا ئێستا ئەو یاسایەمان نییە، ئەمە پێویستە لە داڕشتندا چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم بڕگە (٢) بەم شێوەیە بێت (للوزير إعادة العسكريين الذين خارج الخدمة لأسباب الكورداية تي وفقاً لمتطلبات الضرورة والحاجة وبناءاً على توصية من الجهة المختصة مع مراعاة القوانين المرعية)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بوونی ڕێبەر پێویستییەکی بنەڕەتییە، چونکە زۆر یاساو بڕیار هەیە کە بەبێ ئیمزای ڕێبەر ناکرێ و ناگونجێ وەک دامەزراندنی ئەفسەران و فەرمانبەرانی پلەی تایبەت، کە لە وڵاتانی تر بە ئیمزای سەر کۆمار، یا بە ئیرادەی مەلەکی دەردەچن، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی بڕگە(٢) بۆ گێڕانەوەی عەسکەرییە دەرکراوەکان وا چاکترە نەگوترێ ( بموافقة المجلس

الوطني)، چونکه هەر ئەوەندە پێویستە کە بگوترێ (وفقاً لقانون الخدمة) ئیتر هیچی دیکەی ناوێت، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە (أسس وضوابط )مان هەیە بۆگێڕانەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی (٢)، ئەگەر (مجلس وطنی) لاببەین ،هیچ گرفتێک چارەسەر ناکات بڕگەی (١) لەلایەنی زمانەوانییەوە چارەسەر دەکەین (منح الرتب الدائمية والوقتية طبقاً لقانون الخدمة)، بنەماییەکی زمانەوانی هەیە دەڵێ: «فاقد الشئ لايعطيه »، چونکە یاساکە لە بنەڕەتدا هەر نییە تاوەکو پشتی پێ ببەستین، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە گۆڕانکاری هەیە، (للوزير الحق في منح الرتب الدائمية والوقتية بناءاً على توصية من اللجنة المختصة داخل الوزارة عند الضرورة والحاجة ) ئەمە بنەڕەتێکە کە ئێمە بڕیارمان لە سەرداوە، بەڵام ئەندامان سێ جار گوتیان ئەمە دەسەڵاتێکی فراوانە، لەبەر ئەوە من گوتم چارەمان بۆ ئەوە هەیەو، دەتوانین لە (قانون الخدمة) وشەیەک زیادە بکەین: (وفقاً للقانون الذي يشرع فيما بعد ).ئەمە خاڵێک.

خاڵێکی تر ئێمە پشت نابەستین بە یاسای خدمەی عێراقی ،ئێمە یاسایەکی تایبەتیمان هەیە لێرە: (الحق في منح الرتب الدا ئمية والوقتية وبناءاً على توصية اللجنة المختصة داخل الوزارة عند الضرورة والحاجة) ئێوە بەم شێوەیە دەستمان دەبەستنەوە، ئەمڕۆ پێویستمان هەیە بە ئەفسەرێک ئەوکەسەی لە پێشدا خۆی ئەفسەر بووە ئەگەر مەرجی تەواوی تێدا بێت ئێمە دەیگەڕێنینەوە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە ئەمە بکرێت بە دوو بڕگە:

١ـ (الحق في منح الرتب الدائمية والوقتيية).

٢ـ (إعادة العسكريين الى الخدمة)، ناوی رتبە نەهێنین بۆ گێڕانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا مادەکە بەو شێوەیەی لێهات: (للوزير إعادة العسكريين الذين خارج الخدمة لأسباب الكودايه تي وفقاً لمتطلبات الضرورة والحاجة وبناءاً على توصية اللجنة المختصة في الوزارة مع مراعاة القوانين المرعية.)

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

کاتێک وەزیر عەسکەرییەکان دەگێڕێتەوە دەبێت پشت ببەستێت بەو یاسایەی کە دەسەلاتی داوەتێ بۆ گێڕانەوە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

یاساکە ئەمەیە: (إعادة العسكريين الذين خارج الخدمة)، سوپاس.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

وەزیر خۆی گێڕانەوەکە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لێرە نوسراوە ئەڵێ (للوزير إعادة العسكريين الذين خارج الخدمةلأسباب الكوردايه تي وفقاً لمتطلبات الضرورية والحاجة) ئەم دەقە زۆر فراوانەو هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئێستا گفتوگۆ لەسەر دوو بابەتە، یەکەمیان دەسەلاتی وەزیرە، دووەم (القوانين المرعيه).

من لەگەڵ رای لیژنەی یاساییم نابێت گفتوگۆ لەسەر یاسایەک بکەین کە هەر لە بنەڕەتدا نەبێت، ئێستا هەندێک عەسکەری هەنە کە کاتی خۆی لەسەر کوردایەتی دەرکراون، پێویستە بگەڕێنەوە و ئەو پلەیەیان پێ بدرێت کە لەلایەن لیژنەی پەیوەندیدارەوە پێشنیار دەکرێت.

لێرە گرفتەکە دروست دەبێت کێ ئەو دەسەلاتەی هەیە بەپێی یاسا ئەو بڕیارە بدات؟.

**بەڕێز عـومـەر سـەید عـەلی حـسێن:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لیژنەی پەیوەندیدار بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە لە وەزارەتدا دەرچوونە پێشنیار دەکات، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەمە روونە(مع مراعاة القوانين المرعية).

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێشنیار دەکەم برگەکە بەم شێوەیە بێت باشترە،(يكون منح الرتب الدائمية والوقتية وفقاً للقانون الذي سيشرع )، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەگەر(مراعاة القوانين المرعية) بێت ئەو کاتە وشەی(سيشرع)یش دەگرێتەوە.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیار دەکەم ئایا لێرەدا مەبەست گێڕانەوەی ئەفسەری بچووکە، یان ئەفسەری گەورەیە؟، ئەگەر مەبەست ئەفسەری گەورە بێت منیش ناتوانم سەرۆک ئەرکان دابنێم، چونکە ئەفسەری گەورە دەبێت لە یەکەی سەربازیدا زۆر چالاکیی کردبێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم (أسس و ضوابطانەی)کە بەڕێزان یونس و ئازاد باسیان کرد، هەمووی لێرە نەبووە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

تکایە گفتوگۆ لەسەر یاسایەک مەکەن کە لێرەدا نییە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم مادە (٢) بەم شێوەیە بێ ( يكون منح الرتب الدائمية والوقتية طبقاً للقوانين)، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە دەقی یاسادا نابێت بگوترێت (سيشرع القانون)، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە برگە (٢)دا( للوزير إعادة العسكريين)، پرسیارێک لە وەزیری پێشمەرگە دەکەم ئایا بەڕێز وەزیر وا تێگەیشتووە کە مەبەست لەگەڕانەوە دانی پلەی سەربازییە؟، چونکە وشەی (إعادە) تەنیا واتای گێڕانەوە بۆ سەر کار دەگەیەنێ. لەبەر ئەوە بەرای من کاتێک کە یاساکە چەسپا ئەم خاڵە باس بکەین، سوپاس

**بەڕێز نەوشیروان فوئاد مەعروف مەستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە برگەی (١) من پشتگیری پێشنیارەکەی بەڕێز فرەنسۆدەکەم کە ببێتە ( طبقاً للقوانين)، چونکە ئەمە فراوانترە وکێشەکەش چارەسەر دەکات.

دەربارەی برگە(٢) پێشنیار دەکەم وەزیر تەنیا دەسەڵاتی گێڕانەوەی عەسکەرییەکانی هەبێت بۆ خزمەت نەک ڕوتبە دان. دوا پرسیار ئایا مەبەست لە ( القوانين المرعية) چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا یاسای ژمارە (١و٢)مان هەیە و، بڕیارێکیشمان

بۆ کار نەکردن بە یاساکانی حکومەتی عێراقی کە لەگەڵ بەرژەوەندی میللەتی کورد ناگوجێن هەیە و، هەروەها بڕیارێکیش بۆکارکردن بەو یاسایانەی کە بۆ ئێمە دەگونجێن پاش ئەوەی لە ئەنجوومەنی نیشتمانییدا پەسەند دەکرێن و بڕیاریان لەسەر دەدەرێت.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

پێشنیار دەکەم بڕگەی یەک بەو شێوەیە بێت ( يكون منح الرتب الدائمية والوقتية، طبقاً للقوانين المرعـيـة)، چونکە ئەگەر بڵێین (سیشرع) ئەمە بە بەستراوی دەمێنێتەوە تاکو یاساکە دەردەچێت.

بڕگە(٢)( للوزير إعادة العسكريين الذين خارج الخدمة لأسباب الكوردايه تي وفقاً لمتطلبات الحاجة الضرورة) ئێمە لەم بڕگەیەدا (بموافقة اللجنة المختصة)مان زیاد کردو (مجلس الوطنى) لابرا.

دەربارەی ئەم عیبارەیەش (مع مراعاة القوانين المرعية)، جا ئەگەر راتان وایە لابرێ، ئەوا ئێمە لایدەبەین، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

ئەو پێشنیارە چەسپاوە ( يكون منح الرتب الدائمية الوقتية طبقاً للقوانين المرعية).

خاڵی دوو ( للوزير إعادة العسكريين الذين خارج الخدمة لأسباب الكوردايه تي وفقاً لمتطلبات الضرورة والحاجة، وبناءً على توصية اللجنة المختصة في الوزارة) ئەو کاتە دەتوانێ روتبە بە پێی ئەو یاسایە بدات.

**بەڕێز لیـوا کـەمـال مـوفـتی/ وەزیری پێـشـمـەرگـە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

دووبارە ئاماژە بە یاسایەک دەکەین کە هێشتا روون نییە، من دەزانم گرفتەکە لە روتبە نییە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

( مع مراعاة القوانين المرعية) هیچ گرفتێکی هەیە؟.

**بەڕێز کـەمـال مـوفـتی/ وەزیری پێـشـمـەرگـە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

داوا لە لیژنەی یاسا دەکەم بۆ وەزارەت روونی بکاتەوە کە مەبەست لە ( القوانين المرعية) چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

بـەرای مـــن ( للوزير إعادة العسكريين الذين خارج الخدمة لأسباب مساهمتهم في الحركة الوطنية الكوردستانية) لە جیاتی کوردایەتی. بەکوردیش دەبێتە: ( بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردستانی). دووەم بەو شێوەیە بێت (وفقاً لمتطلبات الضرورة والحاجة وبناء على توصية اللجنة

المختصة في الوزاررة) بۆ ئەوەی دەستی وەزیر نەبەستینەوەو ئەو کارە بدرێت بە وەزیر بیکات، هەروەها بەرای من (قانون خدمه) بکرێت بە (القوانين المرعية) وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن باسی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بوونی دەقێک دەست بەستنەوە نییە، ئێمە دەمانەوێ یاساکە بە ڕێکوپێکی دەربچێت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی بەڕێز جێگری سەرۆک ئاساییە کە بەو شێوەیە بێت :( يكون منح الرتب الوقتيةو الدائيمية، طبقاً للقوانين المرعية).

دووەم:( للوزير إعادة العسكريين) ئەو عەسکەرییانەی کە دەگەڕێنەوە سەر کارەکەیان، بێگومان بە روتبەی خۆیان دەگەڕێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەوەی ئەم بابەتە یەکلا بکەینەوەو دەیخەینە دەنگدانەوە:

( يكون منح الرتب الدائمية والوقتية طبقاً للقوانين المرعية) .کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ کەس. کەواتە بە تێکڕای دەنگ ئەم دەقە پەسند کرا.

دوو: ( للوزير إعادة العسكريين الذيين خارج الخدمة لأسباب الكوردايه تي ). کێ لەگەڵ ئەوەیە وشەی کوردایەتی وەک و خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێ دژی کوردایەتییە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەبەستم وشەکەیە.

( للوزير إعادة العسكريين الذين هم خارج الخدمة لأسباب الكوردايه تي وفقاً لمتطلبات الضرورة والحاجة وبناءاً على توصية اللجنة المختصة في الوزارة).

پێشنیارێک هەبوو (بموافقة المجلس الوطني) ئەم پێشنیارە کێشرایەوە.

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە:

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە (مع مراعاة القوانين المرعية) بچەسپێت تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ (٢٩) ئەندام لەگەڵەو، (٣٥) ئەندام لەگەڵ نییە. کەواتە (القوانين المرعية) لادەبرێت.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەڕێز مـەلا مـەحـمـود دێرشـەوی تێبینییـەکی نووسـیوە بۆ لیـژنەی یاسا دەڵێ: لایـەنی مـادی لەیاساکەدا هەیە بەڵام لایەنی ئایینی تێدا نییە، ئێمەش دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئەوان و ئەو پرسیارە ئاراستەی وەزیری پێشمەرگە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز لیـوا کـەمـال مـوفـتی/ وەزیری پێشـمـەرگـە:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

لە یاسـادا باسی پێـڕەو و بەرنامـەی کـاری ڕۆژانە ناکـرێت، بەڵکو ئەم مـەسـەلانە لە زمنی ڕێنمـاییـەکانی وەزارەتە کە پاشـان دەری دەکـات، ئێـمـە لە مـەنهـەجدا بۆ ئایین هەفـتـەی (٢) سەعاتمان داناوە بۆ هەر فەسیلێک، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان نـاسح حـەیدەری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

المادة التاسعة ( للوزير تخويل بعض من صلاحياتهِ لوكيل الوزارة أو رؤساء الدوائر الرئيسية في الوزارة).

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر مادە (٩)؟.

**بەڕێز د. فـایەق مـحـەمـەد گـوڵپی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پێشنیار دەکەم مادەمە بەم شێوەیە بێت: ( للوزير أن يخول) واتا بە پێی یاسا وەزیر دەبێ ئەوە بکات.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

لە مـادەکـەدا هاتووە( للوزير تخويل بعض الصلاحيات) ئایا ناتوانی هەمـوو دەسەڵاتەکـانی بداتێ؟، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

وەزیر ناتوانێ هەموو دەسەڵاتەکانی بداتە بریکاری وەزارەت، چونکە بریکار ناتوانێ نوێنەرایەتی وەزیر بکات لە ئەنجوومەنی وەزیران و، لەکاتی ئامادە نەبوونی وەزیردا یەکێکی تر بە وەکالەت دەبێتە وەزیر.

ئێستا مادە (٩) دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (٩) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. سوپاسـتان دەکەین.. کێ دژە؟ کەس. بە تێکڕای دەنگ مادەکە وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح حــــەیدەری:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**
المادة العاشرة: تسري أحكام هذا القانون على جميع هيئات الركن التي تتألف منها الوزارة وكذلك المؤسسات والتشكيلات، والوحدات المرتبطة بالوزارة وجميع الأشخاص المكلفين بالواجبات عسكريين ومدنيين.
**بەڕێز فـــــرەنســــز تۆمــــا هەریری:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**
بەرای من وشەی (ركن) زیادە تەنیا (الهیئات) بمێنێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**
ئەتوانرێ لابرێت، تەنیا (على جميع الهیئات) بێت، سوپاس.
**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**
هیئات الركن لە( تشكيلات الوزارة)دا نەهاتووە، سوپاس.
**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**
تسري أحكام هذا القانون على جميع الهيئات التي تتألف منها الوزارة، وكذلك المؤسسات والتشكيلات والوحدات المرتبطة بالوزارة وجميع الأشخاص المكلفين بالواجبات من عسكريين ومدنيين، «ضمنا» لێرەدا زیادە.
**بەڕێز لیـوا کـەمـال مـوفـتی/ وەزیری پێشـمـەرگە:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**
باسی مـەدنییـان کرد، لێرەدا لەوانەیە خزمەتکارێک دادەمەزرێت، ئەو کەسە یاسای سزادانی سەربازی بەسەر ناچەسپێت، بەڵام کاتێک ژەهرێک ئەخاتە ناو چایەوە هەمان یاسای سەربازی لەسەر دەچەسپێت، سوپاس.
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**
کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١٠) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە .. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە ؟ بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا.
**بەڕێز شـێـروان ناسح عــەبدوڵڵا حـەیدەری:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**
المادة الحادية عشرة:(يعتبر هذا القانون نافذاً من تأريخ تصديقهِ وإصدارهِ من قبل المجلس الوطني الكوردستاني).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١١) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ کەس. بەتێکڕای دەنگ مادە (١١) وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة:( ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية وعلى الوزير المختص والوزارات ذات العلاقة تنفيذ أحكامه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (١٢) هیچ تێبینییەک هەیە لەسەری؟ نییە. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم دەقە وەک خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ کەس. بە تێکڕای دەنگ مادە (١٢) وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الأسباب الموجبة:( نظراً لضرورة توحيد فصائل الـ( پيشمەرگە) الكوردستانيين ومعالجة ظاهرة التسلح، وحاجة الأقليم الى قوة منظمة لتأسيس وحماية دولة القانون والتي تلقي على عاتقها هذه المهمة وتثميناً وتقديراً للدور البطولي والريادي لفصائل الـ(پيشمه رگة) منذ ثورة أيلول سنة ١٩٦١ولحد الآن، وضرورة توحيد الپيشمەرگە، والدفاع عن كوردستان أرضاً وشعباً، ولهذا الغرض شرع هذا القانون.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دارشتنی دەقی (اسباب الموجبة) پاش و پێشی کراوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە بەم شێوەیە بێت: (نظراً لضرورة توحيد فصائل البيشمه رگة الكوردستانية وحاجة إقليم كوردستان الى قوة منظمة لتأسيس وحماية دولة القانون والدفاع عنه أرضاً وشعبا) پاش ئەوە لە برگەیەکی تردا (ومعالجة ظاهرة التسلح) بێت، ئینجا لە برگەیەکی دیکە ( وتثميناً وتقديراً للدور البطولي لفصائل البيشمه رگة منذ ثورة أيلول ١٩٦١ ولحد الأن فقد شرع هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم دارشتنە بدە بە لیژنەی یاسا.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێک تێبینییم هەیە دەربارەی (اسباب الموجبة) یەکەم ئەو سیغەیە ( مفاصل البيشمه رگة

الكوردستانيين) بكرێت بە ( مفاصل پيشمه رگة كوردستان)، دوو ( لهذا الغرض) زيادەيە هەر بكرێت بە( والدفاع عن كوردستان العراق أرضاً وشعباً)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم تێبینییانەت بدە بەلیژنەی یاسا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەم عیبارەتەدا ( تأسيس وحماية دولة القانون) ئەگەر لێک بدرێتەوە وا دەردەكەوێت ئێمە دەوڵەتێک پێک دێنین، لەبەر ئەوە بەڕای من ئەوە بگۆڕین بۆ ( حماية الأمن وترسيخ القانون) لەجیاتی( تأسيس وحماية دولة القانون)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم وشەی پێشمەرگە (فصائل الأنصار الوطنية الكوردستانية) بەكار بهێنین، چونكە لە پێشدا هەر ئەمە بەكار هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشمەرگە ناوێكی پیرۆزە.

**بەڕێز شەوكەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادە(٨) خاڵی(٢) چی لێ هات و چۆن پەسەند كرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەربارەی داڕشتنی (أسباب موجبە) دوو، سێ تێبینی هەبوو. ئەو تێبینییانە لەلایەن لیژنەی یاساوە پەسند كران. ئەمێنێتەوە وشەی( دولة القانون) ببێت بە( حماية الأمن وترسيخ القانون)، چونكە لەوانەیە وشەی( الدولة) نەگونجێ لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی كوردستان كەدروشمی (فیدراڵی) مان هەڵ گرتووە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر سەدام ڕۆیشت دەوڵەتێكی دیموكراتی هات، ئەو كاتە پێشمەرگە پاراستنی ئەو دەوڵەتە دیموكراتییە دەكات كە لەناو عێراقی دیموكراتی دابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(لتأسيس وحماية الدولة والقانون) بكرێت بە ( قوة منظمة لحماية الأمن وترسيخ القانون)، ئەوە باشترە.

كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە ئەو زیادەیە بخرێتە سەر ئەو مادەیە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە.. دەست

بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..کێ دژە؟(١) بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.
یاسای پێشمەرگە گفتوگۆی تەواو بوو، بەڵام ئێستا ئێمە دەنگدان لەسەر هەموو یاساکە ناکەین تاوەکو هەموو هەموارکردنەکانی نەخرێتە سەری،لە دانیشتنی داهاتوودا دوا داڕشتن دەخەینە دەنگدانەوە.
بەناوی دەستەی سەرۆکایەتییەوە پیرۆزبایی لەئێوەو لە خۆمانیش دەکەین بەبۆنەی پەسەندکردنی ئەم یاسایە،بێگومان میللەت ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی ئەم یاسایە دەکات. هیوادارم وەزارەتی پێشمەرگە بەزووترین کات ئەرکەکانی خۆی ئەنجام بدات و، هەموومان پشتگیرو پشتیوان بین بۆی.
دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ هات. رۆژی دووشەممەی داهاتوو سەعات(١٠)ی سەرلەبەیانی دانیشتن هەیە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆک**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای پاراستنی بێگانەکان و ئەو کارگەرانەی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دووگوزارشتە ئەم دوو واتایەی بەرامبەریانە.

١- بێگانە:هەر کەسێک کە بەشێوەیەکی ڕەوا دێتە ناو هەرێمی کوردستانەوەو جنسیەی عێراقی نییە و لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکاندا کار دەکات.

٢- کارگەر:هەر کەسێک کە هاوولاتیی هەرێمی کوردستانی عێراقە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکاندا کار دەکا کە لە هەرێمەکەدا لە کاردان و ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکانی وەرگرتووە.

**ماددەی دووەم:**

أ-هەر کەسێک بەدەستی ئەنقەست بێگانەیەک بکوژێت یا کارگەرێک کە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکاندا کاردەکەن کە لەهەرێمی کوردستان دا لەکاردان، بەئیعدام کردن سزا دەدرێ.

ب-سەبارەت بەو حاڵەتانەی لە برگە(أ)ی ئەم یاسایەدا نەهاتووە، ئەو سزایانە ڕەچاو دەکرێن کەلە حوکمەکانی یاسای سزادانی عێراقیی ژمارە(١١١)ی ساڵی/١٩٦٩وگۆڕینەکانیدا هەن.

**ماددەی سێ یەم:**

حوکمی برگە(أ)ی مادده «١»ی ئەم یاسایە بەسەر تاوانبارەکەدا جێ بەجێ ناکرێ،ئەگەر هاتوو تاوان لێکراوەکە دەستی لە ڕوودانی تاوانەکەدا هەبوو.بەڵکو ئەو سزایانەی بەسەردا دەسەپێنرێ کە لە یاسا ڕەچاوکراوەکان دا هەن.

**ماددەی چوارەم:**

حوکمی ئەم یاسایە گشت ئەو مەسەلانە دەگرێتەوە کە یەکلا نەکراوەنەتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێ،پێچەوانەی حوکمی ئەم یاسایە بێ.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی پەسەند کردن وبلاوکردنەوەیەوە لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە، جێ بەجێ دەکرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی ڕەسمی دا بلاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.**

# یاسای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی لای خوارەوە، بۆ مەبەستی ئەم یاسایە، ماناکانی بەرامبەریانن:

١-وەزارەت:وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

٢-وەزیر:وەزیری کاروباری پێشمەرگە.

٣-بریکاری وەزارەت:بریکاری وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

٤-دیوان:دیوانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

٥-ئەنجوومەن:ئەنجوومەنی راوێژکاری وەزارەت.

٦-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

**ماددەی دووەم:**

١-وەزیر: سەرۆکی بالای وەزارەتەو بەرپرسیارە لە کاروبارەکانی داو سەرپەرشتی وچاودێری کردنی چالاکیبەکانی دەکات، هەر لە ویشەوە ئەو بڕیار و فەرمان و رێنمایی یانە دەردەچن کەپەیوەندییان بە ئەرکەکانی وەزارەت و دەزگاکانییەوە هەیە، لە هەموو بارێکی سەربازی و هونەری وبەرێوەبردن ودارایی و رێکخستنەوە، لەناو چوارچێوەی ئەم یاسایەو پێڕەو و رێنمایی یە رەچاوکراوەکانی دا.

لە بەردەمی ئەنجوومەنی وەزیرانیش بەرپرس دەبێ بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوبەشیەتی.

٢-بریکاری وەزارەت: بەپێی ئەو دەستەی پێی دەدرێ، یارمەتی وەزیر لەم کاروبارانەی سەرەوەی دەدات.

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەت ئەم کاروبارانە دەگرێتە ئەستۆ:

١-ئەرکی پارێزگاری لە یەکێتی کوردستانی عێراق دەگرێتە ئەستۆ چ لەرووی خاک و چ لەرووی گەلەوە و لە رووی هەموو دەسدرێژییەک دەوەستێ لە هەر لایەکەوە بکرێتە سەری.

٢-وەزارەت ئەو ئەرکەی لەبەندی(١)ی سەرەوەدا وتراوە بەجێ دێنێ لە رێگەی:

أ -دەستنیشانکردنی ژمارەی پێویست لە پێشمەرگەو یەکخستنی هێزەکانی.

ب-پێکهێنانی وەحداتی نیزامی.
جـ-مەشق پێکردن وسازدانیان لە رووی زانستییەوە وبەکردەوە (عملی) بەمەبەستی بەرزکردنەوەی رادەی جەنگاوەری و رۆشنبیری یان لە رێگەی کردنەوەی مەڵبەندو قوتابخانە ودام ودزگای مەشق و فێرکردنەوە بۆیان.
هـ-دابین کردنی گشت پێویستییەکانی (چەکداری،کەل وپەل، نیشتەجێ کردن، ئازووقە، مووچە، کاروباری ژمێریاری وهەر خزمەتگوزاری یەکی تر).

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەت لەم دەزگایانەی خوارەوە پێکدێ:
١-دیوان:ئەفسەرێک سەرۆکایەتیی دەکا کەسەرپەرشتیی ئەم نووسینگانە دەکا:
أ -نووسینگەی وەزیر.
ب-نووسینگەی بریکاری وەزارەت.
جـ-نووسینگەی ئەنجوومەنی راوێژکاری وەزارەت.
٢-سەرۆکایەتیی دەستەی ئەرکانی گشتی کەپێکدێ لە:
أ- دایەرەی سەرۆکی دەستەی ئەرکانی گشتی .
ب-دایەرەی یاریدەدەرەکانی دەستەی ئەرکانی گشتی.
جـ- ئەو دایەرانەی تر کە بەسەرۆکایەتیی ئەرکانی گشتی یەوە دەبەسترێنەوە.
د - سەرۆکایەتی یەکانی ناوچەکان.
٣-ئەنجوومەنی راوێژکاری وەزارەت.
أ-ئەنجوومەنێکی راوێژکارییە کە مافی رادەربرین وپێشکەشکردنی پێشنیازی بۆ وەزیر لەسنووری ئەم یاسایەدا هەیە . ئەنجوومەنەکەش بەم شێوەیە پێکدێ:
یەکەم: ئەندامە بنچینەیی یەکان کە ئەمانەن:
١-سەرۆکی ئەرکانی گشتی.
٢-یاریدەدەرەکانی سەرۆکی ئەرکانی گشتی.
٣-سەرکردەکانی ناوچەکان.
دووەم: ئەندامە راوێژکارەکان
أ - هەر ئەفسەرێک کە ئەنجوومەن بریاری ئامادەبوونی بدا.
ب-دەسەڵات وئەرکەکانی ئەنجوومەن بە پێرەوێک دەسنیشان دەکرێن کە وەزارەت دەری دەکا.

٤-دادگای تەمیزی سەربازیە.

٥-وەزارەت بۆی هەیە دەستەیەکی کاتی لە کارمەندان وپسپۆڕانی کاروباری پێشمەرگەو سەربازیَ،بۆ دەسنیشانکردنی ژمارەی پێشمەرگەو یەکخستنیان پێک بێنیَ.

**ماددەی پێنجەم:**

سەرۆکایەتی دەستەی ئەرکانی گشتی نەخشەی جیَ بەجیَ کردنی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئەو ئەرکانە دادەنیَ کە لە ماددەی سێیەمی ئەم یاسایە دان.

**ماددەی شەشەم:**

وەزارەت بوودجەی گشتیی وەزارەت وئەو یەکە تەنزیمیانە ئامادە دەکا کەپێوەی بەستراونەتەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

قەوارەی رێکخستنی وەزارەت بە پێڕەوێکی تایبەتی ئامادە دەکریَ بە جۆرێک کە ئامانجەکانی بە دی بێنیَ وکاروباری پێشمەرگە لە رووی سەربازی وئیداریی ودارایی وهونەری یەوە بە رێوەببا.

**ماددەی هەشتەم:**

١-بەخشینی پلە(رتبە)ی هەمیشەیی وکاتی بەپێی یاسا رەچاوکراوەکان دەبیَ.

٢-وەزیر بۆی هەیە بەپێی پێویستی وحاجەت ولە سەر ئامۆژگاری لیژنەی پەیوەندار لە وەزارەتدا،ئەو عەسکەرییانە بگێرێتەوە کە بەهۆی کوردایەتییەوە لە خزمەت دابڕاوون.

**ماددەی نۆیەم:**

وەزیر بۆی هەیە هەندیَ لە دەسەڵاتەکانی بە بریکاری وەزارت یا سەرۆکەکانی دایەرەسەرەکییەکانی وەزارەت بسپێریَ.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە هەموو ئەو دەستانەی وەزارەتیان لیَ پێکدیَ و هەروەها دەزگاو تەشکیل و وەحدە بەستراوەکان بەوەزارەتەوەو هەموو ئەو کەسانەی لەچوار چێوەی وەزارەتدا بە عەسکەری و مەدەنییەوە ئەرکیان پیَ سپێردراوە دەگرێتەوە.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی پەسند کردنی وبڕیار لە سەردانییەوە لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە کاری پیَ دەکریَ.

**ماددەی دوازدەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی رەسمیدا بلاودەکرێتەوەو وەزیری پەیوەندار وگشت وەزارەتە پەیوەندارەکانی تر دەبێ جێبەجێی بکەن .

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە:

لە بەر پێویستیی یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان وپێویستیی هەرێمی کوردستان بەهێزێکی رێکوپێک بۆ پاراستنی ئاسایش وچەسپاندنی دەسەلاتی یاساتیایدا وبەرگری لێ کردنی بە خاک وگەلییەوە وچارەسەر کردنی دیاردەی چەکداری، هەروەها بۆ بایەخ پێدان و رێزلێنانی رۆلی قارەمانانە وخەباتگێرانەی هێزەکانی پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوولی سالی(١٩٦١)وە تاوەکو ئێستا ، ئەم یاسایە دەرکرا.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(٣٥)

دووشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/٩/٢٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣٥)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٨

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٨، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٣٥)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی ١٩٩٢ خۆی بەست. ئەوجا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.

بەرنامەی کار:

١ـ بڕیاردان لەسەر یاسای وەزارەتی پێشمەرگە پاش هەموارکردنی لەلایەن ئەنجومەن و دارشتنەوەی لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.

٢ـ بڕیاردان لەسەر یاسای پاراستنی بێگانەکان و، ئەوانەی لەگەڵیاندا کار ئەکەن پاش هەموارکردنی لەلایەن ئەنجومەن و دراشتنەوەی لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.

٣ـ بەرچاوخستنی ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری دەربارەی کێشەی وەکیلەکانی کەلوپەلی خۆراک لە کەلارو سلێمانی.

٤ـ تازەبابەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمڕۆ تا کاتژمێر یانزە کەم چارەک بەردەوام دەبین لەسەربەرنامەی کاری خۆمان، لەبەر ئەوەی لە کاتژمێر یانزە بەڕێز مام جلال دێت بۆ پەرلەمان ،دوای هاتنی بۆ ناو هۆڵەکە مەراسیمی پێشوازی کردنی دەست پێ دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆ بەردەوام دەبین. ئێستا هەردوو کوتلە، ئەگەر هەر شتێکیان هەیە بۆ خالی تازە بابەت با بفەرموون.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بۆ تازە بابەت دووخاڵم هەیە:

یەکەم: کڕینی گەنم لە کشتیارەکان.

دووەم: گفتوگۆ کردن لەسەر کێشەی کارەبا، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی فراکسیۆنی زەرد دەکەم کە ئەم خاڵانە بخرێتە بەرنامەی کاری ئەمڕۆوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئەم دوو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە.

یەکەم: مەسەلەی کڕینی گەنم، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بخرێتە بەرنامەی کاری ئەمڕۆوە، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەس. کەواتە بە تێکڕای دەنگ ئەم خاڵە چەسپێنرا.

دووەم: کێشەی کارەبا، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم خاڵە بخرێتە بەرنامەی کاری ئەمڕۆوە، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ ئەم خاڵەش چەسپا لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆماندا.

ئێستا دێینە سەر خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، کە بریتییە لەخوێندنەوەی یاسای پێشمەرگە دوای پێداچوونەوەی لەلایەن لیژنەی یاساوە، چونکە ئەم یاسایە هەفتەی پێشوو بڕیاری لەسەر درا، تەنیا بڕیاردان لەسەر دوا داڕشتنی ماوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**

**رقم القرار:**

**تاريخ القرار:**

استنادا الى احكام الفقرة /١ من المادة/ ٥٦ من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم /١ لسنة /١٩٩٢. قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ ١٩٩٢/٩/٢٣ اصدار القانون الآتي:

**قانون رقم (٥) لسنة ١٩٩٢**

**قانون وزارة البيشمه رگة**

**المادة الاولى:**

يقصد بالتعابير التالية المعاني المدرجة ازاءها

١- الوزارة : وزارة شؤون البيشمه ركة
٢- الوزير : وزير شؤون البيشمه ركة
٣- وكيل الوزارة : وكيل وزارة شؤون البيشمه ركة.
٤- الديوان : ديوان وزارة شؤون البيشمه ركة.
٥- المجلس : المجلس الاستشاري للوزارة.
٦- الاقليم : اقليم كوردستان العراق.

**المادة الثانية**

١- الوزير هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن توجيه اعمالها وممارسة الاشراف والرقابة على فعالياتها وتصدر عنه القرارات والاوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها من الناحية العسكرية والفنية والادارية والمالية والتنظيمية ضمن أحكام القوانين والانظمة والتعليمات النافذة. ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضوا متضامنا فيه.
٢- وكيل الوزارة يساعد الوزير في مهامه اعلاه ، حسب الصلاحيات المخولة له.

**المادة الثالثة:**

تتولى الوزارة المهام التالية:
١- مهمة الدفاع عن وحدة كوردستان العراق ارضا وشعبا من كل اعتداء اياً كان مصدره.
٢- تهدف الوزارة لتنفيذ واجباتها المحددة في الفقرة (١)اعلاه عن طريق :
أ - تحديد وتوحيد قوات البيشمه ركة
ب- تشكيل وحدات نظامية
ج- تدريبهم وتأهيلهم عليماً وعمليا بغية رفع مستواهم القتالي والثقافي بادخالهم في المراكز والمدارس والمؤسسات التدريبية والتعليمية.
د - وضع الخطط العسكرية اللازمة لتنفيذ مهام الوزارة.
هـ- تأمين جميع امور المتعلقة بـ( التسليح، التجهيز ، الاسكان ، تأمين الارزاق، الرواتب ،الامور الحسابية والامور الخدمية الاخرى).

**المادة الرابعة:**

تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:
**١- الديوان: يرأسه ضابط يتولى الاشراف على المكاتب التالية:**
أ - مكتب الوزير.

ب- مكتب وكيل الوزارة.
ج- مكتب المجلس الاستشاري للوزارة.

**٢- رئاسة هيئة الاركان العامة وتشمل :**

أ - دائرة رئيس هيئة الاركان العامة.
ب- دائرة معاوني رئيس هيئة الاركان العامة.
ج- الدوائر الاخرى المرتبطة برئاسة الاركان العامة.
د - قيادات المناطق.

٣- المجلس الاستشاري للوزارة.

أ- وهو مجلس استشاري له حق ابداء الرأي وتقديم المقترحات الى الوزير ضمن حدود هذا القانون .ويشكل هذا المجلس على الوجه الاتي:

اولا: الاعضاء الاصليون وهم :-

١- رئيس الاركان العامة.
٢- معاونو رئيس الاركان.
٣- قادة المناطق.

ثانيا: الاعضاء الاستشاريون : أي ضابط يقرر المجلس حضوره

ب- يحدد صلاحيات ومهام المجلس بنظام خاص تصدره الوزارة.

٤- محكمة التمييز العسكرية .

٥- هيئة توحيد قوات الـ(پيشمه رگه): للوزارة تشكيل هيئة مؤقتة من ذوي الخبرة والاختصاص في شؤون الـ(پيشمه رگه) والامور العسكرية للعمل على تحديد وتوحيد الـ(پيشمه رگه) .

**المادة الخامسة :**

تقوم رئاسة هيئة الاركان العامة بوضع الخطط التنفيذية اللازمة لتحقيق المهام الواردة في المادة الثالثة من هذا القانون.

**المادة السادسة:**

تقوم الوزارة باعداد الميزانية العامة للوزارة والوحدات التنظيمية المرتبطة بها.

**المادة السابعة:**

يتم اعداد الهيكل التنظيمي للوزارة بنظام خاص بما يحقق اهدافها وادارة شؤون الـ(پيشمه رگه) من النواحي العسكرية والادارية والمالية والفنية والقانونية.

**المادة الثامنة:**

١- يكون منح الرتب الدائمية والوقتية طبقاً للقوانين المرعية.
٢- للوزير اعادة العسكريين الذين هم خارج الخدمة لاسباب الكوردايه تي وفقاً لمتطلبات الضرورة وبناء على توصية من اللجنة المختصة في الوزارة.

المادة التاسعة:

للوزير تخويل بعض من صلاحياته لوكيل الوزارة أو لرؤساء الدوائر الرئيسية في الوزارة.

المادة العاشرة:

تسري احكام هذا القانون على جميع الهيئات التي تتألف منها الوزارة وكذلك المؤسسات والتشكيلات والوحدات المرتبطة بالوزارة وجميع الاشخاص المكلفين بالواجبات من العسكريين والمدنيين.

المادة الحادية عشرة:

يعتبر هذا القانون نافذا من تأريخ تصديقه واصداره من قبل المجلس الوطني الكوردستاني.

المادة الثانية عشرة:

ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية وعلى الوزير المختص والوزارات ذات العلاقة تنفيذ احكامه.

**جوهر نامق سالم**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

(الاسباب الموجبة)

نظراً لظروف توحيد فصائل البيشمه ركة كوردستان وحاجة اقليم كوردستان الى قوة منظمة لحماية الامن وترسيخ سلطة القانون فيه والدفاع عنه ارضاً وشعباً ومعالجة ظاهرة التسلح، وتثميناً وتقديراً للدور البطولي والنضالي لفصائل البيشمه ركة منذ ثورة ايلول سنة ١٩٦١ ولحد الان فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەک تێبینی هەیە لەلایەن وەزیری کاروباری پێشمەرگەوە دەربارەی مادە (٤) برگە (ب)، دەڵێ وشەی (نظام)دەبێ بکرێت بە(تعلیمات) بەم شێوەیە:

ب ـ تحدد صلاحيات ومهام المجلس بتعليمات خاصة تصدرها الوزارة.

تکایە لای خۆتان تێبینی ئەمە بکەن. هەروەها لە مادە (١١)دا هەڵەیەک هەیە کە دەڵێ: المادة الحاديةعشرة: يعتبر هذا القانون نافذا من تاريخ (اقراره) لە جیاتی ئەوەی بڵێ (تصديقه) من

قبل المجلس الوطني الكوردستاني.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەمادەی سێ بڕگە(ب)تشکیل وحدات نظامیة. دەبێ وشەی (منهم)ی لەگەڵدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز شێخ عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان لە کلێشە کۆنەکەدا وشەی(تشکیل) هەبوو، ئێمە لەسەر بڕیاری لیژنەی پێشمەرگە وداوای بەڕێز وەزیری پێشمەرگە وشەی(منهم)مان لابرد، چونکە وشەی(منهم) مانای وایە ئەم بڕگەیە تەنیا پێشمەرگە دەگەرێتەوەو، لەوانەیە لەدوا ڕۆژدا وزارەتی پێشمەرگە خەڵکی تر بێنێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینییەکم هەیە لەسەر مادە (٤) بڕگە (١):

١- الدیوان: یرأسة ضابط یتولی الاشراف علی المکاتب التالیة: لێرە وشەی (المدیریات) دیار نییە، بەڵام لەمسوەدەکاندا هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە وەکو خۆی ماوەتەوە، (الدیوان یرأسە ضابط یتولی الاشراف علی المکاتب والمدیریات التالیة): بەڵام ئەمانە هەموو (مکاتب ومدیریە)کان زنجیرەیان نییە. باشە ئەمەش چارە دەکەین، هیچ تێبینی تر هەیە؟.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(محکمة التمییزالعسکریة) لە مسوەدەدا لە خاڵی چوارەمە، بەڵام لەیاساکە پاش هەموار کردن لە خاڵی پێنجدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ ڕاستە گووتمان دەیگۆڕین.

**بەڕێزمەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە (الاسباب الموجبة) دا هەڵەیەک هەیە، (نظرا لضرورة توحید فصائل پیشمە رگة کوردستان) ئەمە لە دانیشتنی ڕابردوودا بەو شێوەیە چەسپا، بەڵام ئێستا کە دەقەکە خوێنرایەوە وانەبوو، سوپاس.

**بەڕێزیونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەمادە چوار بڕگە چوار کە ئێستا بووە بە بڕگە پێنج (هيئة توحيد قوات البيشمه رگة) بڕیاری لەسەر درابوو کە (هیئە) لابدرێ، چونکە (هیئە) دەکا هیئەتی کاتییە، هەر ئەوە دەمێنێ(للوزارة تشكيل هيئة مؤقتة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕیار وابوو لیژنەی یاسا ئەم تێبینییانە لای خۆیان تۆمار بکەن، بەڵام ئێستا دەبینم هەمووی وەکو خۆی هاتۆتەوە، لەڕاستیدا ئەمە کێشەیەکی پەیدا کردووە بۆ ئێمە.

**بەڕێز سەید حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو تێبینییانەی بەڕێز مەلا تاهیر دای، هەمووی باسکراوەو پەسند کراوە لە پەرلەمان، بەڵام وا دیارە ئەو ئاگاداری ئەم هەموارکردنانە نییە.

سەبارەت بەو بڕگەیە (الديوان: يرأسه ضابط يتولى الاشراف على المكاتب والمديريات التالية:) کاتێک یاساکە بڕیاری لەسەر درا هیچ مدیریاتەک نەبوو، ناشگونجێ ئێمە شتەک لەیاسادا دابڕێژین کە پەسەند نەکرابێ، هەروەها دەربارەی ئاڵوگۆڕ کردنی شوێنی (محكمه التمييز العسكريه) ئەمە لەسەر پێشنیار کردنی بەڕێز مولازم یونس بوو.

دەربارەی (الاسباب الموجبه) ئێوە گوتتان زۆر باشەو بڕیاری لەسەر درا. هەر لەمادەی چواردا بڕگە (٥) (هيئه توحيد قوات البيشمەرگه) ئەمە دوای گفتوگۆ کردن ڕەزامەندی لەسەر کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام لەکاتی گفتوگۆدا پێشنیارێک هەبوو کە وشەی (هیئە)هەڵبگیرێ و وشەی(توحيد) بمێنێ.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ پێشنیارێک هەبوو، بەڵام سەری نەگرت، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە وەڵامان دایەوە کە ئەمە بۆ ژماردنەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(هيئة توحيد قوات البيشمەرگة) بەو شێوەیە بوو (للوزارة تشكيل هيئة مؤقتة من ذوي الخبرة).

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە لیژنەی پێشمەرگەدا بەراپۆرتێکی ڕەسمی تێبینی خۆمان داوە لەسەر وشەی (هیئە) کە

ئەمە ببێتە دەزگایەکی چەسپاو، واتا ئێمە تەنیا ئەم دەسەڵاتەمان بەوەزارەتی پێشمەرگە داوە بۆ دروست کردنی ئەم هەیئەیە. ئەگەر بڕگەکە بەم شێوەیە بێت (هیئە توحید الپێشمەرگە)ئەمە واتای ئەوەیە دەبێ دامودەزگای هەبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتییە ئێمە ئەو دەسەڵاتەمان دا بەوەزارەت، چونکە بەباشمان نەزانی ئەم جۆرە هەیئە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(هیئة توحید الپیشمە رگة) ئەگەر بێ و بێتە ناو بابەتەکە نابێتە هیئەتەکی هەمیشەیی، چونکە لیژنەی کاتییەو تەنها بەمەستی سەرژمێری پێشمەرگە دانراوەو، لەکاتی تەواو بوونی ئەرکەکەی نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەرووی شێوەو دارشتنەوە لیژنەی یاسا لای باشترە بمێنێتەوە، بەڵام لیژنەی پێشمەرگە بەو هیوایە کە (هیئة توحید قوات الپیشمە رگة) بمێنێتەوە، (للوزارة تشکیل هیئة مؤقتة)، ئەگەر وابێت ئەم دوو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز فرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بە کاروباری وەزارەتەوە هەیەو، مادام وەزیر دەسەڵاتی پێ دراوە بۆ دروست کردنی ئەم هەیئەتە، ئیتر پێویست ناکات ئێمە ئەوەندە گفتوگۆی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناکۆکی لەسەر ئەوە نییە ئەمە هەیئەتە هەبێت، یان نەبێت، بەڵکو ناکۆکی لەسەر پێناسە کردنی ئەو هەیئەتەیە.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی پێشمەرگە لەگەڵ لیژنەی یاسا لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگەدا، پێشتر رێککەوتین لەسەر ئەم بڕگەیە، بەڵام نازانم ئێستا بۆچی گرفتی لەسەر پەیدا بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا زۆر کەس لەم هۆڵەدا دانیشتوون، بەڵام مافی دەنگدانیان نییە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم دەنگدانەکە داو بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم یاسایە دەبێ پەسەند بکرێ، چونکە هیچ گرفتێکی نییە تەنها دارشتنەکەی ماوە، بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئەگەر تێبینییەکی هەیە با بفەرمووێ.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ناونیشانەکە نەنووسرێت وهەر یەکسەر بڵێین «**للوزارة تشكيل هيئة مؤقتة**» و، لەخاڵی چوارەمدا بهێنیتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من هەر ئەوە بهێنیت باشترە کە وەزارەت بۆی هەیە ئەم(هەیئەیە) پێک بهێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا رای حکومەت و، رای پسپۆڕەکان دیارەو، دەڵێن گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە ناکەین، چونکە ئەم بابەتە بە تێرو تەسەلی گفتوگۆی لەسەر کراو، لیژنەی یاسای دایرشتووە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە رووی یاساییەوە، ئەگەر ئەم وشەیە لابدەین زۆرشت دەگۆڕێ، لەبەر ئەوە پێویست بە لادان و دەنگدان ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو تێبینیم هەیە، یەکەم :لیژنەی یاسا ئەگەر لەکاتی دارشتنی یاساکەدا شتێکیان گۆڕیبێ حەقی خۆمانە گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەڵام ئەگەر هیچی نەگۆڕیبێ ئەوا پێویست بە گفتوگۆ ناکات.

دووەم: داوا دەکەم لیژنەی یاسا لەمەودوا پرۆژەی یاساکان بەزمانی کوردی دابڕێژێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە مەسەلەی داڕشتنی یاساکان بە زمانی کوردی، ئێمە دوای ئەم دانیشتنە لەگەڵ لیژنەی رۆشنبیریدا کۆبوونەوەیەک دەکەین بۆ چارەسەر کردنی ئەم بابەتە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا بەکاری وەرگێڕان هەڵناستێت، بەڵکو ئێمە تەنیا یاساکان دادەڕێژین، سەبارەت بە یاسای پێشمەرگە، پرۆژەی ئەم یاسایە لە وەزارەتی پێشمەرگەوە بە عەرەبی ئاراستەی ئێمە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورن ئێستا ئەم بابەتە دوادەخەین.

بەناوی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە بەخێر هاتنی گەرمی بەڕێز مام جەلال دەکەین، خۆشحاڵین کە ئەمڕۆ تەشریفی هێناوە بۆ پەرلەمان و، لەگەڵ نوێنەری راستەقینەی خەڵکی کوردستان کۆ دەبێتەوە، هەر لێرەشەوە نوێترین هەواڵ وهەنگاو، دەستکەوتەکانی ئەو سەفەرە مێژووییەی کە لەگەڵ بەڕێز کاک مەسعودا بۆ ئەمریکاو ئەوروپاو چەند وڵاتێکی تر کردیان، بۆ خەڵکی خۆڕاگرو ستەمدیدەی کوردستان باس دەکات. لە راستیدا جەماوەری کوردستان زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی مزگێنی دەکەن، بەتایبەتی ئەوەی کە ببێتە مایەی بارسووکی ژیانی ئابووری و، دابین کردنی سووتەمەنی و رووناک کردنەوەی ئاسۆی کێشەکەمان لەرووی سیاسییەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە هەندێک لە ئەنجامی ئەو سەفەرە پیادەکراوەو پیادەش دەکرێ و هەموو بەڵێنەکانی تریش بەو دوو بەڕێزە دراون جێبەجێ دەکرێ، وەکو دیاری کردنی هێڵی(٣٢)و، بەڵێن دان بەئازاد کردنی هەندێک لەو پارە بلۆک کراوەی عێراقی کە لە دەرەوەیە، هەروەهاپشتگیری کردن لە مەسەلەی دیموکراتییەت وکێشەی کورد.

یەکێک لەو بەڵێنانەی کە ئەنجام دراوە کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقییە لە کورستانی ئازاددا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر باری سیاسی، دوێنێ شەو خۆش بەختانە بەیانی کۆتایی ئەم کۆبوونەوانە راگەیەندرا. بەڵام ئێمە لەپەرلەمانی کوردستاندا رەخنەیەکمان هەیە لەئۆپۆزسیۆنی عێراقی کە دەبوایە زیاتر بەراشکاوی ئەم ئەزموونەی ئێمەیان بچەسپاندایە لە بەیانەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە سوپاسی ئەو هەڵوێستەیان دەکەین بەرامبەر ئەم تاقیکردنەوە دیموکراتییە.

ئێستاش کات بۆ بەڕێز مام جەلال تەرخان دەکەین بۆ ئەوەی بە درێژی باسی ئەنجامی سەردانەکەیان بکات، هەروەها بەخێرهاتنی بەڕێز نەوشیروانیش دەکەین.

**بەڕێز جەلال تاڵەبانی:**

**برای خۆشەویست سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان**
**برای خۆشەویست جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان**
**خوشکان و برایانی خۆشەویست**

لە پێشەوە زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو لوتفەی کە لەگەڵ ئێمەتان کردو ماوەتان دام لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دا ئەوەی پێویستە کە لەم ساتە ناسکەدا بۆتان باس بکەم.

بێگومان ئەهمیەتی مێژووینی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کە یەکەمین ڕووداوی لەو بابەتەی خۆیەتی لە مێژووی خەڵکی کوردستاندا، وا لە مرۆڤ دەکا، کە دەبێت لەبەرامبەر ئەو ئەنجوومەنەدا دڵ و مێشکی خۆی بکاتەوەو شتە ڕاستەکانیان پێشکەش بکات و ئەگەر ڕازو پێشنیارو بۆچوونێکی هەبێ پێیان ڕابگەیەنێت.

لەو ڕوانگەیەوە هیوادارم ماوەی ئەوەم بدەن نەک هەر ئەوەی ئێوە بەلاتانەوە گرنگە بۆتان باس بکەم ئەنجامی کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و ئەنجامی ئەو سەفەرەیە کە لەگەڵ برای خۆشەویستمان کاک مەسعود بارزانی لە دەرەوەی وڵات لە ئەمریکاو ئەوروپاو تورکیا پێکەوە کردمان، بەڵکو ئەوەی بەلای منیشەوە گرنگە پێشکەشتان بکەم و پێتان ڕابگەیەنم.

با لە شتە نوێ و تازەکانەوە دەست پێ بکەین، کە کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقییە، پێم وایە خۆتان باش دەزانن کە زۆر دەمێکە هێزەکانی موعارەزەی عێراقی پچڕ پچڕ بوون و بەسەر چەندین ڕێکخراوی جیادا دابەش بووبوون، پێشتر بۆ یەکخستنی ئەم هێزانە زۆر هەوڵ دراوە کە بەهەموویانەوە دژایەتی حوکمی دیکتاتۆری بەغدا دەکەن، چەندین دەوڵەت هەوڵی داوەو پارەی زۆری تیا سەرف کردووە، بەڵام ئەنجامی نەبووە.

ئەو هەوڵەی کەوا بە دەس پێشکەری برای خۆشەویستمان کاک مەسعودو بە هاوکاری بەندەی دڵسۆزتان و سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی درا ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە هەموو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بۆ یەکەمجار لەسەر خاکی نیشتمان کۆکرانەوەو ڕێکخران و یەکخران و گەیشتنە سەریەک ڕێبازو یەک ئامانج و یەک ڕێکخراوی تایبەتی بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، ئەمە خۆی لە خۆیدا کارێکی گرنگەو گرنگییەکی تایبەتی هەیە، نەک لەبەر ئەوەی کە شەرەفی یەکخستنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەر کورد کەوتووەو بە کورد بڕاوە، بەڵکو لەبەر ئەهمیەتی ئەو یەکخستنەش کەوا بۆ یەکەم جارە هەموو ئەو هێزانە لەسەر یەک بەرنامە کۆدەکرێنەوەو لەناو یەک قەوارەی یەکگرتوودا ئەویش بەناوی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی یەکگرتوو.

ئەم دەسکەوتە ئەهمیەتێکی تری هەیە، کە ئەو درۆو دەلەسەو بوختان و تۆمەتانەی ناحەزان دەیانویست بە پاڵ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان و بەرەی

کوردستانی بدەن بەتەواوی بەدرۆ خرایەوە، کە گوایە ئێمە ئەو کارانەی کردوومانە ماف ڕەوای خۆمان نەبووە، بەڵکو کارێک بووە دژی عەرەب و بۆ پارچە پارچە کردن و هەڵتەکاندنەوەی عێراق بووە. بەم کردەوەیە... بەم هەنگاوە کورد ئیسپاتی دەکات کە یەکخەری هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقییە، یەکخەری هێزەکانی گەلی عێراقە، دەیەوێت یەکێتییەکی ڕاستەقینەی عێراقی لەسەر بناغەی یەکێتی و برایەتی ڕاستەقینەو مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەردوو گەلی برا... گەلی کوردو عەرەب دابین بکات، و لەمەشدا ڕاستی و ڕەوایی هەنگاوەکانی خەڵکی کوردستان باشتر بۆ دنیاو بۆ گەلی عەرەب و گەلانی دراوسێ روون دەبێتەوە.
گرنگییەکی تری ئەم یەکخستنە ئەوەیە لە کاتێکدا دەکرێت، کە عێراق ڕووبەڕووی گەلێک مەسەلەی گرنگ دەبێتەوە، لەسەرێکەوە حوکمی دیکتاتۆری هەر درێژەی هەیەو لە سەرێکی ترەوە کۆمەڵانی خەڵکی عێراق لە هەموو لایەکەوە درێژە دەدەن بەناڕەزایی و بەخەباتی خۆیان، دەنگوباسەکانی خوارووی عێراق وا ڕادەگەیەنن کە دووچاری هێرش و پەلاماری دڕندانە بوونەتەوە بە هەمان ڕەوشتی دڕندانە کە لەگەڵ خەڵکی کوردستان بەکار دەهات، ئا لەم کاتەدا کە عێراق لەسەر لێواری گۆڕانێکی مێژوویی گەورەیە یەکخستنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەدەس پێشکەری خەڵکی کوردستان ئەهمیەتێکی مێژوویی تایبەتی دەبێت، کە هەم بۆ دوا ڕۆژی عێراق هەم بۆ دوا ڕۆژی برایەتی و یەکێتی تێکۆشانی کوردو عەرەب کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە.
دیارە ئەنجامی کۆبوونەوەکانتان بیستووەو گوێتان لەبەلاغی کۆتایی بووەو شتێکتان هەڵێنجاوە، ڕەنگە یەک دوو شت پێویست بکات کە بۆتان روون بکەینەوە، یەکێکیان ئەو ڕەخنەیە کە برای خۆشەویستمان سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی گرت و ڕەخنەیەکی ڕەوایەو دووەمیشیان مەسەلەی فیدراڵیەتە لە عێراق دا.
ئەوەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان باسی کرد وە نەبێت لەوێ باس نەکرابێ، بەڵام بەڕاستی ئەو برادەرانە گوتیان ئێمە دووجار باسی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانمان کردووە، یەکیان لە کۆبوونەوەکەی ڤیەنناو یەکێکیان لەم بڕیارەی کە ناوی هاتووە کە دەڵێ: هەڵبژاردنێکی دیموکراتی لە کوردستان دا کراوەو هەموو ئەو دامەزراوانەی کە لەو هەڵبژاردنەدا هاتوونەتە دی واتە پەرلەمان و حکومەت شایانی تەقدیرو پشتیوانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقین، بەڵام دیسان پێویستە ئەمە لە کۆبوونەوەی داهاتوودا بایەخی باشتری بدرێتێ و زیاتر روون بکرێتەوە.
مەسەلەی فیدراڵیش، خۆتان دەزانن تا ساڵی ڕابوردوو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کە باسی ماف و جۆری چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردیان دەکرد، دەهاتنە سەر ئەوەی کە کوردو عەرەب برانەو هەموومان موسوڵمانین و دەیان ساڵە پێکەوە دەژین و هەر دوولا زوڵممان لێکراوەو دوای

رزگاربوون لە حوکمی دیکتاتۆر مافی هەردوو لامان دابین دەکرێت.
پاش خەباتێکی زۆر هێنرانە سەر ئەوەی کە ئەوەی بەیانی ئاداری ١٩٧٠ قبوڵ بکەن و دان بە ئۆتۆنۆمی دابنێن، لە کۆنگرەی ڤیەننا هەنگاوێکی تر چووە پێش، ئەمیش مافی چارەی خۆنووسین بووە، بۆ خەڵکی کوردستان و بێ جیا بوونەوەو لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکرات بە جۆرێک کە ببێتە هۆی بەهێزکردنی یەکێتی عێراقی لەم کۆبوونەوەی دواییدا هەنگاوێکی تر چوونە پێش ئەمیش سەلماندنی مافی چارەی خۆنووسینە لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی یەکگرتوودا، ئەو کۆت و بەندانەی پاشبەندو پێشبەندی مافەکەی پێکرابوو یەک دووانێکیان لاچوون، بەڵام پێویستە ئێمە ئەو راستییە بزانین کە بەیەک هەنگاوو لەیەک کات و سات دا ناتوانین هەموو ئەوەی کە خۆمان بەرەوای دەزانین بە هەموو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، بیروڕا جیاجیاکانی بسەلمێنین، ئەمە کات و سات و خەباتی دەوێ، ئەوەی کە راستەو پێویستە پێتان بڵێم و بەلای منەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، هەم کاک مەسعودو هەم بەندەی موخلیستان زۆر بەسەربەستی بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقمان راگەیاند کە دوا ڕۆژی کوردستانی عێراق، پەرلەمانی خەڵکی کوردستانی عێراق بڕیاری لەسەر دەدات، ئەو شتەی کە ئێوە دەربارەی فیدراڵی لەم ئەنجوومەنەدا بڕیاری لەسەر دەدەن ئێمە ئەوە بە کۆبوونەوەی داهاتووی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی رادەگەیەنین، ئەگەر ئەو شتە قبوڵ نەکرێ ئەوا ئێمە گوێ رایەڵی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەبین.
ئەم راستییە زۆر بەرەقی و بەزەقی لەلایەن برای خۆشەویستمان کاک مەسعود بارزانی بە هەموو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی راگەیەندرا، واتە ئێمە ئەو راستییە دەسەلمێنین، یاخود بۆتان دووپات دەکەینەوە کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ئەرک و ئۆباڵی دوا ڕۆژی خەڵکی کوردستان و دوا ڕۆژی پەیوەندیی نێوان کوردستان و حکومەتی مەرکەزی عێراقتان لە ئەستۆدایە، پێویستە خۆتان بەوپەڕی سەربەستییەوە ئەو کارانە ئەنجام بدەن، هیچ هۆیەک نەماوە بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەوری مێژوویی خۆی جێبەجێ نەکات، بە تایبەتی دوای ئەو ڕێککەوتنە هەتاسەرو یەکجارەکی و ستراتیژییەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە لەلایەن برای خۆشەویستمان کاک مەسعود و بەندەی موخلیستانەوە مۆرکرا.
ئیتر زەمانی ئەوە هاتووە دەستتان واڵابێت، ئەو ئەرکەی لە ئەستۆتان دایەو وەکو گەلەکەمان لێتان رەچاو دەکات جێبەجێی بکەن، خۆتان دەزانن ئێوە یەکەمین ئەنجوومەنی نیشتمانین لە مێژووی کوردستاندا، کە بە شێوەیەکی دیموکراتی ئەوتۆ هەڵبژێردراون کە پتر لە (٢٠٠) چاودێری بێگانە لە کوردستان بوونەو چوونەتەوە بە دنیایان راگەیاندووە گەواهی ئەوەیان داوە کە هەڵبژاردنێکی بێ وێنە بووە خەڵک لەو حەماسە سەری سوڕمابوو، لەو حەماسەی کۆمەڵانی

خەڵکی کوردستان لە دەنگدان نواندیان، خەڵک سەری سوڕما لەوەی کە چۆن توانیمان بێ شەڕو شۆڕ بێ خوێن رشتن بێ پێکداهاتن و بەهەبوونی دەیان گروپی چەکدار ئەم هەڵبژاردنە ئەنجام بدەین و بۆ گەلانی دنیا بسەلمێنین کە ئێمە وەهاین بڕوا بکەن لە نێوان نەخشەکێشانی سیاسەتی ئەمریکاو ئینگلیزو فەرەنسا چەندین گرەو کراوە لەسەر ئەوەی، گەلۆ دەبێ کورد بتوانێ هەڵبژاردن بکات یان نا ، ئەگەر هەڵبژاردنی کرد دەتوانێ بە هێمنی بیباتەسەر، دەتوانێ هاوکاری و هاوخەباتی و تەبایی بکات؟ لە ئەنجامدا، ئەو کەسانە بردیانەوە کەوا وتیان بەڵێ کورد دەتوانێ هەڵبژاردن بکات و دەتوانێ پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران دابنێ.
سەرۆکی فەرەنسا مسیۆ فرانسوا میتران کە دۆستێکی دێرینی خەڵکی کوردستانە پێی وتین:
**«پێم خۆشە هەمیشە ئاوا پێکەوە بتان بینم، هەمیشە یەکێتی ریزەکانتان بەو شێوەیە خۆی بنوێنێ، ئەمە مایەی سەرکەوتنتانە هەم لە وڵاتی خۆتان هەم لە دەرەوەدا»** .
جا کەواتە ئێستا ئێمە توانیمان بە دنیای رابگەیەنین کە مافی چارەی خۆنووسین بە شێوەی هەڵبژاردن، بە شێوەی دانانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی مسۆگەر بکەین لە چوارچێوەی عێراقێکی دیوکراتی سەربەخۆدا، ژیانی خۆمان درێژە پێ دەدەین، واتە بە دنیامان سەلماند کە ئێمە دەتوانین کاروباری خۆمان بەڕێوەبەرین.
پێویستە لەم راستییە کەڵکێکی گەورە وەربگرین بۆ ئەنجامدانی کارەکانمان، رۆژی ئەوە هاتووە پەرلەمانی کوردستان لەکارەکانیدا، لەدانانی دەستوری هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی پەلە بکات با لە پێشەوە داوای برای خۆشەویستمان کاک جوهر بە دی بێنم و باسی سەفەرەکەمان لە رووی دیتنی خۆمەوە باس بکەم، بێگومان ئەو شتانەی کە برای خۆشەویستمان کاک مەسعود بۆی باس کردوون هەمان ئەو شتانەن کە لەمێشکی بەندەدا هەن، بەڵام رەنگە من بە رستەی جیا پێشکەشتان بکەمەوە.
دیارە من دەمەوێ (انطباعات)ی خۆمتان پێ بڵێم، سەرەتا شتە گشتییەکان دوایی شتە تایبەتییەکانتان عەرز دەکەم، بە گشتی دنیا زۆری پێخۆش بوو کە کورد یەکەو ئەمە حورمەتێکی زۆری بۆ پەیدا کردین، باوەڕیان نەدەکرد، ئێمە وا یەک بین، وایان دەزانی بە رواڵەت هاریکاریمان بەدی هێناوە، بەڵام کە لەگەڵمان دانیشتن و گوێیان لێ گرتین و کەوتینە موناقەشەو هەر شتێکی کاک مەسعود دەیفەرموو من پشتیوانیم لێ دەکردو هەر شتێکی من دەمووت کاک مەسعود دەیووت رەئی منیشە... لەمە سەریان سوڕمابوو بەتایبەتی لە کێشە گەورە گەورەو گرنگ گرنگ و جیاجیاو دژوارەکاندا، کە ئەو دیدو بۆچوونانەیان دەدیت بەراستی سەریان سوڕ دەما، یەکێکی لە گوتەکانی کە لە پشتی پەردەوە بیستمانەوە گوتیان سەرۆکی ئەمریکا جورج بۆش گوتوویەتی نەدەمزانی کورد وایەکن و نە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش

داخوازیەکانیان وا ریکوپێکە، بۆیە دەتوانم بڵێم گەورەترین و پیرۆزترین دەسکەوتمان لەو سەفەرەدا ئەو یەکێتی و هاوتەباییە بوو کە لە پرۆتۆکۆلی هاوکاری هەتاسەردا خۆی نواندووە، ئەمەیان گەورەترین سەرکەوتن و کارێکی پیرۆزە کە بەدیهاتووە.

ئەم یەکێتی و تەباییەی نێوان پ.د.ک و ی.ن.ک دەبێ رەنگ بداتەوە لەهەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکی کوردستان، لە پەرلەمان دا... لە حکومەت دا... لە خەباتی ناو بەرەی کوردستانی دا... لەناو هەموو توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا... لە یەکخستنی هێزی پێشمەرگەدا... لە یەکخستنی دامودەزگاکانی دەوڵەت دا... لە هەموو کارەکانی سەرشانمان بەتایبەتی لەم قۆناغە گرنگەی کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پێیدا دەڕۆن.

دووەم دەسکەوت ئەوەیە کە مەسەلەی کورد چیتر مەسەلەی یارمەتی مرۆیی و بەزەیی پێدا هاتنەوە نییە، بەڵکو بۆتە مەسەلەیەکی سیاسیی و چارەیەکی رەوای گەرەکەو ناکرێت چیتر پشت گوێ بخرێت.

نەک هەر مەسەلەی کوردی عێراق هاتۆتە کایەوە، بەڵکو مەسەلەی نەتەوەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان بە شێوەو جۆری جیا جیا هاتۆتە کایەوە، بۆ مەسەلەی کوردستانی عێراق بەراستی گیروگرفتێکی ئەوتۆ نەماوە، هەموو کەسێک دەزانێ چ زوڵم و کوشت و کوشتارێک لە خەڵکی کوردستان کراوەو رێگا نەدرێت جارێکی تر دووبارە بکرێتەوە، هەر لە سەرەک وەزیرانی تورکیا سلێمان بەگ دیمیریلەوە بگرە، تا سەرۆک کۆماری فەرەنسا هەموو ئەو راستییە دووپات دەکەنەوە کە نابێت هەڵەبجەیەکی تر... ئەنفالێکی تر... راونانێکی تر بەسەر خەڵکی کوردستانی عێراقدا بێتەوە، ئەمەیان بووەتە هۆی ئەوەی کە پشتیوانی بکەن لە دۆزینەوەی چارەیەک بۆ ئەو مەسەلەیە، چارەکەش بە مافی چارەی خۆنووسینە لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسی یەکگرتوودا.

ئەو چارەیەی کە بۆ مەسەلەی کورد لە کۆنگرەی ڤیەننا سەلمێندراوە، جیمس بیکەر بەشتێکی نایابی وەسف کرد واتە (ئێکسلەنت)ی بەکار هێناو وتی زۆر زیرەکانەو وەستایانە دارێژراوە، لە بەرامبەر وەفدی عێراقی وتی؛ ئەوە سێ ساڵ و نیوە من وەزیری دەرەوەی ئەمریکام و زۆر رووداوی گەورە لە دونیا روویداوە، دیواری بەرلین رووخاوە، ئیمپراتۆریەتی روسی رووخاوەو بە (اصطلاح)ی خۆی شیوعیەت شکاوەو بەزیوەو مەسەلەی ئەفغانستان و ئەثیوبیاو یوگسلاڤیاو کۆکردنەوەی جوولەکەو عەرەب پێکەوە بۆ ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا... هیچ کامیان ناگاتە ئەو (مأساة)ی کە بەسەر کورددا هاتوو، بە چاوی خۆم لە نزیکی زاخۆ کوردە ئاوارەکانم بینی هیچ یەکێکیان بەقەدەر ئەوە منی نەهەژاندووەو کاری تێ نەکردووم کار گەیشتۆتە ئەوە، مەسەلەی کورد چیتر ئەوە نییە بە فسکەفسک و لەگەڵ دوو مەئمووری دەزگا تایبەتییەکان

قسەی لەسەر بکرێت، بۆتە مەسەلەیەکی گشتی، رۆژنامەکان... رادیۆکان... تەلەفزیۆنەکان... حزبەکان، پەرلەمانەکان... حکومەتەکان... گەلان قسەی لەسەر دەکەن.

لە هەموو ئەو مەیدانانەش دا خۆشبەختانە دۆست و پشتیوانێکی گەلێک زۆرمان هەیە، بۆ نموونە: لە بەریتانیا چی حزبی موحافیزەکان هاتباسەر کار چ حزبی کرێکار هەردووکیان لایەنگیری کورد بوون، ئێستاش لە ئەمریکا هەردووکیان وەکو یەکن، بۆش سەرکەوێت هەمان هەڵوێستی هەیە، دیموکراتەکان بێن رەنگە باشتر هەڵوێست بنوێنن.

ترسی ئەوەمان نەماوە گەمەمان پێ بکرێت و جارێکی تر دەستیمان پێ بکرێت، بە دڵنیاییەوە پێتان رادەگەیەنم، کە مەسەلەی کورد گەیشتۆتە ئاستێک چیتر دونیا پشت گوێی ناخات، هەموویان بەلای کەمەوە لەسەر ئەوە کۆکن کە میللەتی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسی دا فیدرالیزم هەڵبژێرێ.

ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە ساڵێک لەمەو بەر ئەمریکییەکان دەیان وت مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی ئینسانییەو بە چاوی یارمەتییەوە سەیریان دەکردو کە چی ئێستا دەڵێن: مەسەلەیەکی سیاسییەو باسی مافی چارەی خۆنووسین دەکەن و بۆ یەکەم جار یەکێک بەناوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەئاستی سەفیر دێڤید ماک رایگەیاند کە حکومەتی ئەمەریکا ئامادەیە وەکو بەشێکی فیدراڵی لە عێراق لەگەڵ پەرلەمان و حکومەتی کوردستان مامەڵە بکات، ئەمە خۆی لە خۆی دا هەنگاوێکی ترە لەبەرەوپێش چوونی کێشەی کورد، دەسکەوتێکی تری مەسەلەی لاچوونی دیکتاتۆریەت و هاتنی، حکومەتێکی دیموکراتی کە کوردو عەرەب و سونەو شیعەش لە بڕیاردانی مەرکەزدا رەئی یان هەبێت.

مەسەلەی پاراستنی خەڵکی کوردستان هەموو بۆیان دووپات کردینەوە کە دەبێ (ضمان)ێک هەبێت و تەنانەت مسیۆ میتران لەمە زیاتر رۆیشت و وتی: (دوای پێکهاتنتان لەگەڵ حکومەتی دوای سەدام و دوای ئەوەی مافی فیدراڵی وەردەگن ئەمەش پێویستە بە (ضمان)ی دەولی بێت و حکومەتی داهاتووی عێراق لێیان پەشیمان نابێتەوە).

مەسەلەکەمان زۆر چووەتە پێش، ئەو یارمەتییە ئینسانییەی کە باسیشی دەکەن بڕیاریان لەسەر داوەو لەم رۆژانەی رابوردوودا سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان د.بوترس غالی میزانیەیەکی (٨٢) ملیۆن دۆلاری ئیمزا کردووە بۆ یارمەتی خەڵکی کوردستان پێش هاتنی زستان، هەفتەی رابردوو کۆنگرێسی ئەمریکی (٤٠) ملیۆن دۆلاری خستۆتە سەر ئەو یارمەتییەی کە بۆ کوردستان دانراوەو بەمەرجێک لە رێگای وەزارەتی بەرگری ئەمریکییەوە یەکسەر بگاتە کوردو، نەک لە رێگای دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان تا هەندێک لەوانە هەڵی نەلوشن، جگە لەمە خۆتان گوێتان لێ بووە ئیگل بێرگر بە ئاشکرا گوتی: **«ئەگەر عێراق بەم زووانە نەوت و بەنزین نەداتِ بە**

**خەڵکی کوردستان، دەبێت ئەنجوومەنی ئاسایش بە بڕیارێک ئەم مەسەلەیەش حەل بکات»**،
د.بوترس غالی بە ئاشکرایی بە وەزیری دەرەوەی عێراقی وتووە کە بەزووترین کات دەبێت ئەم ئابڵووقەیە لەسەر سووتەمەنی هەڵبگیرێت ئەگینا ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیارێکی تریان بەسەردا دەسەپێنێ، بۆیە رژێمی عێراق تا سەر ناتوانێ لەم مەسەلەیە لاساری بکات ئەگینا هاوپەیمانان لەلای ترەوە ئەم مەسەلەیەمان بۆ چارە دەکەن.
ئێمە بەڵێنمان وەرگرتووە بەڵێنەکەش درۆ نییە پێش ئەم زستانە مەسەلەکە حەل دەکەن.
مەسەلەیەکی تر هەیە گرنگی پێ دەدرێت ئەمەیش ئەوەی هەموو کەس ئەمڕۆ دەورو ئەهمیەتی جوڵانەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دەزانێ دەزانن ئەم تاقیکردنەوە دیموکراتییە لە رۆژهەڵات دا چەند کاریگەر دەبێت لە چەسپاندنی ئەوەی کە پێی دەوترێ نیزامی دەولی نوێ، ئەم نیزامە یەکێک لە کۆڵەگەکانی دیموکراسییەت و مافی مرۆڤە کە هەڵبژاردنی ئێمەش لە دنیا وەکو نموونەیەک کە گەلی عێراق و گەلانی رۆژهەڵاتیش لەسایەی تاقیکردنەوەی خەڵکی کوردستان دەتوانن بە مافی دیموکراسی خۆیان شاد بن و بیکەنە شتێکی زیندووی ئەوتۆی کەتۆمەو تانەی نێتە سەر، ئەمەش هەم سەرکەوتنە بۆ دیموکراسی، هەم سەرکەوتنە بۆ دەوری جوڵانەوەی پەرلەمان و خەڵکی کوردستان. ئێستا دنیا دەزانێ جوڵانەوەی خەڵکی کوردستان، جوڵانەوەیەکی دیموکراتی بەرەو پێشەوە چووی هاوچەرخی ئەو تۆیە کە لەگەڵ نیزامی دەولی نوێ دەگونجێ و دەتوانێ داهێنەری دیموکراسی بێ لەناوچەیەکی گرنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، ئەمەیان خاڵێکی زۆر گرنگە.
زۆ جار ئێمە مەسەلەکەمان دۆڕاوە، چونکە بێگانەکان دژی ئێمە وەستاون، ئێستا نەک لە دژمان ناوەستن، بەڵکو هاریکارمان دەکەن بۆ بە دیهێنانی ئامانجەکانمان، ئێمە جاران لەگەڵ نیزامە دەولیەکان نەدەگونجاین کە ئەمە راست نەبوو، ئەمجارەیان خواوراستان و هیمەتی تێکۆشەران و پێشمەرگە قارەمانەکان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، وەزعێکی ئەوتۆ هاتەکایەوە کە مەسەلەی رەوای خەڵکی کوردستان لە ناو نیزامی دەولی نوێ دا دەگونجێ و جێی دەبێتەوە.
ئێستا دنیا ئەو راستییە دەزانێ کە کورد میللەتێکی زۆر لێکراوەو لەناو ناچێت و دەبێ چارەیەک بۆ کێشە رەواکەی بدۆزرێتەوە، ئەگینا ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگیر نابێت.
کەواتە ئەم راستییەو مەسەلەی فیدراڵی لەلایەن حکومەتە گەورەکانی دنیا سەلمێندراوە، دەتوانم بە خۆشیەوە پێتان رابگەیەنم لە کۆبوونەوەی ئەم دواییەی سۆسیالیست ئینتەرناشنال کە چەندین حزبی کاریگەری تێدایە دیسان ئەو مافە رەوایە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان سەلمێندرا، دەقی ئەو پرۆژەیە پەسند کرا کە وەفدی یەکێتی و پارتی پێشکەشیان کرد، بە بێ گۆڕینی یەک پیت و یەک وشە، تەنانەت وەفدی سۆسیال دیموکراتەکانی تورکیاش کە لەسەر

هەندێک پارچەکانی تری کوردستان گلەییان هەبوو، دەقی نووسینی ئێمەیان قبوڵ کرد، ئەمیش موبارەک بایی کردنە لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان و گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسی مافی فیدراڵی هەبێت، ئەمەش یەکێک بوو لە دەسکەوتەکانی سەفەری ئەم دواییە.

ئێستا دەتوانین بڵێین وەزعێکی دەولی لەبارمان هەیە کە تیایدا دەتوانین خەبات بکەین، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە خۆمان پاڵ بدەینەوەو واتێ بگەین خەڵک کارمان بۆ ئەنجام دەدات، بە پێچەوانەوە دەبێ ئێمە چاکترو بە پەلەترو ژیرانەترو گورج و گۆڵتر بین و لەو تەبایی و یەکێتییە کەڵک وەربگرین.

ئەمە ئەرکەکانمان قورستر دەکات باری سەرکردایەتیی سیاسیی و پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان قورستر دەکات، بۆیە پێویستە بە تەواوی ئەرکی خۆمان جێبەجێ بکەین.

یەکێک لە دەسکەوتەکانی تر ئەوەیە کە دنیا ئامادەیە لەگەڵ پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران دانووسان و مامەڵە بکات، ئەوان ئامادەن داوەتتان بکەن و ئێوەش داوەتیان بکەن، ئەم کۆبوونەوەیە بە هەلێکی لە بار دەزانم تا پێشنیار بکەم نامە بۆ پەرلەمانەکانی ئیقلیمەکانی وڵاتانی فیدراڵ لە ئەمریکاو ئەوروپاو، ئینجا بۆ پەرلەمانی ئەوروپی بنووسن، وەفدی ئێوە بچێت و وەفدی ئەوان بێت لە زۆر لاوە وەلامی باش و ئیجابی وەردەگرن، ئەمە هەنگاوێکی باشە بەرەو بەرەسمی ناسینی پەرلەمان هەروەکو لە سوسیالیست ئینتەرناشناڵ ئەو بڕیارە وەرگیراوە، هەموو کەس ئێوە بە پەرلەمانێکی شەرعی و راستەقینە دەزانێ کە بەشێوەیەکی دیموکراتی هەڵبژێردراون، هەروەها ئیمکانیات بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانیش هەیە کە ئەنجوومەنی وەزیرانی ئیقلیمەکان و وڵاتانی فیدراڵ داوەت بکات وەکو ئەڵمانیای فیدراڵ و کەنەدا کە دەسەکەوتی باشی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی تێدا دەبێت، ئەمەش نەک هەر لەرووی سیاسییەوە، بەڵکو لە رووی ئابووری و داراییشەوە.

ئەهمیەتی پەرلەمانی کوردستان لە هەموو لایەکدا زیاترو باشتر خۆی دەنوێنێ، تەنانەت لە پەیوەندیەکانی دەرەوەشدا، لە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت و پەرلەمانەکانیشدا، ئێوە خۆتان لەناو ئەنجوومەن و کارەکاندا وەک ئەو یاریزانانەن کە لەگۆڕەپاندا یاری دەکەن، مەشاعیرو هەست و پێزانینی ئەو کەسانەی کە تەماشایان دەکەن هەستی پێ دەکەن، ئێوە پەرلەمانێکن گەلانی دنیا بە شەرعیتان دەزانێ و بە ئارەزووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەڵبژێراون، لەبەر ئەوە ئەرکی داڕشتن و بناغەو بنیاتنانی کیانی فیدراڵی خەڵکی کوردستان لە ئەستۆی ئێوە دایە.

بەناوی برای خۆشەویستمان کاک مەسعود بەناوی بەندەی موخلیستانەوە پێتان دەڵێم کە ئێوە

ئازادن و دەستتان کراوەیەو ئێمە نەک هەر ڕێگر نابین، بەڵکو پشتیوان و هاریکارتانین، ئەگەر لەمەو پێش کۆسپێکتان لەبەردەم بووبێ لەمەودوا نامێنێ، ئێمە بێ ئێوە هیچ شتێکی (مصیری) نە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی نە لەگەڵ دەرەوە ئیمزا ناکەین، ئەمجارە بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیمان گوت، کە ئێمە لەسەر مەسەلەی فیدراڵ چاوەڕوانی بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانین.

ئیتر هیوادارم ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان وەکو ئەنجوومەنی راستەقینەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لەمەو دوا کاری ئەنجام بدات و بە جێی بگەیەنێ.

گرنگترین ئەو شتانەی کە ئێستا پێویستە بیری لێ بکەنەوە، یەکەمیان دارشتنی بناغەی ڕێژیمی کوردەواری نوێیە لە رووی دەستوورو قانون و رێژیمی سیاسیی و ئابووری و رۆشنبیری و پەیوەندییەکانی دەرەوەو پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیە، بۆ نموونە؛ کە وتتان رێژێم لە کوردستانی عێراق دیموکراسییەو سەرچاوەی دەسەلات و کۆمەلانی خەڵکن ئەو سەرچاوەو جۆرو سروشتی وەزعی حوکمی خەڵکی کوردستانتان دارشت، هەروەها ئەوە یاسایانەی کە دەری دەکەن لەسەر کشتوکاڵ و پیشەسازی و خوێندەواری رۆشنبیری و پەیوەندیەکانی دەرەوە ئەوا لایەنە جیاجیاکانی خەڵکی کوردستان تەحدید دەکەن، کەواتە ئێوە دارێژەری بناغەی کوردەواری نوێن، من کوردەواری بە مەعنای (مجتمع)ی کوردی بە کار دێنم.

ئەرکی دووەمتان: بەلای منەوە هەڵتەکاندنەوەی یاساو بڕیارەکانی حکومەتی داگیرکەری بەغدایە، کە بە شێوەیەکی نا دیموکراتی وزۆر دارانە دانراون، چ بڕیارەکانی (مجلس قیادة الثورة) و چ ئەو بڕیارانەی کە ناڕاست و ناڕەوان، ئەو بڕیارانەی کە دژی خەڵک یا دژی هێزە سیاسی یەکان دراون بەتاڵن و خەڵکی کوردستان کەوشی پێ دەسڕنەوە.

بێ گومان خۆتان دەزانن سەرچاوەی بڕیاردان و دانانی قانون و دەستور پەرلەمانە، تەنانەت ئەنجوومەنی وەزیرانیش هەر لە پەرلەمان پێک دێت ومتمانە وەردەگرێت و لێی دەسێنرێتەوە ئەگەر پێویست بێت، واتە پەیوەندیەکی ئۆرگانیک لە نێوان پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران دا هەیە، ئەم پەیوەندییە بە دوو جۆرە تەماشا دەکرێ، جۆری یەکەمیان: هەوتییایەتی و جۆری دووەمیشیان هاوڕێیایەتی، دەبێ جۆری هاوڕێیایەتی لەنێوانیاندا پەیرەو بکرێ کە ئەساسەکەی چاودێری و هاوکاری بێت.

ئێمە حکومەتێکی ئیتیلافیمان هەیە هیوادارین فراوانتریش ببێت و هەموو هێزە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان بگرێتەوە.

لە راستیدا دەبێ ئەو هاوکارییە شێوەیەکی ئەوتۆ بە خۆوە بگرێ کە دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان بپارێزێ و بیهێنێتە دی، لە هەمان کاتیشدا چاودێری کردنی ئەنجوومەنی وەزیران

لەلایەن پەرلەمانەوە پێویستە.

**خوشک و برایانی خۆشەویست:**

پێویستە ئێمە قالبێکی دیموکراسی مودێرنی ئەوتۆ دابرێژین هەم، بۆ پەرلەمان و هەم بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کە نموونە بێت و دوای ئەم ئەنجوومەنەش ببێ بە عادەت و خەڵک لەسەری بروات.

مومکینە هەندێک جار بۆچوونی جیا جیا پەیدا ببێت لە نێوان دا، ئەمە کارێکی دروستەو خراپ نییە، جاری وا هەیە تاکە ئینسانێک لەسەر مەسەلەیەک دوو سێ جۆر بیری بەمێشکدا دێت تا لەسەر یەک بۆچوون ساغ دەبێتەوە ماوەیەکی دەوێت.

لێرەدا مامۆستایان دەبینم ئایەتێکی قورئانی پیرۆزم بە بیر دێتەوە کە بە پێویستی دەزانم بۆتان بخوێنمەوە کە دەفەرموێ (و بشر عباد الذین یستمعون القول فیتبعون الاحسن). هەموو ئینسانێک بە پێی ئەم ئایەتە هەقی هەیە رەئی خۆی بڵێت و هەرە باشەکەی هەڵبژێرێ، یا ئەم ئایەتەی کە لە ژوورسەری بەرێز سەرۆکی پەرلەمان هەڵواسراوە کاری پێ بکەن.

بێ گومان خستنە گەڕی پەرلەمان بە شێوەیەکی نموونەیی و جۆشدانی چالاکییەکانتان یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمان و هێزە سیاسییەکانی کوردستان، دوای پێکهاتنی مێژووی نێوان پارتی و یەکێتی هیوادارین تەوژمێکی تر بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی و ئەنجوومەنی وەزیران بدرێ، پێویستە هەموومان هاوکاری ئەو کارە باشانە بکەین.

یەکێک لە کارە گرنگەکان کە بەرەو رووی ئەنجوومەنی وەزیران دەبێتەوە ئامادەکردنی یاسا جیاجیاکانە کە بەلای منەوە پێویستە پەلەی لێ بکەن، لە پێشەوە دەمەوێ پیرۆزبایتان لێ بکەم لە دەرچوونی قانونی یەکخستنی هێزی پ.م، بە راستی ئەمە ئەرکێکی ئەو تۆیە لە دواخستن نایەت و پێویستە پەلەی لێ بکرێت لە پێش هەموویانەوە پ.د.ک و ی.ن.ک لە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە یارمەتیتان بدەن، چونکە یەکخستنی هێزی (پ.م)ی کوردستان ئەهمیەتێکی ناوخۆیی گەورەی هەیە، شان بەشانی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە پێویستیتان بە هێزێکی گەشە کردووی پۆلیس هەیە تا ئەرکی جێبەجێ بکات بۆ ئەوە ئاواتی هەموومان کە حوکمی یاسا بێتە دی، زەمانی ئەوە نەما کە میلیشیا جیاجیاکان... هێزە جیاجیاکانی (پ.م) حوکم بکەن، لەمەو دوا دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران بە پشتیوانی پەرلەمان، حوکمی کوردستان بکات، لەسەرتاسەری کوردستان دەبێ یاسا حاکم بێت، دەبێت پەرلەمان وجودی خۆی هەم لەسەر سنوورو هەم لەناوشارو لادێکان بچەسپێنێ، هەموو دەزگا جیا جیاکانی ئاسایش یەکخات، بەناوی برای خۆشەویستمان کاک مەسعود و بەناوی خۆمەوە پێتان رادەگەیەنم کە سەدی سەد لەم هەنگاوانە پشتیوانتانین، بە هیچ جۆرێک ماوە نادەین کۆسپ بێتە رێتان، لەو مەسەلەیەدا ئاماژە بۆ دوو

شت دەکەم، یەکێکیان گومرگە، کە کارێکی ناوخۆییەو ئەویتر مەسەلەی (پ.ک.ک)ـەیە کە کارێکە*لەسەر سنوورەکان بۆتە هۆی گیروگرفتێکی زۆر.
پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران بە پەلە مەسەلەی گومرگ ببڕێنێتەوەو ماوە نەدا هیچ هێزێک دەست بخاتە کاروباری گومرگەوە، لەم وڵاتەدا دەبێ هەمو کەسێک ملکەچی یاسا بێت، نەبێتە پاشاگەردانی و هەر کەسەو میری ناوچەیەک بێت، نابێت هیچ حزبێک گومرگی جیای خۆی هەبێت.
ئەگەر حزبەکان پێویستیان بە ژیاندنی خۆیان هەیە ئەوە بێننەوە بیر خۆیان کە هەر حزبێک بە واریدات و ئەندامانی خۆی دەژی، خۆ ئەگەر ئەمەی پێ ناکرێ هەقە پەرلەمان یاسایەک بۆ یارمەتیدانییان دەربکات، پێویستە ئەمە بە پەلەو ژیرانەو برایانە حەل بکرێ.
(پ.ک.ک)ش هاتووە لە چەندین ناوچەی کوردستان خۆی لێکردووین بە حوکمران، بێ پرس و بێ گوێ دان و بایەخ دان بۆ ئەو رووداوو دەسکەوتانە خۆی کردووە بە (میرمحێ) و قبوڵ ناکەن مەسەلەی بوونیان لە کوردستان راوێژی لەسەر بکرێت.

**خوشک و برایانی خۆشەویست:**

(پ.ک.ک) حزبێکی سیاسییە لە کوردستانی تورکیا، لە دامەزراندنییەوە مادەیەکی هەبووە لە پێڕەوی ناوخۆی خۆیدا کە بە (اصطلاح)ی خۆیان راکردنی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانە لە شاخەکەدا، بەمانای دوژمنایەتی کردنی هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانی تورکیاو ئێران و عێراق و سوریایە.
سەرەتا ئەمە لەگەڵ جەماعەتی (کوک) تووشی شەڕی کردن و چەندین کەسیان لێکدی کوشت، ئێمەی کوردی عێراق بەتایبەتی لەو سەردەمە کە لەشام بووین لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی و سووری کەوتینە بەینیان و توانیمان برا کوژییەکە کۆتایی پێ بهێنین.
(پ ک ک) ئەو مادەیەی لە پرۆگرامەکەیدا هەر لانەبرد کە دەستیان بەکارکرد هەمووڵایەک یارمەتیمان داون، چ پارتی چ یەکێتی، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە عەرەب بەمیسالی دێنێتەوە جەزای سن و ماریان داینەوە.
لەنووسینەکانیان دا هێرشی زۆر ناڕەوامان دەبەنە سەر. هەموو سەرکردەکانی کوردی عێراقی بە جاسووس و خائین و نۆکەر و جاش وکرێ گرتەی بێگانە لە قەڵەم دەدەن.
بەندەی موخلیستان ناوی لە لیستی نۆکەرانی هەموو دەوڵەتەکاندا هەیە لای ئەوان، هەروەها برای خۆشەویستمان کاک مەسعود ئەوە خۆتان دەزانن هەمیشە بەر شاڵاوی هێرشیان کەوتووە، لای ئەوان هەموو حزبەکانی کوردی تورکیا خائینن و نۆکەری (میتن) بەپێی گۆتەی ناڕەوای ئەم سەرکردایەتییە سەر لێشێواوە هەموو حزبەکانی کوردستانی سوریاش هەمان شتن.

سەیر لەوەیە لەکاتێکدا پەکەکە هاوکاری لەگەڵ دەزگاکانی جاسووسی سوریا و عێراق و ئێران دەکاو دژایەتی حزبەکانی ئەم ولاتانە دەکەن، پێیان ڕەوا نابێن وەکو حزبێکی نیشتمانیی خەڵکی کوردستانیش باسیان بکرێت.

بەڕاستی هەوڵێکی زۆرمان لەگەڵ دان تا بیان هێنینە سەر ڕێی ڕاست. چەندین جار کۆبوونەوەمان لەگەڵ کردن، دواجار وەفدێکی بەرەی کوردستانی بەبەندەی موخلیستانەوە زیارەتمان کردن و ڕێککەوتین، هێشتا مەرەکەبی نووسینەکانمان وشک نەبووەوە دەستیان بە هێرش کردەوە، بەتایبەتی لەکۆڕەوەکەدا، بە مەسەلەیەکی زۆر ناڕەوا ئەمەیان قۆستەوەو بەهەلیان زانی گوتیان ئەمە هەموو تەواوبوون و خیانەتیان کردو تەنانەت گوتەکانی حکومەتی عێراقیان لە دژمان دووپات دەکردەوە، جارێکی تر کەوتینەوە گفتوگۆ لەگەڵیان و وتمان ئەمە کارێکی هەڵەیە و ناڕاست و ناڕەوایەو وتیان باشە!!

پێمان وتن لە کوردستانی عێراقدا جولانەوەیێکی ڕزگاریخوازی بەرەو سەرکەوتن دەچێ و ئەو سەرکەوتنەی لە کوردستانی عێراق بەدەست دێت سەرکەوتنە بۆ هەموو بەشەکانی ترو بۆ هەموو دیموکرات خوازانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.

بۆ کۆنگرەی ی.ن.ک داوەتمان کردن تا بەشێوەی دیموکراتی مەسەلەی کورد لە تورکیا باس بکرێت و چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوەو یارمەتی گەشەکردنی پرۆسێسی دیموکراسی بدەن لە تورکیاو یارمەتی گەشەکردنی ئەو باڵە بدەن کە لە کۆمەڵی تورکیا داوای چارەسەری ڕەوای مەسەلەی کورد دەکا لەناو قەوارەی تورکیایەکی دیموکرات دا، لەوەلامدا گوتیان باشە وا دەکەین کەچی پاش دوو هەفتە لەجیاتی وەلامەکەیان جنێوو قسەی ناشیرینیان پێ وتین و هەموویان بە خائین لەقەڵەم داین.

ئەو وەفدەی کە لەکۆنگرێسی ی.ن.ک بەشداری کرد، دوای پیرۆزبایی کردن کەوتە هێرش بردن و پەلاماردانی سەرکردایەتیی ی.ن.ک و داوای لەکۆنگرێس کرد کە تەمبێ یان بکات و لایان بیات، لەگەڵ ئەمەش دا هەر بە پێکەنین و خۆشییەوە ئەو منداڵ بازارییەی ئەوانمان وەرگرت، دیسان ئامۆژگاریمان کردنەوە پێمان وتن کاکینە ئێوە بەرەو هەڵدێر دەچن سیاسەتی تیا چوونی خۆتان پەیڕەو کردووە، داوامان لێکردن سیاسەتی (کەری دێزە) بەکار نەهێنن و سیاسەتێکی ژیرانە بەکاربێنن، وتیان نا.(ئەم بەهارە ئەم ڕابووین چێتکەین، جمهوریەتی بادینان و بۆتان دادەنێنین)، وتمان کاکە ڕابوون علمە، ئێوە خۆتان بە مارکسی ـ لینینی دەزانن، مارکسیزیم لەسەر ڕابوون کتێبی نووسیوە، جۆرەها مەرجی ئیقلیمی و دەولی و مەوزوعی هەیە، ڕاپەڕینی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بەری سی ساڵەی خەباتی (پ .م)ـە، لە ئەنجامی شکانی عێراقە لەشەڕی کەنداودا، ئەمە بەگاڵتە نەبووە.

ئەم قسانە بەمێشکیاندا نەچووو نەبایان پێداهات نەباران، ملیان نا تا لە نەورۆزدا (جمهوریەتی بادینان و بۆتان دروست بکەن)!!، ئەنجامەکەشی کارەساتێکیان بەسەر خەڵکی کوردستانی تورکیا هێنا، سەدان کەسیان لێ بەکوشت دان و ، هەلێکی باشیان لەبار چوواند.
لەگەڵ ئەمەش دا وەکو خۆتان دەزانن سیاسەتی ئێمە دژایەتی کردنی شەڕی براکوژییە، دژایەتی کردنی بەکارهێنانی توندوتیژییە لە نێوان حزبە کوردستانیەکاندا.
ئێمەی کوردی عێراق هەمیشە هاوکاری و هاوخەباتیی و یارمەتیدان و پشتیوانی کردنی هێزەکانی بەشەکانی تری کوردستان بوون، بۆیە هەوڵمان دا دیسان بەخۆشی ئەو مەسەلەیان لەگەڵ چارەسەر بکەین، بەتایبەتی مەسەلەی بوونیان لەسەر سنوورەکانی کوردستانی عێراق، کە ئەمە بەفیتی دوژمنانەو بۆ تێکدانی ئەو تاقیکردنەوە دیموکراسییەیە کە لە کوردستانی عێراق دا هەیە، بۆ فەشەل پێ هێنانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانەو لەبار بردنی ئەو هەلە مێژوییە کە بۆ کوردی عێراق رەخساوە.
نموونەیەکتان بدەمێ، ئەمانە لە ئێرانیش هەنە لە سوریاش هەنە، لە هیچ یەکێک لەو جێگایانە ناڵێن ئێمە لە کوێین، بەلام بۆ کوردستانی عێراق رۆژنامەنووسی تورک دێن و دەیانبەنە شوێنەکانی خۆیان. ها فەرموون من وا لە برادۆستم... لە نێروەو رێکانم... لە زاخۆم بۆ ئەوەی ئەو رۆژنامەنووسانە رەسمەکان بلاوبکەنەوەو بڵێن: پەرلەمان و پارتی و یەکێتی رێگایان دەدەن لەخاکی خۆیان بمێننەوەو بێن سەربازو پۆلیسی ئێمە بکوژن.
خۆزیا شەڕەکانیشیان نەختێ ژیرانە بوایە، دەچن ئەندازیارێک دەکوژن کە هاتوو لە پرۆژەیەکی کوردستانی تورکیا ئیش بکات، سەربازێکی بێ چەک کە لە ئیجازە دەگەڕێتەوە لەپاس دادەبەزێنن و دەیکوژن، چەندان جار پێمان وتوون براینە ئەم کارە بۆ سومعەی کورد خراپە.
ئێمە لەڕاپەڕین دا سەدان ئەفسەری عێراقیمان بەدیل گرت کە هەندێکیان دژی خەڵکی کوردستان تاوانیشیان کردبوو بەخۆشی و سەلامەتی ئیزنمان دان، تەنها ئەو کەسانە بەسزای گەل و شۆڕش گەیەندران کە لە ئەمن و ئیستخبارات تاوانی پیسیان کردبوو.
بۆ کورد لە دەرەوە تۆمەتی زۆر ناشیرینیان دروست کردووە یەکێک لە تۆمەتە هەرە ناشرینەکانی ئەم سەردەمە تیرۆرە، بەداخەوە ئەمڕۆ لە دنیادا جگە لە (پ. ک.ک) شتێک نەماوە تۆمەتی ئیرهابی بدرێتە پاڵ کە هێزێکی کوردیە، کابرایەکی ئەورووپیش ناتوانێ ئەو فەرقە بکات و زەرەبین دانێ لەنێوان P.K.K و P.U.K و P.D.K وا دەزانێ ئەمە کوردەو پێی دەڵێن ئیرهابی کوردی.
لە کاتێکدا کە کورد پشتیوانی دنیای هەیە ناوبانگێکی خراپی بۆ دروست دەکەن، پاش دانانی پەرلەمان و حکومەت دنیا داوامان لێ دەکات کۆنترۆڵی وڵاتی خۆمان بکەین، یەکەم ـ مبرر ـ ی

لە دایكبوونی حكومەت لە دنیادا ئەوەیە ئەمن و ئاسایش جێبەجێ بكات، ئەگینا هەقی نییە بە خۆی بڵێ حكومەت، ئەگەر ئێوە حكومەتن بەپێی یاسای دەولی لە وڵاتی خۆتان لەگەڵ دەرو جیران رەفتار بكەن، هیچ كەسێك رێی نییە لە وڵاتی خۆی بە ئاشكرا چەكدار بە گژ دەوڵەتێكی جیرانی خۆی دا بكات، كۆماری كوردستانی سەربەخۆش هەبێ ئەو هەقەی نییە، چ جای ئەوەی ئێمە داوای فیدراڵ دەكەین لە عێراقدا.
ئەوە ئێران (٦٠) ملیۆنە، وەزیری ناوخۆی توركیا دەچێ بۆ ئێران، پێی دەڵێن: (پ.ك.ك) لێرە نین و ئاگامان لێیان نییەو ماوەیان نادەین، سوریاش هەروا دەڵێت تەنها دێنە كوردستانەكەی ئێمەو بە ئاشكرا دەڵێن لێرەین.
دەڵێن كوردستان كوردستانە. باشە بۆچی لەگەڵ حكومەتی عێراق هاوكاری دەكەن؟ بۆچی هاوكاری جەلادی خەڵكی كوردستانی عێراق دەكەن؟ بۆچی رێگا دەگرن و لێناگەرێن یەك مانگ ئازووقە بێت؟ تا نرخ بەرزبووەوەو بووە قات و قڕی. بەڵگەمان بەدەستەوەیە كە لە بادینان گیراون و (پ.ك.ك) لەگەڵ حكومەتی عێراق هاوكاری دەكات بۆ لێك هەڵوەراندنی هێزی (پ.م)ی پ.د.ك ئایا ئەمەیە كوردایەتی؟ ئەمەیە كوردستانی بوون؟!!
بۆ كوردستانی بوون كەس، ناتوانێ موزایەدە لەسەر كوردی عێراق بكات، حزب نییە لەكاتی پێویستدا یارمەتیمان نەدابێ، هەموو حزبە سیاسییەكانی كوردستانی توركیا لە وڵاتی ئێمەن و سەرسەرو سەرچاومانن، بە یەكێكمان نەوتووە بەری چاوت بەكلە.
پاش ٣٢ ساڵ شەڕو دەربەدەری و قوڕبەسەری و ماڵ وێرانی ئینجا خەڵكی كەش لە كۆڵ دەكەین و بەخۆشی و بەرووی گەشەوە پێشوازیان لێ دەكەین، كێ ئەوەی بۆ ئێمە كردووەو لە چ وڵاتێكداو بۆ كێ كراوە؟ پاداشتەكەمان ئەوەبێ ئەو تەجرەبە دیموكراسیەمان لێ تێكدەن، پەرلەمانەكەمان لێ بفەوتێنن؟
دوای ئەم هەموانە داواكاریمان لە پەكەكە ئەوە بووە ئەگەر دەیانەوێ وەكو هێزێكی سیاسیی لە كوردستانی عێراق بمێننەوە گلەیمان نییە... بەڵام ئەگەر دەیانەوێ شۆڕش بكەن با لە وڵاتی خۆیان بیكەن و ئیشائەڵڵا دەبوون بە والی سنە، ئەگەر دەیانەوێ یارمەتی كوردی عێراق بدەن با لەسەرمان راوەستن ساڵێك دوو ساڵ تا ئەو تاقیكردنەوەیەمان گەشە دەكاو دەچەسپێ بۆ سەرخستنی خەباتی ئێمە خەباتی چەكدارانەی خۆیان رابگرن و یارمەتی هێزە دیموكراتەكانی تورك بدەن تا چارەیەك بۆ كێشەكەیان دەدۆزرێتەوە، ئەگەر نایانەوێ گوڵ بن، تكا دەكەین كە دڕكیش مەبن، فەرموون ناوچە سنوورییەكان جێ بێڵن.
بۆ ئەوەی ئێوە بیزانن ئەم راستیەمان بە برا كوردەكانی توركیا وتووە، كاك مەسعودو بەندەی موخلیستان لەگەڵ نائیبەكانی كوردستانی توركیا دانیشتین، جارێكی تر لەسەر داوای كاك

مەسعود دیسان لەگەڵیان دانیشتمەوە هەموویان لەگەڵ ئێمە لەو رایە دابوون کە دەبێ پەکەکە سنوورەکانی کوردستانی عێراق جێ بێڵێ و بۆ ماوەیەک شەڕی چەکداری رابگرێ. ئێمە وتمان ئەگەر شەڕیان راگرت سەرچاوان با هێزەکانیان بێننە کوردستانی عێراق و لە ناوچەیەک دانیشن، بەڵام نابێت لەسەر سنوور قەرەقۆڵێکی تورکی بداتە بەر تەقە بۆ ئەوەی لەشکری تورک بێت و بۆردمانی سەر سنوور بکا ٢٠٠ هەزاری لەسەر بازەکانی مۆڵ کردووەو لە زاخۆوە تا دیانا بۆ ئەوەی ناوچەی ئەمنی خۆی بپارێزێ. سەرنجتان بۆ خاڵێکی تریش رادەکێشم، ئێستا لە تورکیا حەملەیەکی گەورەی توندی حکومەتی عێراق لەگەڵ شۆڤێنیەکانی تورک لە کایەدایە، حکومەتی عێراق بە هۆی سەفیرەکەی نامەی بۆ سەرەک وەزیرانی تورکیا نووسیوەو دەڵێن ئێمە ئامادەین دووشتتان بۆ بکەین، هەموو پێویستی تورکیا لەنەوت بە خۆڕایی دابین بکەین، دووەم ڕێمان بدەن بێینەوە سنوورەکان لەیەک هەفتەدا سنوورتان بۆ دادەخەین و لێ ناگەڕێین قوش تێپەڕێ، ئەمە ئێستا لە پەرلەمانی تورکیا باسی لێوە دەکرێ، حزبی ئەجەویدو رەفاهی ئیسلامی باسی دەکەن بە ئاشکرا دەڵێن ئەوا کوردستان بوو بە دەوڵەت و ئەو هێزی هاوپەیمانان کە لە ئێنجەرلیکە بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەتە کوردییەیە، دەوڵەتی کوردی ئەمری واقیعەو بۆیە پێویستە لەگەڵ سەدام ڕێک بکەوین و ئەو دوو شتەمان بۆ جێبەجێ دەکات.
هەروەها دەڵێن ئەوا کوردستانی عێراق بووەتە مۆڵگەی پەکەکەو لەوێوە هێرشمان بۆ دێنن، بەمە خەڵکیان لە کورد وروژاندوە تا وای لێهات بە حاڵە حاڵ پەرلەمان تورکی رەزامەندی لەسەر مانەوەی هێزی هاوپەیمان دا.
من و کاک مەسعود هەژدە نایبمان قایل کرد بۆ ئەم مەسەلەیە، کە بزانن لەولاش کاری پەکەکە لەخزمەتی بەرژەوەندیی عێراقە.
بۆیە رامان سپاردوون بە خۆشی بەیانێک دەربکەن و ڕێگای ئاشتی بگرنەبەرو کوردستانەکەی ئێمە لە چەکداری خۆیان پاک بکەنەوەو ئێمە ناتوانین هەتاسەر حکومەت لەناو حکومەت دا یا حکومەت بەسەر حکومەت دا قبوڵ بکەین.

**خوشک و برایانی خۆشەویست:**

دوا بڕیاری پەرلەمانی ئەورووپی لەسەر مسەلەی کوردستان ئەوەیە کە دەبێ لە هەموو بەشەکان دا مافی مرۆڤ هەبێت و لە لە بڕگەیەکدا دژ بە تیرۆریستی پەکەکەن، بۆیە ناچارین ئەو بەڵایە لە کۆڵ خۆمان بکەینەوە، خوا بکات بە خۆشی لە کۆڵمان ببێتەوە، ئەگینا ناچار دەبین بەهەر شێوەیەک دەسکەوتەکانمان بپارێزین.
مەسەلەی پەیوەندیمان لەگەڵ هێزەکانی کوردستان لەبەر دەممان قوت دەبێتەوە لەو بەشەی کوردستانی خۆمان هەمیشە پێشوازی گەرممان لە هەموو هێزە سیاسییەکانی بەشەکانی تری

کوردستان کردن و بارەگاو چاپەمەنی یان لێرەیە رادیۆیان لێرەیەو پێشمەرگەیان لەسەر سەرو چاوانن، بەڵام هەقی خۆمانە لەو برایانەمان داوا بکەین ئەوانیش ئەرکی سەرشانیان بەرامبەر ئێمە جێبەجێ بکەن ئەمیش یارمەتی دانمانە بۆ سەرخستنی ئەو تاقیکردنەوە دیموکراسییە کە لە کوردستانی عێراق گەشە دەکات و دنیا پشتیوانی لێ دەکات.
رۆژی ئەوە هاتووە بەبیر ئەو برایانەمان بێنینەوە کە ئەوانیش ئەرکی نیشتمانییان لەسەرەو دەبێ یارمەتیمان بدەن، ولاتی ئێمە کاول بووە، دێهاتمان سوتاوە، ئابووریمان لە بنەڕەتەوە هەڵتەکاوە، ئەنفالمان بەسەر هاتووەو کیمیاباران کراوین، وا سەر لەنوێ کوردەواریی رێک دەخەینەوە، لەم کاتەدا پێویستمان بە یارمەتی براکانی بەشەکانی تری کوردستان هەیە، ئەمە ئەرکی هەموو کوردێکی دڵسۆزە.
هیواداریین برا کوردەکانی تورکیا بتوانن سەرکردایەتیی پەکەکە قانیع بکەن کە چی راست و باشە بۆ کوردایەتی و بۆ کوردستان بیکەن.
دەمەوێ بە بیرتان بێنمەوە کە پێویستە یاسای ئەوتۆ دابنێین تا ئەنجوومەنی وەزیران بەپەلە جێبەجێ یان بکات بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی سنوورەکانی کوردستان دەبێ کوردستان لەو پاشاگەردانییە رزگاری بێت، چی دەزگای جاسووسی دنیا هەیە رووی کردۆتە کوردستان، جۆرەها (T.N.T) و چەکی بکوژمان بۆ دێنن، جۆرەها تاوان ئەنجام دەدەن، ئەمە بۆ ناوبانگی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و ناوبانگی نەتەوایەتیمان زۆر خراپە، پێویستە سنوورەکان کۆنترۆڵ بکرێن و هاتووچۆ سنووری بۆ دابنرێ، وەکو چۆن ئێمە دەچین بۆ ئێران پێویستیمان بە چەندین بەرگەو رەزامەندی هەیە ئەوا هاتنی هەر یەکێکیش بیەوێ بێتە ئێرە پێویستە وا بێت، دەمەوێ نموونەیەکتان بۆ بێنمەوە، لەگەڵ حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا دانیشتین، پێیان وتین دەمێکە دەمانەوێ وەفدێکی پەرلەمانی ئەڵمانی بنێرین بۆ کوردستانی عێراق، بەڵام لە دوای رووداوەکەی مەدام میتران نەمان توانیوە وەفدەکە قانیع بکەین، پێویستە لێ نەگەڕێین کەسانی وا بێن مادەی T.N.T دابنێنەوەو خەڵک بکوژن بەتایبەتی ئەو پەناهەندە سیاسییانەی کە لە ولاتی ئێمە دەژین.
دابین کردنی ئاسایش لە کوردستانی عێراق زیاتر پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران سەر دەخاتە تایبەتی ئەنجومەنی وەزیران کە تا ئێستا بە رەسمی نەناسراوە.
ئێمە مەبەستمان دەست بەستنەوەی برا تێکۆشەرەکانمان نییە، هەر جارێک لەهەر بەشێکی کوردستان لێیان قەومابێت ئێمە بە پیریانەوە چووین، بەم دواییە کە تاوانێکی گەورە دژی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرلین کرا ئەمیش شەهید کردنی تێکۆشەری ناسراوی کورد د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانی بوو، هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانی و... ئێوەش

نارەزاییــتان دەربڕی و تازیەتان بۆ داناو هاودەردی و هاوخەباتی خۆتان دەربڕی، ئەمـەش مایەی شانازییە کە کوردی عێراق هێزو پشتیوانی ئەوانین.
بۆ برا کوردەکان کوردستانی تورکیاش ئەگەر خەباتێکی ڕەواو ژیرانەو دیموکراتیانە بکەن هەمان یاریدەدەرو پشـتیـوان دەبین، ئەگەر کەسانی سەر لێ شێـواویش بیانەوێت تاقیکردنەوەکەمان لە باربـەن و سەرکەوتنەکـەمان لێ بسـەننەوە ئەوا ماوەیان نادەین و ئۆباڵەکەش لە ئەسـتۆی ئەوان دایەو تەحەمولی هەموو ئەنجامێک دەکەن.
جـارێکی تـر خـوشک و برایانی خۆشەویست سوپاسـتـان دەکەم ئەو شەرەفـەتان پێ ڕەوا بینیم ئەوانەی کە لە بیرم مابوون بۆتان باس بکەم.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**
ســوپاسی بەڕێز مــام جـەلال دەکـەین بۆ ئەو وتارە بەنرخـەی و، حـەز دەکـەین بەڕێز مـام جـەلال دڵنیابێت کە پەرلەمانی کوردستان بەگیـانێکی برایەتی و هاوکاریی و تەبایی وخۆشەویسـتـانە ڕەفـتـار دەکات لەگەڵ ئەنجـومـەنی وەزیرانی هەرێمی کـوردسـتـانداو، پشـتـیـوانیی و هاوکـاریی دەکات لەهەموو هەنگاوێکدا.
هەردوو کـتلەی پەرلەمـانی بنەمـای فـیـدرالـیـیـان بۆ کـوردسـتـان هەڵبـژاردووەو، لەم ڕۆژانەدا لیـژنەیەکی تایبـەتی لە پسـپـۆڕان گفـتـوگـۆ لەسەر ئەم بابەتەو، یاسـاکـانی ڕژێم دەکەن. پێش مـاوەیەک پەرلەمـان بڕیارێکی دەرکـرد کـە هەرچی یاسـاکـانی ڕژێم هەیە بژار بـکرێت لەلایەن وەزارەتەکانەوە، یان ئەو دەزگایانەی کە پەیوەندیان بە یاساکەوە هەیە. پاش بژار کردنی ئەوە ئەو بڕیارانەی کە ناگونجێن لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی کورسـتـاندا لەلایەن ئەنجـومـەنی نیشـتـمانیی کوردستان هەڵدەوەشێنرێنەوە.
سەبارەت بەمەسەلەی سنووریش، پێش ماوەیەک ئەنجـوومەنی نیشـتـمانیی کوردسـتـان بڕیارێکی دەرکردووە و، داوای کردووە لە حکومەت کۆنترۆڵی تەواوی خۆی لەسەر سنوورەکانی کوردستان دابین بکات بۆ ئەمەش بڕیارێک لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دراوە.
بۆ مـەسەلەی گـومرکـیش، بڕیارێک درا بۆ پشـتگیـری هەنگاوەکانی حکومـەتی کـوردسـتـان لەو بارەوە.هەروەها مەسەلەی یەکخستنی پێشمەرگە بەڕێزتان ئاماژەتان پێ کردو، پیرۆزباییتـان لە ئەنجوومـەنی نیشـتـمانیی کـوردسـتـان کـرد بە بۆنەی دەرچوونی یاسـای وەزارەتی پێشمـەرگەوە، (انشـاءالله) بەزووترین کـات وەزارەتی پێـشـمـەرگـە ئەو ئەرکـەی لە ئەسـتۆیەتی جێ بەجـێی دەکات. ئێستا ماوە دەدەین بە بەڕێزان ئەندامان بۆ ئەوەی قسە بکەن.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی مایەی خۆشحاڵیمە کە بەڕێز مام جەلال بەشداری کۆبوونەوەی ئەمڕۆ دەکات و، وتارێکی بەپێزی پێشکەش کرد کە زیاتر ڕەنگدانەوە بوو لەوەی کە لە مێشک ودڵی هەموو کوردێکی بەشەرەف دایەوەو، بەتایبەتی زۆربەی دەربارەی ئەو مەسەلانە بوو کە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی وئەنجوومەنی وەزیراندا هەمیشە باس دەکرێن و، ئومێدی زۆری پێ داین بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کە کورستان بەگشتی لەبەری دەناڵێت.

دوو مەسەلە هەیە لێرەدا دەمەوێ پێشکەشی بەڕێزیانی بکەم:

یەکەم: دەربارەی سیاسەتی حکومەتی کوردستان.. بە راستی ئێمە زیاتر تەماشای بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستانمان کردووە بەتایبەتی کە ئێستا لە قۆناغی گواستنەوە داین (المرحلةالانتقالية) لەم قۆناغەدا دەبێت حیساب بۆ هەموو شتێک بکەین و، کۆڵ نەدەین بەرامبەر ئەو گیروگرفتەی دێتەپێشمان ئەوەش نەبێت کە زیاتر ئومێد زۆر بدەینە خەڵک وپێشمان جێبەجێ نەکرێ،

ئێستاش دوای ئەم وتارەی بەڕێزت و، پێش ئەوەش وتاری بەڕێز کاک مەسعود بێگومان ئەم ڕێککەوتنانە زیاتر ڕەنگ دەداتەوە لەئیشوکارماندا و زیاتر هانمان دەدات.

دووەم: پەیوەندیی ئێمە وئەنجوومەنی نیشتمانیی زۆر بەهێزە، ئاگامان لەیەک هەیە، چونکە هەردوولامان بڕوامان بەو (مبدأ)هەیە کە لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢دا هەیە، کە ئەویش بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەردوو ئەنجوومەنی یاسادانان و جێبەجێ کردنەو، دەسەڵاتی قەزائیش خەریکە دروست دەبێت، ئەوکاتە ئەم سێ دەسەڵاتە شان بەشانی یەکتر دەتوانن هەرێمی کوردستان بپارێزن.

بێگومان ئێمەش لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کارەکانمان هەمووی بەپێی یاساکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەو، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانیش مافی خۆیەتی کە بزانێ سیاسەتی ئێمە چۆنە، چۆن دەڕوات؟، ئێمەش لەلای خۆمانەوە لەوەدا لارییمان نییە، بەڵام لەوانەیە هەندێ گرفت دروست ببێ و،ئەمە شتێکی ئاساییەو، من بەش بەحاڵی خۆم دەڵێم تا ئێستا نەبووە، ئێمە هەر دەستوورێکی دیموکراسی هەبوو بێت کارمان پێی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس دکتۆر، ئەگەر ئەندامانی بەڕێز هەر پرسیارێکیان هەبێت بادەست بەرزبکەنەوە.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەخێرهاتنەوەی بەڕێز مام جلال دەکەم. دەمەوێ باسی چەند خاڵێک بکەم:

١ـ بۆ مەسەلەی حزبەکان من لەگەڵ ئەوە نیم پارەیان بدرێتێ، چونکە لە هەموو جیهاندا دەوڵەت

هیچ حزبێک بەخێو ناکات و، هەروەها حزبەکان لەشکرێکی زۆریان کۆکردۆتەوە.
٢ـ رەخنەم هەیە لەسەر ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەبوایە زیارەتی یەکتریان بکردایە.
٣ـ مەسەلەی P.K.K حەقە ئیتر چیتر لێیان قبوڵ نەکرێت ئەگەر بخەنە بەر کارەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز جەلال تالەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لەراستیدا بەباشیان دەزانی کەوا بێن بۆ پەرلەمان، بەڵام نەوەختیان ماوە وەکو بڕیار بوو، بەڵکو کۆبوونەوەکە دابڕا بوو، ئێمەش تەکلیفمان نەکردن بێن بۆ پەرلەمان. وە دەربارەی(P.K.K)من قسەم کردووە، چی ترم پێ نییە بیخەمە سەر ئەم قسەیەمەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من سێ پرسیارم هەیە ئاراستەی بەڕێز مام جەلالی دەکەم:
یەکەم: ئایا ئەم نزیک بوونەوەی نێوان پارتی ویەکێتی هیچ رۆڵێکی هەیە بۆ یەکبوونی دروشمی فیدراڵی؟.
پرسیاری دووەم: هۆی نەهاتنی ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی بۆ پەرلەمانی کوردستان چی بوو؟.
پرسیاری سێیەم: ئایا رای بەڕێزتان دەربارەی کۆبوونەوەی داهاتووی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی چییە کە دەربارەی پرۆژەی فیدرالییە بۆ میللەتی کورد؟و، ئایا سنووری جوگرافی کوردستان لەگەڵیاندا باس کراوە، یان دوا خراوە بۆ هەلێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز جەلال تالەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا لە نمایشتەکانی بەڕێز عەدنان وا تێگەیشتم پیرۆزبایی دەکات لەم یەکبوون و برایەتی و هاوخەباتی یەکجارەکی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان. پێویستە ئەم دەستکەوتە بپارێزین و هەوڵی سەرکەوتنی بدەین بۆ بەهێزکردنی ئەم پەیوەندییەو، دەبێ وردە وردە وا بکەین ئەم دەسکەوتە رەنگ بداتەوە لەناو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و، هەموو ئەندامانی پارتی و یەکێتیدا، لەمەودوا هەردوولا خۆیان بەیەک لایەن بزانن و هەر سەرکەوتنێکی پارتی بەسەرکەوتنی یەکێتی بزانن و بەپێچەوانەوە دەبێ ئەندامانی پارتی ویەکێتی یەک مەبەست ویەک رێگە بگرن، پێویستە وەزیرەکانیان لە ئەنجوومەنی وەزیراندا وەکو یەک ئیش بکەن وهاوکاری وتەبایی لە هەموو شتێک وادەنگ بداتەوە لەناوەوە لەدەرەوە لەهەموو مەیدانەکانی چالاکی وخەباتدا هەروەک ئیمزا کراوە تاوای لێ دێت هیچ جیاوازییەک نەمێنێ لەنێوان پارتی ویەکێتیدا ئەمەش کاتی پێویستە، لەگەڵ سەبر، لەبەر ئەوە پێویستە

هەمـوو لایەک دڵسۆزی و هاو خـەباتی بنوێنن و، بەگیـانی لەخۆ بوردون و هەسـتێکی بەرز بە لێپرسینەوە ئەو ئەنجام وئەرکە پیرۆزە بەجێ بهێنێ ولەسەری بروات. ئەم ڕێککەوتنە بەهیچ شێوەیەک هەڵوەشانەوە وپەشیمانی لەسەر نابێت، بەڵکو گەشەپێ کردن وسەرکەوتنی بەرەو پێشەوە هەوڵی بۆ دەدرێت.

دەربارەی فیدرالی: لەراستیدا مەسەلەی فیدرالی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی باسی کراوە، هیچ یەکێک لە ئەندامانی وەفدەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دژایەتی مەسەلەی فیدرالیان نەکرد، ئیسلامییەکان وایان نیشاندا کە نیزامی فیدرالی لە بنەڕەتدا لە نیزامی ئیسلامەوە هاتووە، نوێنەری(المجلس الاعلی)ی شۆڕشی ئیسلامی لە عێراقدا گووتی ئێمە کاتی خۆی کە لە کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بووین باسی ئەمەمان کردووە، هەروەها لایەنەکانیش هەریەکەیان بۆچوونی جیاجیایان هەبوو. هەندێکیان داوای جیابوونەوەی تەواویان دەکرد.ئەمە تەنها لایەنی ڕواڵەتی ئەم کۆبوونەوەیە بوو، چونکە ئەم کۆبوونەوەیە سەرەتایەک بوو بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی فراوان کە بڕیاری چارەنووسی لێ دەدرێت و، دەبێت ئەم مەسەلەیە لەوێ باسی بکرێ. ئێمەش خۆمان گوتمان تاکو ئێستا پەرلەمانی کوردستان بڕیارەکەی نەداوە، لەبەر ئەوەی جۆری ڕێککەوتنەکە لەژێر دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستانە و، کەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ئەم بڕیارەیدا ئێمە بۆتان دەهێنین داواتان لێ دەکەین ئەم بیرو بۆچوونە قەبوڵ بکەن.

دەربارەی مەسەلەی سنووری کوردستان ئێمە باسمان لەگەڵیاندا نەکرد، چونکە دەمانزانی باسکردنی ئەم مەسەلەیە دەمانگەیەنێتە ناکۆکی و، ئەوەی من تێی بگەم هیچ هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی نییە بڕوایی پەیدا کردبێ کە ئێمە سنووری کوردستانمان هەبێت و، پشتوانیشتمان ناکەن لەم مەسەلەیەدا.

لە ڕاستیدا ئێمە لە کوردستاندا شەرەفی ئەو کۆبوونەوەو یەکخستنە کەوتە ئەستۆی ئێمە، ئەمەش لە ئەنجامی بانگ ڕاهێشتنی هەموو لایەنەکان، لەبەر ئەوە دەبوایە کارێک بکەین کە ئەم کۆبوونەوەیە بەسەرکەوتوویی لە خاکی ئێمەدا بڕوات.

بێگومان ئێمە کارێکمان کرد دەوڵەتان بەپارەو پوولی زۆرو، بەدەسەڵات نەیانتوانی ئەنجامی بدەن، بەڵام ئێمە لەگەڵ هەژاری لە کوردستانی ئازادکراوی خۆمان توانیمان ئەم ئەرکە ئەنجام بدەین بە سەرکەوتوویی کە ئەمەش شەرەفێک ودەسکەوتێکی گەورەیە.

مەسەلەی سنووری کوردستان پێمخۆشە سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە ئەمە کارێکی دژوارەو زۆر ئاسان نییە، بەڵام پێموایە دوای ڕووخانی دیکتاتۆریەت هەرشتێک بگەڕێتەوە جێگەو ڕێگەی خۆی واتە(تطبیعی اوضاع)بێت کاتێک خەڵکەکە گەڕاوە شوێنی خۆی وشوێنەواری

تەعریب وتەبعیس زۆرداران نەمان ئەوکاتە جگە لە سیمای نەتەوایەتی کە گەشە دەکات جگە لەوەی کەوا بەڵگەو دەلیلی مێژوویی زۆرمان بەدەستەوەیە کەوا بەراستی و بە حەقی رەوای کوردستانی دەزانین و، لەراستیشدا هەر موڵکی کوردستان بووەو، ئەم کێشەیە لەناو عێراقێکی دیموکراتدا لەناو چوارچێوەی باردۆخێکی دیموکراتی ئازادا زۆر ئاسانتر چارەسەر دەکرێت لە ئەمڕۆوە لە کۆبوونەوەی ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی کە هێشتا گەلێک شت ساغ نەبۆتەوەو، نوێنەرانی خەڵکی راستەقینەی عێراق هەڵنەبژێردراون، بۆیە ئێمە بەباشمان زانی ئەم مەسەلەیە باسی لێ نەکرێت لە کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوڕۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەخێر هاتنی گەرمی بەڕێز مام جەلال دەکەین بەراستی ئەوەی ئۆپۆزسیۆن باس کرا دەربارەی هاتنیان بۆ ئێرە، بەراستی هاتنیان بۆ پەرلەمان دانپێدانانێکی زمنی بوو.

سەبارەت بە مەسەلەی سنووری فیدرالی هەرچەندە وەڵامدرایەوە، بەڵام من یەک تێبینیم هەیە ئەویش ئەوەیە کە لە کۆبوونەوەی داهاتوودا ئەم مەسەلەیە کۆتایی پێ بهێنرێ، چونکە لەوانەیە کێشەی دوارۆژیان بۆ دروست بکەن و، بە قەناعەتی من هەر ئەوەندەی گەیشتنە دیوان سەرۆکایەتی خۆیان ئەم کێشەیەیان لەبەرچاو دەکەوێت. هیوادارم لە کۆبوونەوەی داهاتوودا سنووری جوگرافی ومەسەلەی فیدرالی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا بیبڕنەوە، بۆ ئەوەی کێشەی دوارۆژیان بۆ دروست نەکەن، سوپاس.

**بەڕێز جەلال تالەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باوەڕکەم مەسەلەی دانانی بە پەرلەمان کۆتایی پێ هاتووە، چونکە لەبەیانی کۆتاییدا دەڵێت: هەڵبژاردنی دیموکراتی لەکوردستان کراوەو، پیرۆزبایی لێ دەکەین و، ئەو دەزگایانەی کەوا لە ئەنجامی ئەم هەڵبژارنەدا هاتۆتەکایەوە پیرۆزبایی لێ دەکرێت.

دوو دەزگا هاتووەتەکایەوە لە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەدا یەکیان پەرلەمانە وئەویتریانیش ئەنجوومەنی وەزیرانە، جگە لەوانەش دەزگای تر دێنەکایەوە، وەکو وەزارەتەکان و دامودەزگای دیکەش کە ئەمانە گشتین وتێیدا هاتووەو سەلمێنراوە.

حەز دەکەم سەرنجتان رابکێشم بۆ مەسەلەی هاتنە سەر حکوم، ئێمە بەتەمای ئەوەنین کە کودەتایەکی سەربازی لەبەغدا ببێت وئێمەش پیرۆزباییان بۆ بنێرین، ئێمە بەتەمای ئەوەین ئەو حکومەتەی دادێت دەبێت ئێمەش لەگەڵدا بەشدار بین و، ئەو بڕیارەی دەردچێت دەبێت بەبەشداری هەموو لایەک بێت ( کورد، عەرەب، شیعە، برا مەسیحییەکان، برا تورکمانەکان)

دەبێ بەشدار بن لەو بڕیارە سیاسییەی کە لە بەغدا دەردەچێت.
ئەوە بزانن ئێمە بۆ ئەوە خەبات ناکەین کە حکومەت بدرێتە دەست یەکێک لەو حزبانەی خەبات دەکەن ،بەڵکو ئێمە بۆ ئەوە خەبات دەکەین کەوا حکومەتێکی هاوپەیمانی پێکبهێنین کەهەموو لایەنەکان بەشداری تیا بکەن، ئەگەر تەماحی وداگیرکردن وتەعریب کۆتایی پێ هات زۆر شت هەیە لەوانەیە چارەسەربکرێت بە ئاسانی. بۆ نموونە دانیێن تەبعیس نەماو بارودۆخی کەرکووک وەکو خۆی لێ هاتەوە، برا عەرەبەکانمان دەزانن کەسیان نییە، لەبەر ئەوە بەچ حەقێک داوای دەکەن؟..
تەنانەت عەرەبەکانی حەویجەش دەتوانن ئەم راستییە بسەلمێنن کەوا لە زەمانی شێخ مەحموودی حەفیدا چوونە پیرۆزبایی یان لێ کردووەو، بەمەلیکی کوردستانیان داناوەو خۆشحاڵی خۆیان نیشان داوە کەوا لەژێر سێبەری جەنابی لە کوردستاندا بژین و، رەنگە پیاوی پیری وایان هەبێت لە بیری بێت کەچ کاتێک هێنراون بۆ حەویجە وچ کاتێک لەوێ نیشتەجێ کراون، چونکە زۆر لە مێژ نییە ئەم رووداوانە بووە، بۆیە پێم وایە ئەم فرت وفێڵانە بەس لە حکومەتی دکتاتۆر وبکوژو بیرەکانیدا دەکرێت ئەگینا لەبارودۆخێکی دیموکرات ئەم فرت وفێڵانەمان لێ ناکرێ. جگە لەوە رێککەوتن مانای یەک حزبایەتی نییە، بەڵکو ئێمە وەک ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەسەر ئەم خاڵانە یەک دەگرین کەوا بەرژەوەندی گشتییەکانمان وئامانجە هاوبەشەکانمان دەگرێتەوەو، ئەمڕۆ دەتوانین لەسەری پێک بێین، شتی واش هەیە لەیەکمان جیا دەکاتەوە. لەبەرنامەی ئەم حزبانەدا کەوا ئۆپۆزسیۆنی عێراقی پێک دێنن هەندێ بیروڕای جیاوازیان هەیە کە یەکێک داوای رژێمی ئیسلامی دەکات و، یەکێتی تر داوای رژێمی قەومی، یان سۆسیالیستی، یان داوای رژێمی دیموکراتی خۆی دەکات بۆ دوارۆژی خۆی، بۆیە بەلای ئێمەوە باش نییە هەموو شتێکیان پێ بسەلمێنین و، یان هیچ کارێکیان لەگەڵ نەکەین، بەڵکو بەلای ئێمەوە گرنگە شتی گرنگ یاخود شتە سەرەکییەکانیان پێ بسەلمێنین و، ئەگەر هەندێک شت ماوە بۆ دوا رۆژ هیچ زیانێکی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز مـەلامـەحـمـود فندی دێرشـەوی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەناوی خودا، بەڕێز مام جەلال، هاتنی بەڕێزتان بۆ پەرلەمان کوردستان جێگەی دڵخۆشی و ئومێدە بۆ خەڵکی کوردستان. چەند پرسیارێکم هەیە، بەڵام واباشتر بوو سەرکردەی هەموو حزبەکوردستانییەکان پێکەوە بهاتنایە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانیان بدابایەوە. ئەمە یەک. دووەم: ئایا ئەگەر (P.K.K)ە دەرنەچن لەسنوری کوردستان وخەباتی چەکداری خۆیان لەسەر سنوری دوەلی بەتاڵ نەکەن ئێوە هەڵوێستتان چۆن دەبێت؟.

سێیەم: ئومێد وداخوازی ئێمە ئەوەیە کەوا بەرپرسەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازەکانی کورد یەک بن، چ لە دەرەوە بێت یان لەناوەوە بێت. پێتان ناخۆش نییە ئەگەر بە لێدوانی هێژا مەسعود بارزانی بێت، یان بە لێدوانی جەنابت بێت لەلای ئێمە جیاوازی نییەو، گومان لەوەدانییە وئومێدمان وایە کەوا لێدوانی جەنابتان تایبەت بێت کەوا بە لێکدانی پارچەیەک لەکوردستانی عێراق لەگەڵ کوردستانێکی تر یەک پارچەبن، جا ئەمە پرۆژە بێت یان هەر شتێکی تر بێت.

چوارەم: هەڵوێستی حکومەتی کوردستان دەبێ چی بێت بەرامبەر میلیشیاتی ئەو حزبانەی کە لە دەرەوەی حکومەتدان؟. هەروەها هەڵوێست لەلایەن ئێوە دەبێت چی بێت وەکو حزبێک بەرامبەر ئەو حزبانەی کە دان بە فیدراڵی دانانێن بۆ کوردستان؟. ئیتر سەرکەوتنی ئێوە داخوازی ئێمە وهەموو کوردێکە ومیللەتیش لەئەستۆی ئێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس مامۆستا.

**بەڕێز جەلال تالەبانی:**

زۆر سوپاس بۆ مامۆستا، بۆ قسە خۆشەکانی وقسە سەریح و رەق و زەقەکانی. قسەکانی هەموو راست وزۆر خۆش بوون. ئێستا هەوڵ دەدەم وەڵامیان بدەمەوە.

براینە، خوشکینە، پێموایە هاوکاری ئێمەو پارتی گەیشتۆتە پلەیەکی بەرزو، هەروەها هاوکاری نێوان من و کاک مەسعود گەیشتۆتە پلەیەکی ئەوتۆ، دەمەوێ قسەیەکی کاک مەسعودتان بۆ بگێرمەوە. من وبەڕێزی لەئیدارەی واشنتۆن داوەت کرابووین، دانیشتوین پێکەوە یەک قسەمان دەکرد. یەکێکی دڵسۆزی کورد هەندێک قسەی کرد، گووتی نازانم یەکبوون چییە؟ بەڕێز کاک مەسعود وەڵامی دایەوە گووتی: ئێمەو یەکێتی پێکەوە شۆڕشمان کرد، پێکەوە راپەڕینمان کرد، پێکەوە گفتوگۆمان کرد، پێکەوە پەرلەمان و وەزارەتمان دامەزراند و من و مام جەلال پێکەوە هاتین بۆ لاتان و هەرلەم کۆبوونەوە پێکەوە لەگەڵتانین، هەر چی ئەو دەڵێ من دەڵێم باشەو، هەرچی من دەڵێم ئەو دەڵێ باشە. ئەی مانای یەکێتی چییە و چیتان لێمان دەوێ؟ باتێ بگەین بابزانین شتی زیاترو شتی پێویست چییە هەتا پێکەوە بیکەین. ئێمە لەسایەی خوادا زۆر یەکین و تەباین وهەڵوێستمان یەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە دوو مرۆڤ نەبێ هەمیشە وەکو یەک بن لەقسەکانیاندا، بەڵکو لەوانەیە دوو مرۆڤ مەسەلەیەک بەدوو جۆر بڵێن. جەنابت خۆت لە ئایینی ئیسلامی باش تێ دەگەیت زۆرجار (تعریب، مجتهد،مختلف)ی تەعبیریان لەیەک مەسەلەدا بەزمانی جیاجیاوە بووەو، خۆت دەزانی بۆ یەک جۆرە ئایەتی قورئانی چەند جۆرە لێکدانەوەیان کردووە با هەر چەندە لەناوەڕۆکدا یەک بگرنەوە، بەڵام لەوانەیە رستەو گۆتەی

جیاجیا هەبێت لەقەسەکردندا. ئەو مەسەلەیەی کە باست کرد، واتێ دەگەم رەنگە ئەو هەواڵە بێت کە بەناوی من بڵاوکراوتەوە، گوایە من گووتومە کوردستانی عێراق بچێتە سەر کوردستانی تورکیاوە. من دەمەوێ راستی مەسەلەکەت بۆ روون بکەمەوە، من لەرۆژنامەی (دەیلی نیوز)ی تورکیدا گفتوگۆیان لەگەڵدا کردم پرسیاریان لێم کرد ئەگەرەکانی کوردستانی عێراق چۆن دەبینی؟ منیش وەڵامم داوە و گووتم: سێ ئەگەر هەیە:

یەکەم:کورد لەگەڵ حکومەتی بەغدا پێک بێنەوە. ببێتەوە بەشێک لەحکومەتەکەی کە ئێستا نابێتەوەو نایکەین.

دووەم: لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا یەک بگرین وپێکەوە حکومەتێکی دیموکراتی لەبەغدا دابنێین بەمەرجێک مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد بسەلمێنێ.

سێیەم: سەدام لەبەغدا بمێنێتەوە وئێمەی گەلی کورد لەکوردستانی خۆمان، ئەوسا ئێمە کەوا ماینەوە دەبێت چاو بکەینە هاوپەیمانێتی تازە، وەلێی پرسیم و گووتی: هاوپەیمانێتی تازە مانای خستنە سەرە، ئینگلیزیەکەی(Anjexision) (ئەنکیزەیشن)ی بەکار هێنا. گووتم نەخێر، بەڵکو گۆرینە لەهاوپەیمانم وگۆرین نییە لە نەخشەکە، بەلام ئەگەر من پرسیارەکەم لێ بکرێت وبەشێوەیەکی تر بەسەربەستی وەلامی دەدەمەوە دەلێم، خۆزگە هەموو بەشەکانی تری کوردستان لەیەک لایان وخۆزیا کوردستان دابەش نەکراباو هەمووومان سەر بەیەک حکومەت باین. ئەو کاتە ئەو گیروگرفتانەی ئێستامان کەوا ئەم داگیرکردن و دابەش کردنەی بۆ دروست کردووین زۆری کەم دەبۆوە، وەپێشتر من ئەم قسەیەم کردووە وەئێستاش دەیلێمەوە ولەم کاتە ناسکەدا پێم وایە خەبات بکەین وبۆ عێراقێکی دیموکرات کەلە چوارچێوەکەیدا خەڵکی کوردستان یەک بگرێتەوە ئەمە پێمـوایە رایەکی ئاشکراو زەق ورەقی بەندەی دڵسۆزتانە، کە پێشکەشتانی دەکات. بۆ مەسەلەکانی تر کە جەنابت فەرمووت یەکیان مەسەلەی حزبەکانە، بێگومان ئێستا زەمانی ئەوە هاتووە کە هێزەکانی پێشمەرگە یەک بخرێ لەبەرئەوە نابێت هیچ حزبێک هیچ میلشیاتێکی هەبێت، یەکەم هێزی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ئینجا پارتی دیموکراتی کوردستان، پاشان حزبەکانی تر یەکە یەکە. زەمانی میلشیات تەواو بوو قۆناغ گۆرا، ئێستا زەمانی پەرلەمانی کوردستان و، دانانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانە. لەدونیا بووە حکومەتێک یان وڵاتێک، چوار پێنج لەشکری هەبێت؟ یان چوار پێنج سەر کردایەتی جیاجیای هەبێت؟ نییەو نەبووە.

ئێستا ئێمە بووینە حکومەت، پەرلەمانمان هەیە ئەنجوومەنی وەزیرانمان دەبێت بۆیە دەبێت هێزەکانمان یەک بگرێتەوە، من مەبستم ئەوەیە لەگەڵ پارتی ویەکێتی ئێمە دەبێت هێزەکانمان، پێشمەرگە یەک بگرێتەوە مەبەستمان ئەوە نییە تەنها بۆ پارتی ویەکێتییە، بەڵکو مەبەستمان

لەگەڵ هەموو لایەنەکانە واتا پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان بەپێی ئەو سیستەم ویاسایانە ئەو بنەمایەی کە ئێوە لە یاساکانتاندا داتانناوە، یەک بخرێ و رێک بخرێ واتە بەیانی، نەپارتی ونەیەکێتی ونەفلانە حزب دەورمان نامێنێ لە میلیشیات، هەموومان تەواو دەبین لەم رووەوە(دەوری میلیشیات)هەموومان بەیەک کات دەگوازینەوە بۆ دەورێکی تر ئەمیش لەشکرێکی یەکگرتووی مەشق پێ کراوی چاک هێنراو، باش چەکدار کراوو باش زاندراوی یەکگرتووی کوردستانە کە ئیتر لەژێر دەسەڵاتی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبێت، لەبەر دەستی حزبەکاندا نابێت.
دێینە سەر مەسەلەی فیدراڵی کە ئێمە هەڵوێستمان چی بێت ئەگەر لەدەرەوە نەیسەلمێنین؟
پێموایە ئەمەمان پێ گووتن کە بەناوی هەموومانەوە کاک مەسعود بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی گووت:
«من لەگەڵ برام مام جەلال قسەمان لێ کردووەو، مەشوەرەتم پێ کردووە پێتان دەڵێم ئەگەر بێتو ئەم مەسەلەیە نەسەلمێن ئێمە هاوکاریتان لەگەڵدا ناکەین».
ئەو بڕیارەی کە ئێوەش دەیدەن لە پەرلەماندا لەسەر مەسەلەی فیدراڵی، ئێمە دەیکەین بەبڕیارێکی پیرۆزو دەیبەین وەهەرچی بۆمان نەسەلمێنێت ئێمەش هاوکارییان لەگەڵ ناکەین، بەڵام پێموایە دەیسەلمێن وجێبەجێی دەکەن.
دەربارەی ئەو پرسیارەی کردت کە سەرکردەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد نییە.
من پێت دەڵێم باشە انشاءالله یەک دەبێت بەراستی، ئەگەر یەکگرتن لابدات زەرەرێکی گەورە دەکات وەزەرەرێکی گەورە لە خۆی ولە حزبەکەی دەدا.. وەزەرەرێکی گەورەش لەمیللەتەکەی دەدات بەناوی خۆم وکاک مەسعود بۆتان دووپات دەکەمەوە کەئێمە یەکین ویەک دەبین.
هیوادارم سەرکردەکانی تریش لەحزبەکانی تر یەک بگرن.. ئەگەر لە بیرتان بێ من جارێک شتێکم گوتووەو ئێستا شانازی پێوە دەکەم ئێستا شتی تری دەخەمە سەر:
یەکێک لەوشتانە کەمن شانازی پێوە دەکەم لەو بارەوە تەنانەت لەو کاتانەدا کەخەڵک وای دەزانی بەینی ئێمە وپارتی زۆر ناخۆشە وخراپە، من هەمیشە ئەو راستییەم دووپات دەکردەوە کە دەبێ ئەم خەونە ببەنە ناوگڵ کە جارێکی تر نێوان پارتی ویەکێتی تێک بچێتەوەو شەڕی براکوژی جارێکی تر رووبداتەوە لەکوردستاندا. ئێستا ئەم شتەی دەخەمە سەرو دەڵێم: دوژمن ئەو خەونەش دەباتە گڵ کە جارێکی تر ئەو هاوکاری وتەبایی وهاوخەباتییە یەکجاری ستراتیجی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتمانیی کوردستان تێک بچێتەوە یان بەینی مام جەلال وکاک مەسعودو، سەرکردایەتی بزاڤی رزگاری خوازی خەڵکی کوردستان تێک دەچێت، دوژمن هەتا ماوە بەتەمای ئەو خەونە بێت ولەگەڵ خۆیدا بیباتە ژێر گڵەوە.
-مەسەلەی(P.K.K)من بەدوورو درێژی باسم لێ کردووە ونیشانم داوە کە ئێمە بە هەموو شێوەیەک بەخۆشی، بەئاشتی تەنانەت بەتکاش داوامان لێ کردوون کە شەڕی خۆیان لە ئێمە

لابدەن، تووشی گێچەڵ وگیروگرفتمان نەکەن، بەلاّم ئەگەر هاتنە تووشمان، ئێمەش نیشانەی بۆ هەلدەگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر زۆر سوپاس، ئەگەر پەلەت نەبێت سێ چوار پرسیاری تر ماون..

**بەڕێز جەلال تالەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێچەوانەوە من لە خزمەت دامە، ئەگەردەڵێین تا ئێوارە بەردەوام دەبم.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من چەند بابەتێکم هەیە حەزدەکەم بەڕێز مام جەلال روونکردنەوەی دەربارەی پێشکەش بکات.

یەکەم: پشتگیری کردنی گۆڕەپانی عەرەبی بۆ ئەم تاقیکردنەوە دیموکراتیەی ئێمە زۆر پێویستە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم بەڕێز مام جەلال شتێکمان بۆ بلێ دەربارەی ئەوەی ئەو هەوڵ وتەقەلاّ هەیە لەلای ئەوان بۆ جێبەجێ کردنی شتی پێویست.

پرسیاری دووەم: کاک مسعود بەرامبەر پەرلەمان لە رۆژی ٩/٧ گووتی. کە سوریا ئامادەبوونی خۆی نیشان داوە لەبارەی ئابووری وپیشەسازی لەگەڵ ئێمەدا ئایا هیچ کراوە بۆ ئەم مەبەستە؟، سوپاس.

**بەڕێز جەلال تالەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلەی گۆڕەپانی عەرەبی زۆر گرنگەو، ئێمە ناتوانین هیچ کاتێک پشت گوێی بخەین و، پێویستە هەوڵی بۆ بدەین هەروەک هەوڵی زۆر دراوە لەو لایەنەوە.

سەفەری کاک مەسعود بۆ سوریاو، سەفەری بەندەی دلسۆزتان بۆ ئوردن هەروەها ئەو هەوڵ وتەقەلاّیەی داومانە بۆ میسر وەفدمان چووە بۆ ئەوێ ونوێنەری یەکێتی وپارتی تێدا بوو لەم سەفەرانەدا لەگەڵ برا عەرەبەکانماندا قسەکراوە، هەروەها پەیوەندیی کراوە بە ولاّتەکانی کەنداوو جەزائیر بەهەندێ ولاّتی جیا جیای تر بۆ ئەوەی مەسەلەی کوردیان بۆ روون بکەینەوەو، هەروەها پشتگیریمان بکەن بۆ رزگارکردنی گەلی عێراق وکوردستان لە دکتاتۆریەت، پێموایە ئەم هەولاّنە لەمەودوا زیاتر دەبن و، پەرەدەسێنێت.

دەربارەی ئامادەبوونی سوریا بۆ هاوکاری کردنمان، ئەوەی کاک مەسعود گووتویەتی بەڵێ راستەو وایان گووتوە، هیوادارین جێبەجێی بکرێ، بەلاّم هەوڵدان ئەگەر لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە نەبێت، دەبێت لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەوڵ بدرێ بۆ ئەوەی ئەم شتانە جێبەجێ بکرێن، کاک مەسعود ومن هەر ئەوەمان پێ دەکرێ لەو رووەوە بچین و بەڵێن و زەمانەتیان بۆ ساز بدەین وئەوەی دەمێنێتەوە دەبێت خۆتان ئەنجامەکەی وەربگرن.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز مام سەفەرەکەی بەڕێزتان بۆ ئەمریکا و ئەوروپا دیارە لە مێژووی میللەتەکەماندا بێ وێنە بووە.

ئایا بەڕێزتان و بەڕێز کاک مەسعود کارێکتان کردووە کە دەستکەوتەکانی ئەم سەفەرە رێک بخرێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، یان لەگەڵ وەزارەتی کاروباری پەیوەندییەکانی حکومەتی دەرەوەی کوردستان، لەم بارودۆخەدا تەنگانەدا کە ئێستا باری ئاوەدانی وئابووری میللەتەکەمان زۆر خراپە وەسەرما بەرێگەوەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز جەلال تالەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ کاک مەسعوددا هەر ناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و، ناوی ئەنجومەنی وەزیرانمان هێناوەو وامان هەوڵداوە کە هەموو یارمەتییەکان و، پەیوەندییەکان لەرێگەی ئەم دوو ئەنجومەنەوە بێت. هەروەهاپەیوەندییەکانی سیاسی لە رێگەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە بێت و، پەیوەندییەکانی دارایی وئابووری و یارمەتی مرۆڤایەتی و رۆشنبیری وتەندروستی شتی تر لەرێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبێت.

رێکخراوە مرۆڤ دۆست ومرۆڤ پەروەرەکانیش وامان کردووە لە رێگەی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا هاوکاری بکەن، بەڵام بەشێکی زۆری دەکەوێتە سەرخۆمان کە بتوانین ئەم رێکخراوە جیاجیانەی لە کوردستاندا هەن یەکیان بخەین، یان لەیەک ئەنجومەندا کۆیان بکەینەوە بەسەرپەرشتی وەزیرە پەیوەندیدارەکان، بۆ ئەوەی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن.

بەم شێوەیە ئێمە دەتوانین کارەکانمان بۆ پێشەوە ببەین و، بۆ دەرەوە دەربیخەین کە ئێمە کیانی پەرلەمانی و، وەزارەتی تایبەتی خۆمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی هێژا مام جەلال دەکەین، تەشریفی هێنانی بەڕێز مام جەلال بۆ پەرلەمان و، هەروەها هاتنی بەڕێز کاک مەسعود بۆ ئەنجومەن لەرۆژی ٩/٧، بێگومان پشتگیرییەکی زۆر گەورەیە بۆ ئەم دەزگا دیموکراتییە حەز دەکەم کەمێکیش هەستی خۆم دەربڕم بۆ یەکگرتنی هەردوو حزبەکە.

یەکەم: ئێش وئازاری میللەتی کورد تەنها خواردەمەنی و سووتەمەنی و ئاسایش نەبووە، بەڵکو

ئێش و ئازاری گەورەتری هەبووە ئەویش ساردی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و، یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە.
دووەم: گۆرانکارییەکان ئەویش حەز دەکەین کە زۆر کەم بن وەک بۆ چوونیان بۆ هەندێک مەسائلی سیاسی.
داوا لە مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبە دەکەین کە دامەزرانی تەشکیلاتی ئیداری بکرێ ئەویش گرفتێکی گەورەی ئەم میللەتەمان بۆ چارەسەر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز جەلال تالەبانی:**

زۆر سوپاس کاک ئیبراهیم. من پشتگیری هەموو ئەوبابەتانە دەکەم کە بەڕێزت باست کرد.
بڕیاری دراوە بەزووترین کات کۆبوونەوەیەک بکرێ بۆ ئەوەی هەموو مەسەلەکان بخرێنە گەڕو بۆ پێشەوە ببرێن، منیش لایەنگری ئەم ڕێگەیەم کەوا ئێمە بابەتی بنکەیی بەشتێکی گرنگ وەربگرین و، ئەوشتەی کە دەگۆڕێت لەناو خۆماندا باسی بکەین بەشێوەیەکی تەبایی وبرایانە.
بەتاقی کردنەوە بۆمان دەرکەوتووە کە ئێمە دەتوانین زۆر بەئاسانی بگەینە هەڵوێستی یەکگرتوو لەم هەموو مەسەلەیەکدا، چونکە ئێمە لەسەرچاوەکاندا، لە بنکەو مەبادیئەکاندا یەکین، جیاوازی تر جاروبار دەبێتە جیاوازی لەناو یەک مرۆڤدا، لەوانەیە لەناو یەک پارتدا دووشت یان دوو رای هەبێت، بەڵام ئەوکاتە دەبێت بەشێوەیەکی تەبایی وبرایەتی وهاوڕێیانە بێت نەک بەشێوەی دووژمنایەتی، من کە گووتم هاوڕێیانە واتە بەشێوەی هاوڕێیەتی هەموو مەسەلەیەک باس بکەین.
ئەگەر جەنابی سەرۆک ماوەم بدا کاغەزێک دەخوێنمەوە کە لە بەڕێز جەمیل عەبدی سندی بۆ من هاتووە، دەفەرموێ :
حضرة الاستاذ المناضل مام جلال الطالباني المحترم.
تحية وكرامة.
(نشكرك على كلمتك القيمة، واهتمامك المتزايد بالاتفاق الممتاز بين حضرتك ورئيس حزبنا المناضل مسعود البارزاني.
الاتفاق ممتاز بين الحزبين الرئيسيين في كوردستان العراق، وكان من المفروض ان يلتزم اعضاء وكوادر الحزبين بهذا الاتفاق، ولايلجأ الى اسلوب الاستفزاز. ففي الاسبوع المنصرم وعلى سبيل المثال نشر مقال في جريدة« كوردستان الجديدة »ل عضو البرلمان السيد سعدي احمد پيره وكان عنوان المقاله(گۆڕانەوەی هەڵوێستی کاک مەسعود بارزانی).

بۆیە ئەگەر نزیک بوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتمانیی کوردستان چەسپاو بێت «من المفروض ان لاتنشر مثل هذه المقالات الاستفزازية وكان من الحق والانصاف ان يقال ان الاتفاق بين (پ.د.ك) و(ي.ن.ك) من أجل مصلحة الشعب الكوردي ومن اجل خدمة الشعب، فأن خدمة الشعب ومصلحة الشعب فوق كل شئ ومن اجل هذا الاتفاق راجين الاطلاع والاهتمام مع التقدير).

**بەڕێز جەلال تاڵەبانی:**

من لەگەڵ «کاک جمیل»م ئەم هەڵبژاردنە، ئەم ڕێککەوتنە پەشیمان بوونەو گەڕانەوەی لایەک نییە، بەڵکو ئەم ڕێککەوتنە پێکهاتنی دوولایەنە لەسەریەک شت وئێمە پێویستە ڕاستییەکانمان لە بیر بێت لەوانەیە ڕای جیامان بوو بێت، بەڵام ئەم گۆڕانە هەر لەناو پارتی نەبووە، بەڵکو لە ناو یەکێتییش بووەو لەناو هەموو حزبێک و،لەناو بەرەی کوردستانیشدا بووە، بۆیە ئێمە دەبێت بەم شێوەیە قسە بکەین کە ئێمە هەردوو لامان پێک هاتووین لەسەر ئەم مەسەلەیە دەبێت قسەیەک نەکەین کەوا بۆنی لێ بێت ورابردوو بەشێوەیەکی ڕاست ،یان ناڕاست بژێنێتەوە دەبێ بۆ پێشەوە بڕۆین و تەماشای داهاتوو بکەین واقسە بکەین کەوا ئێمە یەکین وپێکهاتووین. من لە ئەمریکادا زۆر شەرمەند دەکرام لەسەر ئەم مەسەلەیە بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەت ئەو پرسیاریان لێ دەکردم. وەڵامەکەم ئەوە بوو دەمگووت ئێمە پێکەوە گفتوگۆمان کردو، پێکەوەش کۆتاییمان پێ هێنا.

کاتی گفتوگۆکردنەکە لەوانەیە بۆچوونی جیاجیامان هەبووبێت نەک هەر لە نێوان پارتی و یەکێتیدا، بەڵکو لەوانەیە لەناو یەکێتی خۆیدا وەیان لەناو پارتی خۆیدا ولەناو بەرەی کوردستانی خۆیدا، زۆرجار لە کۆبوونەوەی برادەرێکی پارتی وەیان برادەرێکی یەکێتی هەڵوێستێکی هەبوو برادەرێکی تری پارتی لەگەڵ برادەرێکی تری یەکێتی هەڵوێستێکی تریان هەبوو، لەبەر ئەوە دەبێت بەهەموو شێوە.. یەک مەسەلە باس بکەین کە ئێمە پێک هاتووین وپێکهاتنەکەمان لە هەموو بارێکەوە هاوبەشە و، ئەم پێکهاتنە بۆچوون وهەڵوێستی هەردوو لامانە دەبێت بەهەموو شێوەیەک ئەم ڕێککەوتنە بەرەو گەشەکردن بەرین، نابێت بەهیچ شێوەیەک ماوەی ئەوە بدەین کە هیچ قسەیەک یان هیچ وتەیەک بۆنی ڕابردووی لێوەبێت و، ئەم ڕێککەوتنە بریندار بکات وگەردی بخاتە سەر.

نامەیەکی ترم بۆ هاتوو لەلایەن بەڕێز عەبدوڵڵا حاجی ئیبراهیم:

بەڕێز حاجی ئیبراهیم سەبارەت بە مەسەلەی هەڵبژاردن پرسیارم لێ دەکات ودەڵێ : پەیمانی ئەوە دراوە لە لایەن بەڕێزتان وکاک مەسعود وحزبەکانی ترەوە کە هەڵبژاردن دەبێتەوە، ئایا ئێوە ئەم مەسەلەیە چۆن چارەسەر دەکەن؟.

بەراستی من تا ئێستا ئەم مەسەلەیەم بە دوودرێژی لەگەڵ کاک مەسعودو هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتیدا باس نەکردووە، بەڵام پێویستە من ئەم راستییە بڵێم کە ئێمە لەم مەسەلەیەدا لەسەر شتی بنەڕەتی یەکین کە ئەویش ئەوەیە دەبێت لەسەرەتادا یاسای هەڵبژاردن دەربچێت، پاشان سەرژمێری لە کوردستاندا بکرێت، هەروەها مەرەجەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد بێتەدی، کە ئەو هەلومەرجانە هاتەکایەوە ئەوکاتە ئێمە هەردوو لامان لایەنگیری ئەوە دەبین کە ئەم هەڵبژاردنە بکرێت. بێگومان ئەمەش بە پەلە پەل ناکرێت، بەڵکو دەبێ شتێکی وابکەین کەبە چاکی و پاکی بێت و هەڵبژاردنێکی وابکرێت کەهەموو جۆرە گلەیی و وپروپاگەندە لەبنەڕەتەوە ببڕێت ونەهێڵدرێت، بێگومان ئێمەش هەردوو حزب پێمان خۆش بووکەوا هەموو لایەنەکان بەشدار بن ولە بیرتان بێ ئێمە لەکاتی خۆیدا دوای هەڵبژاردن پێش بڵاو کردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەو رێککەوتنەمان کرد کە ئێمە رازین ئەگەر بڕیارێک دەرچێت لە سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانییەوە کە ئەوکاتە دەسەڵاتی لەدەست مابوو کەئەو بڕگەیە هەموار بکات کە (٧٪)ەکە نەهێڵێ بۆ ئەوەی حزبەکانی تریش بەپێی ئەو دەنگەی هێناویانە بەشداربن کە دەیکردە (١١٪ ١٢٪)، بەڵام حزبەکان خۆیان نەیان کرد، ئەگینا هەموویان دەیانتوانی بەشداربن لەپەرلەمانی کوردستاندا وئێستا لێرە لەگەڵ ئێوە بەشداریان دەکرد، چاکترین بەڵگە ئەوەیەکە ئێستا ئێمە وەک دوو حزب نامانەوێ لایەنەکانی تر دوور بخەینەوە. وەکو ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا بەشدارمان کردوون و، ئەوانەی لەوێشدا نەبوونە هەوڵی ئەوەمان داوە کەبێن و، بەشداربن وئێستاش ئێمە لایەنگیری حکومەتی ئیئتلافیین و، لایەنگیری ئەوەین کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان هەموو لایەنەکانی تیابێت.

**بەڕێز یەعقوب دەفەرموێ:**

تکایە (شعب الشقیق)ی ئاشورییەکانتان لە بیرنەچێت لەکاتی دابەشکردنی لیستی قایمقامەکان و بەڕێوەبەری ناحیەکان بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە لێی نیشتەجێن.

من دڵنیای کاک یەعقوب دەکەم کە چۆن لەپەرلەمان وئەنجوومەنی وەزیراندا لەبیرمان نەکردن لە خوارتر هەر لەبیریان ناکەین، بەڵام هیوادارم بەڕێز یەعقوب وا تێ نەگات وەزیری گواستنەوە بێت لە هەمان کاتیشدا بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد وەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێز مام جەلال دەکەم، پرسیارێکم هەیە لەبارەی بەرەی کوردستانی. ئایا دەوری بەرەی کوردستان چی ئەبێت دوای دامەزراندنی پەرلەمان وحکوومەت؟، سوپاس.

**بەڕێز جەلال تالەبانی:**

خوشک و برایانی خۆشەویست من دەمەوێ لەسەر ئەم مەسەلەیە زۆر بەروونی قسە بکەم.
ئێمە هەردوولا (پارتی ویەکێتی) لایەنگرین لە گەشەپێدانی کوردستان بەڵگەمان ئەوەیە پێش کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆن دەست پێ بکات، ئێمە کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵ بەرەی کوردستانی پێمان گووتن کەوا بێن پرسیان پێ بکەین کەوا هەڵوێستمان چۆن بێت بەرامبەر ئەم ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی و؟ چۆن قسە بکەین؟.
کاک عەبدولخالق خۆی بەشدار بوو لەم کۆبوونەوەیەداو،ئاگاداریشە کە بڕیارمانداوە ئێمە کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی بکەین و، مەسەلە گرنگەکان باس بکەین، هەروەها ئەرک وفەرمانەکان بخەینە بەرچاوەوە، انشاءالله هەموومان پێکەوە ئەم کارانە جێبەجێ دەکەین.
واتە بەکورتییەکەی ئێمە لەگەڵ بەرچاوکردنی گۆڕانکارییەکانین، بۆ نموونە جاران دەرکردنی یاسا پەیوەندیی بەبەرەی کوردستانییەوە هەبوو، بەڵام ئێستا پەیوەندیی هەیە بە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە، جاران حوکمرانی پەیوەندیی بەبەرەی کوردستانییەوە هەبوو ئێستا ئەرکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانە، هەروەکو لە وڵاتاندا پەرلەمان وحکومەت هەیەو، وەبەرەکان، چ دەورو ئەرکێکیان هەیە لێرەش ئەوە دەبێ.
لە پرسیاری هەندێ لە ئەندامەکان بۆنی ئەوە دەکەم هەندێک برادەر بترسێت لەوەی کەوا ئەم دوو زل هێزە (پارتی ویەکێتی)، ئەگەر یەکیان گرت ترس نامێنێ بۆ مناوەرات ویاری وئەمانە؟.
انشاءالله مناوەرات وئەم یارییانە نامێنێ لە نێوان ئەم دوو حزبەدا، چونکە لەراستیدا چەندی ئەم دوو حزبە سەرەکییە یەک بن وتەبا بن کوردو بەرەی کوردستانی وئەنجوومەنی وەزیرانی وئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان هەمووی سوود وەردەگرن، بۆیە پێویستە ترسی ئەوەمان نەبێت ئێمە انشاءالله مافی کەس ناخۆین ڕێزو حورمەتی کەس لەبیر ناکەین وەپێویستە برادەران وهەموو لایەک دڵنیا بن کە ئێمە ڕێزمان هەیە بۆ خەباتیان وتێکۆشان وهاوکارییان پێیان خۆشە تەبابین لەگەڵیانداو،هیچ هۆیەک نابینم کە ئەمان پێیان ناخۆش بێت ئەم دوو هێزە سەرەکییە یەک بگرن، لەبەر ئەوە پێموایە دەبێت زۆربان پێ خۆش بێت.
ئێمە ئەگەر تەبابین و یەک بین لە بەرژەوەندی هەموو کەسێکە لە کوردستانداو، دەمەوێ پێتان بڵێم تەبایی ویەکگرتنی ئێمە لەسەر حیسابی کەس نییە بەپێچەوانەوە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ برا هاوپەیمانانمان تەبابین وسەرئێشەی ئەم لاو ئەولاتان لە کۆڵ دەکەینەوە، بۆ ئەمەش لەهەردوو سەرەوە قازانجی هەموو لایەکە ئەگەر بەدوور بینییەوە تەماشای مەسەلەکە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەگەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز جەلال تالەبانی دەکەم. من چەند خاڵێکم هەیە پێویستی بە روونکردنەوە هەیە:

یەکەم: پێشنیار دەکەم ئەو بەشەی لە قسەکانی بەڕێز مام جەلال کەپەیوەندیی بە کۆنترۆڵی سنوورەکانەوە هەیە ببێتە بڕیارێکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و، ئەرکی جێبەجێ کردنی بخرێتە ئەستۆی ئەنجوومەنی وەزیران.
دووەم: سەبارەت ئەو کەسانەی کە پسپۆڕن لە کوردستاندا ئێستا هەوڵ دەدرێت بۆ ڕاکێشانیان بۆ دەرەوەی وڵات بەتایبەتی بۆ وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، داوا لە بەڕێز مام جەلال دەکەم کەگرنگی بەم مەسەلەیە بدات.
سێیەم: ئایا هەڵوێستی میسر چۆنە، ئێستا لەگەڵ کێشەی کورددا؟، سوپاس.

**بەڕێز جەلال تالەبانی:**

زۆر سوپاس بۆ کاک فرەنسۆ، بۆ بەخێرهاتن و قسە خۆشەکانی.
دیارە من ئەندامی پەرلەمان نیم، بەڵام مادام من هاتووەو پرسیارم لێ دەکەن لەبەر ئەوە دەبێت منیش وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە من لایەنگیری ئەوەمە کە ئەمە ببێتە بڕیارێک، ئەگەر پێتان باش بێت، هەروەها دەمەوێ بەم بۆنەیەوە ئەوەتان بخەمەوە یاد کە هەرچی زووتر بێت بڕیاری فیدراڵی و، مەسەلەی دەستورو قانوونەکان چارەسەر بکەن، چونکە ئەم مەسەلانە زیاتر یارمەتی ئێمە دەدەن لە قسەکردنمان لەگەڵ حزب وحکومەت ولایەنەکانی دەرەوە، ئەو کاتە پشت ئەستور دەبێت بە بڕیاری ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان و(ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان) قسەمان دلێرتر دەبێت لە ئاستی دنیادا کە بڵێین ئەمە بڕیاری خەڵکی کوردستانە، ئێمە وەکو دوو سەرۆک حزب ناتوانین لێی دەربچین بەتایبەتی ئەگەر بڕیارەکە گشتی بێت ئەو کاتە زووتر دەبێت لە رای یەک لایەن هەتا ئەگەر نیواو نیویش بێت، لەبەرئەوە دەبێت بەرای زیاتر بیخەنە بەر رای خۆتان.
-مەسەلەی دزینی پسپۆڕەکان، بەراستی ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە و، قسەکەی بەڕێز فرەنسۆ زۆر لەجێی خۆیەتی، نەک هەرنابێت، ئەمانە لە سنووری کوردستان بچنە دەرەوە، بەڵکو بە رای من دەبێ هەوڵ بدەین بۆ هێنانەوەی ئەوانەی لە دەرەوەن، هەروەها پێویستە هەوڵێکی زۆر بدەین لەرووی سیاسی و دابین کردنی ژیان وگوزەرانەوە هانیان بدەین کە لەکوردستاندا بمێنن.
ئەمجارە لە ئەوروپادا داخوازییەکمان داوە بەهەندێک لە زانکۆکان کە ئەو مامۆستا کوردانەی لەم زانکۆیانە کار دەکەن بە ئیفاد بیانگەڕێیننەوە بۆ کوردستان بۆ ماوەی یەک دوو ساڵێک، واتە پارەکەی ئەوان بیدن و خۆیان بێنەوە تاکو ئێمە وردە وردە لە کوردستانی خۆمان وردە وردە دەیان هێڵینەوە.
هەروەها پێویستە لە رووی سیاسیەوە مامەڵەی باشیان بکەین بۆ ئەوەی خاوەن پسپۆڕەکان بێنەوە بۆ کوردستان و، پێویستە ئێوەش یاسایەکیان بۆ دەربکەن، هەروەها لە دەزگاکانی راگەیاند هانبدرێن و، هۆشیار بکرێنەوە کە نەچن بۆ دەرەوەی وڵات.

سەبارەت بە مەسەلەی ئەمن و ئاسایش دەمەوێ بڵێم هەتا زووترە ئەمن وئاسایش دابین بکەن، ئارامی بۆ ژیانی خەڵک دابین بکەن ئەوکاتە باشتر دەتوانین ئەم کارە جێبەجێ بکەین و، خەڵک هان بدەین بە ئارەزووی سەربەستی خۆی، نەک بە زۆر یان بەشتی تر بەشداربێت.

دەربارەی هەڵوێستی میسر، ئەوەی راستی بێت میسر بەگەرمی پێشوازی لە کۆنگریسی ڤیەناو بریارەکانی ڤیەنا کردو ،ئەو وەفدەی لە کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی کە لەکۆنگریسی ڤینا هەڵبژێردرا دوو کوردی تیابوو کاک موحسن دزەیی ود.نەقیب رەشید لە نوێنەرانی پارتی ویەکێتی بوون، لەوێ لە میسر زۆر رێزیان لێ گیرابوو، جیا لە وەفدی عێراقی لەوێ لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی کۆماری میسری کۆببوونەوەو، گفتوگۆی لەگەڵدا کردبوون و، داوەت نامەیان پێدا بوون، بۆ کاک مەسعود و، بۆ بەندەی دڵسۆزتان کەوا سەردانیان بکەین.

هەڵوێستی میسر دەتوانین بڵێین ئێستا ئیجابییە تەنانەت لەکاتی ئەو قسەیەی کردیان لەسەر هێڵی(٣٢) کە دەڵێن: ئێمە دژی دابەشکردنی عێراقین ودژی ئازار دانی کوردو، عەرەب و،شیعەو، عەرەبی سونین لەلایەن حکومەتی عێراق و،دەبێ ئەمانە مافی چارەی خۆنووسینیان هەبێت لە چوارچێوەی عێراقدا.

پێموایە ئەمە هەڵوێستی حکومەتە، بەڵام لەناو خەڵکیدا پشتیوانی زیاترمان هەیە بۆ مەسەلەو، کێشەی کورد.

ئەگەر رۆژنامەکانی میسر تەماشا بکەن، چەندین رۆژنامەنووسی ناودار باسمان دەکەن و، بەرگری لەمافەکانمان دەکەن .

سەبارەت بەو گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ ئێمەدا کردیان، حکومەتی میسری لە دەرەوە بۆ رۆژنامەی (صوت العرب)و، بۆ رۆژنامەکان تر رایگەیاند هەمووی بڵاوبکەنەوە کە ئێمە تیایدا باسی مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی عێراقدا و، باسی مافی عێراقێکی دیموکراتیمان کردووە، هەروەها مافەکانی ترو گەلی کوردمان کرد.. رێ درابوو کە بڵاو بکرێتەوە پێموایە زەمانێکی باش هەیەو، کەش وهەوایەکی باش هەیە کە انشاءالله لەسەفەری داهاتوودا ئەمەش خۆشترو باشتر بێت، بۆ ئەوەی داوا لە حکومەتی میسر بکەین کەوا پشتگیری لە خەباتی گەلی کوردمان بکرێت وەکو وڵاتانی ئەوروپا هەروەکو ئێستا بریاریان داوە کەوا پشتگیری لە خەباتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بکەن. بەڵێنیان داوە نووسینەگەیەک بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەقاهیرەدا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندیی بەردەوام بێت لەنێوان حکومەتی میسرو، کورددا کەبەردی بناغەیە تیایدا، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارەکان کۆتاییان پێ هات.. بەناوی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە، ئەگەر بەرێز

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ماوە بدات بەناوی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانیشەوە سوپاسێکی گەرمی بەڕێز مام جەلال دەکەین بۆ ئەو وتارە، بۆ ئەو روونکردنەوانەو، وەلامدانەوەی پرسیارەکان. بێگومان ئەم هاتنەو، ئەم وتە بەنرخانەی بۆ پشتگیریی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، ئەنجوومەنی وەزیران گوڕوتینێکی تری خستە ژیانی پەرلەمانی کوردستان و،گۆڕینێکی تریشی خستە ناو ژیانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ ئەم ئەزموونەش کە هەمانە بەتەئکید تەکانێکی ترە کە زیاتر بەدڵنیاییەوە بۆ پێشەوە بڕۆین، ئەمەش بێگومان لە ئەنجامی ئەو برایی وتەباییەیە کە لە نێوان هەردوو رێکخستن هەیەو ئەو رێککەوتنەشی کە بەم لە نێوان بەڕێز مام جەلال وبەڕێز کاک مەسعود ئیمزا کراوە، ئەم هەنگاوانە.. ئەمانە هەمووی دەبێنە مایەی ئەوەی کە ئێمە پڕ بەدڵ پشتگیری لێ بکەین. هیوادارین ئێمەش بتوانین ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانمانە ئەنجامی بدەین لەپێناوی چەسپاندنی دیموکراتیەت و، لەپێناوی دابین کردنی ئەمن وئاسایش وئەو پێویستییانەدا کە ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان لەبەری ناڵەناڵیەتی، هیوادارین بتوانین جێ بەجێی بکەین.

جارێکی تریش سوپاسی بەڕێز مام جەلال دەکەین و، ەداوای سەرکەوتنی بۆ دەکەین ولە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیی گەلی کوردستاندا پشتگیری لە هەوڵ و کۆششەکانی دەکەین دەکەین.

سوپاس بۆ هەموو لایەک... دانیشتنی ئەمڕۆشمان بەم جۆرە دێتە کۆتایی.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **ئەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٣٦)

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٩

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(٣٦)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٢/٩/٢٩

***كاتژمێری(١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی١٩٩٢/٩/٢٩ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەنی و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژماره(٣٦)ی خولی ئاسایی یەكەمی، ساڵی یەكەمی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و،بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنەكەی دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١ـ بڕیاردان لەسەر شێوەی دوا دەقی یاسای وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە پاش هەموار كردنی لە لایەن ئەنجوومەن و دارشتنەوەی لە لایەن لیژنەی یاسایەوە.***

***٢ـ بڕیار دان لەسەر شێوەی دوا دەقی یاسای پاراستنی بێگانەكان و ئەوانەی لەگەڵیاندا كار ئەكەن پاش هەمواركردنی لەلایەن ئەنجوومەن و دارشتنەوەی لەلایەن لیژنەی یاسا.***

***٣ـ بەرچاو خستنی ڕاپۆرتی لیژنەی كاروباری دارایی وئابووری دەربارەی كێشەی وەكیلەكانی كەلوپەلی خواردەمەنی لە كەلار و سلێمانی.***

***٤ـ تازه بابەت.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی كاری دوێنێمان تەواو نەبووه وئێستا تەواوی دەكەین، خاڵی یەكەمان تەواو كرد و، ئێستاش دێینەوه سەرخاڵی دووەم.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

حەز دەكەین كەوا خاڵێكی تر بخەینە سەر بەرنامەی كار ئەویش چۆنێتی وشێوەی بەستنی كۆبوونەوەكانی ئەنجوومەنە ،با لە هەفتەیەكدا یەك كۆبوونەوه ببەسترێ، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەگەر دەكرێت خاڵێكی تریش بخرێتە سەر بەرنامەی كار، ئەویش لەسەر بزووتنەوەی ئیسلامی كە لە مزگەوتەكاندا منداڵ بانگ دەكەن بۆ شوشتنی مێشكیان و دەتوانم باشتر ڕوونی بكەمەوه

و، خالێکی تریش هەیە لە تازەبابەت مەسەلەی نرخی چیمەنتۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە دەربارەی چۆنێتی بەستنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، ماوەیەک پێش ئێستا بڕیارمان دا کەوا لە دووشەممەوە تاوەکو چوارشەممە بەیانیان و ئێوارانیش کۆبوونەوە ببەسترێ، بەیانییان دەستی پێ بکەین تاوەکو تەواو دەبێ و، لە سەعات دوو نیو تاوەکو چواری ئێوارە پشوودانەو لە چوارەوە دەستی پێدەکەینەوە، وهەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان لە بەر نەبوونی جێگا بۆ پشوودانیان دەڵێن ماوەکە باسەعاتێک بێت و، پێشنیارێکی تریش هەیە دەڵێ هەر لە بەیانیەوە دەستی پێبکەین تاوەکو تەواو دەبێ ئیتر هەرچەندی خایەن، بەڵام ئەمە لە رووی یاساییەوە نابێ، چونکە مرۆڤ کە برسی وماندوو بوو ناتوانێ بە دروستی گفتوگۆی فیکریی و، پاش هەموار کردنی پێشنیاری یەکەم دەیخەینە پێش چاوتان بۆ ئەوەی دەنگدانی لەسەر بکەین، ئێستاش کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە بادەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بزووتنەوەی ئیسلامی بەتایبەتی لە مزگەوتە (شعبی)ەکاندا هەوڵی ئەوە دەدەن منداڵی تەمەن لە نێوان(٨ ـ١٦)رایان کێشن وهەڵیانخەڵەتێنن ومانگی (١٠٠تا ١٥٠)دیناریشیان بدەنێ، وەکو پارەی گیرفان بەناوی ئەوەی کە فێری قورئان و سوونەتیشان دەکەن و، بڕێکیان دەخەنە ناو ریزەکانی خۆیان ودەیانکەن بە چەکدار، لەوانەیە هەتا دوو ساڵیتر ئەم دیاردەیە کارێکی وای نەبێت، بەڵام لە داهاتوویەکی نزیکدا من بەمەترسیەکی زۆر گەورەی دەبینم، پێویستە ئەو بابەتە باس بکرێت وچارەسەریش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بزووتنەوەی ئیسلامی نوێنەری هەموو موسڵمانەکانی کوردستان نییە، بەڵکو یەکێتی زانایانی ئیسلامی نوێنەری موسڵمانەکانن و، دەبێ ئەوان هەستن بە زاخاودانی مێشکی منداڵانی کورد بە ئاینی ئیسلام و کوردایەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەسەلەیە دەهێڵینەوە بۆ وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی، چونکە ئەوە ئیشی ئەوانە، با بزانین ئەوان چ ئیجرائاتێک بەرامبەر بەم مەسەلەیە دەکەن.

ئەندامە بەڕێزەکان بە بەردەوامی نامە و پرسیارمان بۆ دەنێرن و، هەر ئەندامێک لە یەک پەڕەدا سێ، چوار پرسیار دەکات، ئەگەر وا بڕوا ئەوا ئەبێ هیچ نەکەین هەر پرسیار ئاراستەی وەزارەتەکان بکەین و، ئەوانیش هیچ ئیش نەکەن تەنها وەڵامی پرسیارەکانی ئێمە بدەنەوە، دەبا تۆزێک رەحم بە دەسەڵاتی راپەڕاندن بکەین.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە ئێمە لە سەرەتاوە خاڵێکی ترمان چەسپاند کەشتێک لێرە بدۆزینەوە کە پێی دەڵێن (کۆشن تایم)، بەڵام تەنها پرسیارەکان جیا بکرێتەوە بەگوێرەی وەزارەتەکەی وبۆیان رەوانە بکرێت، تاوەکو خۆیان ئامادە بکەن بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تاوەکو ئێستا ئێمە بڕیاری ئەوەمان نەداوە کەی (کوەیشن تایم) دانێین، دەبێت دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان رۆژێک دەسنیشان کەن بۆ ئەوەی کە حکومەت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بزانێ ئەو رۆژە کەیە وخۆی بۆ ئامادە بکات، دەبێت هەردوو کتلەکە لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی وچەند پسپۆڕێکی شارەزای ناو پەرلەماندا ئەو بەرنامەیە دابڕێژنەوە، چونکە نابێت وەزیرە بەڕێزەکان بانگ کرێن بۆ ئێرە و راستەوخۆ پرسیاریان ئاراستە بکەین بێ ئەوەی پێش وەخت هیچ زانیاریەکییان دەربارەی پرسیارەکە هەبێت، هەروەها پرسیارەکان دەبێت بە بەڵگەوە بن، چونکە پرسیار کردنیش بنەمای خۆی هەیە و، پرسیارەکانیش دەبێت لە لایەن فراکسیۆنەکانەوە بژار بکرێت وپوخت بکرێت پاشان ئەندامێک دەسنیشان بکرێت بۆ خوێندنەوەی پرسیارەکان، یا هەر کەسەو خۆی پرسیارەکەی خۆی بخوێنێتەوە، هەروەها دەبێت پرسیارەکان بە نووسین پێشکەش بە فراکسیۆنەکان بکرێت وناوی ئەو ئەندامەشی لەسەر بێت کە پرسیارەکەی کردووە.

سەبارەت بە مزگەوتەکان، جارێ با بزانین وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی چۆن رۆڵی خۆیان دەبینن.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەکە گرنگترە، جا ئەگەر راتان وایە کە وەزارەتی ئەوقاف هەستێت بەم کارە ئەوە من قسەکەی خۆم دەکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتەکان ناتوانن بەتەواوی ئیشوکاری خۆیان جێبەجێ بکەن ئەویش لەبەر ئەوەی کە تاوەکو ئێستا یاسای وەزارەتەکان تەواو نەبووەو پەسەند نەکراوە، جا ئەگەر پەلە بکرێت لە تەواو کردن و پەسەند کردنی یاسای وەزارەتەکان بۆ ئەوەی هەستن بە ئیشوکارەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە هەندێ وەزارەت هەیە کە تاوەکو ئێستا یاساکەیان پەسەند نەکراوە، بەڵام خۆ نیزامی کۆنیان هەیە کە لەسەری برون، هەروەها پرسیار لە وەزارەتەکان دەکەین تا بزانین مەسەلەکە چۆن دەبێت وپاشان وەڵامتان دەدەینەوە.

سەبارەت بە مەسەلەی چیمەنتۆ ئەوە وەکو پرسیار ئاراستەی وەزارەتی پیشەسازی و وزە کراوە و، چاوەڕوانی وەڵامیان دەکەین.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با مەسەلەی (کلیە شەریعە)ی دهۆک کە گوایا کراوەتەوە بخرێتە بەرنامەوە و، پەیمانگای شەریعەش کراوەتەوە حەز دەکەین ئەو مەوزوعەشمان بۆ روون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پێشنیارێکمان هەیە ئەویش باسی کۆلێژی شەریعەیە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم پێشنیارە باس بکەین با دەست بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە باسکردنی بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

ئێستا دێینەوە سەر پرۆگرامی خۆمان.. ئێمە کە شتمان بۆ دێ بەپێی گرنگی دەخرێتە پرۆگرامی رۆژەوە و لە تازەبابەتدا هەردوو کتلەکە بۆیان هەیە پێشنیارو تێبینی و شتی تازەی خۆیانی بۆ زیاد بکەن، وەکو پێشنیاری چیمەنتۆ، کاتی خۆی پێشنیاری چیمەنتۆمان کردووە وناردوومانە مەعقول نییە ئێستا رایکێشینەوە، تاوەکو حەوت رۆژی تر ماوەیان هەیە کە وەڵام بدەنەوە پاش ئەو حەوت رۆژە ئێمە لێیان دەکۆڵینەوە، بەڵام کاتێ کە وەڵامەکەیان دێتەوە ئەوە دیخەینە بەرنامەی کارەوە وهەر ئەندامێک پرسیار، یا تێبینی هەبوو ئەوە بۆی هەیە بیکات.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەی لیژنەکان حەقیان نییە لە رێگای خۆیانەوە پێشنیار ئاراستە بکەن؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکانیش کە هەموویان ئەندامی پەرلەمانن بۆیان هەیە وەکو هەموو ئەندامانی تری پێشنیاری خۆیان پێشکەش بکەن.

ئێستا دێینەوە سەر بابەتی خۆمان کە گفتوگۆ کردنی یاسای پێشمەرگەیە و، گەیشتینە خاڵی (٥) لە مادە(٤)دا ئەویش ئەوە بوو کە (هیئة توحید پیشمەرگة) بمێنێت ،یا نەمێنێت، ئەوە بوو بڕیار درا کە بکرێتە (للوزارة تشکیل هیئة مؤقتة للاختصاص)، ئێستا دێینە سەر مادە(٥)، کەس تێبینی لەسەر ئەم مادەیە هەیە؟ وادیارە کەس تێبینی نییە، واتا دێینە سەر مادە(٦)، دیارە کەس تێبینی نییە، دێینە سەر مادە(٧) کێ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کاتی خۆی لەگەڵ بەڕێز وەزیر پێشمەرگەش باسمان کردووە، کە سیستەم لە رێنمای بەهێز

تره، واته سیستەم لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئەگەر برادەرانی لیژنەی پێشمەرگە هەر تێبینییەکیان هەبێت ئێمە ئامادەین گوێی لێ بگرین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەبنەڕەتدا وا هاتووە(يتم اعداد الهيكل التنظيمي للوزارة بنظام خاص) پاش گفتوگۆ کردن لەسەر وشەی(النظام)، چونکە خۆی دەڵێت (بنظام تصدره الوزارة)، جەنابت دەفەرموێ سیستەم بەهێز ترە لە ڕێنمایی، یان دەبێت بڵێین: ئەنجوومەنی وزیران ودوایی دەیکەین بە ڕێنمایی، جا کامیان بەهێز ترە؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سیستەم مەبەستمان ئەوەیە ئەنجوومەنی وەزیران دەری دەهێنێ..واتا وەزیری پەیوەنددار دەری دەکات، پێشنیارەکە هەر هی لیژنەی یاسای بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا دەقەکەی روونە(يتم اعداد الهيكل التنظيمي للوزارة بنظام خاص بما يحقق اهدافها وادارة شؤون ال(پیشمە رگة) من النواحي العسكرية والادارية والمالية والقانونية) واتای وادێ کە ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت یاسای خۆی دەربکات هیچ گرفتی نییە، ئەگەر هیچ کێشەیەک نییە با ئەویش وەکو خۆی بڕوات، مادە(٨)هیچ تێبینیەک هەبوو؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(منح الرتب الدائمية تبعا للقوانين المرعية) پێشان قوانين المرعيە نەبوو، ئەوە بە ڕەزامەندی-ئەنجوومەن کراوە، ئەوە یەکەم، دووەم (للوزير اعادة العسكرية خارج الاسباب كوردايه تي وفقا للمتطلبات الضرورية والحاجة وبناء على جهة مختصة للوزارة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەنگی لەسەر دراوە، مادە(٩و١٠)هیچ تێبینییەکییان لەسەر نییە، دێینە سەر مادە(١١)لام وابێ لەسەر پێشمەرگە تێبینی هەبوو و، وتتان کە لەسەری رێککەووتوین.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(نظرا لتوحيد فصائل پيشمەرگة الكوردستانيين)خۆی بە شێوەی کوردستانیین بوو نەک کوردستان دەقەکە واهاتووە، وابزانم لە چاپخانە هەڵەی لێ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(نظرا لضرورة توحيد فصائل البيشمەرگة كوردستان) وا چەسپاوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەم شێوەیە هەمواری دەکەین(نظرا لضرورة توحید فصائل پیشمه رگه الکوردستان وحاجة أقلیم الکوردستاني لقوة منظمة لحمایة)، ئەمە بوو یاسای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، ئەگەر هیچ تێبینیتان نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ یاساکەیە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ کەس نییە، کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

پیرۆزبای لە گەلی کوردستان وپێشمەرگە نەبەردەکانمان دەکەین وهیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.

دووەم: بڕیاردان لەسەر پاراستنی بێگانە(اقرار القانون لحمایة الاجانب والعاملین مع المنظمات الامم المتحدة) لەدانیشتنی پێشوودا تەنهاپێشنیارێک هەبوو ئەویش گفتوگۆی لەسەر کرا، ئێستا تەنها پێناسەی (اجنبی)ماوەتەوە، ئەویش با لیژنەی یاسا پێناسەکەمان بۆ بخوێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانون رقم«٦»لسنة١٩٩٢قانون حمایة الاجانب والعاملین مع منظمات الامم المتحدة والمظمات الانسانیة في اقلیم کوردستان العراق:

المادة الاولی: یقصد بالتعبیرین التالیین المعنیین المؤشرین ازاءهما :-

١- الاجنبي :- کل شخص دخل اقلیم کوردستان العراق بصورة مشروعة من غیر المتمتعین بالجنسیة العراقیة من العاملین في المنظمات للامم المتحدة والمنظمات الانسانیة والحاصلین علی الموافقة من الجهات المختصة.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە برادەران کردیان خستمانە سەر یاساکە ئەویش کە دەڵێ(ئەوکەسانەی کە لە ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتوەکاندا کار دەکەن دەبێت ڕەزامەندی ئاسایشیان پێ بێت)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەوەمان دانا(کل شخص دخل کوردستان العراق بصورة مشروعة)واتا بەپێی ڕەزامەندی ئێمە هاتووە بێ ئەوەی کە عێراقی بێ( ومن غیر المتمتعین بالجنسیة العراقیة من العاملین في المنظمات للامم المتحدة والمنظمات الانسانیة) دیاری کراوە ئەوەی کە لە ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ومرۆیەکان ئیش دەکەن، ئەگەر ئەندامێکی دەرەوەی پەرلەمانی هات لە میانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان نەبوو، یارۆژنامەنووس هات بۆیە ئەو برگەیەمان خستە سەری(الحاصلین من الجهات المختصة) واتە ئەوانەی کە ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکان

وەردەگرن، هەر چەندە بەلای منەوە بەشێوەیەکی مەشروعی دێتە ناو کوردستانەوە، دەبێ ئەو بڕگەیە ئەنجام بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر رۆژنامەنووس دێن زۆر جار رەزامەندیی پێش وەختەشیان نییە، لەبەر ئەو جۆرە حاڵەتانە با بنووسین(لغیرهم)، چونکە (غیرهم) ئەوانە دەگرێتەوە.. پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەڵێت:(کل شخص دخل اقلیم کوردستان العراق بصورة مشروعة من غیر المتمتعین بالجنسیة العراقیة).

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەیە بە شێوەیە (غیر مشروعە) دێتە ناو کوردستانەوە، لە تورکیا، یا لە بەغداوە دێت بەشێوەیەکی مەشروعی نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(بصورە مشروعە)دەیگرێتەوە، (غیر مشروعە) نایگرێتەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێوە نازانم بۆ لە یاساکە دەرچوون، یاساکە لە بنەڕەتەوە بۆ پاراستنی ئەو بێگانانەی، یا ئەو بیانیانەی کە لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان ورێکخراوە مرۆیەکاندا ئیش دەکەن لەگەڵ کوردەکانی خۆمان، بەڵام ئەم یاسایە رۆژنامەنووسەکان ناگرێتەوە، جائەگەر یاسایەکی ترتان هەبێ بۆ ئەوان، لەبەر ئەوە پێویست ناکات بڵێین (غیر)ی ئەوانیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو بیانیانەی کە هاوکارن لەگەڵ ئێمە ئەوان دەسنیشان کراون وژیانیان دەبێت بپارێزرێ، مەبەستی دوژمنیش روونە دەیەوێت بیسەلمێنێ کە ئاسایش و ئارامی لە کوردستاندا نییە، ئەوەش کارێکی سلبی دەکاتە سەر ئێمە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە یاساکە رووی بگۆڕێت، ئەگەر ئەوەتان مەبەستە بیگەڕێننەوە بۆمان رووەکەی دەگۆڕین کە هەمووبێگانەکان بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاساکەی ئێمە تەنها پاراستنی ئەو بیانیانە دەکات کە لەگەڵ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و مرۆیەکاندا کار دەکەن، ئەگەر بمانەوەی رۆژنامەنووس ومیوانە بیانیەکانیش بپارێزین دەبێت یاسایەکی وامان هەبێت کە ئەوانیش بگرێتەوە، کە بیانین و ئەوانەشی کە بیانی نین ولە رێکخراوە بیانیەکان کار دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یاساکە دەڵێ(حماية الاجانب والعاملين مع المنظمات الامم المتحدة والمنظمات الانسانية) بۆیە ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی وا تەفسیری دەکەین کە یاساکە هەمووی دەگرێتەوە، (منظمات و عاملين)یش دەگرێتەوە و، بیانیەکانیش دەگرێتەوە و، دەمانەوێ ئەو بیانیە دیاری بکەین و بزانین کێیە؟ ئەم یاسایە لەدانیشتنی دوێنێدا پەسەند کراوە، ئێمە ئێستا گفتوگۆی یاساکە ناکەین، بەڵکو گفتوگۆی وشەی (بیانی) دەکەین. .کە کێ دەگرێتەوە، ئێستا دوو پێشنیار هەیە، دەقی پرۆژەی یاساکە خۆی کە لەبەر چاوتانە و، پێشنیارەکەش ئەوەیە( الاجنبي كل شخص دخل الاقليم لكوردستان العراق بصورة مشروعة من غير المتمتعين بالجنسية العراقية)ئێستا ئایا لێرە خاڵ دابنێین ورابوەستین؟، یان بەرای من (والعاملين في المنظمات التابعة للامم المتحدة والمنظمات الانسانية)یشی بخەینە سەر، جا ئێستا ئەم دوو پێشنیارەمان هەیە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەقە ئەسڵیەکە باشترین دەق بوو وەهەر زیادکردنێک کەبوو وابزانم پێویستی پێ نەدەکرد،ئەگەر هەر وا بە ڕەهای (مطلق)ی و وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم بابەتە بەتێرو تەسەلی گفتوگۆی لەسەر کرا و، وشەی( اجنبی)مان بە لیژنەی داڕشتنەوە سپارد، کە تەنها داڕشتنێکمان بۆ بدۆزنەوە ئەو بابەتە تێر بکات، حەق نییە جارێکی تر مناقەشەی بکەینەوە. ئێمە لەسەر پێناسەکەش گفتوگۆیەکی زۆرمان کرد ئەویشمان داوە دایبرێژنەوە، بەڵام بە پێی ئەم داڕشتنە بەشێک لە بیانیەکان دێنە ناو کوردستان و یاساکە نایان گرێتەوە،یاساکە تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە لە نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکاندا ئیش دەکەن، یان ئەوانەی کە لەگەڵ ئەوانەدا ئیش دەکەن، بەڵام خەڵکێک هەیە دێن بۆلامان بە وەفدی ڕەسمی، خەڵکێکیش هەیە ڕۆژنامەنووسن و پسپۆڕ و کارمەندن ئەوانە چی لێ بکەین؟(كل شخص دخل كوردستان العراق بصورة مشروعة من غير متتمعين بالجنسية العراقية من العاملين)جەخت دەکەینەوە لەسەری و دەڵێین :(من العاملين في منظمات الامم المتحدة او المنظمات الانسانية) جا ئەمانەوێت ئەوە هەڵگرین.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با ئەوانەی کە کاروباری سیاسی و ڕاگەیاندن دەکەن بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر بە شەرعیی بێن.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**

هەر چەندە دەقەکەم لا نیبیە، بەلاَم پێموایە(من )لابرێت، بلێین: (العاملین) لەجیاتی (من العاملین) بلێین(اجانب والعاملین)، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**

تەنها (وغیرهم)ی بخرێتە سەر، چونکە من هەر لەسەر رای خۆمم ئەوە نەک بلێین تەنها بۆ نەتەوەیەکگرتووەکـــانە (کل شخص دخل اقلیم کوردستان العراق بصورة مشروعة من غیر المتمتعین بالجنسیة العراقیة والعاملین في الامم المتحدة والمنظمات الانسانیة وغیرهم من الاجـــانب)، ئەگەر خـاڵ دابنێین وراوەستین زۆربە رەهای( مطلق )دێت واتا رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لابەین و بلێین(کل شخص دخل کوردستان العراق بصورة مشروعة من غیر المتمتعین بالجنسیة العراقیة)و رابوەستین، سوپاس.

**بەڕێزحـــســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**

ئەگەر بمانەوێت ئەوکەسانەش بگرێتەوە کە ئەندامی پەرلەمان وسیاسین(من )کە بە(و) دەگۆڕین برگــە پێش ئەوە دەڵێ :(کل شـخص دخل الاقلیم کـوردســـتـــان) عـاملینیش دەگـــرێتـــەوە رێکخراوەکانیش دەگرێتەوە و(غیر)یش دەگرێتەوە واتە نە(غیرهم) نە(من ) چارەسەری کێشەکە دەکات، بەلاَم ئەگەر دەتانەوێ پاراستەنەکە هەموو کەس بگرێتەوە هەتا ئەوەی ئێستا وتم:(کل شخص دخل الکوردستان العراق بصوره مشروعه من غیر متمتعین بالجنسیە العراقیه) ئەوە هەموو کەسێک دەگرێتەوە هەتاوەکو ئەو شوفێرە تورکیانەش دەگرێتەوە کە دێنە ناو کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**

داڕشتنی ئەو یاسایە لە بنەڕەتەوە بۆ ئەو بیانیانە بووکە لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ورێکخراوە مرۆیەکان ئیشیان دەکرد، بەلاَم لێرە واوێکی (عطف) لەگەڵ حرفێکی (جر) هەندێ شتی گۆڕی ئەو شتانەی کە دەمانەوێت بیکەین هەم بیانیەکانی پێ بپارێزین، هەم ئەو کەسانەی کە لەگەڵیان ئیش دەکەن منیش پێموایە ئەوەی (اجنبي) هەتا (بالجنسیة العراقیة) تا ئەوێ بێت زۆر باشـە، ئەوکـاتە پێناسـەی بیـانی ئەوانی تریش (عـاملین) ئەوەی کـە لە رێکخـراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەعـدی ئەحـــمـــەد مـــحـــمـــەد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجــــوومـــــەن.**

ئەو یاسایە کە دەردەچێت بۆ شتێکی کاتی نییە، پێویستە یاسا داڕشتنێکی گشتی هەبێت بۆ

هەموو کەسانێکیش بێت، بۆیە من پێموایە ئەو دارشتنەی (کل شخص دخل کوردستان العراق من المتمتعين بالجنسية العراقية) بەسە، بەڵام لە برگەی دوودا هاتووە ئەوکەسەی کە رۆڵی هەبوو لە تاوانەکە ئەوە یاسای سزادانی ئاسای بەسەردا دەسەپێت و،بە رای من ئەو دارشتنە لە هەموو دارشتنێکی تر باشترە وپێویستە پشتگیری لێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێت لەیاساکە دەسنیشان بکرێت، ئایا ئەم حوکمە تەنها بۆ ئەوکەسانەیە کە لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ومرۆیەکاندا ئیش دەکەن، ئەگەر مەبەستانیش رۆژنامەنووس وپەرلەمانتار وکەسایەتییە سیاسیەکان دەسنیشان بکرێ، چونکە نابێت حوکمی ئیعدام بدرێتە سەر ئەوکەسانەش کەوا کەسێکی بیانیان کوشتووە و، ئەو بیانیەش کە بۆ گەشتوگوزار هاتوەتە کوردستان نابێت ئێمە لێرە حوکمی قازیی بکەین، کە حوکمی ئیعدامی یەکجاری بداتەسەر تاوانبارەکە کە لەوانەیە سزای لە(١٠تا١٥)ساڵ بدرێ، چونکە مەسەلەکە یاسایە بازباتر گفتوگۆی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر مناقشەی ئەم بابەتە کرا (يعاقب من قتل عمدا )واتە کابرایەکی بیانی بە عەمدی بکوژرێت، یا شەڕ بکات، یاتەعدا بکات لەیەکێکی تر و، لە یاسا لایدا بێت ئەوە لە هەموو دادگاکانی دنیادا یاسای خۆی هەیە، بەڵام لێرەدا ئاشکرایە کە دەڵێ (يعاقب بالاعدام كل من قتل عمدا) ئەوەیە کە ئێمە باسی دەکەین.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باری کوردستان ئێستاپێویستی بەوەیە کە خەڵک بێت سەردانی بکات، ئەگەر رۆژنامەنووس بێت، یا گەشتیار بێت، یا هەرکەسێکی تر بێت زیارەتمان بکات،بەڵام بە شێوەیەکی مەشروعییەوە،لە بارەی هاتنەناوی مەشروعییەوە زۆر کەس پرسیار دەکات، ئێمە هەروا بە نامشروعی نامێنێتەوە دەبێ بنەمایەکمان هەبێت کە شەرعی ونا شەرعی هاتنە ناوی کوردستان چییە؟ دەبێت هەمووی رێکخرێت وبازگەو گومرکیش هەبێت ، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من دەبێت سزاکە لەسەر خەڵکانێکی دیاری کراو نەبێت ، بەڵکو با هەمووی بگرێتەوە، هەروەها وەزارەتی ناوخۆش جەختیان خستوەتە سەر ئەوەی کە سزاکە توند تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو یاسایە کە ئێمە دامان ناوە کاتیی نییە، بەڵکو هەمیشەیەو کاری پێ دەکرێت، بە بۆچونی

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا(کل شخص دخل الاقلیم لکوردستان العراق بصورة مشروعة من غیر المتمتعین بالجنسیة العراقیة فقط) لێرە خاڵ دادەنێین وکۆتای پێدێنین، چونکە ئەمە باشترین دارشتنە بۆی، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە دەبێتە یاسا و لەوانەیە ماوەیەکی زۆریش بخایەنێت تا گشتی، جاداوا دەکەین کە دەقەکە وای لێ بێت(کل شخص لایحمل الجنسیة العراقیة دخل اقلیم کوردستان العراق بصورة مشروعة من العاملین في المنظمات للامم المتحدة والمنظمات الانسانیة وبمهمات رسمیة)، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لحمایة الاجانب) اجانب لێرە بە (مطلق)ی هاتووە، یاسا دەڵێت:(المطلق یجري علی اطلاقة مالم یحدد بقید)، بۆ ئەوەی کە زیاتر روون بێت( و العاملین) واوی عەتفی بۆ زیادە کراوە، واتە پێناسەکە تاوەکو ئێرە بێت(کل شخص دخل اقلیم الکوردستان بصورة مشروعة من غیر المتمتعین بالجنسیة العراقیة) ئێستا هەموو جۆرە بیانییەک دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە لیژنەی یاسای هەیە، زۆرکەس هەیە کە کوردن و دوو ناسنامەیان هەیە، ناسنامەیەکی ئەوروپی ویەکێک عێراقیش ئەی وەزعی ئەوانە چۆن دەبێت؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کوردانەی کە ناسنامەی ئەوروپیان هەیە، ئەویش دەگرێتەوە کە ئێمە دەسنیشانمان کردبوو کە گشتی نەبێت، بەڵام ئێستا ناچارەیە کە بە (مطلق)ی بیهێڵینەوە، رای پەرلەمانیش وایە کە هەموو بیانییەک بگرێتەوە واتا ئەوانیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕیز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من دەبێت دیاری بکرێت، چونکە سزادانەکە قورسە وبۆ رۆژێک ودووان نییە با دێڕێکی تری بخرێتە سەر گرنگ ئەوەیە ناوەرۆکی بابەتە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بە رای من وای لێ بکرێت باشە(کل شخص أمین دخل ارض کوردستان العراق بصورە مشروعە من المنظمات تابعە للامم المتحدە والوفد والصحفیین ) واتە دیاری بکرێت، بیانی عێراقی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئەمە دەقێکی (مطلق)ە، بەڵام سەبارەت بەو کوردەی کە دوو ناسنامەی هەیە،واتە جگە لە ناسنامەی عێراقی ناسنامەیەکی تری هەیە؟، با لیژنەی یاسا تۆزێک ئەم شتەمان بۆ روون بکەنەوە.
**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
پرسیارەکە زۆر لە جێیە، ئێمە گفتوگۆمانیش لەسەری کردووە، لە یاسای جنسیەی عێراقیدا لە برگە (ی)مادە (٨)دا باسی ئەم جۆرە کەسانە کراوە، ناتوانین رایەکی یەکجاری بدەین، چونکە لێرە(حالە تعدد الجهات)هەیە و، من خۆم هیچ رایەکی یاسایی نییە، سوپاس.
**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
من دەقەکەم زۆر لا پەسەندە و، با هیچ دەسکارییەک نەکرێت و، ئەو ئەندامانەش کە دەڵێن: ئەم دەقە بۆ ماوەیەکی زۆرە، ئەگەر بارودۆخەکە گۆڕا ئەو کاتە ئێمەش دەسکاری دەکەین، بۆ (تحدید الجیهات) لام وابێ یاسای خۆی هەیە، سوپاس.
**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
لە یاسای جنسیەی عێراقیدا دەڵێت ئەو کەسەی کە ناسنامەی شوێنێکی تری وەرگرت ئەوە ناسنامەی عێراقی لێ دەسێنرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
سەبارەت بەو پێشنیارەی کە دەڵێ:(ویعتبر العراقي الحائز على الجنسية الاجنبية، عراقيا لاغراض هذا القانون)، تێبینیەکم هەیە هیوادارم کە لەبەر چاوبگیرێ، چونکە لەو عێراقیانەدا هەیە کە تاوانی لە دژی میللەتی کورد کردووە و، تیایاندا هەیە کە تائێستاش پەیوەندیی بە رژێمەوە ماوەو لەوانەیە کە بۆ کارێکی کاولکاریی، یا سیخوری و گێرەشێوێنی بێنەوە بۆ کوردستان، جا ئەگەر بەپێی ئەم یاسایە مافی هاوولاتێتییان بپارێزرێ، ئەوا دەبێ هەر بەپێی هەمان یاسا لەسەر ئەو تاوانانەی کە کردوویانە و ئەوەشی کە دەیکەن سزاش بدرێن، چونکە هاوولاتێتی ئەرکە ئەینجا ماف.
**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بە رای من ئەو مەسەلەیە لێرە چارەسەر ناکرێت و، دەبێ لە لیژنەی یاسا چارەسەر بکرێت، چونکە ئێمە چووینە سەر بابەتێکی تری ، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەرم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێناسەکە خۆی چییە باوا بێت، هەر کەسێک بە چ پێناسەیەک گیرا با بە گوێرەی ئەو پێناسەیەی ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت، یا جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوەی بیانی بێت، یا نا، ئایا حوکمی بیانی ئاسانترە یا قورسترە؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ پیاوکوژ قورسترە بۆ ئەوەی کە بیانی بکوژێت حوکمی ئیعدامیان داناوە، بەڵام بۆ ئاسایی حوکمی (٢٠) ساڵە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسانێک هەن کە کوردن و ناسنامەی بیانیان هەیە، نابێت لە ژێر سایەی ئەم یاسایەدا نەپارێزرێن.

**بەڕیز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو رایەدام کە ئەو یاسایە پێویستە گشتی بێ، بەڵام وابزانم ئەو گرفتە نامێنێت، ئەگەر روونکەر بتوانێ مەبەستی خۆی روون بکات، دەتوانێ لە(اسباب موجبە) ئەو یاسایە روون بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلامەحمود فندی عەبدوڵلا دیرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لە کوردستان دەرچووە بەهەر شێوەیەک بێت وخۆی بە بیانی حیساب بکات، ئەو یاسایە ئەوە ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو گفتوگۆیانەی کە ئێستا کراوە هەمووی پەیوەندیی بە یاسای جنسیەوە هەیە، یاسای جنسیە دیاری کردووە کە بیانی کێ دەگرێتەوە و، عێراقیش کێیە؟ ئەی باشە خێڵی فەیلی ومامیسیان کە تائێستا یاسای عێراقی دانی بە جنسیەییان نەناوە، هەڵوێست بەرامبەر ئەوان چییە؟ کەواتە ئەو تەفاسیلانەی کە پەیوەندی بە یاسای جنسیەوە هەیە پێویستە لەوێ باسی لێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داڕشتنی یاساکە زۆر باشە و ئەو بیانیەی کە دێتە کوردستان دەبێت بپارێزرێت، چونکە بۆ خزمەتی کوردستان دێت، سوپاس.

**بەڕێز حـــەمـــيـــد ســـەليم مـــيـــران:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بەرای من ئەگـەر( ولا تعتبر العراقي الحائز بالجنسيات الاخري بموجب هذا القانون) بـۆ(كـل شخص دخل كوردستان العراق بصورة مشروعة غير المتمتعين بالجنسية العراقية) بخرێتە سەر زۆر باش دەبێت، چونكە هەموو دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەياد حـــاجی نامق مـــجـــيـــد:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

هەر كەسـێک كە بە پێناسەی وەڵاتێكی تر گەڕایەوە بۆ كوردسـتـان، بە گوێرەی پێناسەكەی رەفتاری لەگەڵدا دەكەین، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو كەسە كاتی خۆی تاوانێكی كردبێ، یا هاوكار بێ لە روودانی تاوانێک ئەو كاتە بڕگەی یەكی لەسەر جێبەجێ نابێت(لا تـطـبـق احـكـام فـقـرة(أ)من المادة الاولى من هذا القـانون على الجاني اذا كـان لها دور في هذه الجريمة وتطبق بحق القانون العقوبات الواردة)، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

با من پرسیارێک لە لیژنەی یاسا بكەم، ئەگەر یەكێک پێناسەی وڵاتێكی تری هەبێ، بەڵام كاتی خۆی تاوانێكی كردبێ لەم وڵاتە، یا هاوكار بووبێ لە تاوانێک، باشە، ئەگەر شتێكی وا كرا دژی، مادە (٢ـ٣)دەیگرێتەوە ئایا؟.

**بەڕێزحـــســــــەن عـــەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بە بەرواری روودانی تاوانەكەیە چ یاسایەک جێبەجێ كراوە لەسەری جێبەجێ دەكرێت، چونكە لەسەر تاوانبار راستە یاسایەكی سووک جێبەجێ دەكرێت، بەنیسبەت تاوانبار ئەگەر دوو یاسا هەبێت، بەڵام لێرە ئەمە پاراستنی بێگانەیە، لێرە من دەمەوێ یەک شت روون بكەمەوە لە لیژنەی یاسا ئەو خاڵە گفتوگۆی لەسەر كراوە وەكە وتمان( العاملين في المنظمات الانسانية والامم المتحدة) هەموو ویستمان دیاری بكەین چەند كەسی بەبەر دەكەوێت، بەڵام ئێستا من پێشنیارێكم هەیە، هەموو كوردێک كە دێتە ناو خاكی كوردستان ئەو كوردە نییە كە بێت خراپە بكات، ئەو كوردە چاكەش هەیە كە بەهەزاران شتی بۆ كورد دێنێ، یا ئەو كوردەیە كەدێت لە كۆنگرەكانی ئێمەدا بەشداری دەكات، بە رای من هەر دەقی مادەكەی خۆمان بمێنێت باشترە، بەڵام لەناوەڕاستیدا دوو وشەی بخەینە سەر كە ئەوكەسە باشانە بگرێتەوە، كە دێن وەكو پەرلەمانتاران، یا رۆژنامەنووسەكان مەبەستەكە ئەوەیە( كل شخص دخل اقليم كوردستان العراق بصوره مشروعه من غير المتمتعين بالجنسيه العراقيه) ئەو بڕیارەی لەسەرە ئێمە وتمان من (العاملين فى المنظمات) پێش ئەوەی بڵێین( من السياسيين والصحفيين والعاملين فى المنظمات الانسانيه والامم المتحده)هەموو كەسێكی پاک وخاوێن دەگرێتەوە كە بە مشروعی

دێتە کوردستانەوە و، ئەگەر پەسەندیشی ناکەن بە(مطلق)ی بمێنێتەوە و هەموو بیانیەک بپارێزرێت، یان نەپارێزرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا تەنها داوای ئەوەمان لێ کراوە کە یاسای پاراستنی بیانیەکان بکەین کە لە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و مرۆیەکاندا کار دەکەن، بەڵام هەندێ لە ئەندامە بەڕێزەکان وتیان لەوانەیە ئەوانەی کە لەم ڕێکخراوانە کار دەکەن سیخوڕیان تیادا بێت، بەڵام ئێستا وا خەریکی گفتوگۆ کردنی ناسنامەین کە ئەمە دەبێت یاسایەکی تایبەتی بۆ دابڕێژین ، چونکە ئێمە ئێستا هەر لەسەر یاسای عێراقی دەڕۆین، جا بەگوێرەی بڕگەی(٨) لە یاسای جنسیەی عێراقیدا، (تعدد الجنسيات) لە عێراقدا ڕێی پێنەدراوە و، هەرکەسێک ناسنامەی هەرکوێیی هەبێت بێت لەسەر خاکی عێراقدا تاوانێک بکات یاسای عێراقی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، یاخود لەسەر پاپۆڕ بێت ئەو پاپۆڕە ئاڵای کوێیی پێوە بێت بە گوێرەی یاسای ئەو وڵاتە سزا دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن ئەحمەد عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکم هەیە دەربارەی ئەو ڕێکخراوانەی کە دروست بوونە بە ناو کوردستانی لە هەموو ناوچەکاندا وناوی بیانیان لە خۆیان ناوە وتەنانەت بۆ تاڵان کردن هاتوون، پێویستە بۆ ئەوانیش شێوەیەکی یاسایی بدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من دەقە کۆنەکە باشترە و زۆر لەجێی خۆیەتی تەنها بۆ ئەوانەیە کە لە ڕێکخراوە خێرخوازەکاندا کاردەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە دەقەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووەم:( العاملين كل شخص من المواطنين كوردستان العراق لدي المنظمات والامم المتحدة او المنظمات الانسانية العاملة في الاقليم) جا لیژنەی یاسا ئەم زیادەیەی دەخەنە سەر( المستحصلين لموافقة الجهات المختصة) ئەوە چاپ نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان محـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـــەنجـــــــــوومـــــــــەن.**

زۆر لەئەندامە بەڕێزەکان رایان وا بوو کە هەندێ کەس هەیە کە لەوێ ئیش دەکەن وەکو شوفێر، یا چێشت لێنەر بەرای ئێمە ئەو ئیزافەیەمان پێ باش بوو کە بۆ ئەوکەسانەیە دەچن لەوێ ئیش دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز شـــەوکـــەت حـــاجی مـــوشـــیـــر ئەحـــمـــەد:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـــەنجـــــــــوومـــــــــەن.**

من لەسەرەتاوە دژی ئەو خاڵەم نابێ جیا بکرێتەوە لە هاوولاتی کوردستانی، چونکە بوار دەدات بە خەڵکانێ لە رێگای لێپرسراوەکانیانەوە مۆڵەتیان پێ بدرێ وبچن لەوێ ئیش بکەن، هەر کەسێکی کوردی، یاعێراقی لەو رێکخراوانە ئیش دەکات دەبێ یاسای بەسەردا جێبەجێ بکرێت، وەکو هەر هاوولاتییەکی تری کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز جـــــــەمـــــــیـــل عـــــــەبدی سندی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـــەنجـــــــــوومـــــــــەن.**

بە رای من ئەمەی بخرێتە سەر(الحاصلین علی موافقة الجهات المختصة في الاقلیم) بۆ ئەوەی دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولـکەریم محـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـــەنجـــــــــوومـــــــــەن.**

بە رای من ناوێ هەر بڵێت( الجهات المختصة) لەپاشانیش ئەوە بۆ ئەوە دانراوە کە کەسانی خراپ رێگایان لێ بگیرێت، لەبەر ئەوە من ئەو ئیزافەیەم پێ شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـــەنجـــــــــوومـــــــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە دەقەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە بادەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە..کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ دەقە وەکو خۆی مایەوە.

ئێستا کێ لەگەڵ یاسای پاراستنی بیانیەکانە بە گشتی، با دەست بەرزبکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

ئێستاش دێینە سەر خاڵی سێیەم کە ئەویش بەرچاو خستنی راپۆرتی لیژنەی کاروباری دارایی وکێشەی وەکیلەکانی کەلوپەلی خواردەمەنین لە کەلار وسلێمانیدا، بریار وابوو لیژنەی ئابووری لەو مەسەلەیە بکۆڵێتەوە و، چەند ئەندامیکی بەڕێز بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە سەفەریان کردووە بۆ ئەو ناوچەیە با بفەرموون راپۆرتەکەیان بخوێننەوە.

**بەڕێز یەحـیـا مـحـەمـەد عـەبدولـکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـــەنجـــــــــوومـــــــــەن.**

بۆ بەدەنگەوە چوونی سکالایەکی فرۆشیارەکان وئەنجومەنی شاری کەلار بە بریاری بەڕێز

سەرۆکی ئەنجوومەن لیژنەیەک لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێک هات بەمەبەستی پشکنین لەکێشەی ئارد وکەلوپەلی خوارەمەنی بەپێی نووسراوی ژمارە(٤ـ٣ـ ٣٩١له ڕێکەوتی /١٩٩٢/٨/ ٢٦)دا ئەندامان:-

١ـ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم.

٢-شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا.

٣-عەلی عەبدوڵلا ئەحمەد.

٤-سەلاحەدین حەمید عەبدوڵلا.

لە ڕۆژی ١٩٩٢/٨/٢٩ لەکەلار دەس بەکار بووین کۆبوونەوەیەکمان سازدا لەگەڵ:

١ـ وەکیلەکانی ئارد و کەلوپەلی خواردەمەنی.

٢ـ ئەنجوومەنی کەلار.

ڕۆژی ٨/٣٠ دووبارە لەگەڵ نوێنەرانی:

١ـ وەکیلەکانی کەلار.

٢ـ ئەنجوومەنی کەلار.

٣ـ بەڕێوەبەری دارایی کەلار.

بە ئامادە بوونی گشت ئەندامانی لیژنەکە کێشەکانیانمان بەراوورد کرد و لەئەنجامی ئەم دانیشتنانەدا ئاشکرا بوو کەکێشەکانیان پەیوەندیی ڕاستەو خۆی هەیە بە بەڕێوەبەرایەتی:

١ـ کۆمپانیای گشتیی بازرگانی خواردەمەنی.

٢ـ بەڕێوەبەری ئارد /تصنیع الحبوب.

٣ـ بەڕێوەبەری برنج/تجارە الحبوب.

بۆیە بڕیارمان دا بێینە سلێمانی ولەوێوە دەس پێبکەین:

بەڕێزان: کێشە و گیروگرفتی ئەم دەزگایانە ئەمانەن:

١ـ(٢٣٢)وەکیلی تازە هەن کە بایەعییان پێ دراوە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکە، هەندێکیان شایستەن کە پێیان بدرێت، بەڵام زۆربەی زۆریان بۆ کەسوکاری لێپرسراوەکانن و بە نادروستی وەریان گرتووە وبێگومان لەدابەشکردنی شتومەکدا بەتایبەت بەرچاو دەخرێن وخراپ کاریەکانیان حەشار دەدرێت، تێکڕا لیستی ژمارە و ناوی ئەو تازانەی لەبەر دەستدایە.

٢ـ لیژنەیەک بەناوی (لجنة تدقیق بطاقات التموينية) لە١٩٩٢/١/٩پێک هاتووە لەوەکالەتی ژمارە(١) تا (٩٤٦) وردکراوە کە (١٢٩)سەرپێچی تیادا دەسنیشان کراوە، لەوانە کەسی وای تیایە لە بەشی (٥٠٠)کەس، تەنها(٢٢٤)کەسی لابووە، ئیتر دەبێ بەشی (٢٧٦)کەسەکەی تری چی لێ کردبێت، هەر بۆ مەبەستی دووبارە دروست کردنەوەی سەرپێچی دوا بەدوای ئەم وردکردنەوە هەر لە بەڕێوەبەرایەتییەوە دووبارە دەبێ تەدقیق بکرێتەوە.

٣ــ نەزانینی(مقدار) چەنیەتی ئەو شتومەکانەی کە دێت بۆ کوردستان رژێم بۆئەوەی:
(١) کێشەمان بۆ دروست بکاو زیاتر گومانمان هەبێت لەو لێپرسراوانە..
(٢)ژمارەی تەواوی ئەوشتانەمان بەدەستەوە نەبێت کە دێن، نەوەکو بدرێت بە نەتەوەیەکگرتووەکان ونەک بەرپرسیار بێت لەبەر ئەوە هیچ پسولەیەک، یان نووسراوێک نادات بەوکەسانەی کە ئەو شتانە دێن لەبەر ئەوە پشکێنەر ناتوانێ بکۆڵێتەوە لەوەی کە هاتووە چەندە و ئەوەی دابەشکراوە چەندی کەمە، ئەمەش ماوەیەکی چاکە بۆ ئەو کەسانە کە بە ئارەزووی خۆیان دەسنیشانی دابەشکراو بکەن.
٤ــ کەم بوونەوەی لە رادە بەدەری ئەو میقدارەی کە دێت.
رژێم وای بڕیارە کەبەشی مەرکەزی شاری سلێمانی کە دەکاتە(٤٨٠,٠٠٠)کەس دەنیرێت گوایا بۆ قەزاو ناحیەو دێهاتەکانی دەوروبەری شار «un»دەیداتێ کە سەرجەم دانیشتوانی گشتی زیاترە لە (١,٢٠٠٠٠٠) کەس، لەبەر ئەوەی کەبەشی خەڵکێکی زۆر تر بکات ڕێژەکەیان کەمتر کردووەتەوە بۆ نموونە:-
برنج لە ()١,٥کغم کراوە بە(٧٥٠) غرام..
ئارد لە (٨)کغم کراوە بە(٥)کغم.
جاری واش هەیە نۆرەیان دوو مانگ، یان سێ مانگ جارێک دێت بۆیە دەبینین خەڵکەکە زۆر شپرزەیە وبایعی بەشی هیچی ناکات، بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەو کەم کردنەوە لە کەلوپەلەکاندا ئەم خشتەیە دەخەینە پێش چاوی بەرێزتان..

| ناوی مەوادەکان | ساڵی ١٩٨٩تەن | ساڵی ١٩٩٠تەن | ساڵی ١٩٩١تەن | ساڵی تا(ئاب) ١٩٩٢تەن |
|---|---|---|---|---|
| ئارد | ١٤٤٠٠٠ | ١٤٤٠٠٠ | ٩٢٨٨٥ | ٢٧٩٩٤ |
| برنج | ٤٢٠٠٠ | ٤٢٠٠٠ | ١١٤٥٩ | ٥٦١٠ |
| شەکر | ٢٨٥٩٧ | ٢٩٤٩٢ | ٨٥٧٦ | ٣٩٧٤ |
| چای | ٢٣٣٦ | ٢٤٧٥ | ٥٣٦ | ٢٣٦ |
| رۆن | ١٥١٢١ | ١٥٠٩٩ | ٢٤٧٥ | ١٢٢٧ |
| شیر | ٢٨٠٢ | ٢٠٠٧ | ١٥٦ | ٩٤ |
| تاید | ٥١٥٩ | ٤٠٥٥ | ٣٢٨٦ | ٥٩٨ |
| صابون | ٣٧٦٢ | ٤٣١٤ | ٨٤٦ | ١٩٧ |
| نۆک | ١٣٣١ | ١٢٣٥ | - | - |
| فاسولیا | ٢٨٥١ | ١٥٥٩ | - | - |
| نیسک | ٢٠٨٧ | ١٣٠٠ | - | - |

٥ــ یەک نەبوونی دەزگای دابەشکردنی خواردەمەنی لەدوای مانگی ١٩٩٢/٣تا ئێستا لەلایەن ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانەوە خواردەمەنییەکی زۆر هاتوەتە کوردستانەوە لەبەر ئەوەی یەک

دەزگا نەبووە سەرپەرشتی دابەشکردنەکە بکات، یانی داهاتی دەزگای رژێم وداهاتی رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان نە دەچوونە یەک شوێن و وەک یەک لەیەک جێگەوە دابەش نە دەکرا، بەڵکو بەگوێرەی بۆچوونی خۆتان بەرێژەی جیاجیا ئەم دابەش کردنانە رووی داوە، دەبینین بەشی یەک نەفەر برنج لەجێیەک (٣)کغم برنجە و لەجێیەکی تر(٧٥٠غم)ە لەوانەیە جاری واش بووبێ بە دوومانگ جارێ وەری گرتبێ.

٦ـ دەست تێوەردانی دابەشکردنی مواد: بۆ نموونە نووسراوی بەرەی کوردستانی، یان ئەنجوومەنی شارۆچکەکان لیستی هەرچەندی ناویان بردبێ بەشیان بۆ تەرخان کراوە، بەراستی ئەم کارەش جگە لەوەی کە دەستێوەردانە لە دابەشکردندا دەبێتە هۆی ماوەدانی زیاتر بۆ دروست کردنی چەوت وچەوێڵی، یان تاکە کەسێ بە ناوی بارەگا و پێشمەرگە و ماڵە پێشمەرگەوە بەشی سەد کەس مانگانە وەربگرێت بۆ ماوەی چواردە مانگ هەتا مانگی٨/١٩٩٢یش هەر بەردەوام بووە، ئەمەش دەستێوەردانە لە کارەکانیاندا.

٧ـ نەبوونی سەرژمێرییەکی رێکوپێک هەندێ هەن لە دوو، یان سێ شوێن خواردەمەنی وەردەگرن، یان (٤)کەسن بەشی(١٠) کەس وەردەگرن، بەداخەوە دەبێ بڵێم ئەو سەرژمێریەی ئێستاش کە دەکرێ خەریکن دەستی تێوەردەدەن، لەوە دەچێ بەکاری ئەوەنەیەت کە سوودی لێ ببینرێت.

٨ـ نرخی یەک تەن ئارد نزیکەی(٧٢)دینارە، بەڵام بە گوێرەی وتەی فرۆشیارەکان بەکرێی زیادە و بەرتیل دەدەن بە بازگەکانی رێگاوبان، نرخی یەک تەن ئارد لە ١٩٩٢/٨/٢٣گەیشتە زیاتر لە (٣٢٩)دینار یانی نرخی یەک کیسە ئاردی بایعی لە بایعی بەکۆمەڵی بە(٢٢)دینار فرۆشیاریش کیلۆی بە(٥٥٠)فلس دەفرۆشێتەوە بە هاوولاتی، ئەمەش دەبێتە هۆی سکالا بەرز بوونەوەی خەڵکەکە بۆیە قسەو مەسروفاتی فرۆشیارێکمان بە ئیمزای خۆیەوە هێناوە.

٩ـ تێکرای فرۆشیارەکان دەبێ(٥٠٠)نفوسیان لابێت، بەڵام هەندێک زۆر لەوە کەمتریان هەیە و، خەڵکێکیش کە نزیک ودۆستی بەرێوەبەری کۆمپانیاکانن زۆر لەوە زیاتریان لایە بۆ نموونە وێنەی چەندکەسێکمان لەو بابەتانە لایە.

کێشەیەکی سەیریش لە نێوان هاوولاتییان وفرۆشیارەکاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هاوولاتی کاتێ سەری مانگ دەچێت بۆلای فرۆشیار نازانێ چی هاتووە وحەقەکەی چەندە و نرخی دەکاتە چەند، جا بۆ لە تەلەفزیۆن وراگەیاندنەکان بلاو نەکرێتەوە کە چی هاتووە ونەفەری چەند وەردەگرێ ولە کەیەوە دەست بە دابەشکردن دەکرێت وچ ناوچەیەک وەری دەگرێ چی ناوچەیەک بێ بەش دەبێ.

ئامانە بەتێکڕایی هەندێ گیروگرفتی وەکیلەکان وکۆمپانیای گشتیی بازرگانی خواردەمەنی بوو، بەڵام لەو کێشانەیش گەورەتر چەن خاڵی ترمان هەیە.

١ـ سووتاندنی (١٢٥٠)تەن گەنم لەشەوی ٧/١٠/١٩٩١لە ئاشی سەرچنار بەفەرمانی مەڵبەندی گشتیی بەغدا ژمارە(٨٩٢٧)لە ١٧/١٠/١٩٩١دا بۆ دۆزینەوەی ئەو رووداوە، لیژنەکە لە١٩/١٠/١٩٩١دەچنە سایلوکان وبڕیار دەدەن کە(١٥٠)تەن گەنم بەکەڵک ماوەتەوە لە شوێن هەواری (١٢٥٠)تەن وێنەی فەرمانی مەڵبەندی گشتیی بەغدا ودۆزینەوەی لیژنەکە و وتەی یەکێ لە ئەندامانی لیژنەکەمان هێناوەتە خزمەتتان، لێرەدا ئێمە پرسیارێک دەکەین ئایا دەبێت، یان روو دەدات (١١٠٠)تەن گەنمی کۆمەڵ بەشەوێ بسووتێ؟، یان ئەگەر وا نییە ئەم لیژنەیە چۆن ئەم بڕیارەیان دا؟.

بۆ ئاگاداری نرخی یەک تەن گەنمی ئەو سەردەمە زیاتر بوو لە (١٢٥٠)دینار بۆیە هەزار تەن گەنم دەکاتە (١,٢٥٠٠٠٠)دینار لێرەدا داوا لە بەڕێزتان دەکەین پشکنینی تەواو لەسەر ئەم باسە بکرێت وبڕیاری سزادان وەربگیرێ کاتێ کەدەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان عێراق دەگاتە گشت تاوانباران جێبەجێ بکرێت.

٢ـ لە رۆژی ١٠/٤/١٩٩١دوای گەڕانەوەی رژێم بۆ سلێمانی هەندێ شتومەکی خۆراکی هێناوە بۆ دڵدانەوەی خەڵکەکە وەک:

١ـ شیر: سەرجەم(٨٢٠)کارتۆنی هەمە جۆر.

٢ـ ئارد، کە نەزانراوە چەندە.

٣ـ خواردەمەنی تر کە تا ئێستا دانیان پیا نەناوە، چی تر هاتووە و چەند بووە؟.

ئەو شتانە بەڕێوەبەری یەکێ لە فەرمانگەکان وەری دەگرێ وکاتێ بڵاو دەبێتەوە داوای لێ دەکرێ(١٧٥)کارتۆن شیری کیکۆز(٣١٠)کارتۆن شیری کرنیشن دەداتەوە بەکۆمپانیای گشتی بازرگانی خواردەمەنی دەڵێت ئەوەی ترم فرۆشتووە وپاش چەند مانگێ دوای ئەم باسە مەبلەغێ پارەشیان دەداتێ لەگوێرەی نرخی رژێم کە وەری گرتووە.

لێرەدا لیژنەکەمان داوا دەکات پشکنینێکی تەواو بکرێت ودەپرسین، ئایا چۆن دەگەینە ئەوەی کەچی تر لەگەڵ شیرەکەدا هاتووە بۆ سلێمانی، ئایا ئەوانی تر چییان بەسەرهات؟.

ئایا ئەو شیرەی کە فرۆشتوویەتی هەر بەو نرخە فرۆشراوە، یان لەبازاڕی رەشدا بووە؟.

هەروەها دەبێ ئەوە بێنمەوە یادی بەڕێزان کە ئەم لێپرسراوانە لەوانەیە هەستن وبڕۆن بەرەو رژێم بێگومان ئەم کارەش کێشەیەکی ترمان بۆ دروست دەکات، دەربارەی خواردەمەنی ناوچەکە خۆ رەنگە گرتنیان وسزادانیان کێشەکە گەورە تر بکات.

٣ـ کەسانی بەرپرسیار لە دارایی وئابووریدا بەراستی بەگشتی رۆڵێکی خراپیان بینیوە

بەگشت لایەکدا دەستیان وەشاندووە بۆیە دەبێت لەمەو دوا پشکنینێکی تەواو بخرێتە سەرئەم دەزگایە.

بۆ نموونە یەکێ لەم لێپرسراوانە زیاتر لە(١٥)وەکالەتی بەناو کەسە نزیکەکانی خۆیدا بڵاو کردۆتەوە لەوەش زیاتر کورێکی(٢)وەکالەتی هەیە، یەکەم ئارد، کوری دووەمیشی وەکالەتی کەلوپەلی خۆراکی هەیە، بووکەکەیشی وەکالەتێکی هەیە وگشت وەکالەتەکانیان تازەیە ولە پاش راپەرینەکە پێیان دەراوە، یانی لە سەردەمی کاربەدەستی خۆیدا، هەروەها یەکێکی ترمان لەم لێپرساوانە(٥) وەکالەتی بەناو(٢)برای ودایکی وپووری وزاوایەکییەو هەیە(٢)وەکالەتیش بەوەکالەت دەگرن، ئەمەو جگە لەوەی کە ئەمانە کەس بۆی نەبووە پرسیاریان لێ بکات، هەروەها گشت خراپکاریەکانیان پۆشراوە وزیاتریش لە خەڵکی تریشیان وەرگرتووە..

بەرێزان .. بێگومان کەسمان لەگەڵ ئەوەدا نین کە چوونی بەرێوەبەرەکانی ئەم فەرمانگانە ئەمرۆ قەدەغە بکرێت، چونکە لەوانەیە کێشەیەکی ترمان بۆ دروست بکات، بەڵام کاتێ کە پارە دەبەن بۆکرینی شتومەک دەبێ ژمێریار بەم کارە هەڵبسێت و نابێ تەحەکوم بکەن کە دەبێت بەس پارەی (سوبسری) ببەن، چونکە رژێم گشتی وەردەگرێت لێرە بەرێوەبەرایەتی ئەم فەرمانگانە خۆیان بەم کارە هەڵدەسن بەگونییە پارە دێن ودەبەن ،چونکە هەر گۆرینەوە(١٠٠,٠٠٠)دینار زیاتر لە(٣٠٠٠٠) دیناری تێدایە، هیچ عەیبیش نییە، چونکە بەس پارە دەگۆرێتەوە.

کێشەیەکی تری سەیر هەیە لەم فەرمانگانەدا، ئەویش دروست بوونی پێرە، بە تایبەت نێوان:

١ــ بەرێوەبەر. ٢ــ بەشی تسویق. ٣ــ وەکالات. ٤ــ ئەمین مخزن. ٥ــ ژمێریار.

تەکەتولێکی سەیرە و هیچ کاریان تێ ناکا و کەسیش پریان پێ نابات دەتوانن هەمووشتێ بکەن و، هیچ بەڵگەیەکیش بەدەسەوە نادەن بۆیە پێشنیار دەکەین:

١ــ بەرێوەبەر لەبەر کێشەی پەیوەندیی ئەم دەزگایە بەرژێمەوە، ئەگەر بمێنێت رەنگە گرفت نەبێت، ئەگەر یاریدەدەرێکی باشی بۆ دابنرێت.

٢ــ مبیعات : وکالات، کۆگا ،ژمێریار، بگۆردرێن وهەردەم دەستی گۆرانکاری تیایاندا بەردەوام بێت ئەمە سەبارەت بەهەر سێ دەزگاکەوە، ئارد، برنج ، کەلوپەلی خۆراک.

بەرێزان.. پشکنینی لیژنەکەمان لە ململانێیەکی سەیرا بوو، بۆ نموونە بەپێویستمان زانی چەند دۆسێ وبەراییەک ئیستنساخ بکەین و، بیپشکێنین لەمانە لە بری ژمارە وناوەکانیان (أ،ب،ج،د) دا دەنێین ئەمانەمان پێش چاوکەوت.

١ــ لە مانگی١٩٩٢/٧دا گشت نەفەرە و کەسانی ژمارە(أ)سەر جەم گوێزرابووە بۆ وەکیلی ژمارە(ب) پێش مانگی(٧)کێی لابووە؟.

ب ــ ئەگەر کەسی لابووە بۆ کوێ چوون و چییان بەسەردا هات؟.

٢ـ (أ)خێزانێکی (٥)نەفەری بەوەرەقەی بەرەی کوردستانی کراوە.(ب) بەناوی(٢١)خێزانەوە (١٧٢) کەسی تر لیستیان بۆ کراوە. (ج)بەناوی برادەرێکەوە(١٠٠)نەفەری بێ لیستی ناوخانەی بۆ دانراوە بەناوی بارەگا وپێشمەرگەکانیان لە بەرواری ١٩٩١/٧/١٥تا مانگی١٩٩٢/٩وەری گرتووە.

٣ـ وەکالەتی ژمارە(د)هیچ دۆسێ وئەوراقێکی نییە، چونکە لە مانگی١٩٩٢/٥ئاشکرا بوو کە تەزویر هەیە، دۆسێکەیان بردووە بۆ بەرەی کوردستانی ئیتر نەهاتووەتەوە و هیچ ئیجرائاتێکیش نەکراوە تەنها لیستی (١٣٦)کەسە تەزویرەکەی کە کردوویەتی نەبێ ماوە ئیتر شوێن و هەوارێکی بەتاڵە.

بەڕێزان.. ئەمە بەکورتی باسی ئەو چوار دۆسێیە بوو کە لە رووبمان گرتوەتەوە بەراستی دەمانویست هەندێ ئەوراقی وەکالاتی تر بگەڕێین ولە رووی بگرینەوە، هەمان شەو بۆ سبەینێ فەرمانبەری لێپرسراو لەبەشی ئەوراق ئاگاداری کردمەوە، کەدەس خراوەتە ئەوراق و بەرەکانی وەکالەتەکان ، هەندێکیان دەرکران ونەماون وژمارەشیان(١٠)دانەیە ژمارە و ناوی خاوەنەکانیانمان لەبەر دەستدایە لێرەدا چەند پرسیارێ دێتە ئاراوە..

أـ ئەم ئەوراقانە بۆ رفێنران؟.

ب ـ ئەم ئەوراقانە چۆن رفێنران؟.

ج ـ کێ ئەم ئەوراقانەی بردووە؟.

بێگومان بەش بەحاڵی خۆمان نارەحەتیمان دەربڕی، چونکە دەس پێشخەرییان کرد، بەڵام ئاگاداری فەرمانبەری لێپرسراومان کردووە کە ئەوان بەرپرسیارن دەربارەی ون بوونی هەرشتێک لەم بابەتەدا.

داوا لە بەڕێزان دەکەین کە دەس بگیرێتە سەر ئەو وەکالەتانە تا بزانین نفوسیان لایە، یان نا؟ هەروەها چۆن ئەو ئەوراقانە دزران.

جگە لەمەش لە ژمارەی(٩٢٦)بەرەو ژوور تادوایی(١٠٦٣)هیچ تەدقیقی ناوی نفوسەکانیان نەکراوە، دەبێ لیژنەیەک دروست ببێ هەرلە یەکەوە تا دوایی تەدقیق بکرێت سەر پێچیەکانیش سزا بدرێن نەک پشت گوێ بخرێن.

باجۆری پشکنینەکە بگۆڕین، روو بکەینە کۆمپانیای گشتیی بازرگانی خواردەمەنی بزانین چییان بووە و چییان ماوە لە بابەت سەیارە، رافعە، تەلەفۆن.

بە لێ بەڕێزان.. (٢)لۆری گەورەیان بووە لەگەڵ (١)پیک ئاب دەبڵ کابینە و(٥)رافعە.

ئەوانەی کەماون:

١ـ بۆدی یەکێ لە لۆریەکان. ٢ـ رافعەیەکی پەک کەوتە. ٣ـ رافعەیەکی ساخ.

دەربارەی تەلەفۆنات (٧)تەلەفۆنیان بووە. (٢)ژمارە لەم تەلەفۆنانە لەجێی خۆیان ماون. (٥)ژمارەی تری دیار نەمان، رەنگە لەهەندێ ماڵەوە سەریان هەڵدابێت.

بەراستی حەقی وایە بپرسین ئەم تەلەفۆنانە لەکوێن چۆن ملی رێیان گرتووە، چوونەتە هەندێ ماڵ، ئەگەر بەئەمری بەرەی کوردستانی نەبێت و فەرمانگەی تەلەفۆناتی سلێمانی نەیگواستبێتەوە قەت تەلەفۆنەکانیش وەک سەیارەکان ناتوانن بەپێی خۆیان برۆن..بۆیە لیژنەکەمان داوا دەکات پشکنینێکی تەواو لە تەلەفۆنات بکرێت وئیجرائات بەرامبەر بەگشت بەشدارێک لەم کارانە بکرێت.

بەڕێزان.. دیاردەیەکی ناخۆشیان بۆ گێڕاینەوە و لە زۆر شوێن دەیاندا بەرووماندا لە دواییدا راپۆرتێکمان پێگەیشت لەم بابەتەوە، باسەکە زۆر بڵاوە لە ناوخەڵکا و دەڵێن دوای دروست بوونی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری(٣)فەرمانی وەزاری لەم ماوەیەدا دەرچووە بۆ تاکە کەسێ کە لە بواری کەلوپەلی خواردەمەنی سلێمانیدا ناوێکی زۆر خراپی هەیە، بەم (٣)فەرمانە وەزاریە ئەم تەنها کەس کراوە بە:ـ

١ـ سەرۆکی لیژنەی فرۆشتنی سەیارە هەراج کراوەکان.

٢ـ ئەندامی لیژنەی پشکنین.

٣ـ سکرتێری لیژنەی ئابووری شاری سلێمانی.

هاوولاتییەک راپۆرتەکەی و وێنەی(٣)فەرمانی وەزاریەکانی بۆ هێناوین، هەروەها لەبەشێ لە راپۆرتەکەیان دەڵێت: (لە ١٩٩٢/٧/١٩ دا فەرمانبەری وەزاری بۆ «               »دەر دەچێت کەکراوە بە سکرتێری لیژنەی ئابووری ئەم فەرمانە وەزارییە لەتازەکردنەوەی «تحدید» دەچێت ،چونکە ناوبراو هەرکاتی «ئەرشەد زێباری»و«شێخ جەعفەر»و«کاکل ئاغا» و«نەجمەدین نەقشبەندیی» هەرهەمان پلەی هەبوو...).

بەڕێزان.. ببوورن ئەمە بەکورتی هەندێ لەکێشە و گیروگرفتەکانی کەلوپەلی خواردەمەنی ودەزگاکانی بوو..هیوادارم توانیبێتمان خزمەتی بەڕێزان وکارەکەیشمان کردبێت ئیتر بەهیوای ئەوەی ئەم پشکنینە لەگەڵ ئیجرائاتیشدا لەگشت ناوچەکان بکرێت، هەر سەرکەوتووبن.

**سەرۆکی لیژنە**
**یەحیا محەمەد عەبدولکەریم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە دەستەی سەرۆکایەتی وامان بەباش زانی کە راپۆرتەکە رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران کەین، بەڵکو لە رێگای خۆیانەوە و بە هاوکاری لەگەڵ لیژنەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کە ئەم راپۆرتەیان ئامادە کردووە، لێی بکۆڵنەوە.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوکاتەی کە ئێمە لە بەرەی کوردستانی بووین ئیجازەیەک نییە بە مۆری بەرەی کوردستانی داوا کرا بێت بۆ وەکالەت، ئەگەر هەیە ئێمە حەز دەکەین ئەوانەمان نیشان بدەن بابزانین بەمۆری کێیە بە ئیمزای کێیە وکێ ئەمەی کردووە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە لیژنەکە کردوویەتی پەیوەندیی نە بە بەرەی کوردستانییەوە هەیە، نە بە هیچ جۆر لایەنێکەوە و، نە بە حکومەتەوە هەیە، بەڵکو پەیوەندیی بەخەڵکەوە هەیە.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دیاردەیەی کە لە سلێمانی هەیە لە هەولێر زیاترە بۆیە بە باشی دەزانم کە لە هەولێریش لیژنەیەک دابنرێ وتەدقیق بکرێ وراپۆرتەکەی ئاراستەی وەزارەتی تایبەت بکرێ، ئەگەر بەدواچوونەوە نەکرێت بێگومان چاوپۆشی لێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی کۆتایی بەم بابەتە بێنین دەیخەینە دەنگدانەوە..کێ لەگەڵ ئەو راپۆرتەدایە با دەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێی لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ راپۆرتەکە پەسەند کراو رەوانەی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت.

ئەوجا دێینەوە سەر ئەو چەند پێشنیارەی کە کراوە، سەبارەت بە کێشەی گەنم لە کوردستاندا نووسراوە وئاراستەی وەزارەتی کشتوکاڵ کراوە و رۆژی سێ شەممەی ئاییندە کە ئامادە بوون باسی بکەین.

**بەڕێز عەبدوڵڵا ئیبراهیم عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە تەنها پەیوەندیی بە کشتوکاڵەوە نییە ،بەڵکو پەیوەندیشی بە ئابووریەوە هەیە، ئەو رۆژە کۆبوونەوەیەکیان کرد بەئامادەبوونی هەردوولا بەڵام لەسەر پارە پەکیان کەوت بۆیە بەباشی دەزانم کە وەزیری ئابووریش ئامادە بێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆژی سێ شەممە زۆر درەنگە ئەگەر دەکرێت با زووتر بانگ بکرێن و ئەم بابەتە کۆتایی پێبێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بۆ سێ شەممە ئاگاداریانمان کردووە، چونکە فریا ناکەوین، دیسان هەوڵ دەدەین کە پێوەندیی

بکەین بەهەر دوو وەزیرەوە کە ئامادە بن لێرە، جا خاڵی(٤)برگەی (أ)دەبێت دوابخرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ گفتوگۆی لەسەر بکەین، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بابەتە دواخرێت با دەستی خۆی بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. بە زۆربەی دەنگ بابەتەکە دواخرا.

ئێستاش دێینە سەرکێشەی کارەبا لە کوردستاندا.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەولێر و زۆر لە شارەکانی تر دەست پێکراوە و کارەبا دەبڕدرێت، لەئاکرێ زیاتر لە(١٠) رۆژە کە بە هیچ شێوەیەک کارەبایان نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئاکرێ بیستمان کە ماوەیەکە کارەبا نییە، بۆیە بەپێویستمان زانی کە بچینە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای ئاکرێ و بپرسین هۆی نەبوونی کارەباکە چییە؟ لەوێ بەڕێوەبەری کارەبا وتی کە لە وێستگەی (حمدانی)ەوە بۆمان دێت و، بەڕێوەبەری کارەبای موسڵ وتویەتی کەوا سرکتێک لەوێ هەیە کە لە دروستکراوی یوگوسلافیایە وئێستا سووتاوە ئەو سرکتێکە ئێستا لە کۆگاکانیان وەکو یەدەگ نییە هەروا دەڵێت کەوا دوو کێبڵ لە وێستگەی حەمدانییەوە دێن بۆ ئاکرێ یەکێکیان دەچێتە بەعشیقە ئەوی تر راست بۆ ئاکرێ دێت دەتوانین لە بەعشیقەوە وەری بگرین وکارەبا بۆ ئاکرێ بێت وئەوەشیان پێش چاوی خستووە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای موسڵیش پەسەندیان کردووە، بۆ چوونی فەنییەکانی ئاکرێ ئەوەیە کەوا مەسەلەکە خەلەلی هونەری نییە، بەڵکو فشارێکی سیاسییە جا حەز دەکەین، ئەگەر نەهاتنی کارەبا درێژەی خایاند بابەتەکە بخرێتە بەردەست(M.C.C)،یا هەر لایەنێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو من بزانم ئەو کارەبایەی کە دەدرێت بە ئاکرێ لەبەر ئەو کارەبایەیە کە لە دەربەندیخانەوە دەدرێت بە رژێم، ئەگەر (M.C.C)نەیتوانی ئیجرائات وەربگرێ، خۆمان لە رێگای دەربەندیخانەوە دەتوانین فشار بخەینە سەر رژێم وکارەبایان لێ ببڕین، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە کە هێڵی دهۆک وهەولێر بەیەکەوە ببەسترێتەوە، ئاکرێش دەگرێتەوە، ئەو کاتەی کە هێڵەکە بەسترایەوە کوردستان سەربەخۆیی خۆی دەبێت و، لە دەربەندیخان ودوکان دەتوانین کارەبای کوردستانی عێراق دابین بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من ئەم پیلانەی رژێم تەنها بۆ بڕینی کارەبا نییە لە ئاکرێ، بەڵکو لە هەموو ئەو جێگایانەی تری کە لە رژێمەوە کارەبای بۆ دێت دەیبڕن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە کەوا گفتوگۆی کارەبا دوابخرێت بۆ دانیشتنی ئایندە تاوەکو بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە ئاگادار دەکەینەوە بۆ ئەوەی بە ئامادە بوونی خۆی، ئەم گفتوگۆیە بکرێت.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێشەی کارەبا ئەوەیە کە لە مانگی(١١)دا کارەبای هەموو کوردستان دەبڕدرێت، چونکە ئەمڕۆ لەبەر ئەوەی سووتەمەنی نییە خەڵکەکە هەمووی هیتەر بەکار دێنێ بۆ هەموو شتێک، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر نەبوونی کارەبا لەشاری ئاکرێ، ئاویش نەماوە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە نەختێک پەلە بکرێت لە بانگ کردنی بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە وپسپۆڕاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم کاتێ بەڕێز وەزیری پیشەسازی هاتە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەوە، با باسی چیمەنتۆش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با لە ئەنجوومەنی وەزیران پرسیار بکرێت سەبارەت بە کۆلیژ، یا پەیمانگای باڵای شەریعە، ئایا بە رێگای ئسووڵییەوە دامەزراوە و، لەگەڵ ئەوەشدا کۆلیژێکی ئەهلی کراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کردنەوەی کۆلیژ، یا پەیمانگەی شەریعەی ئیسلامی لە دهۆکدا جیایە لەگەڵ ئەو کۆلیژەی کە لە هەولێر کراوەتەوە،بە رەزامەندی بەرەی کوردستانی کۆلیژی شەریعەی دهۆک کراوەتەوە واتە پێش دامەزراندنی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان و، لە لایەن پەرلەمانەوە هەموو کارەکانی بەرەی کوردستانی پەسەند کراوە کە ئەمەش یەکێکە لە کارەکانی، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد شەریف تاهیر مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە کۆلیژی شەریعەیە نەوەکو پەیمانگای باڵای شەریعە، کۆلیژەکەش دوو بەشە بەشی شەریعە و بەشی دیراسەی ئیسلامیە و، هەر کۆرسێک(١٠٠) قوتابی کورد وەردەگرێت و، بڕیاریش وایە کە خەڵکی غەیری کوردستانی عێراقیش وەربگرین بەمەرجێک پاک بن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من تەنها بۆ ئەوە بوو کە ئێمە بگەینە ئەو ڕاستیەی کەوا گومان هەبوو لەوەی کە گوایا لە دهۆک بزووتنەوەی ئیسلامی پەیمانگایەکی شەریعەی کردۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکە لە جێی خۆیدا بوو ئێستاش من لەگەڵ ئەوەدام کە پرسیار ولێکۆڵینەوە لە ئەنجومەنی وەزیران بکرێت، سەبارەت بە دامەزراندنی ئەم کۆلیژە و ئەو مەنهەجەی کە لەوێ دەوترێتەوە وهەروەها سەبارەت بە ئەو مامۆستایانەی کە وانە دەڵێنەوە، چونکە مەترسی لەوە هەیە کە خەڵکانێک هاتبن بۆ دزینی مێشکی گەنجەکانمان، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ڕێزو سوپاسمان بۆ ئەو کەسانە هەیە کە هەوڵی کردنەوەی ئەم کۆلیژەیان داوە، بەڵام بە ڕای من ئەگەر ئەم کۆلیژە ببەسترێتەوە بە وەزارەتی پەروەردە باشترە، تاوەکو حکومەت ئاگار بێت کە چی دەکرێت، دووەم ئێمە پێشنیارمان کردووە کەکۆلیژی شەریعە بکرێتەوە و تکامان وایەکە گرنگی بەو کۆلیژە بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەرلەمان بەرپرسیارە لە هەر تەشریعێک کە لەم کوردستانەدا هەبێت، دانیشگاش بەشێکە لەو شتە، کۆلیژی شەریعەش دوور نییە لەو سیستەمەی کە هەمانە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستی ئێمە لێرە ئەوە نییە کە کۆلیژ، یا هەر دەزگایەکی تری دابمەزرێت ئاینیی بێت ،یا

ئاینیی نەبێت ، مەبەستمان تەنها ئەوەیە کە ئەو دەزگایەی کە دادەمەزرێت دەبێت بە ڕەزامەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، یا وەزارەتی پەیوەندیدار، چونکە کۆماری ئیسلامی ئێران دەیەوێت لەرێگای دامودەزگای ئیسلامیەوە دەسەلاتی خۆی لەکوردستانی ئازاد پەیدا بکات وبۆ مەبەستێکە کە نەک هەرپەیوەندیی بە کاروباری ئیسلامیەوە نییە، بەڵکو لە ناوەڕۆکیشدا دژی ئاینیی ئیسلامیە، چونکە ئەوکارانەی ئەوان دەیکەن، یا پیاو خراپیە، یا کوشتنە، یا تەقینەوەیە، یا سیخوڕ پەیدا کردنە، جا پێویستە هەموو ئەوکارانەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران پێی دەیەوێت بێتە ناو کوردستانەوە بە چوار چاوەوە سەیری بکەین و، بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدرێت رێگا لەو پیاو خراپانە بگیرێت کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پیلانیان بۆ دادەنرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوڵلا دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆلیژی شەریعە نابێت وەکو کۆلیژەکانی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە ئەو پێش دامەزراندنی پەرلەمان دامەزراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە کەوا ئەنجومەنی وەزیران تەبەنی کۆلیژی شەریعەی دهۆک بکات، یا وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوە ئیشی ئەنجومەنی وەزیرانە بابڕیارێکی لەسەر بدەن ودوایی ئاگادارمان بکەنەوە.

**بەڕێز مەلا محەمەد شەریف تاهیر مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە ئێمە ئاگاداری مەنهەجی دیراسی ئەو کۆلیژە بین و، بزانین کە چی دەخوێنرێت، ئێمەش حەز دەکەین کە لیژنەیەک هەبێت بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو کۆلیژە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی تا ئێستا ئێمە یاسایەکی پەروەردەیی بالامان نییە، وەکو پەرلەمان ئەو بابەتە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین و، هەر شتێک بوو ئاگادارمان بکەنەوە.

دێینەوە سەر خاڵی(٧)ەم وچەند پێشنیارێک هەیە لەسەر چۆنێتی بەستنی کۆبوونەوەکانمان، وا دیارە ئێستا پێشنیار هەیە کەوا بیگۆڕین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ماوەیەک هەر دوو فراکسیۆن داوایان کردبوو کە کۆبوونەوەکان هەفتە نا هەفتەیەک بێت

وپیشکەشی بەرێزتانیش کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکە بەو جۆرەیە هەفتەیەک کۆبوونەوە هەبێت وهەفتەیەک کۆبوونەوە نەبێت، هەر دوو فراکسیۆنیش لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە لە شەممەوە تاچوار شەمە هەموو ڕۆژێ بەیانیان بۆ کۆبوونەوە گشتییەکان بێت و هی دوای نیوەڕۆش بۆلیژنەکان بێت بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن کاروباری خۆیان ئەنجام بدەن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ پێشنیارەکەم هەموار کردنێکم هەیە دوای نیوەڕۆی چوار شەمە کۆبوونەوە نەبێت بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە سەفەر بکات، پێنج شەمە لەناو شارەکەی خۆی بێ وبزانێ چی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕای لیژنەکان، ئەوان چۆنی بە باش دەزانن بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشەکانیان با وابێت، بەڵام کۆبوونەوەی پاش نیوەڕۆ بۆ ئەنجومەنی وەزیران باش بوو ، چونکە ئێواران دەستیان بەتاڵەو ئیشیان نییە، ئێستاش کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە کۆبوونەوەکانمان بەم شێوەیە بێت با دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا. مایەوە سەر دیاری کردنی کاتژمێری کۆبوونەوەکان ئایا لە کاتژمێری (٩ یا ١٠)ببەسترێ؟ کێ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاموایە خۆتان بۆ سەعاتەکە شتێک دابنێن قابیلی گۆڕین بێ و، لە کاتی ئیستسنائیشدا لە سەرۆکایەتیەوە داوا بکرێت کە کۆبوونەوە ببەسترێت و بەیانی ودوای نیوەڕۆش دانیشتن هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ مەسەلەی دیاری کردنی سەعاتی دەسپێکردنی دانیشتنەکان دەبێت ئەوە لە پێش چاو بگرین کە ئەندامان هەر یەکەو لە جێگایەکن، پێشنیار دەکرێت کە کاتژمێر (١٠)بێت و، کۆبوونەوەکانی پاش نیوەڕۆش بۆ لیژنەکان تەرخان بکرێت و، سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەبێ

ئاگادار بێت کە لیژنەکان لەکوێن، چونکە زۆر جار لە سەرۆکایەتی ئیشمان دەبێت بە لیژنەیەک نازانین لە کوێن، یا سەفەریان کردووە ئەو هەفتانەی کۆبوونەوەکان دەخەینە دوای نیوەڕۆ، حەز دەکەین پاش نیوەڕۆ لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بین، چونکە لەوانەیە لیژنەیەکی تر پەیوەندیی بە ئەوانی ترەوە بکات، واتە بەکورتی دەوام بێت، لە شەممە کۆبوونەوەکەمان دەستی پێدەکات، ئێستا بۆمان روون بووەوە کە کۆبونەوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی چۆن دەبەسترێت، ئەمڕۆ هیچمان نەماو کۆبوونەوەی ئایندەمان رۆژی شەممە دەبەستین لەگەڵ رێزو سوپاسماندا.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **ئەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە( ٣٧)

شەممە ڕێکەوتی ٣/ ١٠/ ١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره( ٣٧)

## شەممە رێکەوتی ٣/ ١٠/ ١٩٩٢

کاتژمێر( ١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی شەممە رێکەوتی٣/ ١٠/ ١٩٩٢ ،ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا دانیشتنی ژمارە(٣٧)ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا رادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بە ناوی خوای بەخشەندە ومیهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.

بەرنامەی کار:

١ـ بەرچاوخستنی ئەو پێشنیارەی کە تایبەتە بە سەر ژمێرکردنی ئاوارەکانی شاری کەرکووک لەگەڵ دیاری کردنی ئەو وەزارەتەی کە لێیان بەرپرسە.

٢ـ ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە بۆ وەڵام دانەوەی:أـ پرسیارەکەی بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی. دەربارەی کێشەی کارەبای ئاکرێ و ناوچەکانی تری کوردستان.

ب ـ پرسیارەکەی بەڕێز جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز دەربارە دیاری کردنی نرخی چیمەنتۆ کە بە هاوولاتییان و ئەو رێکخراوانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن ئەفرۆشرێت.

٣ـ بەرچاو خستنی ئەو پێشنیارەی کە تایبەتە بە قەدەغەکردنی ناردنە دەرەوەی مەکینە وئامێرەکان بە هەموو شێوەکانیەوە بۆ دەرەوەی کوردستان.

٤ـ تازە بابەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمرۆ بەرنامەی گفتوگۆمان سێ برگەیە، هەروەها لەبارەی تازە بابەت، ئەگەر شتێک هەبوو دەگەڕێینەوە، فەرموون بادەست پێبکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ تازە بابەت، ئەمرۆ دووشتم هەیە:

یەکەم: ئەو رۆژەی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی لێرە بوو من پێشنیارێکم کرد پێموایە لای خۆتان نووسیتان و بیکەن بە بڕیار ئەوەشی ئەوە بوو بەڕێزی داوای کرد کە حکومەتی هەرێمی

کوردستان کۆنترۆڵێکی سنوورکان بکات، پەلە بکا لە گێڕانەوەی ئەو خەڵکە بۆ سەر دێهاتەکانی خۆیان و من دووپاتی دەکەمەوە کە ببێتە یاساو پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات.
پێشنیاری دووەم: داوا دەکەم کە موازەنەی ئەنجوومەنی وەزیران و موازەنەی پەرلەمان ئەمڕۆ بەرنامە بێ بۆ دووان لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو مەسەلەی کە مام جەلال وتی بکرێ بە بڕیار، من دووتێبینیم هەیە لەسەری یەکێکیان سەبارەت بە ئەو قوتابیانەی کە لە زانکۆکانی موسڵ وبەغدا قوتابین و، لە قوناخی دووەم وسێیەمدان، لەبەر نالەباری وئالۆزی گوزەران ناتوانن لەوێ دەوام بکەن، داوا دەکەن کە لە زانکۆی سلێمانی وەربگیرێن و قۆناخەکەی خۆیان بۆ بکرێتەوە، جا دەبێت لە ئەنجوومەنی وەزیران داوا بکرێت کە چارەیەکیان بۆ بدۆزنەوە، هەروەها کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەم ماوەیەدا دەبەسترێت دەبێت ئێمە وەکو پەرلەمان پرۆژەی فیدراڵی تەواو بکەین ولە کۆبوونەوەکەدا پێشکەشی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاتی خۆی ئێمە بڕیارێکمان دەرکرد دەربارەی کۆنترۆڵ کردنی سنوورەکان، هەروەها لە بەرنامەی حکومەتیشدا هاتووە کەسنوورەکان کۆنترۆڵ بکرێت، ئەگەریش حەز دەکەن با لەسەر رۆشنایی ئەو بڕیارەی کە دەرمان کردووە دووبارە داوای جێبەجێ کردنی بڕیارەکە بکەینەوە لە ئەنجوومەنی وەزیران.
سەبارەت بە کێشەی ئەو قوتابیانەی کە ئەیانەوێت لە کۆلێژی کشتوکاڵ وەربگیرێن، ئەگەر وەکو پێشنیارێک رەوانەمانی بکەن، تاوەکو ئێمەش ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیرانی بکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با گفتوگۆی میزانیەکە بکەین، تاوەکو ئەنجوومەنی وەزیرانیش دەستیان کراوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەنجوومەنی وەزیران دەستیان کراوەیە و لەسەر رەزامەندی ئێمە رانەوەستاون، هەرچەندە بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی وەزیران هیچ پارەیەک نابێت سەرف بکرێت ، تاوەکو ئەنجوومەنی نیشتمانیی میزانیەکە پەسەند نەکات.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز فرەنسۆ دەکەم، با سبەینێ گفتوگۆی میزانیەکە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە وەکو پەرلەمان رامانگەیاندووە کە فیدرالّیمان بۆ کوردستان هەڵبژاردووە و، ئێستا خەریکی دارشتنەوەی یاسای فیدرالّین بۆ کوردستان و، دیباجەیەکیشمان ئامادە کردووە سەبارەت بە پەسەند کردنی فیدرالّی بۆ کوردستان و، ئەگەر پێتان باشە ئەوە دیباجەکە رادەگەیەنین لە راگەیاندنەکاندا تاوەکو یاساکە تەواو دەبێت.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە پەرلەمان وەکو بنەما فیدرالّیمان بۆ کوردستان پەسەند کرد، بەلاّم وەکو بڕیار ، بڕیارمان لەسەری نەداوە کە فیدرالّیمان کردووەتە درووشمێکی مەرکەزی بۆ کوردستان، جا بە رای من دەبێت بڕیاری لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە سبەی بڕیارەکە ئامادە دەکەین و، ئەگەر پێتان باشە ئەوە دەیکەینە خالّێک بۆ بەرنامەی کاری سبەینێمان وگفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با دووپاتی بکەینەوە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی پەلە بکەن لە کۆنترۆلّ کردنی سنوورەکان و گەڕانەوەی خەلّکی بۆ سەر دێهاتەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە وەک پێشنیارێک وەری دەگرین، کێ لەگەلّ ئەم پێشنیارەدایە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا. باشە دووپاتی دەکەینەوە لە حکومەت کەوا پەلە بکەن لە کۆنترۆلّ کردنی سنوورەکان.

ئێستا دێینە سەر پرۆگرامی ئەمڕۆمان کە ئەویش بەرچاوخستنی پێشنیاری سەرژمێرکردنی ئاوارەکانی کەرکووکە، لەگەلّ دیاری کردنی ئەو وەزارەتەی کە پەیوەندداره پێیانەوە، ئەمە لەرێگای پێشنیارێکەوە بۆمان هاتووە، جا کێ تێبینی هەیە بابفەرموێت.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو ئاوارانەی کە باس دەکرێن تەنها ئاوارەی کەرکووک نیین، بەلّکو خەلّکی دەوروبەری کەرکووک وگەرمیانیشان لەگەلّدایە و، سنوورێکی بەرفراوانیان گرتۆتەوە و، ئەم ئاوارانە لە بارو گوزەرەکانێکی زۆر خراپدا دەژین وکەموکوورییەکی زۆریان هەیە و، هەروەها کێشەیەکی تریشیان هەیە ئەویش گواستنەوەی قوتابی و فەرنانبەرەکانیانە کە لێرە داوای بڕوانامەیان لێ دەکەن، هەمووبمان دەزانین کە ئەو خەلّکە ئاوارەن وهەندێکیشیان تەنانەت ناتوان بڕۆنە ناوشاری

کەرکووکەوە ئایا چۆن بتوانن بروانامە بێنن؟! جا داوا دەکەم کە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ چارە سەر کردنی کێشەی قوتابیە ئاوارەکان، ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە پێشنیارمان کردووە کە لیژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شارەکان دروست بکرێت بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، سەبارەت بەو رێکخراوانەش کە یارمەتی ئاوارەکان دەدەن زۆر سوپاسیان دەکەین بۆ ئەو ئەزیەتەی کە کێشاویانە، بەڵام با ئەرکی یارمەتیدان وهاوکاری کردنی ئاوارەکانی کەرکوک وگەرمیان حکومەت بیگرێتە ئەستۆ، هەروەها پرۆژەیەکم پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران کرد بۆ جێ نشین کردنی ئەو ئاوارانەی کە تاوەکو ئێستا لە چادردا دادەنیشن، پێشنیاریشم کرد کە سەرژمێرییەکی تەواوی ئاوارەکان بکرێت بۆ ئەوەی لەیەک جێگەدا جێنشین بکرێن، تاوەکو یارمەتی و دەستی خزمەتگوزارییان بە گوێرەی توانا وپێویست پێبگات، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی پێشنیارەکەی خوشکە فەوزییە دەکەم کە کاتی خۆی ئێمە پێشنارمان کرد، برادەرانی کەرکوک کە ئاوارەکانی کەرکوک لە شوێنێکدا کۆبکەنەوەو لەبەر ئەوە زیاتر خزمەتیان پێبگەیەنین و،خەڵکێکی ئاوارە لە چەمچەماڵ پرسیاری وەڵامی راپۆرتەکەیان دەکەن کەداوایانە بە بەڕێز بارزان خالید، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە باری گوزەرانی ئاوارەکانی کەرکوک وگەرمیان زۆر نالەبار و خراپە و ئەو خەڵکە ئاوارەیە وا هەست دەکەن کە جیاوازییەک هەیە لە نێوانی ئەوان وخەڵکانی شارەکانی تری کوردستان ، جا ئەوە مەسەلەیەکی زۆر ترسناکە نابێت لە کوردستاندا بڵاو بێتەوە، هەروەها پێشنیار دەکەم کەوا لیژنەیەکی تایبەتی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی ناوخۆ دابمەزرێت بۆ مەسەلەی ئاوارەکان و، ئامارێکی تەواوی گشت ئاوارەکان بکرێت بۆ ئەوەی لیستێکی تەواوی ژمارەی ئاوارەکانمان لابێت و، هەروەها لیژنەیەکیش دەسنیشان بکرێت بۆ هاوکاری کردنی خێزانی ئەنفال کراوەکان، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارم دەکەم کە پێشنیار بکرێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە هەموو وەزارەتەکان لیژنەیەکی

کاتی دابنرێ تایبەت بێ بە ئاوارەکانی کەرکووک هەریەک بەپێی پسپۆری خۆی چارەی گرفتەکانیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی مەلامحەمەد ئەمین فەرمووی راستە لە رۆژی ٩/٢٦ ئەو ناوبراوە راپۆرتێکی (١٠) لاپەڕەی بەمن دا منیش پێشکەشی بەڕێز سکرتێری ئەنجوومەنم کرد و، کورتەی راپۆرتەکەش ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان رزگار کراوە و ئاوارە نییە بۆچی ئەو هەموو ئازووقەیان دەدرێتێ و، هەر ئاوارەیەک ئێستا لەهەر جێگایەک بێ نیشتەجێ بووتەنها خواردنی دەمێنی، ئەویش با لە شوێنی نیشتەجێکەیدا ناوی بخرێتە سەر لیستەی وەکیلی خۆراک، ئیتر ئەم کێشەیە دەبڕێتەوە ئەمە دووەمین نامەی ئەو برادەرەیە کە بەڕێز مەلا محەمەد فەرمووی.

منیش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەم کە ئاوارەکان لە شوێنێکدا کۆبکرێنەوە، ئێستا لە هەولێر خەڵکێکی خراپیان تێدایە زۆر خروقات دەکەن، ئاوارەکان دەیکەن، یا بەناوی ئاوارەکانەوە دەکرێ بە تایبەتی عارەبانەچییەکان، یاشۆفێری پاسەکان هەرچی دەکرێ دەڵێ من ئاوارەم وازم لێ بێنە واتە لە یاسادا دەبێت ئاوارە جیا بکرێتەوە ویاسایەکی تایبەتیان بۆ دابڕێژرێ، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەست هەر ئاوارە نییە، ئەنفالەکانیش کێشەیەکی زۆریان هەیە، ئێستا من ئامارێکم لایە کە نزیکەی (٤٥٥) منالی بێ دایک و باوک هەن کە تەمەنیان لە (١٥) ساڵ کەمترە و، هەروەها لەکەرکووک و کفری وئۆردوگای سمودیش نزیکەی (٣٧) منداڵی بێ دایک و باوکمان هەیە، کە دەبێ حکومەتی هەرێم چارەسەرێکیان بۆ بدۆزێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ناوەڕۆکی گشت رایەکان وایە کە لیژنەیەک پێک بێت لە پەرلەمانەوە بۆ کێشەی ئاوارەکانی کەرکووک و گەرمیان، لەسەر بناغەی ئەم دوو پێشنیارەی کە لە پێشماندان و یەکێکیان لەلایەن (١٠) ئەندامی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە و، ئەوی تریش ئەوەیە کە لیژنەیەکی تایبەتی تەرخان بکرێت بۆ سەرژمێر کردنی ئاوارەکانی کەرکووک لە هەموو ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر و شوێنەکانی تر بە مەبەستی چاککردنی باری ژیان و گوزەرانی ئاوارەکانی سنووری کەرکووک و گەرمیان.

خاڵی دووەم، ئەوەش دەبێت روون بکرێتەوە کە سەر بە چ وەزارەتێکن.

خاڵی سێیەم،مەسەلەی ئاوارەکانی کەرکووک و گەرمیان بکرێ بەبابەت و لە ئەنجوومەنی نیشتمانی باس بکرێ. هەردوو پێشنیارەکە لەلایەن (١٢) ئەندامی پەرلەمانەوە مۆرکراون وهەردوو هەمان ناوەڕۆکییان هەیە و بەپێی ئەم بۆ چوونانە دیارە ئێمە پێویستیمان بە لیژنەیەکی

پەرلەمانییە بۆ دراسەت کردنی باری ئاوارەکانی کەرکووک و گەرمیان.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەدروستکردنی لیژان لە ناو پەرلەماندا، من رایەکم هەیە، ئەگەر لیژنەیەکی تایبەتی بۆ ئەم مەسەلەیە دورست ببێت کاری ئەوە دەبێت بچێتە ئەوێ و سەرژمێری خەڵکە بکات، پێموایە لە پەرلەماندا بڕیارێک وەربگرێ سەربارەت بە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و ئەو گیروگرفتانەی کە پەیوەندیی بە ئاوارەکانی کەرکووک و گەرمیانەوەیە و، رەوانەی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی بکرێ و، ئەوان لیژنەیەکی مەیدانی دامەزرێنن و سەرژمێری خەڵکەکە بکەن و، مەسەلەی نیشتەجێ کردن و ئازووقە و خوێندن و هاتووچۆ وخزمەت گوزاری ترەوە بکرێت بە بڕیار و بدرێت بەو لیژنەی کە لە پەرلەماندا دەستنیشان دەکرێت و لیژنەکەش راپۆرتی خۆی بخاتە پێش چاوی پەرلەمان بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبێت پێشنیارەێک هەبێت وئەو پێشنیارە دەیدەین بە لیژنەی کۆمەڵایەتی ولیژنەی یاسا تاوەکو بیکەین بە بڕیارێک وبیدەین بە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ جێبەجێ کردنی، چونکە دەبێت ئێمە لێرە لە پەرلەماندا بڕیارێکمان وەکو بناغە هەبێت کە لەسەر رۆشنایی ئەو بڕیارە حکومەت بتوانێت هەستێت بە هاوکاری کردنی ئەو ئاوارانە.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێشەی ئاوارەکانی کەرکووک وگەرمیان ئێستا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە روونە و هەربەکە بەش بەحاڵی خۆی راپۆرت و زانیاریی پێویستیان لە بارەی کێشەکەیانەوە هەیە، ئەگەر لیژنەیەکی پەرلەمانی دروست بێت خراپ نییە، بەڵام ئێمە ئێستا ئیشەکەمان لای سەرۆک وەزیرانە، یانی دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەی کاتی پێک بێنن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو شتانەی کە ئێمە پێشنیارمان کردوونە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبێ داوا بکەین لە حکومەت کە لیژنەیەک بۆ ئەم مەبەستە پێک بێنێ، یا لیژنەی کۆمەڵایەتی پەرلەمان خۆی هەستێت بە داوا کردنی ئەو شتانەی کە پێویستە بکرێت بۆ ئەو ئاوارانە وبیخاتە پێش چاوی پەرلەمان، تاوەکو ئێمەیش بڕیاری لەسەر بدەین، کتلەکانیش پەلە بکەن لە دەسنیشان کردنی ئەندامانی خۆیان بۆ ئەم لیژنەیە، تاوەکو بەپەلە هەر ئەمڕۆ بڕیاری لەسەر بدرێت و بخرێتە بەرنامەوە.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ مەسەلەی ئەم لیژنانە وبۆ ئەوەی دووبەرەکی دروست نەبێت لە ئیشەکەدا، هەر لیژنەیەکی

پەرلەمان چ ئیشێکی ئاوارەکان پەیوەندیی پێوە هەبێت دەبێت ئەو لیژنەیە خۆی بە راپەڕاندنی ئەو ئیشە هەستێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە رای ئەندامانە ودەبێت بیدەن بە لیژنەی کۆمەڵایەتی .

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیاردەکەم کە کێشەی خانەقینیش بخرێتە تویی کێشەکانی گەرمیان وکەرکووک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با مەسەلەکە یەکلا بکەینەوە و ئەوەی کە ئێستا گەڵاڵە کراوە با بیدەین بە لیژنەی کۆمەڵایەتی ، بەڵکو ئەوانیش ئیشوکاری خۆیان بکەن.

**بەڕێز فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێشەی ئاوارەکان تەنها یەک کێشە نییە، بەڵکو چەند کێشەیەکی جۆراوجۆرە، وەکو کێشەی نیشتەجێکردن و ئازووقە و قوتابیان و هتد.. جا لیژنەی کۆمەڵایەتی بەتەنها پێی ناکرێ کێشەی ئەم ئاوارانە چارەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەر چ پرسیارێک لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان و حکومەتەوە هەیە با بیدەن بەم لیژنەیە، تاوەکو ئەویش هەستێت بە کارەکانی خۆی.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با نوێنەری گشت لیژنەکانی تیادا بێت و، لیژنەیەکی کاتی پێک بهێنرێت و راپۆرتی خۆمان بدەینە پەرلەمان و، ئەوانیش بیدەن بە ئەنجوومەنی وەزیران تا جێبەجێی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەپێی پێڕەو لیژنەی کۆمەڵایەتی مافی هەیە کە راوێژ بە هەر ئەندامێکی پەرلەمان بکات و، هەر ئەندامێکی پەرلەمانیش مافی خۆیەتی کە هەر چی هەیە بیدات بە لیژنەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی کە بتوانین زیاتر خزمەت بەو خەڵکە ئاوارەو بێ دەراتانە بکەین.

**بەڕێز سەلاحەدین حەمید عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوونە لە ناوچەکانی خانەقین و جەباره و دوز جێگاو رێگایان نییە، تەنانەت لە قوتابخانەکاندا نیشتەجێ کراون و، دەبێ زوو چارەسەرییەکیان بۆ بدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
ئەو لیژنەیەی كە دادەمەزرێت بۆ خزمەت كردنی ئاوارەكانی كوردستان خزمەتی ئەم ئاوارانەیش دەكات.
**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
بە رای من لیژنەیەكی تایبەتی دابمەزرێت بۆ راپەڕاندنی ئیشوكاری ئاوارەكانی گەرمیان ، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
پێشنیارێک هەیە كە لیژنەیەكی تایبەتی دابمەزرێت بۆ ئاوارەكانی گەرمیان وكەركووك و، ئێستا ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە لیژنەیەكی تایبەتی دابمەزرێت بۆ سەرپەرشتی كردنی ئاوارەكان بە شێوەیەكی كاتی، با دەست بەرزكاتەوە؟..دەست بەرزكرایەوە..كێ دژە؟ كەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند كرا.
كەواتە لیژنەیەكی كاتی دابمەزرێت بۆ سەرپەرشتی كردنی ئاوارەكان وبە زووترین كات راپۆرتێكمان پێشكەش بكەن، با لیژنەكەش لە (٥) ئەندام پێک بێت، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە لیژنەكە لە (٥) ئەندام پێک بێت با دەست بەرزكاتەوە؟.. دەست بەرزكرایەوە.. كێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند كرا.
با بێینە سەر خاڵێكی تر كە ئەویش ئەو پرسیارانەیە لە بەڕێز وەزیری پیشەسازی دەكرێت سەبارەت بە مەسەلەی كارەبا بەتایبەتیش كارەبای ئاكرێ، جا بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە لێرە ئامادەیە بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانە با بفەرموێت.
**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولوود /وەزیری پیشەسازی:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە كەوا جەنابتان كردووتانە، حەز دەكەم لە بارەی كێشەی كارەباوە هەندێ شت روون بكەمەوە، ئێمە كارەبامان بە نیسبەت سلێمانی و هەولێرەوە لە دوو سەرچاوەوە بۆ دێت (دوكان و دەربەندیخان)، دوكان بریتییە لە(٥)یەكەی كارەبایی كە توانای هەر یەكێكیان (٨٠) میگاواتە بە مەرجێک ئاو لە ئاستێكی پێویستدا بێ، ئەگینا ئەگەر ئاستی ئاو بێتە خوارەوە لەگەڵ ئەوەدا توانای وێستگەكانیش دێنە خوارەوە، بەڵام لە دەربەندیخان تاوەكو مانگێک لەوەو پێش تەنها یەک وێستگەمان هەبوو كە ئەویش توانای (٨٥) میگاواتە، بەڵام بە تێكۆشانی برادەرانی وێستگەكە كە جێگای سوپاسە توانیمان حەقلی دووەمیشی بخەینەوە ئیش كە توانای ئەویش (٨٥) میگاواتە، بە هەر دووكیانەوە ئەگاتە (١٧٠)میگاوات ئەویش لە هەمان كاتدا بەستراوە بەوەو (١٧٥) میگاوات داخلە ئەویش بەستراوە بە ئاستی ئاو، دەبێ لە كاتێكی دیاریكراودا بێ، چونكە هەمیشە وزەی بەرهەم هێنانی

کارەبا پەیوەندیەکی گەورەی هەیە بە ئاستی ئاو. رژێم لە رۆژی (٢٣) مانگی پێشوودا دەستی کرد بە بڕینی کارەبای سلێمانی و هەولێر و لەکاتێکدا کە ئەو دوو هێزەی کە لەدەربەندیخان و دوکاندا دێتە بەرهەم تێکەڵ دەبێتەوە بە هێزی هەموو ناوچەکانی تری عێراق و لەپاش تێکەڵاو کردنەوە جارێکی تر دەدرێتە شارەکان و بەم شێوەی خوارەوە دابەش دەکرێت:
لە دوکان دوو هێڵە یەکێکی دەڕوات بۆ تاسلوجە لە تاسلوجەشەوە دەبێ بە دوو بەشەوە بەشێکیان بەرەو کەرکوک دەڕوات، بەشی دووەمیشی بەرەو سلێمانی و هەریەکە لەم دوانە دیسان دەبێ بە دوو بەشی ترەوە، ئەوەی کە دەچێت بۆ کەرکوک تەغزیەی چەمچەماڵ و ئۆردوگاکانی دەوروپشتی دەکات، هێڵی دووەمیش دەچێتەوە بۆ تازە و تێکەڵاوی هێزە سەرەکیەکە دەبێتەوە و، ئەو هێڵەی کە روو دەکاتە سلێمانی ئەویش دیسان دەبێ بە دوو بەشەوە و بە هەردووکیانەوە تەغزیەی دەکەن، لە دوکانەوە دوو وزەی تریش دێ یەکێکیان لە دبس ئەوی تریانیش لە موسڵەوە کەواتە هەولێر لە سێ سەرچاوەوە کارەبا وەردەگرێت، بە نیسبەت دەربەندیخانیشەوە دوو وێستگەمان ئێستا ئیش دەکات وهی سێیەم خەریکی چاککردنەوەین، هیوادارم کەوا لە ساڵی ئایندەدا بکەوێتە ئیش و وا دابین بکرێت کە ئەویش کارەبا بە چەند جێگایەک بدات.
سەبارەت بە شاری دهۆک و ئاکرێوە کە کارەبایان لە موسڵەوە بۆ دێت ئەویش بە هێڵێکی (١١)کیفییەوە، رژێم لە بەرواری ٩/٢٣ دەستی کرد بە جیا کردنی هێزی کارەبایی خۆی لە شارەکانی کوردستان، ئێمەش هەستاین بە خستنەوە کاری هەموو تۆربینەکانی دوکان، چونکە ئەوان پێش ئەوە ئەحتیاتێکی تری کرد بوو جا وایان لێ کردبوو ئاوەکە کەم بکەنەوە بۆ ئەوەی کە هێزی بەرهەم هێنانی کارەبا کەم بێتەوە، بەلام ئێمە کە زانیمان کارەبای بڕی لە باتی دوو تۆربین هەر پێنجیمان خستە ئیش و بەم شێوەیە کارەبامان بۆ سلێمانی و هەولێر دابین کرد، بەلام بەداخەوە لەگەڵ هەولێردا کێشەیەکی گەورەمان هەیە ئێستا ئەوەیە کە هەولێر لەمەوپێش لە نێوان (١١٠٪ تا ١٢٠) میگەواتی بەکار دەهێنا، بەلام ئێستا (٢٠٠) میگەوات بەکار دەهێنێ، ئەمەش فشارێکی گەورە دەکاتە سەر وێستگەکان و، بۆ ئەم مەبەستەش پرۆگرامێکی تازەمان لە ئێستگە و لە تەلەفزیۆنەکاندا ڕێکخستووە، بۆ ئەوەی داوا لە دانیشتوانی بەڕێز بکەین، بۆ کەم کردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا و بەم شێوەیە توانیمان کە کێشەی سلێمانی و هەولێر چار بکەین و، ترسی ئەوەشمان هەیە کە کارەبا لە دهۆکیش ببڕن و، بڕینی کارەبای دهۆک کێشەیەکی گەورەمان بۆ دروست دەکات، چونکە سەرچاوەیەکی ترمان نییە کە لێیەوە کارەبا بە دهۆک بدەین، بۆ ئەم مەبەستەش وەفدێکم نارد بۆ زاخۆ لەوێ لەگەڵ لێپرسراوانی تورکیا توانیمان بەڵێنی ئەوەیان لێ وەربگرین، کە ئەگەر هاتوو رژێم کارەبای لە دهۆک بڕی بتوانین لەوانەوە کارەبا وەربگرین، بەلام لە کاتێکدا ئەوان ویستیان کارەبا لە دهۆک ببڕن ئێمەش بە گوێرەی ئەو کەمیەی کە ئەوان لێمانی دەبڕن لە دەربەندیخانەوە لێیان دەبڕین و، تەنها کێشەی کە

هەمان بێت پێموایە چارەکرا، کە ئەویش ئاکرێیە بە داخەوە کارەباکانیان لێ بڕیوون و دەڵێن هەندێ خەلەلی هونەرییە ولە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە، پێشتر لە ژێر ئینزیباتی ئێمەدا بوو ناتوانین تەئکید لەوە بکەین کە داواکەیان راستە، یاخود راست نییە، بەڵام ئەو موئەشرەی کە نیشانی دەدات داواکانیان راست نییە، ئەوەیە ئەوان وتیان هەندێ خەلەلی هونەرییە کە ئەویش چار دەکرێ لە چەند سەعاتێکدا، یا ئەگەر لە چەند سەعاتێکدا چار نەکرا ئەوە لە چەند رۆژێکدا هەر چارەیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ماوەیەکی زۆر مایەوە بێ ئەوەی کە چارەسەری بکەین و، لامـوایە لەم یەک دوو رۆژەدا چارەسەری دەکەن و، پەیوەندیی راستەوخۆ لە نێوان هەریر و ئاکرێ کە ئەویش دەبێ پرۆژەیەکی بۆ بکەین بۆ ئەوەی بتوانین هێزەکە بگەیەنینە ئەوێ، سەبارت بە دوکانەوە ئێستا مەترسی لە هاتنە خوارەوەی ئاستی ئاوەکە دەکەین، ئەگەر ئاستی ئاو بێتە خوارەوە، ئەوە ئێمە ناتوانین ئەو (٣٠٠)مێگاواتەی ئێستا بێنینە بەرهەم بە و پێنج وێستگەی کە هەمانە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە داوایەکی زۆریان دەکرد کە پێویستە ئاو زۆر بگرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن ئەرزەکانی دەوروپشتی دوکان بەکار بێنین بۆ کشتوکاڵ ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە ئێستا مەترسی لە ئاستی ئاوەی ئێستامان بکەین و، بەراستی ئەگەر لە مانگێک هەتا مانگێکی تر بەنیسبەت پەیابوونی هێزی کارەبا بەپێی پێویست نەبوو، بەڵام ئەگەر لە مانگی تر باران نەبارێ لەوانەیە هەندێ کێشەی ئاومان بۆ دروست بکات، بە رای من ئامانجی بڕینی کارەبا لەلایەن رژێمەوە ئەوەیە کە لەوانەیە ئەوانیش ئاویان پێویست بێ، چونکە کارەباکەیان لە ئێمە بڕی ئێمە ناچاربووین هەر (٥) توربینەکەی دوکان بخەینە ئیش کە ئەویش پێویستی بە ئاوێکی زۆرە و، دەبێ ئاوەکە زیاتر بەردەینەوە جا دوور نییە ئەمە یەکێک نەبێ لە ئامانجەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێ پێڕەوی نیزام بکەین، خاوەنی پرسیار لە فراکسیۆنی زەرد بوو، دووەم، پرسیارێکە لە بەڕێز جێگری فراکسیۆنی سەوزەوە، دەربارەی دیاری کردنی نرخی چیمەنتۆ.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم ئەوە بوو، لێکدانەوەی وەزارەت و بەڕێز وەزیری پیشەسازی وپسپۆڕەکان بۆ بەرزکردنەوەی چیمەنتۆ. سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرزکردنەوەی نرخی چیمەنتۆ بەراستی لەسەر بنەمایەکی ئامارییە و، ئێمە بە خۆڕای نرخی چیمەنتۆمان بەرز نەکردووەتەوە، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە پێویستمان بە (عملەی صعبە)یە، پێویستیمان بە دۆلارە، بۆ نموونە: ئێستا کێشەیەکی گەورەمان هەیە بەرامبەر نەوتی رەش

کاتێ کە وەفدەێک چووین بۆ دەرەوە بۆ کرینی سووتەمەنی داوای (٨٨) دۆلاریان لێ کردین بۆ تەنەکەیەک نەوتی رەش و، یەک تەن نەوتی رەش، ئەگەر کارگەی تاسلوجە کە لەسەر سیستەمی تراک یانی وشکە، خۆڵەکە بەکاربێنین نەک بیکەین بە قوڕ ئەوە دەتوانین (٤) تەن چیمەنتۆ بێنینە بەرهەم، ئەگەر لەسەر چنار لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار لەسەر بنەمای قوڕە نەک خۆڵ بەکاربێنین یانی قوڕەکە وشککەیەوە بۆ قوڕ دوای بەکاری بێنین بۆ ناو فرنەکە بۆ سووتاندن و ئەمە نەوتی رەشی زیاتر دەوێ لەبەر ئەوە لە کارگەی سەرچنارە پێویستیمان بە(٤)یەکی تەن زیاترە بۆ ئەوەی یەک تەن چیمەنتۆ بێنێتە بەرهەم بەشی (٣)تەن ونیو دەکات مانای وایە(٢٦)دۆلار دەدەین بە نەوتی رەش کە تا ئێستا بەو نرخەش بە دەستمان نەکەوتووە، جگە لەوەی کە کەلوپەی یەدەگ کە بە دۆلار دەکرێت، دیارە پێویستمان بە دۆلارە بۆ کرینی کەلوپەلی یەدەگ و خامە، ئێمە بەراستی کە پلانێک دانێین پلانێکی پیشەسازییە، تەنها پەیوەندیی بەیەک پیشەسازیوە نییە، بەڵکو دەبێ پێویستیمان بە (عملە صعبە) بۆ هێنانی (مواد الاولي)، ئەگەر بێین بە دوای سەرچاوەدا بگەرێین کە بتوانین دۆلاری پێ پەیدا بکەین، ئەمە یەکێکە لەو سەرچاوانەی کەوا دۆلاری پێ پەیدا دەکەین، رێکخراوەکان یارمەتیان بە عملەی سەعبەیە بەراستی داوامان لێ کردوون لە باتی ئەوەی بچن لە بازاڕدا بیفرۆشن ئێمە دەیکرین با بە دۆلارەکە لێی بکرین.

حەزدەکەم خاڵێک هەیە لەم رووەوە روونی بکەمەوە تا ئێستا، ئەگەر بێتو ئێمە بەراوردی نرخی چیمەنتۆ بکەین لە ساڵی(١٩٨٠)تاوەکو ئێستا دەبینین نرخی هاتووەتە خوارەوە، چونکە لە ساڵی١٩٨٠نرخی یەک تەن چیمەنتۆ بە(٧٠)دۆلار بوو، بەڵام ئێستا بە(٥٠)دۆلارە. ئێستاش دیناری عێراقی نرخی هاتووەتە خوارەوە جا بۆیە ناچارین کە نرخی چیمەنتۆ زیاد کەین، ئەگینا دەبێت کارگەکان داخەین، لە ئەنجوومەنی وەزیران داوایان لێ کردم کە خۆم بچم لەگەڵ ئەو رێکخراوانە کۆبوونەوە بکەم، بەڵام ئەو کێشەی کارەبا کە هاتە پێشەوە نەمتوانی. بەرێز وکیلەکەم نارد بۆ سلێمانی کەدانیشتبوو لەگەڵ ئەو رێکخراوانە منیش لەگەڵ ئەوەم ئەوانە میزانییەی خۆیان هەیەو دروست کردنی ئەو قوتابخانە و خانوو ونەخۆشخانانە بە گوێرەی ئەو میزانییە کە خۆیان هەیانە و خۆیان دایانناوە، بەڵام وەکو ئەوان داوا دەکەن وا نییە و ئێستا بریاری وایە لە ئەنجوومەنی وەزیران کە خۆم بچم دانیشین لەگەڵیاندا تۆزێ راستی هەیە لەگەڵیان باس بکەین یانی بەراستی ئەوان نابێ وا لە ئێمە بگەن ئێمە نە کوردستان دەزانین و نەدەزانین پەیوەندیی لە نێوان دراوەکاندا چییە، سوپاس.

**بەرێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینییەکەم هەیە، ئێمە پێویستە هەوڵ بدەین کە گەورەترین ژمارەی رێکخراوەکان بێنینە

کوردستان بۆ مەسەلەی ئاوەدانکردنەوە بە شێوەیەکی وڵاتی چەندی زیاد بێت هەرکەسە لەکاتی بەرزکردنەوەی نرخدا لەم بابەتە چاودێری خراجی ئەوانیش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەرێک پرسیاری کردووە ودەڵێ، ئایا دەتوانین ئێمەش هێڵی توزخورماتو کە لە دربەندیخانەوە دێت ببڕین؟ وکاتێ کە ئێمە کارەبا لە دەربەندیخان دەیدەین بە توزخورماتو ئەوانیش دەبێ بەرامبەری ئەوە کارەبای دهۆکمان بدەنێ کە هێزی ئەو کارەبایەی کە دهۆک پێویستییەی لە نێوان (٧٠ـــ٨٠)مێگاوات هەیە، بەڵام ئەو بڕە کارەبایەی کە ئێستا لە دەربەندیخان دەیدەین بە توزخورماتو لەو بڕە کەمترە کە لە موسڵەوە وەری دەگرین بۆ دهۆک، بەڵام ئەوەی بەڵگەیە بە دەستمانەوە کە کاتێک ئەوان ویستیان دهۆکمان لێ ببڕن ئێمەش ئەو زیادەی خۆمانیان لە دەربەندیخان لێ دەبڕین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەسەرەتاوە وتمان سیستەمێکمان هەیە و لەسەری دەڕۆین، تەنها ئەو کەسە حەقی هەیە پرسیار بکا کە پرسیارەکەی کردووە، سوپاسی بەڕێز وەزیری پیشەسازی دەکەین بۆ روونکردنەوەکەی.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرسیارەی کە سەبارەت بە چیمەنتۆ کراوە لەلایەن بەڕێز کاک شەوکەتەوە کراوە کە ئێستا بەڕێز وەزیری پیشەسازی وەڵامی دایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبوایە بابەتی چیمەنتۆ وەک کتلەی سەوز بەڕێز شەوکەت تەبەنی بکردایە.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی ئێمە ئەوەی لە بەڕێز وەزیری پیشەسازی دەکەین ئەوەیە ئایا بۆ هیچ جیاوازیەک نییە لە نرخی چیمەنتۆ لە نێوان فرۆشیارانی ناو شار و ئەو رێکخراوانەی کە دێهاتەکانی کوردستان ئاوەدان دەکەنەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی سێیەم : کاتی خۆی پێشنیارێک هەبوو دەربارەی قەدەغەکردنی ناردنی مەکینەو ئامێرەکان بە هەموو شێوەیەک بۆ دەرەوەی کوردستان، ئەگەر لەلایەن لیژنەی یاساوە ئەو پرۆژەیە

تەواو بووە، دەبێ لیژنەی ئابووریش ئاگاداری ئەو بڕیارە بن، هەر کاتێ هەر لیژنەیەکیش پێشنیاریان هەبوو دەبێ بیدەن بە لیژنەی یاسا، تاوەکو بتوانن دایبڕێژنەوە و بیکەین بە بڕیار.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دانیشتنی پێشوودا پرسیار لەسەر ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەن و دوو ناسنامەیان هەیە کرا، ئێستا دەقێکی یاسایان لایە و، بۆتانی دەخوێنمەوە:

١ـ المادة (١١)كل عراقي اكتسب الجنسية الاجنبية في دولة اجنبية باختياره يفقد جنسية العراقية.

٢ـ اذا دعا الشخص الذي فقد الجنسية العراقية بموجب الفقرة السابقة الى العراق واقام فيه لسنة واحدة يعتبر بعد انتظار مكتسبا الجنسية العراقية اعتبارا من تاريخ عودته..

وابزانم ئەمە وەڵامی ئەو پرسیارەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەن کەوا ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیارێک بدات بۆ هەڵوەشاندنەوەی گشت یاساکانی رژێم و، هەروەها هەستێت بە پوخت کردنی هەموو ئەو یاسایانەی سەرکردایەتی شۆڕش بە چاک وخراپییەوە و بەشێوەیەکی یاسایی جارێکی تر دایبڕێژێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەنجوومەنی نیشتمانی ناتوانێت هەموو ئەویاسایانە هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە یاسا دەبێ مەرجەعی هەبێ ومەرجەعیش حوکمی لەسەرە، هەرچەندە داوامان لە حکومەتیش کردووە ئەو یاسایانەی کە ئێستا پێویستیمان پێیەتی بۆمانی بژار بکات.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە هەموو یاساکان هەڵبوەشێتەوە و یاسایەکی رێکوپێک و گونجاو تر دابڕێژین، بەڵام ئێمە ناتوانین بەدوادا چوونەوەی ئەو هەموو یاسایە بکەین، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە بڕیارێک بدەن کە هەموو یاساکانی عێراقی هەڵبوەشێنەوە وبێ یاسا بین، تاوەکو خۆمان یاسا دادەڕێژین، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم هەموو یاساکانی عێراقی نییە، من مەبەستم لەو یاسایانەیە کە ئیمزای ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی پێوەیە، یانی بەناو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە یاسای عێراقیدا

هەیە لە جێگەی خۆیەتی پێویستە کاری پێ بکرێ، تاوەکو بە کەڵکمان نەهات لە جیاتی ئەوەی یاسایەکی تر دانێین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای جنسیەی عێراقی ئێستا بە هەموارکردنی زەمانی ملکیەتەوە ماوەتەوە، ئێمە یاساکەمان لا هەیە، ئەگەر ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بفەرمێ لاریمان نییە کە گۆڕانی لەسەر بکەین و، داواشمان کردووە ئەو یاسایەی کە لەگەڵ بارودۆخی ئێمە ناگونجێ بژار بکرێ یەک بە یەک هەڵبوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

(قرار)

استنادا لاحكام الفقرة (أ) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة.. اصدار القرار الاتي:

١- يمنع تصدير الجميع المكائن والمركبات وكافة انواع الاجهزة الدقيقة و طبية وقطع الغيار ومكملاتها والادوية والمواد الانشائية والكهربائية وتاسيسات الصحية والمواشي الى الخارج لاقليم كوردستان العراق وتصادر في حالة تهريبها.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محەمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکم هەیە( كافة انواع الاجهزة الدقيقة والطبية) بەرای من (الدقيقة) لابدرێت (وكافة انواع الاجهزة الطبية وغيرها)واتا بڵێین (كافة انواع الاجهزة فقط)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(اجهزة دقيقة) پەیوەندیی بە ( أجهزة طبي)یەوە نییە، بەڵکو هەر بۆ خۆی(اجهزة دقيقة)یە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد محەمەد یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وتمان (دقيقة) جۆرە ئەجهیزەیەک هەیە زاراوی دەقیقە نایگرێتەوە ئێمە یاسا دادەنێین دەبێ زۆر وریا بین دیاری نەکەین بڵێین (الاجهزة) و تەواو، ئەبێ بڵێین(الاجهزة الطبية وغيرها) ئەگەر بمانەوێ (كافة انواع الاجهزة)بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(كافة انواع الاجهزة)، چونکە وابزانم (الدقيقة) تەنها بۆ ئەوەیە جیای بکەینەوە لەگەڵ (طبية)، چونکە اجهزەی تر هەیە (طبية) نین، پێشنیارەکە ئەوەیە (كافة انواع الاجهزة وقطع غيارها) واتا (طبي و دقيقة)هەمووی هەڵگرین.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(أجهزه) بڵێین زۆر ڕەهایە، بەڵام ئێمە دیاریمان کردووە (الاجهزة الدقيقة والاجهزة الطبية) واتە مەبەستمان بووە دیاری بکەین، ( کافە الاجهزە) یانی هەتا زۆر ڕەها بێت، ئەگەر رای پەرلەمانیش وایە ئەوە هیچ لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پێشنیارەکە ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە. کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرز بکاتەوە؟ ..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا و وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

تباع بالمزاد العلني اموال المصادرة وتودع.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وشەی(تصدير) بگۆڕدرێت بە وشەی( تهريب) لاموایە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆیە ئێمە دەستەواژەی (يمنع تهريب)مان بەکار هێناوە، تاوەکو توند وتیژ بین لە بڕیار دان و نەهێشتنی بردنی ئامێر بۆ دەرەوەی کوردستان، چونکە ئەگەر ئیجازە بدەین بە چەند ئامێرێک کە بڕواتە دەرەوەی کوردستان پایەمان نامێنێت وبڕیارەکانمان جێبەجێ ناکرێت، جا بۆیە لەم مادەیەدا (يمنع تصدير)مان وتووە، چونکە شەرعیەتمان لە تەسدیرا نەهێڵاوە ئەویش لەبەر باری ئێستای کوردستان، چونکە تەهریب قەدەغە ناکرێ، بەڵکو سزا دەدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕوونکردنەوەکەی لیژنەی یاسا بەپێزە وپێویستی بە ڕوونکردنەوەی تر نییە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە:

یەکێکیان لەسەر (تصدير)ەو و دووەم: لەسەر (مواشي)یە .. مەسەلەی تصدير ئەو دەرگایە یەکجاری داخرا لەبەر بەرژەوەندی ئابووری و ئاسایش، بەڵام بکرێت (يمنع تصدير جميع المكائن والالات وكافة انواع الاجهزة الدقيقة والطبية وقطع غيارها ومكملاتها والادوية والمواد الانشائية والكهربائية وتاسيسات الصحية والمواشي الى خارج كوردستان العراق الا بموافقة المجلس الوطني) باشتر نییە، ئەگەر هاتوو لەگەڵ ئاسایش وئابووری عێراقی چاک بوو ئەوە با ئەم دەرگایە والاّ بێت.

ئەگەر دەرگا داخەین بۆ ڕۆیشتنی (ماشي) ئەوە نزیکەی ٥٠ ٪ ئەو مواشیەی کە لە کوردستانە تووشی پەتا وکەڵەکە دەبن، بۆ نموونە لە سنووری زاخۆ تاوەکو ئێستا نزیکەی (١٠٠٠) کەس زیاتر کوژراوە لە بازرگانی کردنی مەڕۆمالات لەنێوان دەوڵەتاندا، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرەدا بڕگە (١)ی ئەم بڕیارە ئەرکی (مطلق)ی تێدا نییە بۆ هەموو شتێک دەسنیشان کراوە بە ناو (شکلا و نوعا)، یا ئەو مەسەلە ئەگەر بەرگری نەکرێ بەراستی ئابووری کوردستان بە یەکجار دەڕوخێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

(٢) تباع بالمزاد العلني الاموال المصادرة وتودع ثلاثة ارباع اقیامها بخرینة ویوزع الباقي علی الافراد المفرزة التي قام بالقبض علیها.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من زۆر جار تەهریب دەبێ بە مەبالغی زۆر بۆ نموونە بە (١٠) ملیۆنە، بە (٨) ملیۆن، ئەگەر چواریەکی دابەش بکەی لەسەر مەفرەزەکە شتەکی گەورە لەولات دەڕوا لەبەر ئەوە بەرای من بۆ ئەوەی گرفت دروست نەبێت بڵێین (تباع بالمزاد العلني الاموال المصادرة وتودع اقیامها في الخزینة ویمنع افراد المفرزة التي قامت بالقبض علیها بمکافأة تشجیعیة بتعلیمات خاصة)، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وشەی (اموال) هاتووە، (اموال) بە فرۆشتنی کەلوپەل دێت،(الاموال) بەپارە دێ، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

چواریەکی نرخەکە دەدرێ بە مەفرزەکە، بۆ ئەوەی هانییان بدات بۆ گرتنی قاچاخی زیاتر، ئەگەر بێت و بیکەن بە خەڵاتێک لەوانەیە کەمتر هەوڵ بدەن بۆ گرتنی، ئەمە لە ڕوویەکەوە لە ڕوویەکی ترەوە لە وەرگێڕانی کوردییەکەدا بە خەڵات وەرگێڕاوە، ئەوماڵەی دەستی بەسەر دا دەگیرێ لە مزایەدەی ئاشکرادا دەفرۆشرێ، پاش ماوەکەیشی بەسەر ئەو مەفرەزەی کە گرتوویەتی دابەش دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بڕگەیەی کە برایان وتیان بەراستی ئێمە لەوانەیە لە لیژنەی یاسای باسی ئەوەمان کردبێ کە

ئەو مەبلغە زۆرە، یان کەمە گەڕاینەوە سەر یاسای گومرکی هەموو دونیا و، ئەو نرخەی کە ئێمە دامان ناوە، لە هەموو یاساکانی گومرکی دنیادا کەمترمان داناوە، ئەگەر سەرۆکیش رازی بێت کە کەمی بکەینەوە ئەوە لاریمان نییە کەمی دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــید:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

ئێمە پێمان خۆش بێت و پێمان ناخۆش بێت مەسەلەی بەرتیلدان لە هەموو دونیادا هەیە، بەڵام لەبەر بارودۆخی ئێستا کوردستان بەرتیل وەرگرتن زۆر بووە ودەبێ سنوورێکیان بۆ دابنرێ، چونکە ئەگەر ئەو مەفرەزانە ئەو خەڵاتە وەرنەگرن، ئەوە بەرتیل وەردەگرن، جا باشتر وایە کە ئەو خەڵاتە وەرگرن، دووەم شت حەز دەکەم کە دەستەی سەرۆکایەتی رێمان بدات کە لە یاسای گومرکی عێراقی (علی ان لا تزید عن« ٥٠٪ »)زیاتر نەبێت لە هەندێ حاڵەتدا، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

راستە رێژە دانراوە، بەڵام ئەویش هەر بۆ هاندانە و بۆ رێگا گرتنە لە بەرتیل وەرگرتن و، کەسەشی کە ئیشی قاچاخ دەبات، یا تەهریب دەکات، لاری نییە مەبلغێکی زۆر بداتە ئەو مەفرەزیە، بەڵام مەبەستی ئێمە لێرە ئەوەیە کە رێگا لە بەرتیل وەرگرتن بگرین وئەو باقیەکەی تریشی بگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی دەوڵەت.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــید:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن.**

منح المكافأت ئەوە لە یاسای گرمرکی ژمارە(٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ لە مادەی (٤٦٦)دا هاتووە:

١- يجوز منح مخبرين والاشخاص ما الذي كانوا على عناصر فعالة في اكتشاف الجرائم المنصوص عليها في هذا القانون ومن عاون في ذلك في جهات الاخرى التي من نظام خاص مبلغا لا يتجاوز (٥٠٪) من مجموع غرامات گمرگية وحاصل بيع اموال المصادرة ويزيد اصدار قانون تحديد نسبة هذه المكافاءات بطريقة توزيعها.

٢- يجب ان يتضمن امر صادر منح المكافاءات المنصوص عليها في هذا المادة اسماء التي تتلى عليهم ومقدار ما تدفع لكل شخص واذا طلب منجزين عدم الذكر اسمائهم فيجوز منحهم الكافاءات دون ذكرها على ان يتم ذلك بطريقة خاصة من مدير عام او من يخوله للوزير ان يخول المدير العام منع المكافاءات الخاصة الى منجزين واشخاص الذين كانوا على عناصر فعالة و عاونوا في اكتشاف الجرائم المنصوص عليها في هذا القانون واي قانون اخر على ان يعاقب على الافعال تهريب وذلك في حالات التي تستحصل فيها غرامات گمرگية اولا يتوفر فيها حاسم الاموال او وسائل النقل المصادرة عندما تكون مبالغ غرام و حاصل البيع ضئيلة بحيث يتعاذر معه مكافاءة المذكورين.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەوەی کاک ئەیاد خوێندیەوە باشە و هیچ لارێمان لەسەری نییە، لەبەر ئەوەی ڕێژەکە کراوەیە پێشنیار دەکەین کە بکرێتە (علی ان لا یزید علی ٢٥٪)، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاک فرەنسۆ دەکەم، هەروەها ئەوە لە حەقی (مکافاءات) هاتووە، واتە ئێمەیش بیکەنە دوو مادە، مادەی یەکەم: دەستی بەسەردا بگیرێت و بخرێتە گەنجەینەی دەوڵەتەوە دوای بڕگەیەکی تایبەتی بۆ (مکافأة)دابنرێ، پاشان (لا یزید علی ٢٥٪) چەند زیاد کەن گرفت نییە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

سەبارەت بە ئەو قاچاخانەی کە دەگیرێن، دەبێت بە گوێرەی یاسای ژمارە (٣٢)ی مادە («٨٥» قانون بیع الاموال الدولە) بفرۆشرێ و پێموایە گەنجینەی دەوڵەتیش مەغدور نابێت یاساکەش سەر دەگرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

لە خاڵی دووەمدا نووسراوە (تباع بمزاد علني) وئەمەش ڕوونە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

هەرچەندە من لە لیژنەکەدا زۆر سوور بووم لەسەر ئەوەی کە (٢٥٪)بێت، بەڵام لە ڕاستیدا (٧٥٪) باشترە، ئەگەر بمانەوێ وەزعەکە چارەسەر بکەین دەبێت خەڵاتەکە(٢٥٪) بێت و، بەرای من وەکو خۆی بمێنێتەوە و، ئەوەی دەگیرێ بگیرێ ئەوەشی چاوپۆشی لی دەکرێ با وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە من دیسان جەخت لە سەر ئەوە دەکەمەوە هیچ قاچاخچیەک ئامادە نییە (٢٥٪) مـاڵی خـۆی بکاتە بەرتیل و بیـداتە دەست هەر مـەفـرەزەیەک، واتە لە ملیۆنێک (٢٥٪) دەکـاتە (٢٥٠) هەزار دینار و، قاچاخچییـەکش ئامـادەیە کە (٥٠) هەزاری وەکـو بەرتیل بداتێ و دەربازی بکات، جا ئەو کـاتە مـەفـرەزەکـە کـامـەی پێ باشـتـرە، بە شەرەف و تەقدیریشەوە بە ئەرکی نیشتمانی خۆی هەڵدەستێ ونایەڵێ وڵاتەکەی تاڵان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

دەقەکە دەخەینە دەنگدانەوە،(تباع بالمزاد العلني الاموال المصادرة وتودع ثلاثة ارباع اقيامها في الخزينة ويوزع الباقي على الافراد المفرزة التي قامت بالقبض عليها) یانی لە ٢٥٪ وەکـو

خەڵات دەدرێ بەو مەفرەزەیەی، یا بەو خەڵکەی کە قاچاخەکەیان گرتووە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە دەقەکە وەکوخۆی بمێنێتەوە یا دەست بەرزکاتەوە؟ .. دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ دەقەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

٣ـ أـ يغرم السائق المركبة بمبلغ لا يقل عن (٢٠٠٠) دينار ولا يزيد عن (١٠٠٠٠)الاف دينار.

ب ـ تصادر المركبة ان كان ماكلها يعمل بعملية تهريب.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

لەبەر ئەوەی مـوادی دەقـیـقـەشی تیـادایە، هەندێ خەڵک ئەو شتـانە بە کۆڵ، یا بە ولاغ دەبات، ئەگەر ولاغیش بە مەرکەبە بژمێردرێ، ئەی بە کۆڵ شت بردن بەچی دەژمێردرێ؟، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

هەتاوەکـو(جميع مكائن و مركبات)جیـا بکرێتـەوە و، لیژنەی یاسا (يـغـرم سـائق بواسطة النقل)مان بۆ روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێـــرۆ ئیـــبـــراهیم ئـەحـــمـــەد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بەلای منەوە (٢٠٠٠) دینار زۆر مقدراێکی کەمە بۆ سزادانی شۆفێرێک، چونکە هەندێ جار پارەکـە زۆر خـەیاڵی ترە لەوەی کـە(٢٠٠٠)دینار سـزای بێت، بە رای من ئەگـەر بکرێت (واسطە)ش جەزا بدرێ لەوانەیە ئیشەکە رێک بخرێت قاچاخچێتیش کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

جا ئێستا سێ پێشنیار هەیە یەکێکیان مەسەلەی دەسنیشان کردنی چەشنی ئەو (واسطة)یە.

**بەڕێزحـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

پێموایە ئەو کەسەی کە بە کۆڵ ماڵ ببات هی ئەوە نییە کە سزا وغرامە بدرێت، (واسطە)کەش، ئەگەر بزانین هاوبەشە لەگەڵیدا ئەوە حوکم دەدرێت، وابزانم حاڵەتی ئێمەش وا نییە کە بڵێین ولاغ دەستی بەسەردا بگیرێت و بفرۆشرێت، ئەگەریش پێتان پەسەندە لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

زۆر جار ئەو شتەی کە بە کۆڵ هەڵدەگیرێ نرخەکەی زیاترە لەوەی کە بەدەیان ترێلە هەڵدەگیرێ، جـا بۆیە من جەخت لەسەر ئەو مـەسەلە دەکـەم باجەختی لێ بکرێ، بەڵام بۆ برگـەی (أ )ئەو

پێشنیارە هەیە کە: أـ يغرم سائق واسطه النقل بمبلغ لا يقل عن(    )ولا يزيد عن(    )تاکو مەسەلەی (٢٠٠ـ١٠٠٠٠) هەزارەکە دەچەسپێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٢٠٠٠) دینارەکە (حدالادنی)یە و (١٠)هەزار دینارەکە (حد الاعلی)یە، ئەگەر پێتانیش کەمە ئەوە زیادی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر (حد الادنی)ش بێت هەر کەمە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێک هەیە کە سزاکە دەبێت سێ ئەوەندەی تر زیاد بکرێت، جا دەبێت ئێمە هەر کەسێک بگرین هەتا مایەوە لە بەندیخانە نانی بدەین، چونکە سزاکەی ئەوەندە زۆرە وپێی نادرێت و، ئەگەریش پێتان پەسەندە با زیادی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من لە (٢ تا ١٠)هەزار دینار سزادان باشە بۆ شوفێرێک کە بەکرێ گیرابێ، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەو شوفێرە وەکو هاوبەش وایە، چونکە دەزانی کە (تهریب) دەکرێ مەسەلەکە هەر ئەوە نییە شوفێرەکە پارەی نەداوە، دەزانێت کە ئەو کارە نابێت بکات قەدەغەیە لەبەر ئەوە پێویستە سزاکەی توند بدرێ و، لەوە توندتر بێ کە نووسیوتانە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو شوفێرەی کە دەسگیر دەکرێت هەر ئەوە نییە کە سزای مادی دەدرێت، بەڵکو بەندیش دەکرێت، چونکە فاکتەری گواستنەوەش هەر وەکو هاوبەش وایە و هەردوو سزا دەخوا واتە سزای جنائی و غەرامەش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە یاساکەدا سزای جزائی دیاری نەکراوە تەنها دەڵێ ( تطبق بحقه احكام المادة ٧٧٨)، پێشنیارێکیش هەیە دەڵێ (يغرم السائق بمبلغ لا يزيد عن«    »اضافة الى اي عقوبة وردت في

القوانين النافذة المفعول)كه ئەميش بخرێتە سەر برگە (أ) دواى (« ١٠ »الاف دينار اضافة الى اية عقوبة وردت في القوانين النافذة المفعول) بۆ ئەوەى لە بەنديخانە رزگار نەبێت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەنديى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

وەكو بەڕێزت فەرمووت و دووبارەى دەكەمەوە ئەمە (تحصيلى حاصله)، يان ئەگەر پێشنيارەكان وابێ سزايەك هەبێ لە ياسادا، ئەگەر نەبێت پێشنيار دەكەين كە ئێستا سزايەكى بۆ دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئەگەر ليژنەى ياسا لارى نەبێت بۆ ئەم پێشنيارە با سزاى بۆ زياد بكرێت.

**بەڕێز محەمەد سەعيد ئەحمەد يەعقوبى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لە برگەى(٥)دا نووسراوە (كار ناكرێ بە هيچ دەقێك لەم ياسايە) دەقەكە جياوازى دەبێت لەگەڵ ئەو برگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئێستا با برگەى(أ) بخەينە دەنگدانەوە كێ لەگەڵ ئەوەدايە كە لاى كەمى غرامە ديارى بكرێ(يغرم سائق واسطة النقل)، چونكە ئەو غرامەيەى كە ديارى كراوە كەمە.

**بەڕێز ئەياد حاجى نامق مەجيد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

(يغرم سائق المركبة او ناقل المادة).

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەيدەرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لە جياتى (سائق واسطة النقل) پێشنياردەكەم كە (يغرم الناقل) بە شێوەيەكى رەها بێت، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

پێشنيارەكەى بەڕێز شێروان زۆر لە جێگاى خۆيەتى، چونكە هەمووى دەگرێتەوە، پاشان لە گومركدا سزادان وگرتن نييە، وتەنها موڵكوماڵەكە دەستى بەسەردا دەگيرێت و، غرامەش دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندى عەبدوڵلا ديرەشەوى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لە بابەتەكەدا باسى قاچاخچێتى كردن بە مەوادى تلياك نەكراوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوە باسی (مخدرات) مان نەکردووە، چونکە هەر لەبنەڕەتەوە قەدەغەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وای لێ بکرێت با دەستی خۆی بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

دێینە سەر دیاری کردنی پارەکە پێشنیارێک هەیە دەڵێت با لە(٢تا ١٠)هەزار دینار بکرێتە لە(٥تا ١٠) هەزار دینار.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکم لەسەر (ولا یزید عن (١٠) الاف )کە هەیە، لەوانەیە هەندێ جار لە (١٠)هەزار دینارەکە زیاتر بێت، جا با ئەو بڕگەیە هەموار بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لا یقل عن (٥) الاف ولا یزید عن (١٠) الاف)، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم چواریەکی نرخی مادەکە بێ کە دەیگوازێتەوە واتە لە (٢٥٪)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محمود فندی عەبدوڵلا دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با (حد الادنی) (٥) هەزار دینار بێت و، (حد الاعلی)ش دیاری نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(بما لا یقل عن ٢٥٪ من قیمة المال)با دیاری بکرێ، ئایا نرخی ماڵەکە (بما لا یزید )بێ، یاخود( لا یقل عن ٢٥٪)؟، پێشنیارێکیش هەیە دەڵێ( بما لایزید من ٢٥٪ من قیمة المال).

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە روون کرایەوە لە مادەی (٢٥٧) یاسای گومرکی کە ئێمە ئاماژەمان بۆی کردووە، ئەگەر مەبلغەکە زیاد بکەین دەبێ ئەو کەسە تا ژیانی ماوە هەر لە بەندیخانە بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راتان چییە بیکەین بە (١٠٪)؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەگەر دیاری دەکەن با مەبلەغەکە دیاری بکەن، نەک لە سەدا ئەوەندە مەبلەغ بێت باشترە لە ڕێژەی سەدی، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من با (حد الاعلی) بهێڵینەوە و، جێگای ئیجتهادی بێ ودیاری نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد شەریف تاهیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم با لە(٥ )هەزار دینار کەمتر نەبێ ولە(١٠)هەزار دیناریش زیاتر نەبێت،با ڕێژەی سەدی نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(حد الاعلی)ی بۆ دیاری بکرێ، چواریەکی بێ، بەڵام ئەو چواریەکە (حدي اقصی) بێت و، لە چواریەک زیاتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە دەبێ ڕێژەی سەدی نەبێ، با مەبلەغەکە دیاری بکرێت، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مەبلەغەکە دیاری بکرێت با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا کە مەبلەغەکە دیاری بکرێت و ڕێژەی سەدی نەبێت.

ئەو مەبلەغەش بە پێی پرۆژەی یاساکە لە(٢تا ١٠)هەزار دینار دیاریی کرا، بەڵام چەند پێشنیارێک هاتووە کە لە(٥تا ١٠)هەزار دینار بێت.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من لە(٥تا١٥)بێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من وەکو خۆی بمێنێتەوە لە (٢تا ١٠) هەزار دینار و شتەکی دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر جار هەیە، قاچاخچی فێڵ لە شوفێر دەکات، شتی پێ دەگوازێتەوە بێ ئەوەی کە شوفێرەکە

ئاگای لێ بێت، به رای من (حد الادنى) باشه، بەڵام (حد الاعلى) چەند جاری زیاد کەن گرفت نییه، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

یاســادەڵێ (المتهم بريء حتى يثبت ذلك)، ئەگەر بێت وشوفێرەکەی لەگەڵدا هاوبەش بێت وئاگادار بێت ئەوە بڕگەی دووەمی (مصادر مركبه)بەسەردا جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەگەر شوفێرەکە ئاگادار نەبێ ئەوە (٢) هەزار دینارەکە بەسه، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

ئەم دەقەش دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کـرایەوە..کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسـەند کـرا. کـەواتە بەم شێوەیە مایەوە (بمبلغ لا يقل عن «٢٠٠٠» دينار ولا يزيد عن «١٠» الاف دينار) وا چەسپا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

رابعا- في حالة امتناع المغرم من دفع الغرامة تطبق بحقه احكام المادة (٢٥٧) من قانون الكمارك رقم (٢٣) لسنة ١٩٨٤ مع مراعاة العقوبات الواردة في القانون الاعلى بخصوص الحالات الغير الواردة في هذا القرار.

المادة (٢٥٧) عند عدم امكان تحصيل كامل من مبالغ مقررة المحكوم بها لصالح الگمارگ من الاموال المدينين ومحكوم عليهم في المنقولة وغير المنقولة يمكن اللجؤ الى الحبس لتحصيل تلك المبالغ وذلك بالنسبة يوم واحد عن كل دينار واحد من مبالغ غير محصلة ولا يجوز ان يتجاوز مدة هذا الحبس باي حال من الاحوال سنتين بالنسبة لكل حكم او قرار على جد مالم تنص قوانين نافذة على خلاف ذلك..

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

من تێبینییەکم هەیە، ئێستا نرخی دینار هاتووەتە خوارەوە و، نرخی شتومەکیش زۆر بەرزە، جـا با لە باتی ئەوەی هەر دینارێک رۆژێک بەند بێ با بیکەینە بەرامـبـەر بە(٥-١٠)دینار رۆژێک بەند بێ، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

بەڵێ نرخی دیناری عێراقی ئێستا هاتووەتە خوارەوە وبەرامبەریشی نرخی شت بەرز بووەتەوە، چەند نرخی ماڵە گیراوەکە بەرز بێت، سزاکە زیاتر دەبێت.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

دینار قیمەتی نەماوە، بەڵام لە کۆتاییدا دەبێ لە (٢)ساڵ زیاتر نەبێ،یانی چەند پارەکە زۆر بێ

له دووساڵ زیاتر حەپس ناکرێ سنووری بۆ داناوە.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم برگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟کەس، کەواتە بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە .
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
خامسا- لا يعمل باي نص قانوني يتعارض مع احكام هذا القرار.
**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوڵڵا دێرشەوی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
تێبینییەکم هەیە، ئەوەیە (مع هذا القرار مع قانون) بێ ئەمە یاسایە نەوەک بڕیار، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەمە بڕیارە یاسا نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا و، دەقە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
سادسا- تسهيلا لتنفيذ هذا القرار يمنح وزير الداخلية صلاحية حجز المخالفين لاحكامه لمدة لا تزيد عن (٣٠) يوما وله تخويل هذه الصلاحية لرؤساء الوحدات الادارية في الاقليم.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لێرە نووسراوە (وله تخويل رؤساء الوحدات الادارية بهذه الصلاحية).

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
خۆی مەبەستەکە لێرە پاش و پێشی پێ کراوە(تسهيلا لتنفيذ هذا القرار يمنح وزير الداخلية صلاحية حجز المخالفين لاحكام لمدة تزيد (٣٠) يوما وله تخويل هذه الصلاحية ولروساء وحدات الادارية في الاقليم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەگەر پاش( لمدة لا تزيد عن (٣٠) يوما و لوزير الداخلية تخويلها لرؤساء وحدات الادارية) با (و له تخويل رؤساء وحدات الادارية بهذه الصلاحية)دابنرێ.
**بەڕێز حەسەن کانبی خضر بلباس:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
(وله تخويل المحافظين والقائمقامين للاقضية موظفي ادارة) باشە، وابزانم بەڕێوەبەری ناحیەکان ئەو دەسەڵاتەیان پێ نادرێ، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای ئێمەوە (رؤساي وحدات الاداري) هەر سێکی دەگرێتەوە، پارێزگار و قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانیش دەگرێتەوە، بەڕێوەبەری ناحیەش رەئیسی وەحدەی ئیدارییە کاتێ وەزیر دەسەلاتی پێ بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنهاشت کە بووەتە مایەی کێشە (تخويل رؤساء الوحدات الادارية بهذه الصلاحية)، وا باشترە بوترێ (تسهيلا لتنفيذ هذا القرار يمنح وزير الداخلية صلاحية حجز المخالفين في الاحكام لمدة لا تزيد عن (٣٠) يوما وله تخويل رؤساء الوحدات الادارية بهذه الصلاحية)ئەم برگەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم برگەیەدایە با دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

پێش ئەوەی بێینە خاڵی حەوتەم، تێبینیەک هەیە لێرە بۆمان هاتووە دەڵێ:( الجهة القضائية المختصة باتخاذ الاجراءات وتطبيق القرار).

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الجهات القضائية) ئێمە دایناmەزرێنین، بەڵکو خۆی هەر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر گومرک وتی ئێمە لایەنی پەیوەندداریین.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پروپاگەندەی گومرکیی لایەنی پسپۆڕی هەیە و بڕیاری تایبەتی هەیە، کە تەماشای ئەم بابەتانە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز شیروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش تا ئێستا دادگای گومرکی تێدا نەبووە، هەموو لە دەرەوەی هەرێم بووە، ئەگەر گرفتیشمان هاتە پێش دەبێت ئەو خاڵە لە پێش چاو بگیرێت ودادگای گومرکی دابمەزرێنین، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە گوێرەی یاسای دادگاکردن، دادوەری بەرایی هەیە، سەبارەت بە هەر داوایەک، ئەگەر دادگای دیاری نەبێت دادگای بەرایی(ولاية)ی گشتی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامەکەی دەبێ (مدعي والمدعي عليه) دیاری بکرێ، داوا لە دادگای بەرایی بکرێت،(من هي الجهة المختصة باتخاذ هذا القرار).

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی کاتی خۆی دادگای گومرکی ناونرا بە دادگای (منطقة الشمالي) لە هەولێر، رەوانەی ئەوێ دەکرا.

سەبارەت بە ئەوەی کە دادگای بەرایی (ولایـة)ی گشتی هەیە، (ولایە) واتاکەی دیارە جێی پسپۆری دابەش دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دادگای بەرایی (غرامە) ناکات، ئەمەش حوکمی بە غرامە تێدایە، جا بۆیە هەر دادگای جینائی کە دادوەری لێکۆڵینەوە(تحقیق)ی هەیە و دەسەڵاتی دادگایی کردنی هەیە و دەتوانێ ئەم جۆرە داوایانە دادگایی بکات، ئەم داوایانەی بۆ رەوانە بکرێت.

ئێستا پێشنیارێک هەیە، کەوا بیدەین بە دادوەری(جنح ).

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئیشی ئێمە بڕارکردنی یاساکەیە، دەسنیشان کردنی دادگای پەیوەنداریش وەزارەتی داد پێی هەڵدەستێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتێ کە یاسا دادەنرێت با لایەنی جێبەجێ کەریش دەسنیشان بکرێت، بەڕێز وەزیری داد مافی دەرکردنی یاسای نییە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام هەر بەرەو دادگای (جنح) دەڕۆن، ئێمە دادگایەکمان هەیە بەناوی دادگای(تنظیم و تجارة) دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیش بدرێتە دادگای (تنظیم و تجارة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە بازرگانیی نییە، بەڵکو قاچاخە، قاچاخیش تاوانە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقێک لە دادگای (جنح)هەیە،(البت في هذا الدعاوي لحين تشکیل المحاکم الگمرکیة في الاقلیم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(لمحکمه الجنح البت فی هذه القضایا لحین تشکیل محاکم گمرگیه فی الاقلیم)، دەڵێن (تختص) باشترە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەو(١٠) هەزار دینارەی کە دانراوە لە دەسەلاتی دادگای (جنح )زیاترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە دەقێکی یاسایی دەسەلاتمان بە دادگای (جنح)داوە، ئەمەش وەکو دەسەلاتێکی ئیستسنائی (مؤقتة لحين تشكيل محاكم گمركية في الاقليم) ئەمە چارەسەرێکی کاتییە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

سابعاـ تختص محاكم الجنح في الاقليم البت في القضايا الناشئة عن تطبيق هذا القرار لحين تشكيل المحاكم الگمركية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم دەقەدایە با دەستی خۆی بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

ثانياـ ينفذ هذا القرار من تاريخ تصديقه وصدوره من المجلس الوطني لكوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ينفذ هذا القرار من تاريخ تصديقه من المجلس الوطني لكوردستان العراق.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من (تصديق) هەیە و(اصدار)یش هەیە و،( سلطة اصدار)یش هەیە، من تێ ناگەم بابەتی اصدار بۆ هەڵبگیرێ بۆمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە ئێمە نووسیومانە (اصدار القرار الاتي) لە دیباجەکەدا وا هاتووە، ئەگەر بیخوێننەوە (تصديق واصدار)یش دوو لایەنی جیاوازن لەبەر ئەوە لە هەموو یاسایەکی تردا (اصدار) بووە بۆ ئەوەی کە شتەکە یاسایی بێ لەیەک جێگەشدا دیباجەکە دەگۆڕین) بۆ ئەوەی بگونجێ.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەم ئەوەیە (ينفذ هذا القرار من تاريخ اقراره في المجلس الوطني لكوردستان العراق)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاسا لە بەرواری بڵاوکردنیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا جێبەجێ دەکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئێمە رۆژنامەی رەسمیمان نییە، بۆیە لەوانەیە رۆژ ودوو رۆژێک بڵاو کردنەوەکەی دوا کەویت،جا لەبەر ئەوە دەبێت بڵێین (ينفذ هذا القرار من تاريخ تصديقه يا اقراره من قبل المجلس الوطني).

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من(من تاريخ نشره في المجلس الوطني) باشترە، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسا دەبێ یەکەم جار بڵاوبکرێتەوە خەڵک ئاگاداری یاساکە بێ و، پاشان جێبەجێ بکرێ، بەڵام ئێمە لە یاسای ژمارە(١ و ٢ )دا هەمان شتمان کردووە، چونکە رۆژنامەی رەسمیمان نییە لێی بڵاو بکەینەوە، جا بۆیە ئەو برگەیەمان پێش خستووە، ئێستاش پەرلەمان شەرعیەتی داوینەتێ هەر لە بەرواری پەسەند کردنی پەرلەمانەوە یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(ينفذ هذا القرار من تاريخ تصديقه من المجلس الوطني لكوردستان العراق، و ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية و، في وسائل الاعلام الرئيسية) ئێمە پێمان باشە کە وای لێ بکرێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو ئەو بڕیارانەی کە لەناو پەرلەماندا دراوە تا ئێستاکە تەصدیر وتەصدیقی لەگەڵە، چونکە لایەنی تەصدیق جیاوازن لەگەڵ لایەنی صدور نازانم ئەومەسەلەیە پێموایە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی بەم شێوەیەی لێ بکرێت(ينفذ هذا القرار من تاريخ تصديقه من المجلس الوطني لكوردستان العراق واصداره)واتا(تاريخ اصداره)نەمێنێ، کێ لەگەڵ ئەم دەقەدایە با دەستی خۆی بەرزکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

تاسعاـ على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم دەقەدایە؟ کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

عاشرا ــ تنشر هذا القرار في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئێمە ڕۆژنامەی (ئەنجوومەن)مان هەیە جا حەز دەکەین ناوی بنێین بە ڕەسمی(ينشر هذا القرار في جريدة المجلس ــ ئەنجوومەن)، یانیش بوترێ (ينشر هذا القرار في الجريدة «ئەنجوومەن»).

کێ لەگەڵ ئەم دەقەدایە با دەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

کێ لەگەڵ ئەمەدایە وەکو بڕیار با دەست بەرز کاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە بکرێ بە کتاب و بنووسرێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ بگۆڕدرێ و بکرێت بە کتاب.

سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز دەکەین ئەمڕۆ باسی کێشەی خانووەکانی هەردوو ئەنجوومەن بکەین، وەکو لیژنە لێرە بڕیارمان دەرکرد هەتا (٢٣)ی مانگ مۆڵەت دراوە بەو ماڵانەی کە لەو خانووانەدان و، بەپێی بڕیارەکەی ئێوە کە لێرەدا ئێمە ئیشەکەی خۆمان دا بە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ئەوانیش بڕیاری خۆیان پێش (٢٣)ی مانگ بدەن و وەڵامان بدەنەوە، بەڵام وا (١٠)ڕۆژیشی بەسەردا تێ پەڕی وەڵاممان بۆ نەهاتوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە ئەو باسە بخرێتە سبەی بۆ کاتێک کەوا بەڕێز وەزیری ناوخۆش لێرەدا ئامادە بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە ئەو بابەتەمان لەگەڵ لیژنەکەدا زۆر جار باس کردووە و، وەڵامی ئەوانیش ئەوەیە کە چاوەڕوانی جێبەجێ کردنی بڕیارەکە دەکەن لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، بۆیە ئەگەر سبەێنێ بەڕێز وەزیری ناوخۆ لێرە ئامادە بوو ئەو کاتە لە تازە بابەتدا پرسیاری لێ دەکەین.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی ئەو ئامارەی کە لەچەمچەماڵ کراوە (٤٨٠) مامۆستایان کەمە لە میلاکی پەروەردەدا، بۆ ئەوەش هەندێ پێشنیاریان هەیە کە لەوێ پێشنیاریان کردووە لەگەڵ قایمقام و مامۆستایانی

ئەوێ، یان دەبێ قوتابخانەکان بکرێنە یەک وموحازەراتیان بۆ حسێب بکرێ، بەڵام ئەمە کێشەکە تەواو ناکات، بەڵام پێشنیاری هەرە گرنگیان ئەوەیە کە خولێکی خێرا بکرێتەوە بۆ ئەو مامۆستایانەی کە (دارالمعلمین و دارالمعلمات)، یا لە پەیمانگای پەروەردەن بە تایبەت لە خەڵکی چەمچەماڵ و خولێکی وایان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییانە پڕبکەنەوە، بەراستی ئەگەر وابێ لەشاری چەمچەماڵ ئەمساڵ خوێندن سەرکەوتوو نابێت، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز سەعدی پێشنیارێکی هەبوو کە باسی کولێژی کشتوکاڵ و ئەو قوتابییانەی کە دابڕاون لە پۆلی یەکەم بە دواوە کرد، روونکردنەوەیەکەم هەیە دەربارەی ئەوە بڕیار وایە هەرچەند شتێکی کاریگەر نەبوو بە نیسبەت زانستگای سلێمانییەوە تەنها ئەو بڕیارە بوو کە چەند جار لێرە گفتوگۆی لەسەر کرا ونەگەیشتە ئەنجام، بەڵام بەپێی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ زانکۆی سەلاحەدین خەریک بن بەکاری زانستگای سلێمانی کە جێگەی خۆی ئەگرێ کۆمەڵێک داوا لەلای ئێمەیە دەینرین بۆ لیژنەی خوێندنی باڵا، لیژنەی خوێندنی باڵاش کە دەینرێتەوە چەندەها جار وتراوە کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی رۆڵی پۆستە بەری نییە لەبەر ئەوە کە ئێمە نووسیمان ئێوە نایەنێرن بۆ شوێنی خۆی.

هەروەها ئەچنە لای زۆر لێپرسراو بەناوی لیژنەی خوێندی باڵا، بەداخەوە گوێمان لێ ناگرێ، ئێستا کۆبوونەوەکانمان راگرتووە، چونکە چەند بڕیارو یادداشتمان لە سنووری ئەنجوومەنی نیشتمانیی وابزانم نەچۆتە دەرەوە لەیەکەم کۆبوونەوەمان زۆر بە هەوڵدان کە بەشی تازە بکرێنەوە لە زانکۆی سەلاحەدین، یا لە زانستگای سلێمانی، یا لە دهۆک.

زۆر ئاساییە ئەگەر کادرمان هەبێ پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمیش لەو کۆلیژە تازانە بکرێتەوە کە لە سلێمانی و لە دهۆک دەکرێنەوە جا ئەمە کێ دەیکات، بەنیسبەت ئێمە لیژنەی خوێندنی باڵا بەداخەوە هەتا تەنانەت دەسەڵاتێکی راوێژکاری نەدراوەتێ خۆمان بە زۆر دەچین هەندێ قسە دەکەین هەندێ شت دەڵێین، ئایا ئەمە بکرێتە شێوەی تایبەتی خۆیەوە، یا سەرۆکی ئەنجوومەنی خوێندی باڵا دروست بکرێ بەپێی یاسا تا ئێستاش یاساکە نەهاتووەتە ئێرە و یاساکەش دواخراوە و ئەم دواخستنەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمساڵیش بەشێکی زۆر لە قوتابییەکانمان خوێندنیان لە کیس بچێ زانستگای سلێمانی دهۆکیش ئەگەر وا بڕوا ئەمساڵ دەوامی نابێ، لەبەر ئەوە داوا دەکەم بە پەلە یاسایەک دانێن دەست بکەین بە ئیش و ئێمەش جێگەی کاری خۆمان بزانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێوە لیژنەیەکن لە ناو ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا ئیشوکار دەکەن و ئیشی لیژنەکەش لێکۆڵینەوەی ئەو پێشنیارانەیە کە بۆی دێت، بۆ ئەوەی بیخاتە پێش چاوی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، لیژنەی باڵا لیژنەیەکی راپەڕاندن (تنفیذ)یش نییە، مافی هەموو

ئەندامێکی پەرلەمانیشە کە بۆ پرسیار سەر لە لیژنەی خوێندنی باڵا بدات، کە لە راستی دا نازانین تا ئێستا دامەزراوە، یا نە؟!.
بە راستی لیژنەی یاسا لە پەرلەمان زۆر سەری قاڵە و ئێستا چەندین پرۆژەی یاسای لەبەر دەستدایە بۆ لێکۆڵینەوە، لەوانە پرۆژە یاسای وەزارەتی رۆشەنبیری، پرۆژە یاسای وەزارەتی ئابووری و دارایی، کە تا ئێستا تەنانەت خانویەکی دەست نەکەوتووە بۆ ئەوەی تیایدا نیشتە جێ بێت و کاروباری خۆی هەڵسوورێنێ، هەرچەندە ئەمانە هەموو ئەرکی ئەنجوومەنی وەزیرانن.
لە لایەکی دیکەشەوە کێشەی دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی هاتووەتە پێشەوە وئەنجوومەنی وەزیران بەبێ بڕیاری پێشینەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بڕیاری کردنەوەی داوە، ئێمە ئەم مەسەلەیە بۆ دانیشتنی داهاتوو دەخەینە بەرنامەی کارەوە.
ئێستاش کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین و زۆر سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٨)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٤/١٠/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٨)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٤/١٠/١٩٩٢

کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٤/١٠/١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (٣٨)ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی یەکەمی خۆی بەست، سەرەتا لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان و، بە ناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.

بەرنامەی کار:ـ

١ـ بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وجێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە ئەبن.

٢ـ ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە:

أـ کڕینی گەنم و توتن لە جووتیارەکان.

ب ـ کڕینی پەینی کیمیاوی بۆ جووتیارەکان پێش دەست پێکردنی وەرزی چاندن.

٣ـ ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری بۆ باس کردنی ڕووداوەکانی کۆنگرەی هۆڵەندا.

٤ـ بەرچاوخستنی (موازنە)ی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو مانگانەی کە لەم ساڵ ماوەتەوە.

٥ـ تازە بابەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوێنێ بڕیارمان دا شێوەیەکی یاسایی ئامادەکەین بۆ دیاری کردنی جۆری پەیوەندیی نێوان دەسەلاتی هەرێمی کوردستان و دەسەلاتی ناوەندیی عێراق، بۆ ئەوەش، پاش راوێژ کردن لەگەڵ هەر دووکتلەدا بەلاغێکمان ئامادە کردووە هیوادارین جێگای ڕەزامەندی ئێوەی بەڕێز بێت و، پاشان بڕیاری لەسەر بدەن.

ببوورن بە عەرەبی ئەیخوێنمەوە، چونکە دەقی پرۆژەی یاساکە بە عەرەبی بوو و، ماوەمان نەبوو کە بیکەین بە کوردی، انشاءالله ئەمرۆ ئەکرێت بەکوردی پاش ئەوەی کە پەسەند ئەکرێت، بڵاو ئەکرێتەوە، ئەمیش دەقی بەیانەکەیە:

# (بيان اعلان الاتحاد الفيدرالي)

( عندما وضعت الحرب العالمية الاولى اوزارها، تطلعت الامة الكوردية كسائر الامم الرازحة تحت الحكم العثماني، الى اقامة كيان خاص بها تكون ضمنه سيد نفسها. ولكن شاءت المصالح المتعددة الجوانب للقوى المنتصرة في تلك الحرب المالكة لمفاتيح الحل والربط، لا ان تحرم هذه الامة العريقة من حقها المشروع في الاستقلال فحسب، بل انها قسمت بين خمسة كيانات مجاورة رغم احتجاجات وثورات هذه الامة المظلومة ورغم اعتراف المادتين «٦٢، ٦٤» من القسم الرابع من معاهدة (sevre) المعقودة في ١٠/اب/١٩٢٠، بحق الامة الكوردية في حكم ذاتي يتحول خلال سنة الى استقلال تام لدولة كوردية تضم جميع اجزاء كوردستان بضمنها كوردستان الجنوبية التي عرفت فيما بعد، وبعد تأسيس الدولة العراقية ب(كوردستان العراق)، ان شاء سكانها الانضمام الى تلك الدولة المستقلة. الا ان تلك الامال اجهضت في معاهدة لوزان المنعقدة بتأريخ ٢٤/تموز/١٩٢٣ ثم الحقت ولاية الموصل بالعراق في ١٦/ كانون الاول/ ١٩٢٥ (الجلسة ٣٧)، بالرغم من ان اللجنة المشكلة من قبل عصبة الامم كانت قد اقرّت في (ص ٥٧) من تقريرها بان «حقائق الوضع السكاني تقود الى الاعتراف بانشاء دولة كوردية مستقلة لان الكورد يشكلون خمسة اثمان ٨/٥ السكان» واكتفت عصبة الامم باشتراك وتمتع الكورد بحقهم في الادارة والعدالة والمؤسسات اللغوية.

هكذا ورغم ثورة الشعب في كوردستان الجنوبية بقيادة الشيخ محمود الخالد واعتراف الحكومة البريطانية به حكمداراً للمرة الاولى في سنة١٩١٩ وللمرة الثانية في سنة ١٩٢٢ فان هذا الجزء من كوردستان قد الحق قسرا وبالضد من ارادة سكانه بالدولة العراقية حديثة التكوين ـ وقد حاولت حكومة صاحب الجلالة البريطانية طمأنة الشعب الكوردي عندما قدمت مع الحكومة العراقية ـ وهي تحت الانتداب البريطاني ـ وعدا تضمنه تصريحهما الرسمي المشترك الذي يعترف بحق الكورد الذين يعيشون داخل حدود العراق في اقامة حكومة كوردية ضمن هذه الحدود، وتأمل الحكومتان ان العناصر الكوردية على اختلافها ستتوصل الى اتفاق فيما بينها حول الشكل الذي ترغب ان تقوم تلك الحكومة عليه وحول الحدود التي ترغب ان تمتد اليها وان يرسلوا موفدين ذوي صلاحيات الى بغداد للتداول في العلاقات الاقتصادية والسياسية مع حكومة صاحب الجلالة البريطانية والحكومة العراقية. ولكن هذه الوعود بقيت حبرا على الورق.

وعندما قبل انضمام العراق الى عصبة الامم في ٣/١٠/١٩٣٢ علق ذلك القبول على شرط تقيد العراق بالتزامات وضعتها عصبة الامم، تلك هي الالتزامات ذات الاهتمام الدولي الواردة في البنود الستة عشر لتصريح الحكومة العراقية الصادر في ٣٠/مايس/١٩٣٢، ومن تلك الشروط

وجوب احترام العراق للحقوق الانسانية والثقافية والادارية للكورد والاقليات القاطنة في ألوية: الموصل، اربيل، كركوك والسليمانية. وهذا التصريح لازال ساري المفعول اذ نقلت حقوق والتزامات عصبة الامم الناشئة عن المعاهدات والانتدابات والتصاريح بعد حل تلك العصبة الى هيئة الامم المتحدة وذلك بموجب القرار الاخير لمجلس عصبة الامم في ١٨/نيسان/ ١٩٤٦وقضت المادة «١٦» من ذلك التصريح بوجوب تقيد العراق ببنوده وعدم مخالفتها بموجب قانون داخلي وعدم جواز تعديلها الا بموجب اتفاق بين العراق ومجلس عصبة الامم وباكثرية الاصوات، كما تخضع المنازعات حول تفسير بنود التصريح الى حكم محمكة العدل الدولية الدائمة. وهكذا فان استقلال العراق ووحدة اراضيه اصبحتا مرهونتين باحترام العراق لبنود ذلك التصريح. ولكن الحكومات العراقية المتعاقبة خرقت بشكل صارخ تلك الالتزامات وثبت ذلك الخرق بقرار مجلس الامن الدولي رقم ٦٨٨ في ٥/٤/١٩٩١ وبقرار لجنة حقوق الانسان التابع للامم المتحدة «المجلس الاقتصادي والاجتماعي» في الدورة «٤٨» رقم القرار ١٩٩٢/٧١ في ٥/اذار/١٩٩٢.

ان تأريخ شعبنا الكوردي في العراق حافل بالانتفاضات والثورات. ففي ١١/ايلول/١٩٦١ امتشق هذا الشعب بقيادة الزعيم الخالد مصطفى البارزاني سلاحه مرة اخرى بعد ان نكثت حكومة عبدالكريم قاسم بوعودها واخلت بالمادة الثالثة من الدستور المؤقت الصادر بعد ثورة ١٤/تموز/١٩٥٨ والتي اعتبرت العرب والكورد شركاء في الوطن العراقي. فكانت ثورة قومية تجسد مطاليب شعبنا وتطلعاته المشروعة وبالرغم من الانتكاسة المؤقتة في عام/١٩٧٥ على اثر مؤامرة دولية ادت الى توقيع اتفاقية الجزائر، والتي باع فيها صدام حسين جزءا من ارض العراق لقاء قمع الثورة الكوردية، فان شعبنا الابي سرعان ما استأنف ثورته وواصل نضاله ليثبت للعالم اجمع انه شعب ابي لايقهر.

لقد نص ميثاق الامم المتحدة على عدم جواز حرمان الانسان من التمتع بحقوقه الاساسية وبكرامة الفرد وقدره وبما للرجال والنساء والامم كبيرها وصغيرها من حقوق متساوية - ديباجة الميثاق «الغايات»- كما نصت الفقرة «٢» من الفصل الاول على «اقامة العلاقات الودية بين الامم على اساس احترام المبدأ الذي يقضي بالمساواة في الحقوق بين الشعوب وبأن يكون لكل منها حق تقرير مصيرها. وتأكد حق الشعوب في تقرير مصيرها بشكل اوضح في الفقرة الاولى من المادة الاولى من العهدين الدوليين الخاصين «بالحقوق الاقتصادية والثقافية والاجتماعية» و«بالحقوق المدنية والسياسية» الصادرين من الجمعية العامة للامم المتحدة في عام ١٩٦٦ والذين انضم اليهما العراق في ٢٥/١/١٩٧١حيث اكدتا «حق جميع الشعوب في تقرير مصيرها وحرية تقرير مركزها السياسي» وحيث حددت المادة الثانية من ميثاق الامم المتحدة المبادئ التي تعمل هذه الهيئة وفقها لتحقيق غاياتها جعلت تمتع اعضاء هيئة الامم المتحدة

بالحقوق والامتيازات ـ ومنها طبعاً احترام السيادة ووحدة الاراضي ـ المترتبة لها بموجب الميثاق، مرهونا بوفاء الاعضاء بالالتزامات المترتبة عليهم وفق ذلك الميثاق.

ولو استعرضنا سلوك الحكومات العراقية المتعاقبة منذ تأسيس الدولة العراقية عام ١٩٢١ ولحد الان تجاه الشعب الكوردي لوجدنا ان ابرز سمة لذلك السلوك هو القمع والاضطهاد والتشريد والحرمان من ابسط الحقوق الانسانية والثقافية والاجتماعية والاقتصادية بل وحتى الحق في الحياة ناهيك عن الحرمان من الحقوق السياسية. ولقد حصل ذلك بوتيرة تصاعدت بشكل منتظم بحيث شمل الدمار الزرع والضرع والطبيعة والحيوانات اضافة للبشر، وتوجت الحكومة العراقية اعمالها الاجرامية بابشع حملة ابادة لم تشهد البشرية عبر تأريخها الطويل لها مثيلا من ذلك:

١- القاء القبض في ليلة ظلماء على اكثر من ثمانية الاف بريء من البارزانيين في سنة ١٩٨٣لايعرف لهم مصير حتى الان.

٢- ابعاد اكثر من ثلاثمائة الف من الكورد الفيليين الى خارج العراق خلال سنة ١٩٧٠-١٩٧١ ومن ثم القاء القبض على اكثر من سبعة آلاف وخمسمائة من شبابهم لم يعثر لهم على اثر لحد الآن.

٣- ابادة اكثر من خمسة الاف امرأة وطفل وشيخ بريء بالاسلحة الكيمياوية والغازات السامة في مدينة حلبجة الشهيدة يوم ١٦/٣/١٩٨٨ واعداد اخرى في باليسان وبهدينان و كرميان وغيرها من مناطق كوردستان.

٤- حملة همجية تجاوزت كل الارقام القياسية في الظلم والتعسف والوحشية فيما سميت بعمليات الانفال السيئة الصيت راح ضحيتها اكثر من مائة وثمانين الف بريء كانوا ضحايا التعذيب والتجويع والاغتصاب والدفن الجماعي للاحياء.

٥- تدمير اكثر من «٤٥٠٠» قرية تمثل اكثر من ٩٠٪ من ريف كوردستان.

هذا ولم ينج من القمع والابادة ابناء الاقليات العرقية كالتركمان والاشوريين وغيرهم وهي جرائم حرب او جرائم ضد الانسانية وفقا لقواعد القانون الدولي. وعلى اية حال فان حكومات العالم الصامتة لزمن طويل تجاه تلك الجرائم البشعة لم تستطيع ان تكبت صيحة شعوبها وتمنع تعاطفها مع شعبنا وهي ترى على شاشات التلفزيون مأساة الهجرة الجماعية القياسية في عددها وفي اهوالها ايضا اثر نكوص انتفاضته المجيدة في ربيع عام ١٩٩١.
وهكذا قال العالم وللمرة الاولى بعد معاهدة سيفر كلمة عدل ثانية بحق الكورد حينما صدر القرار «٦٨٨» لمجلس الامن الذي ادان بصريح العبارة قمع الكورد وما اعقبته من اقامة منطقة امنة في جزء من كوردستان العراق والتعهد بحماية الكورد ضد اعتداءات النظام العراقي.

لقد كان شعبنا يعبر عن حسن نيته وصفاء سريرته في قبوله لكل بادرة حل سلمي لمشكلته، رغما عن الآلام والمآسي وحملات الابادة التي تعرض لها، فمفاوضات/ ١٩٦٣ وبيان ٢٩/ حزيران/ ١٩٦٦ ومفاوضات ١٩٨٤ والعديد من المبادرات والمحاولات التي بذلت للتوصل الى حل سلمي مع النظام، كلها تدخل ضمن هذا الاطار، ولكن حسن نية شعبنا كان يقابل في كل الاحوال بالغدر والخيانة والتنصل من الاتفاقات الموقعة من جانب الانظمة العراقية المختلفة واخر تجربة في هذا الصدد كانت مفاوضات عام ١٩٩١ حيث ان النظام العراقي تنصل من وعوده التي رافقت بداية المفاوضات ثم سحبت الادارات الحكومية وفرضت حصارا اقتصاديا على كوردستان مما اضطر شعبنا الى اجراء انتخابات نيابية حرة بقرار من الجبهة الكوردستانية لسلطة الامر الواقع (DE FACTO)انذاك. فتمت تلك الانتخابات بصورة رائعة يوم ١٩٩٢/٥/١٩ انتخب فيها شعبنا في المناطق المحررة من كوردستان ممثليه بحرية تامة في المجلس الوطني الكوردستاني، ثم شكلت اول حكومة لاقليم كوردستان حازت على ثقة المجلس المذكور، لملء الفراغ الاداري في الاقليم في ١٩٩٢/٧/٥. لقد نص القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢« قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق» في الفقرة «٢» من المادة «٥٦» أن من مهام المجلس «البت في المسائل المصيرية لشعب كوردستان العراق وتحديد العلاقة القانونية مع السلطة المركزية».

ولصيانة الوحدة الوطنية للعراق وتعزيزها وحفاظا لعلاقات الاخاء التأريخي بين الشعبين الشقيقين العربي والكوردي ولضمان ديمومتها وترسيخ صرحها وانسجاماً مع القرار الذي اجمعت عليه المعارضة العراقية في (ڤينا) وكوردستان العراق وأكد فيه المبدأ القانوني الذي يقر للشعب الكوردي حقه في تقرير مصيره ضمن المصالح المشتركة للشعبين الشقيقين العربي والكوردي والحقوق القومية والثقافية والادارية للتركمان والآشوريين وضمان مساواتهم في الحقوق والواجبات واقرار ذلك دستورياً فها هو المجلس الوطني لكوردستان العراق يمارس نيابة عن شعب كوردستان العراق مهمته في هذا الصدد، وحقه الثابت وفقا للعهود والمواثيق الدولية المشار اليها، في تقرير المصير، معلنا انه قرر بالاجماع تقرير مصيره وتحديد علاقته القانونية مع السلطة المركزية في هذه المرحلة من تاريخه، على اساس الاتحاد الفيدرالي ضمن عراق ديمقراطي برلماني يؤمن بنظام تعدد الاحزاب ويحترم حقوق الانسان المعترف بها في العهود والمواثيق الدولية.

المجلس الوطني لكوردستان العراق
اربيل ١٩٩٢/١٠/٤

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هەرچەندە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەنگدانێک بوو، بەڵام ئێمە بڕیارێکمان هەیە، دەبێت بە پێی ئەو بڕیارە ئەم بەیانە بخرێتە دەنگدانەوە.
**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بێگومان بەیانەکە وا بلاوکرایەوە بەیانێکی مێژووییە لە لاپەڕەی مێژووی کورددا بەشێوەیەکی زۆر دیارو ئاشکرا دێتە پێش چاو لەگەڵ ئەوەشا حەز ئەکەم ئەوەی کە لێرە بڕیاری لەسەر ئەدرێت، پاشان هەندێ هەڵە و ناتەواوی تیادایە چاک بکرێتەوە، واتە ئەوەی کە لێرە بڕیاری لەسەر درا واتای ئەوە نەبێت کەوا هیچ جۆرە دەستکارییەکی پێویست نییە، بەتایبەتی ئەوشتانەی کەوا زۆر روون وئاشکران وهەڵە وناتەواوی تێدایە خۆی بەیانەکە بەشێوەیەکی گشتی چوارچێوەیەکی باشەو، گرنگ ئەوەیە لەوێدا مافی گەلی کورد دیاری کراوە لەحوکمێکی (فیدراڵی)یەوە بەشێوەیەکی باش ئەو مەسەلەیە روون کراوەتەوە لەو خاڵانەی کەوا تیایەتی بەراستی تائێستا زۆر جار بەشێوەی جیاواز باسی پەیمانی لۆزان ئەکرێت لەوەی بەڕێز د. نوری تاڵەبانی نووسیویەتی ١٩٢٣/١/٢٣ لەلای ئێوە ٦/٢٤، بەڵام وەکو من بزانم لە ١٩٢٣/٧/٢٣ پەیمانی لۆزان مۆرکراوە، هەروەها هەبوونێک کەباس کراوە کە بڕۆینە باسی رێکەوتنی ئازاری ١٩٧٥ ئەکرێت ئەوکاتە راستە لەسەر دەستی (صدام حسین) ئەو مەسەلەیە لەگەڵ شای ئێران کرا، بەڵام سەرۆک کۆمار ئەوکاتە (ئەحمەد حەسەن بەکر) بوو، ئەگەر ئێمە شتەکە ببەستینەوە بە رێککەوتنێک لە نێوان نیزامی عێراقی و نیزامی ئێرانی، باشترە وەک لەوەی کەوا ببیبەستینەوە بەناوێکەوە و کۆمەڵێ وردەکاری وشتی وای تێدایە حەز ئەکەم لەبەسەردا چوونەوە ئەم مەسەلانە راست بکرێتەوە، ئەگینا بەیانەکە بەشێوەیەکی گشتی بەیانێکی باشەو ومێژووییە وە وابزانم ئەو پێشوازی یەش کەلەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کرا خۆی لەخۆیدا مانای خۆی هەیە ئەوە ئەگەیەنێت کەوا بیروڕای ئەگەر نەڵێم هەموو، بەڵام زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمانی لەگەڵدایە بەس من لەو بڕوایەدام کە هیچ کەسێک نییە کە لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی نەبێت.
زۆر بەگەرمی پیرۆزبایی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەن ولە خۆمان ئەکەین کەتوانیمان لەم کۆبوونەوەیەدا ئەم مەسەلەیە ببڕێنینەوە کە مافی گەلی کوردی کە لە دیاری کردنی دوا رۆژی خۆیدا روون کردەوە بە مافی فیدراڵی لەناو چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی ئازاد دا، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سەبارەت بە(١٩٧٥) رێککەوتنی جەزائیر بە ناوی سەدام حسێن کراوە و، ئەو ئیمزای کردووە و، ئەو رۆڵی سەرەکی هەبووە لەم رێککەوتنەدا، تەنها وەکو ئەڵێین بە هۆشیاری ئەو ئەوشتەکراوە

هەرچەندە سەرۆکیش نەبووە و، گرنگ ئەوەیە کە بەشێوەیەکی وا دابرێژرێت کە هیچ هەڵەیەکی مێژووی خراپی تێدا نەبێت.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەپێشەکیدا ئەگەر ئیجازەم بدەن من پیرۆزبایی لە خۆمان ولە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم ئەو بەیانەی وائێستا کە دەخرێتە دەنگدانەوە پێویستی بەوە هەیە بە ئاوی زێڕ بنووسرێت، بەڵام من یەک تێبینیم هەیە سەبارەت بە مەسەلەی (فیدراڵی)، پێویستە سنووری هەرێمی کوردستان لەو بەیانەدا دیاری بکرێت، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پرۆژەیەکمان ئامادە کردووە بۆ دیاری کردنی سنووری هەرێمی کوردستان و، پرۆژەکەش لە ژێر دیراسەت کردندایە.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گرنگ لێرە ئەوەیە بڕیار وەربگیرێت کە مافی میللەتی کورد (فیدراڵی)یە لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵیدا، پاش ئەوە دارشتنەکە لە چ شێوەیەک دەبێت ئەتوانرێ لەسەر خۆ باسی لێ بکرێ و، بەشێوەیەکی رێکوپێک دەربکرێ، چونکە بەو چەپڵە رێزانەی کە پیشانیان دا تەئید بوو بۆ ئەو بڕیارە، پێشنیار دەکەم زوو ئەو بڕیارە بدرێت کە مافی میللەتی کورد و زرووفی ئیمرۆ فیدراڵییە لە چوارچێوەی حکومەتێکی فیدراڵی عێراقییە، سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیمان زۆرە لەسەر بەیانەکە، ئەگەر جارێکی تر بەسەریدا بێنەوە، چونکە ئەوە دوای ئەکرێت گفتوگۆی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم بڕیارەدایە با دەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

پیرۆزباییتان لێ دەکەین وپیرۆزبای لەگەلی کوردیش دەکەین، ئەگەر چ تێبینییەک هەبوو پاشان بۆمانی بنووسن بۆ دەستەی سەرۆکایەتی.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێت وئەو بڕیارە مێژووییە بە نووسراو بڵاوی بکەنەوە بەسەر هەموو ئەندامەکاندا، تاوەکو هەرچی تێبینی وسەرنجێکیان هەبوو لە بارەی راپۆرتەکەوە بیدەن بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەن، یا

به هەر لیژنەیەک کە خۆتان دەسنیشانی دەکەن، چونکە پێویستە ئەو کەموکوورییانەی کە تیادا هەبوو چاک بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەندامە بەڕێزەکان داوا دەکەن کەوا لە مزگەوت وکەنیسەکاندا تەکبیر و زەنگ لێ بدەن بەم بۆنەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد شەریف تاهر مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای منیش پێویستە لە مزگەوت و کەنیسەکاندا نوێژ و سوپاسی خوای گەورە بکەین، چونکە ئەمە ڕووداوێکی زۆر گەورە و مێژووییە لە مێژووی گەلی کورد دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ ئەم بڕیارە هەرچی بکەین هێشتا کەمە، جا با وەزارەتی ئەوقاف ئەم کارە ئەنجام بدەن.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من با سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەیانێک دەرکات و، بیداتە گشت تەلەفزیۆن و ئێزگەکان سەبارەت بەم ڕووداوە مێژووییەی کورد، بۆ ئەوەی ئەم شەو بڵاو بێتەوە لە دەزگا ڕاگەیاندناکاندا، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با بە ناوی هەردوو ئەنجوومەنەوە بێت، ئەنجوومەنی وەزیرانیش لە بەرنامەی خۆیدا جێگای بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاگەیاندنی جاری فیدراڵی، وەرچەرخانێکی مێژوویی مەزنە لە دیرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا، هەروەها گەورەترین دەسکەوتی پەرلەمانیشە کە نیشتەجێی شانازیی هەموو گەلی کوردو، نەوەکانی داهاتوویشمان، دەبێ بکرێ بە ڕۆژی «پشوو» و ئاهەنگ و خۆشی، دەبێ بکرێ بە بۆنەیەکی نیشتمانیی، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من ڕۆژی ٤/١٠ بکرێتە ڕۆژێکی مێژووی و بکرێتە جەژنی نیشتمانی بۆ کوردستان، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەمـڕۆ ڕۆژێکە کـە مـرۆڤ ناتوانێت تەعـبـیـری لێ بکات، ئەم ڕۆژە، ئەو ڕۆژەیە کـە بە خـوێنی هەزارەها کـوردی شـۆڕشگێـڕو (٣٠) سـاڵ خـەباتی چەکداری هاتە کـایەوە، ئەمـە بەرهەمی ئەو شۆڕشەیە، بەرهەمی خوێنی ئەو شەهیدانەیە، بە ئاوی زێڕ هیچ نیبە، من دەڵێم ئەوە بە گرانتر لە ئاوی زێڕ هاتووەتە نووسین، بە خوێنی شـەهیدانی کوردسـتـان هاتووەتە نووسین و، بە یـەکگرتنی میللەتی کورد هاتووەتە کایەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـیـروان مـــحــــمـــەد نەوروڵی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەیانەکە بەیانێکی مێژوویە و بڕیارەکەش بڕیارێکی چارەنووسی و مێژووییە، بەڵام خۆزگە سنووریشی تیادا دیاری دەکرا، تاوەکو لە پاشە ڕۆژدا گرفتی بۆمان نەدەخوڵقاندو کارەکەمان زۆر پیرۆزتر دەبوو، وپێشنیاریش دەکەم کە ئەم ڕۆژە مێژووییە بکرێتە پشووی ڕەسمی لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

دیاری کردنی سنووری کوردستان ئەوەش وەکو پرۆژەیەک ئامادە کراوە و، لە لای لیژنەی یاسایە خەریکی دیراسەت کردنین.

**بەڕێز مـحـەمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لە کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێـراقیدا لە بارەی فـیـدراڵیەوە بۆ کـوردستـان پرسـیـاریان لە بەڕێزان کـاک مـەسـعـود بارزانی و مـام جەلال تاڵەبانی کـرد، ئەوانیش وتیـان ئەو پرسـیـارە لە پەرلەمـان بکەن، جا ئێسـتـا دەبێت وەڵامیـیـان بدەینەوە ولە بەیانەکەدا ئاماژە بۆ ئەو شـتـە بکرێت، تکایە کاتی داڕشتنەوەی بەیانەکە ئەوە تێبینییە ڕەچاو بکەن، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

بەڵێ هەردوو بەڕێزان کاک مەسعود ومام جەلال ئەوەیان دووپات کردەوە کە بڕیاری فـیـدراڵی بۆ کوردستان لە دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستاندایە.

**بەڕێز حـــەســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێشنیـار دەکـەم کـە ئەمـڕۆ بکرێـتـە پشـووی ڕەسمی و، هەمـوو سـاڵێـک ئەمـڕۆ پشـوو بێت و، حکومەتی کوردستان بڕیارێک بدات کە هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا ئاهەنگ بگێڕێت، چونکە تا ئێستا میللەتی کورد هەر لە ناخۆشی و تاڵیدا ژیاوە، سوپاس.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێشنیـار دەکەم کە هەموو ساڵێک لەکوردستـاندا لەو ساتەی کە فـیدراڵیەت ئیعلان ئەکرێت

زەنگ لە کەنیسەکان و (الله اکبر) لە مزگەوتەکان بەرزبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پر بەدڵ بەزمانێکی پاراوی کوردی سوپاسی خوای میهرەبان ئەکەین، کە ئەوەندەی بۆ رەخساندین گەیشتینە ئەم بارە وەکو برادەران ئەڵێن: «زمان ناتوانێت تەعبیر بکات»، تەنها ئەوەندە نەبێ، کە سوپاسی خوا بکەین بۆ ئەم پایە بەرزەی کە گەیشتینێ، بەڵام من هەندێ تێبینیم هەیە لەسەر شتێ زمانەوانی بەیانەکە نامەوێ بەو شێوەیە دەرچێت، حەز ئەکەم زۆر پاراوتر رێکوپێک تر بێت ئەوەیەک، دووەمیش ئەو بۆنە گەورەیە هەروا بەساردو سڕی نەڕوات بەراستی جێی خۆیەتی، ئەگەر جەماوەر بڕژێنە ناو شەقامەکان و هەست ورای خۆیان دەربڕن وپشت گیری لە بڕیارەکە بکەن بەشتێکی زۆر پیرۆزی ئەزانم حەز ئەکەم راگەیاندنیش گەورەترین کار بکات لەم بۆنە پیرۆزەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند تێبینیەکم هەیە، یەکەم، ئەگەر ئیشارەتێک هەبێت کەوا ئەم راستی یە لەدەستووری داهاتوودا یان لە لیژنەی دەستوور ئیشارەتی بۆ بکرێت کە دەستورێک بۆ کوردستان دائەنێن ئەم راستی یە و ئەو قەوارەیە ئەخرێتە ناو دەستوورەوە، لەئێستاوەش هەر شتی وا هەبێت ئەو بریارە بۆ دەستوورەکە، دووەم لەشوێنێکا ئەگەربەزۆر وەک ئەڵێن کە بەرگری بەرزیش نەبێت ئەوە دەربخرێت وەکو ئەڵێن کەئەمە جێی مافی چارەنووسی ناگرێتەوە بەشێکە لەمافی چارەنووسی کورد، کورد ئەمرۆ ئاوای دەرئەبرێت بۆ ئەوەی لەدوا رۆژدا ئێمە مافی هەنگاوی گەورەتریشمان هەبێت سەیر کەتەنیا ناوی شێخ محمودی نەمر هاتووە هەربە شێخی نەمر هاتووە وابزانم تۆزێک عبارەتێکی گەورەترە. سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە لە رووی زمانەوە بەیانەکە کەموکووڕیی تیادایە، پاشان دادەڕێژرێتەوەو تێبینیەکانی دەخرێتە سەر وهەموار دەکرێت، با هەر ئەمرۆ لیژنەی رۆشنبیری بەیانەکە وەرگێڕنە سەر زمانی کوردی و، دوای ئەم دانیشتنە دەبێت جێبەجێ و ئامادە بکرێت.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەگەڕێمەوە سەر پێشنیارەکەی پێشووم، بەراستی ئەوکۆبوونەوەیە بۆ ئەوە نییە کە ئێمە بە دوورودرێژی لەو بەیانە بکۆڵینەوە، چونکە بەنووسراوی لەبەر دەستماندا نییە لەوانەیە کۆمەڵێک سەرنج وتێبینیمان هەبێت لەسەری، بەڵام پێشنیارەکەی من ئەوەیە کە ئەو بەیانە بەکوردی و بەعەرەبی بخرێتە بەردەمی ئەندامانی ئەنجوومەن بۆ ئەوەی چ سەرنج وتێبینییەکیان هەیە لەو

بارەیەوە پێشکەشی بکەن، لەبەر ئەوە با کۆتایی بەو لێکۆڵینەوە بهێنین، سوپاس

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەپڵە لێدان وهەستانە سەرپێی ئەمە دڵ سافی و سادەیی ئێمە نیشان دەدات، چونکە ئێمە میللەتێکین وەکو هەموو میللەتانی جیهان لەمە زیاتر مافمان هەیە، ئەمە بەشێکی هەرە بچوکی مافی ئێمەیە، نازانم من بە شتێکی زۆر سادە و سروشتی دەزام، پێویستی بەو چەپڵە لێدانەش نەبوو، چونکە ئێستا ئێمە لەکوردستاندا سەربەخۆین وحکومەتێکی سەربەخۆمان هەیە و، بڕیارێکمان داوە دارشتنێکمان دروست کردووە کە پەیوەندیی خۆمان لەگەڵ مەرکەزدا باشتر بکەین، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چەند پێشنیارێک هەیە کەوا ئەم رۆژە بکرێتە پشوویەکی رەسمی لە سەرانسەری کوردستاندا، جا ئەم بڕیارەمان بۆ دارشتووە.

**«قرار»**

**استنادا لاحكام فقرة (١) من المادة (٥٨) من قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المؤرخة في ٤/١٠/١٩٩٢ مايلي:**

**١- يعتبر يوم اعلان المجلس الوطني لكوردستان العراق تحديد العلاقة القانونية مع الحكومة المركزية وتقرير المصير في المرحلة التأريخية الحالية نيابة عن شعب كوردستان العراق علي اساس الاتحاد الفيدرالي ضمن العراق الموحد الديمقراطي يؤمن بتعدد الاحزاب وحقوق الانسان عطلة رسمية.**

جا ئەمە وەکو مسوەدەیەکە، ئەگەر چ تێبینییەک نییە لەسەر ئەم پێشنیارە ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من لەو رۆژەدا ئاهەنگ بگێردرێت، باشترە لەوەی کە بکرێتە پشووی رەسمی وخەڵکی لە ماڵی خۆیدا دانیشێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن بەراستی پشتگیری لە رایەکەی بەڕێز کاک فرەنسۆ دەکەم، ئێمە شتێکی زۆر گەورە وگرنگمان نەکردووە، ئەمە مافێکی سروشتی خۆمانە لەم قۆناخەدا، هەر چەندە من ناڵێم هیچمان نەکردووە، کردوومانە، بەلام شتێکی زۆر گەورەمان نەکردووە لەبەر ئەوە من هیچ بە پێویستی نابینم کەوا ئەم رۆژە بکرێتە پشووی رەسمی لە سەرانسەری کوردستاندا، با تەنها ئاهەنگ لەو رۆژەدا ولەو ساتەدا کە بەیانی فیدراڵی کرا بگێردرێت و، بە پێشنیاری من با کاتژمێر (١١)ی سەرلە بەیانی ئاهەنگ بگێردرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە دەڵێت با سبەینێ بکرێتە پشوو بۆ خەڵکی کوردستان، جا با بێینە سەر ئەم پێشنیارە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەم وا بوو کە برگەی یەکەم بڵێین پەرلەمان بەیانی فیدراڵی راگەیاند و، دووەمیش سبەینێ بکرێتە پشوو وجەژن بۆ میللەتی کورد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەرلەمان بڕیاری فیدراڵی داوە و، دەنگدانیشمان لەسەری کردووە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم ئەوە بوو نەوەکو بەیانەکە دوا بکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

انشاءالله دوا ناکەوێت.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برایانی بەڕێز بەراستی میللەتی دنیا کە ئێستا بەرەو ئەو ئەڕۆن کە کیان و سەربەخۆیی خۆیان دەست بکەوێت، مەسەلەی سەربەخۆیی بوونی میللەتی ئێمەش وەکو رۆژی رووناک بەرەئی من دیارە لەبەر ئەوە بەقەناعەتی من بۆمەسەلەی فیدرالی پێویست بەوە ناکات کە رۆژێک بکەین بە پشوو، بەڵکو لە هەموو میللەتانی دنیادا رۆژی سەربەخۆیی ولاتێک ئەکرێت بە پشووی رەسمی راستە ئەم بڕیارەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و بڕیارێکی زۆر مێژووییە، بەڵام پێویست بەوە ناکات کە رۆژێکی بۆ بکرێتە پشوو، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیاری رۆژی پشوودان وئاهەنگ گێڕانەکەمان بۆ دوو مەبەست بووە، یەکیان میللەتەکەمان تائێستا لەشین وگریان وئەنفال دا بووە و لەوەی دەرئەکەین وئەیخەینە خۆشی وشادییە و ئەوە یەک، بەڵام مەبەستە سەرەکییەم ئەوە بوو کە کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کراوە ئەوان گوتیان بۆ پەرلەمانی لێ گەڕاین ئێستا پەرلەمان بڕیار بدات، پشتیوانی جەماوەر لە شەقامەکاندا مانای وایە کەسێک قسەی نامێنێت کە بلێ فیدراڵی نادرێت بەکورد و، ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش ئەو رووەی نابێت کە باسی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من باپەلە نەکەین لە بڕیار وەرگرتندا پاش بڵاوکردنەوەی بەیانەکە خەڵکی کوردستان چی ئەکەن، ئەرژێنە سەر شەقامەکان وئاهەنگ ئەگێرن ئەوە مەسەلەیەکی ترە، جابا لەو مەسەلەیە ئێمە پەلە نەکەین لە بڕیار دانا، لەوانەیە ئەوەش بهێنێت کەوا ئێمەش کە ڕۆژی ٤/١٠ بکەین بە ڕۆژێکی نیشتمانی لە هەموو کوردستانی عێراقدا کە تێدا ئاهەنگ بگێڕین وئەو ڕۆژە کاری تیا نەکرێت، بەڵام با ئەو بڕیارە هەڵبگرین بۆ کاتێکی تر کە نەختێک باشتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەقسەکانی بەڕێز د.کەمال فوئاد دەکەم و، پێموایە باش نییە ئێمە خۆمان ئەو بڕیارەمان داوە داوا لە خەڵک بکەین پشتگیریمان بکەن، بێنە سەر شەقامەکان و با لایەنە سیاسیەکەی بۆ بەڕێزان کاک مەسعود بارزانی ومام جەلال تاڵەبانی بەجێ بێڵین و، هەر کاتێک بەیانەکە ئامادە بوو و بڵاوکرایەوە ئەوان هەردووکیان داوا لە خەڵکی بکەن و، بڵێن پشتگیری لە بڕیارەکەی پەرلەمان بکەن و، وەرنە سەر شەقامەکان وخۆپیشاندان وجەژن بگێڕن، سوپاس.

**بەڕێز عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نێمە وابزانم بڕیارێکمان هەیە هەمووی ئەو یاسایانەی بەعس هەڵئەوەشێنینەوە کە بە عەرەب کردن وراگوێزان وئەوەی هەیە، وابزانم لەمەودوا پێویستیمان بە لیژنەیەک هەیە کەچاو بەو جەژنانە بخشێنێتەوە کە بوون بە یاسا لە عێراقدا زۆر جەژنیان هەیە کە بۆ ئێمە جەژن نییە شینە،پێویستە بەهێمنی لیژنەکە ئەو جەژنانە دابنێن کە جەژنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا نەو پێشنیارە ڕانەکێشراوەتەوە، دەبێت ئێمە ئەو پێشنیارە بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی بەڕێز د.کەمال فوئاد وەکو من تێی گەیشتبم مەبەستی ئەوە نییە کە ئەو ڕۆژە نەکرێتە پشوو ، بەڵکو بڕیاری کردنی بە جەژن و پشوو دوا بخرێت، تابزانین شتەکە چۆنە وچۆن ئەڕوا، بۆیە منیش بەش بەحاڵی خۆم بەچاکی ئەزانم کە هیچ شتێ پەسەند نەکرێ و، ئەو بڕیارەی کە ئێستا ئەدرێت، با بگەڕێتەوە بۆ کاتێکی لەبار تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە پێی پێڕەوی ناوخۆ هەر پێشنیارێک کە دەکرێت، ئەبێت یا ڕاکێشرێتەوە، یا بڕیاری لەسەر بدرێت، ئەبێ هەموو ئەندامانی پەرلەمان پێش هەموو شتێک مادە بەمادە بزانن پێڕەوی ناوخۆ چی دەڵێت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم بڕیارە بەنیسبەت ئێمەوە گرنگترین بڕیارە کە تاوەکو ئێستا داومانە، داوا لە هەموو ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم کە بە تێکڕای دەنگ لەگەڵ دواخستنی بن نەوەکو لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد شەریف تاهیر مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینییەکم هەیە، ئێمە وەکو میللەتی کورد موناسەبات و بیرەوەریمان زۆرە و، ئەگەر ئێمە وەکو رژێمی بەعس بکەین وهەموو بیرەوەریەک بکەینە پشوو، ئەی ئیتر چۆن دەتوانین ئیشوکارەکانمان بەرینە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن**

هیچ تێبینییەک نییە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بڕیارە دوابخرێت با دەست بەرز کاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

دێینەوە سەر پرۆگرامی خۆمان خاڵی یەکەم، چەند بەڕێزێک لە ئەندامانی پەرلەمان داوایان کردبوو کە وەزیری ناوخۆ ئامادە بێت و، چەند پرسیارێکیان هەیە دەربارەی ئەو بڕیارەی کە لەلایەن ئەنجوومەنەوە دەرچووە، لەوەیە هەندێ شتی تریش بێتە پێش بەتایبەتی ئەو بڕیارەی کە پەیوەندیی بە پلەوپایەدانەوە هەیە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە، جا پرسیارەکەش لەلایەن فراکسیۆنی سەوزەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن کراوە. داوا دەکەین بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەگەر بفەرموێت بۆ ئەنجوومەن بۆ کۆبوونەوەی رۆژی سێ شەممە بۆ پرسینەوە سەبارەت بەگەڕانەوەی ئەفسەرو پلە دارانی پۆلیس ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با باسی دەرماڵەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بکرێتە خاڵێک و لە تازە بابەتدا باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو مەسەلانەی کە لێرە پێشنیار دەکرێت، ئەگەر لەپێشەوە و، یان سەرۆکایەتی ئەنجوومەن، یان لیژنە تایبەتەکان باسێکیان لێوە کرد بێت، بۆ ئەوەی بەگەڵاڵە کراوی وبەپوختی بێتە بەردەمی ئەنجوومەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەدەستەی سەرۆکایەتی تائێستا چ پێشنیارێک کراوە لەلایەن ئەنجوومەنەوە دراوە بەلیژنە

تایبەتیەکان، لیژنە تایبەتیەکانیش گفتوگۆیان لەسەر کردووە و، عەرزی ئێوەیان کردووە و، بە شێوەی بڕیار لە لیژنەکانەوە دراسەت کراوە وئەمەش وەکو پرۆژەیەک عەرزی پەرلەمان ئەکرێت هەتا ئێستاکەش شتێک عەرز نەکراوە بۆ ئەوەی بدرێت بە لیژنەکان، ئێستایش ئەو دوو پرسیارە یەکێکیان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کراوە و، ئەوی تریانیش سەبارەت بە خانووەکانی ئەنجوومەنە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستە پرسیار ئاراستەی وەزارەت کراوە وبە نووسینیش ئاراستە کراوە، بەڵام پرسیارەکان روون نین ونازانین مەبەستیان چییە، چونکە ئەڵێین حەز دەکەین وەزیر بێت بۆ پەرلەمان بۆ پرسیار لێ کردنی، جا داوا لە ئەندامە بەڕێزەکان دەکەین کە پرسیار ئاراستەی هەر وەزارەتێک دەکەن پرسیارەکەیان با بە روونی بنووسن، تاوەکو ئێمەش بتوانین وەڵامتان بدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەرچی پرسیارێک ئاراستەی وەزارەت کرابێ بەنووسین کراوە، دەربارەی ئەم بابەتەش ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەنووسراوی دەستەی سەرۆکایەتی نووسراوێکی ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کردووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

ژمارەی پرسیار (٣/٤) ٤٩٨ی لە رۆژی ١٩٩٢/٦/٢٦

بۆ وەزارەتی ناوخۆ.

پرسیار /

دەقی پرسیارەکەی فراکسیۆنی سەوزتان بەهاوپێچ ئاراستە دەکەین دەربارەی گەڕانەوەی ئەفسەرو دەرەجەدارانی پۆلیس، تکایە بەپێی مادە (٧)ی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن لەماوە (٧) رۆژدا وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە و لە ئەنجامەکەی ئاگادارمان بکەنەوە.

بە راستی دەبێت بەڕێزت بۆ ئەنجامی ئەو نووسراوە لە وەزارەتی ناوخۆ بکۆڵیتەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ناڵێم پرسیارم پێ نەگەیشتووە، یا نووسراوم پێ نەگەیشتووە، نووسراوم پێ گەیشتووە بەس ئەڵێم پرسیارەکە روون ودیاری نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارەکە سەبارەت بەگەڕانەوەی ئەفسەرە دەرەجەدارەکانی پۆلیسە، واتا پەیوەندیی بەو بڕیارەوە هەیە، دووەم کە بابەتێکی وا دێت کە پەیوەندیی بە دەرەجەدارانەوە، یا گەڕانەوەی ئەفسەرانەوە هەیە ئەویش لەسەر بڕیارێکی ئەنجوومەن، وابزانم شێوەی دارشتنەوەی پرسیارەکە روونە و، کاتێ کە جەنابت ، یا خود ئەو کەسەی کە پرسیارەکەی لێ دەکرێت، خاوەن پرسیارەکە پرسیارەکەی بۆ روون دەکاتەوە.

بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجــیـــد:
بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.
ئەو مەسەلەیە مەردودێکی زۆر سەلبی دروست کردووە لای خەڵکی کوردستانەوە، ئەویش بەدوو شێوە: ١ــ لای خەڵک بە گشتی. ٢- لای ئەو خەڵکانەی کەپێش وەخت لە سلکی پۆلیس بوونە.
لەبەر ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێک گەڕاونەتەوە کە لەسەر بنەمای سیاسی کاتی خۆی دەرکرا بوون لە سلکی پۆلیس، ئێستا کە تەماشای ئەو کەسانە دەکەی کە گەڕاونەتەوە بێجگە لە هۆی سیاسی هۆی دیکەشی هەبووە، یان کاتی خۆی خزمەتی تەواو بووە ڕەوانەی خانەنشینی کراوە، یان تەمەنی یاسایی تەواو کردووە و، هەندێ کەسیش هەیە کە ئێستا گەڕاوەتەوە، یا پلەی پێ دراوە لە کاتی خۆی لە دەزگا سیخوڕەکانی ڕژێمدا کاری کردووە و هاوکار بووە، یا هەندێکی تریش لە سەر جەردەیی، یا سزادان دەرکراون و، ئێستا ئەو ساڵانەشیان بۆ بە خزمەت حسێب کراوە، نابێ ئێمە حاشا لەوە بکەین کە ئەو پۆلیسانەی مانەوە لە کوردستاندا ڕۆڵێکی زۆر باشیان بینیەوە لە پاراستن و ئاسایش کردنی بارودۆخەکە، بەبێ ئەوەی مووچەیانیش بدرێتێ، هەروەها مەسەلەی خول پێدان واتە( دورات الترقية) ئەو مەسەلەیەش ڕەچاو نەکراوە، هەروەها مەسەلەی تەمەنیش، پاشان دوو شتی ئاشکرا هەیە لە یاسای خزمەت کردنی سەربازیدا و یاسای خزمەت کردنی ئاسایشی ناوخۆدا، موفەوەزن بە فەرمانێکی ئیداری پلەیان دەدرێتێ و، ئەفسەرەکانیش بە (مرسوم الجمهوري) پلەیان دەرێتێ، جامن پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا ئەو ڕێنماییانەی کە دانراوە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە چییە و، لەسەر چ بنەمایەک ئەو خەڵکە گەڕاونەتەوە؟، سەبارەت بەو ئەفسەر وپۆلیسانەشەوە کە بەراستی شایستەی ئەو پلەوپایانە نیین، ئەگەر بزانن لە لایەن پەرلەمانەوە بڕیارێکی واش دەرچووە ئەوە ڕەنگدانەوەیەکی زۆر سلبی دەبێت، من ڕاپۆرتێکی تەواوم هەیە لەسەر یاسای گەڕانەوە وچۆنیەتی بەرەوپێش بردنی یاسای خزمەت کردنی خانەنشینی هێزی ئاسایشی ناوخۆوە و، چەند هەموارکردنێکی بەسەردا هاتووە و، پلەوپایەکانیان چۆن بووە وبە چ حسابێک ئەو پلەوپایانەیان دراوەتێ، سوپاس.
بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:
بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.
ئەم بابەتانە لەگەڵ دامەزراندنی وەزارەتەوە و ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەستی پێکردووە، مەسەلەی ترقیە ئەفسەری پۆلیسیش پێش دامەزراندنی ئەنجوومەنی وەزیران بووە، مەسەلەیەکی کۆنە پەیوەندیی هەیە بە خەباتی سیاسی هەردوو حزبە سەرەکییەکەوە ئەوە پەیوەندیی هەیە بە هەموو ئەو ئەفسەرانەوە، ئەو دەرەجەدارانە کە کاتی خۆی بەشداری شۆڕشیان کردووە، یا لەسەر سیاسەت وکوردایەتی لەمەسلەکی پۆلیس، یا سوپا دورخراونەتەوە کە بەدرێژایی وتووێژەکاندا داوای ئەوەمان بۆ کردوون لە چەند قۆناخێکی وتووێژدا هەبووبێ، یان داواکاریەکی میللەتی

کورد هەیبوبێ ئەمە بەشێک بووە لەوەی کە داوامان کردووە، کە ئەو ئەفسەرانەی کە لە سوپا وپۆلیس دەرکراون، لەسەر مەسەلەی کوردایەتی لەسەر شۆڕشی ئەیلوول وشۆڕشی تازە بگەڕێنەوە سەر مەسلەک، دەسەڵات دراوە بە وەزارەتی ناوخۆ کە ڕێنمای دەرکا و بەپێی ئەو ڕێنمایە دەرەجەکانیان پێ بدرێتەوە، ئێمە لە وەزارەتی ناوخۆدا بەپێی ئەو بریارانەی دراوە لیژنەیەکمان دروست کرد کە خەڵکی یاساناس و مەسلەکی تیادایە و، لیژنەیەکی (٨) کەسیمان دامەزراند و ئەو لیژنەیە نیوەیان لەو ئەفسەرانەن کە لەسەر کوردایەتی دەرکراون ولە مەسلەک دورخراونەتەوە و ئەو نیوەکەی تریشی لەو ئەفسەرانەن کە ئێستا پێش ئەو بڕیارە لە مەسلەکدا بوون ورۆڵیان هەبووە لە پۆلیسی پرسگاکانی کوردستاندا لە هەمان کاتدا ئەم لیژنە (٨) کەسیە نیوەیان سەر بە پارتی بوون و ئەو نیوەکەی تریشی سەر بەیەکێتی بوون، واتە هەموو لایەکمان لێکداوەتەوە لەم لیژنەیەدا و، ئەم لیژنەیەش بە پێی ئەو پێشنیارەی کە کاتی خۆی هەبووە، سەبارەت بە ئەو ڕێنمایانەی کە هەیە و، لێتوێژینەوەیان لەسەری کردووە و ڕێنماییەکی دیاری کراویان دەرکردووە بۆ هاتنەوە و وەرگرتنەوەی ئەفسەرو دەرەجەدان، من هەندێک لەو ڕێنمایانەی کە بە زمانی عەرەبییە ئەخوێنمەوە ( الضوابط الخاصة باعادة منتسبي الشرطة وقوى الامن الداخلي الى الخدمة)

١ـ أعادة كافة الضباط والمفوضين والمحالين الي الوظائف المدنية بموجب قرار مجلس قيادة الثورة رقم ( ) في ١٩٧٥ بسبب الاشتراك بثورة ايلول عام ١٩٧٤.

٢ـ يعاد الضباط منهم الي الخدمة بنفس الرتبة التي يستحقونها اسوةً بزملائهم في الخدمة.

٣ـ يعاد المفوضين الى الخدمة ولكن تحدد رتبهم وفق مايلي:

أـ مفوضي اعدادية الشرطة يعادون الى الخدمة برتبة التي يستحقونها اسوة باقرانهم.

ب ـ مفوضي الدورات الخاصة تحدد رتبهم الحد الاعلى ورتبة نقيب.

ج ـ مفوضي الدورات المتبقية وحملت الشهادة الابتدائية تحدد رتبهم برتبة نقيب.

دـ المفوضين الذين لايحملون الشهادة الابتدائية فتحدد رتبهم برتبة مفوض درجة اولى.

٤ـ بالنسبة للمراتب الى مراتب الشرطة الذين شاركوا في ثورة ايلول عام ١٩٧٤ والمحالين الى الوظائف المدنية والمتقاعدين منهم فيتم اعادته احتساب قدرا من قبل المديريات وقوى الامن الداخلي في المحافظات.

٥ـ يعاد كافة الضباط والمفوضين يوم الراتب الذين ترك الخدمة للاسباب السياسية بنفس الظوابط اعلاه اعتبارا لسنة ١٩٧٥ لغاية انتفاضة ١٩٩١.

٦ـ بالنسبة للحالات وغيرها من الفقرات اعلاه تدرس كل حالة حده وهي من اختصاص الوزارة.

٧ـ الشهداء من قوى الامن الداخلي يحدد رواتبهم بموجب الرواتب التي ذكره اعلاه ومنحهم بالدرجة اعلاه، والمتوفون منهم تحدد رواتبهم التقاعدية بعد احتساب المدة التي ذكرت في

الفقرتين الثانية والثالثة.

٨ـ بعد تنفيذ الفقرات اعلاه يحال على التقاعد الضباط من مفوضين ومراتب المعادين في الخدمة والذين عمرهم اكبر من (٦٠) بعد مرور عام واحد من اعادتهم الذين لا يرغبون بالتقاعد قبل هذه المدة.

ئێمە ئەم ڕێنمایانەی کە ئێستا خوێندمانەوە دەسکاریمان کردووە، بەڵام دەسکارییەکی وا کە بەرژەوەندی تیا بێت، دەسکارییەکەش زۆر کەم بووەو، وتمان ئەوەی (٦٠) ساڵ زیاتر بێ و باری تەندروستییشی تەواو نەبێت، یا باری وانەبێت کە بتوانێ خزمەت بکات، لەماوەی (٩٠)ڕۆژدا خانەنشین دەکرێت، لە جیاتی ئەوەی لەماوەی ساڵێکدا خانەنشین بکرێت، بیریشمان لەوە کردووەتەوە کە کۆمەڵێک لەو پلەدارانە کە تەمەنیان گەورەیە و ناتوانن خزمەت بکەن، ئەوانە یەکسەر پاش وەرگرتنی پلەکەیان وپاش (٩٠)ڕۆژ خانەنشین دەکرێن، جگە لەوانەی کە وەزارەت، یا حزبێک ،یا پەرلەمان مانەوەی بە پێویست دەزانێ، سەبارەت بە ئەوانەی ئەبن بە موفەوەز حسابی ئەوەمان کردووە عادەتەن بە مووچەی پۆلیس ئەبن بە موفەوەز، چونکە لە ١٩٧٥ ڕەوانەی خانەنشینی کراوە و، لە سلک دوور خراوەتەوە ئەو کاتە (عریف) بووە، یا (رئیس عرفاء) بوو ئێستا ئەبێت بە(مفوض) هەرچەندە ڕەچاوی تەمەنمان کرد کە تاوەکو (٥٥)ساڵمان دانا.

ئێستا بێینەوە سەر بابەتی پرسیارەکان، شتێکی زۆر سەیر بڵاوبۆتەوە کە گوایە وەزارەتی ناوخۆ پلەی سەربازی بە هەوەسی خۆیان ئەدەن بەخەڵک ،یا بەلێشاوە پلە ڕژاوە وهەر کەسێک ئەچێ رتبە هەڵئەگرێت وئەیکا بە شانیا و، لە ڕاستیدا پروپاگەندەیەکی زۆر هەیە و، لە پروپاگەندە زیاتر تێ ناپەڕێت ئەوەی کە کراوە یەک بەیەک، داواکاری بە داواکاری بەپێی بەڵگەنامە ئەم لیژنەیە سەیری کردووە و ڕای خۆی لەسەر داوە و، ڕای لیژنەکەش هاتۆتە پێش بریکاری وەزارەت و، بە ڕێککەوتنی هەردوولا ئیمزای لەسەر کراوە و، ئەم ڕێنمایانە جێبەجێ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئیجازەم بدەنێ شتێک هەیە حەز دەکەم بیخوێنمەوە، بەڵام شتێکی تێروتەسەلە سەبارەت بەگەڕانەوەی ئەفسەرەکان و، یەکێ لەو خاڵانە، کاتی خۆی ئەم مفەوەزانەی کە لە ساڵی ١٩٦٨ـ١٩٦٩ (دورە خاصە) بوونە و، کاتی خۆی دەرکراون لەبەر هۆی سیاسی، ئێستاکە هەموو گەڕاونەتەوە وبوونەتە (نقیب) وهەموشیان دەرچووی خوێندنی سەرەتایین و، ئەوانەیشی کە لەگەڵیاندا بوونە لە خزمەتدا هەتا ئێستاکە دەرەجە یەکن، هەندێ پێڕەو هەیە کە هیچ ڕەچاو نەکراوە شتێک هەیە لە مەسائیلی بەرز کردنەوە و پلە پێدان و، ئەگەر بوارم بدەنێ بیخوێنمەوە، چونکە شتێکی سوود بەخشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئیجازەم بدەن کە بڕۆم، چونکە مەوعدم هەیە لەگەڵ ڕێکخراوێکی تایبەتی ئەویش بۆ کۆبوونەوەیەکی تایبەتییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

داوای لێبووردن دەکەین دەبێت تەواوی کەین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان پۆلیس ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دابین کردنی ئاسایش وجێبەجێ کردنی یاسا جۆراوجۆرەکان و ڕێکوپێک کردنی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵ، نیوەی کارەکەی بە جۆرێکە کە لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ دا لەگەڵ کەسانی جیاجیا و وتوێژی جیاجیا لە ناوکۆمەڵ دەتوانین بڵێین هەڵسوکەوتی پۆلیس ئاوێنەیە وەرەنگدانەوەی حکومەت پیشان دەدات، لەبەر ئەوە پێویستە دامەزراندنی پیاوانی پۆلیس، یان گەڕانەوەیان بۆ خزمەت زۆر بە وردی بکرێت، بەتایبەت لەو بارودۆخە ناسکەی کە گەلەکەمان تێدا تێ دەپەڕێت، چونکە کاری پۆلیس لەو کارانەیە کە شارەزایی ساڵانەی دەوێت بۆ هەر پلەوپایەک کە بۆی بەرزدەبێتەوە و بە کورتی پێویستی بە بەرنامە و پلانێکی ورد هەیە، کە بەشێوەی یاسا دەربچێ وزۆر بە وشیاری مامەڵە بکات بە گێڕانەوەیان، یان دامەزراندنی یەکێک لە پیاوانی پۆلیس، بەڵام وەک بینیمان ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەسەڵاتی دا بە وەزارەتی ناوخۆ بۆ گێڕانەوەی ئەفسەر و موفەوەز وپۆلیسەکان کە دەرکراون لەبەر هەڵوێستی کوردایەتی، وەزارەتیش دەسەڵاتی دا بە لیژنەیەک بەبێ ئەوەی یاسایەک، یا بەرنامە وپلانێکی ڕوون وئاشکرای پێ بدات کە لە ژێر ڕۆشناییدا کارەکەیان ئەنجام بدەن، لە ئاکام دا دەرکەوت کە هەست بەم تێبینییانە دەکرێت:

١ـ تاوەکو ئێستا ئەوە لەبەر چاو نەگیراوە کە ئایا ئەو کەسانەی کە دەیانگرێتەوە دەرکراون، یا وازیانهێناوە، یا ئیستقالەیان کردووە، یا خانەنشین کراون..هتد.

٢ـ ئایا ئەوانەی کە دابڕاون بە هۆی سیاسی بووە، یا بە ئارەزووی خۆیان بووە، یا بە شێوەی یاسایی تەواو بوونی خزمەت، یان گەیشتن بەتەمەنی یاسایی لەمەشدا پێویستی بە پێشکەش کردنی بەڵگەی یاسایی هەیە.

٣ـ هیچ تۆژینەوەیەک نەکراوە بۆ ئەوەی بزانن کە ئەو کەسەی دەیگێڕنەوە دەستی لەگەڵ ڕژێمدا تێکەڵ نەکردووە و، یا بەشداری شۆڕشی کوردایەتیشی کردبێت، ئایا ئەو کەسە نەگۆڕاوە.

٤ـ لەپلە پێدانی گێڕاوەکان هیچ گوێ نەدراوەتە دابونەریتی سەربازی وەک پلەی خوێندن خزمەتی لە پۆلیس و، ساڵی دامەزراندن و، ساڵی پچڕان و، دوا پلەی لە پۆلیسدا، ئایا بە پلەی سەربازی بە گوێرەی خزمەتی ساڵانەی چ پلەیەک دەگات وەک ئاوەڵەکانی لەخزمەت

ماون هەتا دوایی، چونکە نابێت ئێمەش وەک رژێمی بەعس رەفتا بکەین کە رەفیق حزبییەک دەبێت بەئەفسەر وبەبێ لێکدانەوەی هیچ دابونەریتێکی سەربازی وپاسایی، چونکە پایە (منصب) جیایە لەگەڵ پلەکە، کە دەگونجێ هەر هاوولاتییەکی نیشتمان پەروەر پلەوپایەکی پێبدرێت، بەلام مامەڵە لەگەڵ پلەدا بە ئامانەتەوە بەگوێرەی یاسا و دابونەریتی سەربازییە لە هەموو جیهاندا، یاسای خزمەت وخانەنیشینی هێزی ئاسایش ژمارە (١) ساڵی ١٩٧٨ وگۆڕینەکانی لەبەر ئەوە هێشتا لەکوردستاندا یاسایەکی خزمەت وخانەنشینی دەرنەچووە، هەتاکو پێڕەوی بکەین، هەموو پیاوانی پۆلیس و ئەوانەی کە پچڕاون و ئەوانەی لە خزمەت ماون و پلە و باڵا کردنی سەر مووچە وخانەنشین واتە لە هەموو مامەڵەیەکی یاسایی دەگەڕێتەوە سەر یاسای عێراقی:

١ـ پێش دەرچوونی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٧٨ پلە بەرزی بەم شێوەیە بووە:

أ ـ ئەفسەر لەپلەی ملازمەوە چوارساڵ بۆ هەر پلەیەک تا دەگاتە پلەی دوا.

ب ـ رێدراوی موفەوەز (٥)جۆر پلەی رێدراوی هەبوو لەپلەی (٥) وە بۆ پلەی (١) کەبەرزترین بوو وەسێ ساڵ بۆ هەر پلەیەک.

ج ـ پۆلیسی مراتب کە دادەمەزرا بە پلەی پۆلیسی زۆر باش (شرطی ممتاز) دادەمەزرا بەرزیش بەم شێوەیە (شرطی ممتاز)و (شرطی اول ممتاز)، یەک ساڵ (شرطی اول ممتاز)، (نائب عریف ممتاز) دووساڵ (نائب عریف ممتاز)، (عریف ممتاز) سێ ساڵ (عریف ممتاز)،(رئیس عرفاء ممتاز) سێ ساڵ.

د ـ لەپلەی رێدراو (مفوض) بۆ پلەی ملازم و بڕوانامەی ناوەندی وئامادەیی بە هەموو جۆرێک بەگوێرەی ئەوانەی خوارەوە:

١ـ نابێت پلەی رێدراوی لەپلە یەک، یا دوو کەمتر بێت.

٢ـ دەخرێتە خولێکی شەش مانگی.

٣ـ پشکنینی پزیشکی.

٤ـ تەمەنی لە (٤٥)ساڵ کەمتر بێت.

هـ ـ ئەمانەی سەرەوە بەپێی بڕیاری تایبەت (قرار خاص) دەبێ ئەو ئەفسەرانەی کە لە پلەی رێدراوی بۆ پلەی ملازم باڵا بکرێت بەم مەرجانەی خوارەوە:

١ـ بخرێتە خولێکی شەش مانگی.

٢ـ پلەی رێدراو، یا لە پلە یەک، یا دوو کەمتر نەبێت.

٣ـ دەبێت چاوپێکەوتنی پشکنین وبڕوانامەی خوێندن ئەو روتبەیەیان پێ ئەدرا.

و ـ بەپێی یاسا لەپلەی (رئیس عرفاء) بۆ پلەی رێدراوی پلە (٥) بڕوانامەی سەرەتایی پاش بەشدار بوون لە خولێکی (٣) مانگی، یان (٦) مانگی، بەلام (رئیس عرفاء) لە خولەکانی شرطە ممتازەکە دەبوو، جاران لە پۆلیس وا هەبوو دەردەچوون بەرێگای پلە چوار.

٢ـ پاش دەرچوونی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٧٨ گۆڕینەکانی:

أـ پاش دەرچوونی یاسای وپلەی ڕێدار ومفوض گۆڕا بۆ (٨) پلە واتا لە ڕێدراوی پلە (٨) بۆ پلەی (١) کە جاران (٥) پلە بوو، لەپلە (٥) وە بۆ پلە (١) بە گوێرەی ئەم خشتەی خوارەوە، لە ڕێدراوی پلە(١) بۆ ڕێدراوی پلە (٤)، لە ڕێدراوی پلە (٢) بۆ ڕێدراوی پلە (٥)، لە ڕێدراوی پلە (٣) بۆ ڕێدراوی پلە (٦)، لە ڕێدراوی پلە (٤) بۆ ڕێدراوی پلە (٧)، لە ڕێدراوی پلە (٥) بۆ ڕێدراوی پلە (٨)، لە ڕێدراوی پلە (١) کە سێ ساڵ زیاترخزمەتی هەبووە بۆ پلە (٣)بەم شێوەیە.

ب ـ پلە بەرزی ئەفسەران وەک خۆی چوار ساڵ مایەوە.

ج ـ ڕێدراو وەک باسمان کرد لە (٥) پلە و بۆ (٨) پلە وپلەی بەرزیشی وەک خۆی مایەوە هەرسێ ساڵ بۆ هەر پلەیەک.

د ـ لە ڕێداوی بۆ ملازم بە هەمان شێوەی مایەوە تەنها ئەوە نەبێت کەنابێت لە بڕوانامەی ئامادەیی کەمتری هەبێت وپلەی ڕێدراوی کەمتر لەپلە (٤) تێ پەڕبوونی ساڵێک بەسەر پلەکەی یا (١،٢،٣).

هـ ـ (قرار خاص) ڕێدراوی بۆ ملازمێک وەک خۆی مایەوە، تەنها مەرجی پلە (٢)، یان (١) گۆڕا بۆ پلەی (٤) تێ پەڕبوونی پلە (٨)وە (المفوضین)، پاش تێ پەڕبوونی(٣) ساڵ بەسەری وپلەدانەکەش مانگی خولیش بۆ حساب دەکرێت بە بڕوانامەی ناوەندی، دامەزراندن بەم شێوەیە بوو.

١ـ دەگونجێت دەرچووی کۆلێژی مەدەنی بەپلەی ملازم دابمەزرێت لە هێزی ئاسایشی ناوخۆدا پاش بەشدار بوونی لە شەش مانگ کەمتر نەبێت لە حاڵی سوود وەرگرتن لە بڕوانامەکەی پاش پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی پێویست وەک بڕوانامەی خوێندن و ڕەگەزنامە وراپۆرتی پزیشکی وتۆژینەوە وخوورەوشت وکەفالە.

٢ـ دەرچووی پەیمانگاکان دابمەزرێن بە ڕێداوی پلە (٥) کەئەمە تایبەتە ولە بەندەکانی یاسادا نییە، پاش بەشدار بوون لە خولێکی تایبەت کەمتر نەبێت لە (٣) مانگ پاش پێشکەش کردنی بڕوانامەی پێویست کە لەسەرەوە باس کرا.

٣ـ نابێت دەرچووی کۆلیژ وپەیمانگاکان قوتابیە بەردەوامەکانی کۆلیژ وپەیمانگاکان بەپلەی پۆلیس دابمەزرێن بە گوێرەی ڕێنمای بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس گشتی لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق. ٤ـ بۆ وەزیر هەیە بتوانێ هاوولاتی بە پۆلیس، یا بەڕێدراوی پلە (٨) دابمەزرێنێت، یان هەر پۆلیسێک بەرزبکاتەوە بۆ پلە (٨).

٥ـ دامەزراندنی پۆلیس بە فەرمانی ئیداری دەردەچێت، مفوض بە فەرمانی وزاری، (السادە مرسوم الجمهوری). لیژنەی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ کە ئەرکی گێڕانەوەی پیاوانی پۆلیس پێسپێردراوە کارەکانی بەم شێوەیە ئەنجام داوە:

١ـ دانی پلەی ئەفسەری بۆ ئەو ڕێدراوانەی بەشداری شۆڕشی ئەیلوولیان کردووە و، یان باشتر بە شۆڕشی ئەیلوول دەرکراون، یان رایان کردووە، واتە بە هۆی سیاسییە.

٢ـ پلەی ئەفسەریان داوەتە ئەوانەی کە هەلاتوون ولە خزمەت رایان کردووە، بێ ئەوەی کە هیچ بەڵگەنامەیەک پێشکەش بکەن.

٣ـ پلەی ئەفسەریان داوەتە ئەو ڕێدراوانەی کە داوانەکرا بوون بۆ ئەرکی سەربازی کە ماوەیەک گوازرانەوە لە سلکی پۆلیسەوە بۆ سلکی سەربازی و بەپێی بڕیاری مجلس قیادە الثورە ژمارە (٩٥) لە ١٩٨٧/٢/١٨ وپاشان مەڵبەندی مەشق پێکردن و یەکەکانی سەربازی، رایان کردووە ئەویش بەهۆی سیاسی نییە.

٤ـ پلەی زیاتر لەوەی کە پێویستە بدرێت و دراوەتە هەندێک لەو ڕێدراوانەی کە رایان کردووە لەخزمەت، یان دەرکراون بەهۆی سیاسییەوە.

٥ـ پلەی ئەفسەری دراوەتە هەندێ لەپۆلیس بەپلەی (نقیب) کەتەنها پشتیان بەقسەکانی ئەوان بەستووە کە پێش تر، یان (شرطی اول)، یان (نائب عریف) بوون هەندێ پلەی بەرز دراوەتە هەندێ کەس بە هۆی تاوانی تر دوور لە سیاسەت، تەنها پشتیان بەقسەکانیان بەستووە.

٦ـ لەم دواییەدا وەزارەتی ناوخۆ هەستاوە بە دامەزراندنی دەرچووی کولیژ وپەیمانگاکان بەپۆلیس، یا موفەوەز بێ پێشکەش کردنی هیچ بەڵگەنامەیەک، وەکو بڕوانامە وراپۆرتی پزیشکی هەتا دوایی، یان دامەزراندنی هەندێ لە هاوولاتییان بەپلەی ڕێدار و مفوض پلە (١) هەر وەک دەزانین ناتوانرێت دەرچووی کۆلیژ بە پۆلیس، یان بەرێدراو دابمەزرێت بەپێی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکەت چی بوو؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو شتانەی کە خوێندمەوە یەکەم شتە سەرەکی، گەڕانەوەی ئەو کەسانە بوون لەسەر ئەو تایبەتمەندییەی کە هەبووە بەگوێرەی یاسای عێراقی کە بەکار دەهێنرێت بە پێی یاسای خزمەت وخانەنشینی وهێزی ئاسایش و پۆلیس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بەڕێز وەزیری ناوخۆ بەدواداچوونەوەیەکی هەبێت و، یا پێشنیاری لیژنەیەکی تایبەتی کردبێت، ئێمە لیژنەی تایبەتیمان هەیە.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکی بچووکم هەیە، ئەویش بەڕێز کاک ئەیاد ئاماژەی کرد کە پۆلیس، یا پۆلیسی یەکەم، یا

عەریف کراوە بە(نقیب)، شتی وا نییە وشتی واش نەکراوە، هەروەها ئێمە کە ئەو ئەفسەرانەمان وەرگرتۆتەوە بە بڕیاری پەرلەمان وەرمان گرتوونەتەوە و، بڕیاری پەرلەمان ئەڵێت ئەو پلەیەیان پێ بدرێت، ئەگەر لە مەسەلەک دا مانەوە کەوا چ توانایەک هەبوو بەو چاوە سەیر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە(١٧) بەرواری ١٩٩٢/٧/٢٢ئەم بڕیارەی دەرکرد کە ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە:

١ـ ئەو ئەفسەر وپلەدارانەی(مراتب) ناو سوپا و پۆلیسی ناوخۆ و ئاسایش کە لە کارەکانیان دوور خرابوونەوە وەزیفەی مەدەنییان پێ سپێردرابوو، چونکە پەیوەندییان بە بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردەوە هەبوو، بۆ شوێنەکانی خۆیان بگێڕدرێنەوە.

٢ـ دەسەلات بە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق بدرێت، بەپێی یاسا و پلەوپایە، پلەی مستەحەقیان پێ بدات.

٣ـ وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆیان هەیە ڕێنوێنی تایبەتی بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە دەربکەن.

ئەوە دەقی بڕیارەکەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانە لە ١٩٩٢/٧/٢٢.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقەکە ئاشکرایە و ئەو ڕێنوێنییانەی کە دەرکراوە خوێندمەوە و، ئەوەی کە موفەوەز نەبوو بێت نەکراوە بە ئەفسەر و، ئەوەی کە بۆتان نووسراوە پروپاگەندەیە و شتی وا نەبووە، ئەوەی موفەوەز بووە لەسەر کوردایەتی دەرکراوە، هاتووە بەڵگەنامەی بۆ وەزارەت هێناوە و، کەس بە بێ بەڵگەنامە نەهاتووە، بەڵگەنامەکانیش لە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، یا لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هاتووە، ئەوە بەڵگەنامەیە بەنیسبەت ئێمەوە بەڵگەنامەیەکی تر نییە، وەرەقەیەکی ڕەسمی پێ بێت کە ئەمە مفەوەزە بووە وەختی خۆی، یا شەهادەی هەیە، یا ڕێنوێنییەکانی لەسەر جێبەجێ دەبێت، ئەمانە کە لیژنەکە سەیریان کردووە و، وتویانە پۆلیسی تیایە هەموو ئیمزایان کردووە و هاتۆتە بەردەستی وەزارەت وئیمزای لێ کراوەو من تەئکید ئەکەمەوە پۆلیس، یا عەریف نەکراوە بە موفەوەز، ئەگەر یەکێ هاتبێ کردبێتمان بە موفەوەز درجە یەک شتی وامان کردووە و، شتی وامان نەکردووە، ئێمە هێزی ئاسایش کە بە پێی بڕیاری پەرلەمان خرایە سەر وەزارەتی ناوخۆ، هێزی ئاسایشمان وەکو پۆلیس ڕێکخست، لە پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی و، دەزگای ئاسایش کرا بە نواتی وەزارەتی ناوخۆ و، ئێمەش روتبەمان داوەتە ئەو پێشمەرگانەی ئەو نواتانە، بەڵام نەمان توانی کەسیان بکەینە ئەفسەر، چونکە ئەو دەسەڵاتەمان نییە، ئەوەمان هێشتەوە بۆ پەرلەمان، ئایا دەیکات، یا نایکات ئەوە بۆ ئێوەی بەڕێزمان هێڵاوەتەوە، بەڵام دەسەڵاتی ئەوەمان هەبوو کە ئەو پێشمەرگانەی کە لە ساڵی

١٩٦١وە تا ئێستا پێشمەرگە بووە وئامر بەتالیۆن بووە ئەوە بە مافێکی سروشتیمان زانی کە بکرێتە موفەوەز دەرەجە یەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەو پێشنیارە وا لێ دەکەین، بۆ ئەوەی لیژنەی ناوخۆ پەیوەندیی بکات بە وەزارەتی ناوخۆ وبەو لیژنەیەی کە ئیشوکاری کردووە و، ئەمڕۆ بڕیارێکمان بۆ بدات لەسەر ئەو بابەتە و، ئەم قسەوقسەلۆکە بن بڕ بکەین، چ لەناو پەرلەمان و چ لە دەرەوەی پەرلەمانیش، جا ئەگەر رازین ئەم بابەتە رەوانەی لیژنەی ناوخۆ بکرێت و، ئەوان لە بابەتەکە بکۆڵنەوە ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو رایەدایە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا.

با لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و ئەو لیژنە تایبەتیە کە ئەم کارەی کردووە، چاوێک بە بابەتەکەدا بخشێنن، جا ئەگەر بەڕێز وەزیری ناوخۆ لاری نەبێت، چونکە ئەوە پرسیاری یەکەم بوو. دووەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان داوای روون کردنەوەی مەسەلەی خانووەکانی ئەنجومەن دەکەن، هەرچەندە ئەوە لە میانی پرسیارەکاندا نییە، بەڵام داوا لە بەڕێزتان دەکرێت کە ئەگەر دەتوانن وەڵام بدەنەوە، دەشێن نەدەنەوە ئەوە هەقی خۆتانە.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز د.رۆژ خۆی ئاگاداری ئەو بڕیارەیە کە کاتی خۆی دەریان کردووە، ئێمەش لەدوای بڕیارەکەی پەرلەمان وفەرمانەکەی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ بەڕێزان کاک یونس وپارێزگاری هەولێر لیژنەیەکمان دروست کردووە و، ئینزاریشمان دەرکردووە، ئەم لیژنەیە ماڵ بە ماڵ خانووەکان گەڕان و، بۆ هەر خانوویەک لاپەڕەیەک دروست کراوە و، چ زانیارییەک پێویستە لەسەر ئەم خانووانە نووسراوە، هەروەها بڕیار وا بوو لە پاش ئینزارەکە کە لە ٩/٢٣ درا لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دوا بڕیاری لەسەر بدرێت، بۆ ئەوەی ئێمەش پێش تەواو بوونی مۆڵەتی ئینزارەکەمان بڕیارێکی کەمان بداتێ، وەکو لیژنەکان ئەم لیژنەیەی ئێمە چەند جار رۆیشتوەتە لای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وهەموو هەفتەیەکیش خستومانەتەوە یادیان و، ئێستا وەڵامێکی دروستیان بە ئێمە نەداوەتەوە، بڕیار وابوو لە کۆبوونەوەی داهاتوودا وەڵامان بداتەوە، بەڵام وەڵامیان نەدایەوە و، حەز دەکەم کە هەمووتان بزانن وەزعی ئەندامە بەڕێزەکانمان کە بێ جێگەن وەزعێکی زۆر خراپەمان هەیە، لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەمنیشەوە، جا بۆیە داوا دەکەین کە پەلە بکرێت لە جێبەجێ کردنی ئەم کارە، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوەتەی ئەنجومەن دامەزراوە ئەم موشکلەیە هەر هەیە وزۆر لەبرادەران بێ رێ وشوێنن، بەس ئەو

بابەتە وەکو خۆتان دەزانن ئیشەکە ئاسان نییە و، ئێمە ئیشمان تیا کردووە و، دوو سێ ڕێگاچارەمان پێشکەش کراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی برێکی باش لەو خانوانە بتوانین بەپێی یاسا چۆڵ کەین، بێجگە لەوەی ئەوانەی کە لەو خانووانەن سەر بەهێز وبەگەورەکانن، بەشێکیان نایانەوێت چۆڵی کەن، یان بەشێکیان وا بەئاسانی چۆڵی ناکەن، بەڵام بەشێکی زۆریان فەرمانبەرن کە بەپێی عقودی ڕەسمی تیادان وبە پێی یاسا ناتوانین پێیانی چوڵ کەین، لەوانەیە نزیکەی (٦٠تا ٦٥) خانوو کەوا چۆڵ دەبێت لە ڕووی یاسایەوە ئەتوانین ئیجرائات وەرگرین ئەمە وەڵامەکەمانە، وەکو وتم باوەڕ ناکەم کەمتەرخەمی لە ئەنجوومەنی وەزیراندا، یان لە پارێزگاری هەولێر، یا لە هەر دەزگایەکی تری هەرێمی کوردستاندا هەبێت، لەبەر ئەوەی کە بابەتەکە پەیوەندیی بەباری خۆمانەوە هەیە و، شاراوە نییە حەز دەکەم پێشکەشی ئەو بەڕێزانەی بکەم کە ئەندامی پەرلەمانن، یا ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیرانن و، تا ئێستاش ڕێ وشوێن وجێگایان نییە و، تەحەمولی ئەو وەزعەشیان کردووە بەس مادام تائێستا تەحەمولیان کردووە حەقە تۆزێکی کەش تەحەموول کەن انشاءالله هەوڵ دەدەین کە مەسەلەکە بە زووترین کات چارەسەر کەین، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز د. ڕۆژ ئێستا باسی کرد کە گوایە هەنگاوێکی وا دراوە کە نزیکەی (٦٠) خانوویەک چۆڵ بکرێت، بە بۆچوونی ئێمە وەکو لیژنە کە لەناو ئیشەکە بووین، هەرئیستسنائێک لەو خانووانەدا بکرێت، واتە بڕیارەکە جێبەجێ ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری قسەکانی بەڕێز کاک یونس دەکەم، یا لیژنەکە نەتانکردبانایەتە لیژنە، یان ئەگەر کردوتانن بە لیژنە ئەبێت ڕەچاوی ئەو بڕیارە، یان ئەو بۆچوونانەی ئێمەش وەکو لیژنەی پەرلەمان و لەگەڵ پارێزگاری هەولێر و نوێنەری هەموو حزبەکان و، ئێمەش ئیستسنای یەک خانوومان بۆ بکرێت، پێمواپە خەلەلێک دەکەوێتەوە سەرانسەری بڕیارەکەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستە بە عەمەلی هەر ئیستسنائێک بکرێت هەڵئەوەشێتەوە، نزیکەی(٦٠) خانووە کە تەحدید کراوە چۆڵ بکرێن ئەبێت چۆڵ بکرێت ، ئەگەر یەکێکی مایەوە کێشەکەمان سەر لەنوێ بۆ تازە دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی (١٠٦) خانووە، بەڕێز د.ڕۆژ ئەفەرموێ (٦٠)، ئێمە کە ئەڵێین ئیستسنای تیادا نەبێت،

واتە لە (١٠٥) خانووەکە هەر ئیستسنایەک هەبێت، بە بۆچوونی ئێمە خەلەل پەیدا ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆچوونمان لێرە جیاوازە، هەندێ مەسائلی یاسایی هەیە دەبێت خۆتان بڕیاری لەسەر بدەن و، بیکەن بە بڕیاری پەرلەمان بڵێن: ئەبێت ئەم (١٠٦) خانووە هەمووی چۆڵ بکرێت، ئەگینا هەندێ لەوانە لەو خانووانە بەپێی عەقدی یاسای و بەپێی حەقی خۆی ئەم فەرمانبەرە چووە و تیادا دانیشتووە ئەو فەرمانبەرە چووە عەقدی کردووە لەگەڵ حکومەتی ئەو کاتە و، بەپێی ئەو عەقدو ئەو یاسایە مافی خۆیەتی کە لە خانووەکەدا بمێنێتەوە و، ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا بەو چاوە سەیرمان کردووە، کە لەوانەیە بتوانن ئەوانەی کە بێ عەقدن و تیایدا دانیشتون دەریان کەین و، ئەوانەی کە لە دوای راپەڕینەوە چوون و تیادا دانیشتون عەقدیانیش هەبێت دەتوانین دەریان کەین و، ئەوانەی لە زانکۆ دەوام دەکەن، ئەوانەی تیا ئەبن، ئەوانەی فەرمانگەکانیش کە خانووی تریان هەیە و، عەقدیان هەیە ئەبێ فەرمانگەکانیان بۆیان دابین بکەن و، ئەوانەشی کە خانوویان هەیە و زەویان هەیە ئەبێ چۆڵی بکەن، بەڵام ئەوانی ترکە حەقی خۆیانە بەپێی یاسا ئێمە حەقمان نییە کە دەریان کەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ بەدوادا چوونی بڕیارەکە، بڕیارەکەی ئەنجوومەن ئاشکرا بوو، کاتی خۆی بۆ پشتگیری کردن لەپێشنیاری حکومەت بوو و، بۆ ئەوە بوو کە ئەبێ ئەو خانووانە چۆڵ بکرێن و، دابەش بکرێن بەسەر ئەندامانی پەرلەمان وئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانداو، هەر لە بنەڕەتیشەوە ئەم خانووانە بۆ ئەم دوو دەزگایە کراوە، لەبەر ئەوە ئەوانی کە تێدان ئێستاکە هیچ بەڵگەیەکی یاسایان بەدەستەوە نییە، ئەگەر پێشتریش کەسانێک لەو خانووانەدا بوون، بەڵام پاش دەرچوونی بڕیاری ئەنجوومەن ئیتر هیچ پاساوێک بۆ مانەوەیان لەو خانووانەدا نامێنێ.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران بیرمان لەوە کردۆتەوە کە ئەو خانووانەی کە ئێستا چۆڵ دەکرێت، دەبێت دابەش کرێتە سەر ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە ماڵیان لە دەرەوەی هەولێرە و، ئێستا لە ئوتێلەکاندا نیشتەجێن، دەبێت ئەوانە لەپێش هەموو کەسێکی ترەوە خانوویان بە بەرکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە لاریمان لەسەر ئەوە نییە، ئێمە دەڵێین با کێشەی نیشتەجێ کردنی ئەندامانی هەردوو ئەنجوومەن چارەسەر بکەین، پاشان ئەو خانووانەی کە دەمێنێتەوە دابەشی سەر فەرمانبەرانی

هەردوو ئەنجوومەنی بکەن وئەوە شتێکی زۆر باشیشە و، ئەندامە بەرێزەکانیش هەمان بۆچوونیان هەیە و، تەنها بەرهەڵستی لەوە دەکەن کە خەڵکێکی تر لە دەرەوەی هەردوو ئەنجوومەندا ئەو خانووانەیان داگیر کردووە، ئەگەر شتێکی ترتان نییە لەسەر ئەم بابەتە، دەچینە سەر پرسیاری دووەم.

بەرێز کاک شەوکەت پرسیارێکی ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی کردووە و، دەپرسێ ئایا چ ئاگاداریەک لەو ڕێککەوتننامەکە لە نێوان کۆمپانیا ئەهلیەکانی عێراقی وتورکیا بۆ گۆڕینەوەی گازوایل بە موادی خۆراکی کراوە لە ڕێگەی زاخۆوە یەکسەر بۆ موسل هەیە؟، واتا خۆراک ئەدەن بەرامبەر ئەوەی کە گازوایل بەهەمان شاحینە ئەبەنەوە بۆ تورکیا، حکومەتی عێراقیش هەر لیترێکی بە «١٥٠» فلس دەیانداتێ، کە ئەوە بۆتە هۆی هەرزانی خۆراک لە موسڵ و بەرزبوونەوەی نرخی لە کوردستاندا، کاک شەوکەت داوای ڕوونکردنەوە دەکات، ئەگەر بەرێز د. ڕۆژ لاری نەبێت و ڕوونکردنەوەیەکمان لەو بارەیەوە پێشکەش بکات.

**بەرێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جارێ پێش هەمموو شتێک هەموومان ئەزانین گرنگی گومرک چەندە بۆ هەرێمی کوردستان، شاراوە نییە کە تاکە داهاتمانە وبە گومرکەوە ئەتوانین ئیشوکارەکانمان بەربن بەڕێوە و، ئەو گومرکەش بەهۆی شاحیناتەوەیە کە لە ڕێگەی تورکیاوە دێن ئەچنە عێراق نەک لە تورکیاوە بێتە کوردستان، واتە ئێمە گومرکی ترانزێتشیان لێ وەرگرین و، ئەم تێپەڕبوونی شاحینانەش تەنها بە ئارەزووی ئێمە نییە ، بەڵکو بە ئارەزووی وڵاتە هاوپەیمانەکان وتورکیایە و، پەیوەندیی بە وەزعی تایبەتی ناوچەکەشەوە هەیە و، تێپەڕ بوونی ئەم شاحینانە بەرژەوەنی کوردستانی تیادایە، ڕاستە ئازووقە بۆ موسڵ دەبەن ولە موسڵیشەوە گازوایل دێنن، جگە لەوەی کە لەو ئازووقەیە گومرک وەردەگیرێت بڕێکیشی لە دێتە خوارەوە و، هەروەها ئەو گازوایلەش کە دەڕوات بۆ تورکیا گومرکی لێ دەسێنین، سوپاس.

**بەرێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاسا ئیشوکاری زۆرە ، لەبەر ئەوەی هەمموو ڕۆژێک کۆبوونەوەمان هەیە، لیژنەی یاسا ئەو ڕۆژە لە کاتژمێر (٥)ی ئێوارە بڕیارمان دا کە لێرە کۆببینەوە، بەڵام کە هاتین هەمموو ژوورەکان داخرابوون و، پاش ماوەیەکی زۆر کە لێرە ڕاوەستاین ناچار گەڕاینەوە وکۆبوونەوەمان نەکرد، هیوام وایە کە ئەم شتە دووبارە نەبێتەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەگەڵ بەرێزان جێگر و سکرتێری ئەنجوومەن ڕێککەون، بۆ ئەوەی پێش ئامادە بوونی لیژنەکان هۆڵ و ژوورەکانیان بۆ ئامادە بکرێت و، لە دەستەی سەرۆکایەتیدا بەرنامەیەک ئامادە بکرێت، بۆ

ئەوەی ئەندامی لیژنەکانیش بزانن کە پاش نیوەڕۆ کۆبوونەوەیان هەیە و، انشاء الله دوای دانیشتنی ئەمڕۆمان ئەم مەسەلەیە چارەسەر دەکەین.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کەوا دەرماڵەی ئەندامانی پەرلەمان پێش چاو بخرێت، چونکە زۆربەی ئەندامە بەڕێزەکانمان هاتووچۆ دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەوەکو تەنها ئەندامە بەڕێزەکان پێویستیان بە خەرجی هەیە، بەڵکو لیژنەکانیشمان پێویستیان بە خەرجی هەیە، لە گەڵ هەردوو فراکسیۆندا دادەنیشین بۆ ئەوەی شتێک لەو بارەیەوە ئامادە کەین بۆ دانیشتنی سبەینێ و پاشان بەر چاوی ئێوەی بەڕێزی دەخەین، بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەن.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی ڕۆژ کورت بووە، حەز دەکەین کەوا سەعاتێک زووتر بێین بۆ ئێرە و، دانیشتنەکانمان لە کاتژمێر (٩) دەست پێبکات لە جیاتی کاتژمێر(١٠)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەوە بەدەستی ئێوەی بەڕێزە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە زۆربەی ئەندامە بەڕێزەکان لە شەقڵاوە و سەلاحەدینەوە دێن لەوانەیە تۆزێک بۆیان زەحمەت بێت، بەراستی ئێمە پێمان باش نییە کە هەموو ڕۆژێک کاتی بەستنی دانیشتنەکانمان بە جۆرێک بێت، کەیفی خۆتانیشە، چۆنی بەباش دەزانن با وابێت، ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی هیچ لاریمان لەوە نییە، کە کاتەکە بگۆڕدرێت، بەڵام ئێوە خۆتان بە زۆربەی دەنگ بڕیاری کاتژمێری(١٠)تان دا.

هیچ شتێکی ترمان نەماوەو، بەم شێوەیەش دێینە کۆتایی دانیشتنی ئەمڕۆمان و، سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٣٩)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ٦/١٠/١٩٩٢

كات ژمێر(١٢)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ٦/١٠/١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا وسكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا دانیشتنی (٣٩)ی خولی ئاسایی یەكەمی ساڵی ١٩٩٢ی بەست. سەرەتا لە لایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێندرا و، پاشان بەڕێز سەرۆكی ئەنجوونی نیشتمانیی و سكرتێری ئەنجوومەن ڕادەی یاسایی دانیشتنەكەیان چەسپاند. ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان دانیشتنەكەی بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.

بەرنامەی كار:

١ـ گفتوگۆ كردن لەسەر مەسەلەی قەدەغە كردنی پیشەی پارە گۆڕینەوە لە فەرمانبەرانی هەرێم.

٢ـ گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی موازەنە.

٣ـ گفتوگۆ كردن لەسەر خانووەكانی هەردوو ئەنجوومەن.

٤ـ تازە بابەت:

أـ گفتوگۆ كردن لەسەر شەڕی P.K.K.

ب ـ هەمواركردنی بەیانی بڕیاری فیدراڵی بۆ كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ببورن كۆبوونەوەكەمان دوو سەعات دواكەوت، ئەویش بەبۆنەی كۆنگرەی مامۆستایان حەزمان دەكرد یەكێك بڕوات نوێنەرایەتیمان بكات، بەڵام لەسەر داواكاری هەردوو فراكسیۆن چووین بۆ ئەوێ پیرۆزباییان لێ بكەین.

دێینە سەر بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

با دەرماڵە و كێشەی خانوو هەردووكی بكرێتە یەك خاڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئێمە دوو تێبینیمان هەیە حەز دەكەین پێتانی ڕابگەیەنین دەربارەی ئەو بڕیارەی كە سەبارەت بە مەسەلەی فیدراڵیزم دامان، وكردمان بە بڕیارێك. هەروەها پێویستە بڕیارێكی تر بدەین

دەربارەی دەسەڵاتی ئەو لایەنانەی کە پەیوەندییان بە مەرکەزەوە هەیە، ئێستاکە پەیوەندیمان لەگەڵ مەرکەزدا نییە بە پێی ئەوەی کە دەوڵەتێکی فیدراڵین، ئەبێ دەسەڵات بدرێت بە هەرێمی کوردستان کە ئەو دەسەڵاتانە بەکار بێنێت، بەڕێز سکرتێری ئەنجومەن پرۆژەیەکی ئامادە کردووە، وابزانم رای لیژنەی یاساش وەرگیراوە و دەیخوێنینەوە، هەرچی هەموار کردنێکشی پێویست بوو ئەیخەینە سەری، ئەگەر لە لایەن لیژنەی یاساو ئێوەی بەڕێزیشەوە پەسەندکرا ئەو کاتە ئەیکەین بە بڕیار، ئەمە ئەخەینە پرۆگرامی ئەمڕۆمانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بڕیارە بخرێتە پرۆگرامی ئەمڕۆوە؟ ..دەست بەرز کرایەوە..

کێ لەدژە؟ کەس، کەواتە بەزۆری دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازە بدرێت بابەتێکمان هەیە دەیخەینە سەر پرۆگرامی ئەمڕۆمانەوە، ئەویش سەبارەت بە جەژنی برا یەزیدیەکانە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ پێشنیارەکەی بەڕێز ئەیادین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مەسەلەی جەژنی برا ئێزدیەکان بخرێتە بەرنامەی ئەمڕۆمانەوە؟ با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ لە دژە؟ کەواتە بە زۆری دەنگ پەسەند کرا.

بابێینەوە سەر خاڵەکانی بەرنامەکەمان، بڕیارێک کاتی خۆی پێشنیار کرا کە کێشەی هەندێک فەرمانبەر هەیە لە هەندێ فەرمانگەی دەوڵەتدا، کە لە مەسەلەی ئاڵوگۆڕی پارە، چ راستەوخۆ چ ناراستەوخۆ کاردەکەن، ئێستا پرۆژەیەک ئامادە کراوە پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە و، لیژنەی یاسا بڕیارەکەی ئامادە کردووە وەکو پێشنیارێک، با بفەرموون بۆمانی بخوێننەوە.

کۆمەڵێک برووسکەو نامەمان بۆ هاتووە بەبۆنەی بڕیاردانتان لەسەر فیدرالیزم. پێش هەموویان لەلایەن بەڕێزان (کاک مەسعوود)و (مام جەلال) بەدەست وخەتی خۆیان و بە ئیمزای خۆیان برووسکەیەکی ناسکیان ناردووە و، ئێمەش بە ناوی ئێوەوە سوپاسیانمان کرد و، هەوڵ ئەدەین لە رۆژنامە و لە تەلەفزیۆن بەناوی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان سوپاسی هەموو لایەک بکەین.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەندێ هەمواری بڕیارەکەمان کردووە، ئەندامە بەڕێزەکان با لەلای خۆیان دەسکاری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

(قرار)

أستنادا الى الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني للكردستان العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس ما يلي:

١- يمنع منعا باتا موظفي الدوائر و المؤسسات التجارية والموظفين العاملين في المجال المالي والحسابي في دوائر أقليم كوردستان العراق من التعامل بتجارة ألاوراق النقدية الوطنية او الاجنبية مباشرة او بالواسطة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینەیەک هەیە لەسەر خالی یەکەم؟.

**بەڕێز د. فائەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە، کە گفتوگۆی ئەو بڕیارانە دیاری بکرێ بۆ یاسایەکان و بۆ سەرۆکی کتلەکان، ئەو ئەندامانەی کە رایان هەیە لەسەر بڕیارەکە پێشکەشی سەرۆکی کتلەی خۆیانی بکەن، یاساکانی ناو ئەنجوومەن گفتوگۆ بکەن، چونکە بەم شێوەیە کاتەکەش بە فیڕۆناچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چەند جارێک ئێمە ئەوتێبینیەمان پیشان داوە، بەڵام لە میانی ئسوولی گفتوگۆی ناو ئەنجوومەن نالێم رێنمای، چونکە رێنمای وشەیەکی گرانە بەکاری بهێنین لە ناو پەرلەمان، بەڵام لەمەو پاش دامان ناوە کە لە پێشەکیدا لەگەڵ هەردوو کتلە دابنیشین لە دەستەی سەرۆکایەتی و رای هەندێ پسپۆڕی ناو ئەنجوومەن لە هەندێ بابەتی ئیداری وەرگرین و، لەگەڵ لیژنەی یاسا دادەنیشین تا بەگوێرەی پێڕەوی ناوخۆ رێکیدەخەین، ئێمەش لە دەستەی سەرۆکایەتیدا هەمان بۆچوونمان هەیە، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین هەموو بڕیارێک، یان هەموو یاسایەک بە باشترین شێوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە (مباشرة أو بالواسطة) بە رای من ببێت بە (بصورة مباشرة أو غير مباشرة)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ رێزماندا بۆ تێبییەکەی بەڕێز ئازاد، دەقەکەی ئێمە هیچ کەموکوڕیی نییە، زۆریش لەیەک جیاوازن، (مباشرة) واتە کەسەکە خۆی بیکات، (بالواسطة) واتای وایە کە کابرایەک پارەی هەبێت یەکێک دەلالی بێت بۆی بگۆڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر هیچ تێبینیتان نییە، با بیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە دەقەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟. با دەست بەرز کاتەوە ..دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ بە زۆری دەنگ برگە (١)پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

فقرة (٢): (يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة كل موظف خالف أحكام الفقرة (١) من هذا القرار).

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێکم هەیە، ئایا بۆ(حدي الاعلى)یان دیاری نەکردووە بۆ حوکمەکە؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(حد أعلى)لێرە مادام ماوەی (حبس) لە (٥)ساڵ کەمترە، واتە (سجن) لە(٥) ساڵ زیاترە تا (مؤبد)، بەڵام حەبس لە (٥) ساڵ کەمترە، لەبەرئەوە حەدەکەمان بۆ دانەناوە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە برگەی «٢»(يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة وبغرامة لاتقل عن الفي دينار كل موظف خالف أحكام الفقرة (١)من هذا ألقرار)، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە غەرامەمان دانەناوە (يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة ) تەنیا حەبسمان داناوە، چونکە زۆر جار دێ کە غەرامەش دادەنێین، هەموو جار دادوەرەکان غەرامەکە جێبەجێ دەکەن، حەبسەکە ناکەن، ئەوجا حەبس و غەرامە ویستمان هەردووکی بەیەکەوە جێبەجێ بکرێت، لەبەرئەوە حەبسەکەمان داناوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم بەس غەرامە بێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من ئێمە تەنها (موظف) ئەڵێین،دەبێ سەرافینی لێ جیا بکرێتەوە (يعاقب بالحبس مدة لاتقل من سنة كل من خالف الاحكام الواردة ذكرها في الفقرة (١)أو يستثني الصرافين المجازين منها)، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وای لێ دەزانم شەش مانگ بێت نەک ساڵێک، چونکە ساڵێک زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ لیژنەی یاسای نیم کە دەڵێ (حجر وحبس) بێت، غەرامە نەبێت، چونکە لەوانەیە مامەڵەکە بگاتە (١٠٠) هەزار دینار و زیاتریش، کابرا حازرە بۆ ئەوەی بچێت ساڵێک لە حەبسخانە بخەوێت، لەبەرئەوە غەرامەکەی لەگەڵ بێت باشترە با (الحبس و الغرامة) بەیەکەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم پێشنیارەی کە کرا بۆ ئەوەی تەسەرف نەکرێت لەلایەن فەرمانبەرانەوە بە پارەی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زیاتر مەبەست لەوەیە و، بڕیارەکە روونە جا گفتوگۆ کردنی تەواو بوو، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ با دەست بەرزکاتەوە..دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

فقرة (٣): (يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة أشهر كل من عمل أو سهم أو شجع علي تداول عملة وطنية باقل من قيمتها ألقانونية)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە راستیدا زۆر لامان ناخۆشە، بڕیارێک لە پەرلەمان دەربچێت دوایی جێبەجێش نەکرێت، ئەمە پێویستی بەهەندێک ئیجرائات هەیە، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، ئایا ئەوە کار دەکاتە سەر وەزعی بازاڕ، هەرچەندە ئەمە کاری وەزارەتی داراییە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێموایە ئەگەر ئەوە پەسەند بکرێت دەبێتەوە جاری دووەم، پەرلەمان ئەو بڕیارە دەربهێنێ بڵێ پارەی موستەنسەخ لە بازاڕدا وەربگیرێ بەپێی ئەوەی کە پارەکی نیشتمانییە، پێموایە پەندێک هەیە دەڵێ (اذا أردت أن تطاع فأمر بما يستطاع) ئێمەش هەرچی دەربهێنین کەس بەقسەمان نەکات، بە رای من ئەو مادەیە هەڵبوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیار و لێکۆڵینەوەمان هەیە، حەز دەکەین راگەیاندن ئەمە تۆمار نەکەن و، بە نهێنی بێ.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

کاتی خۆی کە پەرلەمان بڕیارەکەی دەرکرد بڕیارەکە (منع)ی تیادا بوو، بەڵام (عقوبە)ی تیادا نەبوو، ئێمە لێرە بە دەقێکی یاسای (عقوبە)مان داناوە ئەمەیە جیاوازیەکەی، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵڵا حـەیدەری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پرسیارێکم هەیە، ئایا تووانای جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە هەیە، چونکە ئەوە کاری کردوەتە سەر بازاڕیش و، پارەی ئەسلی و عادیش دەبێتە یەک نرخ، سوپاس.

**بەڕێز عـومـەر سـەید عـەلی حـسـێن:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من پێموایە غەرامە دابنرێ نەک حەبس، لەبەرئەوەی تووانای حەبس کردنمان کەمە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد فـتـاح ڕەشـید مـیران:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بە ڕای من ئەم مادەیە (يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة أشهر كل من شجع) ئەم دارشتنەی کە هاتووە هەموو کەسێک ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حـازم ئەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

سەبارەت بەو بڕگەیە تێبینیەکم هەیە، ئەم بڕیارە تایبەتە بە فەرمانبەرانی فەرمانگەی ئابووری و دەزگا بازرگانیەکان، دەبێ بڕیارێکی تایبەت بۆ ئەو مەسەلەیە دەرکەین، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا هادی خـضـر کـوێخـا:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

پشتگیری لە ڕایەکەی بەڕێز کاک سەعید دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئێمە وەکو دەوڵەت ناتوانین مەوادی خۆراک و ئەو شتانە خۆمان دابەش بکەین، ئەو پارەیەش وەربگرین تاوەک مامەڵەی پێ بکرێت، لەبەرئەوە من لاموایە تەنها پارەی ئیستنساخیشی لێ ئیستسناء بکرێت، پارە ئەسلیەکان بڕیارێکی لەسەر بدرێت، سەبارەت بەدیناری (٢٥) کە پێی دەڵێن بەتانی حەقە بەیانێکی بۆ دەربچێت، چونکە پارەی ئەسلییە، سوپاس.

**بەڕێز کـەمـال ئیـبـراهیم فـەرەج شـاڵی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من پرسیارەکەم ئەوەیە کە دەڵێ(يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة أشهر لكل من شجع أو

ساهم أو عمل) ، ئایا ئەمە هەمان حوکم دەگرێتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تـۆمـــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ئێمە کە یاسایەک دەردەکەین، ئەگەر جێبەجێ نەکرا، بانگی وەزیری ناوخۆ دەکەین پێی دەڵێین بۆ ئەمە جێبەجێ نەکراوە، پرسیاری لێ دەکەین و، گفتوگۆی لەسەر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێزحـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ئەو پارەیە کە دەستی بەسەردا دەگیرێت غەرامەی نییە، بەڵام ئێمە پێمانوایە پتر (رادیع) بێت بۆ ئەوەی میللەتەکەمان بحەسێتەوە ومامەڵەی پێ بکرێت، هەربۆیە توندین لەسەری، ئێمە دەزانین غەرامە باشترە لە حەبس، بەڵام خەڵکەکە لەحەبس زیاتر دەترسێت، کاک حەمید دەڵێ هەموو کەسێک لەو یاسایە ناگات، مادەیەک لە یاساکەدا هەیە دەڵێ: (جهل بە قانون جائز) نییە تەنها بۆ کەسێکی بیانی بێتە وڵاتی ئێمە بۆ ماوەی (٧) رۆژ بە مەرجێک ئەو کارەی لێرە دەیکات مەشروعی بێت لە وڵاتی خۆیدا، کاک حازم دەڵێ ئەم بڕیارە بۆ فەرمانبەرانی داراییە بەس، ئەو بڕیارەی ئێستا خەڵک دەگرێتەوە، بڕیارەکەی پێشوو بڕگەیەک ئەوانەی لە حسابات ئیش دەکەن دەگرێتەوە، بەڵام خەڵکی تریش هەیە کە مامەڵە بەوپارەیە دەکەن، دەمانەوێت لە هەمان بڕیاردا بیبەستینەوە،مەلا محەمەد ئەمین دەڵێ: پارەی نەقدی پێنجی ودەیی دراو دەکرێ عقووبەی بۆ دابنرێت، بەڵام ئیستنساخ جێبەجێ کردنی زەحمەتە، پارەی عێراقی بەنیسبەت ئێمە متداولە کە دەڵێ پارەی عێراقی هەموو پارەیەک دەگرێتەوە، ناتوانین ئیستسنائی یەکێکیان بکەین، پارەیەکی عێراقی بە یاسا شەرعیەتی بدرێتێ کە خۆشی قیمەتی کەمترە ئیمکان نییە ئەوە بکرێت.

بەڕێز کاک کەمال شالی دەڵێ: (کل من عمل أو ساهم أوشجع)سێ ئیشی جیاوازن لەیەک، ئایا ئەم بڕیارە هەرسێکیان دەگرێتەوە.کەچی ئیشەکانیان جیاوازە؟، بەڵێ ئیشەکانیان جیاوازە، بەڵام یەک ئاکامی هەیە، ئەویش مامەڵەکردنی خراپە بە پارە، بۆیە یەک سزا دەدرێن، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

ئەو بڕیارەی ئەنجوومەن کە لە رۆژنامەی ئەنجوومەن بڵاوکراوە، تەنها پارەی ئیستنساخی تێدایە، ئەندامان ویستیان ئەوە پارەی ئیستنساخ نەگرێتەوە، کەچی بڕیاری ئێمە کە لە رۆژنامەی ئەنجوومەن بڵاوکراوەتەوە (استنساخ)ی تێدایە و روونە، ئەنجوومەن خۆی بڕیاری داوە دەبێ وەرگیرێ ئەمەیەک، خاڵی دووەم:دەبینین لە بەغدا پارەی ئیستنساخ دەڕوات دەچێت لە ئوردون شت دەیەنێت سەرف دەکرێت، تەنها پارەی عێراقی هاتۆتە خوارێ، ئێمە ئەگەر بەو شێوەیە بڕۆین، لەوانەیە لە بڕیاری یەکەمدا سەرکەوتوو نەبین، بەڵام لە دواڕۆژدا سەرکەوتوو دەبین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بڕیارەکە دەخەینەوە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم بڕگەیە وەک خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەک خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو نوسخەیەی کە دابەش کراوە بڕگەی (٤)ی تێدا نییە کە دەڵێ:( تصادر الاوراق النقدية المتعامل بها في حالة التلبس و تسجل ايردا نهائيا للخزينة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕوون کردنەوەیەک لەلایەن بەڕێز سکرتێرەوە هەیە لەسەر ئەم خاڵە کە دەڵێ:(تصادر الاوراق النقدية والمتعامل بها في حالة التلبس بجريمة مخالفة لاحكام هذا القرار، وتسجل ايرادا نهائيا للخزينة).

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم دەقەکە زۆر ڕوونە، چونکە پێش ئەوە ڕوون کراوەتەوە و دەڵێ :(تصادر الاوراق النقدية المتعامل بها) ئەمە سەرەتاکەی پێ تەواو دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەکی تر هەیە؟.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حاڵەتێکدا کە ئەگەر یەکێک لە مەبلەغە مامەڵە پێکراوەکان ئامادە بێت، ئەوی بەرامبەری هێشتا نەهاتبێت لەو حاڵەتە چۆن دەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (تلبس) واتا کاتێ کە جەریمەکە ڕوودەدات دەبێت لای بێت، (متلبسا بالجريمة)، واتا لەوکاتەدا کە پارەکە لە ناو دەستی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ با دەست بەرزکاتەوە..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

فقرة (٥): (لايعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القرار)، سوپاس.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٩)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٦/١٠/١٩٩٢

***کات ژمێر(١٢)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٦/١٠/١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا وسکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا دانیشتنی (٣٩)ی خولی ئاسایی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ی بەست. سەرەتا لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێندرا و، پاشان بەڕێز سەرۆکی ئەنجوونی نیشتمانیی و سکرتێری ئەنجوومەن رادەی یاسایی دانیشتنەکەیان چەسپاند. ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دانیشتنەکەی بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ گفتوگۆ کردن لەسەر مەسەلەی قەدەغە کردنی پیشەی پارە گۆڕینەوە لە فەرمانبەرانی هەرێم.***

***٢ـ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی موازەنە.***

***٣ـ گفتوگۆ کردن لەسەر خانووەکانی هەردوو ئەنجوومەن.***

***٤ـ تازە بابەت:***

***أـ گفتوگۆ کردن لەسەر شەڕی P.K.K.***

***ب ـ هەموارکردنی بەیانی بڕیاری فیدراڵی بۆ کوردستان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ببورن کۆبوونەوەکەمان دوو سەعات دواکەوت، ئەویش بەبۆنەی کۆنگرەی مامۆستایان حەزمان دەکرد یەکێک بڕوات نوێنەرایەتیمان بکات، بەڵام لەسەر داواکاری هەردوو فراکسیۆن چووین بۆ ئەوێ پیرۆزباییان لێ بکەین.

دێینە سەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با دەرماڵە و کێشەی خانوو هەردووکی بکرێتە یەک خاڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە دوو تێبینیمان هەیە حەز دەکەین پێتانی ڕابگەیەنین دەربارەی ئەو بڕیارەی کە سەبارەت بە مەسەلەی فیدراڵیزم دامان، وکردمان بە بڕیارێک. هەروەها پێویستە بڕیارێکی تر بدەین

دەربارەی دەسەڵاتی ئەو لایەنانەی کە پەیوەندییان بە مەرکەزەوە هەیە، ئێستاکە پەیوەندیمان لەگەڵ مەرکەزدا نییە بە پێی ئەوەی کە دەوڵەتێکی فیدراڵین، ئەبێ دەسەڵات بدرێت بە هەرێمی کوردستان کە ئەو دەسەڵاتانە بەکار بێنێت، بەڕێز سکرتێری ئەنجوومەن پڕۆژەیەکی ئامادە کردووە، وابزانم رای لیژنەی یاساش وەرگیراوە و دەیخوێنینەوە، هەرچی هەموار کردنێکشی پێویست بوو ئەیخەینە سەری، ئەگەر لە لایەن لیژنەی یاساو ئێوەی بەڕێزیشەوە پەسەندکرا ئەو کاتە ئەیکەین بە بڕیار، ئەمە ئەخەینە پڕۆگرامی ئەمڕۆمانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بڕیارە بخرێتە پڕۆگرامی ئەمڕۆوە؟ ..دەست بەرز کرایەوە..

کێ لەدژە؟ کەس، کەواتە بەزۆری دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئیجازە بدرێت بابەتێکمان هەیە دەیخەینە سەر پڕۆگرامی ئەمڕۆمانەوە، ئەویش سەبارەت بە جەژنی برا یەزیدیەکانە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمەش لەگەڵ پێشنیارەکەی بەڕێز ئەیادین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مەسەلەی جەژنی برا ئیزدیەکان بخرێتە بەرنامەی ئەمڕۆمانەوە؟ با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ لە دژە؟ کەواتە بە زۆری دەنگ پەسەند کرا.

بابێینەوە سەر خاڵەکانی بەرنامەکەمان، بڕیارێک کاتی خۆی پێشنیار کرا کە کێشەی هەندێک فەرمانبەر هەیە لە هەندێ فەرمانگەی دەوڵەتدا، کە لە مەسەلەی ئاڵوگۆڕی پارە، چ ڕاستەوخۆ چ ناراستەوخۆ کاردەکەن، ئێستا پڕۆژەیەک ئامادە کراوە پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە و، لیژنەی یاسا بڕیارەکەی ئامادە کردووە وەکو پێشنیارێک، با بفەرموون بۆمانی بخوێننەوە.

کۆمەڵێک برووسکەو نامەمان بۆ هاتووە بەبۆنەی بڕیاردانتان لەسەر فیدرالیزم. پێش هەموویان لەلایەن بەڕێزان (کاک مەسعوود)و (مام جەلال) بەدەست وخەتی خۆیان و بە ئیمزای خۆیان برووسکەیەکی ناسکیان ناردووە و، ئێمەش بە ناوی ئێوەوە سوپاسیانمان کرد و، هەوڵ ئەدەین لە ڕۆژنامە و لە تەلەفزیۆن بەناوی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان سوپاسی هەموو لایەک بکەین.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە هەندێ هەمواری بڕیارەکەمان کردووە، ئەندامە بەڕێزەکان با لەلای خۆیان دەسکاری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

(قرار)

أستنادا الى الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني للكردستان العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس ما يلي :

١- يمنع منعا باتا موظفي الدوائر و المؤسسات التجارية والموظفين العاملين في المجال المالي والحسابي في دوائر أقليم كوردستان العراق من التعامل بتجارة ألاوراق النقدية الوطنية او الاجنبية مباشرة او بالواسطة.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

چ تێبینەیەک هەیە لەسەر خاڵی یەکەم؟.

**بەڕێز د. فـــائەق مـــحـــەمـــەد گـــوڵپی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من پێشنیارێکم هەیە، کە گفتوگۆی ئەو بڕیارانە دیاری بکرێ بۆ یاسایەکان و بۆ سەرۆکی کتلەکان، ئەو ئەندامانەی کە رایان هەیە لەسەر بڕیارەکە پێشکەشی سەرۆکی کتلەی خۆیانی بکەن، یاساکانی ناو ئەنجوومەن گفتوگۆ بکەن، چونکە بەم شێوەیە کاتەکەش بە فیڕۆناچێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

چەند جارێک ئێمە ئەوتێبینیەمان پیشان داوە، بەڵام لە میانی ئسوولی گفتوگۆی ناو ئەنجوومەن ناڵێم رێنمای، چونکە رێنمای وشەیەکی گرانە بەکاری بهێنین لە ناو پەرلەمان، بەڵام لەمەو پاش دامان ناوە کە لە پێشەکیدا لەگەڵ هەردوو کتلە دابنیشین لە دەستەی سەرۆکایەتی و رای هەندێ پسپۆری ناو ئەنجوومەن لە هەندێ بابەتی ئیداری وەرگرین و، لەگەڵ لیژنەی یاساش دادەنیشین تا بەگوێرەی پێڕەوی ناوخۆ رێکیدەخەین، ئێمەش لە دەستەی سەرۆکایەتیدا هەمان بۆچوونمان هەیە، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین هەموو بڕیارێک، یان هەموو یاسایەک بە باشترین شێوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز ئازاد رەشـــیـــد مـــیـــران:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

سەبارەت بە (مباشرة أو بالواسطة) بە رای من ببێت بە (بصورة مباشرة أو غير مباشرة)، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەگەڵ رێزماندا بۆ تێبینیەکەی بەڕێز ئازاد، دەقەکەی ئێمە هیچ کەموکوڕیی نییە، زۆریش لەیەک جیاوازن، (مباشرة ) واتە کەسەکە خۆی بیکات، (بالواسطة) واتای وایە کە کابرایەک پارەی هەبێت یەکێک دەلاڵی بێت بۆی بگۆڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هیچ تێبینیتان نییە، با بیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە دەقەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟. با دەست بەرز کاتەوە ..دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ بە زۆری دەنگ برگە (١)پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

فقرة (٢): (يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة كل موظف خالف أحكام الفقرة (١) من هذا القرار).

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە، ئایا بۆ(حدي الاعلى)یان دیاری نەکردووە بۆ حوکمەکە؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(حد أعلى)لێرە مادام ماوەی (حبس) لە (٥)ساڵ کەمترە، واتە (سجن) لە(٥) ساڵ زیاترە تا (مؤبد)، بەڵام حەبس لە (٥) ساڵ کەمترە، لەبەرئەوە حەدەکەمان بۆ دانەناوە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگەی «٢»(يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة وبغرامة لاتقل عن الفي دينار كل موظف خالف أحكام الفقرة (١)من هذا ألقرار)، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە غەرامەمان دانەناوە (يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة ) تەنیا حەبسمان داناوە، چونکە زۆر جار دێ کە غەرامەش دادەنێین، هەموو جار دادوەرەکان غەرامەکە جێبەجێ دەکەن، حەبسەکە ناکەن، ئەوجا حەبس و غەرامە ویستمان هەردووکی بەیەکەوە جێبەجێ بکرێت، لەبەرئەوە حەبسەکەمان داناوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بەس غەرامە بێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئێمە تەنها (موظف) ئەڵێین،دەبێ سەڕافینی لێ جیا بکرێتەوە (يعاقب بالحبس مدة لاتقل من سنة كل من خالف الاحكام الواردة ذكرها في الفقرة (١)أو يستثني الصرافين المجازين منها)، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خـــالـیـــد عـــەزیز:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

من وای لێ دەزانم شەش مانگ بێت نەک ساڵێک، چونکە ساڵێک زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز محـەمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

من لەگەڵ لیژنەی یاسای نیم کە دەڵێ (حجر وحبس) بێت، غەرامە نەبێت، چونکە لەوانەیە مامەڵەکە بگاتە (١٠٠) هەزار دینار و زیاتریش، کابرا حازرە بۆ ئەوەی بچێت ساڵێک لە حەبسخانە بخەوێت، لەبەرئەوە غەرامەکەی لەگەڵ بێت باشترە با (الحبس و الغرامة) بەیەکەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

ئەم پێشنیارەی کە کرا بۆ ئەوەی تەسەرف نەکرێت لەلایەن فەرمانبەرانەوە بە پارەی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زیاتر مەبەست لەوەیە و، بڕیارەکە روونە جا گفتوگۆ کردنی تەواو بوو، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ با دەست بەرزکاتەوە..دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـیـــد:**

فقرة (٣): (يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة أشهر كل من عمل أو سهم أو شجع علي تداول عملة وطنية باقل من قيمتها ألقانونية)، سوپاس.

**بەڕێز عـەدنـان مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

لە راستیدا زۆر لامان ناخۆشە، بڕیارێک لە پەرلەمان دەربچێت دوایی جێبەجێش نەکرێت، ئەمە پێویستی بەهەندێک ئیجرائات هەیە، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، ئایا ئەوە کار دەکاتە سەر وەزعی بازاڕ، هەرچەندە ئەمە کاری وەزارەتی داراییە، سوپاس.

**بەڕێز محـەمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

پێموایە ئەگەر ئەوە پەسەند بکرێت دەبێتەوە جاری دووەم، پەرلەمان ئەو بڕیارە دەربهێنێ بڵێ پارەی موستەنسەخ لە بازاڕدا وەربگیرێ بەپێی ئەوەی کە پارەکی نیشتمانییە، پێموایە پەندێک هەیە دەڵێ (اذا أردت أن تطاع فأمر بما يستطاع) ئێمەش هەرچی دەربهێنین کەس بەقسەمان ناکات، بە رای من ئەو مادەیە هەڵبوەشێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

پرسیار و لێکۆڵینەوەمان هەیە، حەز دەکەین راگەیاندن ئەمە تۆمار نەکەن و، بە نهێنی بێ.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

کاتی خۆی کە پەرلەمان بڕیارەکەی دەرکرد بڕیارەکە (منع)ی تیادا بوو، بەڵام (عقوبە)ی تیادا نەبوو، ئێمە لێرە بە دەقێکی یاسای (عقوبە)مان داناوە ئەمەیە جیاوازیەکەی، سوپاس.

**بەڕێز شـێروان ناسح عـەبدوڵڵا حـەیدەری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

پرسیارێکم هەیە، ئایا توانای جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە هەیە، چونکە ئەوە کاری کردوەتە سەر بازاڕیش و، پارەی ئەسلی و عادیش دەبێتە یەک نرخ، سوپاس.

**بەڕێز عـومـەر سـەید عـەلی حـسـێن:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

من پێموایە غەرامە دابنرێ نەک حەبس، لەبەرئەوەی توانای حەبس کردنمان کەمە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد فـتـاح رەشـیـد مـیـران:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

بە رای من ئەم مادەیە (یعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة أشهر کل من شجع) ئەم دارشتنەی کە هاتووە هەموو کەسێک ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حـازم ئەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

سەبارەت بەو بڕگەیە تێبینیەکم هەیە، ئەم بڕیارە تایبەتە بە فەرمانبەرانی فەرمانگەی ئابووری و دەزگا بازرگانیەکان، دەبێ بڕیارێکی تایبەت بۆ ئەو مەسەلەیە دەرکەین، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا هادی خـضـر کـوێخـا:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

پشتگیری لە رایەکەی بەڕێز کاک سەعید دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

ئێمە وەکو دەوڵەت ناتوانین مەوادی خۆراک و ئەو شتانە خۆمان دابەش بکەین، ئەو پارەیەش وەربگرین تاوەک مامەڵەی پێ بکرێت، لەبەرئەوە من لاموایە تەنها پارەی ئیستنساخیشی لێ ئیستسناء بکرێت، پارە ئەسلیەکان بڕیارێکی لەسەر بدرێت، سەبارەت بەدیناری(٢٥)کە پێی دەڵێن بەتانی حەقە بەیانێکی بۆ دەربچێت، چونکە پارەی ئەسلییە، سوپاس.

**بەڕێز کـەمـال ئیـبـراهیم فـەرەج شـالی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

من پرسیارەکەم ئەوەیە کە دەڵێ(یعاقب بالحبس مدة لاتقل عن ستة أشهر لکل من شجع أو

ساهم أو عمل) ، ئایا ئەمە هەمان حوکم دەگرێتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تۆمــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

ئێمە کە یاسایەک دەردەکەین، ئەگەر جێبەجێ نەکرا، بانگی وەزیری ناوخۆ دەکەین پێی دەڵێین بۆ ئەمە جێبەجێ نەکراوە، پرسیاری لێ دەکەین و، گفتوگۆی لەسەر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێزحـــــەســـــەن عـــــەبدولـکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

ئەو پارەیە کە دەستی بەسەردا دەگیرێت غەرامەی نییە، بەڵام ئێمە پێمانوایە پتر (رادیع) بێت بۆ ئەوەی میللەتەکەمان بحەسێتەوە ومامەڵەی پێ بکرێت، هەربۆیە توندین لەسەری، ئێمە دەزانین غەرامە باشترە لە حەبس، بەڵام خەڵکەکە لەحەبس زیاتر دەترسێت، کاک حەمید دەڵێ هەموو کەسێک لەو یاسایە ناگات، مادەیەک لە یاساکەدا هەیە دەڵێ: (جهل به قانون جائز) نییە تەنها بۆ کەسێکی بیانی بێتە وڵاتی ئێمە بۆ ماوەی (٧) رۆژ بە مەرجێک ئەو کارەی لێرە دەیکات مەشروعی بێت لە وڵاتی خۆیدا، کاک حازم دەڵێ ئەم بڕیارە بۆ فەرمانبەرانی داراییە بەس، ئەو بڕیارەی ئێستا خەڵک دەگرێتەوە، بڕیارەکەی پێشوو بڕگەیەک ئەوانەی لە حسابات ئیش دەکەن دەگرێتەوە، بەڵام خەڵکی تریش هەیە کە مامەڵە بەوپارەیە دەکەن، دەمانەوێت لە هەمان بڕیاردا بیبەستینەوە،مەلا محەمەد ئەمین دەڵێ: پارەی نەقدی پێنجی ودەیی دراو دەکرێ عقووبەی بۆ دابنرێت، بەڵام ئیستنساخ جێبەجێ کردنی زەحمەتە، پارەی عێراقی بەنیسبەت ئێمە متداولە کە دەڵێ پارەی عێراقی هەموو پارەیەک دەگرێتەوە، ناتوانین ئیستسنائی یەکێکیان بکەین، پارەیەکی عێراقی بە یاسا شەرعیەتی بدرێتێ کە خۆشی قیمەتی کەمترە ئیمکان نییە ئەوە بکرێت.

بەڕێز کاک کەمال شالی دەڵێ: (کل من عمل أو ساهم أوشجع)سێ ئیشی جیاوازن لەیەک، ئایا ئەم بڕیارە هەرسێکیان دەگرێتەوە.کەچی ئیشەکانیان جیاوازە؟، بەڵێ ئیشەکانیان جیاوازە، بەڵام یەک ئاکامی هەیە، ئەویش مامەڵەکردنی خراپە بە پارە، بۆیە یەک سزا دەدرێن، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـشـــبـــەندیی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

ئەو بڕیارەی ئەنجوومەن کە لە رۆژنامەی ئەنجوومەن بڵاوکراوە، تەنها پارەی ئیستنساخی تێدایە، ئەندامان ویستیان ئەوە پارەی ئیستنساخ نەگرێتەوە، کەچی بڕیاری ئێمە کە لە رۆژنامەی ئەنجوومەن بڵاوکراوەتەوە (استنساخ)ی تێدایە و روونە، ئەنجوومەن خۆی بڕیاری داوە دەبێ وەرگیرێ ئەمەیەک، خاڵی دووەم:دەبینین لە بەغدا پارەی ئیستنساخ دەروات دەچێت لە ئوردون شت دەیەنێت سەرف دەکرێت، تەنها پارەی عێراقی هاتۆتە خوارێ، ئێمە ئەگەر بەو شێوەیە بڕۆین، لەوانەیە لە بڕیاری یەکەمدا سەرکەوتوو نەبین، بەڵام لە دواڕۆژدا سەرکەوتوو دەبین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بڕیارەکە دەخەینەوە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم بڕگەیە وەک خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەک خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو نوسخەیەی کە دابەش کراوە بڕگەی (٤)ی تێدا نییە کە دەڵی:( تصادر الاوراق النقدية المتعامل بها في حالة التلبس و تسجل ايردا نهائيا للخزينة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روون کردنەوەیەک لەلایەن بەڕێز سکرتێرەوە هەیە لەسەر ئەم خاڵە کە دەڵێ:(تصادر الاوراق النقدية والمتعامل بها في حالة التلبس بجريمة مخالفة لاحكام هذا القرار، وتسجل ايرادا نهائيا للخزينة).

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم دەقەکە زۆر روونە، چونکە پێش ئەوە روون کراوەتەوە و دەڵێ :(تصادر الاوراق النقدية المتعامل بها) ئەمە سەرەتاکەی پێ تەواو دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەکی تر هەیە؟.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حاڵەتێکدا کە ئەگەر یەکێک لە مەبلەغە مامەڵە پێکراوەکان ئامادە بێت، ئەوی بەرامبەری هێشتا نەهاتبێت لەو حاڵەتە چۆن دەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (تلبس) واتا کاتێ کە جەریمەکە روودەدات دەبێت لای بێت، (متلبسا بالجريمة)، واتا لەوکاتەدا کە پارەکە لە ناو دەستی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ با دەست بەرزکاتەوە..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

فقرة (٥): (لايعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القرار)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم دەقە؟ ئێمە تێبینیەکمان هەیە، ئێمە بڕیارێکمان هەیە لە ١٩٩٢/٨/١١ وەرمان گرتووە، بڕیاری ژمارە (٦) ئایا ئەمە ناکۆک نابێ لەگەڵ ئەم بڕگەیە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر ئەم بڕیارە تەواو کەری بڕیاری ژمارە(٦)ە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بڕگەیە وەک خۆی بمێنێتەوە؟ با دەست بەرزکاتەوە..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

فقرة (٦):( يعتبر هذا القرار نافذا من تأريخ تصديقة واصدارة من قبل المجلس الوطني الكوردستاني).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگەی(٦) با وای لێ بێت:(يعتبر هذا القرار نافذا من تأريخ تصديقه من قبل المجلس الوطني الكوردستاني واصداره).

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەمە خراپ نییە، چونکە دەبێت پەسەند بکرێت، پاشان (اصدار)بکرێت، پێش (تصديق اصدار) نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(تصديقه من قبل المجلس الوطني الكوردستاني واصداره).

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چ بڕیارێک لە راگەیاندنەکاندا بڵاو بکرێتەوە (نافذ المفعول) دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکم هەیە بەنیسبەت تەسدیق جیا بکرێتەوە، من نابینم لە شوێنێکا یەک لایەن ئیسدار بکات و تەسدیق بکات، داوا لە ئەندامانی لیژنەی یاسا دەکەم ئەم بابەتەمان بۆشی بکەنەوە، چونکە من سەرم سوڕماوە چۆن خۆمان ئیسداری دەکەین چۆن خۆمانیش تەسدیقی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە دەبێت لایەنی تەسدیق جیاواز بێت لەگەڵ لایەنی ئیسدار، بەڵام کەی بڕیارەکە دەرچوو ئەوکاتە جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر یاسایەک بلاو نەکرێتەوە ومیللەت نەزانێ چۆن جێبەجێ دەکرێ!، بەڵام وەک خۆتان دەزانن ئێمە تا ئێستا دەزگای راگەیاندنی رەسمیان نەبووە، هەر لەبەر ئەوە وامان داناوە کە لە بەرواری تەسدیق کردنیەوە ئیسدار دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام ئێمە رۆژنامەی ئەنجومەنمان هەیە، من پێشنیار دەکەم کە رۆژانە، ئەگەر دوولاپەڕەش بێت هەر بڕیارێک هەرشتەک دەردەچێت بە ناوی ئەنجومەن چاپ بکرێت وبلاوبکرێتەوە، پاشان لەناو ژمارەیەکی تایبەتی کۆبکرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵک ئاگادار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیوادارم لە بواری چاپ کردن دا ئەو توانایەمان هەبێت .

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی خۆیەتی ئەنجومەن رۆژنامەیەکی رەسمی هەبێت،با هەفتەی جارێک دەرچێت و هەموو یاساکانی تیادا کۆدەکرێتەوە وبلاو دەکرێت بۆ خەڵک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو پێشنیارێک (يعتبر هذا القرار نافذا من تأريخ تصديقه من قبل المجلس الوطني الكوردستاني ونشره في جريدة المجلس).

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم دەزگاکانی راگەیاندن مەرج نییە تەنها رۆژنامە بێت، ئەگەر مادەکە رای لێ بێت(يعتبر هذا القرار نافذا من تأريخ تصديقه وأقراره من قبل المجلس الوطني الكوردستاني ونشره في وسائل ألاعلام المتوفرة، اذاعة والتلفزيون )جیاوازییان چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان بلاوکردنی یاسا جیاوازی زۆرە لەگەڵ بلاوکردنی مزایەدە و شت فرۆشتن، یاسا جێبەجێ دەکرێ لەسەر خەڵک، خەڵکی پێ ئیعدام دەکرێت و خەڵکی پێ تەبرئە دەکرێت، دەبێت

ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی موقەرر هەبێت لێی بلاوبکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باکۆتایی بەم بابەتە بهێنین، پێشنیارێکمان هەیە دەڵێ: (يعتبر هذا القانون نافذا من تأريخ تصديقه من قبل المجلس الوطني الكوردستاني وأصداره ونشره في ال«ئەنجوومەن») ئەنجوومەنیش ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی نییە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم هەموو ڕۆژانی پێنج شەممە بەلای کەمی دەربچێت، چونکە ڕۆژی شەممە و، تا چوارشەممەش کۆبوونەوەمان هەیە و ڕۆژ پێنج شەممەش ڕۆژنامەی ئەنجوومەن دەربچێت و، هەموو ئەو بڕیارانەی کە داومانە تیایدا چاپ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینیەکم هەیە لەسەر ڕۆژنامەی ئەنجوومەن، تاوەکو ئێستا نەبۆتە ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی، چونکە بڕیاری لەسەر نەدراوە لە ناو پەرلەماندا و، ئەگەر هاتوو بە ڕەسمی چەند بڕگەیەک هەیە ئێمە دەبێت ئەو شتانە بچەسپێنین و، ئەو ڕۆژانە دیاری بکرێت کە لە نێوان چەند ڕۆژ جارێک ئەو ڕۆژنامەیە دەردەچێت، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ جێبەجێ کردنی یاساکە سێ خاڵمان پێویستە: (١ـ تصديق ٢ـ أصدار ٣ـ نفاذ)، نابێت یاسا لە سەر ئەو سێ خاڵە چاوەڕوان بێت و، پاشان جێبەجێ بکرێت، خاڵی هەرە گرنگی (نشره)لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا مەبەستیش لە ئیشەکەدا ئەوەیە جەهل بە یاسا نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەحاڵەتێکی یاساییدا هەیە، مەسەلەی (نشر) واتای ئەوەیە کە خەڵک ئاگاداری ئەو یاسایە بێت وپابەندی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە ڕۆژنامەیەکمان هەیە پێی دەڵێین: (ئەنجوومەن) تا ئێستا بڕیارەکانی لێ دەرچووە، کاتی خۆی بڕیارێکمان هەبوو بۆ ئەوەی ڕۆژنامەی ئەنجوومەن دەربچێت، ئێستاش دەتوانین بڕیارێکی لەسەر دەرکەین.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەگەر بە بڕیارێک ڕۆژنامەی (ئەنجوومەن) ببێتە ڕەسمی باوەڕکەم ئیتر دەقەکە پێویستی بە (يعتبر هذا القرار نافذا من تأريخ نشره) ناکات، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، هەر بڕیارێک پەسەند دەکرێت بڵاودەکرێتەوە.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
فقرة (٧): (على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار).
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
کێ لەگەڵ ئەودایە کە بڕگەی (٧) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ با دەست بەرزکاتەوە..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆری دەنگ پەسەندکرا.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
فقرة (٨): ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
کێ لەگەڵ دەقی بڕگە(٨)دایە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ بەزۆری دەنگ پەسەندکرا. ئێستا بڕیارەکە بە گشتی دەخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵ هەموو بڕیارەکەدایە؟ با دەست بەرزکاتەوە..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆری دەنگ بڕیارەکە پەسەند کرا.
پێشنیارێکیش هەیە لەلایەن لیژنەی یاساوە کە دەڵێ پێویستە بڕیارێک بەم شێوەیە بدرێ (يعتبر جريدة ال« ئەنجوومەن» الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان العراق منذ صدور عددها الاول).
**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسا، ئایا-ئەگەر وەزارەتی داد ڕۆژنامەی (وقائع)ی ڕەسمی دەرکرد تێکەڵاوی لە دەسەڵاتدا پەیدا نابێت؟، سوپاس.
**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
دەبێ روون بکرێتەوە کە چی تیادا بڵاو دەکرێتەوە، بڕیارە ، یاسایە، ڕێورەسمە، دەبێت بەوە ڕانەوەستین کە ئەنجوومەن ڕۆژنامەیەک دەربهێنێت، چونکە ڕۆژنامەی (وقائع)ی عێراقی دیار بوو کە تیادا بڵاو دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبێ حکومەت ڕۆژنامەیەکی رەسمی دەربکات لەبەر ئەوەیشی کە هەتا ئێستا وەزارەتی داد شتێکی وەهای دەرنەکردووە و، ئێمەش پێویستمان بە بڵاوکراوەیەکی رەسمییە بۆ ئەم یاسایانەی کە دەری دەکەین، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی رەسمی بگاتە خەڵکی، ئێمە ئەمەمان کردووە جا هەر کاتێک وەزارەتی داد هەستا بەم ئیشە زۆر بەئاسانی دەتوانین لە دانیشتنێکدا بڕیار بدەین کە ئەمە هەڵبوەشێتەوە.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەر بابەتی ناوەکە تێبینیم هەیە، پاش بڕیاردانی فیدرالیەت بۆکوردستان ناوی ئەنجوومەن بگۆڕدرێت، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من ناوی(ئەنجوومەن) پڕ بە پێستی ڕۆژنامەکە نییە، پێشنیار دەکەم کە ناوی ڕۆژنامەکە بکرێتە (پەرلەمان)، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی زۆر ئەنجوومەنی تر هەیە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا و، تێکەڵچوون ڕوونەدات ئەبێت بووترێت (ئەنجوومەن الصادرة من المجلس الوطني الكردستاني)، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەممەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە:

١ـ دیاری بکرێت کە چەند ڕۆژ جارێک ڕۆژنامەکە دەربچێت و، هەفتانە بێت، یا مانگانە بێت؟.

٢ـ ژمارەی سفر لە بیرکاری گرنگی خۆی هەیە، پێویستە پێش ئەوەی ژمارە یەک دەربچێت ژمارە سفر دەربچێت، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادام ئەوە لەدەسەڵاتی حکومەتدایە، دەبێت لە وەزارەتی داد داوا بکرێت کە ڕۆژنامەیەک دەربکەن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەممەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باناوی، یا ئەنجوومەن بێت، یان پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د. فـــایەق مـــحـــەمـــەد گـــوڵپی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێوە باسـتان کرد کە رۆژنامەیەکی رەسمیمان هەیە، بەڵام خۆی گۆڤارە، جا نازانم ئەوە ناکۆکی ناکات، یان دوایی ئەیگۆڕن، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

شێوەکەی گرنگ نییە، ناڵێین گۆڤار ئەڵێین رۆژنامە و، ئەبێ شتێکمان هەبێت بڕیار و یاساکانی خۆمانی تیادا بڵاو بکەینەوە.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەبارەت بە ناوی رۆژنامەکە، منیش لەگەڵ ناوی (پەرلەمان)م، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ناوی رۆژنامەکە بکەینە (پەرلەمان) با دەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ رۆژنامەکە ناونرا(پەرلەمان).

**بەڕێز حـــسـێـن عـــارف عـــەبدولڕەحـــمـــان:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دەبێ چارەسـەری ژمـارە یەک بکەین، چونکە ئێـسـتـا ناونرا پەرلـەمـان و، ئەوانەی لە رۆژنامـەی ئەنجومەن بڵاو کراوەتەوە بە بڵاو کراو بژمێردرێ، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

با لیژنەی یاسا بڕیارێکمان بۆ دابڕێژنەوە و، بۆ دانیشتنی ئایینده ئامادەی کەن.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەبارەت بە دەسبەسەرا گرتنی ملکوماڵی ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان بە رژێمی بەغداوە هەیە، دەقێکمان بەعەرەبی نووسیوە، لەگەڵ دەقە کوردییەکەدا جیاوازی هەیە، ویستمان ئەو تێبینیە بخەینە بەرچاوی سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی تێبینی ئەوە بکات، ئەو کەسەی کە دەقەکان وەردەگێڕێت دەبێت زۆر وردبێت، دەزانین کە لیژنەی یاسا ئەمەی نەکردووە لە ئیشەکانی خۆیدا، چونکە ئێستا لە دادگاکاندا دووبەرەکی دروست بووە، کەسی وا هەیە هەرگیز وەکالەت وەرناگرێت، چونکە ئەوان هەڵوەشاندنەوەیان بەکارهێناوە ئێمە بەعەرەبییەکەی (أیقاف تەجمیدمان ) بەکارهێناوە، سوپاس.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح عـــەبدوڵڵا حـــەیدەری:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

مادام ناوەکەی گۆڕا و، بوو بە پەرلەمان پێشنیاری ئەوە دەکەم لە ژمارە دوودا بڕیارەکانی ژمارە یەکی تیادا بڵاوبکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
لیژنەی یاسا کە هەر دەقێک بە عەرەبی دەردەکەن، کاتێ کە دیدەنە وەرگێڕان با خۆیان سەرپەرشتی بکەن بۆ ئەوەی هەڵەی تیادا نەبێت وئیلتباسی تیا روونەدات.
خاڵێکی تر موازەنەی هەرێمی کوردستانە، جا لەبەرئەوەی کە بەڕێز وەزیری دارایی ئامادە نەبووە، ئەم خاڵە دوا دەخەین بۆ دانیشتنی سبەینێ.
حەز دەکەم برووسکەکەی بەڕێزان(کاک مەسعود و مام جەلال)تان بۆ بخوێنینەوە کە لە بەرواری ٤/١٠/١٩٩٢ئاراستەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانیان کردوە و دەڵێ:

## بۆ / سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان

**سڵاوێکی برایانە...**

**پیرۆزبایی لەگەلی کوردستان دەکەین، بەبۆنەی ئەو بڕیارە مێژوویەی دەرتان کرد سەبارەت بە هەڵگرتنی دروشمی (فیدراڵی) کە بوو بە دروشمی ناوەندیی بزووتنەوەی رزگاریی خوازیی گەلی کوردستان لە عێراقدا، دەستکەوتێکی زۆر گەورەیەو، بەرهەمی خوێنی شەهیدانە، بەناوی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و هەموو پێشمەرگە و ئەندام و جەماوەریان و بەناوی خۆمانەوە، پشتیوانی ئەم بڕیارە دەکەین و، بەهەموو هێزو توانەیەکمانەوە هەوڵی بۆ ئەدەین، داواکارین لە گەلی کوردستان جەژن بکرێ بەم بۆنە مێژووییەوە.**

**ئیمزا**

**مەسعوود بارزانی　　　　　　جەلال تاڵەبانی**

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بڕیار بوو ئەمڕۆ وەزیری کشتوکاڵ لێرە ئامادە بێت، پێش ماوەیەک باسی کێشەی پەین وگەنمان کردبوو، ئەوەش شتێکی بەپەلەیە حەق وایە بخرێتە بەرنامەی سبەینێوە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ ئاگادار کراوەتەوە کە لێرە ئامادە بێت، بەڵام لەبەر نالەباری تەندروستی ئامادە نەبووە، بەڵام بریکاری وەزارەت ئێستا ئامادەیە، باشە ئەم خاڵەش گفتوگۆکەی دەخەینە سبەینێ، واتا سبەینێ دوو خاڵی سەرەکیمان هەیە، یەکەم موازەنە و، دووەم کشتوکاڵ.
با بزانین ئەندامانی لیژنەی خانووەکانی هەردوو ئەنجوومەن چییان کردووە؟ با بفەرموون.
**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەم مەسەلەیە وا دوو مانگە دواکەوتووە، ئێمە وەکو لیژنە چووین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ولەگەڵ

بەڕێز جێگری سەرۆک وەزیران قسەمان سەبارەت بەم خانووانە کرد، دوا بڕیاری ئەوان ئەوەیە کە ئەو خانووانە هەمووی دەبێت چۆڵ بکرێت و ئیستیسنای تێدا نییە، تەنها بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە لەپێش راپەڕینەکەوە تێیدان و، چاوەڕوانی دوا بڕیاری ئێوەین سەبارەت بەم بڕیارەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم خانووانە لە بناغەوە بۆ هەردوو ئەنجومەن دروست کراون، ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، واتە ئەم خانووانە خانووی خزمەت و خانووی ئیقامە و عەقدی درێژ خایەن نین، هەر کەسێک لەم خانووانەدایە دەبێت ئەو راستیە بزانێت، دەبێت ئەمە بڕیاری لەسەر بدەین.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە کاک یونس باسی کرد بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئێمە وەکو لیژنەکە بە بۆچوون خۆمان قەناعەتمان هەیە، ئەگەر ئیستسنائی تیادابێ بۆ ئەو فەرمانبەرانە، ئەوا ئەو پێشمەرگانەی کە (١٥ـ٢٠) ساڵە پێشمەرگەن بە هیچ شێوەیەک ئامادە نین بچنە دەرەوە، ئەو کێشەیەش رووبەرووی ئێمە دەبێتەوە وەکو لیژنە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەزدەکەم ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی زۆر بەکورتی باسی هەندێک گرفتی خۆیان بکەن و، باسی ئەو هۆیە بکەن کە داوای دەرماڵەیان بۆ کردوون، بە تایبەتی ئەو برادەرانەی کە لە دەرەوەی هەولێرەوە دێن، ئەوەیەک ، دووەم، بۆ دابەش کردنی خانووەکان کاک یونس دەقی نامەکەی نەخوێندەوە دیارە ئەنجومەنی وەزیران وا کاردەکات (الاقربون اولی بالمعروف)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە راستی بڕیار بڕیاری ئێوەیە، رێککەوتنێکی وا هەبوو کە نابێت کەس بچێتە ناو ئەو خانووانە، پاشان لیژنەکە ئەو خانووانە دابەش دەکات بەسەر خەڵکەکەدا.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەرەتاوە باسی ئەوەمان کرد کە چۆڵ کردنی ئەو خانووانە کارێکی ئاسان نییە و، ئەو فەرمانبەرانەی کە چوونە ئەو خانووانە دیارە لەکاتی خۆیدا لەسەر بنەما بووە، یەکێکیان مەحسوبیەت بووە، ئێستا بەئاسانی دەرناکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
لە رووی دەرماڵەوە من پێموایە کە باسمان کرد، چ پێویست ناکات گرفتی خۆیان باس بکەن، چونکە ئێمە لەگەڵیاندا دەژین و هاورێی ئێمەن و هەست بە گرفتەکانیان دەکەین، ئەو بابەتەش لە سەرۆکایەتیدا لەسەری رێککەوتوین ولە رێگای سەرۆک فراکسیۆنەکانەوە ئاگادارتان دەکەینەوە.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
من پێشنیار دەکەم ئەو ئەندامانەی کە لە دەرەوەی هەولێرن، هەر هەموویان بە راستی بێ تاقەتن ئەو تاقەتیەش لەوە نەهاتووە کە ئێمە لە ئەنجوومەن کاردەکەین، بەحەقیقەت ئێمە زۆر بەشەوقەوە کاردەکەین وئەرکەکانمان بەجێ دەهێنین وامان لێ هاتووە لە roomman نەیەت باسی بکەین، ئێستا هەرچی نەبێت ئەوەمان بۆ بکەن لەو ئۆتێلانە رزگارمان بکەن، ئەندام هەیە ماڵ و منداڵی هەیە و، منداڵەکانییان لە قوتابخانەدان و قوتابخانەیان لە دەست دەچێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
زۆر لە لێپرسراو هەیە کەوا سوورن کە دەرنەچن لە خانووەکان، جا ئەگەر ئەوان دەرنەچن خەڵکێکی تریش هەیە چاو لە ئەوان دەکات و دەرناچن، سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
پەرلەمان یەکەمین ئەزموونە لە ژیانی میللەتەکەماندا، ئێمە رۆژ بە رۆژ شتی تازە فێردەبین لە ئاکامی کاروباری خۆمان، ئەگەر لەدەرەوەش بووبین بە راستی ئەوە ندە تێبینی پەرلەمانی ترمان کردووە، بیرمان لەوە کردۆتەوە کە بەو زووانە ببینە خاوەنی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
من تێبینیەکی بچووکم هەیە لەسەر قسەی بەڕێز حەسەن حەمید کە خۆی دوێنێ لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانیی ئامادەبوو کە بەڕێزان کاک مەسعود و مام جەلال تاڵەبانی زۆر بە راشکاوی لەگەڵ هەموو لایەک قسەیان کرد و، گوتیان هیچ کەسێک نییە سەرپێچی لە بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات و، بۆ هیچ حزبێکیش نییە ببێتە

کۆسپ لە ڕێگای جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو برادەران پێشنیاریان کرد خەڵکی هەولێر خانوویان بۆ بگیرێ ئێمە نەک ئامادەین، ئامادەیین کە خزمەتی سێ برادەر بکەین لە ماڵی خۆماندا، تاوەکو خانوویان بۆ دەگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کاتی خۆی کە داوامان لێکرا بێینە لیستەی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە، بە ڕاستی زۆر شانازیمان دەکرد و زۆریشمان پێخۆش بوو، وامان دەزانی سەرلەنوێ لە دایک بووینە و، هیچ کاتێکیش بەتەمای ئەوە نەبووین کە پاداشتێکی مادیمان بدرێتێ بەو نیازە نەهاتووین، بەڵام ئێستا لەم وەزعە ناخۆشەدا دەژین و، ئەو دەرماڵەیەی کە وەری دەگرین ئەچێتە قورگی خاوەن چێشتخانە و ئۆتێلەکانەوە لەگەڵ تاکسیەکان ئەمە جگە لەوەی کە هەندێکمان ماڵ و منالی بەجێ هێشتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە دەستەی سەرۆکایەتیدا چەند جارێک باسمان کردووە کە مرۆڤ هەست بە جۆرە تاوانێک بەرامبەر بەم مەسەلەیە دەکات، ئەمڕۆ کۆمەڵێک کەس کە لە لایەن میللەتی کوردەوە هەڵبژێردراون و لە بەرزترین دەسەڵاتدان، من برووسکەکەی بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعوودم خوێندەوە و لە کۆبوونەوەشدا چەند جارێک جەختیان کردووەتە سەر ئەو بابەتە و چ گومانێک لەوەدا نییە کە پشتگیری لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکەن و بە هیچ شێوەیەک نابێت سستی لەم ئیشە دا بکرێت ، خۆزگە ئەم بابەتە پەیوەندیی بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە نەبوایە ، بەڵام ئێمە لە دوولاوە ئەو حەقەمان هەیە کە باسی بکەین و، بڕیاری لەسەربدەین.

١ـ ئەم خانووانە لە ئەسڵا بۆ ئەم دامودەزگایە دروست کراوە و، حەقێکی زۆر ئاساییە کە لەلایەن هەردوو دەزگاوە سوودیان لێ وەربگیرێ.

٢ـ هەموومان پێمان ناخۆشە ئەو خەڵکە لەجێگای خۆیان دەربکرێن، بەڵام بڕیارە، بڕیاریش پێویستە جێبەجێ بکرێ.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە ئەم بابەتە نەک پەیوەندیی هەبێت بە مەسەلەی نیشتەجێ کردنەوە، بەڵکو

پەیوەندیی هەیە بە بەرنامەی کاریشەوە، دەتوانین لەم دانیشتنەیەدا ئەم بابەتە باسی بکەین، یان کاتێکی تری بۆ تەرخان کەین، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا بەباش دەزانم کە سبەینێ باس بکرێت، بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وجێگری سەرۆک هەردووکیان ئامادە دەبن و ئەو بابەتەیان لەگەڵدا باس بکرێ و کۆتایی پێ بێنین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ چارەسەرکردنێکی کاتی داوا بکرێت لە هەفتەی داهاتوودا بەلای کەمیەوە (١٥) خانوو بدرێتە لیستی کەسک و (١٥) خانووش بدرێتە لیستی زەرد، بۆ ئەوەی وەکو هەنگاوی یەکەم هەوڵ بدرێت هەندێ لە گرفتەکانی ئەندامانی ئەنجومەن چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەو بڕیارە ئەنجوومەنی نیشتمانیی خۆی بیدات باشترە لەوەی هەموو جار گوێیان لێ بگرین هیچیش نەکەن، دووەمیش ئەو خانووانە بە یەکسانی دابەش بکرێت بە سەر ئەنداماندا و، لیژنەیەکی تایبەتی بە قورعە خانووەکان دابەش بکاتە لەسەر ناوەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی عەبدوڵڵا دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە زۆرمان پێ ناخۆشە کە ئاماژە بۆ ئەو بابەتە بکەین، بەلام ناچارین، ئەو دەرمالەیەی کە دەدرێتە ئەندامان تەنها بەشی خەرجی ڕێگاو ئوتێلیان ناکات، ئەی خەرجی ماڵ ومنداڵەکانمان چۆن بدەین؟ ئەوەیەک، دووەم: ئێمە ئەندامانی پەرلەمان وەک هەڤالانمان ناژمێردرێین، با دەرماڵەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی وئەنجوومەنی وەزیران وەکو یەکی لێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو بابەتەمان باس کردووە، پاشان لە ڕێگای فراکسیۆنەکانەوە ئاگادارتان دەکەینەوە.

**بەڕێز نەسرین مستەفا مزهر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم خانووانە بۆ (١٠٦)کەسە، مانای وایە هەولێریەکانیش خانوویان بەر دەکەوێت، ئێمە تاوەکو

ئێستا هیچ ئامارێکمان نەکردووە، تاوەکو بزانین کێ وەزعی خراپە وکێ وەزعی باشە، جا پێویستە ئەو ئەندامانەی کە وەزعیان خراپە لە پێشانا خانوویان بەرکەوێت و، ئەوانەشی کە وەزعیان باشترە پاشان بیان درێتێ، سوپاس.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەگەر بێت و خانوو بدرێتە ئەندامانی پەرلەمان ئەوە هەموو ئەندامەکان لە یەک شوێندا نیشتەجێ دەبن و، وەکو فەرمانبەریان لێ دێت و، هیچ ئاگاداریبیەکیان نابێت لەسەر بارو گوزەرانی خەڵکی ناوچەکانی خۆیان، جا دەبینین ئەندام پەرلەمانەکانی هەموو جیهان زۆربەی کاتەکەیان لە ناوچەکانی خۆیان بەسەر دەبەن و، نووسینگەی تایبەتیان هەیە بۆ وەرگرتنی را و پێشنیار و کێشەی خەڵک، جا با هەموو ئەندامەکان لە یەک جێدا کۆ نەکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە دەبێت ئەندامی پەرلەمان زۆرترین کات لەو جێگایە بێت کە لێی هەڵبژێردراوە، بەڵام باروگوزەرانی کوردستان ئێستا زۆر نالەبارە و ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ هاتووچۆ کردندا و نیشتەجێ بووندا کێشەیان هەیە، بۆیە دەبێت لە پێشان کێشەی جێگیربوونی ئەندامانی پەرلەمان چارەسەر بکەین.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ویستم خشتەیەکی کار دابنێم، من دەڵێم بۆ کاری عەمەلی ئێستای ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان هی هەردوو کتلەکە کێشەی ماڵ و منداڵیان هەیە، پێموایە لەهەردوو کتلەکە مەحدودن، دەبێت سەرژمێرییەک بکەین و بزانین کێ ئەم کێشەیەی هەیە، لێرە ئەتوانین ئەوکەسانەی کە کێشەی منداڵیان هەیە جێگەیان بکەنەوە لە چەند خانوویەکدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی خزمەتگوزاری هەیە، دەتوانن لەو لیژنەیەدا کێشەکانتان پێشکەش بکەن و، بیکەن بە پێشنیار وپێشکەشی پەرلەمانی بکەن، تاوەکو پەرلەمانیش بریاری لەسەر بدات.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو هەنگاوی یەکەم، با هەرکتلەیەک پازدە خانووی بۆ دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هەرچیتان هەیە دەبێت لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا کۆتایی پێ بهێنرێت و، ئێستاش سەبارەت بە بەیاننامەی فیدراڵی دووبڕیارمان هەیە کە دەیانخوێنینەوە:

(قرار)

أستنادا لأحكام الفقرة (٢) من المادة (٥٦) من قانون رقم (١)لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس الوطني للكوردستان العراق بجلسته المرقمة (٣٨)و المؤرخة في ٤/١٠/١٩٩٢.

١- أقرار بيان الاتحاد الفيدرالي المقدم من هيئة رئاسة المجلس الوطني للكردستان العراق بتأريخ ٤/١٠/١٩٩٢ بما تتضمنه من معطيات و وقائع تأريخية وسياسية وقانونية وأعتباره ديباجة لهذا القرار وسنده القانوني.

٢- تحديد العلاقة القانونية مع السلطة المركزية وأختيار مركز سياسي لأقليم كردستان العراق وشعبه انطلاقا من حقه في تقرير مصيره على أساس الاتحاد الفيدرالي ضمن عراق برلماني ديمقراطي متعدد الاحزاب ويحترم حقوق الانسان المعترف بها في عهود و مواثيق دولية.

٣- على مجلس وزراء أقليم كوردستان العراق تنفيذ هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەمە پرۆژەیەکە لەگەڵ ئەو بڕیارەی کە لە بەرواری ٤/١٠ دامان وەک پرۆژەیەک دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شاڵی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
کە باسمان کرد (في المرحلة الراهنة) تیادا بوو، سەبارەت بە دەقی (تقرير مصير)یش ئێمە یەکێتی فیدراڵین.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەوروڵی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئایا ناتوانین خاڵێکیش بۆ سنوور دیاری بکەین؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بڕیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ بڕیارەکەدایە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆری دەنگ پەسەند کرا.
لە ژێر رۆشنایی بڕیاری فیدراڵی دا هەندێ وەزارەتمان هەیە کە دەسەڵاتی نامێنێ، وەکو وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری وهەندێ مەسائیلی

دارایی، چونکە ئەو وەزارەتانە لە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیدا دەبن، ئێمە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە و بۆ ئەوەی کە شێوەیەکی یاسای بدەینە ئەم وەزارەتانەمان ئەم بڕیارەمان ئامادە کردووە، با بیخوێنینەوە:

(قرار)

أستنادا الى الفقرة (٧) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١)لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس مايلي: أستنادا لأحكام الفقرة (١) و (٢) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المرقمة (٣٨)و المؤرخة في ١٩٩٢/١٠/٦ مايلي:

١- تستمر السلطات المختصة في أقليم كوردستان العراق بممارسة صلاحيات السلطات الفيدرالية (الاتحادية)و تحل محلها في كل ماله علاقة بشؤون أقليم كوردستان لحين أقرار الحكومة المركزية بقرار المجلس الوطني لكورستان العراق المرقم (٢٢)في ١٩٩٢/١٠/٤ وأعترافها بالصلاحيات الدستورية لسلطات ألاقليم.

٢- على كافة وزارات الاقليم تنفيذ هذا القرار.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەمە چاکترین بڕیارە، چونکە دەستووری هەرێمی کوردستان هەموو دەسەڵاتێکی حوکمی نییە، هەندێکی مەرکەزییە دەردرێتە حکومەتی کوردستان ممارەسەی بکات، بەڵام وشەی (لحین) واتا چاوەڕوانی بکەین، وشەی (لعدم) جوانتر دێت، ئەگەر تەماشای بکەین، (لحین) واتا چاوەڕوانی حکومەتی عێراقین، باشتر وایە بڵێین: (لعدم أقراره)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە مەبەستمان سیستەمی فیدراڵیە کە حکومەتی مەرکەزیی ئەبێ بیکات، مەرج نییە ئەم حکومەتە، حکومەتی ئاییندە، (لحین)باشترە، چونکە (لعدم) ئەو کاتە دێتە (قطع)یە، ئێمە نامانەوێ (قطع)یە بکەین لەگەڵ مەرکەزدا.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لحین) بەڵکو حکومەت بەپەلە بێ لە وەرگرتنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو پرۆژەدایە با دەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆری دەنگ پەسەندکرا.

ئێستا دێینە سەر مەسەلەیەکی گرنگی تر کە پێویستە رای ئێوەشی لەسەر بێت.
بە رێککەوتن لەگەڵ هەردوو فراکسیۆنەکەدا هەندێ شتمان خستە سەر بەیانی (اتحادی فیدرالی) بۆ دەوڵەمەند کردنی نەوەک بۆ گۆڕانی هەندێک شت. ئێوەش ئاگادارین پێش ئەوەی دوا دارشتن بکرێت، لەلاپەرە (٢) لە دوای ناوی شێخ مەحمود وشەی(الخالد)مان بۆی زیاد کرد، لەلاپەرە (٣)لە دوا دێردا باسی شۆڕشی ١٩٦١دەکەین (فكانت ثورة قومية جسدت مطالب شعبنا و تطلعاته المشروعة متوجة ذلك بأتفاق في ١١ أذار ١٩٧٠ي التأريخي وأقرار الحكم الذاتي للشعب الكردي وتثبيته في الدستور المؤقت وأن لم تلتزم الحكومة العراقية بتنفيذ بنود الاتفاقية بما ينسجم و مصالح شعبنا وروح ذلك الاتفاق) ئەوە بۆ چەسپاندنی ئەو بەڵگەنامەیە، لە بەڵگەنامەیەکی مێژووییدا، لە لاپەرە (٥) لە خاڵەکانی (٤،٣،٢،١)مان کردووە، ئەو تەجاوزە زۆر گرنگانە باس کراون کە لە دژی گەلی کوردستان کراون، دەبێت وەکو بەڵگەنامەیەک، باسی کارەساتی کوردە فەیلیەکانیشیان لەگەڵدا بکرێ و بوترێ(ابعاد أكثر من ثلاثمائة الف من الكورد الفيليين الى خارج العراق خلال الفترة ١٩٧٠-١٩٨٨ والقاء القبض علي أكثر من (٧٥٠٠) من الشباب منهم وأخفاء أي أثر لهم).
لەلاپەڕ(٦) لە پەرەگرافی دووهەم : (لقد كان شعبنا يعبر عن صفاء نيته لقبول كل بادرة تحل للشعب مشكلته، والمأسي التي يتعرض لها، ومن ذلك مفاوضات ١٩٦٣ وبيان ٢٩ حزيران، ومفاوضات ١٩٨٤ والعديد من المحاولات الاخرى بهدف التوصل الى حل سلمي مع النظام).
لەلاپەرە (٧)( ولصيانة الوحدة الوطنية للعراق)کراوەتە(ولصيانة الوحدة الوطنية للعراق وتعزيزها وحفاظاً لعلاقات الاخاء التأريخي بين الشعبين العربي والكوردي وترسيخ صرحها).
ئەمەشمان بۆی زیاد کردووە(وأنسجاما مع القرار الذي أجمعت عليه المعارضة العراقية في ڤينا و كوردستان العراق والذي أكد فيه على مبدأ القانون الذي يقر للشعب الكردي حقه في تقرير مصيره) واتا ئەو بڕگەیەمان وەرگرتووە کە ( ضمان المصالح المشتركة للشعبين العربي والكوردي والحقوق القومية والثقافية والادارية للتركمان و الاشوريين وضمان مساواتهم في الحقوق والواجبات وأقرار ذلك دستوريا) ئەمەش پێویستە لەم بەڵگەنامە مێژووییەدا ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەمەش بۆ دەوڵەمەندکردنی بەیانەکەمان و، ئەم راپۆرتەش لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە هەڵسەنگێندراوە و بەڕێزان مام جەلال وکاک مەسعود یەکەم کەس بوون کە پیرۆزباییان لێ کردین.
بابەتێکی تریشمان هەیە، کە کێشەی (P.K.K)یە، ماوەیەکە خەریکین ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی باش چارەسەر بکەین، بەڕێز مام جەلال لێرە بە وردیی بۆ ئێوەی باس کرد، لەوبارەیەوە هیچ شتێکی ترمان نییە بیخەینە سەری،ئەوان( ١٠) رۆژ پێش ئێستا شەڕیان بە پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی لە ناوچەی زاخۆ فرۆشتووە و، بووەتە هۆی شەهید بوونی چەند

پێشمەرگەیەک و برینداربوونی چەندی تر، پێشمەرگەکانی بەرە ناچار بوون دەست بکەنەوە و ئەو ناوچانەیان لێ پاک بکەنەوە، هەروەها لە سەرانسەری سنووردا شەرفرۆشتنی ئەوان بەردەوامە وپێشمەرگەکانی بەرە ناچار دەکەن کە بەرگری لە خۆیان بکەن و، تا ئێستا بەداخەوە شەڕ بەردەوامە.

بەرەی کوردستانی دوێنێ بەتێکرای دەنگ بڕیارێکیان لەم بارەیەوە دا، یەکێک لەو بڕیارانە دەڵێ سەرۆکایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، پشتیوانی لە راگەیاندنی رۆژی ٤/١٠/١٩٩٢ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکات، دەربارەی جموجۆڵی نامەسئوولانەی چەکدارەکانی P.K.K لە ناوچەکانی سەر سنوور، هەروەها ئەو ئیجرائاتانەی لەم بارەیەوە دەیکات بۆ بەربەست کردنی جموجۆڵی زیان بەخشی P.K.K کە باری ئەمڕۆی کوردستان رەچاو ناکات، کە کوردستانی عێراق ئەمڕۆ خۆی لە بارودۆخێکی چارەنووس سازدایە، بەرەی کوردستانی بڕیارێکی تری داوە کە پشتگیری لە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان بکات لەو بارەیەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ٧/٢٥ کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی بەرەی کودستانی کرا، بەرەی کوردستانی دەسەڵاتی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانی داوە کە هەر هەنگاوێک بهاوێژێت بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی پێشووی بەرەی کوردستانی، چونکە بەرەی کوردستانی لە (١٠/١٤) ساڵی پاردا، هەندێ رێسای دانا بۆ خودی (ئاپۆ) کە P.K.K رەچاوی بکات، دوای ئەوە جارێکیتر ئاخر شت لە (٧/٢٥)ی ئەم ساڵ، بەرەی کوردستانی کاتێک کۆبوونەوە بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی، دەسەڵاتی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا، کە هەنگاو بیهاوێژن بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی بەرەی کوردستانی، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محمود فندی عبدوللا دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو بەڕێزت فەرمووت، شەڕ دەستی پێکرد بەداخەوە جێی کول وکوڤانە(انا لله وانا الیە راجعون)، بەراستی ئەمە کارەساتێکی گەورەیە بەسەر میللەتی کورددا لەم بارودۆخە ناسکەدا، بە رای من با ئەنجوومەنی نیشتمانیی و ئەنجوومەنی وەزیران و بەرەی کوردستانی و گشت پارتە سیاسیەکان با بە هەموو بە جیهان رابگەیەنن، کەوا کوردی باکوور هەموو هەوڵەکانی ئاشتی لەگەڵ P.K.K بەکار هێناوە ، بەڵام هیچ سوودی نەبووە و، کوردی باکوور هەرگیز شەڕی برا کوژی ناوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەسەلەی شەڕ ناخۆشە، گومان لەوەشدا نییە کە ئەوە زیاتر لە (٦ـ٧) مانگە لەبەرەی کوردستانییەوە هەتاکو دامەزراندنی حکومەت هەموو لایەکمان بە بەردەوام بە هەموو بروایەکمانەوە خەریکین ئەم شتە نەبێت، بەڵام دیارە ئەو باندە هەر سوورن لە سەر شەڕانگێزی خۆیان، بێگومان جوڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد لە کوردستانی تورکیادا ئازادن کە بە چ شێوەیەک خەبات دەکەن بابیکەن، بەڵام ئەگەر پێشان موبەڕڕێک هەبوو، ئێستا پاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێم هیچ موبەڕڕێک نییە، چونکە هیچ لایەنێک بۆی نییە لەسەر خاکی کوردستانی عێراق ملهوڕی خۆی بکات، چ ڕێکخراوەکە هی کوردستانی تورکیا بێت، یا کوردستانی ئێران بێت، یا سوریا بێت ،یا ڕێکخراوێکی سیاسی کوردستانی عێراقیش بێت، چونکە لێرە دوو سێ شتی زۆر گرنگ دێتە پێشەوە، مسداقیەت وجددیەت و دەسەڵاتی ئێمە بەوە وە بەندە کە ئێمە چەند دەتوانین لێرە کۆنترۆڵی سنوورەکان و ئەو جێگەیە بکەین کە ئێستا بە دەستمانەوەیە، ئەمە خاڵێکی زۆر زۆر گرنگە. بەڕێزان (مام جەلال و کاک مەسعود) بە دوور ودرێژی باسیان کرد و زۆر روون وئاشکرا بوو و پێوست ناکات تەئکیدی لەسەر بکەینەوە و، هەموو لایەکیشمان تەئکیدمان لەسەر ئەوە کرد موبارەکی ئەوەمان کرد، ئێمە لەو بروایەداین کە میللەتی کورد لە کوردستانی عێراق خۆی دەتوانێ تەقدیری ئەم زروفە بکات، ئەوە شتێکی (مبداء)ی و چەسپاوە، ماوە نادەین هیچ لایەنێک سەرپێچی لە بڕیارەکانی حکومەتی کوردستان بکات و، گێرەشێوێنیش لە هیچ گروپێکی سیاسی قبوڵ ناکەین.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من حەزدەکەم بۆ برادەران روونی بکەمەوە پێش ئێستا چووین دوو رۆژ لایP.K.K مابنەوە و، دوو رۆژ خەریکی برای عەبدوڵلا ئۆجەلان بووین هەرچی لە دڵی کورددا بوو پێمان گووت، لە دواییدا خۆیان وا دەردەکرد کە کوێخای هەموو کوردستانن و، هەموو حزبەکانی تریان پێ گێلە و پێیان کارتۆنییە، زۆرمان لەگەڵ وتن لە دواییدا من وتم کاک فەرهاد دڵت بەم منالانە بسووتێ، وتم ئەوەی بە ئێمە سپێردراوە لەلایەن حکومەتی کوردستان و هەردوو سەرکردایەتیی کاک مەسعود و مام جەلال ئێمە پرسمان پێیان کردو هاتووینە وئەمە دوایین وەرەقەیە بۆ ئێوە، کە چی ئەو هەر شەڕی هەڵبژارد، شەڕەکەش برواتان هەبێت خەتای ئەوانە خەڵک دەیان پرسی ئێوە پەرلەمانی کوردستان چۆن بڕیاری شەڕتان داوە، ئێمە سنووری خۆمان دەپارێزین دەوڵەتی کوردستان دەپارێزین، پێیان وت تورکیا ئێستا دەتوانێت بە (١٠)دەقیقە لێتان بدات، چونکە هێزێکی زۆری هێناوە نەسەری هەیە نەسنوور، وتم تەنها ئەمساڵ لەسەرمان بوەستێ ئێمە دوو شەو و دوو رۆژ خەریکی کاک فەرهاد بووین لە دوای دا ئەو هەر شەڕی هەڵبژارد، سوپاس.

**بەڕێز شـەوكـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـوومـەن.**

زۆر هەوڵ دەراوە كە ئەو شەڕە نەكرێ، بەلام ئێستا كە تووشی بووین، ئەوان لە كوردستاندا بارەگاو وشوێنیان هەیە، من پێشنیار دەكەم حكومەتی هەرێمی كوردستان بڕیار بدات بە گرتنی هەموو بارەگاكانیان وگرتنی هەموو ئەندامەكانیان، ئەوەش وەكو فشارێك بێت لەسەریان، بۆ ئەوەی واز لەكاری تیرۆرستی بهێنن لە كوردستانی عێراقدا، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

بڕیارێك هەیە ئەوانەی جێگەی گومانن بگیرێن، ئێستا لە سلێمانی و لە هەولێر كۆمەڵێك لە ئەوان گیراون، بەتەئكید هەر تاوانێك بكەن حكومەتی كوردستان دەسەڵاتی هەیە كە ئیجرائاتیان بەرامبەر وەربگرێت، چونكە گەیشتوونەتە قۆناغێك ناچارین كە ئەم ئیجرائاتانە بكەین، وەكو پەرلەمانی كوردستان بەتەئكید ئەمە بۆ ئێمە زۆر گرنگە كە دەسەڵاتی یاسا لە هەموو شوێنێكی كوردستانی ئازاد بچەسپێت.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تۆمـا هەریری:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

من نوێنەری پارتی دیموكراتی كوردستان بووم لە كارگێڕی سەركردایەتیی سیاسی بەرەی كوردستانی ئاگام لە هەموو شتێك هەیە و، بەش بە حاڵی خۆم ئامادەم كە چاوپێكەوتنێكی تەلەفزیۆنی بكەم و، ئەو هەوڵانەی كە وەكو بەرەی كوردستانی داومانە كە تووشی شەڕ نەبین لەگەڵ P.K.Kدا باس بكەم، بەلام ئەوان هیچ كاتێك دانیان بە بەرەی كوردستانیدا نەناوە، لە خەلیفان بوون داوای عەدەم تەعەروزێكیان كرد كە ئازووقە و خواردن بۆ ناوچەی خواكورك ببەن، من چووم قسەم لەگەڵ كردن و وتم بەسەر چاو بۆتانی دەكەین، بەلام بڕۆن شتێكی رەسمیان بۆ بێنن لای مەكتەبی سیاسی خۆتانەوە و، چیتان دەوێ بنووسن بۆتان دەكەین، كە هاتن خۆیان شتێكیان نووسی بوو، وتم ئەوە نابێت بڕۆن نامەیەكی رەسمی لە مەكتەبی سیاسیی P.K.K بێنن، تاوەكو بۆتان بكەین، ئێستاش نەیان هێنا و، سەلماندیان كە دان بە بەرەی كوردستانیدا نانەن، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

جگە لەتازە بابەت دوو خاڵی سەرەكی ترمان هەیە:

١- بوودجەی كاتیی تەخمینی ئەنجوومەنی وەزیران.

٢- ئەو پرسیارەی لە وەزارەتی كشتوكاڵ كراوە، پەیوەندییان پێوە دەكەین تا وەك سبەی ئامادە بن لەگەڵ چەند خاڵێكی تریش كە بۆمان هاتوون و دەبێ دراسەیان بكەین.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ئەو پێشنیارەی کە لە سەرەتای دانیشتنەکەدا کردمان ئەیخەینە سەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، ئەگەر ئیجازە هەبێت، وابزانم سبەی تا دوو سبەی جەژنی برا یەزیدیەکانە، ئەگەر بکرێ ئێستا بڕیارێکی لێ وەرگیرێ، یەکەم شت پێشنیاری ئەوە دەکەم پیرۆزباییەک لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە ئاراستەی برا یەزیدیەکان بکەین بەبۆنەی جەژنییانەوە.

دووەم ـ بەبڕیارێکی پەرلەمان بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت کە جەژنەکانیان بکرێت بە پشووی رەسمی بە نیسبەت خۆیان و دەوام نەکەن، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

هیچ تێبینیەک هەیە لەسەر پێشنیارەکەی کاک ئەیاد؟.

**بەڕێز مـــەلا مـــحـــەمـــەد شـــەریف تاهیـــر:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

بە نیسبەت ئەقەلیاتی دینی لە کوردستاندا زۆرن و، هەر کەسە و جەژنی خۆی هەیە، کەس لاری نییە، هەرکەسێک لە ژێر دینی خۆی جەژن و ڕێورەسمی خۆی بگێرێ، بەڵام ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان هەر ئەقەلیەتێک وبڕیارێکی بۆ دەربکات ئەوە شتێکی لە جێگەی خۆی نییە و، سەربەستی و دیمکراتیەتیش هەیە و، هەر کەس طقوسی خۆی بە ڕێوە دەبات، سوپاس.

**بەڕێز جـــەمـــیـــل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

برا یەزیدیەکانمان جەژنیان زۆرە، لەبەر ئەوە کام جەژنیان سەرەکییە با ئەوەیان بۆ بکرێتە پشووی رەسمی، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەم بابەتە دوو خاڵە، بۆ پیرۆزبایی لە جەژنی برا ئێزدیەکان شتێکی خراپ نییە،هەموو رازیین.

بۆ مەسەلەی پشووی جەژنەکەشیان ئەوە دەیدەین بە لیژنەی ئەوقاف، تاوەکو دیراسەی بکەن.

**بەڕێز د. عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

بەڕێز مەلا شەریف فەرمووی ئەقەلیاتی دینی لە کوردستاندا زۆرن، یەکەم کوردی موسڵمانی سونیمان هەیە، کوردی شیعەشمان هەیە کە جەژنی رەسمیان یەکە، دووەم برا مەسیحیەکان

وابزانم ئەوانیش بەرەسمی رۆژەکانیان جەژنە حەقی خۆیانە لەناو کورد تەنیا برا یەزیدیەکان دەمێنێتەوە، برا یەزیدیەکانیش ئەمەنەیان بەدەستی خۆمان دیوە شایانی ئەوەن کە پاداشتیان بدەینەوە چییان دەوێ بۆیان بکەین، لای خۆیان کۆمەڵێک جەژنیان هەیە، بەڵام ئەمەی ئێستا سەرەکییە بەعسیەکان لەو رۆژەی یەزیدیەکانی کردووە بە عەرەب جەژنێکیان کردووە بە رەسمی وابزانم هەر ئەو جەژنە بکرێت بە پشوو، ئەگەر ساڵێکی تر خۆیان شتێکی تریان داوا کرد لەگەڵ پیرۆزباییەکەوە زۆر کاریان بۆ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با لیژنەی رۆشنبیری شتێکمان بۆ ئامادە بکات بۆ پیرۆزباییەکە، هەروەها ئەگەر شتێک هەبێت دەربارەی ئەو بابەتە با وەک پێشنیار ئامادەی بکەن، بەڵام باشترە لیژنەیەکی ئایینی ئەوان خۆیان پرۆژەیەک بدەن بە پەرلەمان ئێمەش لەسەر ئەو بناغەیە بڕیارێکی لەسەر دەدەین.
بەم شێوەیەش کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دەێنین و دانیشتنی ئایندەمان سبەینێ دەبێت، سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤٠)

چوارشەممە ڕێكەوتی ٧/ ١٠/ ١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٠)

## چوارشەمە ڕێکەوتی ٧/ ١٠/ ١٩٩٢

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی٧/ ١٠/ ١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٤٠)ی خولی یەکەمی ئاسایی سالی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ گفتوگۆکردن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی خانووەکانی ئەنجوومەن.***
***٢ـ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنێتی دابەش کردنی ئارد لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان.***
***٣ـ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی سەفەری هۆڵەندا.***
***٤ـ پرسیار کردن لە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری و کێشەی زەوی.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان ئەمەیە و حەزدەکەین کەوا چ تێبینیەک، یاخود پێشنیاریشتان هەیە بۆ تازە بابەت بفەرموون پێشکەشی بکەن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دووسێ خاڵم هەیە بۆ تازە بابەتە، ئەگەر بە پەسەندی دەزانن ئەوە دەیخوێنمەوە:

١ـ لە بارەی چۆنیەتی وەرگرتنی دەرماڵە، یان یارمەتی ئەندامانی ئەنجوومەن.

٢ـ داوا دەکەین کە ڕۆژی شەممە لە جیاتی کاتژمێر (١٠)ی سەرلە بەیانی کاتژمێر(١١) کۆبوونەوە دەست پێبکات، بۆ ئەوەی بتوانین ڕۆژی شەممە کۆبوونەوەی کتلەی خۆمان بکەین .

٣ـ پەرلەمان چەند لیژنەیەکی نارد بۆ سەردانی بەندیخانەکان و داوای ڕاپۆرتی ئاکامی ئەو لیکۆڵینەوەیە بکرێت کە لە بەندیخانەکاندا کرا، هەروەها ئاکامی سەفەری هۆڵەندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باسی مەسەلەی یارمەتی ئەندامە بەڕێزەکانمان کرد و، ئاگاداری هەردوو کتلەش کراوە، ئەگەر شتێکی تر هەیە لەسەر ئەم بابەتە دوای دەخەین بۆ کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی جارێکی

تر باسی ئەکەینەوە، ئەو کاتە بریارێکی تەواوی لە بارەوە وەردەگرین، سەبارەت بە کاتی دەسپێکردنی دانیشتنەکان، ماوەیەک بەرلە ئێستا کردمانە سەعات(١٠)، پاشان داوایان کرد کە بکرێتە سەعات(٩)و، ئێستا داوا دەکەن کە بکرێتە سەعات (١١)، نابێت لە ماوەی دوو مانگدا سێ جار دەوام بگۆردرێت، ئەندامانی پەرلەمان دەسبەتاڵن، بە پێی یاسا دەبێت هەموو کاتی خۆیان بۆ ئیشوکاری پەرلەمان تەرخان بکەن، داوای لێبووردن دەکەم بۆ ئەم بابەتە، ئەگەر سورن لەسەری ئەیدەین بە لیژنەی تایبەت.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەمەوێ دوو مەسەلە بۆ خاڵی تازە بابەت زیاد بکەم، ئەویش سەبارەت بەماڵوموڵکی ئەو تێکۆشەرانەی کە لە ئەنجامی خەباتی سیاسیاندا دەستییان بەسەردا گیراوە و، ئێستاش ناگەڕێتەوە بۆیان ، ئەمانە دیاری بکرێن، دووەم مەسەلەی سووتەمەنی، با ئەو بابەتە جارێکی تر گفتوگۆی لەسەر بکرێ، چونکە مەسەلەیەکی گرنگە بە تایبەتی کە زستان لە دەرگادایە و، پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز کاک فرەنسۆ دەکەم، کەوا دەوام رۆژی شەممە سەعات (١١)بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر مەبەستی ئێوە لە گۆڕینی دەوام لەبەر کۆبوونەوەی کتلەکانە، بە رای من دەبێت فراکسیۆنەکان کاتی خۆیان لەگەڵ کۆبوونەوەی پەرلەماندا بگونجێنن، ئەگەر تێبینیەکی ترتان نییە با بەرنامەکەمان بچەسپێنین، ئەو لیژنانەی کە رۆیشتوون بۆ پشکنینی بەندیخانەکان تەنها لیژنەی هەولێر راپۆرتیان بە ئێمە داوە، دەبێ هەموو لیژنەکان راپۆرتەکانیان بکەن بە یەک راپۆرت و پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن، بۆ ئەوەی ئێمەش بیخەینە بەرنامەوە وبیخوێنینەوە و، بریاری لەسەر بدرێت.

سەبارەت بە ماڵوموڵکی ئەو تێکۆشەرانەی کە دەستی بەسەردا گیراوە، پرۆژەیەک ئامادە کەن لەو بارەوە، تاوەکو ئێمەش یاساو بریاری لەسەر دەرکەین.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لیژنەی یاسامان هەیە، با رەوانەی لیژنەی یاسای بکرێت، پرۆژەیەک لەم بارەوە ئامادە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم مەسەلەیە بەم شێوەیە ناکرێت، دەبێت(١٠)ئەندام پرۆژەکە ئیمزا بکەن و، ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن و، ئێمەش دەیدەین بە لیژنەی یاسا.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەفتەی داهاتوودا بە هەردوو فراکسیۆنەوە پرۆژەیەک ئامادە دەکەین و، پێشکەشی بەڕێزتانی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەم مەسەلەیە، ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارێکمان هەیە، کە هەر یاسایەکی عێراقی دژی بەرژەوەندی میللەتی کورد بێت، ئێمە دەتوانین دەسکاری بکەن، جا ئێستا لە حکومەت لیژنەیەکمان دامەزراندووە بۆ پیا چوونەوەی ئەم جۆرە یاسایانە، لەوانەیە لەسەر ئەم بابەتەش شتێکمان ئامادە کردبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتێکی زۆر گرنگم هەیە دەمەوێ بیخەمە پێش چاوی ئێوەی بەڕێزەوە، تاوەکو ڕەزامەندی ئێوەی بەڕێز پێ وەرگرم، ئەویش بۆ کرینی (١٥٠٠)تەن ئارد بۆ ناوچەی چەمچەماڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بەرنامەمان بەم شێوەیەی لێهات، جگە لەو چوار خاڵەی کە تازە بابەتن، ئەمێنێتەوە تەنها مەسەلەی سووتەمەنی.

**بەڕێز سەعدی ئەحمەد محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە سەبارەت بەو مەسەلەیە وەفدێک ڕۆیشتووە بۆ لای هاوپەیمانەکان وپرۆژەیەکیان ئامادە کردووە لە بارەی کرینی ئەو برە ئاردەوە، باشتر وایە چاوەڕوانی گەڕانەوەی وەفدەکە بکەین، تاوەکو یەک وەڵام بەخەڵکەکە ڕاگەیەنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەک پرسیارێک ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکەین، کە بزانین چییە لەو بارەیەوە چییان کردووە، ئێمەش چ زیادەیەکمان نییە لەسەر ئەم بابەتە، وەکو پرسیارێک ئەگەر جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەڵام بداتەوە ئەو کاتە ئاراستەی دەکەین، ئەگینا پرسیارەکان وەکو خۆی دەمێنێتەوە هیچ گۆڕانکاریەکی نایەتەسەر، پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران ئەخەینە پێش چاوتان پاشان دەیکەینە بڕیارێک.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی من سەبارەت بە کۆبوونەوەی ڕۆژی شەممەیە، داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی

نیشتمانیی دەکەم کە هۆڵێکمان بۆ ئامادە بکرێت بۆ رۆژی شەمە، بۆ ئەوەی ئێمە رۆژانە سەعات (٩,٣٠) لێرە ئامادە بین و، کۆبوونەوەی خۆمان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/ وزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەم ئەوەیە کە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان هەموار بکرێت، کەوا سەرف نەزەر تەنها بۆ کاتێکی کاتی چاوی لێ بپۆشرێ، تاکو میزانیەکە دەچەسپێت و، مووچە و هەندێ شتی تر پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر بدات، چونکە وەستانی واتا وەستانی ژیان، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەکو ئەو لیژنەیەی کە لە لایەن پەرلەمانەوە دیاری کراوین، بۆ بەدواداچوونی کێشەی خانووەکان، پێمان باش بوو ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بخەینە بەردەست بۆ ئەوەی دوای وتوویژ لەسەر کردنی بکرێت بە بڕیارێک لەلایەن پەرلەمانەوە. ئەنجوومەنی وەزیران بەڕێزیش جێبەجێی بکات:

١ـ پێویستە هەموو ئەو (١٠٦) خانووەی ئەنجوومەنی یاسادانان وراپەڕاندنی کۆن، بکرێ بە موڵکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢ـ نابێت هیچ تاپۆیەکی کۆن عەقد و بڕیاری تازە کاری پێ بکرێت بۆ پێدانی خانوو بۆ ئەو خەڵکانەی دەرەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و ئەنجوومەنی وەزیران.

٣ـ جگە لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و وەزیرەکان و جێگیرەکانیان نەبێت و، نابێ هیچ کەسێکی تر لەو خانووانە بمێنی.

٤ـ بۆ چارەسەری حاڵی ئەو ئەندامانەی پەرلەمان کە ئێستا کێشەی ژیان و جێگەیان هەیە، پێویستە (٤٠ـ٥٠) خانوو چۆڵ بکرێ لە نێوان مێژووی (١٠/٧) کە ئەمڕۆیە تا ٩٢/١٠/١٧ بدرێت بە هەموو کوتلەکان وەکو قۆناغی یەکەم.

٥ـ پێش وەرگرتن و دابەش کردنی ئەو (٤٠ـ٥٠) خانووە نابێت هیچ دیاری کردن و جیاکردنەوەیەک بکرێت لەو خانووانەدا.

٦ـ هەرچی کەرەستەو کەلوپەلێک پەیوەندیی بەو خانووانەوە هەبێت هیچ نابردرێت و بە پێچەوانەوە سەرپێچی بکرێ، سزای بەهای کەرەستەکەی لێ وەردەگیرێت بە نرخی رۆژ.

٧ـ هەرچی کەم تەرخەمی و پشتگوێ خستنی ئەم بڕیارەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان خۆی هەڵدەستێ بە جێبەجێ کردنی.

٨ـ باقی هەموو خانووەکان تا ١١/١ چۆڵ بکرێ و، بدرێت بە هەردوو ئەنجومەن وەکو قۆناغی دووەم.

٩ـ وەرگرتنەوە و دابەش کردنەوەی هەموو خانووەکان بە پێی بڕیاری هەردوو ئەنجوومەن لە ئەستۆی ئەو لیژنەیەدا دەبێت کە تەرخان کراوە بۆ ئەم بابەتە.

ئەم لیژنەیە هەموومان ئیمزامان کردووە و ئەیخەینە بەردەستی جەنابتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە پێشنیارەی لیژنەکەیە سەبارەت بە خانووەکان.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلەی ئەو خانووانە راستە دواکەوتووە، بەلام هەندێک هۆی بابەتی هەبوو کەوای لێ هات، چونکە زۆر ناخۆش بوو داوا لە خەلکی بێ دەسەلات بکەی کە بەزۆر لەو خانووانە بکرێنە دەرەوە و، لەگەل خەلکی دەسەلاتدار و بەهێز هیچ نەلێین، چونکە لە هەلسووکەوتەکە نا عەدالەت پەیدا بووە، چونکە هی هەموو لایەن هەلوێستەکە لە رووی یاساییەوە وەکو یەک وایە، بەلکو هەندی شەرعیەتیان هەیە، بەلام بە بڕیارێک هەلیدەوەشێنینەوە ئەویش لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی و لە پێناوی ئەوەی ئەو خانووانە کە لە بنەڕەتدا بۆ ئەو دوو ئەنجوومەنە دانراوە، بەلام بە راستی دوای وتوویژ کردن و قسەکردن لەگەل لایەنە سیاسییەکاندا کە ئەوان زیاتر دەستیان بەسەر ئەو خانووانەدا گرتووە، هەندێکیان بە قەناعەتەوە بڕیاریان داوە لە ماوەی چەند رۆژێکی داهاتوودا چۆلی بکەن، بێگومان ئەو کات چۆل کردنی ئەو خانووانەی تر هیچ گرفتی تری نایەتە پێش و، ئەو پێشنیارەی کە بەڕێز کاک شەوکەت پێشکەشی کرد بۆ ١١/١ رەنگە خراپ نەبێت، لەوانەیە لەم ماوەیەدا کۆمەلێک خانوو چۆل بێت ونەگاتە بەرواری ١١/١، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینیەکم هەیە، ئێمە قۆناغی دووەمان خستە بەرواری ١١/١، قۆناغی یەکەم دەبێت لە١٧/١٠ (٥٠) خانوو چۆل بکرێت بۆ ئەو ئەندامانەی کە بێ جێگان، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کەوا هیچ زانیارییەک لە بارەی کۆبوونەکانەوە نەڕواتە دەرەوەی پەرلەمان، با خەلکی نەزانن کە رای فلانە ئەندام دژە و ئەو ئەندامەکەی تر رای لەگەلە، با بڕیارەکان هەمووی بەناوی ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بە مەسەلەی خانووەکان روونە و راپۆرتی لیژنەکەش ئامادەیە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێیم باشە هەڵوەشاندنەوەی ئەو عەقدانەی کە کراوە، لێرە بڕیاری لەسەر بدرێ، بۆ ئەوەی سیفەتی یاسایی وەربگرێ، چونکە زۆریان عەقدیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە بەڕێزت فەرمووت، پێشنیارێک بێ لە ئەنجوومەنی وەزیران و، پاشان لێرە بیکەن بە بڕیار، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکی باشە، بەڵام بە رای من لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی راپەڕاندن لایەنێکە لە عەقدەکە، پێویست بەوە ناکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارێکی بۆ بدەین، چونکە خانووەکان ئەگەر سەر بە ئیداراتی مەحەلی بێت دەبێ بەڕێز وەزیری ناوخۆ لایەک بێت لە مەسەلەکە، دەبێ ئەوان پێشنیاری وا بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لە رێگای خۆیانەوە عەقدەکە هەڵبوەشێننەوە، نەک بڕیارێکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی عەقدەکان هەڵبوەشێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژ نووری شاویس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خانووەکان بە بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی چۆڵ دەکرێ و مەوعدەکەش بە بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەسنیشان دەکرێ و، هەمووی لە بەرژەوندیی هەردوو ئەنجوومەنە و ئەندامانی هەردوو ئەنجوومەنە. لەبەر ئەوە شتەکە زۆر مەنتقییە، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی عەقدەکانیش دەبێت لە ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە دەربچێت، شتەکە شەرعیەتی تەواوی خۆی وەردەگرێ و یاسایی دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چۆڵ کردن و هەڵوەشاندنەوەی مەرج نیبە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بیکات، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری پشتگیری کردنی لە ئیجرائاتی حکومەت داوە سەبارەت بە خانووەکان، ماوەتەوە تەنها مەسەلەی عەقدەکە کە لە رووی یاساییەوە پێویستی بە هەڵوەشاندنەوە هەیە.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەکو ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیاری دیاری کراوی خۆمان پێشکەش بە لیژنەکە کردووە، بە بۆچوونی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوە چارەیەکی گونجاو و، پێشنیارەکەی ئێمە لەلایەن لیژنەکەوە بەباش دانەنراوە، چونکە لیژنەکە رای هەیە و، پەرلەمانیش رای لیژنەکەی پەسەند کردووە، بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکرێت دەبێت هەموو یەک را ویەک بڕیار بین، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من پێموایە ئەم خانووانە نین کە بە تەنها عەقدیان بۆ کراوە، لە زۆر شوێنی تر وبۆ زۆر خانووی تر عەقدی وا کراوە، پاشان ئەگەر ببێتە بریار ئەبێ لێتوێژینەوەیەکی چاک بکرێ و، بریارێکی گشتی لەم بارەیەوە بدرێت و، هەموو وەزارەتەکانی تریش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

پێشنیارەکەی بەڕێز د.فوئاد بە پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران وەردەگرین و، دیدەین بە لیژنەی یاسا تاوەکو لە رووی یاساییەوە لێبیکۆڵنەوە.

**بەڕێز شـــەوکـــەت حـــاجی مـــوشـــیـــر ئەحـــمـــەد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بەنسبەت عەقدەکە لە خالێکدا ئامازەمان پێ داوە، چونکە پێشتر بریاری پەرلەمان دراوە کە ئەم خانووانە چۆڵ بکرێن ولیژنەش بێت بۆ سەرپەرشتی کردن و چۆڵ کردنی بۆیە پێمان باشە کە مناقشەبکرێ و باس بکرێ، تاکو بریارەکە ئیمزا بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

لە رووی یاساییەوە ئێمە بریارێکمان هەیە سەبارەت بە چۆڵ کردنی ئەم خانووانە، ئیتر پێویستی بە بریاری تر نییە، وەکو مەبدەء ئەم خانووانە سەر بەم دوو ئەنجوومەنەن، ئێستا تەنها ماوەتە سەر جێبەجێ کردنی بریارەکە، ئیتر پێویست ناکات ئەوەندە کاتی پێوە بکوژین، پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەیەکی تایبەتیش دەسنیشان کات بۆ لێتوژینەوەی ئەو خانووە حکومییانەی کە داگیر کراون و، هەر شتێکیش پێویستی بە بریار هەبوو ئەوە رەوانەی پەرلەمانی بکەن، تاوەکو ئێمەش بریاری لەسەر بدەین، وەکو مەبدەئیش ئەگەر دەرگای (عقود تفسیخ)کردن بکەینەوە ئەو کێشەیە زۆر دەکێشێ، هەروەها کێشەیەکی ترمان هەیە ئەویش بە مڵک کردنی ئەم خانووانەیە، کە(١٠٢)خانووی هی ئەنجوومەنی وەزیرانە و(٤)یشی هی ئەنجوومەنی نیشتمانییە، کە لە پێشا هەمووی هی (مجلس تشریعی)بووە، ئەم خانووانە دەبێت چۆڵ بکرێن و بەسەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان و جێگری وەزیرەکاندا دابەش بکرێن، ئەگەر لێی مایەوە ئەوە بەسەر فەرمانبەرانی هەردوو ئەنجوومەندا دابەش دەکرێن، با ئەمە وەکو بنەمایەک بچەسپێنین.

**بەڕێز یونس مـــحـــەمـــەد ســـەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئەگەر ئەو پێشبینیانەتان پێ پەسند بێ بەراستی من پێم باشە هەرچی زووترە بریاری لەسەر بدرێ لە ئەنجوومەنی وەزیران، چونکە وا دیاری کراوە کە تاوەکو ماوەی ١٠رۆژی تر قۆناخی یەکەم ئەو کۆمەڵە خانووە چۆڵ بکرێت ، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێویست بوو لە کۆتایی مانگی(٨) ئەو خانووانە چۆڵ بکرێن، نازانم بۆ چی تاکو ئێستا چۆڵ نەکراوە و، ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران پێی ناکرێ پێمان بڵێن، تاوەکو ئێمەش ڕێگایەکی تر بەکار بێنین بۆ چۆڵ کردنی خانووەکان، بە راستی ئەبێ ماوەیەکیان بۆ دابنێن کە سنوورییان بۆ دیاری کراوە دوو ڕۆژ، سێ ڕۆژ، ئەو پەڕی هەفتەیەک، ئەگەر نەبوو پێویستە بچنە سەرماڵەکان و شتەکانیان فڕێ بدەنە دەرەوە و، گوێ نەدەنە هیچ ئیعتبارێکی تر، چونکە ئەوکەسانە وا دیارە جگە لەو زمانە هیچ زمانێکی تر تێ ناگەن، ماوەیەکی ئێجگار زۆرە ئەو بڕیارانە دراوە، با بچین پێیان بڵێین ئێمە هەفتەیەکی تر دێینە سەرتان، خانووەکانتان چۆڵ کردووە، باشە چۆڵتان نەکردووە سەرو ماڵتان فڕێ دەدەینە دەرەوە، بە راستی بێ ئەوەی لەو باوەڕە نیم ئەم خانووانە چۆڵ بکرێن، بەڵام لە پاشان مەسەلەی دابەش کردنی چۆن دەبێ لە ئەنجوومەنی وەزیران، وا بزانم ئەوەش گرفت نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە رووی یاساییەوە ئەو خانووانە سەر بە ئەنجوومەنی نیشتمانی وئەنجوومەنی وەزیرانن و، هەر عەقدێک کرابێت پوچەڵە، چونکە خۆی جێگای عەقد نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەو پێشنیارەی کە کراوە دەبێت لە ماوەی دیاری کراوی خۆیدا تەواو بێت، ئەگینا ئیجرائاتی یاساییان بەرامبەر دەکرێ.

پێشنیارەکەی بەڕێز د.فوئاد کە سەبارەت بە کڕینی (١٥٠٠)تەن ئاردە بۆ ناوچەی چەمچەماڵ و شۆڕش وسمود و تەکیە کە باری ئابووریان باش نییە، ماوەی (٥-٦)مانگە ئاردوشتیان وەرنەگرتووە، دیارە مراجعەیەکی زۆریان کردووە و، کۆمەڵێک لەو داخوازیانەش بۆ ئێمە لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە هاتووە، نوێنەرانی ناوچەکە لە ئەندامانی پەرلەمان هەمان شتیان خستووەتە روو و،دیسان سەردانێکی خێرای ئەنجوومەنی وەزیرانیان کردووە و، ئەنجوومەنی وەزیرانیش لەو قەناعەتەیە کە ئەبێ چارەیەکی خێرای بۆ بدۆزنەوە و، وەکو پێشنیارێک ئەنجوومەنی وەزیران داوای رەزامەندی پەرلەمانیان بۆ کڕینی (١٥٠٠)تەن ئارد کردووە، ئەگەر چ تێبینیەکی تر نییە ؟.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە راستی دوێنێ کە کۆمەڵێک لە خەڵکی ئەو شوێنانە هاتن، هەندێکیان پیاو ماقوڵان و مەلا بوون و هەندێ ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیشیان لەگەڵدا بوو، باسی ئەوەیان کرد کە ڕۆژی

هەینی رابردوو لە چەمچەماڵ ئافرەتێک سێ منداڵی بردووە لەگەڵ خۆی بۆ مزگەوت و وتویەتی کێ لێم ئەکڕێ، بیان با بۆ خۆی من ئەو منداڵانەم پێ بەخێو ناکرێ، بە ڕاستی ئەوە کارەساتێکی ئینسانی دڵتەزێنە، وەکو پرسییان تەقریبا حدودی (١٥٠ ـ ١٦٠) هەزار خەڵک لەو ناوچەیەدا دەژێت بە شێوەیەکی وا، ئەگەر (٣٠) هەزار خێزان بێت، هەر خێزانەی (٥٠ )کیلۆ ئاردی پێ بدرێ مانای ئەوەیە هەر کەسێک نزیکەی(١٠) کیلۆ ئاردی بەر دەکەوێت، ئەمە شتێکی باشە، بەڵام دابەشکردنەکە دەبێت بە یەکسانی بکرێت و ئەوانەی کە سەرپەرشتی دەکەنە سەریان پارێزگار و، بەڕێوەبەری پۆلیس بن و، (١٥٠٠) تەن ئارد دەکاتە نزیکەی( ٤ تا ٥) ملیۆن دینار بە پێی بازاڕ و گەیاندنی بۆ ئەو شوێنانە، ئینجا ئەگەر بەڕێزتان ڕازی بن لەسەر دەسنیشان کردنی ئەو مەبلەغە پارەیە ئێمەش دابەش کردن و مەسئولیەتی کارەکە دەخەینە سەر شانی خۆمان واشی بە باش دەزانین کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارە چەند لیژنەیەک پێک بهێنرێن، کە ئەندامانی پەرلەمانیش هاوبەشی تێدا بکەن، پێشنیارێشم وایە کە یەکێک لەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە خاتوو فەوزیە عیزەدیەن ڕەشید بێت کە خاوەنی بیرۆکەی ئەم پێشنیارە بوو وهەمیشە لە دووی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەنفال کراوەکان و، ئاوارەکانە لە پەرلەماندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێوەی دابەش کردنەکە دەبێت بە سەر دوو میحوەردا بێت، میحوەری یەکەم چەمچەماڵ و شۆڕش وتەکیەیە و، میحوەری دووەم کەلار وسموودە، دەبێت بەم شێوەیە ئاردەکە دابەش بکرێت بەسەردیاندا.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پڕ بە دڵ پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز سەرۆک وەزیران دەکەم و، زۆر سوپاسی دەکەم بۆ ئەو بڕوایەی کە بە منی بەخشیوە، بەڵام یەک تێبینیم هەیە حەز دەکەم بزانم جۆری دابەش کردنی ئەو ئاردە ئایا بۆ کەسوکار ولە شوێن بە جێماوانی ئەنفالەکانە، یان بۆ ئەو خەڵکانەن کە لەو ناوچانە نیشتەجێن؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ناتوانین ئارد بدەینە خەڵکانێک کە برسین وپێویستیان بە یارمەتی هەیە، چونکە خەڵکەی ئەو ناوچەیە کەسی هیچ یارمەتیەکی وەرنەگرتووە و ئێمە ناتوانین بچین ئارد دابەش کەینە سەر خێزانی ئەنفالەکان وبەسەر ئەوانی تری دابەش نەکەین، ئەوە دەبێتە هەرا.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕاستی لە بەردەم برسێتی دا جیاوازی نییە لە نێوان ئەنفال و ئەوانی تر، کێ پێویستی بوو پێی بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باس ئەوە کراوە بە راستی ناوچەی گەرمیان ناوچەیەکە کە بە داخەوە چەند کارەساتیان دیوە، ئەنفالیان دیوە و فعلەن ئەو خەڵکە لێقەوماون، ئەوانە ئەو خەڵکانەن کە لە ماڵی خۆیان پێشمەرگەیان بەخێو دەکرد، بەلام بە داخەوە ئێستا وایان لێهاتووە پێویستیان بە یارمەتی هەیە، داوا دەکەم کە بایەخێکی زۆر بدرێتە ئەو ناوچەیە و بەتایبەتی ئۆردوگاکان کە زۆربەی پاشماوەی ئەنفالەکانی لێیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئۆردووگاکان بە گشتی باری ژیانیان خراپە و پێویستیان بە یارمەتی هەیە ودەبێت بایەخێکی باشیان پێ بدرێت.

**بەڕێز د.رۆژ نووری شاوەیس/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وامان داناوە کە بە دوو میحوەر دابەش بکرێت، بۆ ئەوەی هەموو کەسێک ئاردی بەرکەوێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باری ئەو خەڵکە لە مەعەسکەر سەلامدا زۆر خراپە ولە ژیانێکی زۆر نالەبادا دەژین، نە ئاویان هەیەو نەکارەبا، حەقە چاوێک بە گوزەرانی ئەو خەڵکەشدا بخشێنین، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە کرینی ئارد دەکەم بۆ ئەم شوێنانە، چونکە بە راستی خەڵکێکی لێقەوماون بە هۆی کوردایەتییەوە وایان لێهاتووە، بەلام من لەگەڵ ئەو شێوە دابەشکردنەی کە بەڕێز سەرۆک وەزیران باسی کرد نیم، با بە رێگای وەکیلی ئاردەکانەوە دابەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی هەڵوێستی بەڕێز سەرۆک وەزیران دەکەین بۆ یارمەتی دانی ئەو خەڵکە هەژارە، بەلام پێداویستی ژیان تەنها بە ئارد چارەسەر ناکرێت دەبێت خۆراکی تریشی لەگەڵدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستی دا سموود هیچ وەزعی باشتر نییە لە شۆڕش، من پێموایە خراپتریشە، هەروەها

سەبارەت بە دروست کردنی لیژنەی ئاوارەکانی کەرکووک، تاوەکو ئێستا لیژنەکە دروست نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕیارە ئەمڕۆ ناوی ئەندامانی لیژنەکە دەسنیشان بکرێت.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم ئەنفالەکان هەر لەگەرمیاندا کۆبوونەتەوە، پێشنیار دەکەم دەزگا ئیدارییەکان بگەڕێتەوە، چونکە باری گوزەرانی ئەو ناوچانە چارەسەر ناکرێت، تاوەکو دەزگا ئیداریەکان بە تەواوی دانەمەزرێن و، هەڵ نەستن بە جێبەجێ کردنی ئیشوکاری خەڵکی ئەو ناوچەیە، بۆ نموونە لە کفریدا چەند قوتابخانەیەک هەیە کە، تاوەکو ئێستا مامۆستای نییە، بەڵکو تەنها بەڕێوەبەری هەیە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە لە بانکەکاندا سەندوقێک بکرێتەوە بۆ خەڵکی دەوڵەمەند کە پارەی تێکەن بۆ یارمەتی دانی خەڵکی لێقەوماو و هەژار، ئەویش بێجگە لە خەزێنەی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ماوەیەک پێش ئێستاحکومەتی عێراقی عەفویەکی دەرکرد بۆ ئاوارەکانی کەرکووک، ئایا رای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان چی بوو و، چییە؟ ئایا ئەم ئاوارانە بگەڕێنەوە بە تایبەتی لە ناوچەکانی چەمچەماڵ، یان لە سلێمانی، ئەوانە بگەڕێنەوە یان نە؟، ئەگەر دەڵێن نەگەڕێنەوە با چارەیەک بۆ باری ژیان و گوزەرانیان بدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبێت ئەمڕۆ ئەندامانی لیژنەی ئاوارەکان دەسنیشان بکرێن.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە راستی مەسەلەکە گەنمی کوردستان بکرین ئەوە تۆزێک کێشەمان بۆ دروست دەکات، جارێ

گەنمی کوردستان بەگشتی زیوانێکی زۆری هەیە و بەکەڵک نایەت، بەڵام ئاردی باش هەیە هەرزانتر دەوەستێت لەوەیّ دەکریّ وەزارەتی دارایی بە پەلە داوا بکا لەوانەی کە لەو مەجالە ئیش دەکەن بە مناقسە دەتوانن بۆمانی پەیدا بکەن لەماوەیەکی کورتدا، ئێستا لە بازاڕدا ئاردی حازر هەیە جێبەجێی بکەین.
سەبارەت بە پێشنیارەکەی تر بۆ دانانی سەندوقێک بۆ دەوڵەمەندەکان کە پارەی تێکەن بۆ یارمەتی دانی خەڵکی هەژار ولێقەوماو، بە راستی ئەمڕۆ ئەوانەی کە هەڵسوکەوت لەگەڵ بانکدا دەکەن زۆر کەمن، ئەگەر شتێکی واش دابنریّ دەبێت بە شێوەیەکی تر بیری لیّ بکەینەوە، بەڵام تکامان وایە ئەوەی کە دیاریکراوە(١٥٠٠) تەن ئارد بتوانین بە زووترین کات بکڕین تاوەکو بە هانای ئەو خەڵکەوە بگات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ لابەلا کردنی مەسەلەی ئەو بڕە ئاردەی کە بەڕێز سەرۆک وەزیران پێشنیاری کرد دەیخەینە دەنگدانەوە، کیّ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کیّ دژە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، کەواتە پێشنیارەکە دەکەینە بڕیار.
دێینە سەر ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی وەزیری کشتوکاڵ کراوە:-
١- لەلایەنّ فراکسیۆنی پارتیەوە پرسیارێک کراوە سەبارەت بە کڕینی گەنم و تووتن لە جووتیارەکان.

**بەڕێز وریا ئەحمەد محەمەد ئەمین دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پاش گەڕانەوەی وەفدی ئەنجوومەنی وەزیران لە هۆڵەندا، بڕیار درا کەوا مەسەلەی کڕینی گەنم و تووتن بخرێتە بەرنامەوە، بڕیارە لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر بدرێت، بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی ئیستسنائی کۆبوونەوەکە دواخراوە، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز حمەد ئەمین/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە راستیدا مەسەلەی دانەوێڵە پەیوەندیی راستەوخۆی بە وەزارەتی کشتوکاڵەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە هەیە و، ئێمە زیاتر یارمەتی دەرین، هەروەها دەرچوونی گەنم لە هەرێم قەدەغە کرا، بەدیلەکەی ئەوە بوو ئێمە لە جووتیارەکان بکڕینەوە، ئەوە بوو ئێمە لە وەزارەتی ئابووری تەکلیف کراین کە ئەو مەسەلەیە دانیشین و پێرەو دانێین بۆ کڕینی گەنمەکە و ئێمەش بنەمایەکمان دانا سەبارەت بەنرخی کڕینەوە و خەزن و شوێن هەموو شتەکان لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانی سایلۆکانیش تەقدیراتمان هەیە بۆ کڕینی گەنمەکە ، کڕینی گەنم بە

راستی به لای کەمی ( ١٠٠ ) ملیۆن دینارمان دەوێ و ئەگەر بۆ دوو مانگ تەنیا بۆ هەولێر و سلێمانی خەزن بکەین نزیکەی ( ١٠ ) هەزار تەنمان دەوێت بۆ هەر پارێزگایەک، بەلای کەمی ئەگەر بیکەن بە دوو قستیش ( ٤٠ ) ملیۆنمان دەوێ، ئەویش تاوەکو ئێستا ئەو پارەیەمان بۆ دابین نەکراوە، بە نیسبەت مەسەلەی پەینی کیمیایی و تۆو و موادی تەعقیر دژی کورک بەراستی ئەوانە ملیۆنەها دیناری دەوێ، ئەگەر بکرێت لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە دۆسییەکی تایبەتی تەرخان بکرێت بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری، هەرچەندە داوای یارمەتیمان لە رێکخراوەکان کردووە، لە رێگای رێکخراوی کاردۆ ( ٧٠ )تەن مادەی دژی کورکمان پەیدا کردووە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارێکم هەیە ئەویش بە رەسمی پێشکەشتانی دەکەم کە داوا لە رێکخراوی فاو بکرێت کە لقێک لە کوردستان بکاتەوە، بۆ دابین کردنی پێداویستی کشتوکاڵی. هەروەها پرسیارێکیشم هەیە، وەکو ئێمە بیستوومانە لە دهۆک بایی (٣٤) ملیۆن دینار گەنم کڕاوە و لەوێ هەڵگیراوە ئەمە شتێکی زۆر باشە، وا بزانم (٢١) ملیۆن دیناری بەرەی کوردستانی خەرجی کردووە و،(١٥) ملیۆن دینارەکەی تریشی وەزارەتی دارایی. من تکام وایە بۆ هەولێر و سلێمانیش ئەو هەوڵە بدرێ، ئەو گەنمانە لەو جووتیارانە بکڕینەوە کە ئێستاکە قەدەغە کراوە ناڕوا و هەم ئەو پارەیەش دیاری بکرێت بۆ کەرکووک و سلێمانی و هەولێر، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وا دیارە وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری توانای ئەوەیان نییە کە گەنم لە جووتیارەکان بکڕن، کەواتە مادام توانای کڕینی ئەو گەنمەیان نییە، حەقی ئەوەشیان نییە کە ڕۆیشتنی گەنمیش قەدەغە کەن بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بۆیە پێشنیار دەکەم کە هاتو چۆی لە ناو پارێزگاکانی کوردستان ئازاد بێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من حکومەتی کوردستان بوار نەداتە جووتیارەکان کە گەنمەکەیان ببەنە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، زستانیش وا نزیک بووەتەوە جووتیارەکان ناچار دەبن کەوا جێگایەک بۆ گەنمەکانیان پەیدا بکەن و، هیچ جووتیارێکیش ئەو جێگایەی نییە، ناچار دەبێت لە سایلۆکاندا هەڵیگرن و، بەو شێوەیە حکومەت دەتوانێت بە ئەقسات پارەکەیان بداتەوە و، جووتیارەکانیش پێیان خۆش دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز وریا ئەحمەد محەمەدئەمین دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی ئەم بابەتمان باس کرد و، گفتوگۆمان لەسەری کرد و، بڕیارمان دا بە قەدەغە کردنی فرۆشتنی گەنم بۆ دەرەوەی کوردستان. دوای هاتینە سەر بابەتی دووەم کە کڕینی گەنمە کە ئێستا کڕینەکەمان پێ ناکرێ و، پێویستە بڕیارێکی تر دەرکرێت کە ئەو قەدەغەکردنەی پێ هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵم کە دەڵێ توانامان نییە، بەڵام نابی ئێمە سست بین لەم ئیشەدا، با وەزارەتی کشتوکاڵ، بە یارمەتی وەزارەتی ئابووری کارێکی وایان کردبایە یارمەتیان دەست بکەوتایە، ئیتر پارە بوایە، یا گەنم بوایە، بە یارمەتی ئەو لێپرسراوانەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەن، وەکو زانیاریم هەیە لە ناوچەی بادینان کەمیەیەکی گازوایل هەیە وەری دەگرن وەکو گومرک لەو لۆریانەی کە دەچن بۆ تورکیا، وابزانم ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ پەیوەندیی بکات بەو لایەنانەوە لە بادیناندا بتوانێ کەمێک لەو گازوایلە بگوێزێتەوە بۆ ئەوەی دابەش بکرێ بەسەر هەولێر و سلێمانی و گەرمیاندا، بۆ یارمەتی دانی ئەو جووتیارانەی کە توانایان نییە ئەمساڵ زەوی بکێڵن کە ئەمە بە رای من بخەنە سەر تیمەکەی ئێمە، داوا دەکەم کە پەلە بکرێت لەم ئیشە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێڤانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرهەمی برنجیش وا خەریکە پێ دەگات، حەز دەکەم ئەوەش وەکو گەنمی لێ نەیەت هەر لە ئێستا وە هەندێ پارەی بۆ دیار بکرێ و لەجووتیارەکان وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی کە پەرلەمان وحکومەت دابمەزرێت، بەرەی کوردستانی لەگەڵ جووتیارەکاندا رێککەوتبوون لەسەر بنەمای کڕینی گەنم بە نیوە قیمەت، پاشان نیوەی پارەکەیان دا ونیوەکەی تریشی وتیان پاش (١٥)رۆژی تر دەتاندەینەوە، ئەویش ماوەیەکی بەسەردا چووە ونەیان داوەتەوە، جا داوا لە بەڕێزان وەزیری کشتوکاڵ و وەزیری دارای دەکەین، کە چارەسەرێکی ئەم مەسەلەیە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا تەڵحـە سـەعـیـد قـەرەنی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە چوونی گەنم بۆ دەرەوەی کوردستان قەدەغە بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا با گواستنەوەی گەنم لە نێوان شارەکاندا قەدەغە نەکرێت، تاوەکو هەندێ خەڵکی دەوڵەمەند بتوانن یارمەتی جووتیارەکان دەن وگەنمەکەیان لێ بکڕنەوە، سوپاس.

**بەڕێز عـومـەر سـەید عـەلی سلێـڤـانی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

وەکو پێشنیارێک ئەو بەرهەمانەی ئەگەر بتوانرێ بە هۆی وەزارەتی کشتوکاڵ و وزارەتی دارایی و ئابوورییەوە کۆ بکرێتەوە و بدرێت بە فەرمانبەرەکان لە جیاتی مووچە، ئەگەر چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بەرهەمەکە لە کیس نەچێ و جووتیاریش پارەی خۆی وەربگرێ، ئەگەر لیژان دابنرێ هەندی لەو بەرهەمانە بدرێت بە فەرمانبەرەکان ولە مووچەیان ببڕیت، سوپاس.

**بەڕێز جـەعـفـەر عـەلی عـەبدولعـەزیز:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

پێشنیار دەکەم وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری لەگەڵ وەزارەتی دارایی لیژنەیەک دروست بکەن بۆ ئەوەی بازاڕ بدۆزینەوە بۆ ئەو کشتوکاڵانەی بەرەوبومیان لە کوردستان سەرف نابێ، چونکە جووتیارەکان ناتوانن تا ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی ئەوە بکەن کە بەروبومیان بمێنێتەوە هەم بە کارێکی گران بۆمان دەگەڕێتەوە هەم لە قازانجی جووتیاران دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز عـەدنان مـحـمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

هەر بڕیارێک لایەنی ئیجابی و سلبی هەیە. بەڕاستی قەدەغە کردنی گەنمەکە خۆی لە خۆیدا بڕیارێکی ئیجابی بوو، بەڵام دەبێ بەچاوێکی ئابوورییەوە تەماشای بکەین، بۆ ئەوەی شتەکە سەفەری نەبێت کێڵگەکانمان گەنمیان لە زەوی ماوەتەوە، نەسایلو هەیە خەزنی تیا بکرێت، نەفرۆشراوە چاری ئەمانە چییە؟ساڵی ئاینده بەم شێوەیە بڕوات، کشتوکاڵ لە کوردستاندا سەرکەوتوو نابێت ، خاڵی دوو ساڵی رابردوو سن و کیسڵە لە دانەوێڵەکانی دا، ئەگەر ئەمساڵیش وا بڕوات باوەڕ ناکەم لە ناوچەکانی دەوروبەری هەولێردا کشتوکاڵ بکرێت وبەم شێوەیەش ئابووری کوردستان هەرەس دێنی، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ هەیە، ئەویش سەبارەت بەو جووتیارانەی کە زەویەکانیان رژێم داگیری کردووە، بەڵام قەرەبوویان پێ دراوە لەسەر زەویەکانیان،ئایا ئەو جووتیارانە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەر زەویەکانیان، یان نە؟.

پرسیارێکی تریشم لە بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری هەیە، ئەویش ئایا بەرنامەیەکی ڕێکوپێک دانراوە بۆ دابەشکردنی ئەو ئازووقە کەمە بە سەر خەڵکی کوردستاندا بەگشتی وبەسەر خەڵکی گەرمیاندا بەتایبەتی، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی حکومەت دەستی بەسەر زەویوزارێکی زۆردا گرتووە لە کوردستاندا بەناوی مونحە، بەڵام ئێستا ئەو زەویوزارانە لەلایەن زۆربەی لێپرسراوانی حزبەکانەوە داگیرکراوە وبەکار دەهێنرێ، جا داوا لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەکەم کە ئەم زەویانە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

لە دهۆک نزیکەی (٥)ملیۆن لیتر گازوایل لەم ماوەیەدا هەڵگیراوە، پرسیار لە وەزارەتی دارایی دەکەم کە ئایا ئەم گازوایلە چی لێهات و بۆ کوێ ئەڕوات وکێ بەرپرسیارە لە دابەش کردنی؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ناوچەکانی ڕانیە وپشدەر جووتیارەکان زەویەکانیان بە کرێ دەدەن، پرسیارێک لە وەزارەتی دارایی وئابووری دەکەم، ئایا وەزارەت دان بەو پسولەی جووتیارانەدا دەنات، یا نە؟، ئایا ئەو پارەیە بۆ چ لایەک دەچێت؟، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە لە دهۆک گەنم کڕاوە پارەکەی بە یەکجار نەدراوە و لەوانەیە ئێستاش هەندێ پارەمان پێ نەدرا بێ بۆیە، بە ڕای من بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و وەزیری دارایی هەرلە ئەمڕۆوە دەست پێبکەن، هیچ نەبێ گەنمەکانی ئەو خەڵکانەی کە شوێنیان نییە و ئەو گەنمە کە لە دەرەوە دانراوە، داوا لە خەڵکەکە بکەن بیهێننە ناو سایلۆکانەوە و، چەند ملیۆنێک پارە ئامادە بکەن بەشێکیان بدات بۆ ئەوەی بتوانین تەئمیناتی گازوایل بۆ خۆیان دابین بکەن، سەر مانگی داهاتوو پارەکەیان بۆ دابین بکەین، ئێستا وەزارەتی دارایی چەند توانای مادی هەیە بیداتە وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ئەوەی دەست پێبکەن بە قست و سلفە بیان دەنێ، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز حمەدئەمین/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ڕێکخراوە مرۆییەکانەوە، تاوەکو ئێستا نەیان توانیەوە ئەو برە پەینەمان بۆ دابین کەن کە بەشی گشت کوردستان بکات، ئێستا ئێمە بۆ هەموو کوردستان پێویستیمان بە

(١٢٠)تەن پەین هەیە کەچی ڕێکخراوە مرۆییەکان، تاوەکو ئێستا توانیویانە (٢٠تا ٣٠)تەن پەینمان بۆ دابین بکەن، لەبەر ئەوە ڕێکخراوەکان ناتوانن پێویستیەکانی کوردستان لەو شتانە دابین بکەن، سەبارەت بە هاتووچۆی گەنمیش بە راستی زیاتر لە ترسی ئەمە لە کوردستان قەدەغە کراوە کە لە خۆوە بڕیارەکە پێشێل بکرێ بڕوا بۆ دەرەوەی کوردستان و ئێستا ئەو بڕیارەی لێبدرێ لە ناوچەی کوردستان گەنم ئازاد بێ، سەبارەت بە ئەو پارەیەی کە ئێمە پێویستمانە بۆ کرینی گەنم بەراستی تاوەکو کوردستان پارەیەکی باشی بەدەستەوە نەبێت، ناتوانێت ئەو مەبلەغە پارەیە بۆ ئێمە دابین بکات، چونکە مەبلەغێکی کەم نییە.
سەبارەت بە کرێی زەوییەکان، داوامان لە لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمان کردووە، کەوا پێکەوە دانشین و گفتوگۆی لەسەر بکەین و، پاشان ئەگەر زانیمان کرێکەی زۆرە ئەوە هەمواری دەکەین، سەبارەت بە مەسەلەی عەقد ئێمە یاسای ژمارە(٣٥)مان ڕاگرتووە، هەروەها هیچ بەربەستێک لە پێش جووتیارەکان نەبووە بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر زەویوزارەکانیان، ئەگەر چ کێشەیەکیشمان ماوەوە ئەوە بەهۆی ئەوەیە کە هەموار کردنی یاسای ژمارە(٩٠)تەواو نەبووە ولەلای لیژنەی یاسای ولیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمان ماوەتەوە، ئەو کاتە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن داوای لێ کردین کە بە زوترین کات ئەو مەسەلەیە یەکلابکەینەوە، بە داخەوە نەوەک هەفتەیەکە ئەوە چەندین هەفتەیەکە تا ئێستا ئەم مەسەلەیە تەواو نەبووە.
هەروەها ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش پێشنیارمان کردووە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کە لەگەڵ ئەوەین کە یاسای ژمارە (٩٠) بە شێوەیەکی کاتی ئیشی پێ بکرێ و، ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەم یاسایە زیاتر یارمەتیمان دەدات بۆ دانانی یاسای ئیش کردنی خۆمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
سەبارەت بە یاسای ژمارە(٩٠) ئەوە ماوەیەکی کەمە گەیشتوەتە ئێمە و، ئێمەش پاش هەموار کردنی ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانمان کردووەتەوە،سەبارەت بە ڕاگرتنی یاسای ژمارە(٣٥) تاوەکو ئێستا لە پەرلەمانەوە هیچ بڕیارێک دەرنەچووە بۆ ڕاگرتنی هیچ یاسایەک و، هەر یاسایەکیش لێرەوە بڕیاری ڕاگرتنی نەدرێت، دەتوانرێت کاری پێ بکرێت.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەدنەمین/ وەزیری کشتوکاڵ:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
مەسەلەی ئەوەی کە داوا لەو دوو لیژنەیە کرا کە بڕیار بوو بە شێوەیەکی تایبەتی کە بە زووترین کات شتێک ئامادە بکەن لەسەر لێتوێژینەوەی یاسای ژمارە (٩٠)، ئەوە جیابوو لەگەڵ ئەو ڕێنماییانەی کە ئێمە ئامادەمان کردبوو، مەسەلەی یاسای ژمارە(٣٥) بڕیارە لەسەر ڕۆشنایی

راگرتنی ئیستسنائیه راگیرێ، سەبارەت بە کێڵگەکانی دەوڵەت ئەوە بڕیاری لەسەر دراوە، تا ئێستا ماوە ئێمە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ هەرچی مولکومالێک هەیە بەپێی ئەو بڕیارەی کە دەستمان بەسەردا گرتووە ئیعازمان داوە لە زۆربەی ئەو شوێنانەی ئیداراتی تایبەتیمان دروست کردووە، مەسەلەی تۆو بەراستی جارێکی تر جەختی لەسەر دەکەمەوە کە پارەیەکی زۆری دەوێ راستە جۆری تۆوی ئێمە باش نییە، ئێمە چارەسەرمان کردبێ بە نسبەت دەوڵەت داوامان لە وەزارەتی ئابووریی کردووە کە لەو تۆوەی کە هەڵگیراوە، ئەگەر بکرێ بەشێکمان لە جۆری پلە یەک بدەنێ بۆ تۆو و بۆ جووتیارانی ئەم ناوچەیە، داواشمان لە بەرەی کوردستانی کردووە بەشێک لەو گازەمان بدەنی بۆ جووتیاران لەوانەیە بتوانن بەنسبەت دەوڵەت ئەم مەسەلە چارەسەر بکەن، بە نسبەتی تۆو بەنسبەت گاز لە شوێنەکانی تر، بە راستی وەکو دەوڵەت تواناما‌ن نییە گەنم بکڕین، ئاگادارین کە کاتی خۆی (٣٥) ملیۆن دینار دابین کرا بۆ کڕینی گەنم و،(١٢) هەزار تەن گەنم کراوە، هەرچەندە حکومەت پێی زانی کردی بە دووبەرابەر، بەڵام هیچ سوودێکی ئەوتۆی نەبوو، (١٥)ملیۆن دینار تەرخان کرا بۆ کڕینی گەنم و نیسک و نۆک و فاسۆلیا و شتی تر لە دەوڵەت ئەو هەنگاوە شتێک باش بوو و، ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ پارێزگاکانی تریش ئەو خۆراکانە دابین بکەین. بڕیارماندا لە وەزارەتی دارایی دەست پێبکەین، ئێستا ئەگەر(١٠) ملیۆنمان هەبێ بە راستی کاتی خۆی وتمان (٥) ملیۆنمان هەبێ دەست پێدەکەین، بەڵام تا ئێستا (٥ )ملیۆنیش تەرخان نەکراوە، بەراستی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاگادارین کە ئێمە کێشەی ئیلتباسێکمان هەیە، وەکو حکومەتی مەرکەزی هەتا ئەگەر گەنمەکەش بکڕینەوە بە راستی لەسەر داوای بەڕێوەبەری سایلۆکان دەبێت، ئێمە ناتوانین لە سایلۆ هەڵیگرین، چونکە کە زانییان ئێمە بە رەسمی گەنمان کڕیوە و قەدەغەمان کردووە کە بچێتە دەرەوە، بەراستی ئەو کاتە دەیکەن بە قرساندن، ئێمەش هەرکاتێک چواریەکی ئەو پارەیمان هەبێت ئامادەین لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری دەست پێبکەین ،بەڵام لە میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بچوکترین مەبلغیش، بەراستی بۆ ئەو شتە تەرخان نەکراوە، کە ئومێد دەکەین لەم ڕۆژانەی داهاتوودا ئەگەر پاداشتی هەبێ ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکرێ، سەبارەت بە پەینیش وەکو دەزانن ڕێکخراوە مرۆییەکان هاوکاریمان دەکەن، بەڵام هەر هێشتا پێویستیمان بە پەینی تر هەیە، بەڵام هیچی مادەیەکی پەین لە(٩٨) دۆلار کەمتر نییە، نرخی یەک تەن بە راستی بۆ جووتیاری کوردستان دەری ناهێنێ و ئێمەش وەکو حکومەت تا ئێستا پارەمان نییە پەین دابین بکەین و، ئێمە هەتا گەنمەکەش کە بکڕینەوە بە راستی دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ بۆ جووتیار دەبێ پاڵپشتی بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە راستی ئێمە خۆمان ئامادە کرد بۆ کڕینی گەنم ، بەڵام ئەوەی کە بووە کۆسپ لە ڕێگای کڕینی

ئەو گەنمە پارە بوو، هەرچەندە دەتوانین لە نزیکترین کاتدا ئەو پارەیە پەیدا بکەین، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە باری گومرکەکانمان بەرەو باشی دەڕۆن. سەبارەت بە ئاشی ئاردەکانی کەرتی تایبەتی( قطاع الخاص) لە سلێمانیدا ئامادەیی خۆیان دەربڕی پێش مانگێک وتیان ئێمە ئامادەین گەنم بکڕین لە جوتیارەکان و بیهاڕین و بیکەین بە ئارد و بیفرۆشینەوە بەو نرخەی کە تێی دەچێت تەنها کەپەکەکەی ئێمە سوودی لێ ئەکەین، لیژنەیەکی تایبەتیمان دانا بۆ ئەوە مەبەستە و ئەو ئاشانە لە سلێمانی ئێستا دەست بەکارن. بەڵام خاوەن ئاشەکانی کەرتی تایبەتی لە هەولێردا چەند جارێک بانگیانمان کرد، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ وەڵامێکیان نەبووە.

سەبارەت بەو پرسیارەی کە لەسەر دابەشکردنی ئازووقە کرا لە ناوچەکانی گەرمیاندا، پرسیارێک لە ئەوە زیاتر لە ٢ مانگە لە پارێزگاکاندا لیژنەیەکی تایبەتی پێک هاتووەبۆ دابەش کردنی ئازووقە ئەویش بە سەرۆکایەتی پارێزگار و نوێنەری بەرەی کوردستانی و نوێنەرانی موادی غزائی و (هلال أحمر) و رێکخراوەکان بۆ ئەوەی بنەمایەک دابنێن و، ئێستا ئەو لیژنەیە بەرپرسیارە لە چۆنیەتی دابەش کردنی ئازووقە لەم ناوچانە.

لە بارەی گازوایل دهۆک، بەراستی گازوایل لە بەرهەمەکانی نەوتە پەیوەندیی نییە بە وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پیشەسازی لەم بارەوە ئەتوانێ وەڵام بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامی گشت پرسیارەکان درایەوە، بەڵام ئەوەی کە روون نییە لامان ئەو یاسایانەیە کە ئێمە رامانگرتوون، ئەو یاسایانە کام یاسا بوون؟.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەدئەمین/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای ژمارە( ٣٥ ) راگیراوە، لە میانی ئەوەش کە ئیستسنائیە و وا ژمێردراوە کە کاری پێناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای ژمارە( ٣٥ ) بە تەنها نییە، بەڵکو یاسای ژمارە( ٣٦٤ ) و بڕیاری ( ١٥٧ ) ئەوانە بە رێنمایی راگیراون ، هەتاکو ئێستا بۆ ئێمە نەهاتووە بۆ ئەوەی بڕیارێکی لێ وەرگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزارەت مافی ئەوەی نییە کە هیچ یاسایەک رابگرێت، یاساکان وەکو خۆیان ئەمێننەوە تاوەکو ئەو رۆژەی کە بڕیارێک لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە دەرئەچێت و، هەروەها هەرچی رێنماییەکیان داوە دەبێت هەڵبوەشێتەوە.

**بەڕێز قادر عەزیز حمەد ئەمین/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لای یەکێتی جووتیارانە و ئەوانیش هیچ هەقێکیان نییە کە تێکەڵی ئیشی ئەرز بکەن، نیە دە خالەت لە ئیشی ئەرز بکات، چونکە سەربە وزارەتی کشتوکاڵە و ئەو ماوەیەی کە باسی کرا پێی ئاگادارنین و ئەگەر ئەرز فرۆشتن نییە بەکرێ دانە، ئێمە تەنیا وەکو وەزارەت لێرە بە رەسمی ۳ هەزار دۆنمان داوە بە جووتیارەکان بە کرێ ، ئەمەش لەبەر ئەوەی زەوییان نییە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زەویەکە هی کێیە، ئەگەر هی میری بێ حسێبێکمان هەیە، ئەگەر هی خەڵک بێ ئەوە جۆرێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کڕین و فرۆشتنی ئەرزی جووتیاران، یان یەکێتی جووتیاران شتی وانەبووە و نییە، بەڵام خۆتان دەزانن یەکێتی جووتیارانی کوردستان بە بڕیاری سەرکردایەتیی سیاسی و کارگێڕی سەرکردایەتیی سیاسی پێش ئەوەی حکومەتی کوردستان دروست بێت دەسەڵاتی پێدراوە، بۆ ئەوەی کە هاوکاری جووتیاران بکات و، ئەو زەویوزارانەی کە بێ خاوەنن بە کرێیان بدات و، بییان داتە ئەو جووتیارانەی کە زەویان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی وەکو بنەما کڕین و فرۆشتنی زەوی دەبێ بەپێی یاسا بێ، ئەوە ئاراستەی وەزیری کشتوکاڵی دەکەین، لەپاش دروست کردنی حکومەت بەراستی هەر ئیجرائاتێک لە دەرەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ و پەیوەندیی بە کشتوکاڵەوە هەبێ، ئەوە دەبێ یاسایەکی ئیستسنائی بۆ دەرکرێ.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەدئەمین/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە تاوەکو ئێستا هیچ زەوییەک نەفرۆشراوە، ئەوەی کە ئێمە ئاگاداری بین تەنها زەوی بەکرێدانە، ئەگەر فرۆشرا بێ ئەتوانن لیژنەی لێکۆڵینەوەی بۆ دروست بکەن و ئیجرائاتی خۆمانی بەرامبەر وەرگرین، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلە تەنها راگرتنی یاسای ژمارە(۳۵)نییە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە، بەڵکو کۆمەڵێک

یاسا و بریار كە دەرچووە لەگەڵ هەندێ شتی تر ئێمە كردومانە بە پێشنیارێ كە بریتییە لە (٩) خاڵ و، (١٥) ئەندام لە بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی ئیمزایان كردووە و، ماوەیەكە پێشكەشمان كردون، داواكارین لە لیژنەی یاسا كارێكی وا بكا كە بە زووترین كات بگاتە ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

یەكێتی جووتیارانی كوردستان بۆ بە كرێدان مامەڵەیان بە زەوی كردووە و، ئێستا دوو بۆچوون هەیە ئەڵێن ئەو پارانە ناگاتە بانك، روونكردنەوەیەكمان بۆ بنووسن، بەڵكو بزانین بابەتەكە چییە؟.

**بەڕێز قادر عەزیز حەمەد ئەمین/وەزیری كشتوكاڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەكرێدانی زەوی وەزارەت دەچێ بۆ داهات ومیزانیەی كوردستان، ئەوەی تر ئێمە ناگادارتان دەكەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

دوای ئەو بریارە هیچ جۆرە بەكرێ دانێک لەلایەن یەكێتی جووتیاران نەكرا، ئەوەشی كرابێ پێش دەرچوونی ئەم بریارە بووە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن كانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە مێژووی پسولەكان ئەوە لاتانە كە لە چ مێژوویەكدا پێشكەش كراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەڵێ ئەو پسولەو شتانەمان گشتی رەوانەی هەردوو لیژنەی كشتوكاڵی ولیژنەی یاسا كردووە، سوپاسی بەڕێز وەزیری كشتوكاڵ دەكەین، هەروەها سوپاسی بەڕێز وەزیری داراییش دەكەین، هیچ تێبینیەكی ترمان نەما لەسەر وەزارەتی كشتوكاڵ.

دێینە سەر خاڵی خوێندنەوەی راپۆرتی وەفدی هۆڵەندا.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە زیارەتی وەفدی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ بەشدار بوونی لە كۆنفراسی ئاوەدانكردنەوە و گەشەپێدانی كوردستانی عێراق،كە لە شاری (زایس)لە هۆڵەندا بەسترا لە

رۆژانی (٤ ـ ٦)ی ئەیلوولی ١٩٩٢ ئەم وەفـــدە بریتی بوون لەم بەڕێزانە: وەزیری دارایی سـەرۆکی وەفـدە وەزیری پیـشــەسـازی و وزە و، وەزیری ئاوەدانکردنەوەو بریکاری وەزارەتی کـاروباری مـرۆڤـایەتی، هەرچەندە بە پەلە ئەوەی راسـتی بێ پێش مـاوەیەکی زۆر کـورت ئێمە ئاگادار کراین کە بەرێ کەوین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە توانیمان هەندێ زانیاری بەرین بۆ ئەو کـۆنگرەیە و، لەوێدا لێکۆڵینەوە سـەبارەت بە ئاوەدانکردنەوەی کـوردسـتـان و، بە گـەیشتنی وەفدەکە لە ١٩٩٢/٩/٤ کۆنفرانسەکە دەستی پێکرد، کە لە دانشتنی یەکەمدا بەڕێوەبردنی کۆنفـرانسـەکە لەلایەن بەڕێز کـاک فوئاد حسێن ـ وە کرا، کـە سـەرۆکی لیـژنەی رێکخستنی کۆنفرانسەکە بوو لەگەڵ بەڕێز د. پتر ئایندبرگ بەڕێوەبەری رێکخراوی وتووێژی نێودەوڵەتان و بەشداربوونی بەڕێز پیتر مولیر سەرۆکی کۆمیتەی دۆستایەتی هۆڵەندا و کورد، لەم دانیشتنەدا نوێنەرانی پارتە سیاسییەکانەی بەرەی کوردستانی بەشداریان تیادا کـرد و، بەڕێز مام جەلال بەشداری تیاکردو وتەیەکیشی سەبارەت بە بارودۆخی ئابووریی و سیاسی کوردستان خوێندەوە، هەروەها بەڕێز وشیار زێباری بە ناوی بەڕێز کاک مەسعود بارزانییەوە وتارێکی هەر لەو بارەیەوە پێشکەش کرد و، لە کۆتاییدا بەڕێز سامی عەبدولرەحمان بە ناوی پارتی یەکگرتن قسەی کرد لە یەکەم دانیشتندا وقسەکانیان هەمووی بریتی بوو لە پشتگیری و پاڵپشتی کردن لە ئەنجوومەنی نیـشـتـمانیی کـوردسـتـان و حکـومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان، لە رۆژی دووەمدا سـەر لە بەیانی کۆنگرەکە دەستی پێکرد بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە گرنگانە:ـ

١ـ باس لە بارەی سەپاندنی ئابووری بەسەر کوردسـتـانی عێـراقدا، لەلایەن وەزیری دارایی کە سەرۆکی وەفد بوو باس کرا، ئەم باسە کورتەیەکی بریتی بوو لە (١٤) خشـتەی ئاماری کە بارودۆخی کوردسـتـانی تیادا روون کرابووە، لەوانە یەکێک لەخشـتـەکان کە کـوردسـتـانی ئازاد ئێـسـتا (٤٠) هەزار کیلۆمەتری دووجا و نزیکەی (٣) ملیۆن کەسی تیا ئەژی، بەڵام ئەو ولاتەی کـە ئێـسـتـا کـۆنفـرانسـەکەی لەسـەر بەسـتـراوە هەمـووی(٣٧)هەزار کـیـلۆمـەتری دووجایە و(١٥)ملیۆن کـەسی لەسەر دەژێت، لە هەمـان کاتیشدا ئێمە زیاتر لە (٤)ملیۆن ونیـو دۆنم زەوی کشـتوکـاڵیـمـان هەیە، هەروەها باسی ئەوەش کـرا کـە کـوردسـتـان لە رووی تواناو لێهاتوویییەوە خەڵکێکی زۆری هەیە(١٢)هەزار کەس خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس و(١١)هەزار کـەسی خـاوەن بڕوانامـەی دبلۆم و(٥٠٠)خـاوەن مـاجسـتـێر و(١٨٦)خـاوەن بڕوانامەی دکتۆرای هەیە. وتمان ئەگەر ئێوە بەراوردی بکەن لەگەڵ هەر ولاتێک لەو ولاتانەی کەپێی دەڵێن جیهانی سێیەم. ئێستا وەزعی زۆر باشترە، زۆر تەواوە لەوانەش باس کرا ئەو مەسەلە کە (٣) هەزار ئەندازیارمان هەیە و، هەروەها باسی بارودۆخی ئابووری و ئابلـوقەی

ئابووری کرا و، پێویست بوو رژێمی عێراقی پێش ئەوەی ناوچەی کوردستانی ئازاد کراو بەجێ بێڵێ (١٧٥٠)ملیۆن دیناری خەرج بکردایە کەچی خەرجی نەکردوو و، تەنانەت پارەی خەڵکیشی نەداوە کە لە بانکەکاندا بوون واتە بە شێوەیەکی بێ یاسایی زەوتی کرد، هەروەها سەبارەت بە سووتەمەنیشەوە کە قەدەغە کراوە و، بۆتە هۆی ئەوەی ژیانی ئابووری ناخۆش بێ بۆ هەموو خەڵکانی کوردستان و، هەروەها باسی ئازووقە کرا کە دەبوایە ئازووقەی لە ٤٠٪ بناردایە، لە پاشاندا لە ٤٠٪ بووە ١٢٪ و ئەم مانگە لە ١٢٪ کەمترە بووەتەوە بۆ ١٠٪ و، روونیشمان کردەوە کە چۆن خەڵکی کوردستان ژیانێکی ناخۆش دەبەنە سەر.

٢ـ لە هەمان کاتدا لەلایەن بەرێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە باسی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان کرا، ئەو پرۆژانەی کە وەزارەتی گەشەپێدان دایناوە و ئەو گیروگرفتانەی کە تووشی دەبن لە بارەی گەشەپێدانی پرۆژەکانەوە .

٣ـ وتەیەک لەلایەن پرۆفیسور جەمال فوئادەوە پێشکەش کرا کە، ئەویش سەبارەت بە بارودۆخی کشتوکاڵییەوە بوو، شایانی باسە بەرێزان د. جەمال فوئاد و مستەفا جاف کە هەردووکیان نزیکەی (٢٠) ساڵ زیاترە کە لە رێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کاردەکەن و شارەزاییەکی زۆریان هەیە، هەر کەسە لەکاری خۆیاندا ئەمانە بەشداریان کردووە و خەڵکێکی زۆریش دەناسن و رۆڵێکی بالایان هەبوو لەو کۆنگرەیەدا.

٤ـ وتەیەک لە بارەی ستراتیجیەتی گەشەپێدانی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە لە لایەن بەرێز د. مەجید جەعفەر راوێژکاری ئابوورییەوە پێشکەش کرا.

لە پاش نیوەڕوانیش دانیشتنی ئیش هەبوو(ورک شو)و دابەش کرانە سەر ئەم لیژنانە: ـ

أ ـ کۆمیتەی کاروباری کشتوکاڵی، بەسەرۆکایەتی پرۆفیسور د. جەمال فوئاد و، ئەو ئەندامانی کە پەیوەندییان هەیە بەکشتوکاڵ و شارەزاییان هەیە لە کشتوکاڵدا ا بەشدار بوون.

ب ـ کۆمیتەی پیشەسازی و وزە و نەوت بەسەرۆکایەتی بەرێز ئەمین مەولوود وەزیری پیشەسازی وزە و کاک مستەفا جاف کە ئەوانیش لە بارەی گیروگرفتەکانی پیشەسازییەوە لێیان کۆڵییەوە.

ج ـ کۆمیتەیەک لە بارەی سیستەمی بانکی ، واتە بانکەکان، بە سەرۆکایەتی وەزیری دارایی بوو.

د ـ کۆمیتەی پەروەردە و ئیدارە و تەدریب بە سەرۆکایەتی بەرێز سامی عەبدولرەحمان بوو.

ه ـ کۆمیتەی بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵ بە سەرۆکایەتی بەرێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و

گەشەپێدان بوو.

بۆ هەمان ڕۆژ، واتە ڕۆژی شەممە پاش نیوەڕۆکەی هەر ئەم کۆمیتانەی کە بڕیارەکانی دابوو بوو بە بناغەیەک بۆ گفتوگۆ لەلایەن کۆنگرەکەوە، بەم شێوەیە ئەوانەی کە بەشداریان کردبوو، ناوەکانیان زۆرن، بەڵام زۆربەیان لە ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپی و لە پرۆفیسۆرە بەناوبانگەکانی ئەوروپان، بە تایبەتی لە هۆڵەندا کەوا پسپۆڕییان هەیە لە بارەی کشتوکاڵ و لە بارەی ئێمە و، لەباری کاروباری مرۆڤایەتیەوە بەشداریان تیادا کردبوو، هەموو بەشدارییەکی زانیارییانە لەم کۆنگرەیەدا بەشداری کرد.

لەم کۆنفرانسەدا ئەم بڕیاران دران: ـ

١ـ بەشدارانی کۆنفرانس داوا دەکەن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان عێراق بۆ دانانی بۆردێک ـ ئەنجوومەنێک کە نوێنەرایەتی ئەو وەزارەتانە بکات، کە پەیوەندییان بە ئاوەدانکردنەوەی کوردستانەوە هەیە، هەروەها ڕێکخراوە کوردستانییەکان کە پەیوەندییان بە ئاوەدانکردنەوە هەیە، پێویستە ئەم ئەنجوومەنە، واتە ئەم ڕاپۆرتە ئەم کارانە ئەنجام بدات: ـ

أ ـ هەستێ بە دانانی پلانی سەرەکی بۆ گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بە ئاشکرا لەو پلانەدا ڕوون بکرێتەوە کە چ جۆرە پرۆژەیەک گرنگی و بایەخی بدرێتی، واتە بخرێتە پێشەوە و ئەو پرۆژانەی لەم پلانەدا دەبێت دوای ئەو پرۆژەیە کە ئامادە دەکرێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە بدرێ بەو ڕێکخراوانەی کە کوردستان ئاوەدان دەکەنەوە.

ب ـ کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرانسەری کوردستان. لە بارەی پێویستییان بە بارێکی گشتی و لە هەموو بارێکەوە ئەوان قسەمان بۆ ئەکەن، هەموو بە حەقائق و ژمارە، ئەگەر ژمارەت نەبێ قسەکان گوێی لێ ناگرن، لەبەر ئەوە دەبێ زانیارییەکی تەواو بێ چ لە بارەی ئابووری بێت، چ کۆمەڵایەتی بێت.

ج ـ پێویستە پلەی پەروەردە و خوێندن چارەسەر بکرێت و، پێش بخرێ و دەسنیشان بکرێ لە ناو ئەو پلانە سەرەکیەدا کە دائەنرێ بۆ گەشەپێدانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

د ـ هەموو پرۆژەیەک کە پێشکەش دەکرێ، واتە کە کورد پرۆژەیەک پێشکەش دەکات، پێویستە ئەم پرۆژەیە لێتوێژینەوەیەکی هونەری و ئابووری هەبێ لەسەر بناماو ئاستێکی جیهانی، واتە هیچ پرۆژەیەکت لێ وەرناگرن، ئەگەر ئەو مەرجانەی کە لە جیهاندا ناسراوە و لە جیهاندا ئاشکرایە تێدا نەبێت بۆ ئەوەی چۆن پرۆژەیەک لە لایەنی ئابووری و هونەری ئەبێ پێشکەش بکرێ.

ﻫ ـ کۆنفرانس داوا دەکا کە بایەخێکی گرنگ بدرێ بە پێک هێنانی حەملەیەکی جیهانی لەلایەن رێکخراوە دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتییەکانەوە و هەروەها حکومەتەکانی جیهان ئاگادار بکرێنەوە، بۆ :ـ

١ ـ دانانی یارمەتی بۆ کوردستانی عێراق بەهۆی کەم بوونی خواردەمەنی و سووتەمەنی و دەرمان.

٢ ـ لابردنی مین لە کوردستاندا.

٣ ـ هاندانی خەڵکی دێهاتەکانی کوردستان بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر دێهاتەکانیان و یارمەتی دانیان بە ئامێرو پێدانی ئاژەڵەوە.

٤ ـ هاندان بۆ دروست کردنی پەیوەندیی دوولایەنە لە نێوان شارەکان و قوتابخانەکانی کوردستان و ئەو دەوڵەتانەی کە ئەیانەوێ یارمەتی کورد بدەن.

٥ ـ هاندانی کۆمپانیاکانی نێودەوڵەتییەکان بۆ خۆماڵی کردنی نەوتی کوردستان و، جەخت لەسەر دروست کردنی پرۆژەیەکی بچوکی پیشەسازی، کشتوکاڵی و، هەوڵ بدرێ دابینی پرۆژەکانی کوردستان لە رێگەی حکومەتی عێراقەوە نەبێ، لەم بوارە دا هەوڵ بدرێ کە توانای رێکخراو و حکومەتە جیهانییەکان بەکار بهێنرێ، هەوڵ بدری کە پارەی بلۆکی عێراقی بەرز بێت و کوردستانی پێناوەدان بکرێتەوە، بە کارهێنان و کار وەرگرتن لە فرۆشتنی نەوت عێراق بەپێی بڕیاری ٧٠٦ ـ ٧١٢ ی ئەنجوومەنی ئاسایش ئەنجام ئەدرێ، گفتوگۆ بکرێ لەگەڵ لیژنەی ئابووری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ رێگادان بە هێنانی کەرەستەی خاو بۆ کارگەکانی کوردستان و، داوا لە رێکخراوی نێودەوڵەتی هاوپەیمانەکان بکرێت بۆ درێژە پێدان بە پاراستنی کورد بە پێی بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجوومەنی ئاسایش، تاوەکو حکومەتێکی دیموکراتی لە عێراقدا پێک دێت، چونکە ئاوەدانکردنەوە و دەرفەت پێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دروست نابێت بەبێ ئەمن و ئاسایش.

ئەمە بوو بەکورتی بڕیارەکانی کۆنفرانس و لەوێدا وەکو عەرزم کردن وەفدەکەمان بەشدار بوو لە هەموو ئەو یاسانەی کە پێشکەش دەکرا و کارێکی هەبوو کە بۆ یەکەم جار وا وەفدی حکومەتی کوردستان بەرەسمی دەناسرێ، بەڵام هەندێ گیروگرفت هەبوو، کە ئەمانە بوون:ـ

لەبەر نەبوونی نووسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەو نووسینگانە وەکو سەفارەت دەژمێردرێ، نەمانتاونی چاومان بە زۆر کەسایەتی سیاسی هۆڵەندی بکەوێت وچاوومان بە پەرلەمـــان ئەورووپی بکەوێت، ئەویش لەبەر ئەوەی دەبێت پێش مـــاوەیەک داوای ئەو چاوپێکەوتنانە بکەین کە کات وکۆششی دەوێت، هەرچەندە هەوڵماندا کە بچین لە دانیشتنێکی

پەرلەمانی هۆڵەندیدا دانشین و، لەگەڵ پەرلەمانی ئەورووپی ئەوەشمان ئەنجام نەدا، بەڵام توانیمان کە د. جەمال فوئاد و کاک مستەفا جاف و من ئاخر ڕۆژ بچین بۆ زانکۆی ئەمستردام لەوی لە زانکۆ توانیمان بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکان ببینین وباری زانکۆکانی کوردستانیان بۆ باس بکەین، ئەوانیش گفتیان دا کە بە زووترین کات لیژنەیەک بنێرن بۆ ئێرە و، لە نزیکەوە چ پێویستییەک هەبێت بە گوێرەی توانا پێشکەشی بکەن، ئەم چاوپێکەوتنانەمان توانی بکەین بە ڕێگای ئەو پاسەپۆرتەی کە پێمان بوو، کە پاسەپۆرتی عێراقی بوو بە ڕاستی زۆر مشکلەمان بۆ دروست دەبوو لە بارەی فیزەوە، چونکە هەتاکو تورکیا فیزەمان هەیە پاشان هیچ شتێکی ڕەسمیمان نییە، لە یۆنان دەبوو ئێمە بڕۆین بۆ قونسڵیەت لە ڕۆما و ئێمە لە ئەمستردام بووین تا ڕۆیشتین بۆ ئەوەێ زۆر ناخۆش بوو، هەموو ڕۆژ بێین و بڕۆین کەسیش نەیدەزانی ئێمە حکومەتین، چونکە لە پاسەپۆرتەکەمان هیچ شتێکی دیاری کراوی تیا نەبوو ، کەوا ئێمە حکومەتین، من داوا دەکەم لە مەولا هەر وەفدێکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەڕوا، داوا بکرێ لە نەتەوەیەکگرتووەکان کەوا جۆرە پەساپۆرتێکمان هەبێ کە فیزەشی نەوێت، ویستمان بچین بۆ ئەڵمانیا بۆ ئەوەی پەیوەندیی بکەین لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی ئەڵمانی، کە کاتی خۆی وەزیری دادیان هاتووە بۆ ئێرە و دەعوەتی کردین، بەڵام نەمان توانی چونکە فیزەمان نەبوو.

بەراستی ئەمە بوو کەموکوورتیەکان کە باسم کرد، بەڵام ئیجابیەکانی بەشداربوونی وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بوو، کارێکی گرنگی هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە، ئەوەی کە پێویستە ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە و کۆنگرە، یان لەو کۆبوونەوەیە ئامادە کراون بۆمانی بنێرن بۆ ئەوەی دابەشی بکەین بە سەر لیژنەکاندا، هەروەها بەسەر ئەندامانیشدا. بە تایبەتی ئەو لیژنانەی کە پێشکەش بە کۆنگرەکە کران، ئەگەر ئەندامانیان ئەم ڕاپۆرتەیان لە ژێر دەستدا بێت بۆ لێتوێژینەوەی سوود بەخش دەبێت.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نزیکەی (١٠) ڕۆژ دەبێت، کە یاسا و پێڕەوەکانمان ناردووە، چاپ کراوە و، داوایان کردبوو کە بە کوردی وەربگێردرێت، بە ڕاستی وەکو سەرۆکی لیژنەی ئابووری باسی کرد، کوردییەکەی زۆر زەحمەتە، چونکە زۆر زاراوە هەیە زاراوەی یاسایی ئابوورییە و، تا ئێستا لەسەری ڕێک نەکەوتووین ، من وای بەباش ئەزانم با بکرێ بە کوردی، بەڵام گفتوگۆ کردنی لەسەر بنەما عەرەبییەکەی بێت، بە گوێرەی یاسا و پێڕەوەکە (٥) بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە لە وەزارەت،

تا ئێستا یەک کەس دانەنراوە لەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیانە ، لەبەر ئەوە ڕێنمایمان ناردووە بۆ وەزارەتەکان، چونکە کاتێ کە ڕاپۆرتی میزانییە پێشکەش دەکرێت، دەبێت داهات و خەرجیشی تیادا دیاری بکرێت و، هێشتا وەزارەت لەبەر ئەم هۆیانە دەزگاکانی تەواو نەبووە:ــ

١ـ لەبەر نەبوونی پەیوەندیی تەلەفۆنی،هەروەها سەبارەت بە داهاتەوە، بۆچی نەتوانین داهاتنمان پێشکەش بکەین، داهاتیشمان لە باجی خانووبەرە و لە باج زۆر کەمن، لە کۆتایی ساڵدا نەمان توانی ڕێژەیەکی تەخمینی تەواو لەم بارەوە ئامادە بکەین، کە داهاتی سەرەکیمان داهاتی گومرکییە، داهاتی گومرکیش وەزعێکی زۆر حەساسی هەیە،لەم ماوەیە(٣) هەفتە ڕێگای دهۆک گیرا بە جارێک داهاتمان هاتە خوارەوە و،لە ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا گرنگی بدرێت بە شتێکی هەرە سەرکی کە ئەویش مووچەیە و، هەندێ شتی پێویست کەوا دەیخاتە ڕوو، ئێمە دێین ڕازی دەبین لەبەر ئەوە بوو کەوا بەپێی میزانیە لە ئەنجوومەنی وەزیران کاری پێ دەکرێ، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە (للوزارة المالية اضافة مبالغ المؤسسات المستحصلة و الظروف الطارئة) ، کاتێ کە میزانیە پەسەند دەکرێت، دەبینیت بارودۆخێکی کوتوپڕ دێتە پێشەوە، پێویستە وەزارەتی دارایی وئابووری دەسەلاتی هەبێ کە بتوانێ ئەم کارە ئەنجام بدات، چونکە حکومەتی مەرکەزی هەموو حکومەتەکانی تریش ئەم دەسەڵاتە ئەدەن بە وەزارەتی دارایی .

(المناقله بين الفصول) بۆ چی ئەدرێتە ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ چی نەدرێتە ئەنجوومەنی وەزیران؟! ، ئەنجوومەنی نیشتمانیی تا کۆ بڕیاری لەسەر ئەدات بۆ ئەمانە لەوانەیە کاتێکی زۆری بوێ، بەلاّم کە بێن (الفصول و داخل الفصول )دا دەسەلاّتی بەڕێوەبەری دارایی تەواوە، بەلاّم لە نێوان فصولدا ئەمە بدرێتە ئەنجوومەنی وەزیران . بە ڕای من زیاتر ئیشەکە ئاسان دەکا، وەکو بدرێتە ئەنجوومەنی نیشتمانیی، بۆ جاری دووەم ئەنجوومەنی وەزیران جارێکی تر میزانیەی تری ناردۆتەوە زیادەی تیا بوو بەنسبەت وەزارەتی ناوخۆ ، چونکە وەزارەتی ناوخۆ هەندێ بڕگەی هەبوو، ئێمە زیادمان نەکردبوو، لەوێشدا ئەم تێکەڵ بوونی ژمارە شتێکی زۆر سروشتییە کە کۆی دەکەیتەوە کۆیەکە هەڵە بێت،ئەم هەلاّنە دەبێ چاک بکرێتەوە لە چاپ ، بەلاّم بۆ دووەمین جار زیادەی تیا بوولەسەر وەزارەتی ناوخۆ و ژمارەکانی زیاتر پێدابچێتەوە، لەوە زیاتر وردتر بوو لە وەلاّمی یەکەمی نووسیتانە کوژاندنەوەی مەبلەغ بە دۆلار بە نسبەت یارمەتی مرۆییەوە بۆ نموونە ئێستا وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی بەو نزیکانە پێویستە نووسینگەیەک بکاتەوە لە دەرەوە، ئەم نووسینگانە لە دەرەوە پێویستی بەدۆلار هەیە، دۆلاریش ئێستا خەریکە وردە وردە لە خەزینەی کوردستاندا پەیدا ئەبێت، چونکە بڕیار هەیە کە بەشێک لە داهاتی گومرک لەمەولا بە دۆلار وەربگیرێ، بۆ چی بکوژێتەوە، ئەمە پێویستە لە ئەنجوومەنی وەزیران بە بڕگەیەک بە دۆلار زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

چەند تێبینیەکم هەیە، یەکەم، لەبارەی داهاتەوە هەتا ئەگەر تەخمینی بوو بۆ سێ مانگ بە دۆلار بدرێت، پێویستە داهات هەر بنووسرێ، بە تایبەتی داهاتی گومرکی لەگەڵ نەبێ و، کێشەی شارەوانی پێویستە بنووسرێ، هەتاکو ئەگەر تەخمینی بێت سێ مانگی رابردوو وەردەگیرێ و، دەربارەی خالی دووەم نووسیانە (للمالیة و الاقتصاد ادارة مبالغ)، (تصدیقا من قبل المجلس) راستە لە هەندی دەولەت دەسەلات دەدەن بەو بەڕێوەبەرەی کە دەسەلات وەرئەگرێ، نابێ لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی وەربگیرێ، ئێستا نووسیمان (بعد اخذ صلاحیة)، دەسەلاتێک بە جەنابی وەزیری دارایی بدات، وەکو (٥٠ تا ١٠٠) هەزار زیاد بکرێ، پێویستە ئەنجوومەنی نیشتمانیی رازی بێت بۆ مەبلغێکی تر، سێیەم (مناقلة داخل فصل واحد و مناقلة بین الفصول)، راستە ئیشوکاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی زۆر زیاد دەبێت، ئەگەر بەو ئیشانە هەستین، بەلام ئێستا وەزعی ئابووریمان زۆر قورسە ، لەبەر ئەوە وتمان زۆر توندی دەکەن، پێویستە لە دەستی بەڕێز وەزیر دارایی و ئابووریدا بێت، ئاستمان زۆر خراپە جا لەبەرئەوە تۆزێک وریا بین و، دەربارەی کوژاندنەوەی دۆلار و ئێستاش دەلێین: ئێمە کوژاندنەوەی دۆلار دەکەین لەئەم برگەیەدا ، (مایدفع مبالغ عن بدل المساهمة أو المشارکة في المنظمات العربیة والاقلیمیة والدولیة بموجب اتفاقات خاصة والمبالغ التي تقرر تقدیم المشارکة في المؤسسات المالیة و العربیة والدولیة مشترکة أو التي تساهم بها الدول). ئەم خانەیە دەرەکییە بە پێی (دلیل المحاسبة المیزانیة الجاریة)، ئەوانەی کە بەڕێز وەزیر فەرمووی سەبارەت بەکردنەوەی نووسینگە لە دەرەوە ، ئەمە داخلی مووچە دەبێ، لەمیانی خزمەتدا دەبێت، کە بازرگانی خانووبەرە وئەو شتانە لە دەرەوەی ئەو خانەیەدایە(ما یدفع من مبالغ بدل المساهمة أو المشارکة المنظمة الدولیة بموجب اتفاقیات کمساعدات نقدیة) ئێمە پێشکەشی دەکەین، ئێمە ئەو توانایەمان نییە و، چاوەڕوانین وەزارەت دۆلاری یارمەتی لەگەلدا بێت، نەک ئێمە یارمەتی بە جیهان بدەین ئەوەی تر بۆ نووسینگەی ناوخۆ لە خانەیەکی تردا دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

حەز دەکەم ئەوە روون بکەمەوە، ئەوەی کە بەڕێز د.سەلاح باسی کرد لە میزانیەکەی بەردەستی ئێمەدا نییە، ئەو شتانە دوایی خراونەتە سەر خانەکان بۆ ئەوەی بەسەر ئێمەدا دەربازی بکەن، ئێمە لەبارودۆخی کارکردنی وەزارەتی دارایی وئابووری تێدەگەین و لەبەر چاومانە، بەلام قەت راست نییە کە وەزارەتی دارایی نەتوانێ بە.پێی یاسای موازەنە بوودجەیەکی رێکوپێک بدەن بە ئەنجوومەنی وەزیران ولە رێی ئەوانیشەوە بۆ پەسەند کردن بخرێتە بەردەستی پەرلەمان.

داوا دەکەم تەئکید لە ناردن و گەیشتنی موازەنەکە بکرێتەوە، چونکە مەرج نییە ، ئەگەر وەزارەت شتێکی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ناردبێت بگاتە ئەنجوومەنی نیشتمانیش.

موناقەلەش لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر، مەسەلەیەکی ژمێریارییە، بۆ مەسەلەی ئەو کاتانەشی کە پەرلەمـان لە پشوودانداپە، ئەوە یاسا دیاریی کردووە کـە چۆن هەڵسوکەوت دەکرێ، لە هەمـوو پەرلەمـانەکـانی دنیـادا وایە، چونکە پەرلەمـان و پەرلەمـانتـارانیش وەکو هەمـوو دەزگـایەکی تر پێویستیان بە ماوەی پشوودان هەیە و پەرلەمانی کوردستانیش لەوانی تر بەدەر نییە و، یاسا ئەو مافەی دیاریی کردووە، حکومەتیش یاسای لەبەر دەستە و دەتوانێ بەگوێرەی یاسا کاروباری دارایی خۆی راپەڕێنێ. وایشی بە پەسەند دەزانم کە ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەیەکی دارایی پێک بێنێ بۆ ئەوەی بەهاریکاریی لەگەڵ لیژنەی ئابووری ودارایی پەرلەماندا بۆ ئەوەی لە ماوەی (١٠)رۆژدا دووبارە بە پرۆژەی موازەنەکەدا بچنەوە ودواییش لەگەڵ لیژنەی یاسادا گفتوگۆی لەسەر بکەن، ئەوسا لە پەرلەماندا بە مەبەستی پەسەند کردن بخرێتەوە بەر باس ولێکۆڵینەوە، چونکە باس کردنی ئێستا لێرەدا زۆر دەخایەنێ.

ئەوەشی کە ئێستا وەکو میزانییەیەکی تەخمینی لە سنووری (١٠٠)ملیۆن دینار دیاری کراوە، بۆ ئەوەی ئەنجـوومـەنی وەزیران تا پەسـەند کـردنی بوودجـەی سـاڵانە کـاروباری خـۆی پێ هەڵسـووڕێنێ، ئەوەش دەبێ بەپێی یاسـا بێ و لەگـەڵ پەسـەند کـردنی بوودجـەی سـاڵانەشـدا بخرێتەوە سەر بوودجەکە.

ئێستاش ئەگەر پێتان باشە ئەوا با ئەم پێشنیارانە بخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی بڕیاریان لەسەر بدەین، ئەگەر بیروبۆچوونی تر نییە؟.

**بەڕێز د. کەمـال محـەمـەد عـەبدولکەریم فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من تێبینیەکم هەیە لەسەر ئەوی کەوا وترا زمانی کوردی لەو مستەوایە نییە کە ئەم مەسەلانەی پێ باس بکرێت، وەکو زمانی کوردی هەر زمانی شیعرو گفتوگۆ بێت نەک زمانی زانست، من بە راستی زۆر بێزاری خۆم نیشان دەدەم بەرامبەر بەو قسەیە پێویست بوو بڵێن کوردی نازانم ، من ناتوانم ئەمە بکەم بە کوردی، ئەمە بە کوردی پێشکەش بکەم، نەک زمانی کوردی ئەوانەی پێ نانووسرێ، هەموو ئەو شتانەی کە باسی کرد بە زمانێکی کوردی پاک و خاوێن ئەنووسرێتەوە و ئەتوانرێ پێشکەش بکرێ، لە راستیدا حەز دەکەم نارەزایی خۆمان پیشان بدەم بەرامبەر بەو قسەیەی کە ئەو ئەندامە بەڕێزە کردی، سوپاس.

**بەڕێز جـەمـیل عـەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من کـوردی باش دەزانم، من ئەندامم لە یەکـێـتی نووسەرانی کـوردسـتـان و من نەم وتووە نانووسرێ، وتم لەبەر وردی دەقە یاسایەکان دانەنراوە، تاکو ئێستا هەموو دەقەکانمان عەرەبییە، یان فەرەنسی، یانیش ئینگلیزییە، دەتوانین گشتی وەری بگێرین بۆ هەموو زمانێکی تر، ئەو بڕیارەی کە وەردەگێردرێ، دەقی یاسای عەرەبی کە ئەلف لامی بگۆری دەقەکە هەڵەی تێ

دەکەویت، من تەنها مەبەستم لە دەقی یاساکەیە نەوەکو شتێکی تر، شیعرو ئەوانی تر وەرگێر دەتوانێ هەستی خۆی و دەسەلاتی خۆی تیا دیاری بکات، بەلام یاسا وا نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچی زاراوە هەیە لە سالی ١٩٧٠وە وابزانم لە هەموو کتێبخانەکاندا هەیە، کوردی زانیاری کورد هەموو زاراوەی ئابووری و دارایی داناوە وابزانم هیچ گۆرانکارییەک نییە کە دووکەس بەجۆرێک باسی جۆرە وەرگێرانێک بکات، ئێمە لیژنەی رۆشنبیری ئامادەین بۆیان بکەین بە کوردی، بەلام بە داخەوە هەندێ برادەر سوورن لە سەر ئەوەی لەبەر هەندێ هۆ کە ئەبێ لێرە زمانەکە عەرەبی بێت ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە پرسیارێکی ترم هەیە، ئێمە کە لیژنەیەکی وا گەورەمان داناوە، ئایا ئەو پارەیە هەیە کە داینێین یان نە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە میانی ئەو زیادەی کە لیژنەکە داوای کرد داهاتیش لە شانی ئەوە بوو، هەتاکو ئەگەر تەخمینیش بێت ئەبێ درێژ بکرێ، چونکە مەرج نییە تەخمینی ١٠٠٪ بێت، ئەگەر عەجز هەبوو، پاشان دەتوانن روونی بکەنەوە هۆی چییە؟، ئەو موازەنە کەموکوورپی تیادایە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە چەند جارێکە کە داوا کراوە کە راپۆرتەکان بکرێنە کوردی، با فەرز بکرێتە سەریان کە راپۆرتەکان بکرێتە کوردی، موازەنە هەر موازەنە بێ، من بروا ناکەم کەسێک هەبێ، سوور بێ لەسەر ئەوەی کە هەر دەبێ عەرەبی بێت، لێرە کەسی وا نییە، بەلام لەوانەیە کەسانێک هەبن لێرە لە عەرەبییەکە باشتر تێ بگەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم کێشەیە هەمیشە دووپات دەبێتەوە و، چەند جاریشە پێشنیار دەکەن و دەلێن لەمەو دوا با لیژنەکان لە نێوان خۆیاندا رێککەون، هیواداریشم کۆتایی بەم جۆرە گفتوگۆیانە بێنن، لەمەودوا شتەکانمان بە کوردی بێت،سەبارەت بە یاساکانیش با بەڕێز حسێن عارف وەربیگێرێ ولەگەل لیژنەی یاسادا رێکبکەون، ئەگەر پێویستییان بە هاوکاری هەبوو ئەوە لیژنەی رۆشنبیری ئامادەیە کە هاوکاریان بکەن، دێینە سەر ئەسلی بابەتەکە.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەگەل ئەم پاشکۆیە، پاشکۆی میزانیە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەستەی سەرۆکایەتی ئەم پێشنیارەی کردووە و، ئەگەر لەگەلێن ئەوە دەیکەین بە بڕیار:

به ناوی میزانیەی تەخمینەوە ئەگەڕێنەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بە ماوەی ١٠ ڕۆژ و بە تەنسیق لەگەڵ لیژنەی ئابووری پەرلەمان لیژنەیەکی هاوبەش ئەم بابەتە زوو چارەسەر بکەن و، ئەم کەموکوورییەی دەسنیشان کراوە، چونکە بە راستی ڕەدی ناکەیتەوە لە شوێنێک، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕەسمی هەر شتێک وا بێ پرۆژەی یاسایە، ئەبێ خولێکی تر بێتەوە بۆ ئێرە، دەبێت تەنسیق هەبێت لە نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە زوو بڕوات بەڕێوە و، ئەم بابەتە چارەسەر بکەن، ئەم کەموکوورییە کەم بکەنەوە بۆ ئەوەی ئیشوکاری حکومەتیش بڕوا و ڕانەوەستێ، مەبلەغێک دەسنیشان بکرێت، هەتا میزانیەکەیان پەسەند دەکرێ. ئەو مەبلەغە بەشێک دەبێ لەو میزانیەی کە تەخمینی دەکرێ، جارێکی تر دێنەوە سەر ئیشوکاری خۆیان ڕانەوەستێ و، دەبێت ئەم میزانییە لە ماوەی( ١٠ )ڕۆژدا پەسەند بکرێت، لە میانی ئەوەدا ئەبێ یاسای موازەنەی لەگەڵدا بێ.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە با دەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا.

لیژنەی ئاوارەکان دروست بکەین، لێتۆژینەوەی بارودۆخەکەمان بۆ بکەن، ئەگەر لاریتان نییە ئەوە بڕیار هەیە، تکایە ناوەکان دەسنیشان بکەن و بەزووترین کات دەست بە ئیشوکار بکەن، لیژنەکەش لەم بەڕێزانە پێک هاتووە (یەحیا بەرزنجی ـ مەلا محەمەد ئەمین ـ گەلاوێژ خان، ـ فەوزیە خان ـ جەلال جەوهەرـ جوهر ئەحمەد شاواز) ئەم شەش ناوە لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتی دەسنیشان کراون بۆ ئەم لیژنەیە. لیژنەی ئابووری پێشنیاریان هەیە بۆ میزانیەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، ئەبێ بخرێتە پێش چاوتان.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێویستە لیژنەی تایبەتی وەزارەتی داراییش بەشداری بکات و، کۆبێتەوە لە گەڵیاندا و، ئەمەش وەکو وەزارەتەکانی تر یاسای تیایە و، هیوادارم ئەم میزانیە هەتاسەر بۆ مانی بنێرن، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی یاسای ئەنجوومەن ، مادەی (٥٦) برگەی(٨) و یاسا پێڕەوی ناوخۆ (٣٤ ـ ٦٩) ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ، ئەنجوومەنی نیشتمایی پێڕەوی ناوخۆی تایبەتی خۆی هەبێ، بۆ خۆی دادگەری و پەسەند کردن و وردەکاری دەکات، پاشان لەگەڵ میزانیەی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ ئەو بایەخەی کە بە میزانیەی ئەنجوومەن دەدرێ، بەڵام یاسا لێرە بڕیاری لەسەر ئەدرێت، کە پەرلەمان پەسەندی کرد، ئەو کاتە بڵێی میزانیەی گشتی، ئەو میزانیەیە دەبێ کە وەزارەتی دارایی پێشکەشی دەکات، وەکو میزانیە، بەڵام ئەوە ناکرێ، چونکە کاتێک پەسەند دەکرێ کە گفتوگۆی لەسەر بکرێ، هەتاکو حساباتی کۆتایش لێرە عەرز دەکرێ و، دەدرێت بە لیژنەی دارایی،پاشان دەگەڕێتەوە لای ئێمە، ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم میزانیەدایە با دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ میزانیەکە پەسەند کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای وەزارەتی ئەوقاف ئامادەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

شەمەی ئاینده کۆدەبینەوە، لیژنەی یاسا هەرچی هەیە با بۆ دانشتنی ئایندەی ئامادە کات، دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێهات، سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(٤١)

**شەممە ڕێكەوتی ١٧/ ١٠/ ١٩٩٢**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(٤١)

## شەممە ڕێكەوتی ١٧/ ١٠/ ١٩٩٢

*سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێكەوتی١٧/ ١٠/ ١٩٩٢ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادە بوونی سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ئاسایی ژمارە(٤١)ی خولی یەكەمی ساڵی یەكەمی خۆی بەست.*

*سەرەتا لە لایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێندرا و، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بە ناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنەكەی دەست پێكرد.*

*بەرنامەی كار:*

*١ــ بەر چاو خستنی ئەو ڕاپۆرتەی كە تایبەتە بە بەندیخانەكانی هەرێمی كوردستانەوە.*

*٢ــ بەرچاو خستنی پێشنیاری لیژنەی ئەوقاف وكاروباری ئیسلامی كە تایبەتە بە پێك هێنانی لیژنەیەك بۆ چاودێری كردنی ئەو فلیمانەی كە لە تەلەفزیۆنەكانی هەرێمی كوردستانەوە پیشان ئەدرێن، بە مەرجێك یەكێك لە زانایانی ئایینی ئەندامی لیژنەكە بێت.*

*٣ــ بەرچاو خستنی پێشنیاری لیژنەی كارگوزارە گشتییەكان دەربارەی پێك هێنانی لیژنەیەك بۆ لێكۆڵینەوە لە چۆنیەتی دابەش كردنی كەلوپەلی خواردەمەنی (مواد غذائیە) لە پارێزگای هەولێر، وەكو ئەوەی لە پارێزگای سلێمانیدا ئەنجام درا.*

*٤ــ بەرچاو خستنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف وكاروباری ئیسلامی و پەسەند كردنی.*

*٥ــ تازە بابەت.*

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــوومـــەن:**

**بەڕێزان، بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بە سەرۆكایەتی وەفدێكی پەرلەمانی كوردستان سەفەری كردووە بۆ ئەوروپا، بە مەبەستی ڕوونكردنەوەی كێشەی گەلەكەمان و، بەرچاوخستنی داخوازییەكانیەكانی گەلی كورد.**

بەپێی مادە (١٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن بە جێهێنانی گشت ئەكەركانی سەرۆكایەتی كەوتە ئەستۆی من. هیوادارم بەهاوكاری لەگەڵ ئێوەی بەڕێزدا بتوانم بەم ئەركە هەستم و، داوای لێ بووردن دەكەین كەنەمان توانیوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بەرنامەی كاری كۆبوونەوە پێش دوو ڕۆژ بخەینە بەردەستان، بۆ ئەوەی ئێوەی بەڕێز ماوەتان ببێت لێكۆڵینەوەی لەسەر بكەن، تاوەكو خۆمان دوور بخەینەوە لە دەنگدان لەسەر هەندێ بڕیاری كتوپڕ. بەڵێن ئەدەین لەمەودوا ئەو

کەموکووڕییە نەهێڵین.

پرۆگرامی ئەمڕۆتان لەبەر دەستدایەو ، ئەگەر سەرۆکی کتلەکان هیچ خاڵی تازەیان هەیە بیخەینە پرۆگرامەوە بەپێی تازەبابەت.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تۆمـــا هــەریری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

بۆ تازە بابەت سێ بابەت هەیە:

یەکەم: دەربارەی کێشەی ئەو خانووانەی کە لەلایەن پێشمەرگەوە دەستیان بەسەر داگیراوە، ئایا هیچ بریارێک دراوە بۆ چۆڵ کردنیان؟.

دووەم: پێشنیار دەکەم کێشەی جووتیارە ئەنفال کراوەکانی ناوچەی گەرمیان بخرێتە بەرنامەی کاری ئەمڕۆوە.

سێیەم: سەبارەت بە ڕێگای هەولێر۔ دهۆک، ئەم ڕێگایە زۆر گرنگەو، حکومەتی هەرێم دەبێ زۆر گرنگی پێ بدات.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

بۆ تازە بابەت چەند خاڵێک هەیە:

١ـ دەربارەی مەسەلەی سووتەمەنی پرسیارێک ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێ.

٢ـ مەسەلەی دەرامەتی لیژنەی ئاوارەکان پێشنیارێکمان هەیە پێشکەشی بەڕێزتان وئەندامانی پەرلەمانی دەکەم.

٣ـ داوا لە حکومەتی ئێران بکرێت ئەو دیلە کوردانەی کەلەلایەتی ئازاد بکرێن، هەروەها داوای لێ بکرێت دەست هەڵگرێ لە تۆپبارانی گوندەکانی کوردستانی عێراق.

٤ـ پێشنیار دەکەین کە کرێی زەوی لە کوردستان کەم بکرێتەوە.

٥ـ داوا دەکەین گفتوگۆ بکرێ لەسەر کێشەی خانووی شەهیدان.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئەو خاڵانەی کەپێشنیار کران هەموو خاڵی گرنگن پێویستی بەباس کردن هەیە، بەڵام بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان زۆرەو، لەوانەیە نەتوانین ئەمڕۆ ئەم خاڵانە گفتوگۆیان لەسەر بکرێ، ئەگەر رازی بن دوای دەخەین بۆ بەرنامەی داهاتوو.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تۆمـــا هــەریری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

راستە ئەمڕۆ بەرنامەکە درێژە، پێشنیار دەکەم بخرێتە بەرنامەی کاری داهاتوو، لەبەر ئەوەی خاڵەکان هەمووی بە پەلەن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

داوا دەکەم پێشەکی گفتوگۆ لەسەر پێشنیارەکانی لیژنەی ئاوارەکان بکەین، چونکە ئەندامانی لیژنەکە ئیشوکاریان زۆرە دەیانەوێت بڕۆن بۆ ئەوەی بەپەلە تەواوی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجــومـــەن:**

ئەمە باسی بەرنامەی کارە، ئەگەر بەڕێزان ئەندامان هەر پێشنیارێکیان هەیە تکایە بیدەن بە سەرۆکی کوتلەی خۆیان ئێمەش ئەوکاتە پێشنیارەکە وەردەگرین، یا دەڵێن دوای بخەن.

سەبارەت پێشنیارەکەی بەڕێز ئەیاد. ئەندامانی لیژنەکە کە ئەو ڕاپۆرتەیان ئامادە کردووە با بەنووسین بیدەن بە سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی بڵاوی بکەینەوە بەسەر ئەندامان پێش ئەوەی باس بکرێت، تاوەکو هیچ بڕیارێکی کتوپڕ وەرنەگرین لەسەر ئەم بابەتە.

**بەڕێز فـــرەنـســو تۆمـــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێشنیارەکەی منیش پەیوەندیی هەیە بە پێشنیارەکەی بەڕێز ئەیاد کە دەربارەی کێشەی جووتیارانە، داوا دەکەم هەردووکیان بکرێتە یەک بابەت، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجــومـــەن:**

ئێستا دێینە سەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان.

خاڵی یەکەم بەرچاوخستنی ئەو ڕاپۆرتەی کەتایبەتە بەبەندیخانەکانی هەرێمی کوردستانەوە.

**بەڕێز نەهلە مـــحـــەمـــەد ســـەعـــدوڵلا:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ڕاپۆرتەکەی خوێندەوە

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجــومـــەن.**

سوپاسی لیژنەکە دەکەین بۆ ئەو ڕاپۆرتە.

ئێستاش ئەندامانی بەڕێز هەر تێبینی و پێشنیاریان هەیە لەسەر ئەم ڕاپۆرتە با بفەرموون.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ڕاپۆرتی ئێمە هەندێ ئەنتێکی تێدایە کە تەفسیلاتی تەواوی تێدایە، ئەوە لەبەردەمی سەرۆکایەتییە، لەوانەیە هەندێ خاڵی تێدابێت پەیوەندی بەئەندامانی بەڕێزەوە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

خاڵێک هەیە لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژەی بۆ نەکراوە ئەویش مەسەلەی پارێزەرانە، بەراستی پارێزەران زۆر تۆمەتیان دراوەتە پاڵ بەبێ ئەوەی لیژنەکە هیچ حسابێکیان بۆ بکات.

بێگومان پیشەیی پارێزەری پاک و سەربەخۆیەو بەرگری لە میللەت دەکات، ئێمە نابێ هەر کەسێک قەسەیەکی کرد بڵێین راستە، چونکە ئەمە دەبێتە دەست تێوەردان لە ئیشوکاری قەزاو دادگا، لەبەر ئەوە داوا دەکەم لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەم بابەتە بکرێ ئەگەر راستە ئەوا ئیجرائات وەربگیرێ، ئەگەر راستیش نییە نابێ ئەم بابەتە لە راپۆرتەکەدا ئاماژەی بۆ بکرێ.

**بەڕێز ئەکرەم عاشور عەودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێ سکاڵای دانیشتوانی عەنکاوەم لەگەڵ راپۆرتەکەدا هاوپێچ کردووە، چونکە هەندێ هاووڵاتی لە شارۆچکەی عەنکاوە لەماڵەکانیان دەرهێنراون بە بیانووی ئەوەی دەیانبەنە بارەگاو دەگەڕێنەوە ماڵی خۆیان، بەڵام تاکو ئێستا نەگەڕاونەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەلای منەوە باشتر بوو کە دەزگاکانی راگەیاندن لێرە بوونایە، لەبەر دوو هۆی سەرەکی:

یەکەم: ئەوەندەی من ئاگادارم یەکەم جارە ڕاپۆرتێکی وا لەلایەن یەکێک لە لیژنەکانی پەرلەمانەوە پێشکەش دەکرێت.

دووەم: بۆ ئەوەی جەماوەر لە ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکە ئاگادار بێت.

دەربارەی بەندیخانەی حزبەکان پرسیارێکم هەیە، ئایا ئەوە راستە بەندیخانەیان نییە؟، ئەگەر لە لێکۆڵینەوە دەرکەوت ئەو حزبانە بەندیخانەیان هەیە دەبێ ئیجرائاتیان بەرامبەر وەربگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ خاڵی ئامادەبوونی دەزگاکانی راگەیاندن من لەگەڵ ئەوەدام، هیوادارم بۆ ڕاپۆرتەکانی تر ئەمە جێبەجێ ببێ، چونکە شتێکی باشە جەماوەر ئاگاداری ئەم جۆرە بابەتانە ببێت و، بەتایبەتی ئەمە هیچ شتێکی تیادا نییە دژی بەرژەوەندی میللەتی کورد بێت.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان حەزم کرد بزانم ئەو (١٠) پیاو و(٤) ژنەی کە گیراون هی خۆپیشاندانەکەی (p.k.k)ەن یان پاشتر گیراون؟، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی لیژنەکە ئەکەم بۆ ئەوکارە مرۆییانەی کە کردوویانە، بەڵام من رەخنەم لەوە هەیە کە دەڵێن زیندانییەکان ئەشکەنجە نەدراون، چونکە من لەو باوەڕەدا نیم کە ئەشکەنجە نەدرێن ئەمە یەک، دوو، ئەو کەسانەی کە سەرپەرشتی بەندیخانەکان دەکەن هەموویان تەبیعەتی بەعسیان هەیە،

من له سلێمانی و لێرەش شتی وام بەدی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ساڵی رابردوو ژمارەیەکی زۆر منداڵ لەناو بەندیخانە گەورەکاندا گیرابوون و، لە دوایدا ئازاد کران.

داوا دەکەم ئەو منداڵانە بەندیخانەی نەوجەوانان (سجن الاحداث)یان بکرێتەوە، چونکە تێکەڵ کردنی ئەو منداڵانە لەگەڵ تاوانباری گەورە لە بەندیخانەدا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو منداڵانە فێری تاوان و کاری خراپ ببن، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی لیژنە دەکەین بۆ ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە رێک وپێکە.

خەباتی میللەتی کورد ئەوە چوار ساڵە داوای بۆ دابین کردنی مافی مرۆڤ بووە، لە راپۆرتەکەدا دەیارە کە زیندانی زۆرە، هەر لایەنێک زیندانێکی سەربەخۆی هەیەو، ئێستا پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، پێشنیار دەکەم کەوا هەموو بەندیخانەکانی سەر بەحزبەکان نەمێنێت و، تەنها وەزارەتی داد ئەو دەورە ببینێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێ پرسیارم هەیە لە لیژنەی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە:

یەکەم: هەندێ لە حزبەکان دەڵێن ئێمە زیندانیمان نییە وەکو (حزبی شوعی و ئیسلامی و یەکگرتن)، بەپێی زانیاریم ئەو حزبانە کاتی خۆی بەدندیخانەیان هەبووەو، ژمارەیەک خەڵک لەلایان گیراون، بەڵام ئێستا بەندیخانەکانیان نەماوەو، ئایا لیژنەکە پرسیاری ئەوەی لێ کردوون کە ئەو گیراوانە ئێستا لە کوێن و چییان بەسەر هاتووە؟.

دووەم: دەربارەی مەسەلەی پارێزەران، ئایا ئەو کەسانە هیچ بەڵگەیان هەیە کە دادوەرو پارێزەرەکان خەڵکیان بەپارە ئازاد کردووە؟.

سێ یەم: باسی گیروگرفتی پیسی لەیەکێک لەبەندیخانەکان کرا، ئایا لیژنەکە ئاگاداری شاوەرانی هەولێری کردووە کە چارەسەرێک بۆئەو گرفتە بدۆزێتەوە یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە مەسەلەی تاوانبارکردنی دادوەرو پارێزەران، پێشنیار دەکەم لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ئەو بابەتە بکرێت و ئەنجامەکەشی رابگەیەنرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ڕێکخستنی زیندانەکان، پێشنیار دەکەم کە هەموو بەندیخانەکان یەک بکرێت و، بدرێتە لایەنێکی ڕەسمی کە سەرپەرشتی بکات.

لە بارەی کارە گشتی یەکانەوە زۆر جێگای ڕێزە بەتایبەتی برگەی «ب» کەباسیان کردووەو، زۆر پێویستە بڕیارێکی تایبەتی پێ دەربچێت و، ڕەزامەندی ئەنجوومەنی لەسەر بێت تا لەگەڵ برگەی «د»دا بۆ جیاکردنەوەی ژن و پیاوو منداڵان لە بەندیخانەکان و، حەق وایە کارێکی تایبەتی وخێرای بۆ بکرێت، هەروەها پێشنیار دەکەم لە بەرنامەی داهاتوودا باسی ئەو فلیمانە بکرێ کە لە سینەمایەکاندا پیشان دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا یەک بەیەک وەڵامی پرسیارو تێبینی ئەندامە بەڕێزەکان دەدەمەوە:

١ــ پرسیارەکەی بەڕێز سید حسن بەرگری لە پارێزەران دەکات. منیش پێمخۆشە ئەوەی تێدا نەبوایە، بەڵام ئەمرەکەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دیاری کردووە کە ئێمە چی بکەین. ئێمە وتومانە هەندێک پارێزەر، بێگومان لە هەموو جێگایەک هەندێ کەس هەنە کە ئیشی خۆیان بەتەواوی جێبەجێ ناکەن و، لێرە مەسەلە ئەوە نییە کە ناوی پارێزەران بەد بکرێت و، پاشانیش ئەگەر سەرۆکایەتی رازی بێت ئێمە دووبارە لەو بابەتە دەکۆڵینەوە.

٢ــ بەڕێز ئەکرەم عاشوور گووتی هەندێ سکاڵای هاوپێچ کردووە لەگەڵ ڕاپۆرتەکەدا. ئێمە ئەو سکاڵایانەمان لەگەڵ ڕاپۆرتەکە ناردووە بۆ سەرۆکایەتی.

٣ــ د.کەمال پرسیار دەکات ئایا ئەو حزبانە ڕاست دەکەن بەندیخانەیان نییە؟.

ئێمە کە چووین بۆ سەردانی بەندیخانەکان تەنیا چوار خانی دیاری کراومان لابوو بۆ ئەوەی بزانین لایەنی یاسایی و مرۆڤایەتی و ئیداری وباری بەندیخانەکان چۆنەو، هیچ شتێکی ترمان بەدەستەوە نەبوو، لەبەر ئەوە ئێمە تەنیا توانیمان نووسراوێک لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی حزبەکان وەربگرین تیایدا نووسراوە کە بەندیخانەیان نییە، بۆ ئەوەی دوا ڕۆژ ئەگەر دەرچوو بەندیخانەیان هەیە ئێمە بڵێین بەڵگەمان بەدەستەوەیە کە گووتیانە بەندیخانەیان نییە.

٥ــ بۆ وەڵامی پرسیاری بەڕێز ئەحمەد بامەرنی، ئەو ژن و پیاوانەی کە گیراون هی خۆپیشاندانەکەی پەکەکەن.

٦ــ بەڕێز پەریخان دەڵێ زیندانییەکان ئەشکەنجەدراون.

ئێمە ئیدارەی بەندیخانەکانمان بە ئامادەبوونی هەموو ئەندامانی لیژنەکە دیت. تەندروستی زیندانییەکان زۆر باش بوو، لەبەر ئەوە لەو باوەڕەداین کە ئەشکەنجە نەدراون. هەروەها

دەبارەی ئەو کەسانەی کە هێشتا بەعسین و ماون، ئەوانەی ئێمە دیتمان وانەبوون، بەڵام کون و کەلەبەری بەعسیش هەر ماوەو هەوڵ دەدەین کە نەمێنیت و، داوا دەکەین لە حکوومەت بە زووترین کات مرۆڤی چاک دابنێت لە جێگایان.

٧ــ سەبارەت بە پرسیاری بەڕێزهێرۆ خان. لە خاڵی (د)دا باسمان کردووە کە مێرد منداڵەکان حەپسخانەیان بۆ جیابکەنەوە، وەکو قوتابخانەیەکی ئیسلاحی لێ بکرێت.

٨ــ بەڕێز ئیبراهیم سەعید داوای ئەوەی کردووە ئەو بەندیخانەی کە سەر بەحکوومەتی کوردستان نین هەڵوەشێنرێنەوە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین بڕیاری بەرەی کوردستانی وحکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە ئیتر ئەو بەندیخانانەی تر بۆچی؟.

٩ــ بەڕێز فرەنسۆ ئەڵێ حزبی شیوعی وبزووتنەوەی ئیسلامی ویەکگرتن حەپسخانەیان هەبووە. ئێمە پرسیارەکەمان لە سنووری هەولێر بووەو، لەوە زیاتر هێزمان نییە کە لێیان بپرسین و، وەرەقەیەیان لێ وەربگرین بۆ نموونە ئێمە لەبرادەرانی یەکگرتن پرسیارمان کرد گووتیان لە رانیە هەمانە، بەڵام لێرە نیمانە، جا راستە یان نا؟ ئێمە بە ئیمزای حزبەکان خۆیان راپۆرتێکمان لێ وەرگرتوون.

دەربارەی پرسیاری دووەمیشی ئایا ئاگاداری شارەوانیی هەولێر کراوەتەوە؟. من لەکاتی پێشکەشی کردنی راپۆرتەکە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەن، داوام لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن کرد کە پەیوەندی بکەن لەگەڵ شارەوانیی هەولێر بۆ چارەسەر کردنی گرفتی پاک و خاوێنی بەندیخانەکان.

١٠ــ بەڕێز شێخ موحسین داوای یەکخستنی بەندیخانەکان دەکات ئێمەش دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی بەرەی کوردستانی کە ئەوانیش دەڵێن داوا دەکەین بەندیخانەیەکی جیابۆ ژنان هەبێت، بەندیخانە هەیە تێکەڵاونین، بەڵام نزیکن لەیەک، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

رای سەرۆکایەتی ئەوەیە لیژنەیەک لە هەر سێ کۆمیتە (ناوخۆ، یاسا،کاروباری کۆمەڵایەتی) پێک بهێنرێت لە ناو پەرلەمان بەمەبەستی دیراسەکردنی راپۆرتەکەو، دانانی چارەسەری گونجاو بۆ گرفتەکانی کە لە ناو راپۆرتەکە ئاماژەی بۆ کراوە، پاشان پوختەی راپۆرتەکەیان ئاراستەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بکەن.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیار دەکەم ئەو لیژنەیە، لیژنەی کاروباری کۆمەڵاتیشی لەگەڵدا بێت، چونکە ئەوانیش پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان من ئەو پێشنیارەی کردم مەبەستم مێرد منداڵ نەبوو کە بەڕێزان ئەندامانی لیژنەکە دیاریان کردووە وابزانم مێرد منداڵ لەتەمەنی (١٣) ساڵ بۆسەرەوە دەگرێتەوە، بەڵام ئەوە منداڵانەی کە لەزیندانەکاندا بوون تەمەنیان لە (١٠) ساڵیش کەمتربوو، چونکە مەعقول نییە منداڵێکی ٩ساڵانە لەگەڵ گەنجێکی ١٨ساڵ لەیەک ژوور بەند بکرێن. لە هەموو شوێنێکدا ئەمە خانووی تایبەتی خۆی هەیە، چۆن ناتوانرێ گەنجێک لەگەڵ پیاوێکی گەورەی خاوەن تەجروبە بەند بکەی هەرواش ناتوانی منداڵێک لەگەڵ گەنجێک بەند بکەی، لەبەر ئەوەی ئەوان پێویستیان بەزیندان نییە پێویستیان بەماڵێکە، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو کێشەیە ڕوو بەڕووی وەزارەتی ناوخۆ بکرێتەوە، چونکە بەڕاستی کارەکە تایبەتە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، نەک پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێکی زۆر هەیەلەسەر ئەم ڕاپۆرتە، لیژنەی ناوخۆو یاساو کاروباری کۆمەلایەتی ئەم کارە جێبەجێ دەکەن و، دەدرێت بە وەزارەتی پەیوەندار.

ئێستا کەس تێبینی هەیە لەسەر پێکهێنانی ئەو لیژنە کاتییە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک تێبینیم دەربارەی مەسەلەی پارێزەرەکان هەیە، لە هەموو شارەکان پارێزەران لیژنەی سکالایان (شکاوی) هەیە لە ژووری پارێزەران بۆ تەمەشاکردنی کێشەی نێوان پارێزەرو گیراوەکان، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم مەسەلەی پارێزەران لەم ڕاپۆرتەدا ئیستسنا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە خالە پاشان ڕەچاو دەکەین.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم کێشەیە بدرێتە دەست ئەو لیژنەیە کاتیەو پاشان بدرێتە ئەنجوومەنی وەزیران تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بەزۆربەی دەنگ ڕازی بوون کێشەکە بدرێ بەئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاپۆرتی سەبارەت بەبەندیخانەکانی دهۆک وناوچەکەی خوێندەوە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو پرسیارم هەیە:

١ــ بۆچی ئەو حزبانەی لە حکوومەتی کوردستاندا بەشدارن بەندیخانەیان هەیە؟.

٢ــ ئەگەر بەندییەکانی ئەو حزبانە لەبەر بیروڕای سیاسی گیراون بۆچی نادرێنە بەندیخانەی ڕەسمی؟ ، پاشانیش پرسیارم دەکەم کوانێ ئازادی بیروڕا؟.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵێکم هەیە دەمەوێ باسی بکەم، هیچ حزبێک بۆی نییە بەندیخانەی هەبێ هەتا ئەگەر لە پەرلەمان وحکوومەتیشدا بەشدار بن.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو پێشنیارم هەیە،

یەکەم: دەربارەی خواردنی زیندانییەکانە، ئەو پارەی کە بۆ خواردنی ئەوان تەرخان کراوە تاکو ئێستا (٣٥٠) فلسە، بێگومان ئەوەش پارەیەکی زۆرکەمە، داوا لەوەزارەتی دارایی دەکەم بڕێک پارەی باش تەرخان بکات بۆ ئەم مەبەستە.

دووەم: بۆئەوەی بەندیخانەی تاوانبارانی تلیاک لە تاوانی ئاسایی جیا بکرێتەوە ، واپێشنیاردەکەم لیژنەیەکیش بچێت بۆ سلێمانی، چونکە قسە لەسەر زیندانییەکان ئەوێ هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارە بە سلێمانی وەکو هەولێر ودهۆک لیژنەیەکیش چووە بۆئەوێ، بەڵام ڕاپۆرتەکەیان نەگەیشتووە، بەڵێنیان داوە بەیانی بیهێنن، ئەگەر گەیشت دەیخەینە بەرنامەی بەیانییەوە.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو دوو هۆڵەی لە بەندیخانەی زاخۆدان لە یەکێکیاندا باری تەندروستی هەموو بەندییەکان باش بووەو، ئەوی تر باش نەبووە، لەکاتێکدا سەر بە بەڕێوەبەرایەتی یەک ناوچەن پرسیار دەکەم بۆ دەبێ جیاوازی هەبێت لەنێوان ئەم دووهۆڵە؟.

پرسیارێکی تریشم هەیە: بۆهەتا ئێستا شارەکانی کوردستان هەموویان قایمقام وبەڕێوەبەری ناحییەیان بۆ دانەنراوە؟، ئەو تەنگ وچەڵەمانە خۆزگە چارەسەر دەکران وبۆ ئەوەی تەشەنەنەکات، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

دیارە ڕاپۆرتەکە مانگێک زیاترە نووسراوە لە(٤/٩تا ٩/٩) هیوادارم لەو ماوەیەدا زۆرشت گۆڕا بێت، بەڵام ئەگەر نەشگۆڕا بێ ئەوا بەرەی کوردستانی بەیانی کۆبوونەوەی خۆی دەبەستێت، من و بەڕێز د. فوئاد هەوڵ دەدەین کۆتایی بە مەسەلەکە بێنین، من بەش بە حاڵی خۆم وەکو نوێنەری پارتی هەوڵ دەدەم ئەوەی زاویتەو هەموو بەندیخانەکانی تر کە ماوە هەمووی بچێتە بەندیخانە ڕسمییەکان، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من دوو بابەتم هەیە، یەکێکیان لە جیاتی بەڕێزان ئەندامانی لیژنەکە وەڵامی پرسیارەکەی بەڕێز د.قاسم دەدەمەوە، مەسەلەی خواردن لە بەندیخانەکانی دهۆک پاش ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە چارەسەر کراوە بە هاوکاری پارێزگاو پۆلیس.

ئەوەی بەڕێز فرەنسۆ باسی کرد ڕاستە ئەوە مانگێک زیاترە بەسەر مەسەلەکەدا تێپەڕیوەو، تاکو ئێستا لە ناوچە دوورەکان بەرەی کوردستانی ئیشوکارەکان بەڕێوە دەبات لەبەر ئەوەی هێشتا لەو شوێنانە ئیدارات دانەنراوە تەنیا لە زاخۆ نەبێ کە ئێستا لەوێ پارێزگار هەیەو ئیشوکار بەڕێوە دەبات، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

بێگومان من بەگەرمی پێشوازی لەپێشنیارەکەی بەڕێز فرەنسۆ دەکەم هیوادارم ئێمە نوێنەری ڕاستەقینەی ئێوە بین لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیداو، هەروەها لەدامودەزگا دەوڵەتیەکان بۆجێبەجێ کردنی بڕیارەکان، چونکە ئەو بڕیارانەی کەلێرەدا ئەدرێن هەرچەند بڕیاری ڕێکوپێک وباش بن، ئەگەر جێبەجێ نەکرێن هیچ نرخێکی وای نابێت بۆیە کاتێک کەئەو بڕیارانە وەردەگیرێن کۆمیتەیەکیش هەبێت بۆ بەدواداچوونیان، تاوەکو بزانین تاچ ڕادەیەک ئەو بڕیارانە جێبەجێ کراون، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

ئێمە وەکو دەسەڵاتی یاسادانان ئەم بابەتە ئاراستەی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەکەین. ئەوی تریش زۆر جێی سوپاسە سەرکردەی هەر حزبێک، یان ئەندامی هەر حزبێک لەلایەن خۆیەوە هەوڵ بدات جێبەجێی بکات، من تەنیا لایەنی ڕواڵەتی مەسەلەکەم وەرگرت.

**بەڕێز حـــســـەن عـــەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئێستا وەڵامی پرسیارو تێبینیی ئەندامە بەڕێزەکان دەدەمەوە:

بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکەی بەڕێز سەعید یەعقوبی، ئێمەش پشتگیری لە رایەکی ئەو دەکەین کە حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی بەندیخانەی تایبەتییان نەبێ، چونکە بەراستی بوونی ئەو جۆرە بەندیخانانە کێشەیەکی گەورەیە.

دەربارەی مەسەلەی خواردنی زیندانییەکان کە تاوەکو ئێستا تەنیا (٣٥٠) فلسیان بۆ تەرخان کراوە، لە راستیدا تەنیا بەرەی کوردستانی پارەی خەرج کردووە بۆ ئەم مەبەستە، ئێمەش لە راپۆرتەکەدا داوای دانانی بوودجەیەکمان کردووە بۆیان.

بەڕێز شەفیقە دەڵێت دووهۆڵ هەبوو لەبەندیخانەی زاخۆ وهەمان لێپرسراوی هەبوو بۆ یەکێکیان باش بوو ئەوی تر خراپ بوو. ئێمە کە سەردانی بەندیخانەی زاخۆمان کرد بینیمان بینایەکەی زۆر کۆنە و پێویستی بە چاککردنەوە هەیە، لێپرسراوانی بەندیخانەکە گوتیان ئێمە دەرامەتمان کەمە، ئێمەش بەناوی بەرەی کوردستانی (٥٠٠٠) هەزار دینارمان بۆیان سەرف کرد بۆ ئەوەی بینایەکە چاک بکەنەوە.

بۆ مەسەلەی گەڕانەوەی ئیدارات و دامەزراندنی قایمقام و دانانی دادگای تەمییز، ئەمانە یەکەم داواکاری ئێمە بووە، بۆ ئەوەی چیتر ئەم جۆرە کێشانە نەمێنن.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی لیژنەکە دەکەین، پێشنیار ێک هەیە کەئەم راپۆرتە لەگەڵ راپۆرتەکەی هەولێر بە لیژنە کاتییەکەی ناو پەرلەمان بدرێت، جاهەر ئەندامێک پێشنیاری هەیە بیدات بەلیژنەکە.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم راپۆرتە بدرێت بە لیژنە کاتییەکە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..کێ لەدژە؟.. بە تێکڕای دەنگ وەرگیراو ئەم راپۆرتەش دەدرێت بە لیژنەکە.

خاڵی دووەمی بەرنامەی کار: لیژنەی ئەوقاف پێشنیارێکی پێشکەش کردبوو سەبارەت بە مەسەلەی چاودێری فلیمی ڤیدیۆو، نێردرابوو بۆ وەزارەتی رۆشنبیری وئەوانیش بریاریان داوە لیژنەیەک پێک بێت بۆ دیراسەکردنی، بۆ ئەو خاڵە تەنها ئەوەمان دانابوو کە ئاگادار بکەینەوە، چونکە جارێ هیچ شتێکمان نییە دەربارەی ئەم بابەتە.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشنیارێکیان کردووە بۆئەوەی لیژنەیەک پێک بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی دابەش کردنی کەلوپەلی خواردەمەنی، ئێمە ئەم پێشنیارە بەباش دەزانین و،لیژنەیەک پێک دێنین بۆ ئەومەبەستە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینیەکم هەیە دەربارەی پێشنیارەکەی لیژنەی ئەوقاف، لە پێشنیارەکە تەنیا ناوی تەلەفزیۆنەکان هاتووە، لە کاتێکدا چاودێری کردن دەبێت لەسەر سینەماکان و ڤیدیۆی ماڵان بێت، من حەز دەکەم رەچاوی ئەوە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

قسەکەی کاک فرەنسۆ بەجێیە، بەڵام ئەمە ماگناکارتانی یە خاڵێکی وتووەو ئەوانی تریش ئەگرێتەوە لەسیاقی ئەو خاڵەی کە باس دەکرێت دەربارەی خاڵی سێیەم ئەو خاڵە هەیە کە لیژنەیەک پێک بهێنن بۆ دیراسەی ئەو شتە، جاکێ تێبینی هەیە لەسەری؟.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

گیروگرفتی کەلوپەلی خواردەمەنی تەنیا تایبەت بە شاری سلێمانی یان شاری هەولێر نییە،گرفتەکە سەرانسەری کوردستان دەگرێتەوە، ئینجا من پێشنیار دەکەم لیژنەیەک هەروەها بۆ دهۆکیش دروست بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو لیژنەیەی کە لەسلێمانییە تاکو ئێستا ڕاپۆرتەکەی نەگەیشتووە بۆ ئەوەی لێی بکۆڵینەوە، هەروەها من پێشنیار دەکەم کە پەلە بکرێت بەدانانی ئەو دوو لیژنەیەی تایبەت بە هەولێرو دهۆک بۆ ئەوەی بچن ئیشوکارەکانیان بکەن و ڕاپۆرتێکمان بۆ ئامادە بکەن، تاوەکو ئێمەش بڕیارێکی لەسەر بدەین.

بەپێی ئەو زانیارایانەی کە ئێمە لە لیژنەی خزمەتگوزاری پێمان گەیشتووە لەپاش ڕاپەڕین زۆر بریکاری کەلوپەلی خواردەمەنی دروست بوون و لەمەش تەزویرێکی زۆر کراوە، بۆیە پێشنیاردەکەین کە ئەم وەکالەتانە هەڵبوەشێتەوەو. تەنیا ئەوانەی پێشان و ئەوانەی هی ئاوارەکانی کەرکووکە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە بۆ ئەوەی پەلە بکرێت لەدانانی ئەو لیژنانە، ئەمە ڕەچاو دەکرێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم لیژنەکە لە (٢٤/١٠/١٩٩٢)ەوە دەست بەکاربێت واتا لەشەممەی داهاتوو، هەروەها ماوەی هەفتیەکیش دیاری بکرێ بۆ ئەنجامی دانی کارەکەیان، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی بەڕێز فرەنسۆ هەریری دەربارەی وەرگرتنی ئیجرائات زۆر ڕێکوپێک و بەجێیە، بەڵام من لەم ماوەیەدا لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی (بەڕێز جەمال عەبدول) کۆبووینەوەو، بۆمان

دەرکەوت ئەو راپۆرتەی بەرەسمی پێ نەگەیشتووە، تاوەکو ئیجرائات وەربگرێ، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەو راپۆرتانەی لای ئێمە دەردەچن پێویستە بەکتابێکی رەسمی لە وەزارەتەوە، یا پەرلەمانەوە بدرێتە ئیداراتی کوردستان بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو تێبینییە لەجێگای خۆیەتی، ئێمە پێشنیارەکان نانێرین بۆ پارێزگاکان یان ئیداراتی دەوڵەت، ئێمە دەینێرین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئەو خۆی لەوە بەرپرسیارە، بەڵام بێگومان ئێمە بۆمان هەیە کە بەدوای کارەکانمان دابچین و بزانین چییان لێ هاتووە؟!.

**بەڕێز شەفیقە فقێ عەبدوڵلا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز شێخ یەحیا چووبوو بۆ ئەوەێ راپۆرتەکە گەیشتووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئێوە رازین لەسەر ئەوەی ئەو دوو لیژنەیە پێک بێت بۆ هەولێرو دهۆک، هەروەها پێشنیارەکەی بەڕێز فرەنسۆ رەچاو بکرێ کە لیژنەکە بەخێرایی ئیش بکات و،لەپاشان ئێمەش لەسەرۆکایەتییەوە دەبێت زۆر گورج وگۆڵ بین بۆ بەدواداچوونی ئەو بریارانەی کە لێرە دراون و، ئەو راپۆرتانەی ئەچێت بۆ وەزارەت و، داوایان لێ بکەین بزانین چ کراوە لەم بارەیەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم کەوا لیژنەیەک بۆ پارێزگای کەرکووکیش دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری لەپێشنیارەکەی بەڕێز ئەیاد دەکەم کە لیژنەیەک بۆ پارێزگای کەرکووکیش پێک بێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش پشتگیری پێشنیارەکەی بەڕێز ئەیاد دەکەم هەر ئەو لیژنەیەی بۆ دهۆک وسلێمانی وهەولێر پێکهاتووە ئەویش بچێت بۆ کەرکووک، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر هەر هەمان لیژنە بچێت بۆ کەرکووکیش واتا ئەوەی کە بەڕێزت پێشنیارت کرد نابێت، چونکە ناتوانن بە خێرایی ئیشەکان بکەن. لەبەر ئەوە دەبێ لیژنەکە ببێت بە سێ لیژنە بەمەرجێ هەر لیژنەیەک لە سێ ئەندام پێک بێت.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــوومـــــەن.**

من وام پێشنیار نەکرد، داوام کرد هەمان لیژنەی سلێمانی کە ئێستا بێ کارە بچێت بۆ کەرکووکیش و، هەردوو لیژنەی هەولێر ودهۆک لێرە پێک بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــوومـــــەن.**

پرسیار لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پێشنیار دەکەن لیژنە بڕوات بۆ کەرکووک، ئایا تائێستا ساغ بۆوەتەوە کە مەبەستیان لەکەرکووک کوێیە؟.

لە دانیشتنەکانی پێشوودا پێشنیارێکم پێشەکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کرد بەئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەربارەی پەلە کردن لە دانانی ئیداراتی کەرکووک بە تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردە، چونکە قوتابییەکانی ئەو ناوچەیە تاکو ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز جــــێگری ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

ئێمە ئێستا ئەو خاڵە باس ناکەین با ئەو بابەتە بهێنینەوە بۆ تازە بابەت.

**بەڕێز د.فــــایەق مــــحـــــەمـــەد گــــولپی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــوومـــــەن.**

دەربارەی پێکهێنانی لیژنە بۆ کەرکووک ئەوە مەسەلەیەکی ئیداری و مەعنەوییە نەک سیاسی و، پەیوەندیی بە سلێمانییەوە هەیە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات لیژنە پێکبهێنرێت بۆ کەرکووک.

ئەو کێشەیەش لەسەر ئەوە دەستی پێکرد کە لیژنەی سلێمانی یەکەم جار چوو بۆ کەلار سەیریان کرد بنەماکەی لە سلێمانییە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مــــەجـــــید:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــوومـــــەن.**

بەرای من بۆ ناوچەی گەرمیان یەک لایەن بەو کارە هەڵبستێ باشترە، لەبەرئەوەی لە ناوچەی گەرمیان وکەرکووکدا ئاوارەیەکی زۆر هەیەو، ئەگەر کێشەکە هەمووشی نەتوانێ چارەسەر بکات با بەشێکی چارە بکات، سوپاس.

**بەڕێز جــــێگری ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگ دانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو لیژنەیە پێکبهێنرێت تکایە با دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

خاڵی چوارەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە بریتیە لە پەسندکردنی یاسای وەزارەتی ئەوقاف، بەڵام بەڕێز وەزیری ئەوقاف ئامادەنەبووەو، لە دەستەی سەرۆکایەتی وای بەپەسند دەزانین کە ئەو خاڵە بخرێتە بەرنامەی کاری بەیانی.
ئێستاش دێینە سەر خاڵی تازەبابەت. هەردوو کتلە چەند خاڵێکیان پێشنیار کردووە بۆ تازە بابەت.
یەکەم: مەسەلەی سووتەمەنی، فەرموو بەڕێز ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیار لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم سەبارەت بە مەسەلەی سووتەمەنی ئایا تا ئێستاکە هیچ هەنگاوێک نراوە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە؟، چونکە زستان نزیک بۆتەوە و جەماوەر داوای چارەسەری دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە کە داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بکەین بۆ ئەوەی سبەینێ یاخود دووسبەی لێرە ئامادە بن بۆ روونکردنەوەی ئەو بابەتەو، هەروەها وەزارەتە پەیوەندیدارەکان چ هەنگاوێکیان ناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سووتەمەنی.
ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەتێکرای دەنگ ئەو پێشنیارە پەسند کرا.
پێشنیارێک هەیە لەلایەن فراکسیۆنی زەردەوە دەربارەی کێشەی خانووەکانی پێشمەرگە کە لەلایەن هەندێک کەسانەوە، یان لەلایەن دەوڵەتەوە دەستیان بەسەر داگیراوە. داوا دەکەن کە ئەم خانووانە بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان.
ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی بە باشمان زانی ئەم پێشنیارە بدرێتە لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی دیراسەی بکات و رێگە چارەی بۆ دابنێت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من ئەو بابەتە لە زۆر لایەنەوە گرفتی تێدایە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە ئەو بابەتە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی داد بکرێت، بۆ ئەوەی بەپەلە پرۆژەیەکمان بۆ ئامادە بکەن و بینێرنەوە بۆ پەرلەمان و، ئێمەش لە لیژنەی یاسادا دیراسەی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە بریارێکی گشتیمان لە پەرلەماندا هەیە کەتایبەتە بە هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاسا

ئیستسناکانی بەعس، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە لیژنەی یاسا دیراسەی ئەم بابەتە بکات و، هەموو ئەو یاسایانەی کە دژ بە میللەتی کوردن و لەلایەن رژێمی بەعسەوە دەرچوون دەستنیشانیان بکات، بۆ ئەوەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەیان لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێویستە ئێمە چاوەڕوانی ئەوە نەکەین کێشەیەک بێتە بەردەمان، ئینجا بڵێین ئەوە بڕیاری (مجلس قیادە الثورە)یە، لەبەر ئەوە بەرای من هەر لە سەرەتاوە هەموو ئەو یاسایانە هەڵبوەشێنینەوە کەلەمەوبەر دژ بە میللەتی کورد دراون.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ژمارەیەک هاوولاتی لە دهۆک سکالایەکیان پێشکەش بە پارێزگار کردووە گوایە کاتێ لە دەرەوەی ولات بوونە خانووو زەوییان لەلایەن چەند کەسانێکەوە دەستی بەسەر داگیراوەو مامەڵەی پێ کراوە، داوا لە سەرۆکایەتی دەکەم کە بەپەلە ئەو مەسەلەیە کۆتایی پێ بێنین و یاسایەکی بۆ دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز ئەکبەر حیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی کێشەی خانووەکانی پێشمەرگە پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆ دەکەم و، داوا دەکەم کە بەزووترین کات خانووەکان بگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بەو موڵکانەی کە لەلایەن رژێمەوە داگیر کراون ئێمە ناتوانین ئێستا هیچ چارەسەرێکی بۆ بکەین، بەلام ئەوانەی لە کوردستانی ئازاددایە ئەوە دراوە بە لیژنەی یاسا بۆ دیراسەکردنی دۆزینەوەی رێگە چارە بۆیان ، ئینجا کێشەکە چارەسەر دەکەین.

**بەڕێز پەریخان محەمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە کێشەیەکی زۆر گرنگەو ئەوەندەش زەحمەت نییە بەتایبەتی زیندانییە سیاسییەکان کە دەست بەسەر موڵکەکانیاندا گیراوە، لەبەرئەوە تکا دەکەم ئەم مەسەلەیە پەلەی لێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە دەبێ لە پەرلەماندا هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕیمان هەبێت بۆ ئەم مەسەلانە و بڕیارێک دەربکەین ئەو خانوو وموڵکومالانەی تێکوشەرەکان کە حزبی بەعسی فاشی دەستی بەسەردا گرتووە یەکسەر بگەڕێنەوە بۆخۆیان.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی جێی داخە تێکۆشەری ئێمە بەرگەی دەربەردەری وناخۆشی بگرن وکاتێک بێنەوە ماڵێ ببینن ماڵەکان لە ژێر دەستی ئەوپیاوە خراپانە دایە. پێویستە بۆیان چۆڵ بکرێت وتەعویزیشیان بدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم بابەتە پێش دوو سێ مانگ باسکراوە، من بەش بە حاڵی خۆم دووپارچە زەویم هەبوو ئێستا خەڵکی تر خانوویان لەسەر کردووەو فرۆشراوە، بەڵام من بڕیارم داوە ئەو پارچە زەوییانە هەر وەرگرمەوەو بۆ ئەوەی یاریگەیەکی باسکەو باڵەی لەسەر دروست بکەم.

نزیکەی دووساڵە ئێمە لێرەین بە چاوی خۆمان دەبینین خەڵک لەناو خانووەکانمانن ئێمە بەرگەمان گرتووە، من پرسیار دەکەم بۆچی پەلە ناکرێت لە دەرکردنیان لەم خانووانە؟، باشتر وایە یاسایەک دابنرێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەی، سوپاس.

**بەڕێز بارزان مەلا خالد عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ساڵی (١٩٧٤) خانووەکەی من و (٣٠) پێشمەرگەی تر بە بڕیارێکی (مجلس قیاد الثورة) دەستی بەسەر داگیرا لە گەڕەکی ئیسکان.بەم شێوەیە هەموو مافێکمان فەوتا، چونکە ئەم خانووە تاکو ئێستا چەند جارێک مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی پێ کراوە، لەبەر ئەوە پێشنار دەکەم بڕیارێک بدەین کە هەموو یاسا نارەوایەکانی (مجلس قیادة الثورة) هەڵبوەشێنینەوەو، بڕیارێکی شۆڕشگێڕانە لێرە دەربکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕیارەکانی پەرلەمان دەبێ چەسپاو بێت، هەموو جارێک کاتی گفتوگۆ نابێ ئێمە دووبارە بەسەر ئەو یاسایانە دابچینەوە کە بڕیاری لەسەر دراوە.

سەبارەت بە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی بەعس، ئێمە کاتی خۆی داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیران کرد کە هەر وەزارەتێک بەپێی دەسەڵاتی خۆی ئەو بڕیارانە دیاری بکات کە لەگەڵ بەرژەوەندی میللەتی کورد ناگونجێن، چونکە نابێ ئێمە هەموو بڕیارەکان هەڵبوەشێنینەوە بۆ نموونە ئەگەر ئێمە یاسای بڕیاری ژمارە (١٢٢٧) هەڵوەشێنینەوە واتا زانکۆی سەلاحەدین ئیلغا دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە مەسەلەی قەزادا ئێمە نابێ هەر چاوەڕێ لە ئەنجوومەنی وەزیران بکەین کەئەو بڕاردەیە بکات، پێویستە ئێمە هەنگاو بنێین ئەو یاسایانەی کە دێتە بەردەستمان هەڵیبوەشێنینەوە.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەم یاسایەکی بەپەلە دەربارەی ئەم مەسەلەیە دەربچێت بۆ ئەوەی هیچ گرفتی ناخۆش روونەدات، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو ئەندامێکی لیژنەی یاسا روونکردنەوەیەکم هەیە دەربارەی ئەم مەسەلەیە، کاتی خۆی ئەو بابەتە ئاراستەی لیژنەی یاساکراوەو، ئێمەش رەوانەی سەرۆکایەتیمان کرد بۆ ئەوەی بدرێ بە پارێزگارەکان ئەو حاڵەتانەی کە هەیە هەمووی حەسر بکەن، چونکە ملک هەیە دووانزدە دەستی کردووە، جا بۆ ئەوەی هەموو بڕیارەکان کۆ بکەینەوە، ئێمە لە لیژنەی یاسا پرۆژەی بڕیارێک دەیخەینە بەردەستی پەرلەمان، بۆ ئەوەی هەموو حاڵەتەکان و، هەموو جێگاکان بگرێتەوە نەک دیسان لەلایەکی ترەوە یاسایەکی تر دەربکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو پەرلەمان ئەوەمان لەسەرە ئەو یاسایانەی بەراستی دەزانین بڕیاریان لەسەر بدەین، جێبەجێ کردنەکەی بێ گومان بەرەو ڕووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە.

لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە کە ئێستا گفتوگۆ دەکرێت کۆمیتەیەک هەیە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێک هاتووە و، د. سەلاحەدین ئەندامی ئەو کۆمیتەیە، داوا دەکەم لەو بارەیەوە هەندێ زانیاری پێشکەش بە پەرلەمان بکات، بۆ ئەوەی پەرلەمان لەو بارەیەوە ئاگادار بێت و، ئەگەر کەموکوورییەکی تێدا بوو یان، سیستیەکی لە جێبەجێ کردنیدا هەبوو لێی بکۆڵینەوە وبڕیاری لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەنجوومەنی وەزیراندا لیژنەیەک پێک هاتووە لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی و وەزیری شارەوانی بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ئەم خانووانە.

لە یەکەم کۆبوونەی لیژنەکەدا دەسنیشانی هەندێ خاڵ کرا لەوانە حاڵەتی زۆر جیاواز هەیە بۆ نموونە ئەوانەی ماڵیان دەستی بەسەر داگیراوەو موسادەرە کراوەو نەفرۆشراوە یەکسەر ماڵەکانیان بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام ئەو حاڵەتانەی تر کە فرۆشراوە پێویستی بە جیاوازی هەیە لە نێوان

حاڵەتەکاندا بۆ نموونە یەکەم کەس کە کرێویەتی بە موزایەدە، بێگومان ئەمە نیەتێکی پاکی نەبووە زانیویەتی ئەمە ماڵی پێشمەرگەیەو، دەبێ جیاواز بێ لەگەڵ کەسی چوارەمدا کە کرێویەتی ومامەڵەی کردووە. جا بۆ ئەم مەبەستە داوامان لە پارێزگارەکان کرد کە بەپەلە حاڵەتەکانی ترمان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی لەکۆبوونەوەکانی داهاتوودا دەست نیشان بکرێت و، هەموو حاڵەتێک بریاری تایبەتی لەسەر بدرێ و، لەکۆتاییدا بێتە پەرلەمان بۆ لێکۆڵینەوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاساوە ئەم بابەتەمان پێشکەشی بەڕێزتان کردووە، بۆ ئەوەی ئاراستەی ئەو لیژنەیە بکرێت لە ئەنجوومەنی وەزیرانداو، ئێمە چاوەڕوانی وەلامی ئەنجوومەنی وەزیرانین بۆ ئەوەی هەموو حاڵەتەکانمان بۆ دەسنیشان بکەن.

سەبارەت بەو بابەتەی کە بەڕێز کەمال باسی کرد کە لیژنەی یاسا بریارێکی شۆڕشگێرانە دەربکات، بێگومان ئێمە هەموومان کە هاتووینە ناو ئەم هۆڵە گیانی شۆڕشگێڕیمان هەیەو، هەموو بریارێکی پەرلەمانیش لەسەر لیژنەی یاسا رانەوەستاوە، ئەگەر ئێوە بریارێکتان هەیە فەرموو بیدەن و، ئێمەش پشتگیریتان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من چوارەم کەسیش کە مامەڵەی کردووە بەو خانووانە زانیویەتی ئەمە ماڵی پێشمەرگەیە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم هیچ حسابێکی بۆ نەکرێت، چونکە ئەویش هەر بە نیەتێکی خراپ ئەم خانووەی کریوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش هەمان رای بەڕێز کەمالم هەیەو، باوەڕ ناکەم کەس هەبێت خانوویەکی کری بێت ونەزانێت هی کێیە؟. من زۆر گلەیی لەوانە ناکەم کە یەکەم جار خانووەکانیان کریوە، چونکە هەموو تاوانبارن وزۆربەیان بەعسین، بەلام ئەوانی تر گوناحیان زیاترە کە خۆیان کردووە بەخاوەنی ئەم خانووانە، سوپاس.

**بەڕێز بەکر حاجی سەفەر غولام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەو بریارەی لەسەر ئەو مەسەلە دەیدەین وەکو بریارەکانی تر لەسەرخۆ نەبێت ئەگەر ئەو مەسەلەیە بە پەلە چارەسەر نەکرێت زۆر کێشەی گەورە روودەدات لەوانەیە بگاتە کوشتاریش، چونکە خەڵکی زۆر زوڵمی لێ کراوەو، موڵک وماڵی فەوتاوە و، لە شوێنی ئەواندا خەڵکانی تر کە پیاوی رژێم بوونە، بوونەتە خاوەن موڵکەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن:**

ئەم بابەتە زۆر باسکراو، کەسیش ناکۆک نییە لەسەر ئەوەی ئەم یاسایە هەڵبوەشێتەوەو، موڵکەکان بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان، بەڵام بەڕێز وەزیری دارایی گووتی ئەنجوومەنی وەزیران پێویستی بە کات هەیە بۆ ئەوەی ڕێگا چارەیەک بدۆزێتەوەو، بڕیارێک دەربکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە.

ئێستا ئێوە ڕازین (١٥) ڕۆژ ماوە بدەین بە ئەو لیژنەیەی کە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا پێک هاتووە، بۆ ئەوەی دیراسەی بابەتەکە بکەن؟.

**بەڕێز د. عــیـزەدین مــســتــەفــا ڕەسـول:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێشنیار دەکەم ئێستا ئێمە بڕیارەکە دەربکەین، چونکە مەسەلەکە ئەوەندە ئاڵۆز نییەو، بڕیارکەش تەنیا بەدوو بڕگە دەبێ، یەکەم ماڵەکان بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان، دووەم وەزارەتی پەیوەندیدار یاساکە جێبەجێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە پێش ئەوەی ئەندامی لیژنەی یاسابین ئەندامی پەرلەمانین وڕێزیشمان هەیە بۆ قسەکانی بەڕێزان ئەندامان و،ئێمە لەگەڵیاندا کۆکین، بەڵام ئێمە دەبێ یاساکە بە شێوەیەکی وا دابڕێژین کە لەکاتی جێبەجێ کردنیدا تووشی گیروگرفت نەبین، لەبەر ئەمە داوا دەکەم پێشنیارەکەی سەرۆکایەتی پەسند بکرێ و، (١٥) ڕۆژ ماوە بدرێت بە ئەنجوومەنی وەزیران، تاکو پرۆژەیەک ئامادە بکات و، پێشکەشی پەرلەمانی بکات. ئێمەش یەکسەر بڕیاری لەسەر دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز بارزان مـــەلا خــــالـــیــــد عـــــەزیز:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پرسیارێکم هەیە ئایا ئەنجوومەنی وەزیران چۆن ئەم کارە ئەنجام دەدات؟، ئێمە ئەگەر سەیری بڕیارەکانی (مجلس قيادة الثورة) بکەین دەبینین هەمووی بەو شێوەیەیە:( قرار من مجلس قيادة الثورة عن حجز الأموال المنقولة والغير المنقولة)، سوپاس.

**بەڕێز فــــــرەنـســـــۆ تـۆمـــــا هــەریری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پشتگیری پێشنیارەکەی سەرۆکایەتی دەکەم، ئەگەر بکرێت ئەو کۆمیتەیەی کەلەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێک هاتووە بۆ ڕۆژی (٣٠) مانگ پرۆژەی بڕیارێک ئامادە بکەن.

داوا لە دەستەی سەرۆکایەتیش دەکەم کە هەرلەئێستاوە ئەم خاڵە بخەنە بەرنامەی کاری داهاتوو، چونکە مەرج نییە ئەوەی ئەوان دەینووسن جێبەجێ بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا دوو پێشنیار هەیە، یەکەم: ماوەی (١٥) ڕۆژ بدەین بەو لیژنەیەی کە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا هەیە بۆ ئەوەی پرۆژەی بڕیارێک ئامادە بکەن و، پاشان ئێمە بڕیارێکی لەسەر بدەین.

دووەم: ئێستا بڕیارێک بدەین بەهەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی (مجلس قيادة الثورة)و، گەڕانەوەی خانووەکان و موڵکەکان بۆ خاوەنەکانیان.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەتوانرێت هەردووکی لەیەک کاتدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەتوانین ئێستا بڕیارێک بدەین کە دەست بەسەرداگرتنەکە هەڵبگیرێت، سەبارەت بە گەڕانەوەی موڵکەکان بۆ خاوەنەکانیان بۆ لیژنەی وەزارەت بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسادا هیچ لاریمان نییە لەسەر ئەوەی ئێستا بڕیارەکە بدەین و، جێبەجێ کردنەکەیش بکەوێتە سەر لیژنەی وەزارەت، بەڵام هۆی پەلە نەکردنی ئێمە لەدەرکردنی ئەو بڕیارە ئەوەیە تاکو بزانین ئەم بڕیارانەی کە دژ بە میللەتی کوردن چین؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا پێشنیارێک هەیە لەلایەن هەردوو کوتلەوە کە ئەم بابەتە بدەینە لیژنەی یاسا، بۆ ئەوەی دایبرێژێ و، بیخەینە بەرنامەی کاری بەیانی. ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەم پێشنیارە پەسندکرا.

خاڵێکی تر هەیە سەبارەت بە لیژنەی ئاوارەکان راپۆرتەکەیان پێشکەش بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەن بکەن ئەویش بخرێتە بەرنامەی ئەم هەفتەیەوە.

**بەڕێز سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی ئاوارەکان لە هەشت ئەندامی پەرلەمان پێک هاتووە بۆ دیراسەکردنی بارودۆخی ئاوارەکانی گەرمیان بەگشتی، ئێمە لە لیژنەکەدا ئیشوکارەکانمان دابەش کردووەو، هەردوو

ئەندام دانراوە بۆ سـەردانی ناوچەیەک، لەبەرئەوەی بنکەی ئاوارەکـان بڵاوبۆتەوە بەهەمـوو کوردسـتاندا هەر لە گەرمیانەوە بۆ حاجی ئۆمەران وچۆمـان. ئێستـا ئەو بەشەی کە چووین بۆ ناوچەی گەرمیان ئەم کێشانەمان بەرچاوکەوت:

یەکەم: دوای ئەوە سەردانی بنکەکانی ئاوارەکانمان کرد، بۆمان دەرکەوت ئاوارەکان رەخنەیەکی زۆریان هەیە لە هەموو دەزگاکان هەر لەپەرلەمانەوە تابەرەی کوردستانی، چونکە زۆر پشت گوێ خراون و، سەرمای زستـان و برسیـەتی هەرەشەی مردنیـان لێ دەکـات، بۆیە ئێمـە لەو لیژنەیە پێشنیار دەکەین:

أ ـ ئاوەرکانی کەرکووک هەموویان کۆبکرێنەوە لەیەک شوێندا، جێگایان بۆ دابین بکرێ.

ب ـ بۆ چارەسەکردنی کێشەی کشتـوکاڵ، بەزووترین کـات گازو دانەوێڵەیان بۆ دابین بکرێ، چونکە ئێستا کاتی تۆوکردنەو، هەروەها پێشنیاریش دەکەین کە سلفەیەکی کشتوکاڵیان پێ بدرێ.

خاڵی دووەم: تاکو ئێستا ناوچەی کەرکوک و گەرمیان بێ ئیداراتن، بۆیە پێشنیار دەکەین کە بە زووترین کات ئیدارات بگەرێتەوە بۆ ئەو ناوچانە.

سێیەم: لەلایەن دەزگای(K.R.O) قوتابخانەیەک دروست کراوە، بۆ ئەو (٤٥٠) خێزانە ئاوارە کە لەودیوی سیـروانن، بەڵام ئەو قـوتابخـانەیە هیچ پێدوایستـی خوێندنی بۆ دابین نەکراوە. هەروەها ناوچەکانی (کفری، چەمچەماڵ، سمود، باوەنوور) قوتابخانەکانیـان زۆر کەموکووڕییان هەیە و، ئێمـە کـاتێک ئاگاداری بەڕێوەبەری گشـتیی پەروەردی کەرکووکمـان کرد گـوتی ئەمە پەیوەندیی بە ئێمە نییە.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تـۆمـــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

ئێمـە لە هەردوو کـوتلەدا زۆر بەگەرمی پشـتگیـری لە پێـشنیـارەکـانی ئەم لیـژنەیە دەکـەین و،پێشنیـار دەکەین کە داوا لە ئەنجـومـەنی وەزیران و، وەزارەتی پەیوەندیدار بکرێ، کە پەلە بکات لە جێبـەجێ کردنی پێشنیارەکـانی ئەم لیـژنەیە، بەتایبەتی چارەسـەر کردنی کـێشـەی کشتوکاڵ لە ناوچەکەدا، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــەن:**

پێشنیـاری بەڕێزتان بەجـێیە، بەڵام ئێمـە داوا لە لیـژنەی ئاوارەکـان دەکـەین ئەو راپۆرتەی کە ئامادەیان کردووە بە نووسراوێک پێشکەشی سەرۆکایەتی بکەن، بۆ ئەوەی ئێمەش ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی بکەین، تاوەکو ئەوان پەلە بکەن لە جێبەجێ کردنی کارەکاندا.

**بەڕێز سـەلاحـەدین عـەبدولحـەمـیـد عـەبدوڵلا:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومــــەن.**

ئەم راپۆرتە تەنیـا لەلایەن من و مـەلا تاهیرەوە ئامادە کـراوە، چونکە شـەش ئەندامـەکەی تری

لیژنە دابەش بووینە بەسەر ناوچەکانی تر، لەبەر ئەوە داوا دەکەم ئەم راپۆرتە ئەمرۆ پەسند بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنەوە وای بەباش دەزانین کە راپۆرتەکانی تریش هەمووی بەتەواوی پێشکەش بکرێت، ئەوکاتە بڕیاری لەسەر دەدەین، لەبەر ئەمە داوا لە سەرجەم ئەندامانی لیژنەکە دەکەین راپۆرتەکانیان بەپەلە ئامادە بکەن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو راپۆرتەی کە ئێستا ئامادە کراوە بەپەلەیە، چونکە پەیوەندی هەیە بە مەسەلەی کشتوکاڵ، ئەگەر دوا بخرێ سوودی نامێنێت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم هەر ئەمرۆ ئەم راپۆرتە ئاراستەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بکرێت، تاکو بەزووترین کات پێداویستییەکان بۆ جووتیاران ئامادە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت پێویستییەکانی گەرمیان بەتایبەتی گاز، وابزانم پارێزگاری سلێمانی بەڵێنی لەپارێزگاری دهۆک وەرگرتووە کە نیو ملیۆن لیتر گازوایل بدات بە شاری سلێمانی، بۆیە من لێرە داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە پەیوەندی بکەن لەگەڵ پارێزگاری دهۆک بۆ دابین کردنی گازوایل بۆ ناوچەی گەرمیان، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت ئیشوکاری ئەم لیژنەیە حەز دەکەم روونکردنەوەیەک پێشکەش بە سەرۆکایەتی وئەندامانی بەڕێز بکەم. بڕواتان بێت من وەکو ئەندامێک لەو لیژنەیەدا ئاواتە خوازم هەرگیز لە لیژنەی وادا ئەندام نەبم، تاوەکو ناسۆری وام تووش نەبێت و، هەرگیز نەچمە ناوکۆمەڵێکی ئاوا برسی و بێ خاوەن، لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانم هیچی بۆ بکەم.

ئەم لیژنەیە تاکو ئێستا هەر دەست بەکارەو ئیشەکەی تەواو نەکردووە، بەڵام ئێمە ویستمان ئەم راپۆرتە بە پەلە ئامادە بکەین و، بڕیاری لەسەر بدرێت، چونکە ناوچەی گەرمیان زۆر گیروگرفتی هەیەو، تاکو ئێستا هیچی بۆ نەکراوەو ئاوەدان نەکراوەتەوەو، هەروەها بارودۆخی کشتوکاڵ لە

ناوچەکەدا زۆر نالەبارە، بۆیە داوا دەکەم کە پێشنیارەکانی ئەم راپۆرتە بە زووترین کات لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکاندا جێبەجێ بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە کە ئەو راپۆرتە بەخێرایی بدرێت بەئەنجوومەنی وەزیران بۆئەوەی بە زووترین کات پێشنیارەکان جێبەجێ بکەن. ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم راپۆرتە بدرێت بە ئەنجوومەنی وەزیران تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..

دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ ئەم پێشنیارە پەسند کرا.

دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێهات.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤٢)

**یەک شەممە رێكەوتی ١٨/١٠/١٩٩٢**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٤٢)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٨/ ١٠/ ١٩٩٢

*سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی١٨/ ١٠/ ١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، بە ئامادە بوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا دانیشتنی ئاسایی ژمار (٤٢)ی خولی یەکەمی ساڵی یەکەمی خۆی بەست.*

*پاش ئەوەی دەسەتی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.*

*١ـ بەرچاو خستنی ڕاپۆرتەی تایبەت بە بارودۆخی بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستانەوە.*

*٢ـ بەرچاوخستنی پێشنیاری لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی تایبەت بە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ چاودێری کردنی ئەو فلیمانەی کە لە تەلەفزیۆنەکانی هەرێمی کوردستانەوە پێشان ئەدرێت.*

*٣ـ بەرچاوخستنی پێشنیاری لیژنەی کارگوزارییە گشتییەکان دەربارەی پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی دابەش کردنی کەلوپەلی خواردەمەنی لە پارێزگای هەولێر.*

*٤ـ بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.*

*٥ـ تازە بابەت.*

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین بە هەندێک لە خاڵەکانی پرۆگرامی دوێنێ کەتەواو نەبووە، لەوانە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، دووەمیشیان پێشنیارێک هەبوو کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە بێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامانی ئەنجوومەن، ئەویش خۆش بەختانە کاتژمێر (١) ئامادە دەبێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

خاڵێکی تریش هەیە هەندێ لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بوونەتە وەزیر، لە شوێنی ئەوان هەندێ ئەندامی دیکە هەڵبژێردراون و، ئەمڕۆ سوێندی یاسایی دەخۆن ئەوانەی ئیستقالەیان داوە بەڕێزان:

١ـ د. ئیدریس هادی ساڵح / وەزیری گواستنەوەو گەیاندن.

٢ـ سەلاحەدین ئیبراهیم قادر/ وەکیلی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٣ـ محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.

٤- مەئمون نور محەمەد عەبدوڵلا بریفکانی/ وەزیری ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدان.
سەرەتا ئیستقالەی ئەندامە بەڕێزەکان دەخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیستیقالەی بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح وەربگیرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ .. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە تێکرای دەنگ پەسندکرا.
کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیستیقالەی بەڕێز سەلاحەدین ئیبراهیم قادر وەربگیرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژی ئەوەیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسندکرا.
کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیستیقالەی بەڕێز محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد وەربگیرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژی ئەوەیە؟ ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا بەڕێز عیزەدین لەهەردوو ئیستقالەکە دەستی بەرز نەکردەوە، نە لە ڕەزامەندی لە دژ.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو پەرلەمانەکانی دونیادا وا باوە لە کاتی دەنگداندا ئەندام دەتوانێ لەگەڵ بێت، یان دژ بێت، یانیش دەنگ نەدات، بەلام ئێوە ناپرسن کێ دەنگ نادات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم د.عیزەدین پێش ئەوەی قسە بکەی داوای قسەکردنت نەکرد کە ئەمەش بەپێی پەیڕەو شتێکی ڕاست نییە. دووەم تێبینییەکەت لە جێگای خۆیەتی، بەلام ئێستا بۆمان روون بکەوە بۆچی دەنگت نەدا.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی یاسا وەزیر مافی هەیە ئەندامی پەرلەمان بێ و، لە هەمان کاتیشدا وەزیر بێ، لە هەندێ وڵاتدا پێویستە وەزیر ئەندامی پەرلەمان بێت، بەلام لە هەندێ وڵاتی دیکە جیاوازە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە ئەندامانی ئێمە با هەندێکیان وەزیر بن و، لەهەمان کاتیشدا ئەندام پەرلەمان بن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئەندامانە بە ئارەزووی خۆیان ئیستیقالەیان داوە،لەبەر ئەوە دەنگ نەدان تەنیا لە ئارەزووی وەزیرە کە ئەوە شتێکی سەیرە.
ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیستیقالەی بەڕێز مەئمون نور محەمەد عەبدوڵلا بریفکانی وەربگیرێ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژی ئەوەیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسندکرا.

بەپێی یاسای ژمارە (١)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ساڵی ١٩٩٢ ئەو شوێنانەی کە ئەندامەکان ئیستقالەیان داوە جێگاکانیان بەتاڵ بووە لیستەکەی بۆی هەیە یەکێکی تر دابنێ لە شوێنەکەیان، ئێستا ئەندامە بەڕێزەکان سوێندی یاسایی دەخۆن. یەکەم بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نقشبندیی:**

بسم الله الرحمن الرحيم.

سوێند بەخوای مەزن دەخۆم بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم و، ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکانی بگرم و، بەرژەوەندییەکانی گەل بپارێزم.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

بسم الله الرحمن الرحيم.

سوێند بە خوای مەزن دەخۆم، بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکانی بگرم و، بەرژەوەندییەکانی گەل بپارێزم.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

بسم الله الرحمن الرحيم.

سوێند بە خوای مەزن دەخۆم، بە دڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، ڕێز لەیاسا ڕەچاوکراوەکانی بگرم و،ە بەرژەوەندییەکانی گەل بپارێزم.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

بسم الله الرحمن الرحيم.

سوێند بە خوای مەزن دەخۆم بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکانی بگرم و، بەرژەوەندییەکانی گەل بپارێزم.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە ناوی هەموو ئەندامەکان پیرۆزبایی و، بەخێرهاتنی ئەندامانی تازە دەکەین. هیواداریین زۆربە دڵسۆزییەوە بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردو، خاکی کوردستان بپارێزن.

خاڵی دووەم کە لە پرۆگرامی دوێنی ماوەتەوە، یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامییەو، بەڕێز وەزیری ئەوقافیش ئامادەیە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو یاسایە، تکایە لیژنەی یاسا بفەرموون بۆ پێشکەش کردنی یاساکە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ئەوەی لەبەردەستتان دایە لەلایەن وەزارتەوە هاتووە.

لیژنەی یاسا لە ڕاپۆرتەکەیدا هەندێک گۆڕانکاری لە یاساکەدا کردووە. ئێستا ئێمە پرۆژە

هەمـوارکـراوەکەتان بۆ دەخوێنینەوەو، ئێـوەش هەر چ تێـبینییـەکـتـان هەیە تۆمـاری بکەن لای خۆتان تاکو بخرێتە دەنگدانەوە.
لیژنەی ئەوقـاف هیچ راپۆرتێکی بۆ ئێمە نەناردووە بۆ ئاگاداریـتان وە ئەوانەی پەیوەندییـان بە یاساوە هەیە ئێمە وەلامیان ئەدەینەوەو، ئەوەی پەیوەندیی بە خودی وەزارەتەوە هەیە بەرێز وەزیری ئەوقاف ئامادەیە و خۆی وەلامتان دەداتەوە، سوپاس.

**بەرێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەرێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

پێشـەکی روونکردنەوەیەکم هەیە، لە (اسـبـاب مـوجـبـە) یەک رسـتـە لە بیـرکـراوە بنووسـرێ کە گەیشتینە مادەکە دیاری دەکەین،چونکە بەتەواوی ماناکەی گۆڕاوە، سوپاس.

بسم الله الرحمن الرحيم.
باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار
تاريخ القرار
قرار
استنادا الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ (            ) اصدار القانون الاتي:
قانون رقم (      ) لسنة ١٩٩٢، قانون وزارة الاوقاف والشؤون الدينية.

**بەرێز جـێـگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

هیچ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم برگەیە؟.

**بەرێز عـومـەر سـەید عـەلی حـسـێن:**

**بەرێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

یەک تێـبـینیم هەیە لەسەر ناوەکە، چونکە کـاتی خۆی زۆر قسـەی لەسـەر کراوە بەو شێـوەیەی دارێژرا، بەلام ئێـسـتا دەبێ بەیاسای وەزارەتی ئەوقـاف، پێشـنیـار دەکەم بگۆڕدرێ بۆ وەزارەتی ئەوقـاف و کـاروبـاری ئایینی، چونکە گـرووپی دینی تر زۆرە لە کـوردسـتـانی عـێـراق وەکـو برا ئاشـوورییەکـان وبرا یـەزیدییـەکـان و ئەوانی تر، جـا داوا دەکـەم جـارێکی تر مـوناقـەشـەی لەسـەر بکرێ، سوپاس.

**بەرێز مـەلا مـحـەمـەد شـەریف تاهیـر مـسـتـەفـا:**

**بەرێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

لە دانیشتنەکانی پێشوودا پێشیارێکم کرد کە (باسم الشعب)، ببێتە (نيابة عن الشعب نصدر هذا القرار).

ئەو پێشنیارەی ئەو ئەندامە ئێستا پێشکەشی کرد پێشتر گفتوگۆی لەسەر کراوە کەناوی (وزارة أوقاف والشؤون الدينية) بێت، یان (وزارة أوقاف و الشؤون الاسلامية) بێت، بەڵام ئەندامانی ئەنجوومەن لەسەر ناوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی رازی بوون.
(وزارة أوقاف و والشؤون الاسلامية) نوێنەرایەتی ئاینی ئیسلام وقفی ئیسلام دەکات و، سەبارەت برا ئاشوورییەکان و تەوائفی تر بێگومان (لا إكراه فى الدين) و، ئەوانە مافی خۆیان هەیە، وەقفی خۆیان هەیەو، لەکاتی خۆی سەرۆکی کوتلەی ئاشووری پێشنیاری کرد گوتی ئێمە حەز دەکەین بەناوی (وزارة الأوقاف والشؤون الاسلامية) بێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز مەلا محەمەد دەکەم کە (باسم الشعب) ببێ بە (نيابة عن الشعب).
سەبارەت ئەو کێشەی کە لەسەر ناوی وەزارەتی ئەوقافە، پێشتر بڕیاری لەسەردراوە کە بەناوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش پشتگیری تێبینییەکەی بەڕێز مەلا محەمەد شەریف دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی پەیڕەوەی ناوخۆ بۆ گۆڕینی هەر یاسایەک پێویستە (١٠) ئەندام پێشنیارێک پێشکەش بکەن بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بکەن وداوای هەموارکردنی یاساکە بکەن، چونکە گۆڕینی یاسا بە زارەکی نابێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی هیچ تێبینییەکت هەیە؟

**بەڕێز محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاتی خۆی سەبارت بە ناوی لیژنەی ئەوقاف و ناوی وەزارەتی ئەوقاف تێبینیم هەبوو، بەڵام وەرنەگیرا.
ئەو پێشنیارەی کە ئێستا کرا رای من بوو ئێستا دووبارەی دەکەمەوە زۆر گلەیشمان لێ دەکرێ لەلایەن برا مەسیحییەکان، بەڵام برادەرانی ئاشووری کە لێرەنە نوێنەرایەتی هەموو مەسیحیەکان ناکەن، بەڵکو تەنها نوێنەرایەتی تائیفەیەکی مەسیحی دەکەن.
لە زۆر وڵاتەکانی ئیسلامی بۆ نموونە لە سعودیەش کە وڵاتی (خادم الحرمين)ە لەوێ دەڵێن

(شؤون الاوقاف والحج) نەیگوتووە (الاسلامیە). بەرای من (الشؤون الدینیە) زیاتر بلاوەو، لەکاتی گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم ناوە من وەزیری ئەوقاف نەبووم، ئەگینا زیاتر سوور دەبووم لەسەری.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەندێ تێبینیم هەیە کە رای تایبەتی خۆمە، وەک نوێنەری کوتلەکەم قسە ناکەم، لەبەرئەوە مەرج نییە ئەندامانی فراکسیۆنی زەرد هەموویان لایەنگیریم بکەن.
یەک: بەڕێز وەزیری ئەوقاف فەرمووی کە (حرکە ئاشووری) نوێنەرایەتی ئاشوورییەکان دەکات. بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری تەنها نوێنەرایەتی خۆی دەکات لەناو ئاشوورییەکان، چونکە ئەوان وەکو حزبێک ناتوانن نوێنەرایەتی نەتەوەیەک بکەن، من زۆر جار لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەردەوام تەئکیدم لەسەر ئەوە کردووە.
دووەم: سەبارەت بە تێبینییەکەی بەڕێز ئیبراهیم کە دەڵێ دە ئەندام پێشنیارێک پێشکەش بکەن. ئێوە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەن پرسیارتان کرد کێ تێبینی لەسەر خاڵی یەکەم هەیە، لەبەر ئەوە هەموو ئەندامان دەتوانن گفتوگۆ بکەن و، بیروڕای خۆیان دەربڕن، یان ئەبێ لەسەرەتاوە نەخرێتە گفتوگۆوە، کە خرایە گفتوگۆ دەبێ قەسەی لەسەر بکرێ.
سێیەم: کاک مەسعود بارزانی پاش گەڕانەوەی لەسەردانەکەی بۆ ناوچەی دهۆک بانگی منی کردو، فەرمووی: زۆر کەس لەریش سپییەکانی مەسیحی و، یەزیدی و، مەترانەکان و، پیاوە ئایینەکان داوایان لە بەڕێزی کردبوو. ئێمە دەزانین کە کوردستان ولاتێکی ئیسلامییەو، زۆربەی هەرە زۆری موسوڵمانن کە گوتت وەزارەتی ئایینی ماناکەی وەزارەتی ئایینی ئیسلامە، بۆیە داوایان لە بەڕێز کاک مەسعود کرد کە هەوڵ بدا بکرێتە وەزارەتی کاروباری ئایینی، من ویستم ئەوە وەکو رای خۆم روون بکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە کە گوێمان راتان چییە بەرامبەر ئەم پێشەکییەی کە نووسراوە زۆرتر لەسەر داڕشتنەکەی بوو نەک لەسەر ناوەکەی، چونکە مەسەلەی ناوەکە کاتی خۆی باسکرا کە وەزارەتەکان دانران و، قسەی لەسەر کراو، بڕیار درا لەسەر ئەم ناوە، ئەگەر بیروڕایەک هەیە لەسەر گۆڕینی ناوەکە وەزیری ئەوقاف ئەتوانێ پێشنیار بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بنووسێ و، داوای گۆڕینی بکات، دوای ئەوەی کە ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەر کرد رەوانە ئەکرێ بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکا. وابزانم ئێستا کاتی ئەوەمان نییە گفتوگۆ لەسەر ناوەکەی بکەین وە ئەمەش لەسەر رای لیژنەی یاسایی وەستاوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەک وەڵامان هەیە بۆ تێبینی هەموو ئەندامەکان.

بێگومان لە کاتی خۆی گفتوگۆ لەسەر یاسای ئەنجوومەنی وەزیران کرا کە (١٥) وەزارەت لە کوردستان دانراو، دەنگ لەسەر ناوەکانیش درا هەڵوێستی لیژنەی یاساش ئەو کاتەش دیار بوو کە ئێمە گووتمان (وزارة الأوقاف والشؤون الدينية) فراوانترە لە وشەی (الاسلاميه).

بۆ گۆڕانی ئەم ناوەش دەبێ یاسای ئەنجوومەنی وەزیران هەموار بکرێ. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێ (١٠) لە ئەندامانی پەرلەمان، یان ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیارێک بۆمان ڕەوانە بکەن، ئەگەر ڕەزامەندی کرا لەسەری ئەوا ناوەکە دەگۆڕدرێ، سوپاس.

**شیروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە تێبینییەکەی مامۆستایان کردیان، پێشەکی هەموو کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەناوی خوای گەورەو میهرەبانەوە دەست پێ دەکات. پاشان دەگوترێت (باسم الشعب). ئەم دوو خاڵە لە هەموو یاساکاندا ڕەچاو کراوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە مەسەلەی ناو گۆڕینەکە ڕاستە دەبێ یاسای ئەنجوومەنی وەزیران بگۆڕدرێ و، دەبێ ناوی لیژنەی کاروباری ئەوقافیش بگۆڕدرێ، من وەکو ئەندامێکی لیژنەی یاسایی ڕام وایە، ئەگەر بکرێ گفتوگۆ لەسەر یاسایی وەزارەتی ئەوقاف ڕابگیرێ تا ئەو پێشنیارە پێشکەش دەکرێ، ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر کرا ئەو کاتە بەپێی بڕیاری پەرلەمان دەتوانن هەر ناوێک دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من لام وایە ئەمە دەرچوونە لە یاسا، ئێمە ئێستا یاسای وەزارەتی ئەوقاف لە بەردەستمانەو، ڕاگرتنی یاسا لەسەر بابەتێک کە پێش ئێستا باس کراوە شتێکی یاسایی نییە، لەبەر ئەوە ئێوە بەردەوام بن لە خوێندنەوەی یاساکە، ئێستا دێینە سەر مادەی یەکەم.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية، المعاني المبينة ازاءها:

١- الوزارة: وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية لإقليم كوردستان العراق.

٢- الوزير: وزير الاوقاف والشؤون الاسلامية لإقليم كوردستان العراق.

٣- وكيل الوزارة: وكيل وزارة الأوقاف والشؤون الاسلامية لإقليم كوردستان العراق.

٤- المجلس: المجلس الاعلى للاوقاف والشؤون الاسلامية لاقليم كوردستان العراق.

٥- الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ تێبینییەک لەسەر ماددەی یەکەم هەیە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێویست ناکات هەموو جار وشەی (اقلیم) بەکار بهێنرێ جارێک بەکار بهێنرێت بەسە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرۆژەیەکم لایە وشەی (اقلیم) لەسەرەتادا هاتووە، بەرای من واباشترە، چونکە ئەمەندە جارە بەرامبەر هەر رستەیەک دووبارە نەدەبۆوە، بەلام لەو برگەیەی کە بەڕێز ئەیاد خوێندیەوە وشەی (اقلیم) لە کۆتاییدا هاتووەو، لە هەموو رستەکان ناوی هەرێم دووبارە بۆتەوە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم وشەی (اقلیم) لەسەرەتاوە پێناسە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی تری هەیە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە نیسبەت ئەوەی کاکەڕەش باسی کرد دەبێ ئەوەندە وشەی (اقلیم کوردستان العراق)ی تیادا نەبێ راستە، چونکە هیچ لە یاساکە کەم و زیاد ناکات، بەلام ئەوەی کاک حازم دەڵێ (الاقلیم). لەو رەش نووسەی لەلاتانە تیایدا نییەو، پێموایە هیچ گۆڕانێک نابێت، ئەگەر لە هەر شوێنێک دابنرێت، چونکە ئەوە باسی وشەکان و، ناوەڕۆکی یاساکە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بنەڕەتدا شت لە قەبارەی گەورە دەست پێ دەکا بۆ خوارەوە، لەبەر ئەوە تەشکیلەکە دەبێ لەسەرەوە بۆ خوارەوە بێ، بەلام لەم یاسایەدا بە پێچەوانەوە هاتووە، لەبەر ئەوە پێویستە وشەی اقلیم لەسەرەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

گوتمان وشەی (اقلیم) لەسەرەوە بنووسرێ، یان لەخوارەوە لە ناوەڕۆکی یاساکەوە دەست پێ ناکات، بەلام رای بەڕێز کاک سیروان راستە چونکە، (اقلیم )گەورەترە لە هەموو وەزارەتەکان و، وەزیرەکان، ئەگەر ئەندامانی ئەنجوومەن رازی بن دەیخەینە خاڵی یەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئەگەر وشەی (اقلیم) خستمانە خاڵی یەکەم، لە هەموو رستەیەکدا دووبارە دەبێتەوە یا نا؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر دووبارە نابێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وشەی (اقلیم) بێتە سەرەوە بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا وشەی (اقلیم) بچێتە سەرەوە. تکایە لیژنەی یاسایی لە دانانی یاساکە ئەو پێشنیارە رەچاو بکات.

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادەی یەکەم پاش هەموار کردنی پەسند بکرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ مادەی یەکەم پاش هەموارکردنی بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثانية: تعمل الوزارة على تحقيق الاهداف التالية:

١- تنمية الوعي الاسلامي ونشر الثقافة الاسلامية وجوهر رسالته السامية.

٢- رعاية شؤون المقدسات الدينية وتنظيم ادارتها وصيانتها.

٣- تأمين متطلبات الاداء الأحسن والامثل لفريضة الحج.

٤- العناية بشؤون المؤسسات الاسلامية والخيرية وتطويرها في النواحي الادارية والفنية والمالية والتنظيمية والخدمية.

٥- تنظيم شؤون ادارة الاوقاف والاشراف عليها ومراقبتها.

٦- استثمار اموال الاوقاف في الوجوه المختلفة بما يضمن الحفاظ عيلها وتنميتها في اطار المبادئ العامة لخطة التنمية في الاقليم على اسس لا تتناقض مع احكام الشريعة الاسلامية.

٧- العناية بتنفيذ شروط الواقفين الهادفة الى تحقيق التضامن الاجتماعي وتقدم المجتمع.

٨- الاهتمام بالدين الاسلامي الحنيف وتراثه، واحترام علماء الدين الاسلامي والحفاظ على مكانتهم الاجتماعية وتحسين اوضاعهم المعاشية وتوفير مايلزم اوضاعهم المعاشية وتوفير مايلزم لممارسة نشاطاتهم الدينية والوطنية والاجتماعية.

٩- توثيق الروابط الدينية مع الاقليات الدينية بوجه خاص والعالم بوجه عام.

١٠- اعادة اعمار ما دمر من الجوامع والمساجد وانشاء المدارس الدينية الملحقة بها.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کێ تێبینی هەیە لەسەر مادەی دووەم؟.

**بەڕێز حـــــەسەن عـــەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڕێزان بۆ ئاگاداریتان ئەم دوو بەندەی دوایی لای ئێوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحــمـەد ئەمین عـەبدولحـەکیم:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

برایانی بەڕێز، هەندێ گلەیی و گـازندەم هەبوو لەسـەر ناوی وەزارەتی ئەوقـاف و کـاروباری ئیسلامی، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئەمە تەواو بوو ئێستا گفتوگۆ لەسەر مادەی دووەم دەکەین.

**بەڕێز مـەلا مـحـمـەد ئەمین عـەبدولحـەکیم:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لە مـادە (٢)دا نووسـراوە (تعمل الوزارة على تحقيق الاهداف التالية) لێـرە جگە لە ئایینی ئیسـلامی باسی هیچ ئایینێکی تر نەکراوە، بۆ ئەوەی ڕەچاوی هەستی کەمە نەتەوایەتییەکانی دیکە بکەین، پێشـنیـار دەکەم ئەم برگەیە زیاد بکرێ (رعاية الشؤون الدينية للاقليات واحترام مشاعرهم الدينية).

لە برگـەی (٨) دا کـە دەڵێت: (الاهتمام بالدين الاسلام الحنيف وتراثهِ واحترام علماء الدين الاسلامي والحفاظ على مكانتهم الاجتماعية، وتحسين اوضاعهم المعاشية وتوفير مايلزم لممارسة نشاطاتهم الدينية والوطنية والاجتماعية)، ئێمە پێشنیارمان ئەمە زیاد بکرێ (وكذلك باعادة ما دمر من المسـاجد وانشـاء المدارس الملحقة بالجوامع وفتح المعاهد والكليات في محـافظات الاقليم). هەر ئەو دوو تێبینییەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـمـەد ڕەشـیـد:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لە برگەی چوارەمدا هاتووە دەڵێ: (العناية بشؤون المؤسسـات الاسلامية والخيرية) لە راستیدا هەندێ دەزگای ئایینی نائیسـلامیش هەیە، بۆ ئەوەی ئەوانیش بگرێتەوە پێشنیـار دەکەم برگەکە بەم شێـوەیە بێت: (العناية بشـؤون المؤسسـات الاسلامية، والدينية الخيرية)، یـان (العنـاية بشؤون المؤسسات الدينية).

هەروەها برگەی (٨) پێشنیـار دەکـەم بەم شێـوەیە بێت: (الاهتـمـام بـالدين الاسـلامي الحنيف وتراثة واحترام علماء الدين، ورجال الدين)، بۆ ئەوەی قەشەکان و دەزگاکانیان کە پەیوەندییان بە وەزارەتەوە هەیە، ئەوانیش بزانن بایەخیان پێ دەدرێ لەلایەنی مووچەوەو، هەروەها لەلایەنی پلەوپایەی ئاینییەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

له برگەی (٦)دا دەڵێ: (استثمار اموال الاوقاف في الوجوه المختلفة بما يضمن الحفاظ عليها وتنميتها في اطار المبادىء العامة لخطة التنمية)، پێشنیار دەکەم بکرێت بە(في اطار المبادىء العامة لخطط التنمية)، لەبەر ئەوەی پلانەکانی گەشەسەندن گەلێک زۆرن، سوپاس.

دەربارەی کردنەوەی کۆلێژەکان پەیوەندیی بە (التعليم العالي)یەوە هەیە نەک وەزارەتی ئەوقاف، لەبەر ئەوە ئەم برگەیە پێویستە لاببرێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم برگەی چوار بەم شێوەیە بێ (العناية بشؤون المؤسسات الاسلامية والدينية)، چونکە دەبێ برگەیەک هەبێ بۆ بایەخدان بە کاروباری ئایینەکانی تر، لەبەر ئەوان هیچ دەزگایەکیان نییە لە حکومەتی هەرێمدا، بۆ ئەوەی پەیوەندیی پێوە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسا، ئەویش ئەوەیە، لە مادەی دوو نووسراوە (تعمل الوزارة على تحقيق الاهداف التالية)، ئایا ناتوانین لە جیاتی ئەوە بنووسین (مهام الوزارة)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت ئەو دوو مادەیەی کە لە پرۆژە ئەمرارکراوەکە هەیە پێشنیار دەکەم بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی، ئەوەی لای نییە بینووسێتەوە، تاوەکو تێبینییەکانی خۆی لەسەری دەرببڕێ، سوپاس.

**بەڕێز عیزەدین مستەفا رەسوڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی نارەزایی خۆم دەردەبڕم بەرامبەر بەوەی پرۆژەی یاساکە بە زمانی عەرەبیی نووسراوە. وەگلەیش لە برای بەڕێز وەزیری ئەوقاف دەکەم، چونکە خۆی نووسەرەو، ئەندامێکی کۆنی یەکێتی نووسەرانەو، دەیتوانی بیکاتە کوردی ئەمە یەک.

دووەم: لایەنێک لە کارەکانی مزگەوت لە کوردستاندا، مزگەوت تەنیا جێگای خوا پەرستی نەبووە، بەڵکو جێگای زانست و خوێندەواریش بووە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم لەم یاسایەدا سامان و کەلتوری ئەو مزگەوتانەو، هەروەها رێزگرتنی زانایانی ئایینی بەندێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت، چونکە ئەم دەستنووس و کتێب و مەتن و حاشیە کۆنانەی کوردستان کە شتێکی تایبەتین کەڵکیان بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵی کوردەواری هەیە.

برایان باسی ئایینەکانی تریان کرد من لام وایە کە وەزارەتەکە ناونراوە وەزارەتی ئەوقاف و

کاروباری ئیسلامی سەربەستی ئایینی دراوە بە ئەو کەسانەی ئایینی تریان هەیە لە کوردستاندا ئەوە بدرێتە دەستی خۆیان، بۆ ئەوەی بە هیچ جۆرێک نەخرێنە ژێر رکێفی وەزارەتی ئەوقافەوە، بەڵکو دەزگایەک سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران دروست بکرێ کە یارمەتی ئەوانە بدات کە ئایینی تر ئەپەرستن و، یارمەتیان بدات و، تەنگوچەڵەمەیان بۆ چارەسەر بکاو، سەربەستی ئایینی و پلەوپایەشیان بۆ دابین بکات، بەڵام پێشنیار دەکەم لێرە بگووترێ کە یەکێ لەکارەکانی وەزارەتی ئەوقاف بە هێز کردنی گیانی برایەتییە لە نێوان خاوەنانی هەموو ئایین و، مەزهەبێک و، رێبازێک لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم: ئەندامێکی بەڕێز پێشنیاری ئەوەی کرد کە وەزارەتی ئەوقاف ناتوانێ پەیمانگاو کۆلیژی ئیسلامی بکاتەوەو، دەبێ هەوڵی بۆ بدات. هەوڵدان بۆی مانای ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت لەلایەنی وەزارەتەوە، یان ئەنجوومەنی وەزیران، ئینجا ئەوانیش رەزامەندی لەسەر دەکەن و، ئەو هەوڵدانەش ئەرکی (شؤون اسلامیبە).

دووەم: ئێستالە بەغداد (معهد العالي للائمة والخطباء) هەیە کە پەیوەندیی بە وزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیەوە هەیە. ئێمەش پێشنیار دەکەین لە کوردستاندا پەیمانگایەکی وا هەبێت کە بایەخ بدات بە ئیمام و وتاربێژەکان.

سێیەم: سەبارەت ئەو خاڵەی کە ئەندامان پێشکەشیان کرد( شؤون اسلامی ودینی)، ئێمە لاریمان نییە وشەی دینی لە پاش وشەی ئیسلامی زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی برا مەسیحییەکان و، ئەوانی تریش بگرێتەوە.

چوارەم: ئەوە خاڵەی کە د.عیزەدین باسی قوتابخانەکانی سەر بە مزگەوتەکان کرد کە کاتی خۆی رۆڵێکی پیرۆزیان بینیوە لە خالی (٩ر١٠ر١١)پرۆژە هەموارکراوەکەدا باس کراوەو، پێشنیاری لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بوو کە ئەوەش زیاد بکرێ (انشاء المدارس الملحقة بهما) بەمەبەستی دروست کردن و، زیندو کردنەوەی ئەو قوتابخانانە.

پێنجەم: بۆ وەڵامی ئەوەی کە دەزگای ئایینی لە وەزارەتدا هەبێ، بۆ ئەوەی کاروباری ئایینەکانی تریش رەچاو بکرێت، ئەوەش پێویستە لە وەزارەتی ئەوقافدا کۆمپانیایێکی تایبەتی هەبێ بۆ چاودێری کردن و راپەڕاندنی ئایینەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من نامەیەکم بۆ بەڕێزتان نووسیوە داوای مۆڵەتم کردبوو لەسەر ئەوەی کە گاور حەقی نییە لەسەر پرۆژەی وەزارەتی ئەوقاف گفتوگۆ بکا، بەڵام وەڵامتان نەداوە، ئەگەر کێشەکە تایبەتە بە ئایینی مەسیحی پێم وایە ئەنجوومەنی وەزیران کێشەکەی چارەسەر کردووە لە پرۆژەی کاری ئەنجوومەنی

وەزیراندا هاتووە کە لیژنەیەکی بالا لە پیاوە ئایینیەکانی مەسیحی دروست پێک دێن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئایینی مەسیحییەکان، من پێم وایە ئەوە کۆتایی پێ هاتووە.
تێبینیم لە سەر خاڵی دووەم هەیە لە بڕگەی دووەمدا (رعایة مقدسات الشؤون الدینیة) ئەوەش بکرێتە (رعایة مقدسات الشؤؤن الاسلامیة)، چونکە لەگەڵ پێشەکییەکەی ناگونجێت رستەی (رعایة مقدسات الشؤون الدینیة) هەموو ئایینەکانی تر وەکو مەسیحی و، یەزیدی دەگرێتەوە کەچی بۆ ئەوان نییە، بەڵکو تەنیا بۆ ئایینی ئیسلامییە، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێموایە قسەکان هەمووی لەناو یەک چوارچێوەدا دەسووڕێتەوە، بەڵام ئەوەی من هەستی پێ دەکەم غەدرێکی زۆر هەیە دەرهەق بە ئایینەکانی دیکە، لام وایە ئەوەی کاک فرەنسۆ وتی (جائز) نییەو، ئێمە پێشنیار دەکەین کەناوەکە بگۆڕێ و، بڕگەیەکیش بۆ ئایینەکانی تریش زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک بارزان ئەمانە پێیان ناگووترێ (غەیرە دین)، بەڵکو پێیان دەووترێ (غیرە ئیسلامیەکان).

**بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش دەڵێم (غیرە دینەکەمان)، چونکە ئەمانە (غیرە دینی اسلامین)، لەبەر بڕگەی (٢)دا هاتووە (رعایة شؤون المقدسات الدینیة) ئەوە شتێکی (مطاطیە)و، ئەوەی لە خاڵی هەشتەمدا هاتووە (احترام علماء الدین الاسلامي) من زۆر ڕێزم هەیە بۆ زانایانی ئایینی لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم یەک یان دوو بڕگە زیاد بکرێ لە (اهداف الوزارة) بۆ برا مەسیحیەکان و کلدانیەکان، چونکە نیاز وایە ناوەکە بگۆڕدرێ. بۆنموونە لە (اهدافەکان) ئەوە هەبێ کە کنیسەکان ئاوەدان بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز وەزیری ئەوقاف، ئایا وەزارەتی ئەوقاف تەنیا بۆ کاروباری ئیسلامییە، یان بۆ کاروباری ئایینەکانی تریشە؟، ئەگەر تەنیا بۆ کاروباری ئایینی ئیسلامی بێ ئەوا پڕ بە قاڵبی خۆیەتی هیچ رەخنەم لەسەر نییە، بەڵام ئەگەر ئایینەکانی تریش سەر بەوەزارەتی ئەوقاف بن ئەوا ئەو کەسەی کە پرۆژەکەی نووسیوە زوڵمی لە ئایینەکانی دیکە کردووە، چونکە باسی هیچ ئایینیێکی تری تیا نییەو، بە پێی ئەم پرۆژەیە قەدەغەیان دەکەین لە بەکارهێنانی (طقوسی) خۆیان ئێستا بۆ نموونە لە مادەی (١٠) دەڵێ (اعادة اعمار مادمر من الجوامع والمساجد وانشاء

المدارس الدينية الملحقة بها)، ئەگەر ئێمە یارمەتیان نەدەین دێرەکانیان و، کەنیسەکانیان ئاوەدان بکەنەوە چۆن یارمەتیان ئەدەین (طقوسی) خۆیان بەکاربهێنن؟، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوی برایانی مەسیحی نەهاتووە لە یاساکەدا، لەبەر ئەوەی ئێمە کێشەکەمان دەگەڕێتەوە سەر خاڵی بنەڕەتی کە ئەندامان باسیان کرد کە هەموارکردن شێوازێکی تایبەتی هەیە.

هەندێک لە مامۆستایانی ئایینی پێش ئەوەی یاساکە بێتە لامان رایان پێچەوانەی ئەم رایەی ئێستا بوو، بەڵام ئێمە پێشنیارمان وابوو کە بەڕێوەبەرایەتییەک بەناوی (مدیریة الطوائف والادیان) دابنرێ دوای ئەوە کە دیمان ئەوە لەگەڵ خودی ناوی وەزارەتەکە ناگونجێ، چونکە (وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامییە) ئەمە یەک.

دووەم: دیارە هەندێک لە برادەران لێرە ئاگاداری پرۆتۆکۆلی دانیشتنەکان نین، چونکە ئێمە وامان دانا کە ئێمە ماوە بدەین بە برایانی غەیری ئیسلام کە هاوخەباتی ئێمەن کێشەکانی خۆیان بەڕێگای خۆیان چارەسەر بکەن و، وابزانم ئەوە لە پرۆتۆکۆلەکاندا تۆمار کراوە.

سەبارەت ئەوەی بەڕێز ئەحمەد بامەڕنی گوتی، ئێمە نیمچە سەربەخۆییەکیان پێ دەدەین بۆ ئەوەی خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن.

دەربارەی خاڵی دووەم کە مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین فەرمووی (مادمر من المساجد) دیارە ئێمە دەقە هەموارکراوەکە لامان نییەو، ئەو دەقەش لە لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی وەرمانگرتووەو، ئەوەمان زیاد کردووە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەسەر ئەم بابەتە قسە دەکەم ئەویش بابەتی ئایینەکانی ترە، چونکە لە پارێزگای دهۆک ئایینی هەمەجۆر هەیە زیاتر لە شوێنەکانی تر، لەبەر ئەوە ئەندامانی پارێزگای دهۆک زیاتر لەسەر ئەم بابەتە قسە دەکەن و بایەخی پێ دەدەن.

پرسیارێکم هەیە ئەویش ئەوەیە: ئەگەر لە ئەنجومەنی وەزیراندا ( ئەنجومەنێک) یان (هەیئەتێک) دروست کراوە بۆ مەسیحییەکان ئایا سەبارەت برا یەزیدیەکان چی کراوە؟، چونکە دەبێ شتێک بۆ ئەوانیش بکرێ وەکو ئایینەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو دانیشتنانەی کە لەسەر وەزارەتەکان و، ناوی وەزارەتەکان قسەمان کرد، ئەوە بوو لە ئەنجامدا بڕیاردا کەناوی وەزارەتی ئەوقاف چۆنە ئێستا هەر وابێ.
هەرچەندە فراسیۆنەکەمان رازی نەبوو لەسەر ئەم ناوەو، بۆ مەبەستی کەمە ئایینەکانی تر وا بڕیار

درا کە بۆ ئەوانیش بەڕێوەبەرایەتیەک دابمەزرێ، ئایا بەرەو رووی هەمان وەزارەت ئەبنەوە، یان بەرەوە رووی ئەنجوومەنی وەزیران دەبنەوە؟ بەداخەوە تاکو ئێستا باس نەکراوەو، پێویست بوو لەو ماوەیە دابنرێت بۆ ئەوەی بکرێتەوە وکەمایەتە ئایینەکانیش چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە بەشێوەیەکی وەها کە هەست بەوە بکەن لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و لەلایەن پەرلەمانەوە شوێن و، جێگای خۆیان بۆ دیاری کراوە بایەخ ئەدرێ بە کێشەکانیان.

ئەو لێکۆلینەوەی ئێستا ئەکرێ لە سەر ئەو پرۆژەیە کە لەبەر دەستمانەدایە، ئینجا ئەم مەسەلەیەش با بمێنێ وەکو پێشنیارێک بۆ کاتێکی تر کەوا بەرەو رووی ئەنجوومەنی وەزیران و، کۆمیتەی یاسا دەبێتەوە لە پەرلەماندا ئەو کاتە ئەتوانرێ ئەو کەموکوورییانە پڕبکەینەوە، چونکە ئێستا چ مەسەلەیەک باس بکرێت دەگەڕێتەوە سەرناوی وەزارەتەکەو، بەو شێوەیە هیچ چارەسەر ناکرێت یا ئەبێ هەمووی بگۆڕێ یان ئەبێت ئەو پرۆژەی لەبەردەستمانە لە سەری بڕۆین پاش ئەو گۆڕانکاریانەی کە ئەکرێتەوە سەری و، بڕیاری لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تا ئێستا چەندین بڕیارو یاسا دانراوەو، ئەمانە لە ژیانەوە دەرئەکەوێ چەندی جێبەجێ ئەکرێ و، چەندیش لەگەڵ واقعیدا ئەگونجێ. ئێمە کە سەیری بەرنامەی وەزارەتەکە ئەکەین زۆر لەگەڵ واقیعی ئێستادا ناکۆکە، چونکە لە ولاتی ئێمەدا دەبێ ئایینی کەمە نەتەوایەتیەکان بەرچاو بخرێ و، بەڕێوەبەرایەتی بۆ دابنرێ، یان دەبێ سەر بەوەزارەتەکەوە بێ و،ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی دروست بکەین ئێمە حکومەتێکین ئەم هەموو بەڕێوەبەرایەتییە لە کوێ دروست بکەین بۆ (ئاشووری و، یەزیدی و، حەقی و، کاکەیی)؟، لەبەر ئەوە دەبێ پێشنیارێک دابنرێ وەکو ئەوەی لە پێش بەڕێزتانە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز د.کەمال تێبینییەکی هەبوو لەسەر گۆڕینی ناوی وەزارەتەکەو، هەندێ شت کە پەیوەندیی بە وەزارەتەکەوە هەیە لە کاتی ناودانانی وەزارەتەکان لە ئەنجوومەنی وەزیراندا رەزامەندی کراوە لەسەر ناوەکە کە(وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی) بێت و، کاک فرەنسۆ گووتی ئەو کاتە رازی بوون لەسەر ئەوەی کە ئەنجوومەنێک دابنرێ بۆ هەلسوورانی کاروباری مەسیحییەکان بەلام، کەمە نەتەوایەتییەکانی تر سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران دەبن بۆ ئەم مەبەستە، ئەگەر ئەم رایە پەسند بکرێ ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە گفتوگۆ بکەین بە تایبەتی ئەوە کە پەیوەندیی بە ناوەکەی هەیە هەر باسی ئیسلام بکەین. تێبینی هەبوو دەربارەی ئەوەی کە کۆلیژەکان وپەیمانگاکان سەر بە فێرکردنی بالایە، ئەوەی کە دکتۆر عیزەدین پێشنیارێکی کرد کە مادەیەک لەناو یاساکەدا هەبێ لەسەر بە هێزکردنی برایەتی نێوان ئیسلام و ئایینەکانی تر. وەلامی ئەو خالە یاساییانە لەلایەن لیژنەی یاسایی دەدرێتەوە فەرموون.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

ئێمە بۆمان ناکرێ هیچ برگەیەک سەبارەت بە کەمە ئایینەکانی تر زیاد بکەین لەسەر ئەم یاسایە، چونکە ئەم یاسایە لە بنەڕەتدا یاسای موسڵمانان و کاروباری ئیسلامییە تایبەتە وەخۆی لە ناوەکەیدا ئەوە دیاری کراوە کە ئەو وەزارەتە تایبەتە بە وەزارەتی وەقف و کاروباری ئیسلامیەو، هیچ ماوەی تیادا نییە باسی کەمە ئایینەکانی تری تیادا بکرێ، چونکە لە یاسای وەزارەتی ئەوقافی عێراقی برگەیەکی تیایە دەڵێ (رعاية شؤون الطوائف الدينية بوجه العام وتنظيم الشؤون المتعلقة بادارة اوقافها ومعابدها بوجه خاص) و، لەگـەڵ ئەوەشـدا چەند بەڕێوەبەرایەتیەک هەیە لەناو یاساکە باس کراوە و نیشانەی پێ دراوەو، ئێمەش هەندێ شتمان لەم سەرچاوانە وەرگرتووە.

ئەو برگەیەی بەڕێز فرەنسۆ باسی کرد (رعاية شؤون المقدسات الدينية) بەڕاستی ئەوە لەسەرمان تێپەڕ بووە، ئەگینا دەبوایە ببێت بە (رعاية شؤون المقدسات الاسلامية وتنظيم ادارتها و صيانتها). وەکو رایەکی یاسایی ئەوەی لەسەرەوە هاتووە دژی ئەوەی خوارەوەیە، هەتا ئەوەی سەرەوە نەگۆڕێ هی خوارەوە ناکرێ بگۆڕدرێ، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

من شتێکم پێ سەیرە تا ئێستا ئەو برایانەی کە ئیسلام نینە لێرە هیچ داوای مافی خۆیان ناکەن، تەنیا ئێمە داوا دەکەین کە مافیان بدرێتێ، ئەگەر ئەوانە داوا بکەن هیچ گومانی تێدا نییە کە بەڕێوەبەرایەتیان بۆ دابنرێ، ئینجا ئەوە سەر بە وەزارەتی ئەوقاف دەبێ، یان سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ جیاوازیان نییە، بەڵام ناوی یاسایەکە دانراوەو گفتوگۆ لەسەری تەواو بووە.

دەربارەی کردنەوەی کۆلیژو پەیمانگاکان ئەندامان گوتیان هیچ دەسەلاتێک نەدراوە بە وەزیری ئەوقاف، نەخێر بەڵکو لە یاسایەکەدا دەڵێ هەوڵ دەدات کە کۆلیژو پەیمانگای ئیسلامی بکاتەوە ئەوەش وابزانم ئیشوکاری وەزیرە.

ئەو یاسایەی کە هاتووە هەموو خاڵەکانی وەزارەتەکە بەڕێز وەزیری ئەوقاف دانیشتووە ئێستا وەڵامتان دەداتەوەو، ئێمە هیچمان لێ نەگۆڕیوە تەنها هەندێک زنجیرەو شتی یاساییمان گۆڕیوەو، ئەو دوو برگەی دوایی کە بۆتان خوێندراوە گۆڕاوە ئەوەش دەدرێتە بەڕێز وەزیری ئەوقاف، بەڵکو ئەو وەڵامتان دەداتەوە بزانن لەسەر چ بنەڕەتێک دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن:**

ئێستا دوو را هەیە، دووبارە دەیڵێمەوە ئەم بابەتە باس کراوەو، گفتوگۆی لەسەر کراوە، ئێستا رایەک هەیە دەڵێ: ئەنجوومەنی نیشتمانیی داوا بکات لە ئەنجوومەنی وەزیران بەپێی پرۆگرامی

خۆی ئەنجوومەنێک دابنێ بۆ کاروباری ئاییینەکانی تر. جا کێ رازیە لەسەر ئەوەی بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆکردن لەسەر ئەم مادەیە؟.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی ئەو روونکردنەوەی کە لیژنەی یاسا باسی کرد ئەم وەزارەتە تایبەتە بە وەزارەتی کاروباری ئیسلامی، ئێستا ئێمە رووبەرووی ئەوە بووین کە کاروباری کەمە ئاییینەکانی تریشمان هەبێ، بەڕای من دەبێ پێشەکی ئەمە روون ببێتەوەو، بزانین ئایا کەمە نەتەوایەتییەکان لەگەڵ ئەم وەزارەتە باس دەکرێن وەکاروباریان لەگەڵ ئەم وەزارەتە دەبێ؟، یان تەنیا تایبەتە بە کاروباری ئیسلامی؟ دەبێ ئێمە لە ناو پەرلەماندا ئەم خاڵە چارەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارەکەی کاک کەمال روونکردنەوەی ئەوەبوو کە ئەم وەزارەتە تایبەتە بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامییەوە بۆ کاروباری کەمە ئاییینەکانی تر بڕیاردرا ئەنجوومەنێک پێک بهێنرێت کە پەیوەندیی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەبێ.

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەم گفتوگۆیە رابگرین، هەتا مەسەلەی ناوەکە یەکلا دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەمەوێ بۆتان روونی بکەمەوە کە زۆر قسەکرا دەربارەی ئاشوورییەکان و، کاک محەمەد شەریف فەرمووی کە سەرۆکی لیستی ئاشووری رەزامەندی لەسەر ناوی وەزارەتەکە کردبوو، ئەمە راست نییە، چونکە دەنگدان لەسەر ناوەکە بووە.

دکتۆر کەمال روونی کردەوە ئەگەر ناوەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە ئەوا وەزارەتەکە تایبەت دەبێ بە ئاییینی ئیسلامی، هەروەها بەڕێز ئەیاد روونی کردەوە دەربارەی مەسیحییەکان هەیئەتێک دروست دەکرێ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران، یان سەر بەوەزارەتی ناوخۆ یان سەر بەچ وەزارەتی تر بێ،

ئەگەر ناوەکەی گۆڕا ئەوا لە زۆر شتی تر گۆڕانکاری دەبێ و یاساکەش دەگۆڕێ و، من زۆر سوپاسی برا ئیسلامیەکان دەکەم کە بایەخ دەدەن بەم بابەتە.

خاڵێکی تر هەیە دەمەوێ روونی بکەمەوە لە کاتی رژێمی بەعس کە کەنیسەکان سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بوون ئەمە رای پیاوە ئاییینیەکانی مەسیحی نەبوو، چونکە دەیانگووت کەنیسە سەربەخۆ بووە لە هەموو زەمانێکداو، لەسەردەمی عوسمانی و،لەسەردەمی فارسی و،لەسەردەمی

خەلیفەکان ، لەسەر ئەمەبوو ئێمە رەخنەمان نەبوو لەسەر ناوەکەو، ئەگەر ناوەکە وا ماوە ئەوا تەنیا تایبەت دەبێ بە ئایینی ئیسلامی.
سەبارەت قسەی کاک فرەنسۆ گووتی کە بزووتنەوەی ئاشووری هەموو مەسیحییەکان ناگرێتەوە. خۆی بزووتنەوەی ئاشووری لەلایەن هەموو ئاشوورییەکان وکلدانیەکان هەڵبژێراوە، لەبەر ئەوە نوێنەرایەتی هەموویان دەکات.
دەربارەی دروست کردنی ئەنجوومەن بۆمەسیحیەکان، پێویستە لەگەڵ پیاوە ئایینەکانی مەسیحی گفتۆگۆ بکرێ بۆ دانانی شێوەی دارشتنی ئەم ئەنجوومەنە ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم گفتۆیەکە دوابخرێت، تابزانین ئەنجوومەنی وەزیران چ بڕیارێک دەردەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر پشتگیری بکرێ لەسەر پێشنیارەکەی د.کەمال سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز مانای وانەبوو کە دوا بخرێ، بەڵکو وەربگیرێ وەکو خۆی کە ئەمە تایبەت بێ بە ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی و، لە هەمان کاتیشدا پەیوەندیی بکرێ لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دروست کردنی ئەو ئەنجوومەنەی کە پەیوەندیی بە ئایینەکانی ترەوە هەیە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نقشبندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ من پشتگیری پێشنیارەکە دەکەم، بەلام لە هەمان کاتیشدا داوا دەکەم دوا بخرێ بۆ ئەوەی بزانین رای ئەنجوومەنی وەزیرانیش چییە؟ بۆ ئەوەی هەموو رۆژێ ئێمە گۆڕانکاری لە یاساکەدا نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی لە بەردەستمانە یاسای وەزارەتی ئەوقافە، دەستوور نییە لێرە مانای ئەوە نییە کە ئەو ئایینەی لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف باس نەکرێ لە حکوومەتی فیدرالیدا ناوەکەی سڕاوەتەوە، بەڵکو لە دەستوور باسیان دەکرێ، ئێستا ئەمە بڕیار بدرێ یان نەدرێ مانای ئەوە نییە کە ئایینی مەسیحی سڕاوەتەوە، بەڵکو تەنها بۆ راپەڕاندنی ئیشوکارەکانە، بەلام برادەرانی غەیری دینی ئیسلامی لایان باشترە بەڕێوەبەرایەتیەکی سەربەخۆیان هەبێ سەر بە وەزارەتی ئەوقاف، یان ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بێ، نەک لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف دابنرێت و، یەک یاسایان هەبێ. پێشنارەکەی دکتۆر کەمال کە دەڵێ ئێمە لەسەر ئەو یاسایەی لەبەردەستمانە بڕۆین ئەبێ پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات، نابێ پەرلەمان ئیشوکارەکانی خۆی لەسەر رای ئەنجوومەنی وەزیران رابگرێ، چونکە پەرلەمان یاسا دادەنێ وبڕیار دەدات، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەم بە جۆرێکی ترە، ئەویش ئەوەیە ئەو پڕۆژەیەی لەبەردەستمانە بەناوەرۆکەکەی لێی بکۆڵرێتەوە ئەو گۆڕانکاریەی تیا دەکرێ باس بکرێ و، بڕیاری لەسەر بدرێ و، ناوی وەزارەتەکە خۆی لەخۆیەتی وەزارەتەکە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامییە و، ئایینەکانی تر لەناو ئەم یاسایەدا جێگای باس کردنیان نییەو، کاتی خۆی هەربەو شێوەیە بڕیاری لەسەردراوە جارێکی تریش ئەیڵێمەوە ئەو کاتە بیرورای ئێمە وانەبوو کە ناوەکە تەنیا (وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی) بێ، بەڵکو بیرورای کوتلەی سەوز ئەوە بوو کە ناوی (وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی) بێ، بەڵام پاشان کە بڕیاردرا ئێمە ڕێز لەو بڕیارە ئەگرین.

پێشنیار دەکەم ئەو پڕۆژەی لەبەردەستە بەو شێوەی کە ئەیبینن کە کاروباری ئایینی و ئەوقافە ئەو مەسەلەیە بەو شێوەیە لێی بکۆڵینەوە، بڕیاری لەسەر بدەین وە ئایینەکانی تر دەتوانرێ کاتێکی تریان بۆ تەرخان بکرێ و، بەرای من بەشی زۆری ئەو لێکۆڵینەوەی لێرە دەکرێ زیادە، چونکە لە کاتی خۆی زۆر لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ کراوە.

دوا قسەم ئەوەیە با ئەم وەزارەتە هەر بەناوی (وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی) بمێنێتەوەو، پاشان دەزگایەکی تایبەت بە ئایینی مەسیحییەکان دابنرێت بۆ هەڵسوڕانی ئیشوکاری برا مەسیحیەکان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر پێشنیارەکەی د.کەمال؟.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەسەلەیە زۆر باس کرا وە پێشنیارەکەی کاک کەمال لەجێی خۆیەتی بەو شێوەی بڕیاری لەسەر بدەین کە کەمە نەتەوایەتیەکان و، کەمە ئایینەکانی تر بەڕێوەبەرایەتی تایبەتی خۆیان هەبێ، بەڵام ئەمە پەیوەندی بە ئەمنی قەومیەوە هەیە، چونکە کە ناوەکەی دەبێتە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ئەوا دوژمن ئیستغلالی دەکاو ئەو گرووپە ئایینیە بچووکەکان هان دەدا دژ بە ئێمە.

پێشنیارم دەکەم ئەم کۆبوونەوەیە دوا بخرێت بۆ سبەی، تاوەکو بەڕێز وەزیری ئەوقاف و برا ئاشووریەکان رای خۆیان دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو را هەیە دەربارەی ئەم بابەتە:

١ــ بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ کردنی ئەم بابەتە بەو شێوەیە، کە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بەپێی ئەو یاسایەی کە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا دەرچووە، ئەو ناوەی بۆ دانراوەو، لەهەمان کاتدا باسی ئەوە کرا کە ئەنجوومەنێک دروست بکرێ بۆ ئایینەکانی تر.

٢ــ ئەم یاسایە دوا بخرێ هەتا هەموو لایەک لەسەری کۆک دەبن. بەلاّم من وای بە باش دەزانم کە بیخەینە دەنگدانەوە، چونکە زۆر کاتی بەسەرچووەو، زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا.

ئێستا کێ لەگەلّ پێشنیارەکەی د.کەمالە کە ئەمە وەکو (یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی) گفتوگۆی لەسەر بکەین و، پاشانیش ئەنجوومەنێک پێک بهێنرێت لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە کە تایبەت بێ بە ئایینەکان، ئینجا کێ لەگەلّ ئەوەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لە دژی ئەوەیە کە بەردەوام نەبین لە باس کردن؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا کە بەردەوامین لە سەر گفتوگۆ کردنی یاساکە بەناوی (یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی).

**بەڕێز نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێموایە پێشنیاری یەکەم ئەوەیە کە ناوەکە نەگۆڕێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەمە ئەوقاف و کاروباری ئیسلامییە، ئەگەر ئەمە زیاد بکرێ دەنگدانەکە دەگۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من وابزانم گووتم وەکو خۆی بمێنێتەوە بەمانای ئەوەی کە بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ کردنی یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی و، لە هەمان کاتیشدا ئەنجوومەنی نیشتمانی هەولّ بدات لەگەلّ ئەنجوومەنی وەزیراندا بۆ دروست کردنی ئەو ئەنجوومەنەی کە بە کاروباری ئایینەکانی تر هەلّدەستی، لەسەر ئەمە دەنگ بدرێ. (٣٣) دەنگ لەگەلّ ئەوەیە کە بەردەوام بین لەسەر مناقەشە کردنی ئەم یاسایە، (٣٢) دەنگ دەیانەوێ دوا بخرێ.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێموایە ئێمە زیاتر بووین، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی وا دیارە بەشی زۆر ئەوانەی ئامادەن لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکە شارەزا نین، پێشنیارێک کرا ئەو پێشنیارە دەخرێتە دەنگدانەوە وەکو پێشکەش کراوە ئیتر پێشنیاری دوولایەن گوێم لێ نەبووەو، ئەوە سەر لە دەنگدەرەکان تێک دەدات. پێشنیارەکەی

منیش زۆر روون و ئاشکرایە ئەڵێم ئەو ناوەی کە دانراوە کاتی خۆی زۆر بەدوور و درێژی باس کراوەو، ئەنجوومەن بڕیاری لەسەر داوەو، ئێستاش ناوەڕۆکەکەی بەپێی ناوەکەش داڕێژراوە، ئەگەر بێتو ناوەکەی بگۆڕین دەبێ ناوەڕۆکەکەش هەمووی دەستکاری بکەین و، لەبەر ئەوەی کاتی خۆی زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕۆیشتین بیرورامان وابوو بەو شێوەیە ببڕێتەوەکە ناوەکەی (وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی) بێ و، برامەسیحیەکانیش ئەو کاتە بیروڕایان وابوو کە خۆیان نەبەستن بە وەزارەتەوە، لەبەر ئەوەی خۆیان بە کەمە نەتەوایەتی تایبەتی سەربەخۆ دادەنێن هەر ئەو کاتە بڕیاردرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەوانیش بەڕێوەبەرایەتی و دامودەزگای تایبەتیان بۆ دابمەزرێ.

پێشنیارەکەی من لەسەر ڕۆشنایی ئەم قسانەی سەرەوە بوو کە لە کۆبوونەوەیەکی پێشتر بڕیاری لەسەر درابوو، واتە ئەم پرۆژەی کە ئامادەکراوە بەناوی ناوەڕۆکەکەوە لەسەری بڕۆین و، لێی بکۆڵینەوە و بڕیاری لەسەر بدەین پاش ئەو گۆڕانکارییەی ئەکرێتە سەری لەهەمان کاتیشدا ئەو مەسەلەی تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە لە کۆبوونەوەی پێشتردا بڕیاری لەسەر دراوە کە پەلە بکەین لە جێبەجێ کردنی و لێی بکۆڵینەوە. لەبەر ئەوەی من خاوەن پێشنیارەکەم داوا دەکەم کە پێشنیارەکەم وەکو هەیەو، بە نووسراویش لەبەردەستانە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر ئەنجوومەن پەسندی کرد ئەوا لەسەر کاروبارەکەی خۆمان بەردەوام دەبین و،ئەگەر پەسند نەکرا ئەوا ناچارین لەو مەسەلەی جارێکی تریش گفتوگۆی لەسەر ئەکەین و زۆر کاتیشی پێ ئەکوژین، ئێستا با بزانین بڕیاری ئەنجوومەن چ دەبێ لەسەر پێشنیارەکەم؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەداخەوە کاک کەمال ئەو پێشنیارەی کە بەڕێزت فەرمووت بە نووسراوی پێمان نەگەیشتووە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک کەمال گووتی پرسیارەکەی من دوولایەن نەبوو. ئێمە ئەگەر ویستمان ناوی وەزارەتەکە بگۆڕین بکرێتە (وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی) وابزانم ئەو ئەنجوومەنەی کە دەیانەوێ لە ئەنجوومەنی وەزیراندا دروست بکرێ پێویست نییە،ئەگەر ئەم ئەنجوومەنەش دروست بکرێ پێویست ناکات ناوەکەی بگۆڕدرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم دەنگدانەکە وا دەرچوو (٣٣) لەگەڵ ئەوەیە کە بەردەوام بین لەسەر پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی (٣٢) دەنگ لە دژە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم ئەو خاڵانەی کە ئاراستەمان کراوە زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا، کاک مەلا محەمەد ئەمین

وەکو ئەندامێکی لیژنەی ئەوقاف دەڵێ: لە برگەی (١٠) برگەیەک زیاد بکرێ، ئەو برگەیەش لەسەر داواکاری ئەوان زیاد کرا.
بەرێز عەبدولخالق دەڵێ: بایەخ بدرێ بە برادەرانی غەیری ئایینی ئیسلامی بۆ ئەم مەبەستەش پەرلەمان و، وەزیری ئەوقاف مادەیەک دابنێن. ئەوە لە برگەی (٤)دا باس کراوە (العناية بالشؤون الاسلامية والدينية) زیاد بکرێ ئەوەش لە کێشەی گفتوگۆیەکە هاتووە کە ئەگەر (اسلامی) بێ پێویست ناکا (دینی) بۆ زیاد بکرێ. کاک ئەکبەر دەڵێ لە جیاتی (تعمل الوزارة على تحقيق الاهداف التالية) بڵێین (مهام الوزارة)، بەڵام بەلای منەوە هیچ لە ماناکەی ناگۆرێ و، لە زۆربەی وەزارەتەکان وا هاتووە بۆیە ئێمەش وامان نووسی. مامۆستا مەلا هادی دەڵێ (٩ر١٠)ی زیاد کراوە بۆمان بخوێننەوە. فەرموون ئێوە مادەی (٩ر١٠). سوپاس.

**بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاسعاً: توثيق الروابط الدينية مع الاقليات الدينية بوجه خاص والعالم بوجه عام.
عاشراً: اعادة ما دمر من الجوامع والمساجد وانشاء المدارس الدينية الملحقة بها، والعمل على فتح الكليات والمعاهد الاسلامية في محافظات الاقليم.

**بەرێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم قانوونە کە ئێمە دامان ناوە لە وەزارەتی ئەوقاف لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە ناوەکەی (وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی) بێ، بەڵام ئەگەر کاروباری ئایینی بوایە ئەوا بەشێوەیەکی تر دادەرێژرا، لەبەر ئەوە چۆن پێشنیار کرا ئێمە لەسەری گفتوگۆ دەکەین.
پرسیار دەکرێ ئایا وەزارەتی ئەوقاف لەبارەی کەمەنەتەوایەتیەکان هیچی داناوە؟. ئەمە کاری وەزارەتی ئەوقاف نییە، بەڵکو کاری یاسایەو، یاسا چۆن دابنرێ ئێمە وا لەسەری دەرۆین، ئەگەر کاروباری ئایینی بوایە ئەوا دەبا یاساکە هی کاروباری ئایینی بوایە، بەڵام ئەگەر کاروباری ئیسلامی بێ ئەوا دەبێ بە گوێرەی کاروباری ئیسلامی کار بکەین.
ئەندامێکی تر دەپرسێ ئایا کەس لە پیاوە ئایینیەکان داوایان نەکردووە؟، بەڵام مەتران و پیاوەکانی تریش هاتوونەتە لای کاک مەسعودو، زۆر بە توندی باسیان کردو، بۆ لای منیش هاتوون وە بەراستی نارازیش بوون و زۆر گلەییان هەبوو لەناوەکە وتیان لەسەردەمی حزبی بەعس ناوی (ئەمانەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی) بوو ئێستا کراوە بە کاروباری ئیسلامی و، ئێمەتان دوور خستۆتەوە، ئەمەش دەبێتە زوڵمێک دەرهەق بە ئێمەو، دیاریش نابێ ئیشوکارەکانی پەیوەندیی بەکام وەزارەت دەبێت.
دەربارەی رەخنەکەی برادەرانی بزووتنەوەی ئاشووری، من نەمگووت بزووتنەوە نوێنەرایەتی ئاشووریەکان ناکات، بەڵکو گووتم ئەو برادەرانەی لێرەنە نوێنەری هەموو مەسیحیەکان نین،

چونکه مەسیحییەکانی کوردستان سێ چوار تەوائفی تێدایە، لەبەر ئەوە ئەوان تەنیا نوێنەری ئاشووریەکان دەکەن نوێنەری کلدانیەکان نین، بۆیە تەنها رەزامەندی بزووتنەوەی ئاشووری ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو مسیحییەکان لەسەر ئەم یاسایە رازی بن، ئەوە رای من بوو.

سەبارەت رەخنەی د.عیزەدین موستەفا کە دەڵێ یاساکە بەزمانی عەرەبی نووسراوە نەک بە کوردی بەراستی رەخنەکەی بەجێیە، بەڵام خۆی دەزانێ ئێمە زاراوەی یاسایی کوردیمان نییەو، ئەگەر بەزمانی کوردیش بنووسین دەبێ وشە عەرەبییەکان بەکار بهێنین، ئەوەش کاتەکەمان بەفیڕۆ دەبات. سەبارەت بە مادەی (١٠)یەم، بەرای من ئەو مادەیە زیادەو، لەجێی خۆی نییەو، یاسایی نییە (اعادة بناء المساجد والمدارس)، چونکە کە یاسا دادەنرێ بەردەوامە بۆ ساڵێک و دووساڵ و سێ ساڵ نییە. ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتەکان شتێکی کاتییە لەماوەی ساڵێک یان دوو ساڵ دەبێ کە مزگەوتەکان ئاوەدان بوون ئەم پووچەڵ دەبێ، لەبەر ئەوە ئەمە پێویست ناکات لە یاسادا ئەمە باس بکرێت، بەڵکو دەبێ لە پلانی وەزارەتی ئەوقاف ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتەکان باس بکرێت.

دەربارەی کردنەوەی کۆلیژو پەیمانگاکان ئێمە کاتی خۆی باسی ئەوەشمان کردووە، ئەگەر لە ئایندە کۆلیژەکان بکرێنەوە دەبێت سەربە وەزارەتی ئەوقاف بێت، بەڵام ئێستا وادانراوە کە کردنەوەی کۆلیژەکان ئەگەر ئیسلامی بێ یان ئیسلامی نەبێ، دەبێ سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا بێت، لەبەر ئەوە بەرای من ئەم مادەیەش زیادەو، پێشنیار دەکەم وەزارەت چۆنی نووسیوە هەر وابێ. ئەمانە تێبینیەکانی من بوون ویستم روونیان بکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت برگەی (١٠) کە دەڵێ: (اعادة ما دمر من الجوامع والمساجد انشاء المدارس الدينية الملحقة بها والعمل على فتح الكليات والمعاهد)، ئەمە پێشنیاری لیژنەی ئەوقاف بوو راستە ئەمە بۆ بارێکی کاتییە هەر کاتێک ئەو بارە تەواو بوو ئیتر ئەو مادەیە کاری پێ ناکرێ و، ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لاریمان نییە لەسەر لابردنی ئەو مادەیەو،رای کۆتاییش بۆ پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە مادەی (٢) برگەی (٢) وشەیەک هەیە بەراستی ئێمەش هەستمان پێ نەکردووە پێویستی بە گۆڕینەوەی هەیە (رعاية شؤون المقدسات الدينية) دەبێتە (رعاية شؤون المقدسات الاسلامية وتنظيم ادارتها اصيانتها)، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا هەموو شتێک بە زمانی کوردی دەنووسرێت،لە قوتابخانەکاندا وانەکان زۆریان بە کوردی

ئەخوێنرێ و، بەڵام نازانم لیژنەی یاسا بۆچی یاساکان بە کوردی ناخوێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم باسکردنی ئەم خاڵەی تیادا نەبوو. ئێستا وەڵامی لیژنەی یاسا لەسەر ئەم تێبینییانە چییە؟ هەندێک تێبینی کە باسکرا دەربارەی کێشەی هەوڵدان بۆ کردنەوەی کۆلیژو، دانیشتگاکان هەندێ لە ئەندامەکان وا روونیان کردەوە کە ئەمە ئیشوکاری خوێندنی باڵا و زانکۆیە، ئەگەر راتان ئەوەیە کە لابرێ. هەروەها پێشنیارێک هەبوو بۆ پتەوکردنی برایەتی نێوان ئایینی ئیسلام و، ئایینەکانی تر لە کوردستاندا ئایا بیروڕاتان چییە بەرامبەر ئەمە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ لارییمان نییە لەسەر ئەمە، بەڵام ئەو پێشنیارە خۆی هی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بوو، لەبەر ئەوە دەبێ ئەوان رای خۆیان دەرببڕن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هیچ تێبینییەک نییە لەسەر مادەی (٢) برگەی (١٠) بەم شێوەیە دەبێت (اعادة اعمار ما دمر من الجوامع والساجد وانشاء المدارس الدينية الملحقة بها).

ئەوەی تر (والعمل على فتح الكليات والمعاهد في محافظات الاقليم) ئەوە لابرێ. کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم رستەیە بمێنێتەوە؟.. مام رۆستەم بە عەرەبی تێنەگەیشتووی، دەڵێ ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتەکان و، دروست کردنەوەی قوتابخانە ئایینەکان کەسەر بە مزگەوتەکانن و، هەوڵدان بۆکردنەوەی کۆلیژەکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا. رای تریش هەیە کە دەڵێ ئەم برگەیە بمێنێتەوە بەڵام مەسەلەی کردنەوەی کۆلیژەکان و پەیمانگاکان بکەوێتە دەست خوێندنی.

کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ .. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاسان دەکەین.. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە هی کۆلیژەکان لابرێت و بدرێتە خوێندنی باڵا؟.

زۆربەی دەنگ پەسند کرا کە کۆلیژەکان لابرێت و، بدرێتە دەست خوێندنی باڵا.

مادەی دووەم بەندی (٩) (توثيق الروابط الدينية بين شعوب العالم الاسلامي بوجه خاص والعالم بوجة عام) لە پێشدا بێ بە (توثيق الروابط بين ديانات اخرى)، ئەمە لیژنەی یاسادایبرێژێ کە بەم شێوەیە بێ (توثيق الروابط الدينية مع الاقليات الدينية في الاقليم ومع شعوب العالم الاسلامي بوجه خاص، وشعوب العالم بوجه عام) کێ لەگەڵ ئەم گۆڕنکارییە؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموومان لەگەڵ ئەوەین، بەڵام ئەگەر بەڕێزت فەرمان بدەی ئەم دەقە بدرێتە لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی دابرێژرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەوەنیم کەوا پەیوەندیی پتەو بکرێ لەگەڵ ولاتە ئیسلامییەکان، چونکە بەراستی لەم بارودۆخەی کە کوردستان لەم دووساڵە تیایدا بووە ئیتر لە برسێتی و، سەرمادا ژیاوەو، هیچ ولاتێکی ئیسلامی یارمەتی نەداوە، بۆ نموونەش لەم رۆژانە لە ولاتی میسر بوومەلەرزەبوو (٤٠٠) کەس کوژرا، ولاتی سعودیە (٣) ملیۆن دۆلاری بۆ(٤٠٠) کەسەکە تەرخان کرد کەوا سعودیە ئیسلامیەتە لە دنیادا جا بەڕای من جیاوازی هەیە لە نێوان ئیسلاماندا،و ئیسلامی عەرەب جۆرێکن و ئیسلامی شوێنەکانی تر جۆرێکی ترن، لەبەر ئەوە نابێ ئێمە دوای ئەوان بکەوین، چونکە ئەو کاتە دەبێ بەپێی هەڵوێستی ئەوان بجولێینەوەو، من وای بەباشی دەزانم کە زانایانی ئایینی کوردستان زیاتر بە کاری خۆیان هەڵسن و، بگەینە پلەی ئەو ولاتانەی کە بەناوی ئیسلام کار دەکەن و، خۆیان بەسەرچاوەی ئیسلام دادەنێن، بەڵام بە هیچ جۆرێک رەوشتی خۆیان دەرنەخست کە یارمەتی میللەتی کورد بدەن و، یارمەتی ئەو هەژارانە بدەن کە ئێستا لە برسێتی و، لە بێ سووتەمەنی دەمرن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر بەڕێز جەلال ئەم مادەیە بخوێنێتەوە کە دەڵێ: (توثيق الروابط الدينية مع الشعوب العالم الاسلامي) ولاتەکانی دیاری نەکردووە، بەڵکو ئەڵێ (شعوب العالم الاسلامي).

ئێستا دەمانەوێ ئەو مادەیە پاش ئەوەی زۆر باسکراو، ماوەیەکی زۆری خایاند نزیکەی زیاتر لە (٢٠) کەس لەسەر ئەم بابەتە قسەیان کرد بیخەنە دەنگدانەوە.

ئەو مادەیە دوای ئەو گۆڕانکار یەی کە خرایە سەری کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم مادەیە بڕیاری لەسەر بدرێ تکایە دەسەت بەرز بکاتەوە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژی ئەوەیە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

مادەی (٢) دەنگدرا لەسەری، تکایە لیژنەی یاسا لەکاتی داڕشتنی ئەم مادەیە ڕەچاوی گۆڕانکاریەکان بکەن.

ئێستا مادەی سێیەم دەخوێنینەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا مادەی (٣) لەیاسای وەزارەتی ئەوقاف هاتووە. لیژنەی یاسا وا بڕیاریدا کە تیایدا نەبێ، مادەی (٣) کە ئێستا بۆتان دەخوێنینەوە ئەو مادەیە نییە کە لە پڕۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقافە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اولاً: وزير الاوقاف الشؤون الاسلامية هو الرئيس الاعلى للوزارة، والمسؤول عن تنفيذ سياستها وممارسة الاشراف والرقابة على تنفيذ القوانين والانظمة والتعليمات فيها وتصدر عنه القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها واختصاصاتها وسائر شؤونها التخطيطية والفنية والادارية والمالية التنظيمية ضمن احكام القوانين والانظمة المرعية ويكون مسؤولا امام المجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامنا فيه.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادەی (٣)برگە (١)؟.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی مادەکە دوورو درێژە، ئەگەر بفەرموون بیخوێننەوە تاکو بینووسین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی (٣) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف ئەو پێشنیارە هاتووە بۆ لیژنەی یاسایی. بەرای لیژنەی یاسایی ئەم مادەی کە لەیاسای وەزارەتی ئەوقافدا هاتووە خۆی لە پێڕەوەی ناوخۆی وەزارەتدا چارەسەری دەکرێ، بۆیە ئێمە ئەو مادەیەمان لەبنەڕەتدا لابرد، ئێستا دێینە سەر مادەی (٤) کەباسی تەشکیلاتی وەزارەت دەکات کەواتە مادە (٤) دێتە جێگای مادە (٣).

المادة الثالثة:

اولاً/ وزير الاوقاف والشؤون الاسلامية هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول الأول عن تنفيذ سياستها وممارسة الاشراف والرقابة على تنفيذ القوانين والانظمة والتعليمات فيها وتصدر عنه القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له العلاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها و اختصاصاتها وسائر شؤونها التخطيطية والفنية والادراية والمالية والتنظيمية ضمن احكام القوانين والانظمة المرعية ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضوا متضامنا فيه.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەسەر مادەی (٣) بەندی (١) تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی من زیاتر لەسەر شێوەیەکەیەتی نەک ناوەڕۆکەکەی ئێوە لەپێشدا چەند روونکردنەوەیەکتان نووسیوە دەڵێن (الوزیر) بەمانای وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ئیتر

بەرای من ئەم دووبارەکردنەوەیە هەموو جارێک پێویست ناکات بگوترێت (وزیر الاوقـــاف والشؤون الاسلامیة) ئەتوانرێ بنووسرێ، الوزیر: هو الرئیس الاعلی للوزارة. لەمادەکانی تریشدا پێویستە ئەوە رەچاو بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

جیاوازی هەیە لە دەسەلاتی وەزیرەکان کە بەیەک دەق هاتووە، هەروەها بۆ وەکیل وەزیرەکانیش بەهەمان جۆرە دەسەلاتیان پێ بدرێ و، پێویستە لە یاسادا ئەمە رەچاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عـــیـزەدین مـســتـــەفـا رەسـول:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

پشتگیری قسەکانی مەلا محەمەد دەکەم ئەبێ تۆزێ لەوە ئاگادار بین کە دەسەلاتی هەموو وەزیرەکـان لە هەمـــوو وەزارەتەکـانـدا وەکـــو یەک بێ و لەیەک بچێ هەروەها بریکاری وەزارەتەکانیش لە هەندێ شوێندا بۆیان دەست نیشان دەکرێ و،لە هەندێ شوێندا نووسراوە ئەمە دەسەلاتی وەزیر خۆیەتی کەواتە بریکاری وەزارەتەکە هیچ دەسەلاتێکی نەبێ، بەرای من لەم پلەی ئێستامان هەموو وەزیرەکان و، بریکاری وەزیرەکانیش دەسەلاتیان وەک یەک بێ و، بەیەک دەق بخرێنە یاساکانەوە، سوپاس.

**بەڕێز مــەلا هادی خـــضـــر کـــوێـخـــا:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

من ویستم ئەمە روون بکەمەوە بۆ برادەران کە مادەی (٣) نەنووسراوەتەوە لەجیاتی مادەی (٣) مادەی (٤) نووسراوە، سوپاس.

**بەڕێز حـــســـێن عـــارف عـــەبدولرەحـــمـــان:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

ئەمە (٣٠) دانە کوردییە لەیاسـاکـە، ئەگەر بەڕێزتان حەزئەکەن بەسەر ئەندامەکان دابەشی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

خاڵێک هەیە دەمەوێ روونی بکەمەوە بۆ ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پرسیار دەکەن دەربارەی دەسەلاتی وەزیر بریکاری وەزیر، ئیشی وەزارەتی ئەشغال بیناکردن و، ئەندازیاری و، ئاوەدان کردنەوەیە، هەروەها وەزارتی نەخشەکێشان ئیشوکاری نەخشەدانانە، ئیشی وەزارەتی ئەوقاف

کاروباری ئایینی ئیسلامییه، راسته دانانی وەزارەت لەسەر ڕێککەوتنی هەردوو فراکسیۆنەو، سەبارەت دەسەڵاتیان ئەوا پێکهاتنی لەسەر دەسەڵاتی نێوان وەزیرو بریکار چۆن دانراوە ئێمە وا دەنووسین و، مەرج نییە هەموویان دەسەڵاتیان وەکو یەک بێ.
دووەم بریکاری وەزیر لەگەڵ وەزیرەکەی ڕێک دەکەن لەسەر دەسەڵات بۆ ئێمە تێکی بدەین، ئێستا ئێمە بایەخ بەوە دەدەین کە ئیشوکاری کوردستان بڕوات و، پێچەوانەی یاسا نەبێ، وابزانم تێبینی د.عیزەدین هەر لەسەر ئەم بابەتە بوو.
تێبینی د.کەمال لەجێی خۆیەتی پێویست نییە بلێین (وزیر الاوقاف) بەڵکو وشەی (الوزیر هو الرئیس) (ال) زیاد دەکرێتە سەر وشەی وەزیر ئێستا ووشەی وەزیر لادەبرێ و، الاقاف والشؤون الاسلامیه لا ئەبرێ و، هیچ ماناکەی ناگۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت دەسەڵاتی بریکاری وەزیر ئەو یاسایانەی لێرە پەسندکراون باسی ئەوەیان کردووە کە دەڵێ: (للوزیر تخویل بعض صلاحیاته الی وکیل الوزارة)، یان زیاتریان پێ نەدراوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێموایە هەموو ئەو ئەندامانەی ناویان نووسرا بوو لامان وەتێبینیان هەبوو لەسەر ئەم بابەتە تەواو بوون.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری قسەکانی بەڕێز سەید حەسەن دەکەم کە دەڵێ: پێش دانانی دەسەڵاتی وەزیرو، بریکاری وەزیر هەردووکیان لەگەڵ یەکتردا دادەنیشن بۆ دابەش کردنی دەسەڵاتیان بە پێی ئیشوکاری وەزارەتەکەیان، ئینجا لە یاساکەدا دەنووسرێ کە دەسەڵاتی بریکاری وەزیر چییەو، تا ئێستا زۆر بەڕێکوپێکی ئەم شتە ڕۆیشتووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عومەر ئێمە کە مادەکەمان خوێندەوە داوامان لە بەڕێزان کرد کە کێ تێبینی هەیە دەربارەی ئەم خاڵەو، هەموو ناوەکان نووسراوە خوێندرایەوە. ئەگەر بەم جۆرە بڕۆین بەڕێوە هەموو کەسێک تێبینییەکی تری هەبێ هەر کەسێ زیادەیەکی هەبێ لەسەر قسەی ئەوی تر پێموایە هیچ یاسایەک تەواو ناکەین.
ئێستا گفتوگۆ لەسەر ئەم مادەیە تەواو بوو.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

ثانيا: للوزير تخويل بعض صلاحياته الى وكيل الوزارة او لأي من رؤوساء الدوائر في الوزارة والمديرين فيها.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم برگە (٢)؟

**بەڕێز کـــەمـــال ئـیـــبـــراهیم فـــەرەج شـــالی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

سەبارەت مادەی دووەم وای بەباش دەزانم کە لیژنەی یاسا دەسەلاتی وەزیر لەگەڵ بریکاری وەزیر پیشـان بدات، بۆ ئەوەی بزانین بریکاری وەزیر چ کارێکی پێی سپێردراوە، چونکە بەراستی دەسەلاتی وەزیر و بریکاری وەزیر لە زۆر وەزارەتەکاندا گۆڕانی تیایە، دەسەلاتیان جیاوازە، چونکە وەزیرەکان نە وەزیری کوتلەی زەردن و، نەوەزیری کوتلەی سەوزن، بەڵکو وەزیری میللەتن، لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە دەسەلاتی بریکاری وەزیر لێرە دەست نیشـان بکرێ نەک وەزیری پێی بسپێرێ، سوپاس.

**بەڕێز عـــومـــەر ســـەید عـــەلی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

مەسەلەکە مەسەلەی وەزیری ئەوقاف نییەو، ئەم وەزاراتانە وەزارەتی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستانەو، ئەمرۆ کۆمەڵێک برادەر ئیشوکارەکان رادەپەڕێنن سبەینێ کۆمەڵە برادەرێکی تر رایدەپەڕێنن. وەزارەتێک کۆمەڵێک ئیشی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بەڕێوە دەبات، ئەگەر وەزیرێک ئیشوکارەکان دابەش بکا لەوانەیە بۆ ماوەیەکی تر بریکارێکی تر بێت بەم دابەش کردنە رازی نابێت، لەبەر ئەوە پێشنیـار دەکەم لیژنەی یاسـا، یان لیژنەی پسپۆڕ دەسەلاتی بریکاری وەزیرەکان دیاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

چەند تێبینییەکم هەیە لەسەر ئەم خاڵە کە دەڵێ: (للوزير تخويل بعض صلاحياته الى وكيل الوزارة أو رؤساء احدى الدوائر) ئەمە ئەوە رادەگەیەنێ کە وەزیر بۆی هەیە دەسەلاتی بداتێ و، هەروەها دەتوانێ هیچ دەسەلاتێکی نەداتێ.

لەکۆتایی برگەکەدا دەڵێ: (باستثناء الصلاحيات الممنوحة له شخصيا) پرسیـار دەکەم ئەم دەسەلاتە کەسیە لە کوێوە پێی دراوەو؟ ئایا ئێمە یاسایەکمان هەیە بەگشتی دەسەلاتی بریکاری وەزیرەکان دیار بکا یان ئایا ئەنجوومەنی وەزیران ئەمە دەکات؟. داوا دەکەم ئەم مەسەلەیە روون

بکرێتـەوە. ئەندامانی لیژنەی یاسایی گووتیان هەموو هەموارکردنەکان یەکە، بەڵام ئەوەی من تێبینیم کرد هەمووی وەک یەک نییە، چونکە لە هەندێ شوێندا وەکو خوێندمانەوە وایەو، لە هەندێ جێگای تر دەڵێ: (یساعد الوزیر)و، واتە ئەمە تۆزێکی ماوە بۆ (یشارک الوزیر)، حەزیش دەکەم ئەم شتانە زیاتر بیری لێ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەو دەقەکەی لای بەڕێزتانە هەڵە نییە،بەڵام جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو دەقەی لای لیژنەی یاسایە، چونکە هی لیژنەی یاسا پاش گۆڕانکارییە، جا مادەی (٢) دەڵێ: (للوزیر تخویل بعض صلاحیاته الی وکیل الوزارة او لأي من رؤساء الدوائر في الوزارة والمدیرین فیها).

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو پرسیارم هەیە لە بەڕێز وەزیری ئەوقاف دەڵێ: (للوزیر تخویل بعض صلاحیاته).

١ـ ئایا ئەم دەسەڵات پێدانە بەپێی ئیشوکار دەبێ، یان بەپێی بارودۆخە؟.

٢ـ ئایا ئەم دەسەڵات پێدانە کاتییە، یان بەردەوام دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزیر بەرپرسیارە بەرامبەر بە یاساو، بەرامبەر بە ئەنجوومەنی وەزیران و، بەرامبەر پەرلەمان، بەڵام بریکار بەر پرسیار نییە، لەبەرئەوە بریکاری وەزیر نابێتە هاوبەش لە حوکم لەگەڵ وەزیر. ئەمەش بارودۆخێکی تایبەتییە لە ئەنجوومەنی ئێمەدا هەیەو، ئیشوکارەکانی بریکار ئیدارییە، چونکە وەکو گووتم هەمیشە وەزیر بەرپرسیار دەبێت لەبەرامبەر ئەنجوومەنی وەزیران نەک بریکار، بۆیە دەبێ وەزیر لەگەڵ بریکار دابنیشن و ڕێک بکەون چ جۆرە دەسەڵاتێکی هەبێ کە زیان بە دەسەڵاتی وەزیر نەگەیەنێ، لەوانە ئیشێک بکرێ کە زیانی هەبێ ئەو کاتە وەزیر بەرپرسیارە بریکاری وەزیر بەرپرسیار نابێ، چونکە ئەو کاتە بریکارەکە دەڵێ بەڕێزت ئەم دەسەڵاتەت پێم داوە.

دەربارەی ئەو تێبینییەی کە یاسایەک هەبێ بەپێی ئەم یاسایە دەسەڵاتی وەزیر و بریکاری وەزیر دیاری بکرێت. بەلای منەوە ئەوە نابێ، چونکە لە هیچ یاسایەکی دەوڵەتان، یان عێراق ئەم جۆرە یاسایە نییەو، هەمیشە دابەش کردنی کار لە نێوان وەزیر وبریکاری وەزیر لە نێوان خۆیاندا دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینییەکم لەسەر دەسەڵاتی وەزیرو بریکاری وەزارەت هەیە.

وەزارەتەکانی ئێمە بانێکەو چەندین هەوایە سەبارەت بە دەسەلاتیان، چونکە پێویستە دەسەلاتی بریکارەکان لە هەموو وەزارەتەکاندا وەکو یەک بن، من پرسیار دەکەم ئایا ئەوە دەسەلاتانەی چین کە وەزیر دەیانداتە بریکاری وەزیر؟ ئەمە یەک.

دوو، بەڕێز سەید حەسەن دەڵێ (بەرای من) ئەمە هەڵەیە، چونکە بەڕێزی ئەندامی لیژنەی یاسایەو، پێویستە بڵێ بەرای لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزیر دەسەلاتی خۆی هەیە، ئەگەر بەرێککەوتن هەندێ لە دەسەلاتی خۆی بداتە بریکاری وەزیر و ئیشوکار لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن ئەمەراستە، بەلام هیچ یاسایەک نییە دەسەلاتی وەزیرو بریکاری وەزیر دیاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من دەسەلات پێدان بەگوێرەی لێهاتوویی بێت، چونکە هەندێ جار بریکاری وەزیر زۆر بەتوانا ترە لە وەزیرەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی رەش نووسی یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ماوەیەکی زۆرە لە بەردەستماندایەو، ئەوەی من تێبینیم کردووە لەوانەیە هەندێ لە ئەندامان یاساکەیان نەخوێندۆتەوە، ئەو دەسەلاتەی کەدراوەتە بریکاری وەزیر لەم وەزارەتەدا بە هیچ بریکارێک لە وەزارەتەکانی تر نەدراوە، چونکە تەنها دەسەلاتی بریکاری وەزیر ئەوە نییە کە لە برگە (٤) خالی (٢)دا هاتووە کە دەڵێ: ( للوزير تخويل تعض صلاحياته الى وكيل الوزارة)، بەڵکو لە چەند شوێنێکی تر ئاماژە کراوە بۆ دەسەلاتی بریکار. وەکو لە مادەی (٣) خالی دووەم لقی (أ) دەڵێ (للوزير ان ينسب وكيل الوزارة لرئاسة المجلس عند غيابه) جا ئەمە دەسەلاتێکی زۆری داوە بە بریکاری وەزیر، هەروەها مادەی (٤)یش تایبەتە بە بریکاری وەزیر.

ئەگەر ئەندامانیش بڵێین نابێ هەموو بریکاری وەزیرەکان وەکو یەک دەسەلاتیان هەبێ ئەمە شتێکی ترە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕوونکردنەوەیەکم هەیە دەربارەی وشەی (بریکاری وەزارەت) هەندێ لە ئەندامان دەڵێن (بریکاری وەزیر) ئەمە هەیەڵە، چونکە (بریکاری وەزیر) جیاوازە لەگەڵ (بریکاری وەزارەت)،

چونکە بریکاری وەزیر لێپرسراوێکی ئیداری وسیاسیە، بەڵام بریکاری وەزارەت شتێکی ترە، هەر لەبەر ئەوەشە دەسەلاتی بریکاری وەزارەت بەو شێوەیە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

منیش پرسیارێکم هەیە لەسەر ئەو بابەتەی بەڕێز عەدنان باسی کرد لێرە کە دەڵێ: (للوزیر تخویل صلاحیاتة الی وکیل الوزارة)، مەبەستی (وەکیل وەزیرە)، یان (وەکیل وەزارەتە)؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە مەبەستی (وەکیلی وەزارەتە)، بەڵام سەبارەت وەکیلی وەزیر (الوکیل کالاصیل)، چونکە هەمان دەسەلاتی وەزیری هەیە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم دەسەلاتانە هی وەزیرە، جا لێرە وەزیر بۆ خۆی هەیەتی کە ئەم دەسەلاتە دەداتە بریکاری وەزیر یان، نایدات وە دەشتوانێ نەیدات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من کە لێرە قسە دەکەم بەناوی لیژنەی یاساوە قسە دەکەم و، پێویست ناکا هەموو کات دووبارە بکەمەوەو، بڵێم بەناوی لیژنەی یاسا ویستم ئەم روون بکەمەوە.

دەربارەی دەسەلاتی وەزیرو بریکاری وەزیر ئەوەی کاک عومەر سەید عەلی بۆی چووە زۆر زۆری لێ دوورە، چونکە ئێمە وەزیرو بریکاری وەزیرمان هەیە، یاسای هەموو وەزارەتێک گشتییە لێپرسراوی یەکەم (اصیلەکەیە) هەندێ لە دەسەلاتی خۆی دەداتە بریکار بەپێی ئەو پێکهاتنەی لە نێوانیاندا دەبێ، چونکە ئەوان کە رێک دەکەون لەسەر یاسایەک کە لیژنەی ئیستشاری داینەوەو، ئەوانەی لە لیژنەی استشارین هەموویان (٢٠-٣٠)ساڵ لە یاسا ئیش دەکەن ئینجا دێن بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.

بۆچوونی ئێمە ئەوەیە کە ئەو دەسەلاتەی دەدرێتە وەزیر دەبێ یاسایی بێ و، دژی یاسا نەبێ ئێمە سیفەی کەس ناگۆڕین. بۆ نموونە وەزارەتی ناوخۆ ئیشی لە هەموو وەزارەتەکان زۆرترە کەسەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانن، دەگونجێ بریکاری وەزارەتەکە دەسەلاتی بۆدانەنرێت؟.

دەربارەی قسەی بەڕێز حەسەن حەمید راستە، چونکە ئەوە دەمێنێتەوە سەر لێهاتوویی، چونکە ئەگەر یەکێ لێهاتوو نەبێ هەرچەندە دەسەلاتیشی هەبێ هیچی پێ ناکرێ.

سەبارەت تێبینی مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین دەڵێ: (الصلاحیات الممنوحة لە شخصیا) وە

ئێمەش ئەوەمان لا ڕاست نەبوو، بۆیە لامان بردووە لە هەموو یاساکانی تر، چونکە (الصلاحيات الممنوحة لة شخصيا) چییە؟ بۆیە ئەوە لەو هەموارکردنەکەی لیژنەی یاسا ئەم دەستەواژەی تێدا نییە.

بەڕێز د.رزگار پرسیاری کرد ئەم (تخويل)ە کاتی یە یان بەردەوامە؟ ئێمە دەڵێین مەرج نییە هەموو دەسەلآتەکە بەردەوام بێ، چونکە هەندێکیان کاتی دەبێ و، هەموو کاتێکیش وەزیرەکە دەتوانێ دەسەلآتی بریکاری وەزیرەکە بکێشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا مادەی سێیەم تەواو بوو دوو پێشنیار هەیە: یەکەم (شؤون اوقاف و ئیسلامی) لاببرێ و، (ال) ئەخرێتە سەر وشەی (وزير).دووەمیش وەکو خۆی دەمینێتەوە.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە مادەی سێیەم وەکو خۆی بمێنێتەوە تەنیا (ال) بچێتە سەر وشەی وەزیر تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەتێکرای دەنگ مادە (٣) پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: ترتبط بمركز الوزارة ما يلي:

١- المكتب الخاص للوزير: يتولي ادارته موظف بدرجة المدير ويعاونه عدد من الموظفين حسب الاقتضاء.

٢- للوزير تشكيل لجان دائمية او وقتية في الوزارة يعهد اليها بمهام خاصة تتعلق بانشطة و فعاليات الوزارة وفقا لأحكام القوانين المرعية والانظمة والتعليمات الصادرة بموجبها وله الاستعانة بالخبراء الاختصاصيين ضمن الاقليم او من خارجه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی لەسەر مادەی چوار هەیە؟.

**بەڕێز کاکە ڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕستەی (ترتبط بمركز الوزارة) نارێکە لە لایەنی زمانەوە، چونکە جوانترە بڵێین (يدار مكتب الوزير من قبل) نەک (ترتبط بمركز الوزارة)، چونکە بەڕێوەبەرایەتیەتێکی دەرەوەی وەزارەت نییە هەتاکو بڵێین (ترتبط بمركز الوزارة)، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لە جیاتی (ترتبط بمركز الوزارة). ببێت بە (تتألف مركز الوزارة من المكتب الخاص للوزير ومكتب وكيل الوزير ومديرية الديوان العامة)، چونکە لێرە کە دەڵێین (مركز

الوزارة) ماناى بە تەنها وەزير دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مـــەلا تەها مـــحـــەمـــەد تەها:**

**بەڕێـز ســـەرۆكى ئـەنجـــوومـــەن.**

پێشنيـار دەكـەم ئەم رستـەيە(يتولى ادارته بدرجة مـدير ويعـاونه) بكرێتـە (او عـدد من الموظفين)، سوپاس.

**بەڕێز جـێگرى ســەرۆكى ئەنجـوومـەن:**

وەڵامى ليژنەى ياسا چييە دەربارەى ئەم پرسيارانە؟.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولكەريم بەرزنجى:**

**بەڕێـز ســـەرۆكى ئـەنجـــوومـــەن.**

بەڕاى ئێمە ئەوە راستـە كـە دەڵێين (ترتبط بمركـز الوزارة)و، ئـەوانەى دەرەوەى وەزارەتـيش دەگرێتەوە، ئەگەر بنووسرێ (تتـالف) جوانترە ئەو كاتە واتا بەم شێوەيە دەبێت (تتـالف مـركـز الوزارة مما يلي)، سوپاس.

**بەڕێز جـێگرى ســەرۆكى ئەنجـوومـەن:**

لێرە دەبێ (للوزير تشكيل لجان مؤقتة او دائمية) لەگەڵ ئەمە پەيوەندى نەمێنى.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرتێرى ئەنجوومەن:**

**بەڕێـز ســـەرۆكى ئـەنجـــوومـــەن.**

چەند روونكردنەوەيەكم هەيە دەمەوێ پێشكەشى بكەم:

١ــ ئەگەر تەماشاى مادەى (٤) بكەين (ترتبط بمركـز الوزارة) سيغەكە واهاتووە كە شتەكە هەبێ.

٢ــ ئەگەر برگەى (٢) بخوێنينەوە دەڵێ: (للوزير تشكيل لجان دائيمية او وقتية) ئەم رسـتـە ناگونجێ لەگەڵ ناونيشانەكە.

٣ــ (تشكيل لجان دائمية او وقتية) بەراى من لەو مادەيە لە جێگاى خۆيدا نييە، چونكە وەزير هەر كاتێک پێويست بێ دەتوانێ ليژنە پێک بهێنێ.

بەراى من هەموو مادەكە گۆڕانكارى تيادا بكرێت و، هەروەها پشتگيرى تێبينى بەڕێز حازم دەكەم، چونكە گونجاو نييە ديوانى وەزارەت تەنيا (مكتب الوزير) بێ، بەڵكو (مـديرية ديوان العامة) هەيەو، (مكتبي وكيل وتزير) هەيەو، هەروەها كۆمەڵێک تەشكيلاتى تريش هەيە، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزيران:**

**بەڕێـز ســـەرۆكى ئـەنجـــوومـــەن.**

لەكاتى گفتوگۆكردن تێبينى ئەوە دەكەم خۆى دەبێ بڵێين (للوزير تخويل بعض صلاحياته الى

وكـيل الوزارة) دواى ئەمە بنووسرێ (للوزير تشكيل لجان دائمية) جوانترە جێگاى لەوێ بێ، پاشان بێتە سەر (مركز الوزاره) دواى ئەوەباسى (مكتب خاص الوزير ومكتب وكـيل الوزارة ومديرية الديوان) بكرێ.

دەربارەى (تشكيل لجان ) بەراى من جێگاى لێرە نييەو، پێشنيار دەكەم بكرێتە برگەيەك لە لە مـادەى (٢) كە تايبەتە بە دەسەڵاتەكـانى وەزير، كە وەزير مـافى ئەوەى نييە كە ئەم ليژنانە دابنێ، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگرى سـەرۆكى ئەنجـوومـەن:**

من تێبينييەكم هەيە ئەگەر پەسندى بكەن، ليژنەى ياسا جارێكى دى ئەم مادەيە داببڕێژێتەوە، ئەم ياسايە دوابخرێ بۆ كۆبوونەوەى بەيانى.

بەڕێز سـەرۆكى ئەنجـوومـەنى وەزيران ئامـادەيە بۆ وەڵامـدانەوەى ئەو پرسـيـارەى كـراوە دەربارەى كێشەى سووتەمەنى.

داوا لە بەڕێز ئەياد دەكـەين ئەو پێـشنيـارەى كـردبووى دووپاتى بكاتەوە، تاوەكـو سـەرۆكى ئەنجوومەنى وەزيران وەڵامان بداتەوە.

**بەڕێز ئەياد حـاجى نامق مـەجـيـد:**

**بەڕێز سـەرۆكى ئەنجـوومـەن.**

لە دانيـشتنى دوێنێ لە خـاڵى تازە بابەتدا پێشنيارێكم خستە بەردەستـان ئەويش دەربارەى سووتەمەنى بوو.

ئەوەى ئێمە ئاگاداريـن وەفدێك هاتۆتە كوردستان بۆچارەسەركردنى هەندێ كێشە يەكێك لەوانە كـێـشـەى سـووتەمـەنييـە، هەروەها لە پلانى ئەنجـوومـەنى وەزيران و، وەزارەتى پيـشـەسـازى چارەسـەركردنى ئەم كـێـشـەيە هەيە، چونكە ئێسـتـا وەرزى زسـتـان زۆر نزيك بۆتەوەو هەروەها بووەتە كێشەيەك بچێتە هەرماڵێك ئەوە باس دەكرێ، بۆيە بە پێويستمان زانى بەڕێز سەرۆكى ئەنجوومەنى وەزيران ئەم كێشەيەمان بۆ روون بكاتەوە بۆ ئەوەى بزانين تاچ رادەيەك هەوڵ دراوە بۆ چارەسەركردنى، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆك وەزيران:**

**بەڕێز سـەرۆكى ئەنجـوومـەن.**

تا ئێستا هەندێ هەنگاو بۆ چارەسەركردنى ئەم كێشەيە نراوە.

يەكـەم: هەوڵـمـاندا لە ناوخۆ سووتەمـەنى دابين بكەين، بەڵام تا ئێسـتـا هيچ نەكراوە. زۆر جـار خەڵك دێن باسى ئەوە دەكەن كە بە رێگاى رێككەوتنى تايبەتى دەتوانن نەوت و بەنزين و گاز بهێنن، بەڵام كە گفتوگۆيان لەگەڵدا دەكەين شتەكە دەبێتە راستى تەماشا دەكەين ناتوانن هيچ بكەن . تا ئێستا چەندين كـەس ئەو قسانەيان كردووە و لە ناو خەڵك بڵاوبووتەوە، بەڵام هيچ شتێكيـان لەدەست نييـە. وە هەندێكيـان دەڵێن ئەگەر شيش لێرە بۆ بەغدا ببەين بەرامبەر بەوە

نەوتمان دەدەنێ و، ئەگەر شیشەکە بە نرخی رەسمی بوو ئەوا نەوتەکەش بە نرخی رەسمی دەبێ، بەلام لە راستیدا ئامانجیان ئەوەیە کە ئەو شیشە و ئاسنەی لە کوردستاندا هەیە ئەویش نەمێنێ.
دووەم: هەوڵمان داوە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و، ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش چەندین یاداشتمان بۆ ناردوون تیایدا باسی ئەو بارودۆخە ناخۆشەمان کردووە کە ئێستا خەڵکی کوردستان تیایدا ئەژین. وەڵامەکان لە رێگای هەندێ برادەران بۆمان هاتووە بەڵێنیان داوە لەم رۆژانە هەیئەتێکی گەورە لە هەندێ کەسی (ئەمریکی و فەرنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و تورکی) پێک بهێنن، بۆ ئەوەی بزانن پێویستییەکانی کوردستان چۆنەو چی پێویستە؟، بریارێک هەیە سووتەمەنی بۆ (٧٥٠) هەزار کەس لە کوردستان دابین بکەن و، ئەو هەیئەتە هاتووە بۆ ئەوەی لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەم بریارە بکۆڵێتەوە.
سێیەم: یونیسێف بریاری داوە کە هەموو خەستەخانەکانی هەرێمی کوردستان سووتەمەنی پێ بدرێ کە ئەوان خۆیان جێبەجێی بکەن و، لەلایەکی تریشەوە قوتابخانەکانی کوردستان و، زانکۆ و دانیشتگاکان و پەیمانگاکان ئەوانیش سووتەمەنیان بۆ دابین دەکرێ.
ئەمرۆ بەیانی کۆبوونەوەیەکمان بەست لەگەڵ بەرێز وەزیری ناوخۆو، وەزیری پیشەسازی و، پارێزگاری هەولێرو، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، دەربارەی چۆنیەتی دابەشکردنی ئەم سووتەمەنییە. یەکەم بریارمان ئەوەیە ئەوان داوای بەشی خۆیان نەکەن لەو سووتەمەنییەی دێت، چونکە ئەو سووتەمەنییە بۆ خەڵکەو، بۆ لێقەوماوەکانە دوایی ئەوە کە دێینە سەر دابەشکردنی سووتەمەنییەوە زیاتر دەدرێتە شارەکان، چونکە دروست کردنی خانووبەرەی شارەکان ناگونجێ داری تیادا بسووتێنن، بەلام لادێییەکان زیاتر داردەستووتێنن و، داریش دەست دەکەوێ لایان.
سەبارەت خواردەمەنی زیاتر دەدرێتە ئەو شوێنانەی کە زوو رێگایان دەگیرێ وە بەرنامەی ئەو (٧٥٠) هەزار کەسە ئازووقە و سووتەمەنی لە ماوەی چوارمانگ دابەش دەکرێ هەموویان بەیەکجار وەری ناگرن، بەڵکو لەماوەی چوار مانگدا دابەش دەکرێ و،هەر بۆ ئەم چوار مانگەش ویستمان ئەوە روون بکەینەوە ئەم ئازووقەو سووتەمەنییە یەکەم جار بۆ ئەو شوێنانە دابەش دەکرێ کە رێگایان دەگیرێ، ئینجا بۆ شوێنەکانی تر سەبارەت سووتەمەنیش زیاتر بۆ ناو شارەکان بێ نەک لادێ یەکان.
لەلایەکی تر هەوڵدانێک هەیە لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش وهەندێ لە دەوڵەتەکان کە زیاتر جەخت بکەن لەسەر عێراق، بۆ ئەوەی سووتەمەنی لە ناوخۆ وەکو جاران بۆمان بێ، بەلام بەو شێوەیەی کە خۆیان بریاری لەسەر دەدەن، چونکە کێشەی سووتەمەنی وەکو ئازووقە نییە بۆ ئازووقە زۆر جیاوازی هەیە لە نێوان خەڵک ئەوەی کە هەژارەو، هەیە کیلۆی شەکر بە ١٠٠ دیناریش بێ دەیکرێ بۆ خۆی، بەلام لە سووتەمەنی هەموو خەڵک وەکو یەکە چونکە هەموو خەڵک پێویستی پێی هەیە. جا هەوڵدانەکەمان لەگەڵیان ئەوەیە لە رێگای موسڵ بۆمان بهێنن، چونکە موسڵیش لە خەتی (٣٦)ە، یاخود لە دەرەوە بیهێنن بفرۆشینەوە بە نرخی

ناوخۆ فـەرقـەکە لە پارەی عـێـراقی بدرێ. جگە لـەوەش داوای ئەوەمـان کـردووە لەو پـارە بلۆک کراوی عـێراق کە بڕیارە ملیـارێک جیابکرێتەوە و مەسرەفی لێ بکرێ بەشێک لەوە بۆ کوردستان دابنرێ.

بەراستی ئەگەر سووتەمەنی بۆ کوردستـان دابین بکـەین دەتوانین بڵێین هەنگاوێکی زۆر گەورە دەبڕین، چونکە خـەڵکی کوردستـان لە کـێشـەیەکی زۆر گـەورە رزگـار دەبێ. ئازووقـەش بە پلەی دووەم دێت و، ئەوەش دەتوانین خۆمـان تارادەیەک چارەسی هەندێک لە کێشـەکانی بکـەین، بەڵام سـەبارەت بە سـووتەمـەنی بەتەنیـا ئێـمـە هیـچمـان پێ ناکـرێ، لەبەر ئەوە هەتاکـو سـەری مـانگ چاوەڕوانی هەندێ وەڵامی تازە لە نەتەوەیەکگرتووەکـان و، ئەنجـومـەنی ئاسـایش و، هەندێ دەوڵەتانی دەرەوە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

سەبارەت بە چۆنیەتی دابەش کردنی ئەوسووتەمەنی و، ئازووقـەیەی کە دەگاتە کوردستـان، ئەگەر ماوە هەبێ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆمان روون بکاتەوە.

پرسـیـار دەکـەم ئایا هیچ بەرنامـەیەک دانراوە بۆ دابەشکردنەکە بۆ ئەوەی کـەسـانی نەفس نزم ئەم سووتەمەنییە ئیستغلال نەکەن بۆ پڕکردنەوەی گیرفانیان؟، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

داوا لە بەڕێزان بریکاری وەزارەتی ناوخۆو، پارێزگاری هەولێرو، وەزارەتی پیشەسازی کرا کەوا رێنماییەک ئامادە بکەن و، بڵاوبکرێتەوەو، ببێتە بنەمایەک بۆ دابەشکردنەکە. هەروەکو باس کرا یەکەم جـار بدرێتە شـارەکان وە هەروەها وا نەبی هەندێ کەس زۆر وەربگرێ و هەندێ کەس بێ بەش بن و، بۆ ئاگاداریتان نوێنەری ئەو لایەنانەش سەرپەرشتی دابەش کردنەکە دەکەن، یاخود لەو لیژنانە دەبن کە بە ئاگاداری ئەوان ئەو شتانە دابەش دەکرێت.

ئێمەش چاوەڕوانی ئەو رێنماییانەین تاوەکو ئامادە دەکرێ و،لەرێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڵاو دەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

بەڕێز عەبدولخالق بەپێی پێڕەوی ناوخۆ کاتێک کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، یاخود وەزیرێک ئامادە بێت، تەنها ئەو ئەندامەی کە پرسیـارەکەی کردووە مـافی گفتوگۆی هەیە، کاک ئەیاد هیچ خاڵێکی تر هەیە؟.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

زۆر سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــوومـــەن:**

ئێـمـەش بەناوی هەمـوو ئەندامـەكـان سوپاسی بەڕێز سـەرۆكی ئەنجـوومـەنی وزیران دەكـەین بۆ ئامـادەبوون و ، وەڵامـدانەوەی ئەم خاڵانە ، چونكە ئەمـە لە بیروباوەڕی هەمـوو كەسـێكەو ، هەموو خەڵكەكە لەكوردستان بایەخی پێ دەدەن.

بەیانی كـاتژمـێر ( ١٠ ) دانیشـتنمان لەسـەر یاسای وەزارەتی ئەوقـاف و كـاروباری ئیـسـلامی بەردەوام دەبێت. زۆر سوپاس بۆ ئەمڕۆ ، دانیشتنەكەمان بە كۆتا هات.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سكرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن** | **سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٣)

**شەممە ڕێکەوتی ٣١/١٠/١٩٩٢**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٣)

## شەممە ڕێکەوتی ٣١/١٠/١٩٩٢

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣١/١٠/١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، بە ئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی دانیشتنی ژمارە (٤٣)ی خولی ئاسایی یەکەمی ساڵی یەکەمی خۆی سازدا.***

***پاش ئەوەی کە لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دانیشتنەکەی بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەستپێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ــ تەواو کردنی گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.***

***٢ــ بەرچاوخستنی پێشنیاری دامەزراندنی زانکۆیەک لە سلێمانی بەناوی زانکۆی سلێمانی.***

***٣ــ بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری.***

***٤ــ تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرۆگرامی ئەمڕۆتان لەبەردەستدایە، بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر پرۆگرامی ئەمڕۆمان هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان دەستیان لەکار کێشاوەتەوەو، لە شوێنی ئەوان هەندێک ئەندامی پەرلەمان تازە سوێندی ئەندامێتی دەخۆن، پاشان دێینە سەر باسی خاڵەکانی پرۆگرامەکەمان.

ئەو ئەندامانەی کە دەستیان لە کارکێشاوەتەوە بە هۆی وەرگرتنی پۆستی بریکاری وەزارەت ئەمانەی خوارەوەن:

١ــ بەڕێز ئەحمەد سالار ٢ــ بەڕێز محەمەد ئەمین مەولوود ٣ــ بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب.

ئێستادەیخەینە دەنگدانەوە.

ئەوەی لەگەڵ ئەوەدایە ئەو دەست لەکارکێشانەوانە وەربگیرێ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟..

دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

لەجێگای ئەم ئەندامانە ئەم ئەندامانەی خوارەوە لەلایەن فراکسیۆنی خۆیانەوە هەڵبژێردراون.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز د. نەبەز عەبدولڕەزاق عەبدولحەکیم فەرموو.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولڕەزاق عەبدولحەکیم:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**سوێند بەخوای مەزن دەخۆم، بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و، خاکی کوردستانی عێراق بکەم ڕێز لەیاسا ڕەچاوکراوەکانی بگرم و، بەرژەوەندییەکانی گەل بپارێزم.**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز حسێن عەلی کەمال بفەرموو بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**سوێند بەخوای مەزن دەخۆم، بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم، ڕێز لەیاسا ڕەچاو کراوەکانی بگرم و، بەرژەوەندییەکانی گەل بپارێزم.**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز بورهان عەلی جاف بفەرموو بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**سوێند بەخوای مەزن دەخۆم، بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم، ڕێز لەیاسا ڕەچاو کراوەکانی بگرم و، بەرژەوەندییەکانی گەل بپارێزم.**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنەوە پیرۆزبایی لەو برادەرانە ئەکەین کە بروایان پێ درا، هیوادارین زۆر بەچالاکییەوە بەشداری کاروباری پەرلەمان بکەن، بەڵێنەکانی خۆیان بەجێ بهێنن.

ئێستاش لەسەر خاڵەکانی پرۆگرامی ئەمرۆمان بەردەوام دەبین، وابەباش دەزانین ئەو بڕیارەی لەسەر زانکۆی سلێمانی بخرێتە بەرچاو.

ئێستا دێینە سەر خاڵی تازە بابەت.

فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەبوو سەبارەت بەو خانووانەی کە بڕیار بوو بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و، ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران چۆڵ بکرێن، گوایە هەر خانووەیەک چۆڵ بکرێ وەزیرێک ئەچێتە ناوی، حەز ئەکەین پرسیارێک بکەین تا ئێستا بۆ کام ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی خانوو جێبەجێ کراوە؟. پێمان باش نییە کەهەر خانووەک چۆڵ بکرێ وەزیرێک بچێتە ناوی، ئەوانەی هیچیان نەبێ بەریان نەکەوێ ئەوانی تریش کەخانوویان هەیە هەر

بیاندرێتێ، من تەنیا هەر ئەو خاڵەم هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی چەند رۆژێکە ئاگام لە کوتلەی پارتی نییە، ئەگەر بەرێزتان رێگا بدەن بەرێز عەدنان نەقشبەندیی خاڵی تازە بابەت باس بکات، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەرێز عەدنان فەرموو.

**بەرێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە چەند خاڵێکمان هەیە ئەگەر پێتان باش بێت لەتازە بابەتدا باسی بکەن:

١ــ بەشی ناوخۆیی کە هەندێ لەحزبەکانی کردوویانەتەوە بۆ قوتابیان.

٢ــ تەئکید بکرێ لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەزووترین کات ئیدارات و ،لێپرسراوی ئیدارات وقایمقامەکانی ناحیەکان دابمەزرێن.

٣ــ گفتوگۆ کردن دەربارەی راگەیاندنی حکومەت.

٤ــ پرسیارێک ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ بکرێت دەربارەی ئەو کەسانەی کە لە ئێران بوون تا ئێستا ناسنامەی عێراقییان نییە، ئەمانە حاڵیان چۆن ئەبێ لەناحیەی قانوونیەوە؟

٥ــ زۆربەی ئەو قوتابییانەی کە لە ئێران بوون یان لە دەرەوەی هەرێم هاتوونەتەوە داوایان کردووە لە زانکۆی سەلاحەدین وەربگیرێن پێیان گووتراوە کاتی قەبوڵ نەماوە.

پێشنیار دەکەین پرسیارێک لەو بارەیەوە لەسەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بکرێ، بۆ ئەوەی بزانین چارەنووسی ئەو قوتابییانە چی دەبێت، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو بەرێز ئەیاد.

**بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو فراکسیۆنی سەوز پشتگیری پێشنیارەکانی فراکسیۆنی زەرد دەگرین، سەبارەت پێشنیاری فراکسیۆنی سەوز تەئکید لەم تازە بابەتانە ئەکەم کە لە کۆبوونەوەی پێشوو باس کران:

١ــ کرێی زەویوزار لەگشت کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری کرێ لە جووتیاران وەر نەگرێ، یان کەم بکرێتەوە.

٢ــ بەرەڵلاکردنی ئەو ئەسیرە کوردانەی کە تا ئێستا لەئێران ماون، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە پێشنیارێکمان هەیە، لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران باسمان کردووە ئەویش ئەوەیە لە سێ شەممەی ئاییندەوە هەموو هەفتە یەک کاتژمێر لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و، وەزیرە پەیوەندیدارەکان کۆبوونەوەیەک هەبێ بەجۆرێکی رێکوپێک بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە

ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران ئەکرێ.
پێشنیارەکەش بەم شێوەیە دەبێ کە ئەندامی هەر فراکسیۆنێک ئەو پرسیارانەی کە ئەیانەوێ بیکەن بیدەن بەسەرۆکی فراکسیۆنی خۆیان بۆ ئەوەی پرسیاری گرنگ هەڵبژێرن وپاش «٤٨» کاتژمێر بدرێتە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بۆ ئەوەی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکرێ و، کە سەرۆک وەزیران و، وەزیرە پەیوەندیدارەکان ئامادە بوون پرسیارەکان دەخرێنە روو، ئەگەر ئەم پێشنیارە بەباش دەزانن وئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەر کردووە ئەوا لەسەری دەرۆین.
ئێستا پێشنیارەکە بەم شێوەیە: رۆژی سێ شەممە لە هەموو هەفتەیەکدا تەرخان دەکرێ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان کە لەلایەن ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە، بەئامادەبوونی بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرە پەیوەندارەکان.
کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ .. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژی ئەم پێشنیارەیە؟ بەزۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسند کرا.
ئەو پێشنیارانەی کە ئێستا کران بۆ باسی کردنی ئەو بابەتانە فەرموو کاک فەرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێموایە ئەمڕۆ ناتوانین گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف بکەین، چونکە داوا لە بەڕێز وەزیری ئەوقاف نەکراوە ئامادەبێت، بەرای من لەکاتی گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەر وەزارەتێک پێویستە وەزیری پەیوەندیدار ئامادە بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز فرەنسۆ، وەزیری کاروباری ئەوقاف لە کۆبوونەوەی پێشوودا ئامادە بوو، کاتێک گەیشتینە خاڵی شەشەم گووتمان لەکۆبوونەوەی ئایندە بەردەوام ئەبین لە گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی ئەو یاسایانە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەوڵمان دابوو بۆ ئەوەی ئاگاداری بکەینەوە، بەڵام وەزیری ئەوقاف لە دهۆکە.
ئەو خاڵانەی فراکسیۆنی زەرد باسی کردو، فراکسیۆنی سەوز پشتگیری کرد خاڵێکی تریشی زیاد کرد، ئەگەر رازین ئەوە بمێنێتەوە بۆ رۆژی سێ شەممە، چونکە زۆربەی دەنگ لەگەڵ ئەوە بوو کە ئەم بابەتانە لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و، وەزیرەکان باس بکرێ، بەڵام تکام ئەوەیە بۆ ئەوەی ئیشوکارمان رێکوپێک بێ و، هیچ فراکسیۆنێک لە سێ پرسیار، زیاتر نەنێرێ، چونکە کۆبوونەوەکە لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ماوەی کات ژمێرێکەو، دەبێ پێش «٤٨» سەعات بگاتە دەستیان بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان ئامادە بکەن بۆ وەڵام دانەوەی.
ئەگەر سەرۆکی هەردوو فراکسیۆن رازی بن کە ئەو پرسیارانە بخەینە رۆژی سێ شەممە تکا ئەکەین پێمان بڵێین، فەرموو کاک فەرەنسۆ.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

یەکەم: ئێمە رازین ئەم خالانە بخرێنە رۆژی سێ شەممە.

دووەم: من پێشنیار دەکەم خالی زانکۆی سلێمانی پێش بخرێ بۆ ئەوەی کەتەواو ئەبێ هیچ نەبێ تا ئەم خالە تەواو بێ، بەڵکو تا ئەوکاتە بریکاری وەزارەتی ئەوقاف ئامادە دەبێ، سوپاس

**بەڕێز جـــێگری ســـــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن:**

پێموایە دەستەی سەرۆکایەتی رازیە لەسەر ئەوەی کە خالی زانکۆی سلێمانی پێش بخرێ، ئەگەر رازی بن یەکەم خالی باسی زانکۆی سلێمانی ئەکەین، پاشان یاسای وەزارەتی ئەوقاف تەواو دەکەین. خالێکی گرنگی دیکەش هەیە کە وەکو پێشنیارێک باس کراوە، لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەن وەزیرانیش ئێستا مەترسییەکی گەورە لەناو خەڵکەکەدا هەیە بۆ مەسەلەی سووتەمەنی و، ئەو قسانە دەکرێ تائێستا بەس نییە، بۆ ئەوەی ئەو مەترسییە دووربخاتەوە لەهەمان کاتدا تائێستا بڕینەوەی دار بەردەوامە.

وابزانم ئابلـووقە لەسەر سووتەمەنی هیچ کەمتر نییە لەمەترسی، بۆردوومان کردنی کوردستان لەلایەن رژێمەوە، لەبەر ئەوە ئەبێ یاداشتێک ئاراستەی هەموو ولاتانی جیهان بکەین بۆ ئەوەی جەخت لەسەر حکوومەتان بکەن کە بەپێی بریاری (٦٨٨)وە رژێم ناچار بکەن بۆ ئەوەی سووتەمەنی بدات بە کوردستان و، ئەو ئابلووقەیەی لەسەر سووتەمەنی هەیە لاببرێ.

پێشنیارێکمان هەیە کە بەناوی ئێوەی بەڕێزەو، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی یاداشت بنووسن بۆ کۆنگریسی ئەمریکی و، بۆ پەرلەمانی دەوڵەتە گەورەکانی ئەورووپی و، دەزگاکانی راگەیاندنی ئەورووپی. لەهەمان کاتدا داوا ئەکەین لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەوانیش ئیشێکی وەها بکەن لەگەڵ حکوومەتەکان سەبارەت ئەو مەترسییەی هەیە کە ئەبێتە هۆی ئەوەی زۆربەی کارگەکان بووەستێ و، کاردەکاتە سەرکشتوکاڵ و، خەڵک لەسەرمان رەق ببێتەوە ئەم مەسەلەیە بخرێتە پێش چاوی رای گشتی جیهان.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم یاداشتە بنووسرێت تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە تێکرای دەنگ پەسند کرا.

هەندێ فاکسمان بۆ هاتووە لەلایەن ئەو وەفدە پەرلەمانیەی کەچووە بۆ ئەورووپا ئاگادارمان ئەکاتەوە لەو هەنگاوانەی کە دەینێن ئەوەش ئەخرێتە پێش چاوتان وئەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز بـارزان خـــــــالیــــــد عـــــــەزیز:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بۆ پەرلەمانی کوردستان مەکتەبی سیاسیی هەردوولا، لەوەفدی پەرلەمانەوە، پاش رێز وسلاو.

لە ١٩٩٢/١٠/٢٠ گەیشتینە هانۆڤەر و، بەرەسمی لەلایەن وەزیری دادی هەرێمی (نیدەرساکسۆن)و، سەرۆکی کوتلەی سەوزەکان لە پەرلەمانی نیدەرساکسۆن و، سکرتێری

وەزیری داد بۆ کاروباری راگەیاندن و،کاک دلشاد بارزانی پێشوازیمان لێ کرا حیمایەتێکی باشیان ئامادە کردبوو.

دووەم لە رۆژی ٢١/١٠/١٩٩٢دا بەرنامەی زیارەتەکەمان دەستی پێکرد:

أ ـ لە سەعات (١٠)ی پێش نیوەرۆ لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی ئابووری هەرێمی نیدەرساکسۆن لە بینایەی وەزارەتی داد ئامادە بووین، جێگری وەزیری داد کۆبوونەوەکەی ساز کردبوو بۆمان، سێ پسپۆری بەرز لە وەزارەتی داد تیایدا ئامادە بوون، خاڵەکانی گفتوگۆ ئەمانە بوون:

١-چۆنیەتی ئاوەدان کردنەوەی ولاتێکی پاش شەڕ.

٢- خستنە گەڕی ئابووری کوردستان پاش خستنە رووی باری ئابووری کوردستان وگیروگرفتەکان.

٣- چۆنیەتی چارەسەر کردنی کێشەی دراو.

٤ـ بوودجەی کوردستان وچۆنیەتی بەکار خستنی کارگەکان.

٥ـ کێشەی نەوت لەکوردستانداو، چۆنیەتی سوود لێ وەرگرتنی.

٦ـ ئیحتمالات یاسایی وسیاسی بۆ پەیوەندیی رەسمی نێوان هەرێم و، مەرکەزو، دەرەوە.

بەڵێنیان دا باروۆخی کوردستان بخەنە بەردەم کار بەدەستان، چەند جێگایان دەست نیشان کرد بۆمان باس بکرێ وتەکلیف کردنیان بۆ یارمەتی کوردستان.

ب ـ سەعات (١٢) کۆبوونەوەکمان ساز کرد لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی لیژنەکانی (F.D.P) (مارتین هیدد براد) حزبی لیبرالی ئەڵمان هەر چەندە لە (نیدەر ساکسۆن) لە ئۆپۆزسیۆندان بوون، بەڵام لە فیدراڵ وەزیری دەرەوە و وەزیری ئابووری لە ئەمانن و کۆبوونەوەکە، بە ئامادە بوونی وەزیری دادی نیدەرساکسۆن (هایدی ئەلیک ئایید) کرا.

١ـ وەکو بەشێکی بەرهەڵستکار لەپەرلەمان پشتگیری پرۆژەی پێشنیارەکان بکرێ دەربارەی هاوکاری کوردستانی عێراق، بەڵێنی دا هاوکاری بکا لەو بارەیەوە.

٢ـ بۆ بەدەرکردنی کوردستان لە دابڕینی ئابووری بەڵێنی دا قسە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی فیدراڵ بکات بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە بخرێتە روو، هەروەها بەڵێنی دا چاوپێکەوتنێکمان بۆ ساز بکات لەگەڵ بەرێزی.

٣ـ بەڵێنیاندا پشتگیری لە فیدراڵی کوردستانی عێراق بکەن، هەروەها لەگەڵ حزبەکەی قسە بکا بۆ ئەوی حزبە لیبرالیەکانی جیهان وەکو سۆشیال ئەنتەر ناشنال بڕیارێک دەرکەن بۆ پشتگیری گەلی کورد.

ج ـ لەسەعات (٥)ی ئێوارە کۆبوونەوەیەکمان بۆ ساز کرا لەگەڵ سەرۆکی (S.P.D.) سۆسیال دیموکراتی هەرێمی نیدەرساکسۆن و سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمانی هەرێمەکە داوای کرد لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باسێکی فراوانی کوردستانی بۆ بکات، ئەوەشی تەئکید کرد کە وەکو ئەڵمانیەک بایەخ ئەدات بە کێشەی کورد و زۆر دۆستی کوردە. لەم کۆبوونەوەیە

هایدی ئەلمیرک وەزیرەی داد و ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی نیدەرساکسۆن ئامادە بوون، هەروەها سەرۆکی حکومەتی هەرێمەکەش بە خێرهاتنی لێ کردین و، بەڵێنی دا داخوازییەکانمان دیراسە بکات رۆژی ۲۲/۱۰/۱۹۹۲ دیسان لەگەڵمان کۆببێتەوە و ئاگادارمان بکات، هەروەها کە بەکردەوە چیبیان پێدەکرێ بۆ پشتگیری وهاوکاریمان.

د- سەعات (۸)ی ئێوارەش لەگەڵ سەرۆکی کوتلەی سەوزو چەند ئەندامێکی سەوزەکان و، چەند رۆژنامەنووسێکدا کۆبوونەوەمان کرد و بە درێژی باسی باری کوردستان کرا و زیاتر تەئکید کرا لەسەر رووداوەکانی سنوورو، شەڕی ئاپۆچییەکان دژ بەحکومەتی کوردستان و گرتنی رێگا و، بەڵێنیان دا کە بەردەوام ئەبن لە هاوکاری کردنمان ئەویش بە دوو پرۆژە :

۱- کارگەی (اطراف صناعیة)بۆ هەڵەبجە.

۲- خەستەخانەیەک بۆ هەڵەبجە، هەروەها بەڵێنیان دا هەوڵ بدەن کە بە زووترین کات هەندێ لەگیروگرفتی کارگەی چیمەنتۆی سلێمانی چارەسەر بکرێ، بەڵام گرفتی ئابووری هەیە، هەروەها گرتنی رێگای زاخۆ لەگەڵ رێزو سوپاسمان.

ئەمەش دووەم نامەیە بۆ پەرلەمانی کوردستان و مەکتەبی سیاسیی هەردوولا، کە لەوەفدی پەرلەمانی کوردستانەوە ناردراوە:

۱- لە ۲٦/۱۰/۱۹۹۲لە(دیزل دۆرف و نۆترایین فیسفالن) پێشوازی وەفدەکەمان کرا لە پەرلەمانی هەرێمەکەوە و لەلایەن خانم (انکل یورک)و، سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، پاش پێشکەش کردنی باسێکی تێروتەسەل لە بارەی بارودۆخی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمانی هەرێم بەڵێنی دا پشتیوانی سیاسیمان لێ بکات، بەهاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا، یارمەتی کوردستان بدەن ولیستەیەکی لە ئێمە وەرگرت سەبارەت بەپێویستییەکانی پەرلەمانی کوردستان.

۲- پێشوازی کراین لەلایەن (یورگن ڤایس) سەرۆکی کابینەی وەزیرانی هەرێمەکە، کە ئەمرۆ لە نەخۆشخانە کەوتبوو وبەڵێنی ئەوەیان دا کە باری ئێمە باش دیراسە دەکەن.

سەردانێکی پەرلەمانمان کرد بۆ شارەزا بوون لە ئیشوکاری پەرلەمانی فیدراڵی هەرێم.

رۆژی ۲۷/۱۰/۱۹۹۲ پێشوازیمان کرا لە وەزارەتی ناوخۆ لەلایەن بەرێز «هندر» وەزیری ناوخۆ کە لە هەمان کاتدا جێگری سەرۆک وەزیرانە، پاش پێشکەش کردنی بارودۆخی کوردستان بریاری دا کە ئەوان خواردەمەنی و، کەلوپەلی پێویست بۆ ئەم زستانە بۆمان دەنێرن. ئەوەی شایانی باسە لیژنەیەکی پسپۆری بانگ کردبوو بۆ ئەو مەبەستە و، هەر ئەوکاتەش دەستیان کرد بە ئیش وبەڵێنیان دا پێویستییەکانی وەزارەتی پەروەردە وکشتوکاڵ دیراسە بکەن ولە ئەنجامی ئاگادارمان بکەنەوە، هەروەها هەوڵ دەدەن کوردستان لە ئابلووقەی ئابووری بە دەرکرێ و، حیمایەی دەولی درێژەی پێبدەن بەراستی هەڵوێستێکی زۆر جوامێرانەیان هەبوو.

له لایەکی ترەوە پێشوازی کراین لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی کەنیسەی ئەڵمان لە دیزل دۆرف و بەڵێنیان دا کە بۆ هەموو یارمەتییەک ئامادەن وکەم تەرخەمی نەکەن.
هەروەهاکۆنگریەکی رۆژنامەنووسی بەسترا بۆمان، کە ژمارەیەکی زۆری رۆژنامەنووسان ئامادەی بوون کە جێی رەزامەندیی بوو.

تێبینییەکان:

١ـ تکایە رۆژانە لە هەڵویست ئاگادارمان بکەنەوە بەتایبەتی لە کردەوەکانی .P.K.K.

٢- هەرشتێک لە خەیاڵتانە کە پێویستە ئێمە لێرە بیلێین بۆمان بنێرن، ئێمە وادادەنێین کە ئێوە رازین لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە ئەیکەین.

٣- تکایە ئەم زانیاریانە بدرێت بە نووسینگەی پارتی دیموکراتی کوردستان و، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، سوپاس

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک بارزان، برووسکەیەکی تەئیید بۆ بریاری فیدراڵیەت بۆمان هاتوون لە (اتحادي شعبي كوردستان) لە سوریا. بەرێز سکرتێری ئەنجومەن ئەیخوێنێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

الاخوة الاعزاء رئيس واعضاء المجلس الوطني في كوردستان العراق ـ تحية الاخوة والنضال.

بمناسبة اعلانكم القرار التأريخي الذي اتخذهُ مجلسكم الموقر حول إعتبار كوردستان العراق اقليماً فيدرالياً يسرنا وبالنيابة عن اللجنة المركزية واعضاء حزبنا نبعث اليكم ومن خلالكم الى جماهير كوردستان العراق والى مختلف مؤسساتها السياسية والعسكرية والادارية وخاصة القيادة السياسية للجبهة الكوردستانية والپشمه رگة الابطال أحر تحيات النضالية والتهاني القلبية آملين لكم الموفقية والنجاح في اعمالكم ومهامكم النبيلة.

الاخوة الاعزاء

لقد سر قراركم الشجاع هذا ابناء شعبنا الكردي في سورية وحركته الوطنية ومن بينها حزبنا الذي اعتبر هذا الحدث انجازاً هاما وانتصاراً كبيراً لارادة شعبنا الكردي في كوردستان التواقة الى التحرر والاستقرار، ولاشك ان اعداء الشعب الكردي يحاولون اليوم كما في الامس الى النيل من قدرة شعبنا والحركة القومية الكردية التحررية في كفاحهِ العادل من اجل الحرية وحق تقرير المصير. اننا في حزب اتحاد شعب الكردي في سورية نبارك خطوتكم الجريئة التي تضيف زخما قويا لنضال شعب كوردستان العراق الحافل بالمعاني والبطولات وما علينا الا ان نقدم لكم دعمنا لحكومتكم الفتية التي تستوجب الرعاية والصون المطلوبين وفي الختام نشد على ايديكم مع خالص تحياتنا الاخوية.

١٣/١٠/١٩٩٢ المكتب السياسي لحزب الاتحاد الشعب الكردي في سوريا.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نامەیەک بە ناوی ئێوەی بەڕێزەوە ئەنێرینەوە بۆیان، زۆر سوپاسیان ئەکەین بۆ ئەو هەستە جوانە کە نیشانیان داوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر چەندە دەنگیش لەسەر مەسەلەی ئامادەبوونی ئەنجوومەنی ئەنجوومەنی وەزیران درا کە یەک سەعات بێت، بەڵام پێموایە یەک سەعات بەش ناکات، ئەگەر بکرێت هەر رۆژەک ئازاد بێت بۆ دانیشتنی ئەنجوومەنی وەزیران و، تازە بابەتەکان لەو رۆژەدا بخرێنە روو ئەمە یەک.

دووەم خاڵیش ئەوەیە لەکۆبوونەوەی پێشوو کە باسی یاسای وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی کرا پێشنیارێکم بەپێی پێڕەوی ناوخۆ پێشکەش بە بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی کرد ئەوەش دەخەمە یادی بەڕێزتان، ئەگەر بکرێ گفتوگۆی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەربارەی تێبینییەکەت ئەمە شتێکی عەمەلی نییە، چونکە ئێمە هەندێ جار هەفتەی جارێکیش ئەنجوومەنی وەزیران ناتوانن بێن بۆ ئێرە، چونکە لەوانەیە هەندێ لە وەزیرەکان ئیشوکاریان هەبێت، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین کاروباری خۆمان رێک بخەین و،فراکسیۆنەکان بەرێکوپێکی ئەو پێشنیارە رێک بخەن ئەتوانین لەهەفتەیەکدا سێ پرسیاری گرنگ دابنێین بۆ سەرۆکی وەزیران و، وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بۆئەوەی وەڵام بدەنەوە.

پێم وایە ئەو کاتەی دیاری کراوە باشەو، لە زۆر پەرلەمانەکانی جیهانیدا نیو سەعات دادەنیشن سەعاتێک دانانرێ. وابزانم ئەگەر بتوانین لەم تاقی کردنەوەیە سەرکەوین بۆمان دەرئەکەوێ ئەگەر بەرێکو پێکی بڕۆین بەرێوە.

دەربارەی پێشنیاری دووەمی بەڕێز ئەیاد ئێمە دڵنیاین دڵمان نایەت ناوەکەی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی وەکو خۆی بمێنێتەوەو، لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا هەوڵ بدەین کەبەزووترین کات ئەنجوومەنێکی باڵا بۆ هەڵگری ئایینەکانی تر وەکو مەسیحی، یەزیدی وئەوانە دابنرێ و، سەربە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، ئەم پێشنیارە ئیمزای دە کەسی پێوەیە، بۆیە ئەوە ئەدرێتە لیژنەی تایبەتی لەپاشان لیژنەی یاسا دیراسەتی ئەکات و، پاشان بزانین ئەنجامەکەی چ ئەڵێن وچی ئەبێت. فەرمووکاک ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی سەبارەت بەگۆڕینی ناوی وەزارەت کرا پێشنیارەکە هی خۆم نییە، بەڵکو لەکاتی گفتوگۆی یاسای وەزارەتی ئەوقاف پێشنیار کراوەو، پێشکەش بە بەڕێزتان کراوە جا ئێستا

تەئكیدی لێ كراوە كە ئایا ئەنجامی ئەو پێشنیارە چ بوو؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئەیاد ئێمە ڕوونكردنەوەمان لەسەر ئەوە كرد كە وەكو خۆی بێنێتەوە یاساكە گفتوگۆی لەسەر بكرێ، لەگەڵ ئەوەشدا چونكە ئەو پێشنیارە پێشكەش كراوە بەڕێزەوە ئێمە ئەیدەین بە لیژنەی كاروباری ئەوقاف و، دوایی ئەدرێتە لیژنەی یاساو، جارێكی تر لێرە باس ئەكرێتەوە.

ئێستا یەكێ لە ئەندامانی لیژنەی یاسایی با بفەرمووێ بۆ ئەوەی پرۆژەی بڕیاری زانكۆی سلێمانی پێشكەش بە بەڕێزتان بكات.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارەكەی بەڕێز ئەیاد دەربارەی وەزارەتی ئەوقاف زۆر بەجێیە، ئەوەی تریش كە بەڕێزت گووتت «كوشنە تایم» پێڕەوی ناوخۆ چارەی كردووە، لەبەر ئەوە بەقەناعەتی منیش ناتوانین هەمواری بكەین بكرێت بە سەعاتێك،لەوانەیە لە كاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەكانیش سەرۆك وەزیران، یان جێگرەكەی، یان یەكێ لە وەزیرەكان نەتوانن ئامادە بن، لەبەر ئەوە تا ئێمە وەزیرەكان لە ئیشوكار نەكەین و، ئەمە بۆ حاڵەتێكی ترە كە لە پێڕەوی ناوخۆ دانەنراوە، جا هەر پرسیارێك بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بۆ هەر ئەندامێك هەیە لەڕێگای سەرۆكایەتییەوە پرسیارەكەی ئاراستە بكات و، لەماوەی حەوت ڕۆژ ئەنجومەنی وەزیران وەڵام بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز عەدنان بابەتی پرسیارەكان دەنگدانمان لەسەرداو، بەتیكڕای دەنگ پەسند كرا. پێموایە لە پێڕەوی ناوخۆ شێوازێكی ترە كە دەبێ وەزیرەكان لە ماوەی هەفتەیەكدا وەڵامی پرسیارەكان بدەنەوە، ئینجا ئەوە مانای ئەوە نییە كەواز لەو شێوازە ئەهێنین، بەڵام كە هەموو هەفتەیەك ئەو كۆبوونەوەیان هەبێ و، ئەوان پێش (٤٨) سەعات ئەو پرسیارانە بۆیان ڕەوانە بكرێت لێرە ڕەنگە زیاتر بتوانن وەڵام بدەنەوە.

**بەڕێز شەوكەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت دەنگدان لەسەر مەسەلەی ناوی وەزارەتی ئەوقاف، پێموایە ئەو ڕۆژە دەنگدان لەسەر بەردەوام بوونی گفتوگۆكە كرا نەك لەسەر ناوەكە، جا ئەگەر لەسەر ناوەكەیە، ناوەكە ماوە، كە دوایی بڕیاری لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عیزەدین.

**بەڕێز عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا ڕەســـول:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێشنیار دەکەم ئەم دوو خاڵە باس بکرێت:

یەکەم: بڕیاری زانکۆی سلێمانی ببێ بە خاڵێ لە بەرنامەی ئەمڕۆدا.

دووەم: ئەمڕۆ لە ئێستگەکانی جیهانەوە ئەم بەیانییە گوێمان لە هەواڵێکی خەمناک بوو ئەویش پۆستاڵی ڕەشی جەندرمەی تورک هاتووەتە ناو کوردستانەوە تا شاری زاخۆ.

دوێنێ ئەنجـوومـەنی وەزیرانی کـوردسـتـان لەبەیان نامـەیەک باسی ڕێککەوتنی ئەنجـوومـەنی وەزیرانی کـرد کـە (P.K.K.) بڕیاری داوە بکشـێـتە دواوە، لەگەڵ ئەوەشدا سوپای تورک هەرهات پێویستە باسێک لەم مەسەلەیە بکەین و، هیواداربن ئەوە ڕابگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

دەربارەی ئەو خاڵەی کە بەڕێز شەوکەت باسی کرد، پێشنیارێک هەبوو کە ئێستا مەسەلەی ناو نەهێنرێتە کایەوەو دەنگدانی لەسەر بکرێ، هەروەها پێشنیارێکی تریش هەبوو کەبەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ کردنی ناوەکە، لەگەڵ ئەوەشدا من دووپاتی ئەکەمەوە ئەو پێشنیارەی بەڕێز ئەیاد کردی گووتی هەندێ لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان داوایان کردووە کە مەسەلەی ناوی وەزارەتی ئەوقـاف باس بکرێ، ئێـمـە گووتمان لەگـەڵ ئەوەین کـەباس بکرێ و، ئەدرێـتە لیـژنەی تـایبـەت بۆ ئەوەی دیراسەتی بکات، پاشان ئەدرێتە لیژنەی یاسایی جارێکی تر لەکۆبوونەوە باس ئەکرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەم دەرگایەمان داناخست لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەنگی لەسەر دراوە.

ئەو تێبـیـنیـانەی د.عـیـزەدین باسی کـرد شـتـێکی زۆر زەحـمـەتە پەرلەمـان بڕیار بدات، یاخود هەڵوێست وەربگرێ لەسـەر هەندێ بابەت کـە لە ئێـسـتـگەکـانی جـیـهـانەوە باس ئەکرێن، ئەوە پێویسـتـە لە سەرچاوەی حکوومییـەوە بڵاوبکرێنەوە، ئەوکاتە ئێمە ئەتوانین هەڵوێستی لەسەر وەربگرین، بەڵام هەر شتێک لە ئێستگە باس بکرێ تۆزێ زەحمەتە پەرلەمان لەسەر ئەوە بڕیار، یاخود تێبینی خۆی دەربخات.

فەرمووکاک حازم.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من بەس ڕوونکردنەوەیەکم هەیە بۆ ئەم مـەسـەلەیە، چونکە من دوێنێ ئێـوارە لەدهۆک هاتم، نەهاتوونەتە زاخۆ، بەڵکو هاتوونە سەر شاخەکانی ئەولای شەرانش و،مام جەلالیش لەکاتی خۆی داوای کرد کەشەڕەکە ڕابوەستێندرێ و، برادەرانیش ئاگادارن نزیکی زاخۆ نەبوونەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

سوپاس ئەوەی کە بەڕێز حازم گووتی ئەوە ئەگەیەنێ ئێمە بڵێین کەتەنها ئێستگەکان چ ئەڵێن؟.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی د.عیزەدین تارادەیەک راستن و، لە پردی ئیبراهیم خلیل بە ئالیاتەوە هاتوون نازانم گەیشتوونە زاخۆ یان نا؟، بەڵام ئێمە زانیاریمان هەیە کە هاتوون و، دوێنێ شەو لەکۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئێمە بڕیارێکمان وەرگرت کە زۆر بە نەرمی داوا لە حکومەتی تورکیا بکرێ هێزەکانی خۆی بکشێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لەو کۆبوونەوەی کە کرا لەگەڵ پارتە کوردستانیەکانی تورکیا و، ئێران بەڕێزان کاک مەسعود بارزانی و، مام جەلال تاڵەبانی لەگەڵ بەرەی کوردستانی ئەو مەترسیە خرایە پێش چاو. بەداخەوە (P.K.K.) زەمینە خۆش ئەکات بۆ ئەوەی کارێکی وەها بکرێ، جا ئێمە زانیاریەکی تەواو وەرئەگرین ئەوکاتە ئەتوانین بەرێگایەکی نەرمەوە چارەسەری مەسەلەکە بەکەین.

**بەڕێز حەمید حەسەن رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رەخنە لەسەرکردایەتی خۆمان ئەگرم بەتایبەتی مام جەلال و، کاک مەسعود، چونکە لە سەرەتا شەڕەکەمان بەساردی کرد، چونکە شەڕ هەر شەڕە یەک بکوژرێ و ١٠٠ کەس بکوژرێ وەکو کورد ئەڵێ (تنەشەڕ بوو)، چونکە ئەگەر شەڕێکی گوێچک بڕ با ئەوپەڕی (١٠٠ـ ١٥٠) کەس دەکوژران و، بڵاوەیان لێ ئەکرا تورکیاش نەدەهات، بەڵام وامان لێ کرد کە شەڕەکەمان بەساردی کرد، لەبەر ئەوە تورکیاش دەستی تێوەرداو، ئەڵێ ئێوە پێتان ناکرێ، عێراقیش لەم لاوە هەموو جۆرە پیلانێک ئەنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو بابەتەمان باس کرد. ئێستا دێینەوە سەر باسی خاڵی زانکۆی سلێمانی تکایە یەکێ لەئەندامانی لیژنەی یاسا بێت ئەو بڕیارەی کەدراوە بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی برگەی /١ لە مادە (٥٦) یاسای ژمارە (١)ی ساڵی /١٩٢٢ و،لەسەر پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە نووسراوی ژمارە (١٨٤) لەرۆژی ١٨/ ١٠/ ١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ئەمرۆماندا ئەم بڕیارەی دا:

١ـ دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٢ـ ١٩٩٣و، کە بەکردنەوەی کۆلیژی پزیشکی وکشتوکاڵ وپزیشکی ئاژەڵ دەست پێ ئەکا.

٢ـ دەبێ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەم بڕیارە جێبەجێ بکا.

٣ـ ئەم بڕیارە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمی هەرێمدا کاری پێ دەکرێ.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەندامان کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم بڕیارە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وەکو کارگێڕی لیژنەی یاسایی قسە دەکەم.

یەکەم: لەو پڕۆژەیە دوای هەمووارکردنی ئەو نووسراوەی ئەنجوومەنی وەزیران کە ئاماژەی پێ کراوە لامان بردووە.

دووەم: دیاری کردنی جۆرو، ژمارەی کۆلیژەکان ئەویشمان لابرد لەسەر پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

سێیەم: زانستگای سلێمانی دامەزرێ بۆ ساڵی ١٩٩٢ـ ١٩٩٣ بەبێ ئەوەی کۆلیژکان دیاری بکرێن، ئەگەر ماوە هەبێ دانەیەکی هەموارکراو لە پڕۆژەکە لام هەیە بخوێندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک ئەیاد.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕیار .

بەپێی حکومەکانی برگە (١) لە مادەی (٥٦) یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ لەسەر پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی(  ) رۆژی (  )دا ئەم بڕیارەی دا:

١- دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی لەساڵی خوێندنی (١٩٩٢ـ١٩٩٣)وە.

٢- دەبێ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەم بڕیارە جێبەجێ بکا .

٣- ئەم بڕیارە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمی هەرێمدا کاری پێدەکرێ.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی لەسەر ئەم بڕیارە هەیە؟.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەک، کاک ئەیاد قسەی یەکەمی بڕبوە کە کۆلیژەکان دیاری نەکرێ.

دوو، زانکۆی سلێمانی وەک ئەزانن کە گوێزرایەوە هاتە هەولێرەوە کۆمەڵێ موڵک وماڵی هەبوو درا بە فەرمانگەکانی ترو، ئێستا بووەتە موڵکی دائیرەی تر، بۆ گەڕانەوەی زانکۆ لەوانەیە هەندێ کێشە دروست ببێ لەنێوان ئەو فەرمانگانەو، وزانکۆی سلێمانی، هەروەها کێڵگەی بەکرەجۆ موڵکی زانکۆ بوو بۆ کۆلیژی کشتوکاڵ جێی تاقی کردنەوەیە، لەبەر ئەوە پێشنیار ئەکەم

هەر لەگەڵ ئەم بڕیارە بۆ ئەوەی نەبێتە دوو بڕیار بڕگەیەکی تری بخرێتە سەر بە زمانی کوردی، بۆ ئەوەی ئەو موڵکانە بگەڕێنەوە بۆ زانکۆی سلێمانی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز د.عیزەدین وابزانم لەباسی عەرەبی زانین وکوردی زانین ئەمە پەیوەندی بە ئێمەوە نییەو، زۆر لە ئەندامان بارودۆخیان وانەبووە کە کوردی سۆرانی بزانن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێموایە ئەوەی کاک ئەیاد خوێندیەوە دەقێکی ڕاست و، بەجێیە، بخرێتە دەنگدان و.، کۆتایی پێ بهێنرێ. بۆ مەسەلەی ئەو بنایانەش کە مان لە زانکۆی سلێمانی هەریەک بەرێگای یاسایی خۆی ئەنجوومەنی وەزیران نووسراو ئاراستەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بکات، ئەگەر پێویستیان بە یاسا و، بڕیار هەبێ ئەوکاتە بڕیاری لەسەر ئەدەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم بڕیارە وەکو ئەوەی خوێنرایەوە وەربگیرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا.

گۆڕینی تێکەڵاو کردنی مادەی (٣ و ٤) مادەی (٣) پەسند کرا، بەڵام مادەی چوار داوامان کرد دووبارە دایبڕێژنەوە، لەبەر ئەوە لەگەڵ لیژنەی یاسا وا بەباش زانرا ئەمڕۆ واز لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف بهێنین سبەینێ بەردەوام بین لەسەری، بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بهێنین.

ئێستا دوو بڕیار هەیە یەکێکیان دەربارەی پێشنیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر مەسەلەی موفەرقەعات وهەڵگرتنی چەک ئەوی تریشیان پێشنیاری وەزارەتی دادە بۆ پلەی حاکمەکان و، ئەگەر ڕازین ئەو دووخاڵەش باس بکەین و، یاسای وەزارەتی ئەوقاف بۆ سبەینێ بمێنێ، تاکو وەزیری ئەوقاف ئامادەبێ. کێ لەگەڵ ئەوەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. کێ لە دژە؟ فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە بەیانی ئیشوکارمان هەیە لە (مەکتەبی تەنفیذی یەکێتی زانایان)، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەو گفتوگۆکردنە تۆزێک دوا بخرێ ،چونکە مامۆستایان پەیوەندییان بەو بابەتە هەیەو، دەبێ ئامادەبن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەموو مامۆستایان ئەچن بۆ ئەو کۆبوونەوەیە یان دوو کەس؟.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

چوارکەسمان ئەڕۆین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەتوانن کۆبوونەوەکەتان بخەنە پاش نیوەڕۆ، چونکە ئێمە گەیشتینەتە نیوەی، بەڵام وەزیری ئەوقاف لێرە نەبوو بۆیە دواخرا.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر بڕیارتان داوە ئەوا سوپاستان ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس مامۆستا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو ڕستە هەیە لێرە دامان نەناوە بە پێویستمان زانی ئاگاداری بەڕێزتان بکەین کە ئەویش پێشنیاری وەزارەتی دادو، ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران خستیە بەردەستی ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراق بۆ ئەوەی زیاد بکرێ بەمانای (بناء علی اقتراح وزارة العدل، وماعرضه مجلس الوزراء) ئەوە لەسەرەوە زیاد بکرێ، ئەگەر ماوە هەبێ ئێمە لەلایەنی زمانییەوە «لغوی» چارەسەری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک ئەیاد پرسیارێکم هەیە بەس نییە بڵێین لەسەر پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران؟، چونکە لەلایەن وەزارەتەوە هاتووەتە ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام ئەوەی دەدرێتە ئەنجوومەنی نیشتمانیی پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیرانە نەک هی وەزارەت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم جار ئەڵێن لەسەر پێشنیاری فلانە وەزیری پەیوەندیدار بەو پێیەی ئەو یەکەم کەسە کە پێشنیارەکە پێشکەش ئەکات، پەسند کردنی ئەنجوومەنی وەزیران ئەمە ڕۆتینییە تەنها بۆ ئەوەیە شێوەی یاسایی وەربگرێ و، هەروەهاش لەسەری ڕۆیشتووین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم لە زۆر لەو یاساو، بڕیارانەی کە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەرچووە ئێمە ئاماژەمان بۆ ئەو لایەنە کردووە کە لە کۆتاییدا پڕۆژەکەمان بۆ دەنێرێ ئەویش ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئیتر نەگەڕاینەتەوە سەر ئەمە چ وەزیرێک داویەتی بە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەگەر ڕازین هەر بەو شێوەیە بڕۆین کە ئێمە ئەنجوومەنی وەزیران بۆمانی ناردووەو، پێشنیاری یاساییش، یا ئەو بڕیارانە کە سیفەتی یاساییان تیادا هەبێ بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەبێ لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە، یاخود «١٠» کەس لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کرابێ.

**بەڕێز عـەدنان مـحـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

ئێمە هەموو پێشنیارێک رەچاو دەکەین، بەڵام بۆ ئەو بڕیارانەی کە پێش ئێستا بڕیارمان لەسەر داوە ئەو شێوازەمان بەکار نەهێناوە، بەڵام مرۆڤ چەند ئیش بکات زیاتر بەری فراوان دەبێ و، شتی نوێ بەکار دەهێنێ زیاتر دەزانێ چی باشی کردووە چی نەکردووە؟ بابەتەکە ئیجتهادە ئێمە زۆر یاسامان هەیە هی سەردەمی مەلەکیەت و، پاش سەردەمی مەلەکیەت هەمووی بەوشێوەیە رۆیشتووە «بناء علی ماعرضه وزیر الفلانی» او (بناءا علی ماعرضه الوزیر المختص) وصادق علیه مجلس الوزراء، جا ئێمە کە پەسند کردنێکی قەزائی رەچاو بکەین وابزانم هیچ شتێکی تیا نییەو، وابزانم ئەمە لەگەڵ رای سکرتێری ئەنجوومەندا رێک دەکەوێ، بەڵام زۆر بڕیاری وا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

سوپاس با هەروەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

بڕیار بەپێی برگە (١)ی مادەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەکۆبوونەوەی رۆژی «          » ئەم بڕیارەی دەرکرد:

١- بەرزکردنی پلەی «صنف» دادوەرەکانی وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەوانەی لە پلەی «٤.٣.٢»ن مووچەیان گەیشتووتە نزمترین رادە لەپلەی بەرزترین «بەرزتر بەدەر» لەئەحکامی برگەی /٢ی «ب» مادەی «٤٥» یاسای رێکخستنی دادوەری کار پێ کراو.

٢- وەزیری داد دەبێ ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

٣- ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێ لەدوای بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی رەسمی هەرێمدا.

بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن، ئەگەر مۆڵەتم بدەیتێ عەرەبییەکەی بخوێنمەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

فەرموو.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

«استنادا لاحکام الفقرة «١» من مادة «٥٦» من قانون رقم «١» لسنة/١٩٩٢ قرر المجلس الوطني لکوردستان العراق بجلستة المنعقدة بتاريخ (  /  / ١٩٩ )اصدار القرار الاتي:

١- يرقي قضاة محاکم اقليم کوردستان العراق من صنف «٢، ٣، ٤» من الذين بلغت رواتبهم الحد الادني لصنف المراد اليه الى الصنف الذي يستحقونه استثناءاً من احکام الفقرة «٢/ب» من المادة «٤٥» من قانون تنظيم القضاء النافذ.

٢- على وزير العدل تنفيذ هذا القرار.
٣- ينفذ هذا القرار من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية للاقليم، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تکایەکم هەیە لەلیژنەی یاسا کە بۆ بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی باسی ئەمە بکەن، چونکە ئیلتزاماتی مادەی تیایە بەنسبەت دەوڵەتەوە، چونکە دەبێ (ب/٢ وە ب/٣) شتێکی لێ باس بکرێ تا ئەندامەکانی لێی بزانن.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

صنفی دادوەرەکان زیاد بوونەوەی مووچەی نییە بەرزبوونی پلەیە «٣،٢،١» کە دادوەر لە یاسای عێراقی بەرز دەکرێتەوە لە پلەیەک بۆ پلەیەکی بەرزتر دەبێ دوو مەرجی تیا هەبێ یەکێکیان مووچەی بگاتە کەمترین ئەو پلەیەی کەلێی بەرز دەبێتەوە بۆی، دووەمیان دەبێ راپۆرتێک «بحث» پێشکەش بکا لەسەر ئەو کێشانەی کەهەیانە، ئەمە یاسای عێراقی دایناوە.
ئێمە زۆر دادوەرمان هەبووە مووچەیان گەیشتۆتە ئەو پلە کە حەقیان هەیە بەرزبکرێنەوە، بەڵام نەیانتوانیوە «بحث» بکەن بچنە لای حکومەتی عێراقی لەوێ پێشکەشی بکەن وئێستا دوای دامەزراندنی وەزارەتی دادو، دامەزراندنی (دادگای تەمییز)ی کوردستان ئەوانە پێویستیان بە دادوەرو، ئەو پلانە هەیە کەبەرزیان بکەنەوە وجێگای خۆیان بگرن وئیشیان پێ بکەن، لێرە مەبەست لە «بحث»ەکە ئەو بەحسەیە کە پێشکەش دەکرێ بۆ وەزارەتی دادی عێراقی لە «بحثەکە» لێیان دەبوورین بەوەش هەموو مەرجەکانی بەرزکردنەوەیان مسۆگەر دەبێ و، لایەنی مادە ئێمە پەیوەندیمان پێی نییە. مووچەیان هەر ئەو مووچەی خۆیان پێ ئەدرێ، بەڵام پلەکەیان دەگۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ئەو باسە هەیە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان رژێمی بەغدا بایەخێکی زۆری داوەتە دادوەرو دادگاکان، بەڵام لایەنی (ادعاء العام) زۆر پشتگوێ خراون نەمووچەیان و، نە دەسەڵاتیان وەکو دادوەرەکانە بۆ زانینتان (ادعاء العام) حەقی پاراستنی ویان حەقی گشتی هەیە، لێرەش وەزارەتی داد لایەنی (ادعاء العامی) پشتگوێ خستووەو، بایەخێکی زۆر زۆری داوەتە دادوەرەکان و، ئەمەش شتێکی راست نییە، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس کاک جەمیل.

**بەڕێز بەخـتـیـار حـەیدەر عـوسـمـان:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەراستی بابەتی (ادعاء العام) زۆر جێی بایەخدانە پێویستە بە چاوی ڕێزوە سەیری ئەوانیش بکەین، چونکە ئەوانیش دەوری خۆیان هەیە وەکو دەزگای دادوەریی وزۆریش مەغدرون بۆیە (ادعاء عامیش) پلەیان هەیە هەروەکو لە (٤,٣,٢,١) وە پەیوەندیی بەمووچەکەیان نییە بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەوانیش ئەم بەرزکردنەوەی پلە بیانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

من ڕوونکردنەوەیەکم هەیە لەسەر قسەی کاک جەمیل، وابزانم ڕژێمی فاشی بەغدا لەو ڕۆژەی هاتۆتە سەرتەخت بایەخی نەداوە بە دادگاو دادوەرەکان و، یاسای دادەوە، ئەگەر جیاوازی کردووە لەگەڵ (ادعاءالعام) ئەوە شتێکی ترەو، زۆر سوپاستان دەکەم فەرمووکاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تۆمـا هەریری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من پێموایە ئەو دەقەی کاک ئەیاد خوێندیەوە یاساییەو، پێویستە دەنگی لەسەری بدرێت و، ڕەزامەندی لەسەر بکرێت. حەقە کاک بەختیار وەکو یاسا زانێک سەر لەوەزیری داد بدات و، داوای لێ بکا کە پرۆژەیەکیش پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران، یان ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بکرێت بۆ چارەسەرکردنی باری (ادعاءالعام) مەکان وئەوانیش حەقی خۆیانە، بەڵام بە ڕێگایەکی یاسایی خۆیان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسایی، ئایا هەر بەهەمان شێوەی بەڕێز عەدنان باسی کرد بڵێین وەزیری داد ئەم بڕیارە جێبەجێ بکا، یاخود ئەوە لەلایەن ئێمەوە وەزیرێک دیاری نەکەین کەجێبەجێی بکات، بەڵکو بڵێین ئەنجوومەنی وەزیران جێ بەجێی دەکات.

**بەڕێز عـەدنان محـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

وابزانم وەڵامی پرسیارەکەم داوە، گووتمان ئەم کلێشەیە زۆر بەکار دەهێنرێ لەلایەن یاسازانان ئێمە مەرج نییە هەر یەک سیغە بەکاربهێنین، بەڵام وامان بەباش زانی ئەم ڕێگایە زۆر

لەیاسازانان پێش ئێمە بەکاریان هێناوەو، ئێمەش بەکاری بهێنین و، ئێستاش هیچ جیاوازی نییە بڵێین ئەنجوومەنی وەزیران جێبەجێ بکا، یان وەزیری پەیوەندیدار ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێزتان چۆن بڕیاری دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو تێبینییەی کە لە بارەی جێگری(ادعاء العام) کرا کە لە هەموو بارێکەوە غەدریان لێ کراوە لەلایەن مووچەو، پلە وەکو دادوەرن، بەڵام بەچاریەکی دادوەر دەرماڵەیان نییە، بەڵام چارەی ئەوە لێرە نییە، بەڵکو یاسای دەسەڵاتی قەزائی ئەوە چارەسەری کێشەی (نائب مدعی عامەکانی) کردووە بە چاکی ئەوانیش بەو پێشنیارەی کە تیایەتی رازی بوون ئەمەیەک.

دووە: لە وەڵامی دەستەی سەرۆکایەتی بەڕێزەوە بڵێین سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران جێبەجێی دەکات، یان وەزیری داد جێبەجێی دەکات؟ ئەمە راوەستاوە لەسەر پێشەکی. ئەگەر گووتمان پێشنیارەکە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئەوا دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران جێبەجێی بکات، ئەگەر گووتمان پێشنیارەکە لەلایەن وەزیری دادە، ئەوا دەبێ وەزیری داد جێبەجێی بکات، چونکە دەبێ زنجیرەی مەنتیقی لە دارشتنەکەدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە وەکو ئەنجوومەنی نیشتمانیی پێشنیارەکان لە وەزیرەکانەوە راستەوخۆ بۆ ئێمە نایەت، بەڵکو یەکەم جار بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەنێردرێ، پاشان لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئاراستەی ئێمە دەکرێ.

ئەم پێشنیارەی وەزارەتی دادیش کردوویەتی، بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەرکردووە ناردوویەتی بۆ ئێمە، بەڵام ئێستا پرسیارەکە ئەویە ئایا بڵێین ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیارەکە جێبەجێ بکا یان وەزارەتی داد؟.

**بەڕێز حازم ئەحمەد یوسفی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەر چەندە ئەمە بڕیاری لەسەر درا، بەڵام لێرە پرسیارەکەم ئەوەیە کێ پلەی دادوەرەکان بەرز ئەکاتەوە؟ ئایا ئەنجوومەنی وەزیران یان وەزارەتی داد، یا پەرلەمان؟ چونکە لەیاسای عێراقی دیارەو، لێرە دیار نییە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم با یاسای دەسەڵاتی قەزائی دەربچێ ئەو کاتە گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە یاسای ژمارە (٢) کەیاسای رابەرە، ئەم شتانە دەستنیشان کراوە، کێ دەسەڵاتی بەرزکردنەوەی پلەی دادوەرەکانی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عــەبدوڵلا حــەیدەری:**
**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجــــــومــــەن.**

سەبارەت گۆڕینی پلەی دادوەرەكان. پێشان لەلایەن ئەنجوومەنی داد بوو، ئێستاكە لەیاسای دەسەلاتی قەزائی، لەناو یاساكەدا هەیە، بەلام تا ئێستا لەژێر گفتوگۆدایە، سوپاس.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**
**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجــــــومــــەن.**

ئەوەی كاك حازم گووتی راستە، ئەگەر یاسای دەسەلاتی قەزائی هەبێت، ئەوەی كە دەپرسێ كێ پلەیان بەرز ئەكاتەوە ئێمە بەو بڕیارە پلەیان بەرز دەكەینەوە، پەرلەمان تەنیا بڕیار ئەدا، چونكە یاساكە لە بنەڕەتدا نییە، بڕیارەكە لە رۆژی بلاوكردنەوەی ئەوەی پلەی «٢»وە دێتە پلەی «١» وپلەی «٣» دێتە پلەی «٢» وهەروەها، نەوەزیری داد، نە ئەنجوومەنی قەزا دەسەلاتی ئەوانی نییە، بەلكو ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەسەلاتی بەو یاسایەی هەیە كە ئێوە پەسەندی دەكەن.

**بەڕێز جــێـگری ســــەرۆكی ئـەنجــــومــــەن:**

لەكاتی خۆیدا پێشنیارێك هەبوو لەسەر هەلوەشاندنەوەی ئەو فەرمانانەی رژێمی عێراقی كە كاتی خۆی دابووی بە دەست بەسەرداگرتنی مولك و، مالی پێشمەرگەكان و، كە سوكاریان لەبەرباری رودۆخی سیاسی.

بڕیارێك هەیە لەسەر ئەم بابەتە لەلایەن لیژنەی یاساوە دەخوێندرێتەوە بۆ ئێوەی بەرێز.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجــیــد:**
**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجــــومــــەن.**

بڕیارەكە بەعەرەبی نووسراوە داوای لێ بووردن ئەكەم، چونكە لیژنەی یاسا ئیشوكاریان زۆرە ماوەیان نەبووە كە وەریگێڕن بۆ سەر زمانی كوردی.

قرار

استنادا الى الفقرة/١ من المادة/٥٦ من القانون رقم واحد لسنة ١٩٩٢ اصدر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ١٩٩ القرار الاتي:

١- الغاء مصادرة الاموال المنقولة ورفع الحجز عنها والصادرة من الانظمة العراقية المتعاقبة بحق المساهمين في حركة التحررية الكردية وذويهم أو بسببها من تاريخ ١١/٩/١٩٦١ ولغاية ٢٣/١٠/١٩٩١ (كە ئەوە مێژووی نەمانی ئیدراتی حكومیە لەكوردستان).
٢- ازالة كافة الاثار القانونية المترتبة نتيجة الحجز او المصادرة.
٣- يشمل هذا القرار الكردي الفيليين المسافرين الى الخارج.
٤- على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار واصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذه.

٥ـ ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەسەر ئەو بڕیارە تێبینی هەیە دەستی بەرزبکاتەوە ناوەکان بخوێنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوەکان، بەڕێزان مامۆستا مەلا مەحمود دێرشەوی، بارزان مەلا خالید، جەمیل عەبدی سندی، ئەکبەر حەیدەر موسا، بەختیار حەیدەر، کاکەرەش نەقشبەندیی، عومەر سەید عەلی، د.قاسم محەمەد قاسم، سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیارەکە لەجێی خۆیەتی، پیرۆزبایی لێ دەکەین و، بڕیارەکە هەموو کوردێک بگرێتەوە، فەیلی بێت یان ئیتر، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید علی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش وەکو ئەندامی پەرلەمان پشتگیری لە قسەی مەلا مەحمود دێرشەوی دەکەم، بڕیارەکەش هەموو کوردێک بگرێتەوە، نەوەک تەنیا بڕگەی فەیلیەکان.

پرسیارێکم هەیە لێرە نازانم (آثاری قانوونی) لێرە چییە؟، چونکە هەندێک خانوو موڵک هەیە سێ جار فرۆشراوە.

ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەتوانێ ئەوە قەرەبوو بکاتەوە، یاخود نا؟، ئەم کێشەش لە پارێزگای سلێمانی زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز بارزان مەلا خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کێشەیەکم باس کرد کە ئێستا پێشمەرگەیەکی زۆر هەیە، لەساڵەکانی (١٩٧٠)دا خانوومان وەرگرتبوو لە خانووەکانی ئیسکان لەگەڵ حکومەت بەناوی (عەقد)، ئێمە ئەوکاتە پارەمان دابوو، وپارەیەکی زۆر کەم لامان مابوو، بە بڕیارێکی (مجلس قيادة الثورة) ئەو عەقدانە هەڵوەشانەوەو، درا بە ئەمن وجاسوسەکانی خۆی، لەساڵی ١٩٧٤ ئەوکاتەی کەعەقدەکە هەڵوەشابووە ئێمە پارەیەکی زۆرمان لەو خانووانە سەرف کردبوو، ئێستا ئەو خانووانە دووجار

وسێ جار فرۆشراوون. لەم بڕیارە نیشانی ئەوەی نەکردووە کە ئەو عەقدانە هەڵبووەشێتەوەو، بڕیارەکەی (مجلس قیادة الثورة) لام هەیە ئەگەر ماوە هەبێ بۆتانی دەخوێنمەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە دەڵێن بڕیارەکە زۆر کێشەی لەناو هەیە، چونکە هەندێک هەیە سێ جار فرۆشراوە. ئێمە لە بڕیارەکەدا دیارمان کردووە کە ئەنجوومەنی وەزیران ڕێنمایی دەربکات و، پەیڕەو دابنێ بۆ ئەوەی ئەو کێشانە باس بکا بۆ ئەوانەی کە موڵک وماڵیان لێ زەوت کراوە، بۆ ئەوەی نەبێتەوە کێشە وەکو لەهەندێ لەو بڕیارانەدا هەیە کە پێشان دەرچوونەو، ئێمە ئەو کێشانەمان لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیراندا باس کردووەو، وەزیری دارایی وئابووری گووتی لیژنەیەکمان هەیەو، وەزیری ناوخۆش تەئکیدی کرد، کە گەیشتوونەتە دیراسەیەکی زۆر باش بۆ ئەوەی ئەو بڕیارەجێبەجێ بکرێ و، چارەسەری بکەن.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم پێش ماوەیەک هەمان بابەتمان باس کرد، ئەم بڕیارە کە لە ناوچەی کوردستان حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێی دەکات، بەڵام بەنسبەت برا فیلیەکان کە لەناو بڕیارەکەدا ناویان هاتووە کە لە بەغدا دانیشتوون ئەوانە کەی لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانن؟، هەروەها نەک هەر برا فیلیەکان لەو کێشەیەدا هەن، بەڵکو (خانەقین و، جەلەولا، کەرکووک و،ئاکرێ و، سنجاریش) لەو کێشەیە ئەخولێنەوە،ئەمانەش دەبێ چارەسەر بکرێن ، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەم بڕگەیە زیاد بکرێ لە بڕیارەکە «ويعاد تسجيله باسماء اصحابها السابقين قبل اصدار قرار الحجز والمصادرة واعفائهم من رسوم ومصاريف التحويل والتسجيل»، بۆ ئەوەی دڵی خەڵکەکەی زیاتر پێ خۆش بێ، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم: پێشنیارەکە هی من بوو پێشکەشم کردن، بەڵام وەکو بزانم بڕیاری لیژنەی یاسا وەکو پێشنیارەکەی ئێمە نییە کەپێشکەشمان کردن، ئێمە وامان پێشنیار کرد ئەوماڵ وموڵکانە بگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانیان، بەڵام ئێوە دەسەڵاتتان داوە بە ئەنجوومەنی وەزیران کە ئەو ڕێنمایی

تر دەربکات بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە.

دووەم: لە سلێمانی (١٨) خانوو هەیە، کە ئەم بڕیارە دەیگرێتەوەو، لەم (١٨) خانووە هەندێ کەس لەکاتی راپەرینەکە کە دەسەلاتی هەبووە، هەر ئەوکاتە چووە جاسوسەکەی هێناوەو، چووە بۆ تاپۆ خانووەکەی واز پێ لێ هێناوە وبەناوی خۆی کردوە، بەلام هەندێ کەس ماون ویستویانە بەلایەنی یاسایی بۆیان بگەڕێتەوە نەک بە ڕێگای ئسولی، بەلام لێرە بڕیارەکەی لیژنەی یاسا لەگەڵ پێشنیارەکەی ئێمە ناگونجێت و، ئەوانەی تیای دانیشتوون هەموویان جاسوسەکان بوونەو، بۆیان نییە قەرەبوو بکرێن و، خانووەکان دەبێ بدرێنەوە خاوەنەکانی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە گووتمان «الغاء قرار المصادرة»، بەلام کە گووتمان دەسەلات بدەینە ئەنجوومەنی وەزیران کە دەسەلاتەی جێبەجێ کردنە، بۆئەوەی تەنگوچەڵەمەمان نەیێتە پێش وەکو لە هەندێک لە بڕیارەکانی پێشوودا روویداوە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بڕیارە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە زۆر فراوان و، ڕێک وپێکە بە نسبەت ئەو برا پێشمەرگانەی کە خانوو موڵکیان لێ زەوت کراوە، بەلام هەر لەو کاتەش کە بڕیارەکە دەردەچێت ئاسەواری یاسایی زۆر لەسەری دەبێت ئەو ئاسەوارە یاساییانە پێویستە لەپەرلەماندا چارەسەر بکرێن بە یاسا، نەک بە ڕێنمایی لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەربچێت، لەبەر ئەوەی (١٠٠٪) ئەو کێشانە دەدرێنە دادگاکان، دادگاش پێویستی بە یاسا هەیە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە نەک تەنها بڕیاری بدرێتێ بۆ (الغاو مصادرە)، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم، یاساکە زیاتر روون بکرێتەوە وحالاتەکانیش دەست نیشان بکرێن، وبڕیارێکی یاسایی هەبێت، وبکرێتە قانوونێک، بەچەند مادەیەک وەکو ڕێ پێشاندەرێک بێت بۆ دادگاکان کە چارەسەری ئەم کێشەیە دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو لایەنەی کە بەڕێز بەختیار روونی کردەوە زۆر گرنگە، چونکە زۆر لەوموڵکانە ئێستا گۆڕاون، پێویستی بە یاسا هەیە چارەسەریان بکا، بۆ نموونە زەویەک زەوت کراوە، ئێستاکە کراوە بە خانوو، خانووەکەش چەند مامەڵەی لەسەر کراوە ئەبێ ئەوە بە یاسا چارەسەر بکرێ، یان زەوییەک

هەیە هی شارەوانییە زەوت کراوە، لەبەر ئەوە پێویستمان بە یاسایەکی فراوان هەیە کە هەموو لایەک بگرێتەوە، بۆ ئەوەی لەدوا ڕۆژدا تەنگوچەڵەمە ڕوونەدات، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پیرۆزبایی بڕیارەکە ناکەم چونکە شتێکی گەورە نییە بۆ ئەو پێشمەرگانەی ئەمەندە ساڵ دەربەدەر وچەوساونەتەوەو، مافی شەرعی خۆیانە، حەق بوو پێش سێ چوار مانگ ئەم بڕیارەمان وەرگرتبایەو، هەروەها جگە لەوەرگرتنەوەی ماڵ وموڵکەکەی پێویستە قەرەبووش بکرێت، چونکە ئەمەندە ساڵە موڵکەکەی لێی زەوت کراوە ئەمە یەک.

دوو، پرسیارێکم هەیە بۆ لیژنەی یاسایی، مانای (ازالە اثار قانوونی) ئۆتۆماتیکی دەچێ یان نا؟ ئەگەر ئۆتۆماتیکی نەبێ ئەوا پێشنیارەکە باش نییە.

سێ، پێشنیار ئەکەم، ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر ئەو کەسانە وەربگیرێ کە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون و، چەند ساڵە ئەم ماڵ وموڵکەیان داگیر کردووە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بڕیارە ئەوانەش دەگیرێتەوە کەزەوی شارەوانیان داگیرکردووە؟، هەروەها هەندێ کەس لەسەرەتاوە زۆر موڵک وداهاتی داگیر کردووە، بەکرێی داوە بە خەڵک، ئایا ئەوانیش دەگرێتەوە یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بڕیارە تەنها بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانەی (مجلس قیادة الثورة)یە کە کاتی خۆی لە ڕژێمی بەعسەوە دەرچوون بۆ دەست بەسەرداگرتنی ماڵ وموڵکی پێشمەرگەکان وکەسوکاریان، لەبەر بارودۆخی سیاسییان، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەم جۆرە بابەتانە بڕیار دەرناچێ؟.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

انشاء الله.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ یەک بەیەک وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە.

دەربارەی پرسیارەکەی مامۆستا مەلا مەحمود لەگەڵ بەڕێز عمر یەک وەڵامیان هەیە کەدەڵێن بڕیارەکە هەندێک خەڵکی گرتۆتەوە. وەڵام وایە، بڕگە «٣»ی بڕیارەکە دەڵێ (تشمل هذا القرار الفیلین)، بەڵام بڕگەکانی تری ئەم بڕیارە لەسەرەتا بڕیارەکە گشتییە بۆ هەرکەسێک بەشداری کردووە لە شۆڕشی کورد لە ١١/٩/١٩٦١ هەتا ٢٣/١٠/١٩٩١، لەبەر ئەوە بڕیارەکە بۆ هەندێ کەس نییە، بەڵکو هەرکەسێکە کە بەشداری کردبێ، ئەگەر کورد بێ، یان عەرەب، یان مەسیحی، هەموویان دەگرێتەوە.
بۆ وەڵامی کاک بارزان سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی (عەقد)، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بنەمای یاسایی «العقد شریعة المتعاقدین» بەس ئێمە کە دەڵێین هەموو (اثارێکی قانوونی)، واتە هەموو ئیجرائاتێکی هەڵدەوەشێتەوە لەگەڵ ئەو عەقدانە.
سەبارەت پرسیارەکەی ئەکبەر حەیدەر مافی خۆیەتی، چونکە لەوانەیە ئەو لە ناوچەی خانەقین موڵکی زەوت کراوە، بەڵام ئێمە ئێستا ناگەینە خانەقین و، جێگاکانی تر کە باسی کرد، بەڵام ئەگەر بێتو وەکو (مبدأ تعویضی) بڕیارەکە بکەین بۆ ئەو شوێنانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن و، لەیاساکەدا باس نەکراون، ئەتوانین پێشنیارێک لەو بابەتەوە پێشکەش بکەین ئەگەر پەسند بکرێ ئەوا دەبێتە یاسایەکی تایبەتی.
کاک جەمیل فەرمووی (ویعاد الی اصحابها الحقیقین بعد تسجیله) ئێمە بەرامبەر ئەو بڕیارە بە «حذر» جوڵاینەوە، چونکە کە دەڵێین ئاسەواری یاسایی نەمێنێ مانای ئەوەیە، ئەگەر لەم قۆناغەدا کە ماڵی چووە ئەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی ئەمە شتێکی ئاساییە «یسجل باسم صاحبه».
ئێمە وەکو جارەکەی تر کە بابەتەکە کاک کەمال خاوەنی پێشنیارەکە بوو، هەندێک لە ئەندامانیش پشتگیریان کرد نەمانویست بڕیارێک دەربکەین بڵێین هەموو شتێک، بەڵام لەبەر ئەوەی کەلایەنی هەمەجۆری تیادایەو، مافی خەڵکی تیایەو، بۆ ئەوەی ئیشەکە بە هەنگاو هەنگاو بێ، ئەوەی کە ماڵ وموڵکی براوە نەفرۆشراوە ئەوا یەکسەر بگەڕێتەوە بۆی، بەڵام ئەوەی فرۆشراوە ئێمە پشتگوێی ناخەین. دەربارەی ئەو پرسیارەی کە بۆ ئێمە جێبەجێ کردنی بڕیارەکەمان داوە بە ئەنجوومەنی وەزیران، لە وەڵامدا دەڵێین، چونکە ئەنجوومەنی وەزیران لایەنی ڕاپەڕاندنەو، ئەو دەتوانێ لە ڕێگەی ئیداراتی خۆی بڕیارەکە بە شێوەیەکی پەلە جێبەجێ بکات.
سەبارەت بە پرسیارەکەی بەڕێزان بەختیار وکاکەڕەش هەردووکیان وەکو یاسازان گومانیان هەیە دەڵێن بڕیارەکە ئاسەواری یاسایی دەبێ. ئێمە کە بڕیارەکەمان دا بە ئەنجوومەنی وەزیران، لەبەر ئەوە بوو کە لایەنی هەمەجۆری هەیەو، لەوانەیە خانووەکەش چوار کەس فرۆشتوویەتی ئێمە

هەنگاوی یەکەم دامان کە خانووەکە یەک کەس وەریگرتووە ئەوکەسە نیازی خراپی هەبووە، جا ئەوکەسە بۆئەوەی سزا بدرێ ئۆتۆماتیکی خانووەکە دەگەرێتەوە بۆ خاوەنەکەی خۆی لەسەرەتاوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانمان جێهێشت ئەگەر بتوانێ بە بریارێکی ئیداری جێبەجێی بکات، پرۆژەیەکی یاسایی بەرزبکا ولەبەر ئەوە دەسەلاتی راپەراندنە.

دەربارەی تێبینییەکەی دکتۆر قاسم ،ئێمەش لەگەلّ ئەوەین کە دەبوا بریارەکە زووتر دەرچووبا، بەداخەوە بریارەکە دواکەوت، بەلاّم (اتخاذ اجرائات قانونية بحقهم) ئەوەی نیاز خراپی هەبووە، یان دەست درێژیی کردووە وابزانم یاسا هەیە لەم بارەیەوە، بەلاّم بریارەکە ماوەی ئەوەی نییە تەنیا بۆ ئەویە ئەو کەسەی کەمالّ وموڵکی چووە بۆی بگەرێتەوە.

سەبارەت پرسیارەکەی بەرێز حەسەن حەمید دەربارەی زەوی شارەوانی، ئەوە جێگای لەو بریارەدا نییە، بەلّکو ئەوەی تەجاوزی کردووە لە باردۆخێکدا کە دەسەلاّتی هەبووە ئەمرۆ دەسەلاّتیان نارِوا شارەوانی بۆی هەیە ئەو کەسانە بیانهێنێ و، حەقی زەوت کردنی زەوییەکانی لێ وەربگرێ و، سزا بدرێن، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر لیژنەی یاسا ماوەم بدات پرسیارێکم هەیە لەوەلاّم دانەوەکەی بەرێز عدنان ئەلّێ ئێمە تەنها ئەو شوێنانەی کە ماوەمان هەیە یاساکەی تیا جێبەجێ بکەین باسمان کردووە.

پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا موڵکەکانی برا فەیلیەکان لەکوردستانی رزگار کراو دەستی بەسەرداگیراوە، یان لە بەغداد دەستیان بەسەرداگیراوە؟ تکایە ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە.

**بەرێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە گووتمان ئەومالّ وموڵکانەیە کە لە سنووری کوردستان رزگار کراودایە، بەلاّم ئەوانەی لە دەرەوەی سنووری جوگرافیای کوردستانن ئێمە دەسەلاّتمان نایانگاتێ.

ئێمە دەزانین، ئەگەر دان بە فیدرالیەت دابنێین دەسەلاّتی فیدرالّی یاسایی ئەوە لەوێ دەروات، لەبەر ئەوە بریارەکە تەنیا ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە دەسەلاّتمان تیایدا دەروات ئەوانی تر وەکو بەغدادو، شوێنەکانی تر نایانگرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ مادەیەکی تایبەتی بۆ دانەنێین؟ با هەر هەموویان بگرێتەوە (برا فەیلییکان و، سۆرانی و، بادینی).

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی سەرۆکی ئەنجوومەن لە جیاتی ئەوە ئەبوایە ناوی کەمە نەتەوایەتیەکانی تیا هەبێ لە جیاتی ئەو برگەیە، چونکە فەیلی هەر کوردە ناوی (ئاثوری و ئەرمەنی) نەهاتووە، کە بەهۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردەوە زەرەریان بووەو، هاوبەشیان لەبزووتنەوە کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا پێشنیارێک هەیە لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەندێ بڕیاریان دراسە کردووە لەسەر ئەو کێشانەی کەلەجێبەجێ کردنی بڕیارەکە هەیە، ئەگەر رازین بۆ دوو رۆژ دوابخرێ تاکو ئەو دیراسەتە وەرئەگرین و، پێشکەشتانی ئەکەین، بۆ ئەوەی ئێوەش کاتتان هەبێ.

بەراستی وێنەی ئەو بڕیارەش نەدرا بوو بە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ماوەیان زیاتر هەبێ بۆ دیراسە کردنی بتوانین بیخەینە بەرنامەی کۆبوونەوەی رۆژی دووشەممە وباس بکرێ، ئەگەر رازین؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێموایە ئەگەر ئەم بڕیارە بدرێ هیچ کەس زەرەر ناکاو، لەوانەیە زۆر کەس بەم بڕیارە بگاتە مافی خۆی، ئەو پێشنیارو ئەوکارانەی کە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا کراوە لەوانەیە بۆ هەندێ حالاتی تر بێ و، پاشان ئەنجوومەنی وەزیران دیراسەی دەکەن و، بڕیاری لەسەر دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینیەکم هەیە لەسەر داڕشتنی یاساکە. لە سەرەتاکەی دوو مێژووی تێدایە، مێژووی دەست پێ کردنی شۆڕشی کوردو، مێژووی دووەم ئەوەیە کە حکومەت ئیداراتی کێشایەوەو، وای نیشان داوە بەشێوەی پەیوەندیی کردن (التحاق)، بەلام بەنیسبەت برا فەیلیەکان لەسەر بنەمای نەتەوەیی موڵکەکانیان دەستی بەسەر داگیراوە، نەک لەسەر ئەوەی کە لە شۆڕشی کورد بەشدار بوون. هەروەها ئەمورییەکانیش پێویستە ناویان لەناو بڕیارەکەدا هەبێ، لەبەر ئەوەی بڕیارەکە نایانگرێتەوە، چونکە دەڵێ ئەوانەی لەشۆڕشدا بوون، بەلام ئەو ئومەریانە راگوێزان کراون لەسەر بنەمای نەتەوەیی، لەبەر ئەوە ئەبێ ئەوانەش موڵک وماڵیان بۆیان بگەڕێتەوە، چونکە مێژووی بەشدارییان لەشۆڕشدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

پێشنیـار دەکەم کە ئەم بابەتە دوا بخرێ تا ڕۆژی دووشەممە، بۆ ئەوەی ماوەتان هەبێ زیاتر بیری لێ بکەنەوە، ڕەنگە هەندێ شت هەیە لەدارشتنەکەیدا من پێموایە براوەتەوە لە جیاتی (الغـاء مصادرة الاموال) بکرێ بە (الغاء كافة قرارات المصادرة)، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر بیری لێ بکەینەوە دەیخەینە دەنگدانەوە.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم بابەتە دوابخرێ بۆ ڕۆژی دووشەممە تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا بخرێتە ڕۆژی دووشەممە بەمەش کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ هات ئیتر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٤)

یەک شەممە رێكەوتی ١/١١/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٤٤)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/١

*سەعات «١٠»ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/١ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، بە ئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی دانیشتنی (٤٤)ی خولی ئاسایی یەکەمی ساڵی یەکەمی خۆی سازدا.*
*پاش ئەوەی لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگیری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دانیشتنەکەی بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەستپێکرد.*
*بەرنامەی کار:*
*١ــ پێشوازی کردن لە وەفدێکی ئەنجوومەنی تەنفیزی (I.N.C).*
*٢ــ تەواو کردنی گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.*
*٣ــ پێش چاوخستنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری.*
*٤ــ تازە بابەت.*

**لەسەرەتادا بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن بەم شێوەیە بە خێرهاتنی ئەندامانی ئەنجوومەنی تەنفیزی کۆنگریسی نیشتمانیی یەکگرتووی عێراقی کرد:ــ**
ايها الاخواة الاعزاء اعضاء هيئة الرئاسة للمؤتمر الوطني العراقي الموحد واعضاء المجلس التنفيذي.
باسم پرلمان كوردستان نرحب بقدمكم ونشكركم على هذه الزيارة، وعلى القرار التأريخي لمؤتمركم باحترام وتأييد ارادة شعب كوردستان المتمثلة بقرار المجلس الوطني باعلان كوردستان العراق اقليماً فيدرالياً ضمن عراق ديمقراطي تعددي برلماني موحد، واننا واثقون بأن تجربتنا الديمقراطية الفريدة من نوعها في العراق والمنطقة ستعم قريبا كل ارجاء وطننا العراق الحبيب وكما جاء في الاسباب الموجبة لقرارنا التاريخي، فان اتخاذه جاء تعزيزا لوحدة العراق الوطنية والاخوة العربية الكوردية، ولذا فانه قرار توحيد وليس قرار تقسيم وتجزئة كما يفسره اعداء شعبنا.
إننا نتمنى لكم التوفيق في تنفيذ جميع قرارات مؤتمركم الهادفة الى بذل الجهود لسحب القوات التركية من الاراضي العراقية وكذلك سعيكم من اجل رفع الحصار المزدوج المفروض على هذا الجزء المحرر من الاراضي العراقية، وكذلك سعيكم من اجل رفع الحصارالمزدوج المفروض على

هذا الجزؤ المحرر من عراقنا الحبيب وبالاخص ـ منع ايصال الوقود الى إقليم كوردستان ـ هذا الاجراء الاجرامي الذي من شأنه تعريض حياة الملايين من ابناء شعبنا الكوردي الى الموت برداً، والتأثير سلبا على الصناعة والزراعة في هذا الاقليم.
مرة ثانية أرحب بكم واتمنى لكم طيب الاقامة وشكرا.

**وتارى بەرێز د. محەمەد بحر العلوم:**

بسم الله الرحمن الرحيم،الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيد الخلائق أجمعين محمد والهِ الغر الميامين وعلى صحابه المؤمنين، السلام من الله عليكم ورحمته وبركاته.
أيها الاخوة والاخوات:ـ

احييكم جمعيا اجمل تحية، وأبارك انجازكم الدستوري الرائع التاريخي المنبثق عن ارادتكم الحرة وقراركم المستقل وهو هذا البرلمان الوطني الكوردي، وإقامة الحكم الديمقراطي الذي يعتمد على واقعنا الديني الاسلامي الحنيف في هذا الجزء من الوطن الغالي نتيجة نضال طويل وعبر مسيرة دامية لا يستهان بها سجلت نصره الكبير وفخرا يبقى مع الزمن لكم، سجله الابطال القادة الماضون والشهداء الخالدون لهذه الامة الكريمة والزعماء الحاضرون وفي مقدمتهم الزعيم الاخ البارزاني، والاخ الاستاذ الطالباني وبقية اعضاء قيادة الجبهة الكوردستانية.
ايتها الاخوة، ايتها الاخوات.

إن وجود ممثلي المعارضة العراقية في البرلمان الوطني الكوردستاني يمثل الوحدة الوطنية للشعب العراقي العظيم وانهُ دليل واضح على تلاحم القوى الاساسية له، ولاشك ان التأريخ الطويل الذي يربط بني هذين الشعبين العظيمين العربي والكوردي والعقيدة الواحدة والقيم المشتركة لها كل الاثر في توحيد المسائل النضالية للأمة في هذا الوطن العزيز، ولعل من أروع الامثلة الحية لهذهِ الحقيقة الوطنية هو الاجتماع الموسع للمؤتمر الوطني العراقي الموحد الذي انعقد في الاسبوع الماضي من هذا الشهر على ارض كوردستان العراق المحررة من النظام الدكتاتوري الرابض على صدر الوطن قرابة ربع قرن، وبالحق أقولها بكل اعتزاز، وفخر كان مؤتمراً ناجحا للغاية مثل معظم فصائل المعارضة العراقية وافرز هيئات ولجان في مقدمتها الهيئة الرئاسية، ومجلساً تنفيذياً وجمعية وطنية وهيئة استشارية، سوف يكون لهذه المؤسسات الدور الكبير والمهم في تهيئة الاجواء الايجابية للاتفاق والاقرار،وتعزيز ماهو مشترك وللانطلاق بقوة اكبر وعزيمة أشد لمقارعة النظام الحاكم في بغداد حتى يتحقق هدفنا جميعا بالقضاء عليه ان شاءالله.
ايتها الاخوة و الاخوات.

ان هدفنا المهم من خلق هذه الهيكلية التنظيمية للمعارضة العراقية بكل فصائلها هو تخليص العراق و المنطقة بل، والعالم أجمع من شرور الدكتاتورية، واثامها واقامة نظام جديد يحترم إرادة الشعب وقيادة المستقبل، ويصون حقوق الانسان، ويقيم دولة القانون، ويلغي الاضطهاد

العنصري، والتمييز الطائفي في البلاد كما اننا نؤكد باجتماعنا هذا على الاسس التي من شأنها ان تشكل النواة للعقد السياسي الجديد لفصائل وأطراف وشخصيات المعارضة وهي التي تتمثل في اقامة النظام البرلماني التعددي بعد الاطاحة بالنظام الحاكم في بغداد وتأمين حق الشعب في اختيار ممثليه بحرية، واسلوب ديمقراطي وتداولية السطلة سلمياً وبالارادة الحرة عليه وبكل قيمنا التي نعتز ونفتخر بها وهو السلام، كما اننا باحترامنا لقرارات البرلمان الكوردي بما فيها الفيدرالية وتصورنا لحل المشكلة الكوردية على اساس حق تقرير المصير، وتعزيز وترسيخ الاتحاد العربي الكوردي وفقاً للاختيار الحر والطوعي يصون ويحيي الوحدة الوطنية ويرسخ العلاقات الاخوية بيننا على الاساس القائم على الاحترام المتبادل والثقة المشتركة والمصير الواحد.

ايها الاخوة والاخوات،

لقد عاني العراق عامة وجنوبه خاصةً من ضيم النظام وقمعه وتدميره ما يعجز عنه الوصف وأضن لن يغيب عن ظنكم جميعا واسماعكم ما فعله النظام الحاكم واعتدائه الصارخ بعد الانتفاضة الشعبية في شهر اذار الماضي عام (١٩٩١) على العتبات المقدسة في النجف الاشرف، وكربلاء الابية وضربت الاضرحة المكرمة للإمامين (علي والحسين عليهما السلام)، وهدم المساجد ودور العبادة وتشتيت المعهد الاسلامي العلمي في النجف الاشرف ذي العمر الطويل الذي يصل الى الف عام وحرق المكتبات التراثية واهانة المرجعية الدينية لملايين الشيعة في العالم، واعتقاله لمئات من العلماء ورجال الدين. الى جانب ذلك كله تدمير المدن الكبيرة في وسط العراق وجنوبه مثل (الكربلاء و سوق الشيوخ والعمارة) وغيرها من المدن وتجويع الشعب وهتك الاعراض وتهيئة السبل القتالة للصغار والكبار بصورة تتقزز منها النفوس، وترفضها الضمائر المخلصة الصادقة.

إن المحنة التي ابتلى بها العراق في ظل هذا الحكم قد تكون فريدة في تأريخها الطويل، ومن جراء ذلك فقدت الاصالة التي كان يمتاز بها هذا الشعب عبر حياته، ولكن اؤكد لكم بانه لا يمكن ان ينفيها و يمسحها، فالاصالة في الشعب العراقي بكل قومياته ومذاهبه وادياته تؤكد على ان هذا العملاق الشامخ وهذا الشعب العراقي لن ينثني ولن يركع للطواغيت، ولكن قد يتغلب على امره الى فترة من الزمن، ولهذا اهيب من على هذا المنبر بالرأي العام العالمي وبالمجتمع الدولي والامم المتحدة، وبالرأي العالم العربي والاسلامي والمنظمات الانسانية والدينية والاجتماعية في كل مكان وحكومات الدول الكبرى ودول الجوار القيام بواجباتها تجاه شعبنا سواء بتقديم الاغاثة واشكال الدعم الانساني كما ورد في القرار (٧٧٨) وبأي نوع من المساعدات التي توقف النظام عن ان يعمل بها ويدفع بها الى شعبنا العظيم في كوردستان ووسطه وجنوبه وايقاف النظام من استخدام الاساليب الارهابية لابادة السكان سواء في كوردستان او الوسط او الجنوب أو الاهوار التي لازالت دوي المدافع والصواريخ تشد عليها.

أتعلمون انه يميت المئات في كل يوم ويجيع الاطفال ويموت منها من الجوع وعدم توفر الدواء؟
أتعلمون ان اخوانكم في تلك الارض من جنوب العراق واهواره يشد انظارهِ لكم لانكم احرار تستطيعون ان ترفعوا اصواتكم في طلب المساعدة لهم وهم يعملون جاهدين ويحملون بنادقهم لتشييد هذه الحرية، وهذا اليوم من النظام الراسخ ان شاءالله في وطننا العزيز؟.
ان عملية التغيير لعراقنا الغالي بحاجة الى تكاتف القوى وتوحيد الصف للشعب العراقي، وتعزيز قوى الحركة النضالية وتصعيد طاقتها الشعبية وتقوية اواصرها بروح الاخوة الصادقة وعنديذ نكسب النصر والنصر من الله سبحانه وتعالى واشكركم والسلام عليكم ورحمة الله وبركاتهِ.

**وتارى بەرێز حەسەن مستەفا النقيب:**

بسم الله الرحمن الرحيم
الاخ الكريم السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق.
الشقيقات والاشقاء الاعزاء.
اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق. السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.
من على منبر الحرية والديمقراطيةِ، من منبركم هذا أود ان أقدم لكم جزيل شكرنا وعظيم امتناننا على تفضلكم باعطائنا هذه الفرصة الطيبة الثمينة لنوجه كلمتنا الى شعبنا، شعب كوردستان العراق الكريم والى الشعب العراقي المكافح الصابر في كل العراق. ايها الاخوة والاشقاء الاعزاء الكرام لقد هيأتم لنا فرصة عظيمة لعقد مؤتمر المعارضة العراقية، وذلك بفضل الله، وفضل الزعيم الكبير المجاهد والوطني الصادق الاخ مسعود البارزاني واخنا الكبير جلال الطالباني، والاخوة المواطنين الاشقاء زعماء الجبهة الكوردستانية المناضلين البواسل. انه لحدث عظيم سوف تظهر نتائجه على الشعب العراقي الصابر بأذنه، وعلى شعبنا كوردي الشقيق المجاهد.
ايها الاشقاء الاعزاء.
انما جاء من احداث دامية وممارساتٍ دكتاتورية غاشمة على أمن الشعب العراقي، وعلى شعب كوردستان الشقيق خلال حكم الطاغية المجرم، امر معروف واضح علم بها العالم من اقصاه الى اقصاه، واننا من هذا الموقف لا يسعنا الا القول باننا ومن على منبركم هذا نعاهد الله، ونعاهدكم ايها الاخوة باننا سنعمل بكل طاقاتنا وامكاناتنا، وقلب واحد ويدٍ واحدة على ازالة كل ما خلفته الطاغية وعصابته المجرمة من بؤس والام والاحزان.
ايها الاشقاء: إننا على ابواب عالم جديد لا يمكن القبول باية ممارسة دكتاتورية غاشمة او تسلط او العبث بمقدرات المواطنين، وإننا مع تطلعاتكم المشروعة وسنعمل معكم وبكل اخلاص وايمان على تحقيق هذه الاماني ضمن عراقٍ ديمقراطي موحد يعيش فيه الجميع دون عنف او إكراه. ان الاحترام الداخلي على مدى عامين، استنزف من الطاقات العراقية البشرية الخيرة

والامكانات العراقية ما لم يحدث في تأريخ الشعوب، وخاصة في الخمسة والعشرين عاما الاخيرة من فترة عهد الدكتاتور الطاغية. اليس من الاجرام بمكان بأن يكون العراق على هذه الحال ونرى كوردستان الحبيبة، كوردستان العراق على هذه الحال من التردي والجوع والمرض والموت. وقد دخر العراق خلال فترة حكم المجرم (٤٠٠) مليار دولار، اين ذهبت هذه الامكانيات والموارد المالية الفخمة؟ الجواب معروف، ذهبت في حساباتهِ الخاصة وحساب عائلتهِ وما تبقى تحولت الى اسلحة كيمياوية سامة قاتلة، وقنابل واسلحة محرمة تقتل اشقاءنا وابناءنا ونساءنا واطفالنا هنا في كوردستان العراق وفي جنوب العراق، ووسطه وفي كل بقعة من العراق.

ايها الاشقاء الاعزاء، المأساة عميقة والجرح النازف خطر كبير وليس لنا الا ان نعاهد الله، ونعاهدكم بالعمل على وقف هذا النزف ليعود العراق، عراق الاخوة والمحبة والديمقراطية، عراق المؤسسات الدستورية نحيا جمعيا وكرامتنا مصونة وحقنا واضح وصريح حقوق الانسان بكافة اشكالها وصورها مؤمنة ومستقبلنا ومستقبل اجيالنا القادمة مضمون بعونهِ تعالى، ونحن معكم ايها الاشقاء في تحقيق امانيكم وتطلعاتكم المشروعة وليكن شعارنا الخالد نداءً.. لتحيا الاخوة العربية الكوردية وتحيا كوردستان وشعبها الباسل بامان وإطمئنان ترفرف راية الحرية والكرامة والسلام والتقدم على كوردستان العزيزة، ستزحف باذن الله جحافل النصر والحرية والعزة والكرامة لاسقاط الطاغية واقامة حكم ديمقراطي وطني حقيقي في العراق الحبيب، وفي كوردستان العراق. ان ما تفضل به سيادة الاخ الكريم رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق حول خرق اراضينا من قبل القوات التركية لهو امر مرفوض مطلقا وستتخذ كافة الاجراءات الكفيلة لسحبها، ورفع الحصار عن كوردستان العراق لهو امر من أولويات عملنا وذلك بتأمين المواد الضرورية لشعبنا واشقائنا في كوردستان العراق. حياكم الله ووفقكم جميعا، والسلام عليكم و رحمة الله وبركاته.

**وتاری بەڕێز ئەحـــــــــــمەد الچلبی:**

بسم الله الرحمن الرحيم.

حضرة الرئيس. أيتها السيدات، ايها السادة اعضاء المجلس الوطني لاقليم كوردستان العراق، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته. يسرنا جميعا ان نكون هنا بينكم في مجلسكم الوطني المنتخب عن طريق انتخاب حر ديمقراطي شاركت فيه نسبة عالية جداً من أبناء الشعب الكوردي خلال الشهر الخامس من العالم الحالي. إن ما جرى من التطور السياسي في العراق خلال السنة الماضية يعتبر بمثابة حالة انشاء جديدة في هذا الوطن وقد جرت امور خطيرة جدا، منها قناعة الشعب الكوردي في كوردستان العراق بعقم استمرار التفاوض مع النظام. وكانت الحالة المأساوية التي دفعت القادة في الجبهة الكوردستانية الى قبول التفاوض هي التي كانت قد

سببت في استمرار هذا التفاوض، ولكن اصرار النظام على الاستمرار بنفس الاسلوب ونفس الطريقة للتعامل مع شعب كوردستان العراق، اقنعت الشعب بعقم هذه المفاوضات، وكانت نتيجة ذلك هي الانتخابات والتي تعتبر عملية تأريخية خطيرة لان هذه الانتخابات هي اول انتخابات حرة ديمقراطية تجري على ارض الدولة العراقية منذ انشائها سنة (١٩٢١)، ونتيجة مباشرة لهذه الانتخابات انبثقت إرادة الشعب الكوردي السياسية في العراق وتزامنت الانتخابات مع عملية الاعداد لمؤتمر المعارضة العراقية، وكانت مشاركة القادة الكورد، وافراد الوفد الكوردي في هذا المؤتمر امر حيوي وضروري، لا يمكن للمؤتمر ان ينجح دونه، وفعلا عقد المؤتمر الوطني العراقي في ڤينا في حزيران عام (١٩٩٢)، وجاء لاول مرة بخطاب سياسي معقول يوجه الى العالم وينادي بانشاء عراق دستوري برلماني ديمقراطي تعددي يحمي حقوق الانسان ويعيش في سلام مع جيرانه وأبناء شعبه، وطالب المؤتمر بأن يكون دور القوات المسلحة العراقية هو حماية ارض الوطن وليس القمع وليس التآمر على الشعب وقد أقر المؤتمر هذه الامور كلها، أما بالنسبة لمعالجة القضية الكوردية في العراق، فقد خرج المؤتمر بصيغة متطورة اذ انه أقر تقرير المصير للشعب الكوردي ضمن عراق موحد، وجاء هذا القرار ليؤكد ان وضع المعارضة العراقية قد تطور تطوراً جدياً وأخذ مساراً صحيحاً، لانها أقرت بواقع ان حق تقرير المصير، حق طبيعي لكل شعب وخصوصاً للشعب الكوردي وان حق تقرير المصير هو حق لا يعطى بل هو حق طبيعي، وأن الاقرار بهذا الحق هو خطوة كبيرة على صعيد توحيد العراق، وليس على تقسيمه ولايجوز بعد اليوم ان نعود الى اي شيء يسمى الوحدة القسرية. لان الوحدة هي امر اختياري وقد اختاره العرب والكورد، وبعد هذا المؤتمر بدأت أبواب العالم تنفتح أمام المعارضة العراقية ومن ضمنها قادة الكورد، فقد بدأت زيارات اعضاء، ووفود من المؤتمر الوطني العراقي الى الدول العربية، والى دول العالم أجمع، وقد كانت زيارة وفد من المؤتمر يضم قادة المؤتمر من العرب من التيارات المختلفة، اضافةً الى القادة الكورد مسعود البارزاني، وجلال الطالباني الى واشنطون خلال شهر تموز الماضي، كانت هذه الزيارة مدخلاً مهماً للمعارضة العراقية على القرار السياسي الدولي، جاءت هذه الزيارة لتؤكد التغير في السياسة الامريكية تجاه العراق، اذ أعلن وزير الخارجية الامريكية في حينه (جيمس بيكر) للوفد، إن الولايات المتحدة ليست معنية فقط بالتغيير بل هي معنية بخروج نظام ديمقراطي لا يفتك بالشعب العراقي، و هذا تطور مهم جداً بالنسبة للقضية الكوردية فقد وصف وزير الخارجية الامريكي صيغة مؤتمر ــ ڤينا ــ التي خرجت بها المعارضة العراقية بانها صيغة ممتازة. وبعد ذلك قام وفد آخر بزيارة وزير الخارجية البريطانية بالوكالة. وذهب الاستاذان مسعود البارزاني وجلال الطالباني الى پاريس لزيارة رئيس جمهورية فرنسا، وبعد ذلك زار وفد من المؤتمر رئيس جمهورية تركيا وقد بلغت اخبار المؤتمر جميع انحاء العالم، واخذت المعارضة العراقية شكلاً جديداً في التعامل، ولكن هذا الموضوع لم يكن مكتملاً وإن اطراف كثيرة من المعارضة

العراقية لم تشارك في مؤتمر ڤينا وكان هذا نقصاً كبيراً، اصبح واجب علينا تفاديه وقد تصدى لهذه المهمة الاستاذ مسعود البارزاني، فبعد زياراته الى امريكا وبريطانيا قرر الاستاذ مسعود بالتشاور مع المؤتمر الوطني العراقي أن يقوم بمبادرة توحيدية وقد بارك الاستاذ جلال الطالباني هذا التوجه وتم الاتفاق على ان تبدأ المبادرة من قبل الاستاذ مسعود في دمشق مع اطراف المعارضة العراقية الموجودة هناك، وفعلاً نجح في اقناعها بالحضور الى اجتماع موسع في صلاح الدين وانعقد الاجتماع في شهر ايلول الماضي وكانت حصيلة الاجتماع اتفاق جميع الاطراف الغائبة عن مؤتمر ڤينا مع الاطراف التي حضرت مؤتمر ڤينا على عقد اجتماع واسع للمؤتمر العراقي الموحد على ارض العراق في كوردستان خلال شهر تشرين الاول الماضي واقر الاطراف المجتمعة صيغة حق تقرير المصير للشعب الكوردي ضمن عراق موحد، وسارت الامور بشكل طبيعي. وانكم ممثلو الشعب الكوردي المنتخبون انتخابا حراً ديمقراطياً تبنيتم صيغة قرار في مجلسكم الوطني في ممارسة حق تقرير المصير ضمن العراق، هذا عن طريق الفيدرالية، واقامة نظام الدولة الفيدرالي في العراق وآثرتم خلال هذه الممارسة على وحدة رغبتكم في البقاء ضمن العراق والاستمرار في الدولة العراقية الموحدة وأكدتم كذلك على نيتكم في البقاء ضمن العراق الموحد، وكرستم هذه النية بترحيبكم بإجتماع عام للمعارضة العراقية يعقد على ارضكم في كوردستان فجاءت ممارستكم بحق تقرير المصير عن طريق الفيدرالية كنتيجة منطقية لما جرى في ڤينا في حزيران في المؤتمر الوطني العراقي. ان هذه الامور، امور خطيرة انها تبين حركة جديدة للشعب العراقي وهي تاتي عن طريق اجتماع اطراف كثيرة، واعداد مئات القادة العراقيين من ابناء الشعب العراقي ولا تأتي عن طريق فرض من قبل فرد واحد او طرف واحد مستأثر بالسلطة، وإن هذه الامور هي من الامور التي تبقى في التآريخ هنا، وتبقى الامور التي تفرض من قبل دكتاتور أو فرد واحد على الشعب، وبعد ذلك انعقد الاجتماع خلال الاسبوع الماضي في صلاح الدين وكان اجتماعاً باهراً في نجاحه رغم كل الصعوبات والمخاض العسير الذي رافق الاجتماع وقد تمت ممارسة الحالة الديمقراطية بشكل واضح، وقبلت جميع الاطراف المشتركة بنتيجة الحالة الديمقراطية وخضعت للتصويت فقبلت الاقلية بما جرى رغم انها لم تكن متفقةً مع ما جاء كلها، ولكنها أقرت به و اعتبرته ممثلاً لارادة المؤتمر ولم تكن هناك انتقادات او خروج، كما كان البعض يتوقع وقد اقر المؤتمر ورحب بالصيغة الفيدرالية واننا نؤكد ان هذه الصيغة هي صيغة توحيدية للعراق، وهذه الوحدة هي الوحدة التي ستبقى، وقد أعرب الشعب الكوردي مرات ومرات عن رغبتهِ في البقاء ضمن عراق موحد وانا شخصياً اعتقد ان ما أصاب الشعب الكوردي من ظلم واضطهاد وابادة جنس، هو عمل لم يسبق له مثيل منذ الحرب العالمية الثانية في العالم وقد كانت عملية استخدام الغازات السامة ضد السكان الآمنين وخصوصاً في حلبجة، وكانت عمليات (الانفال)، عمليات قذرة فريدة من نوعها في العالم ومع ذلك نرى أن الشعب الكوردي يرحب باخوانهِ العرب، ويعلن انه يريد ان يبقى ضمن العراق

الموحد، إن هذا هو أكبر دليل على الوحدة كما تحقق في اجتماع (صلاح الدين) وليس فقط توحيد للمعارضة العراقية بل هو اعلان عن رغبة جميع ابناء الشعب العراقي في البقاء ضمن دولة موحدة ديمقراطية تعددية. يجب علينا جميعاً ان نبدد الشكوك التي تدور الآن حول تقسيم العراق، لان ذلك هو مغاير للحقيقة اولاً، ولا يخدم مصلحتنا المشتركة ثانياً، وعلينا ان نؤكد جميعا دوما ان ما يختاره الشعب العراقي عن طريق الانتخابات في سبيل تنظيم علاقته ببعضه البعض، ربما يختاره نظام حكم سياسي هو لايخص الآخرين إذ كان لا يهدد مصالحهم، ويحافظ على وحدة الشعب العراقي، وسيادة العراق على ارضه وعلى وحدة الارض العراقية، وقد كانت نتائج المؤتمر الوطني العراقي ان العالم بدأ يشعر ان المعارضة هي طرف جدير بالتعاون وقد آثرنا في المؤتمر الوطني العراقي من جملة مطالبنا مطلبين رئيسيين، كان المطلب الأول هو نوع من الحماية الدولية للشعب العراقي في جنوب العراق ضد ممارسات صدام الدكتاتورية وفعلاً تمت الاستجابة لهذا النداء باعلان منطقة الحظر الجوي جنوب خط (٣٢) اسوة بما حصل شمال خط (٣٦).

أما المطلب الثاني فقد كان اطلاق جزء من الاموال العراقية المحجوزة دولياً الى الامم المتحدة لغرض الاغاثة باشرافها في العراق وقد تم تبني قرار في مجلس الامن الدولي تحت الفصل السابع، فصل الالزام في الميثاق بقرار فريد من نوعه لم يسبق له مثيل في تاريخ الامم المتحدة، اذ ان مجلس الامن الدولي تبنى هذا القرار، (قرار ٧٧٨)، والذي اطلق جزء من اموال العراق الى الامم المتحدة لتقوم بصرفها على اغاثة الشعب العراقي، وباشرافها وقد بدأت الامم المتحدة في الحصول على جزء من هذه الاموال وجمعها لغرض توزيع الاغاثة على كل العراق. ومن الطبيعي ان تكون حصة كوردستان العراق جزء مهم جداً من هذه المساعدات التي سيتم شراؤها وتوزيعها من قبل الامم المتحدة. اننا في نفس الوقت الذي نرحب بهذا القرار، نحتج على الاتفاق الذي تم التوقيع عليه بين نظام صدام و الامم المتحدة والذي يتعلق بتنظيم العلاقة بينهما في عمليات الأغاثة، ان ما جرى التوقيع عليه هو غير كافٍ، وهو لا يساعد الشعب العراقي وخصوصا الشعب الكوردي في كوردستان بالقدر الكافي وقد جاءت احتجاجاتنا لتجد صدى لها في الدول الكبرى ذات القرار، وقد اصدرت بيانين تعترض على هذه الاتفاقية. ان المؤتمر الوطني العراقي الموحد وخصوصاً الكوادر السياسية التي انتخبت للمجلس التنفيذي يعيش الآن هموم الشعب العراقي على ارض العراق، ولدينا سلم الاولويات اولها الآن هو تامين الاغاثة، اننا نعمل ذلك بشكل دؤوب والاتصال المستمر بالجهات الدولية للاسراع بايصال الاغاثة. ان عمل الامم المتحدة بطبيعته عمل بطيء ولآن ما يجري هنا على ارض العراق هو شيء جديد بالنسبة للامم المتحدة، ونحن ندفعهم الى تبني صيغ غير متعودين عليه ولذلك تجدون إن الآمر يتصف بالبطء ولكنه سائر، اما المهم الثاني الذي نعيشه هو رغبتنا في المحافظة على سيادة العراق على ارضه التي تسبب صدام ونظامه في خرقها ومن نتائج هذا الخرق، قبول صدام بالوصاية الدولية

على ارض العراق، ودخول القوات التركية الى منطقة زاخو، إن هذا الامر أمر مرفوض من قبلنا ونحن نطالب المجتمع الدولي بحث الحكومة التركية على سحب قواتها فوراً من ارض العراق. إن سيادة العراق التي جعلها صدام منتقصة هي التي تسببت في تشجيع الحكومة التركية على الدخول الى الاراضي العراقية، خصوصا بعد ان انتفى السبب الأمني التي كانت تتذرع بها الحكومة بنهاية عمل ( P.K.K) في المنطقة الحدودية نتيجة لقرار حكومة اقليم كوردستان الشجاع في منع التجاوزات ضد القانون في تلك المناطق، اما من ناحية سيادة العراق على امواله، فاننا ندافع دائماً عن هذه السيادة، ونطالب المجتمع الدولي دوما للحفاظ واحترام حقوق العراق في هذا المجال وقد جاء قرار (٧٨٧ ) للامم المتحدة في مجلس الامن الدولي الذي قبله صدام دون قيد او شرط، ليجعل اموال العراق تحت الوصاية الدولية الى امد غير مسمى، لأن صدام قبل ان يدفع العراق (٣٠٪) من دخل البترول دون تحديد سقف مالي او سقف زمني الى صندوق التعويضات، نحن نناضل لشرح هذا الامر، وشرح هذا الأمر غير طبيعي بالنسبة للشعب العراقي لانه ليس مسؤولا عن جرائم صدام وليس من العدالة ان يدفع تعويضات بسبب جرائم صدام.

ايها الاخوة ان القرار السياسي العراقي الحر الذي يتمثل في اجتماع الجمعية الوطنية العراقية للمؤتمر الوطني العراقي الموحد في صلاح الدين سيجد صدىً عملياً على هذا التغيير وسيكون التغيير هذه المرة ان شاءالله ليس تغييرا سطحيا يأتي عن طريق انقلاب داخل القصر بل سيكون تغييراً سياسياً حقيقياً وتأريخياً، تتمثل فيه ارادة الشعب العراقي لإن كل من يجري التغيير في بغداد يجب ان يواجه الآن ارادة الشعب العراقي المتمثلة في المؤتمر الوطني العراقي الموحد، وفي مجلسكم الموقر والذي يطالب باقامة نظام ديمقراطي تعددي دستوري برلماني، ويواجه كل من يستلم السلطة في بغداد هذا الامر، يجب عليه التعامل معه، لانه لن يأتي في فراغ ولن يكفي الاعلان عن طريق الاذاعة ببيانات رنانة وإطلاق شعارات اكل عليها الدهر وشرب في الحرية والوحدةو.... الخ. لتكون هي كافية لاقناع الشعب لدعم هذا الحكم، يجب على كل من يأتي للسلطة الآن ان يتعامل مع ارادة الشعب العراقي التي تطالب بالحرية والديمقراطية والتعددية والحكم الدستوري البرلماني. اننا هنا على ارضكم ارض العراق، ارض كوردستان، نعاهدكم على العمل معاً للوصول الى اهدافنا النبيلة ولانقاذ شعبنا من ويلات القمع والحروب التي استمرت وتصاعدت منذ سبعين عاماً الى اليوم والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

**كلمة جوابية القاها السيد نائب رئيس المجلس الوطني الكوردستاني رداً على كلمات السادة الضيوف الكرام:**

نشكر الدكتور محمد بحر العلوم على كلمته وإننا واثقون بأن هذه الكلمة تعبير عما يجيش في قلوب ابناء الشعب العراقي الذي نحن معه في معاناته ونعاهدكم بأننا سنكون دوماً يداً بيد

من أجل تخليص العراق من رجس الدكتاتورية والاتيان بنظام ديمقراطي برلماني تعددي فيدرالي ولا نعتقد ان وقت الوصول الى امانينا المشتركة ببعيد وان هذا اللقاء سيكون في بغداد الحبيبة كما قال الاخ مام جلال في المؤتمر الوطني.

كما ونشكر اللواء حسن النقيب عضو هيئة الرئاسة للمؤتمر الوطني العراقي على شعوره الوطني الانساني الذي عبرعنه في كلمته، بأننا متوحدون سنصل الى ما يصبو اليه شعبنا العراقي بعربه وكرده وتركمانه والاخوة الاشوريين الى المجتمع الديمقراطي الانساني الموحد وشكراً.

كما ونشكر الاخ الدكتور احمد الچلبي على كلمته الرائعة وعلى سرده التأريخي لعمل المعارضة العراقية، وتكلل جهود المعارضة بالتوحد في مؤتمره الاخير، واننا من جانبنا نؤكد له بأننا نعمل دوماً من اجل عراقٍ موحدٍ ولا نعطي ذريعة للقوى المعادية للشعب العراقي بالاستفادة من اي ثغرة وان الشعب الكوردي بنضالاته خلال السنين الطويلة قد اكد على هذه الحقيقة بالدماء الزكية التي اراقها، اننا نجعل من كوردستان قاعدة و قلعة للانطلاق من أجل عراق ديمقراطي برلماني فيدرالي موحد وهذا تأكيد من جانب برلمان كوردستان وشكراً.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەک، سوپاس بۆ بەڕێزان د.محمد سالح بحر العلوم و لیوا حەسەن مستەفا نەقیب و کاک ئەحمەد چەلەبی و، ئەو هەست وسۆزو پشتیوانیەی کە نیشانیان دا.

لێرەشدا دێینە کۆتایی دانیشتنی ئەمڕۆمان..سوپاس.

| فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا | نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا | جوهر نامق سالم |
|---|---|---|
| سکرتێری ئەنجوومەن | جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن | سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٥)

دووشەممە ڕێکەوتی ٢/١١/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٥)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢

***سەعات (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی دانیشتنی ژمارە (٤٥)ی خولی یەکەمی ئاسایی سالی یەکەمی سازدا. پاشان لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکەیان چەسپێنراو. ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێ کرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ گفتۆگۆ کردن لەسەر یاسای سزادانی هەلگرتن و، دروست کردنی تەقەمەنی.***
***٢ـ تەواوکردنی گفتوگۆ لەسەر یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.***
***٣ـ تازە بابەت.***

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو خالانەی کە لە کۆبوونەوەی ئەمرۆدا باس دەکرێن لەسەر داواکردنی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران تەشریفی هێناوە بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەی نێوان ئێمەو، (پ.ک.ک)، هەروەها هاتنی هێزی سوپای حکومەتی تورکی بۆ ولاتەکەمان و، هەروەها باس کردنی خالەکانی تری بەرنامەمان.

بەداخەوە نەمانتوانی ئەو ڕاپۆرتەی کە لیژنەی تایبەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەی کردبوو بۆ کێشەی خانووەکانی پێشمەرگەو، کەسوکاریان کە داگیر کرابوون باسی بکەین، ئەوە ئەخەینە دانیشتنێکی دیکە، ئەمرۆ باسی یاسای یاسای (مفرقعات وتفجیرات)و، یاسای وەزارەتی ئەوقاف و، وەزارەتی کشتوکال دەکەین، ئێستا ئەگەر بەڕێز د. فوئاد سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بفەرمویت بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو خالە.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو کێشەی کە بەو دواییە دروست بوو لە سەر سنوور لە ئەنجامی ئەوەی کە هێزە چەکدارەکانی سەر بە (پ.ک.ک) بەدوای دەنگی بڕیاری پەرلەمانی بەڕێزەوە نەهاتن، چونکە بەراستی ئەوە چەند جارێک باس کراوە بوونی ئەوانە لە سەر سنوور چەند کێشەیەکی بۆ

هەرێمی کوردستان دروست کردبوو، لەلایەکەوە دانیشتوانی زیاتر لە (٣٠٠) گوند نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و، هەندێکیان گوندەکانیان راستەوخۆ داگیرکرابوو هەندێکیشی لە بەر باری ئەمنی بەهیچ شێوەیەک نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە، چونکە دەبوایە هەردەم لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو چەکدارانە دابن، دوای ئەوەش ئەو سنوورە کرابوو بە بنکەیەک بۆ هێرش بردنە سەر تورکیا، حکومەتی تورکیاش هەڕەشەی کرد کە ئێستا پەرلەمان هەیە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست بووە، وەکو جاران نەماوە کە بگوترێ بەرەیەو، بەرەش ناتوانێ کۆنترۆڵی ناوچەکانی سنووری کوردستان بکات، پێمانیان گووت: یان دەبێ ئێوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن و، دووریان بخەنەوە، یان ئەوەتا تورکیا بۆ خۆی بە هێز بێ ئەم ناوچانە داگیر دەکات و، بنکەکانی (پ.ک.ک) لەو ناوچانە ناهێلێت، جارێک بەناوی بەرژەوەندی خەڵکانی هەرێمی کوردستان و، بۆگەڕانەوەی ئەو جووتیارانە بۆ سەر گوندەکانی خۆیان کە مەبەستێکی بنەڕەتی و سەرەکی بەرنامەی وەزارەتمان و، داوایەکی هەرەگرنگی خەڵکی کوردستانە، دوای ئەوە لە پێناوی چەسپاندنی ئارامی لە ناوچەکەدا، جگە لەوەی کە پێویستە ئێمە کە پەرلەمانمان هەیەو، حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە دەبێ هەوڵ بدەین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دراوسێکمان پەیوەندییەکی ئاسایی بێت، ئەوە بوو ئاگاداری (پ.ک.ک)ەمان کرد کە دەبێ ئەو ناوچانە بەجێ بهێڵێ و، ئەگەر دەیەوێ لە کوردستانی عێراقدا بمێنێتەوە دەتوانێ، بەڵام نابێ بنکەی سەربازی هەبێت.

بەداخەوە شەڕ دروست بوو کە هیچ دەستی ئێمەی تێدا نەبوو چەندین شەهیدو، برایندارو، پەککەوتەمان هەیە لە ئەنجامی ئەو شەڕەوە. ئەو شەڕەش کە دروست بوو بەڕاستی ئێمە لە بەردەم دووحاڵەت دا بووین:

یەکەم: بەرژەوەندیی کوردستانی عێراق بوو کە نابێ رۆژێک لە رۆژان ئێمە دەست لەو بەرژەوەندییە هەڵبگرین.

دووەم: هەستی کوردایەتی کە زۆر ناخۆشە تووشی شەڕێکی لەو جۆرە بین، بەڵام هەمیشە نابێ بەهیچ شێوەیەک واز لە بەرژەوەندی وڵاتەکەمان بهێنین.

دوای چەندین رۆژو، چەندین زیان (پ.ک.ک) رازی بوو بە بڕیاری پەرلەمان و، ئەنجوومەنی وەزیران و، هێزەکەی خۆی لە ناو کوردستانی عێراق، نەیەڵێتەوە تەنیا مافی چالاکیی راگەیاندنی خۆیان هەبێ و، بەهیچ شێوەیەک کوردستانی عێراق بەکار نەیەنن وەک بنکەیەکی سەربازی بۆ هیچ جۆرە چالاکییەک.

کاتێک لەگەڵ حکومەتی تورکیا ئەو مەسەلەیە باس کرا لەسەر ئەوە رێککەوتین کە ئەوانە هیچ گرفتێک دروست نەکەن لە سەر سنوور، مەبەستی ئێمە ئەوە بوو ئەو کێشەیە لەو ناوچەیەدا نەمێنێ، بەڵام تورکیا مەبەستی تری هەیە، ئەو کێشەیە هی خۆیەتی هی ئێمە نییە، چونکە (پ.ک.ک) بەدوو دەنگی ئەو بڕیارەی خۆمانەوە هاتن و، بەنسبەت ئێمەوە ئەرکەکە تەواو بوو،

دەبێ هێزەکانی خۆیان بگوێزنەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆی دەست نیشان کردوون زۆر دوور لە سنوورە.

حکوومەتی تورکیا بەبێ هیچ ڕێککەوتنێک بەبێ هیچ ئاگادارییەک هێزی چەکداری خۆی لە زاخۆ هێنا بۆ ناوەوەی کوردستانی عێراق بە بیانووی ئەوەی کە (پ.ک.ک) هێشتا ماون، ئێمە لەگەڵ حکومەتی تورکیادا بەهیچ شێوەیەک ڕێک نەکەوتووین بۆ لەناوبردنی ئەوانەی کە ئێستا هاتوونە خۆیان داوەتە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان و، ئەرکی سەر شانی ئێمەیە لێرەدا ئەو یاسا نێودەوڵەتیانە پیادە بکەین بەرامبەر بەو جۆرە حاڵەتانە، ئێمە ناتوانین بە هیچ شێوەیەک (پ.ک.ک) کە هاتۆتە ناو کوردستانی عێراق دوای بانگەوازی پەرلەمان هاتوونە ناتوانین بەدەست تورکیایان بدەین، چونکە ئەوە هەڵوە شانەوەی هەموو پەیمانەکانی نێودەوڵەتییەو، لەگەڵ هیچ بانگەوازێکی مرۆڤ دۆستی ڕێک ناکەوێ. بۆیە ئومێدەوارین حکوومەتی تورکیاش دەرکی ئەو مەبەستە بکات و، هێزەکانی خۆی بکێشێتەوە لە ناو کوردستانی عێراق .

بەراستی شتێکی تر هەیە بەو بۆنەیەوە ویستم پێشکەشتانی بکەم ئەویش مەسەلەی شەڕ پێ فرۆشتنی ئێرانە بەکوردستانی عێراق.

لەو کاتەی کە کوردستانی عێراق بووەو بە بنکە بۆ کۆکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە سەر خاکی کوردستانی عێراقدا هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن ڕێککەوتن و، توانیان چوار چێوەیەک دابنێن بۆ خەبات لە پێناوی ڕووخاندنی ڕژێمی بەغداو، لە پێناوی دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراسی کە بڕوای هەبێ بەمافی مرۆڤ، بەچاکترین پەیوەندیی لەگەڵ دراوسێ و، وڵاتانی ناوچەکە و، لەو کاتەدا فڕۆکەی ئێرانی لە (٣١/ ١٠) دوو جار هاتونەتە سەر سلێمانی، یەکەمیان لە کاتژمێر ( ١٢:٢٦) لە سەر ئەزمەڕو ئەو ناوچەیە سوڕاوەتەوە وەک تەیارەی سەربازی سوڕاوەتەوە تاوەکو کاتژمێر (١٢:٥٦)، پاشان بەرەو ئێران ڕۆیشتووەو بزربووە. جاری دووەمیان کاتژمێر یەک ونیو هەر هەمان ڕۆژ (٣١/ ١٠) دوو فڕۆکەی جەنگیی هاتوونە هەمان ناوچەو بەسەر قەڵاچۆلاندا بە نزمی هاتووچۆیان کردووە کە لە وێ تەقەیەکی زۆریان لێ کراوە ئیتر ئەو دوو فڕۆکەیەش بەرەو سنووری ئێران، بەرەو ئاسمانی ئێران ڕۆیشتونەو بزربوونە.

ئومێدەوارین کە ئەو مەسەلەیەش هەڵەیەک بوو بێ لەلایەن هێزەکانی ئاسمانیی ئێرانەوەو، ئەوە هیچ مەبەستێکی ناحەزانەی تێدا نەبێ.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز د. فوئاد سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیەی، بەرای من پەرلەمانی کورستانی یاداشتێک بنووسێ بۆ (ئەنجوومەنی ئاسایش)و، پەرلەمانی تورکی و، پەرلەمانی ئێرانی تیایدا داوا بکرێ کە ئەو هێزە سەربازیانە بکێشنەوەو، چیتر نەیەنە ناو کاروباری کوردستانی عێراقەوە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەم هەروەک درێژەپێدان بۆ قسەکانی بەڕێز د. فوئاد ئەوە بڵێم کە دوێنێ لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی تەنفیزی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا باسێکی زۆر کرا لە بارەی هاتنی هێزەکانی تورکیا بۆ ناو خاکی کوردستانی عێراق و، کۆمەڵێک بڕیار وەرگیرا یەکێک لەوانە ئەوە بوو کە برووسکەیەکی بەپەلە بدرێت بە سەرۆک وەزیرانی تورکیا کە دەست بەجێ ئەو هێزە بکێشێتەوە بۆ دواوەو، پاشان بڕیار درا کە وەفدێک بچێت بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و، هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە پەیوەندییان هەیە بەو مەسەلەوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێ هەرچی زووترە ئەو هێزە بچێتەوە ناو تورکیا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وا دیارە ئەو پێشنیارەی ئێمەش کە پەرلەمان یاداشتێک بنێرێ بۆ ئەم مەسەلەیە هەر بەهەمان شێوەیە.

دوێنێ خاڵی یەکەم یەو یاسایەمان باس کردو، هەندێک ئەندامان تێبینییان هەبوو، ئێستاش ئەوانەی کە داوای قسەیان کردبوو لە خاڵی یەکەمدا با بفەرموون.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشەکی ئەبوایە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان داوا لەو خەڵکانە بکرێ کە ئەو تەقەمەنیانەی لایانە بەزووترین کات بیدەنە وەزارەتی ناوخۆ، یان وەزارەتی پێشمەرگایەتی و، پێشنیار دەکەم کە ئێستا بڕیارێک دەربچێت بۆ ئەم مەبەستە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان پێشنیاری بەڕێز عومەرم هەیە، بەڵام پێشنیار دەکەم ئەو بانگەوازە ماوەیەکی تێدابێ، بکرێ بە بڕگەیەک لەم بڕیارەدا، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من تێبینیم لەسەر بڕگەکە ئەوەیە تەئییدی کاک ئازاد میران لەو بابەتە مەبەستی تێدا بوو، چونکە مەبەست زەحمەتە لەلایەنی یاسایی دەستکاری بکرێ، ئەمە لایەنێک، لایەنی دووەم، سزاکەی زۆر کەمە، چونکە تەقەمەنی مەترسیەکی زۆری هەیە، لە بەر ئەوە داوا دەکەم دەقەکە بەم شێوە بێت (يعاقب بالاشغال الشاقة المؤبده كل من قام بصنع مفرقعات او كان حائزا لها دون تخويل رسمي).

**بەڕێز فـرنسـۆ تومـا هەریری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

مادەکە دەڵێ (لا يزيد عن ١٥ سنة)، پێشنیار دەکەم (حەدی ئەدنی) دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڕێز ئازاد دەڵێ (بهدف التخريب) زیادەیە، ئێمەش لیژنەی یاسایی دوای تەماشاکردنی ناونیشانەکەی بە زیادەی دەبینین، سوپاس.

**بەڕێز شـێروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لە یاسای سزادان مادە(٣٤٤) زیادەترین ماوە بۆ بەندکردن دانراوە کە (٧ساڵ) زیاتر نەبێ. ئێمە لێرە لەو یاسای خۆمان کردوومانە بە (لاتزيد ١٥ سنة)، ئێمە ماوەمان داوەتە دادگا هەتا ١٥ساڵ حوکم بۆ ئەو کەسەی کە تەقەمەنی هەیە، یاسای عێراقی جیاوازی کردووە لە نێوان ئەو کەسەی کە هەیەتی ئەو کەسەی کە بەکاری دهێنێ و، دەڵێ: (لاتزيد على ٧ سنوات)، بەڵام بۆ بەکارهێنانی (سجن مؤيد)ی داناوە، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڕێز عومەر سەید عەلی دەڵێ خەڵک ئاگادار بکرێتەوە. ئەمە ڕاستە، چونکە خەڵک زۆر شتی لایە بێ ئەوەی ئاگادار بێ، چونکە لەبارێکی یاساییدا نازێ، ئەوە کاری ئەنجوومەنی وەزیرانە، با پێشنیاری پرۆژەی یاسایەک بکەن بۆ ئەم مەبەستە. کاکەڕەش دەڵێ دەقی (اشغال شاقەی مؤبدە) باش بوو، ئەگەر بیکەنە (اشغال شاقە مؤبدە) مانای وایە ئێمە حوکمەکەمان توندتر نەکردووە، وەکو ئەو مادەی ئێستا کاک شێروان خوێندیەوە کە لەوێش حوکمی مؤبدە خۆی ئەشغال شاقەی لەگەڵە، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

پرسیارێک لە لیژنەی یاساوە دەڵێ ئایا ئەمە ناتوانرێ بکرێت بە مادەیەک لەم یاسایەدا؟ پاشان خەڵکەکە ئەو تەقەمەنییانەی کە هەیانە بیدنە دەستەوە.

**بەڕێز شـێروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لەناو یاسادا نانووسرێ دەزگاکانی ڕاگەیاندن یاساکە بڵاوبکەنەوە تەنیا دەڵێین: (ينفذ اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية)، سوپاس.

**بەڕێز حـازم ئـەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لێرە ماوە هەیەو، دەتوانین بڕگەیەک زیاد بکەین بڵێین (ينفذ هذا القانون بعد مرور مدة شهر،

أو شهرين، أو ستة اشهر، أو سنة من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية) واتا ماوەکە دیاری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ ئێمە دەتوانین ماوەی جێبەجێ کردنی یاساکە دیاری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەتوانێ سوود لەم مادەیە وەربگرێ کە دانراوە بۆ جێبەجێ کردنەکە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاسا بۆ برگەی یەکەم داوای (أشغال شاقە مؤبدە)ی کردووە، بەڵام بۆ دەستدانە بەکارهێنان (شروع)، یان بەکارهێنانی بە کردەوە ئەوە لە برگە (٢)دا پێشنیاری (إعدام) کردن کراوە. ئێمەش تا ئێستا گفتوگۆمان تەنها لەسەر برگە (١) کردووە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من ئەم بڕیارانەی کە ئێمە دەیدەین لە پەرلەمانداا، جێبەجێ کردنی لە ناو ولاتەکەماندا پێویستی بە زۆر بیرکردنەوە هەیە ئێستا خۆمان دەزانین کۆمەڵێ حزبی تر هەنە، جگە لە حزبەکانی کە ئەندامن لە پەرلەمان و حکومەت، ئەو حزبانە تا ئێستا دەسەلاتیان لەلایەن حکومەتەوە دیاری نەکراوە، بەکەیفی خۆیان چەک وتەقەمەنی و، هەموو شتێک لە ئێرانەوە دێننە کوردستان و، بلاوی دەکەنەوە.

پرسیار دەکەم: ئایا ئێمە چۆن دەتوانین کۆنترۆلی ئەم بارە بکەین؟، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە من پێشکەشم کرد دەربارەی دانانی مادەیەک بۆ ماوەدان بەو خەڵکە تاوەکو تەقەمەنییەکانیان بدەنەدەست بەڕای من زۆر پێویستەو، پەیوەندیی بە ڕاگەیاندنەوە نییە، بەڵام پێشنیارەکەی من جیاوازی هەیە لەگەڵ پێشنیاری بەڕێز حازم، لەبەر ئەوەی ئەو دوو مادەی تیادایە: یەک (حیازەی متفجرات)، ئەوەی تریان (أستعمال متفجرات)، ئەگەر جێبەجێ کردنەکەی دوا بخەین تا ماوەیەک زەرەر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە ئەوەی کردوومانە هەموارکردنی مادە (٣٤٤ـ ٣٤٥) لە یاسای سزادانی ژمارە

(١١٢)سالّی ١٩٦٩، یانی ئەو (قانونە تنفیذە)، ئێستا ئەگەر بڵێین و، نەڵێین هەر (نافذە)، ئێمە لە جیاتی ئەوەی یاساکە هەموار بکەین سزاکەمان توند کردووە، چونکە ئێمە دەسەڵاتی ئەوەمان هەیە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی یاساکە لە دەسەڵاتماندا نییە. لە راستیدا ئێستا توندکردنی یاساکە تەنیا بە مادەی (٣٤٤) لە (٧) ساڵ کردوومانە بە (١٥) ساڵ، بەنسبەت مادەی (٣٤٥) لە (سجنی مؤبدو مؤقت) کردوومانە بە (أعدام)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو یاسایانەی کە دەری دەکەین لە پەرلەمان حەقە حورمەتی بدەینێ، لەو رۆژەوە یاسا دەردەکەین هیچمان جێبەجێ نەکردووەو، ئێمە رێزی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمان ناگرین ،کۆمەڵێ حزب چوون (٢٢) هەزار چەکیان هێناوە بۆ ناو کوردستان، ئەو قانونانەی کە لێرە دەرچەدچێ دەبێ جێبەجی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە (١٥) رۆژ تا مانگێک دابنرێت، بۆ ئەوەی بڕیارەکە جێبەجێ بکرێ، چونکە زۆر خەڵک هەنە تەقەمەنیان لەلایە بەکاری دێنن بۆ ماسی گرتن یان شاخەکانی پێ دەتەقێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم چارەی مام ناوەندیان هەیە لە برگە(٢)دا دەڵێ (ینفذ هذا القانون من تأريخ نشرة في الجريدة الرسمية) بەلای منەوە چی تێدا نییە ئەگەر بڵێین(ينفذ هذا القانون بعد مرور ١٥ يوما من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية) یانی بڵاو دەکرێتەوەو، رادەگەیەنرێ تەنیا (١٥) رۆژی پێ دەچێ، هەر ئەوەندەی بۆ زیاد دەکەین ئەگەر دەزانن ماوەکە کەمە زیاتری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر بابەتی حزبە سیاسیەکان ئەوەی کاک شەوکەت باسی کرد هەیە. وابزانم پەرلەمان جێگەی دەرکردنی بڕیاری یاسایی و سیاسیە، بەڵام بۆ پەیوەندیی حزبی لەگەڵیاندا جێگەی ئێرە نییەرێکی بخەین.

پێشنیارەکەی بەڕێز حازم باشە، بەڵام بەرای من هەمیشە یاسا لە سەرەتادا بۆ کار دادەنرێ، بۆ جێبەجێ کردنی یاساکەش پاشان لە ئەنجومەنی وەزیران دەپرسرێ ئایا دەتوانێ یاساکە وەکو ئیجرائێکی ئیداری جێبەجێ بکات، یان بەیانێک دەربکا لە کرۆکی یاساکەدا بڵێ (١٥) رۆژ، یان مانگێک ئەوەی تەقەمەنی هەیە بیداتەوە دەست حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم مـــەحــمــود ئەحـــمـــەد یوســـفی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــوومــــــەن.**

سەبارەت ئەندامە یاساناسەکان بابەتەکە زۆر روون و ،ئاشکرایە لە هەموو یاسایەک و، لە هەموو شوێنێکدا ماوەی جێبەجێ کردنی یاسا دیاری دەکرێ لەناو یاساکە، ئەوە بەکەیفی موشەریعە، موشەڕیع دەڵێ لە فلان کات ئەو یاسایە جێبەجێ دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

پرسیارێک هەیە لێرەدا کە دەڵێت لە پاش (١٥) رۆژ یان مانگێک، برگەی(١) دەگرێتەوە یان برگە(٢)؟ ئەگەر هاتوو لە ماوەی ئەم (١٥)رۆژەدا ئەوان بەکاریان هێناو، خەڵکیان پێ کوشت ئەوە (مفعول) نییە کە ئیعدام بکرێ؟.

**بەڕێز حـــازم مـــەحــمـــود ئەحـــمـــەد یوســـفی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

ئێمە گوتمان یاساکە هەمووی دەگرێتەوە مادەکە دەڵێ: (ینفذ هذا القانون بعد مرور ١٥یوما) لەماوەی ئەو (١٥) رۆژەدا ئێمە ناتوانین یاساکە بسەپێنین تەنیا پاش تێپەڕبوونی (١٥)رۆژەکە ئێمە ئەتوانین خەڵک بدەین بە بەدادگا، بەڵام ئەوەی تێدا تۆمار نەکراوە، وا دیارە خەڵک نازانێ ئەم یاســـایە هەیە:(یعاقب بأشغال شاقة مؤبدة كل من أستعمل مادة تخريب) لێــرە ئێـمـە یاساکەمان هەیە، بەڵام تەنیا دەبێ ئەم (١٥) رۆژە ماوە بدەین و،لەو ماوەیەدا نابێ ئێمە ئەو یاسایە جێبەجێ بکەین. لێرەدا دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران زەمینە خۆش بکا بۆ جێبەجێ کردنی یاساکە، سوپاس.

**بەڕێز جــێگری ســـەرۆکی ئەنجــــوومـــەن:**

رایەک هەیە لەلایەن سەرۆکایەتییەوە کە برگە (٢)ی ئەو مادەیەی تەنیا بۆ هەڵگرتنی دابنرێت نەک بەکارهێنانی بۆ کاری تیرۆر، تاکو ئەو کەسە ماوەیەکی هەبێ بتوانێ بیداتەوە دەست.

**بەڕێز حــــســـــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــوومــــــەن.**

بێگومان دانانی سزا لە یاسادا بۆ ئەوە نییە تۆڵە لە خەڵک بکاتەوە، بەڵکو بۆ گەڕاندنەوەی خەڵکە لە کاری خراپە، ئێمە لێرەدا پێشنیار دەکەین برگە (٣) بۆ ئەو مادەیە زیاد بکرێ بەو شێوەیە (بعد مرور ١٥ یوما)، بۆ ئەوەی ئەو کەسەی تەقەمەمەنی لا هەیە ئەویش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فــــــرەنســـــز تۆمــــا هەریری:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــوومــــــەن.**

پێشنیار دەکەم یاساکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران بکەین بەیانێک دەربکا تیـــادا داوا لە خـەڵکەکـە بکات لە مـاوەی (١٥) رۆژدا هەرچی تەقـەمــەنی لا هەیە بیداتەوە دەست، بەڵام لە یاساکەدا نەنووسرێ دوای (١٥) رۆژ جێبەجێ دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

راگرتنی جێبەجێکردنەکە دەبێ بە یاسا بێت، لە بەر ئەوە ئەگەر نەنووسرێ پێویستە یاساکە جێبەجێ بکرێ.

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایە کە برگە (٣) زیاد بکرێ کە بەم شێوەیە: (ینفذ هذا القانون بعد مرور ١٥يوما من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية) تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا برگە (٣) زیاد بکرێ.

برگە (١) پاش گفتوگۆ کردنی کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەتێکڕایی دەنگ پەسند کرا. ئێستا دێینە سەر برگە (٤) کەس تێبینی هەیە لەسەری؟.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبکر حەسەن بامرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دژی وشەی ئیعدام نیم، بەڵام ئەو وشەیە لەناو یاساکەدا بێت چەندەها رێکخراوی مرۆڤایەتی هەیە لە دەرەوە بە تایبەتی لە ئەوروپا ئەوان دژی ئیعدامن و، من حەز دەکەم بپرسم لە ئەندامە یاساییەکان ئایا سیغەیەکی تر هەیە بدۆزنەوە کە ئیعدام بگرێتەوە ناوی ئیعدامی تێدا نەبێت؟، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دژ بەو وشەیەم(الاعدام) ئێمە خۆمان لە بارێکی نائاسایی داین و، ئێمە دووبارە مرۆڤ دروست دەکەینەوە، ئەو مرۆڤە ماندووە کۆمەڵێکی بارودۆخی ناخۆش هەیە لە ژیانیدا، پاشان بۆچی تەنیا رێگە چارەمان ئیعدام، یان (مؤبد) بێت؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەویاسایە بۆ مرۆڤی زامدار دانەندراوە.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ئێمە زیاتر بتوانین بڕیارەکە بەتەواوی جێبەجێ بکەین لە ناو وڵاتەکەماندا، من پێشنیار دەکەم خاڵێک دەسنیشان بکرێ بۆ ئەوەی ئەو تەقەمەنی و شتانەی کە لەدەرەوەی بارەگای حزبەکاندا هەیە ئەبێ لای هیچ ئەندامێکیان نەبێ، چونکە بۆ سبەینێ یەکێک ئەگیرێ ئەو یاسایە دەیگرێتەوە، بەڵام ئەو دەڵێ من ئەندامی حزبێکم بە کارێک هاتوومە ئایا چۆن ئەوە چارەسەر دەکەن؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی هەموو لایەنەکان بە تایبەتی لایەنە گەورەکان بەڵێنیان داوە لە سەر رەزامەندی حزبەکان و، بەرژەوەندی میللەتەکەمان ئەم یاسایە دابنرێ بۆ پاراستنی ئەم ئەزموونە مێژووییەی کە هەمانە، لەبەر ئەوە ئەم یاسایە هەموو کەسێک دەگرێتەوە لە هەرچی حزبێک بێت، یاخود لە هەرچی رێکخراوێک بێت. مەسەلەی ئیعدامیش کە لە دەوڵەتە زۆر پێشکەوتووەکاندا تەنها هەندێکیان هەیە کە حوکمی ئیعدامی تیا نییە، لە ئەمەریکا حوکمی ئیعدام هەیە، بەڵام لە ئینگلتەرادا نییە. ئێستا مادە دوو دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە مادە(٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە تێکڕای دەنگ مادە (٢) پەسند کرا.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسا. ئایا لە جیاتی وشەی ئیعدام دەکرێ بڵێین (اقصى العقوبات القانونية)؟ واتە قورسترین سزا بدرێت بەپێی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مادەیە دەنگی لەسەر درا. هەر سزایەک رادەی (أقصای) هەیە، بۆ نموونە توندترین سزای (جنح) پێنج ساڵە، لەبەر ئەوە مەرج نییە قورسترین سزا هەر ئیعدام بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسی ئەو مادەیە بەتەنیا ناکەم، باسی هۆیەکانی گواستنەوەی تەقەمەنی نەکراوە، ئێستا بە زۆری رژێمەکان ئۆتۆمبیل و، شتی وا بەکاردێنن بۆ تەقاندن، لەزۆر شوێندا تەقەمەنی لە ناو ئۆتۆمبیل گیراوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی(٣) تکایە بخوێنینەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە (٣) لە مادەکە وای لێ دێت ( ينفذ هذا القانون بعد مرور ١٥يوما من تأريخ نشره في الجريده الرسمية)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە (٣) کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

ئێستاش یاساکە بە گشتی دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە یاساکە بە گشتی پەسەند بکرێ، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ یاساکە بە گشتی پەسند کرا.
ئێستا دێینەوە سەر خاڵێکی تری بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە تەواو کردنی گفتوگۆیە لەسەر یاسای وەزارەتی ئەوقاف، کە لە دانیشتنی پێشودا گەیشتبووینە مادەی(٤).

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة/

١- يمارس وكيل الوزارة المهام والصلاحيات التي ضمن الاهداف العامة للوزارة واختصاصات الدوائر الملحقة بها ويساعد الوزير في توجيهها والاشراف على شؤونها. ضمن القوانين والانظمة المرعية.

٢- لوكيل الوزارة تخويل جزء من صلاحياته لمدير الديوان العام والمدراء في محافظات الاقليم ويكونون مسئولين تجاهه ضمن ما يخوله اليهم من صلاحيات عن اعمال الوحدات والتنظيمات التي يرأسونها.

ئەوەی لە وەزارەتی ئەوقاف هاتووە وەک خەتێکی کتابیی دینی نووسراوە، ئەگەر مادەی(١١) تەماشا بکەن ئەمە کە دەسەڵاتی وەکیل وەزیر دەبێ لە دوای وەزیر بێت زنجیرەیەکی مەنتقیمان بۆ داوەتێ، گونجاو نییە وەکیل وەزیر لە جێگەیەک بێ و، دەسەڵاتەکانی لە جێگایەکی دیکە بێت، بۆیە گواستومانەتەوە بۆ شوێنی خۆی، جیاوازییەکە تەنیا لەوە دایە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەخوێنێتەوە:ـ المادة(٤)

١- يمارس وكيل الوزارة المهام والصلاحيات التي يخولها الوزير إياها ضمن الاهداف العامة للوزارة، وإختصاصات الدوائر المرتبطة بها ويساعد الوزير في توجيهها والاشراف على شؤونها الفنية والادارية والمالية والتنظيمية، ووفقا للتوجهات الصادرة اليه من الوزير طبقا لاحكام القوانين والانظمة المرعية.

٢- لوكيل الوزارة تخويل جزء من صلاحياته لمدير الديوان العام والمدراء في محافظات الاقليم ويكونون مسؤولون تجاهه ضمن ما يخول اليه من صلاحيات عن اعمال الوحدات والتنظيمات التي يرأسونها.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێ من تێبینیم لە سەر مادەکە نییە، بەڵام من مادەی(٤) ئێستا لە ناویدا هاتوو لەژێر

باری (تەشکیلاتی وزارەت) مادەی(٤) بوو، کە مادەی(٣) تەواو بوو باسی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسا، تەشکیلاتی وەزارە یان مەرکەزی وەزارەت چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم مادە (١١) بسڕێتەوە و، هەمووی بدرێتە پاڵ مادەی دەیەم (١ـ ٢ـ ٣ـ ٤) بە زنجیرە بێن یەک مادە بێت، مادەی(١١) زیادە.

لە کۆتاییدا(٤) (لوكيل الوزارة تخويل جزء من صلاحياته لمدير الديوان العام) بڵێین (لوكيل الوزير تخويل جزء من صلاحياته لمدير الديوان العام)، لەجیاتی وەزارەت دەبێتە وەزیر، وەزیر مادام لەوێ(مدير ديوان العام)ە لێرەش(لوكيل الوزير تشكيل جزء من صلاحياته) باشترە لەوەی(لوكيل الوزارە) بێت، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارێکم هەیە ئاراستەی لیژنەی یاسای دەکەم: لە هەندێ جێ ناوی بریکاری وەزیر هاتووە لە هەندێ جێ وەکیل وەزارەت نووسراوە، ئایا جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینییەکەی من لەسەر داڕشتنی مادەکەیە، بڕگە(١):- يمارس وكيل الوزارة المهام والصلاحيات التي يخوله الوزير أياها. پێویستە بگووترێ (التي يخوله أياها الوزير)، سوپاس.

**بەڕێز سەید حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمەی لیژنەی یاسا وەڵامی ئەو پرسیارانە نادەینەوە، لە بەر ئەوەی لەدەقی وەزارەتی ئەوقافدا وا نووسراوەو، هیچ گۆڕانکارییەکمان لێ نەکردووە، بەڵام هەندێ شت بەتایبەتی کراوە، ئێمە لە لیژنەی یاسا وەڵامیان دەدەنیەوە.

بەڕێز ئەحمد دەڵێ: مادەی(١٠و ١١) لێک بدرێت. ئێمە نەمانهێشت کردمان بە مادەی(٤)، چونکە جێ خۆی راست نەبوو هەر لامان دا لەوێ.

بەڕێز کەمال شالی دەڵێ: دەسەڵاتەکانی وەزیرو بریکاری وەزیر دیاری بکرێ. لە پێشەوە چاکترە ئێمە لیژنەی یاسا لیژنەی داڕشتنین ئەوە لە وەزارەت ئەوە دادەڕێژین شێوازە یاساییەکەی وەردەگرین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئایا لە میلاکاتی وەراتەکاندا تا ئێستا بریکاری وەزارەت هەیە؟ یان بریکار وەزیرەکان کە دانران و، سوێندیان خوارد ئایا بریکاری وەزیرە یا بریکاری وەزارەتە؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان جیاوازی هەیە لە نێوان بریکاری وەزیرو بریکاری وەزارەتدا، سیغەکە هەمیشە بریکاری وەزارەت هاتووە. بریکار وەزیر ئەو کەسەیە کە لە کاتی پێویست شوێنی وەزیر دەگرێتەوەو دەبێتە وەزیر، بەڵام ئەوە بریکار وەزارەتە نەک بریکاری وەزیری، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارەکەم ئەوە بوو لە فەرمانی دانانی ناوی بریکار وەزیر، یان بریکاری وەزارەت هاتووە؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر بریکاری وەزارەتە، چونکە بریکاری وەزارەت دەسەڵاتی بریکاری وەزیری نییە و،دەسەڵاتەکانی دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەزارەتێک گیروگرفتی تایبەتی خۆی هەیەو، بەرای من وەزیرو بریکاری وەزارەتەکە دەبێ بە ڕێککەوتنی هەر دوو لایەن بێت و، بە تەئکید هەر وەزیرێک پێویستی بەوە هەیە کە بریکارەکەی دەور ببینێ وئیش بکات، کەس نییە بیەوێ بریکارەکەی پشتگوێ بخات، ئێستا لە وەزارەتی ئێمەدا ئەودەسەڵاتەمان بە بریکاری وەزارەت داوە، بۆ نموونە ئەنجوومەنی زانست زۆر کاری گرنگ دەکات کە بریکاری وەزیر لێی بەپرسە و، زۆر لە ئیشەکانی ئێمە هەیە بە ئەو دراوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم ئەوە بوو کە ئێستا بریکاری وەزارەت لەگەڵ بریکاری وەزیرە، ئایا لە حاڵەتێک وەزارەت نەمێنێ ئایا بریکاری وەزارەت ئەمێنێ؟ چونکە ئەوە چەسپاوە وەکو بریکاری وەزیرە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە پەیوەندیی بە گفتوگۆی ئەم یاسایە نییە.ئێستا مادەکە دەخەینە دەنگدانەوە.

مادە (٤) کە خوێندرایەوە پاش ئەو تێبینییانە کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ مادە (٤) پەسند کرا

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(٥): تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:

١ـ مكتب الوزير يتولى ادارته موظف بدرجة مدير، ويعاونه عدد من الموظفين حسب الاقتضاء.

٢ـ مكتب وكيل الوزارة: يرأسه موظف بدرجة مدير، ويعاونه عدد من الموظفين حسب الاقتضاء.
٣ـ مديرية الديوان العامة: وترتبط بها المديريات التالية:
١ـ مديرية الافراد والخدمات الادارية.
٢ـ مديرية الحسابات والرقابة والتدقيق.
٣ـ مديرية المساجد والمؤسسات الدينية.
٤ـ مديرية الاملاك والشؤون القانونية.
٥ـ مديرية المدارس الدينية.
٦ـ مديرية التخطط والمتابعة.
٧ـ مديرية الارشاد الدين وشؤون الحج.
٨ـ مديرية الاعمار والهندسة.
٩ـ مديرية الاوقاف والشؤون الاسلامية في محافظات الاقليم.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری دەکەم بەڕێوەبەرایەتییەکی تری بخرێتە سەر، بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەکان ولێکۆڵینەوە، چونکە ئەوقاف لە کوردستاندا چەند کتێبخانەیەکی چاکی هەیە بەتایبەتی کتێبخانەی سلێمانی کە هەر لە مەو دوا بیکەین بە کتێبخانەی نیشتمانیی کوردستان لە هەموویان بە نرخ ترە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد قادر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم بەراستی پاش ئەوەی من چووم بۆ سلێمانی وکتێبخانەکەم بینی لەوێ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانی بوو. بە رای من ئەم کتێبخانەیە شتێکی زۆر نایاب و گەورەیە وەکو جەنابی دکتۆر فەرمووی، لە بەر ئەوە زۆر پێویستە کە سەر بەوەزارەت بێ و، خۆشمان لەوێ وا ڕێککەوتین، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم دەقەکە بەو شێوەیە بێت: بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوە وکتێبخانەکان (مدیریة الدراسات والمکتبات)، چونکە کاتی ئەوە هاتووە کات بۆ□کتێبە کوردییەکان تەرخان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد تاهیــر نەقـــشـبـــەندیی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

دوو پێشنیارم هەیە:

١ـ بەڕێوەبەراتییەک هەبێ بۆ کتێبخانەکانی کوردستان سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بێت.

٢ـ خالی سێیەم و پێنجەم لەم مادەیە لێک بدرێت، چونکە خالی سێیەم (مدیریة المساجد والمؤسسات الدینیة) زۆر نزیکە لە خالی پێنجەم (مدیریة المدارس الدینیة)، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

وابزانم ئەو بەڕێوەبەرایەتییــە دانراو، ڕەزامــەندی لەســەر کــرا، پاشــان وەزارەت ئەتوانێ بەڕێوەبەرایەتییەکان لێک بدات و، ئەشتوانێ داوای کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکان بکات.

**بەڕێز کــاکــەڕەش مـحـەمــەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

یەک لەو خـالانەی کـە پەیوەندیی هەبوو بە نووسـینگەی وەزیر، نووسـینگەی بریکاری وەزیر لە پرۆژی وەزارەتی ئەوقـافدا ئەنجـوومەنی زانست بوو ئێـستا لە پرۆژەی لیژنەی یاسادا ئەنجوومەنی یاسـایان لاداوە، بەلام ئەم ئەنجـوومـەنە زۆر پێویسـتـە لە ئەوقـافدا هەبێ، چونکە ئەو کـەسانە دادەمەزرێنێ کە داواکـاری پێشکەش دەکەن، لەبەرە ئەوە پێویسـتە ئەو ئەنجـوومەنە هەبێ و، دیاری بکرێ لەچ پێک دێ و، لە چەند کەس. بەڕای من بگووترێ لە (٥) زانای ئاییـنی ناسراو، بۆ ئەوەی بتوانن خەلک هەلبسەنگێنن، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەڕای من ئەبێ ئەنجوومەنی زانست هەر بمێنێ، باوەڕ ناکەم لاببرێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــەمـــیـل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

دەربارەی نووسنیگەی بریکاری وەزیر شـتـەکی زیادە وەکو بگووترێ لە ئیـدارە(بدرجـة مـدیر، ویعاونە عدد من الموظفین حسب الاقتضاء) من دەلـێم بکرێت بە(یدیـره مـوظف)، چـونکـە شـــتــێکی زیادەیە هەر یەک لە وەزیرو بریکاری وەزیر بەڕێـوەبەرێـک دابنێن، تەنیــا چەند فەرمانبەرێک وەکو سکرتێر دابنێن بەسە.

دەربـــارەی (مدیریات الحسابات والرقابة والتدقیق)، وردکـاری (تدقـیق) یەکـێکە لە ئەرکـەکـانی ژمێریاری راستە لەگەل (دائیرە رەقابە) جێگای تایبەتی هەیە، بەلام وردکاری لەگەل ژمێریاریە، لە بەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە بکرێت بە: (مدیریة الحسابات والرقابة) و، وشەی (تدقیق)ی لەگەلدا نەبێ.

دەربارەی کـتێـبخانەکان، پێشنیـار دەکـەم ببەسترێتەوە بە قـوتابخانەکانی ئایینی و، پێویست ناکات بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتی بۆ دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکەم هەر ئەوەیە (ترتبط بمديرية الديوان العامة ومديرية الأفراد والخدمات الأدارية، مديرية الحسابات والرقابة والتدقيق) تاکو خوارێ بەرای من ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە نابێ، بۆ نموونە پێشنیار دەکەم یەکەم و دووەم بکرێ بە (مديرية الشؤون الادارية والمالية) هەمووی دەگرێتەوە، دوای ئەوە دەسەڵاتی وەزارەتە خۆیان چۆن رێکی دەخەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کە پێشنیار کراوە لیژنەی یاسا نە ئەتوانێ لێی بگۆڕێ و، نە ئەتوانێ بیخاتە سەر یەک، ئەوە شتێکە وەزارەت پێشنیاری کردووە، وەزارەت داویەتی بە ئەنجومەنی وەزیران ئەو شتانە رەچاو کراوە، ئێستاش بەڕێز وەزیری ئەوقاف ئەتوانێ باسی ئەوە بکات.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینییەکم هەیە دەربارەی (مديرية ديوان العامة)، ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە زۆربەیان ئەرکەکانیان هاوبەشە، ئەتوانین لە جیاتی (٩) بەڕێوەبەرایەتی بیکەینە (٧) بەڕێوەبەرایەتی، بۆ نموونە (٣-٥) (مديرية المساجد والمؤسسات الدينية) لەگەڵ (مديرية المدارس الدينية) ئەتوانین لێکیان بدەین و، بڵێین (مديرية المساجد والمدارس والمؤسسات الدينية)، هەروەها (٦-٨) لێک بدرێت و، بکرێتە (مديرية التخطيط والأعمار والمتابعة)، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کە دانراون هەریەکە بەپێی پسپۆری خۆیەتی و، هەتا لە کاتی خۆی ئەمینداری گشتی بوو ئێمە لەوانەیە هەندێکمان لێ کەم کردبێتەوە دوایی بۆ نموونە برادەران دەڵێن (مديرية المساجد والمدارس) بکرێ بەیەک. ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتییە هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە و،ئەمە شتێکی سەربەخۆیە یانی لەگەڵ (مزگەوتەکان و، ئیمام و خەتیب و، نوێژ کردن و ئەمانە) نییە، راستە ئەگەر رامان لێ بێ هەمووشی دەکەینە یەک بەڕێوەبەراتی، بۆئەوەی ئەم (دیوانی عامە) هەمووی بگرێتەوە، بەڵام هەر یەک پسپۆری خۆی هەیە، لەبەر ئەوە وابزانم ئەو تەشکیلاتەی ئێمە دروستمان کردووە بەپێی پێویستە.
ئەندامێکی بەڕێز گوتی وەزارەتی ئەوقاف زۆر گەورە نییە. راستە وەزارەتی ئەوقاف ئێستا زۆر گەورە نییە، بەڵام پاشان کە کوردستان ئاوەدان کرایەوە، مزگەوتێکی زۆر دروست دەکرێت لەو گوندانەی کە ئاوەدان دەکرێنەوەو، وەزارەتی ئەوقاف ئەو کاتە گەورەتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەبووەو ،پێشنیاریان کرد کە بەڕێوەبەرایەتییەکان کەم بکرێنەوە ئەو باری ئابووری ئێستای کوردستان پێویستی بەوەیە کە کەمتر پارە خەرج بکرێ، ئەگەر بکرێت چەند بەڕێوەبەرایەتییەک ببێت بەیەک بەڕێوەبەرایەتی لەوانەیە خەرجیەکان کەم ببێتەوەو، لەکاتی خۆی کە ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە هەبووە باری ئابووری وەکو ئێستا خراپ نەبووە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا پاش زیاد کردنی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەکان و، ئەنجوومەنی زانست، نزیکەی (١٥) بەڕێوەبەرایەتییمان هەیە، بەرای من یەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ ئەم (١٥) بەڕێوەبەرایەتییە کەمە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم، یان ژمارەی بەڕێوەبەرایەتییەکان کەم بکرێنەوە یانیش دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دێینە سەر ئەو پێشنیارانەی کە دەربارەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە کراوە کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادەیە وەکو خۆی بێنێتەوەو، تەنیا بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەو کتێبخانەکان زیاد بکرێ تکایە دەسەت بەرز بکاتەوە؟. بزانین لیژنەی یاسا چی دەڵێ کە پەیوەندیی بەو جۆرە شتانەوە هەیە!

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بارەی ئەنجوومەنی زانست کە کاکەڕەش باسی کرد، ئێمە باسی ئەنجوومەنی زانستمان نەکردووە، چونکە بڕگەکە دەڵێ: (يرتبط المجلس العلمي بوكيل الوزير)، کە ئەنجوومەنێک دروست نەبوو ئێمە چۆن دەبێت بیبەستینەوە بە کەسێک؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر لیژنەی یاسا ماوەمان بدات لەگەڵ ڕێزماندا وابزانم کە لەپێشنیاری وەزارەتەکەدا هەبوو، بەڵام هێشتاش دانەنراوە، لە پاشدا دائەنرێ نەدەبوایە لیژنەی یاسا لای بردایە، ئەگەر داینابا وەکو ئەوەی هاتبوو لێرەدا باسی لێ ئەکرا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئێمە لەناو پەرلەماندا بۆ هەر وەزارەتێک کە پرۆژەی یاسایەک دێت، دوولایەن تەماشای دەکات، یەکێکیان لیژنەی یاساو ئەوەی تریان لیژنەی پەیوەندیدارە.

لەم یاسایەدا لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ئەو تەماشای دەکات، قسەی ئەویش ڕەچاو دەکرێ. لە پاشان ئیشەکەی ئێمە ئەوەیە ئەگەر ئێمە شتێک نەگونجاو بێ لایدەبین.

ئێمە چۆن ئەو ئەنجوومەنە لە یاساکەدا دابنێین کە هێشتا دانەمەزراوە؟، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من بوونی ئەنجوومەنی زانست پێویستەو، لە وەزارەتی ئەوقافی مەرکەزیشدا هەبووە، دوو شتی جیاوازن لەیەکتر، چونکە لەوێ لە ئەوقاف ئەنجوومەنی باڵا ئیشوکاری ئیداریەو، ئیدارەی وەزارەت دەکات، بەڵام ئەنجوومەنی زانست پەیوەندیی هەیە بە هەندێ مەناهجی ئاینی، بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەی هەندێ لەو مەلایانەی بکات کە دەیانەوێ لە (مؤذن) پلەیان بەرز بکرێتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو پێشنیارەمان کردووە (يرتبط بوكيل الوزير المجلس العلمي لأقليم كوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادەی (٥) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە پاش زیادکردنی (دراسات والمكتبات) تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٥) پەسند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة السادسة/ تحدد صلاحيات مدير الديوان العام بتعليمات تصدرها الوزارة.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری گشتیی دیوان لە مادەی(١٤و١٥) دیاری کراوە، ئێمەش وامان بەپەسند زانی کە بە ڕێنماییەک ئەو دەسەڵاتانە دیاری بکرێن، چونکە یاسا چەند بە کورتی بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینیم لەسەر وشەی ڕێنمایی هەیە، چونکە هەموو دەسەڵاتەکان ئەوەی دەدرێتە بریکاری وەزیر، ئەوەی دەدرێتە بەڕێوەبەری گشتیی دیوان، ئەوەی دەدرێتە بەڕێوەبەرەکانی خواروو هەمووی بەیەک فەرمانی دیوانی دەبێ، هیچ بە ڕێنمایی ناکرێن، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی پرسیارەکانی ئەندامان کە هەموو یاساکان ئاراستەی لیژنەی یاسا دەکرێن وا دیارە لیژنەی یاسا دەسەڵاتی ئەوەیان نییە کە زیادی بکەن یافرێی بدەن تەنیا کارەکەیان داڕشتنی یاسایە.

من پێشنیار دەکەم کەوا هەر لیژنەیەکی پەیوەندیدار لەگەڵ وەزارەت پێش وەخت دراسەتی ئەو

یاسایە بکات و، هەروەها کەموکوورییەکان تەواو بکات، ئەگەر نەیتوانی تەواویش بکا بەڵکو (٥٠٪ ـ ٦٠٪) لێ تەواو دەکات، بۆ دارشتنی بدرێتە لیژنەی یاسا ئەوان تەنیا لایەنی ئیداری بۆ بکەن، لێرە گفتوگۆ لەسەر لایەنی زمانەوانی و ڕێزمانی دەکرێت و، هەڵەکانی چاک دەکرێنەوە. پێشنیار دەکەم لەکاتی گفتوگۆکردنی یاساکان ئەندامانی لیژنەی پەیوەندیدار لەگەڵ لیژنەی یاسا لێرە وەڵامی پرسیاری ئەندامان بدەنەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان ئاگاداری هەموو گۆڕانکارییەکانن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(٦) وەکو خوێندرایەوە وەربگیرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەتێکڕای دەنگ مادە (٦) پەسند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادة السابعة: المجلس الاعلى للاوقاف والشؤون الاسلامية:

١- يشكل في مركز الوزارة مجلس يسمى المجلس الاعلى للاوقاف والشؤون الاسلامية يرتبط بالوزير ويتآلف على الوجه التالي:-

١- الوزير ـ رئيساً.

٢- وكيل الوزارة ـ نائباً للرئيس.

٣- ممثل عن وزارة البلديات والسياحة بدرجة لاتقل عن مدير عام عضواً.

٤- ممثل عن وزارة المالية والاقتصاد بدرجة لا تقل عن مدير عام عضواً.

٥- ممثل عن وزارة الزراعة والرى بدرجة لاتقل عن مدير عام.

٦- مدير عام ديوان الوزارة.

٧- مدير الاوقاف في محافظة الاقليم.

٨- أربعة من كبار علماء الدين يختارهم الوزير لمدة (٣) سنوات قابلة للتجديد.

٢-

أ ـ للوزير ان ينصب وكيل الوزارة لرئاسة المجلس عند غيابه.

ب ـ يكون لكل عضو من اعضاء المجلس الاصليين عضو أحتياط ينوب عنه لحضور الاجتماعات عند غيابه.

ج ـ للمجلس الاستعانة بالخبراء عند الحاجة وبطلب من الوزير.

٣- تحدد أختصاصات المجلس بنظام خاص.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دانانی (مجلسی أعلى) بدایە دەست پێ کرا سەرۆک وەزیر، پاش بریکاری وەزارە نابێ بە

سەرۆک، ئەو برگە (٢ـ أ) پێی ناوێ کە دەڵێ (للوزير أن ينصب وكيل الوزارە)، چونکە مادام ناوی لێ نرا نابێ بڵێ سەرۆک، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم بەم جۆرە ئەو سیغەی بوونی (مجلس اعلى للاوقاف والشؤون الاسلامية) هەر شورای ئیسلامی مایە نەینوسی، ئەمە کاتێ بوو کە ئەوقاف وەزارەت نەبوو دیوان بوو، کە دیوان بوو ئەو جۆرە ئەنجوومەنە هەبوو بەسترا بوو بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، بە سەرۆک وەزیرانەوە لە عێراقدا. کە بوو بە وەزارەت ئەبێ وەکو وەزارەتەکانی تر بێت، لێرە من پرسیارێکم هەیە ئایا وەزارەت ئەو (مجلس الاعلى)یەی بۆ دروست کردووە؟، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوێنەری وەزارەت دانراوە بەرای من شتێکی باشە، بەڵام کە گووتی چوار لە (علماء الدين) هەڵبژێرین ئەمە لە دەسەڵاتی وەزیرە، من دەڵێم (هەیئەی اتحادی علمائی ئیسلامی) پێوستە یەکێک لەوان (رئيس اتحاد علمائى أسلامى) بێت و، هەروەها پێویست بە وشەی (لمدة ٣ سنوات قابلة للتجديد) ناکات، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کە برگەکە بەم شێوەیە: (أربعة من كبار علماء الدين على أن يكون رئيس أتحاد العلماء الاسلامي بينهم) پاش(أختارة الوزير)، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتر لە کۆن هەر وەزارەتی ئەوقاف سەر بە سەرۆکایەتی کۆمار بوون یانی وەزارەتی ئەوقاف بۆیە ئەو هەیکەلەی هەبوو هەر ئەو دامودەزگا فراوانیەی هەبووە، بەڵام ئێستا سەبارەت کوردستان بەراستی بارودۆخی ئێستامان ئەو هەموو شێوەی کە ئێستا وەریگرتووە کە (مجلسی أعلى) ئەوە بەڕێز مامۆستا محەمەد بەخۆی دەزانێ ئەو بەرێوەبەرایەتییانەی چۆن داناوە.
سەبارەت دوا برگە (أربعە من علماء اختارە الوزير لمدە٣ سنوات قابلا للتجديد) لەباتی (٣-٤) ببێت (اربعە من كبار علماءالدين يمثلون محافظات الاقليم)، بەو شێوەیە بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد رەشید میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت (تەشکیلاتی مجلس أعلى) پێشنیار دەکەم ئەو برگەیە زیاد بکرێ (موظف بدرجة مدير من ديوان الوزارة سكرتيرا)، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ژمارەی ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە (١٤) کەسە، ئەگەر (١٤) کەس یەدەگیان هەبێ زۆر دەکات، لەبەر ئەوە بڕگە (ب) پێویست ناکات کەوا هەر کەس ئامادە نەبوو یەدەگ هەبێ بچێتە شوێنی، سوپاس.
**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەڕای من پێویست بەوە ناکات نوێنەری ئەو هەموو وەزارەتانە لە (مجلسی أعلی)دا هەبێت و، ئەگەر پێویست بوو نوێنەری وەزارەتی شارەوانی تێدا بێ، بۆچی لیژنەکە گەورە بکەین بەبێ هۆ؟، سوپاس.
**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
پێشنیار دەکەم بڕگەیەک زیاد بکرێ ئەویش نوێنەرێ (الاتحاد الدینی الاسلامی) لە (مجلس اعلی)دا هەبێت، سوپاس.
**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
پێشنیار دەکەم خاڵی(٨) (أربعة من کبار علماء الدین ویختارة الوزیر) ئەم رستەیەی بۆ زیاد بکرێ (یختاره الوزیر من محافظات الاقلیم عن طریق اتحاد العلماء الدین الاسلامي في کوردستان)، سوپاس.
**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەڕاستی من هەر مادەکە بەزیاد ئەزانم. ئەمە خۆی شتێکە دروست کراوە کەپێی دەڵێن (مجلسی أعلی) باشە ئەم هەموو بڕگانەی بۆ دانراوە پێم ناڵێن لە کوێ دیاری کراوە ئەمانە چییە، چی ئەکەن؟، ئەمە وەکو ئەوەیە لەناو وەزارەتەکە وەزارەتێکی تر دروست بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
بەڕای من ژمارەی ئەندامانی (مجلس أعلی) زۆرە، پێشنیار دەکەم (مدراء محافظات)ی تیادا نەبن و، ئەتوانن لە بڕگەی (ج) ئیستعانەی تیا بکەن ئەگەر پێویستیان پێ بوو، هەروەها بڕگەی(ب) (کە لە جێگای هەر ئەندامێکی بنەڕەتی ئەندامێکی یەدەگ هەبێت)، داوا دەکەم ئەو بڕگەیە لاببرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســــەرۆکی ئەنجـــوومـــــەن:**

پرسیارێکم هەیە لە وەزیری ئەوقاف ئایا پێویستە ئەو (مجلسە) هەبێت لە کاتێکدا کە وەزارەت هەیە؟، چونکە ئەم مـجلسـە لە کـاتێکدا هەبوو کـە وەزارەتی ئەوقـاف دانەمـەزرا بوو، ئەو ئەنجوومەنەش بەسترا بوو بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.

وەکو مامۆستا مەلا محەمەد ئەمین گووتی ئەم ئەنجوومەنە دانراوە بەبێ ئەوەی بڵێین ئیشوکاری چییەو؟، ئەم ئەنجوومەنە شێوەی لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکات، چونکە هەمـوو وەزیرێکی تیایە، ئایا ئەندامانی مووچەیان هەیەو، لە سەر دەوڵەت چۆن دەکەوێ؟.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــــــەن.**

پرسیارێک کرا ئایا ئەنجوومەنە پێویستە هەبێت یان نا؟

ئێستا لە وەزارەتدا ئەم ئەنجوومەنە نییەو ئیش وکاری خۆشمان دەکەین، بەڵام بەرای من بوونی ئەنجوومەنە سوودی هەیەو، زەرورییە کە هەبێ. ئێمەش لە پرۆژەی وەزارەتدا ئیشوکارەکانیمان دیاری کردووە، بەڵام لیژنەی یاسا گۆڕنکاری تێدا کردووە.

پرسیارێکی تر کرا کە بۆچی نوێنەری زۆر لە وەزارەتەکانی تێدایە لەگەڵ زانایانی ئایینی؟.

بێگومـان وەزارەتی ئەوقاف زۆر مـوڵـک و خانووبەرەی کـشـتوکاڵی هەیە، بۆیە نوێنەری وەزارەتی کشـتوکاڵی تێدایە، هەروەها وەزارەتی داراییش پەیوەندیی بەمە هەیە پارەو موڵکەکە بۆ لای ئەو دەچێت، لەبەر ئەوە دەبێ نوێنەریان تـێـدا بێ، هەروەها نوێنەری وەزارەتی شـارەوانـیـشی تێدایە، لەبەر ئەوەی کە مزگەوت دروست ئەکەین هەندێ لایەنی جایزە، بەڵام لەوانەیە لەلایەنی شارستانییەتی جایز نەبێ، لە بەر ئەمانە ئەو نوێنەرانە دیاری کراون پەیوەندییان هەیە بە ئیشی ئەو وەزارەتەوە هەروا بەگۆترە دانەنراون و، بەڕای من ئێمە لەبیرمـان کردووە نوێنەری وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەی کوردستـان دابنێین، چونکە مزگەوتەکان ئاوەدان دەکرێتەوە کە ئەو لە هەمووی زەروری ترە ئەبێ زیاد بکرێ.

بەڕێز جێگری سەرۆک پرسیارێکی کرد ئە ئایا ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە مووچەیان هەیە یان نا؟.

نەخێر ئەمـانە جگە لە کرێی هاتووچۆ هیچ دەرمـاڵەیەکـیان نـییە، چونکە خۆیان فـەرمانبەرن لە شوێنی تر، ئەندامەتییان لەم ئەنجوومەنە تەنیا بۆ ئەوەیە راوێژیان پێ بکرێ.

هەندێک لە برادەران گوتیـان هەر نوێنەرێکیان لە شـارێک بن، ئێمە پەرلەمـان دانانێین ئەوانە زانای ئایینی پلە یەکن کە دێن ئێمە رایان وەردەگرین دەبێت ئەندامەتییان لەم ئەنجوومەنەدا بە شێوەیەکی یاسایی بێت، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـــەبدوڵـلا حـــەیدەری:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــــەن.**

ئەگەر سەیری پسپۆڕێتی ئەو ئەنجوومەنە بکەین دەبینین هەمان پسپۆڕێتی وەزارەتە، ئایا ئەمە

نابێتە (أزدوجیەت)؟ ئەمە لە لایەکەوە، لەلایەکی ترە ئەمە ئەو (ئیختساساتەی) کە بۆمان هاتووە لەوەزارەتەوە بە ئیختساساتی وەزارەتمان داناوە، بەلام لێرە لەبڕگەی (٣)دا سەبارەت ئیختساساتی ئەو ئەنجوومەنە گووتمان (تحدد أختصاصات المجلس بنظام خاص)، یانی ئەو ئیختساسەکانی وەزارەت دەبینێ، بەلام دەسەلاتەکانی لەلایەن وەزارەتەوە دیاری دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم پێشنیارێک هەبوو دەربارەی (مجلسی أعلی)، ئەگەر وەزارەت چاوی پێدابخشێنێتەوە ئەم ئەنجوومەنە ئێستا لە کاتی حازردا زۆر پێویستە هەبێ، یاخود وەزارەت دەتوانێ ئەو کارە ڕابگرێ؟ ئایا جەنابی وەزیر رای چییە؟.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نالێم زۆر پێویستە بەبێ ئەو ناتوانین کار بکەین، تا ئێستا چوار مانگە ئێمە بەبێ ئەوەی ئەو ئەنجوومەنە هەبێ ئیشی خۆمان کردووە، لەوانەیە بەکردەوە ئێستا ئەو ئەنجوومەنە نایەتە کایەوە بەلام بەرای من لە داهاتوودا ئەم ئەنجوومەنە سوودی دەبێت و، رای دواییش بۆ ئێوەی بەڕێزە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا موحسین سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت ئەو لیژنەیە ئەو پێشنیارانەی کە کراوە، ئەگەر دراسەیەکی ئەو چەند خالەی کە لە پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقافدا هاتووە بکرێ و، ئەوانەی لە بەر دەستیانە دراسەی بکەن بۆیان دەردەکەوێ کە ئەو ئەنجوومەنە پێویستە هەبێت.

بابەتی ئەو ئەنجوومەنە هەموو هەفتەیەک، هەموو رۆژێ، هەموو مانگێک بابەتەکان تازە دەبێتەوە و، پێویست بە دراسە دەکات پێویست بەوە دەکات نوێنەری ئەو وەزارەتانە هەبێت بۆ ئەو کێشانەی کە پەیوەندییان هەیە بە مولکەکان، بەوەزارەتەوە، یا ئەو کێشانەی کە پەیوەندییان هەیە بە ئایینەوە. ئێمەش وەکو لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی بە پێویستی ئەزانین ئەو ئەنجوومەنە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ببورن، مەسەلە ئەوە نییە ئێمە بمانەوێ لە ئیسلامەتی یان، دەزگاکانی کەم بکەینەوە، لێرە ناومان ناوە (مجلسی أعلی)، ئەگەر وەزارەتی ئەوقاف ناو بنێن (المجلس الاعلى للشؤون الاسلامية) هەموو ئەو دەسەلاتانەی بدەنێ پێویست ناکات وەزارەتی ئەوقافمان هەبێ، چونکە ئەوکارانە کاری وەزارەتی ئەوقافە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مامۆستا زۆر بەجوانی بابەتی (مجلس أعلایان) باس کرد، بەڵام لایەنێک هەیە وابزانم بەڕێز وەزیر وەڵامی دایەوە کە (مجلس أعلی) پێویستییەکی زۆر گرنگە و، لایەنێکی موڵکەکانی ئەوقافە، چونکە وەکو جەنابتان دەزانن دابەش کراوە بەچەند شێوەیەک، مەرجەکانی (واقف) هەیە، ڕێگای (صرف هەیە)، ئەوانە هەمووی گونجاو نییە لە دەستی وەزارەتی ئەوقاف بێت، تەنیا لەسەر دەستی جیهازی ژمێریاری بێ، ناتوانرێ بچێتە وەزارەتی دارایی، چونکە (صرفەکەی مەشروتە) لەبەر ئەوەی (مجلسی أعلی) لایەنێکی زۆر گرنگ مومارەسە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو بابەتە زۆر باس کرا. دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(٨) :-

١- تحدد بنظام تشكيلات مركز الوزارة وأختصاصاتها وتحدد بتعليمات يصدرها الوزير وأختصاصات المديريات التي يتكون منها مركز الوزارة وأختصاصات مديريات الاوقاف والشؤون الاسلامية وتحديد الشعب التابعة لكل منها وواجباتها.

٢- للوزير وبتعليمات يصدرها إستحداث أقسام مديريات وشعب جديدة ضمن الوزارة وتوابعها لغرض التنظيم وتحديد أختصاصاتها وواجباتها، وتعديل هذه الاختصاصات والواجبات ودمج أي من الوحدات التنظيمية المستحدثة أو تعديل ارتباطاتها أو الغاءها وفقاً لضرورات عملية.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی(٨) کە بەڕێزان خوێندیانەوە زۆر نارێکە(تحدد بنظام تشكيلات مركز الوزارة وأختصاصاتها وتحدد بتعليمات يصدرها الوزير أختصاصات المديريات التي يكون منها)، وشەی (أختصاصات) دووبارە کراوەتەوە تەنیا (أختصاصی) بمێنێنت، (أختصاصاتی) دووەم نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکم هەیە لە سەر هەموو رەشنووسی بەرنامەی ئەوقاف کاروباری ئیسلامی، بەراستی ئەو ئەندامانەی گفتوگۆ دەکەن لەگەڵ رێزمدا بۆیان تەنیا لایەنی یاسایی و ئیدارییان زۆر رەچاو کردووە لەم گفتوگۆیەدا، بەڵام لایەنی سیاسییان فەرامۆش کردووە، من لەگەڵ ئەوەم زۆر بایەخ بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (أختصاصی) یەکەم جیاوازی زۆرە لەگەڵ (أختصاصی) دووەمدا، یەکەم نیزامە دووەم رێنماییە، بۆیە دوو جار دووبارە بۆتەوە، لە پرۆژەی وەزارەتی ئەوقافیش بە هەمان شێوە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادەی(٨) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین..کێ لەدژە؟ بەزۆربەی دەنگ مادە (٨) پەسند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(٩):- تعتبر جميع القوانين والانظمة والقرارات والتعليمات الخاصة بالاوقاف نافذة المفعول لحين اصدار ما يحل محلها أو الغاؤها بأن لا يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز موحسین سالح عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم مادەیەک بە تەواوی لادراوە کە ئەڵێ (للوزير منح المخصصات والمكافاءات لغير المواطنين)و ماوەی پێ نەدراوە، لەدواییدا ئەو مادەیە(من اعضاء المجالس واللجان التابعة للوزارة ومنح المكافاءت التشجيعية الى أخره) ئەو مادەیە بۆ چی لابراوە؟، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکەی من تەنها لە رووی زمانەوانییە، پێشنیار دەکەم بگوترێ:( على أن لا يتعارض)، لە بەر ئەوەی (مجموعە قوانين وأنظمە) هەیە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دارشتنەکە وەکو کاک بەختیار هەمواری کردەوە ئەمە یەک یاسا هەیە دەبێ (تجميدی) بکەن.

ئەوەی ئێستا لە زمنی قەوانینی نافذە (يمنح املاك الاوقاف) پێویستە،چونکە هیچ دەقێک لەویاسایەدا نییە، ئەگەر بفرۆشرێ و، بەڵام ئەوە رابگیرێ ئێستا باشە بڵێن(باستثناء قانون بيع املاك الاوقاف) ئەوە لەسەر داڕشتنەکەوە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**
**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**
سەبارەت ئەوەی کاکـەڕەش گـووتی دەربارەی (تجـمـيـد) بێگومـان لە دوو رێگاوە دەکـرێت و، بڕیارێک لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەرچووە کە بۆ وەزارەتەکان چووە، ئەو یاساو بڕیارانەی دژی بەرژەوەندی کـوردە رەتی بکەنەوە، هەتا ئـێـسـتـا لەوەزارەتی ئەوقافـەوە هیچـمـان بۆ نەهاتووە بۆ ئەوەی زیادی بکەین، بۆیە ئێـمـە چاوەڕوانی ئەوە دەکـەیـن و، ئێـسـتـا ئەم دەقە زیاد ناکـەین، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**
تێـبینییـەکەی بەڕێز بەخـتـیـار لە جـێی خـۆی بوو، لە رووی زمـانەوانییـەوە تەواوە بگوترێ (لايتعارض).
دەربارەی مەسەلەی دەرماڵە: ئێمە لەوە ترساوین دەسەڵات بدەین بەدانی دەرماڵە لەلایەن وەزیر یان، لەلایەن پەرلەمـان یا لەلایەن کـەسـێـک زۆر جـار دەردەچێ وەکـو (منحـەیەک) بەکـار دەهێنرێت، ناڵێم مـامـۆسـتـا مـەلا مـحـەمـەد وا دەکـات، بەڵام لەوانەیە لە زۆر جـێگادا ئەوە روویداوە، بەڵام ئەگەر دەتانەوێ ئەو مادەیە هەبێ ئەوە بارای ئێوە بێت، سوپاس.
**بەڕێز جـێـگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**
من تێبینییەکی بچووکم هەیە بۆ لیژنەی یاسا، وابزانم ئەوە لە دەرەوەی داڕشتنی یاساییە، ئەوە مافی لیژنەی ئەوقافە ئەو داڕشتنە بکات، نەک لیژنەی یاسایی لایبەرێ و، ئەندامانی پەرلەمان ئاگادار نەبن لێی.
**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**
دەمەوێ ئاگادارتان بکەم ئەگەر داڕشتنی لیژنەی یاسا تەنیا بۆ ئەوە بێ یاساکە بە خـتێـکی خۆش بنووسێ و،عـەرەبییـەکـەی چاک بکات، ئەوە دەتوانن هەندێ مامۆسـتـای (کـوردی و، عـەرەبی و، ئینگلیزی) بێن ئەم کارە بکەن، بەڵام لیژنەی یاسایی ئەو لیژنەیەیە کە رایەکی تایبەتی هەیەو، ئەو مـادانەی کـە ناگـونجـێن لەگـەڵ بارودۆخی ئێـسـتـای کـوردسـتـان و، وەزارەتەکـانی تر ئێـمـە لایدەبەین و، رای کۆتاییش بۆ پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز فـــەلەكـــەدین ســـابیـــر كـــاكـــەیی:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجــــوومـــــەن.**

من لەگەڵ ڕای بەڕێزتم كە دەبێ لیژنەی یاسا هیچ مادەیەک نەگۆڕێ، ئەوەی بەڕێز سەید حەسەن دەڵێ مەسەلە ئەوە نییە كە لیژنەی یاسا تەنها ببێتە لیژنەی داڕشتن، نەخێر، لیژنەی یاسا ئەركی زۆر گرنگی هەیە داڕشتنی یاسایی لەگەڵ داڕشتنی ئەدەبی جیایە، بەڵام ئەمە داڕشتنی یاساییەو، زۆر گرنگیشە، لەوانەیە ئەدیبێک، یان سیاسیەک، یان ئابووری ناسێک نەتوانن داڕشتنی یاسایی بكەن، بەڵام لادانی مادەكە وەكو بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن فەرمووی مافی لیژنەیە كە لایبەرێت، سوپاس.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجــــوومـــــەن.**

من وەكو یاساناسێک پشتگیری ڕای بەڕێزت دەكەم، لە بەر ئەوەی لیژنەی یاسایی ئیشوكارەكەی ئەوە نییە كە تەنها شت لە داڕشتنی لیژنەكانی تر بگۆڕێ، بەڵام ئیشی ئەوەیە ئەو یاسایە، یاخود ئەو مادانەو، ئەو داوا كاریانەی كە بۆمان هاتووە بخەنە شێوازێكی یاساییەوە، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجــــوومـــــەن.**

سوپاسی ئەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ڕای خۆیان دەربڕی لەو بارەیەوە، بەڵام دەڵێی ئاگایان لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان نییە، بەداخەوە بە تایبەتی بەڕێز بەختیار وەک پارێزەر، چونكە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەڵێ هەر پرۆژەیەكی یاسا كە پێشكەش كرا پێشنیاری لیژنەی یاسایی، لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی پەیوەندیدار دەخوێنرێتەوە.

پێشنیارْ زۆر جیاوزی هەیە لەگەڵ داڕشتن ئەو زاراوەی لە بەردەستمانە ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاساییە، خۆی بەڕاستی دەبێ لیژنەی ئەوقاف پێشنیاری هەبێت بەرامبەر بەو پرۆژەی وەزارەت و، لیژنەی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز حـــســـێن عـــارف عـــەبدولڕەحـــمـــان:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجــــوومـــــەن.**

من دەمەوێ حەقیقەتێک بۆ بەڕێزان ئاشكرا بكەم، لە فەرمانگەكاندا كادری یاسایی زۆر كەمە، هەموو ئەوە دەزانین (١٠ــ ١٥)ساڵە قوتابی كە لە كۆلیژی یاسا دەردەچن هەرگیز ڕووناكەنە فەرمانگەكان، چونكە ئەوان ئامادەنین مانگانە بە مووچەی (١٠٥ــ١٥٠)دینار دابمەزرێن، لە كاتێكدا لە پارێزەرایەتی دەسكەوتێكی زۆر لەوە زیاتر بۆ خۆیان مسۆگەر دەكەن، زۆر كادری تریش كە لە فەرمانگەكاندا هەبوون وازیان هێناوە، یان خانەنیش كراون، لە بەر ئەوە بەداخەوە لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو وەزارەتەكان و، دەزگاكان كە پرۆژەی یاساكان دادەنێن، پرۆژەكان یەكجار لاوازن لەرووی ناوەڕۆک و، مادەكانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا هەموو لایەک ڕێزیان دەگرێ، چونکە بە دەوری خۆیان هەڵساون و، ئیشوکارێکی زۆریان کردووە.

ڕای لیژنەی یاسا وایە کە سەرۆکایەتی دەوری هەبووە لەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بەباشی جێبەجێ نەکراوە، چونکە دەبێ لیژنەی پەیوەندیدار لەگەڵ لیژنەی یاسا پێش وەخت دابنیشن، بۆ ئەوەی دارشتنی یاسایی بۆ پرۆژەکان بکەن.

من سوورم لەسەر ئەوەی لیژنەی یاسا ناتوانێ شت لە ناو پرۆژەکاندا لابەرێت، بەڵام ئەوان لە کاتی گفتوگۆ کردنی یاساکەدا مافی ئەوەیان هەیە کە تێبینییەکانی خۆیان بدەن و، بڵێین ئەوە ڕای لیژنەی یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ لیژنەی یاسا بەڕاستی زۆر ماندوون، بەڵام حەز دەکەم لیژنەی یاسا ڕەچاوی ئەو مادەیە بکەن لە پێڕەوەی ناوخۆی ئەنجوومەندا کە دەڵێ:

يتم تشكيل اللجان التالية:-

١- لجنة الشؤون القانونية تنظر فن كافة المسائل ذات الطابع القانوني المحالة اليها كما تخص بصياغة القوانين وسلامته من الناحية القانونية اللغوية وتحيلها على المجلس للمناقشتها. على أن يكون اغلبية اعضائها ممن يحملون الشهادة الجامعية.

بە پێی ئەم مادەیەی سەرەوە بۆیان نییە شت لابەن لە هیچ پرۆژەیەکی یاسایی، بەڵام دەتوانن ئاماژە بۆ پێشنیاری (بديل) بکەن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەزم دەکرد بەڕێز بەختیار (سن القوانين)ی بخوێندبایەوە، بۆ ئەوەی بزانێ یاسا چۆن یاسا دادەنرێ و؟، دەسەڵاتی لیژنەی یاسا چییە؟، ئێمە لەو یاسایەدا بەپێی پێڕەوی ناوخۆ کارمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوو مادە هەیە پاشان کە یاساکە تەواو بوو دێینەوە سەری، یەکەمیان بابەتەی دەرماڵەیە، دووەمیان بابەتی (ئەنجوومەنی باڵای ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی). ئێستا مادە (٩) دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادەی نۆیەم وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەتێکڕای دەنگ مادە (٩) پەسند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة(١٠):- على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە (١٠) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەتێکڕای دەنگ مادە (١٠) پەسندکرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة(١١): ينفذ هذا القانون بتأريخ تصديقه واصداره من قبل المجلس الوطني لكوردستان العراق.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە (١١) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەتێکڕای دەنگ مادە (١١) پەسند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

الاسباب الموجبة:

نظرا لانبثاق المجلس الوطني لكوردستاني المعبر عن الارادة الحرة لشعب كوردستان، ولما لهذا الحدث السياسي الهام من تأثير على حياة شعب كوردستان والمنطقة بأسرها، من كل الجوانب، وللعمل على إجتثاث جذور جميع الاجراءات والمفاهيم التي حاول النظام الدكتاتوري، دون جدوى من تثبيتها بشكل يخدم توجيهات هذا النظام الظالم، ومحاولاته الفاشلة في استغلال الدين الاسلامي الحنيف وعلمائه الافاضل لابعادهم عن روح الاسلام الذي يأمر بخدمة الوطن والتفاني في سبيل الدفاع عنه وأخذ بمبدأ الشورى والعدل الشامل بين أبناء المجتمع الواحد دون تمييز بسبب اللون أو الدين أو الجنس، وللعمل على تربية المجتمع الكوردستاني بما يتماشى والقيم النبيلة للدين الاسلامي الحنيف وللحيلولة على غايات عدم استغلال الدين كوسيلة لخدمة غايات سياسية تبعده عن جوهرة الاصيل ولاستحداث وزارة بأسم وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية للاقليم ولرعاية المؤسسات الدينية والنهوض بها والحفاظ على التراث الديني لشعب اقليم كوردستان فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمەش ئەو (أسباب موجبە)یە کە لەوەزارەتەوە بۆمان هاتبوو:

«بالنظر لألغاء هيئات وتشكيلات الحكم الذاتي بما فيها الامانة العامة لأدارة شؤون الاوقاف

وانبثاق المجلس الوطني لاقليم كوردستان وتشكيل حكومة لاقليم كوردستان العراق وأستحداث وزارة بأسم وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية للاقليم لأدارة الاوقاف ورعاية المؤسسات الدينية والنهوض بها ولأجل زيادة متطلبات الوزارة وكفاءتها وتمكينها من آداء مهامها بصورة كاملة ورفع مستوى أقسام وأجهزة الوزارة من جميع الوجوة والحفاظ على التراث الدين لشعب اقليم كوردستان فقط شرع هذا القانون»

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا هەردوو (أسباب موجبە)کە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە (أسبابی موجبەی) وەزارەت وەربگیرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ ... ٣٣ کەسە لەگەڵە. کەواتە (إسباب موجبە)ی لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە.

، کێ لەگەڵ ئەوەیە (أسبابی موجبە)ی کە لیژنەی یاسا پێشنیاری کردووە وەربگیرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ .. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ (أسباب موجبە)ی کە لیژنەی یاسا پێشنیاری کردبوو پەسند کرا.

ئێستا ئەو دووە مادەیە ماوەتەوە: یەک دەربارەی دەرماڵەی وەزارەتی ئەوقاف، ئەوی تریان دەربارەی (ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی)، ئەگەر راو بۆچوونی تر نییە دەیان خەینە دەنگدانەوە؟..

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەو دوو مادەیە وەکو خۆیان پەسند بکرێن با دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسند کران.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی مادە (٤) کە دەڵێ:(ترتبط بمركز الوزارة) لیژنەی یاسا راسپێردرا بەشێوەیەکی تر دایڕێژێ، بەڵام وادیارە لایان بردووە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت ئەو پێشنیارەی بەڕێز کاکەڕەش کردی راستە (مجلس علمی) پێویستە هەبێ، بەڵام لە یاساکەدا نەهاتووە، تەنیا ئاماژەی بۆکراوە (ترتبط بالوزير أو وكيل الوزير) ئەوەش نیشانەی دامەزران نییە، بۆیە بەرای ئێمە مادەیەک یا برگەیەک زیاد بکرێ لە دوای مادە (٧) بەو شێوەیە بێت: (يشكل مجلس علمي ويرتبط بوكيل الوزارة)، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من بڵێن(يتكون المجلس العلمي للذين لهم مكانة علمية ولا يقل عددهم عن خمسة) ئەوەی تر زیادە بدەینە دەست بەڕێز وەزیر، ئەگەر بیەوێ زیاتر بکا، بەڵام لە پێنج کەس کەمتر نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم لیژنەیەک بۆ وەرگێران پێک بهێنرێت، بۆ ئەوەی یاساکان وەربگێرێ و، ئەندامان لە کاتی گفتۆگۆ کردندا بەرهەڵستی نەکەن، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

داوا دەکەم کە لیژنەکان ئێواران دەوام بکەین، چونکە کاتمان پێویستە بۆ ئەوەی ئیشوکارەکان بە ڕێکوپێکی بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ مەسەلەی دیاری کردنی کات سەرۆکایەتی لەگەڵ بەڕێزان سەرۆکی هەر دوو کوتلەکان باسی دەکاو، لە ئەنجامی ئەوە پێتان ڕادەگەیەنین.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داوا دەکەم لە بەڕێز وەزیری ئەوقاف کە بارەگای ناو مزگەوتەکان نەهێڵن، چونکە زۆر لە حزبەکان ئەو مزگەوتانەیان کردووە بە بارەگای خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٢-٣ خاڵم هەبوو لە یاسایەکەدا دەمویست باسی بکەم، ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ماوەم پێ بدا ت.

یەکەم: دەربارەی ئەو حزبانەی کە مزگەوتەکانیان داگیر کردووەو، کردوویانە بە بارەگای خۆیان، ئێمە زۆر نووسراومان کردووە بۆ وەزارەتی ناوەخۆ، لە ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا باسمان کردووە،بڕیاری پێ دەرچووە چۆڵ بکرێن، بەڵام تا ئێستاچۆڵ نەبووە، ئێمە ناتوانین دەریان بکەین دەبێ سەرکردایەتیی سیاسی، یان وەزارەتی ناوخۆ بەهێز دەریان بکات.

دووەم: سەبارەت بە مەسەلەی فرۆشتنی موڵک، بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران فرۆشتنی هەموو موڵکێک ڕاوەستاوەو، بێگومان ئەوە ئەوقافیش دەگرێتەوەو، بەرای ئێمە جایز نییە موڵکی ئەوقاف بفرۆشرێ، دوایی ئێمە پرۆژەیەکی یاسا دەربارەی ئەو بابەتە پێشکەشتان دەکەین.

سێیەم: هەندێ فەرمانبەری ئەوقاف لە ناو خانووەکانی پەرلەمانن ئێستا ئەوان بەپێی بڕیاری پەرلەمان لەو خانووانە دەردەکرێن و، بێ شوێن دەمێننەوە، بۆیە من داوا دەکەم چارەیەکیان بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ مەسەلەی خانووەکان، ئێستا بڕیارێک هەیە کە ئەو خانووانە بە گشتی بگەڕێنەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، ئەنجوومەنی وەزیران، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوە مافی ئەوانەو، هیچ ئیستسنایەکی نییە.

کەرەم کە بەڕێز عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من داوا دەکەم کە پەلە بکرێ لە یاسای حزبەکان کە زۆر پێویستە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەکەمان، ئەوەش وەزارەتی ناوخۆ پرۆژەی یاساکەمان بەزووترین کات پێشکەش بکات، هەروەها بۆ یاسای چاپەمەنیش وەزارەتی ڕۆشنبیری پرۆژەی یاسایەک ئامادە بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە هەفتەی جارێک لەگەڵ سەرەک وەزیران و، وەزارتە پەیوەندیدارەکان کۆدەبینەوە ئەتوانن هەرچی پرسیارێک هەیە ئاراستەی ئەوانی بکەن.

دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ هات..

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# یاسای سزادانی هەڵگرتن و دروست کردن و بەکارهێنانی تەقەمەنی(متفجرات ومفرقعات)

١- هەرکەسێ بەبێ مۆڵەت پێدانی پێدانی لەلایەن دەسەلاتێکی میری ی دەسەلات پێدراوەوە تەقەمەنی(متفجرات ومفرقعات) دروست بکا یا لەدەرەوە بیهێنێ (استیراد) یا لەلای بێ، بەزیندانی کردن کەلە پانزدە ساڵ زیاتر نەبێ سزا دەدرێ. ئەو شتانەش بە حوکمی تەقەمەنی دادەنرێن کە بۆ پێکهێنانیان بەکار دەهێنرێن. هەروەها ئەو جیهازو ئامێرو ئەدەواتانەش کە بۆ دروست کردن وتەقاندنیان بەکاردەهێنرێن.

٢- هەرکەسێ تەقەمەنی(متفجرات ومفرقعات)ی بەئامانجی تێکدان یارێکەوتن لەگەڵ دوژمنانی گەلی کوردستاندا بەکارهێنا، یادەستی دایە بەکارهێنانی (شروع) بەشێوەیەک کە ژیانی خەڵکی بخاتە مەترسییەوە، یا زەرەرێکی گەورە بەکەسان بگەیەنێ یا ببێتە هۆی مردنیان، بەئیعدام کردن سزا دەدرێ.

٣- دەبێ وەزیرە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

٤- ئەم یاسایە دوای پانزدە رۆژ لە بلاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**

**و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای وەزارەتی ئەوقاف و
# کاروباری ئیسلامی

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- وەزارەت:وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی ی هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی.

٤- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی.

٥- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی باڵای ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە کاردەکا:

یەکەم: گەشەپێدانی تێگەیشتن (وعی)ی ئیسلامی وبلاوکردنەوەی رۆشنبیریی ئیسلامی و جەوهەری پەیامە شکۆمەندەکەی.

دووەم: بەتەنگەوە هاتنی شوێنە پیرۆزە ئایینی یەکان و رێکخستنی بەرێوەبردنیان وپاراستنیان.

سێیەم: دابین کردنی پێویستییەکانی باشترین ولەبارترین شێوەی بەجێ هێنانی فەریزەتی حەج.

چوارەم: بایەخدان بەکاروباری دام ودەزگا ئیسلامی وخێرخوازەکان وپەرەپێدانیان لە رووی ئیداری و هونەری و دارایی ورێک وپێکی و خزمەتگوزارییەوە.

پێنجەم: رێکخستنی کاروباری بەرێوەبردنی ئەوقاف و سەرپەرشتی وچاودێری کردنی.

شەشەم: خستنەوەکاری ماڵ ومولکی ئەوقاف بەشێوەی جۆراوجۆری ئەوتۆ کە پاراستن وگەشەپێدانیان لەچوارچێوەی بنەما گشتییەکان نەخشەی گەشەپێدانی هەرێمی مسۆگەر بکا، لەسەر ئەو بنچینانەی لەگەڵ حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامیدا دژ بەیەکترنین.

حەوتەم: بایەخدان بە جێبەجێ کردنی مەرجەکانی خاوەن وەقفەکان کە ئامانجیان بەدیهێنانی هاوکاری ی کۆمەڵایەتی وپێشکەوتنی کۆمەڵگایە.

هەشتەم: گرنگیدان بە ئایینی پاکی ئیسلام وسامانەکەی وڕێزگرتن لەزانایانی ئایینی ئیسلام وپاراستنی پایەو پلەی کۆمەڵایەتییان و خۆشکردنی باری ژیانیان ودابین کردنی پێویستیەکانی چالاکیی ئایینی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بۆیان.

نۆیـــەم: بەهێز کردنی پەیوەندیی ئایینی لەگەڵ گەلانی جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی وجیهان بەگشتی.

دەیـــەم: بیناکردنەوەی مزگەوتە وێرانکراوەکـان ودروست کردنی ئەوقوتابخانە ئایینی یانەی پێ یانەوە بەندن.

**ماددەی سێ یەم:**

یەکەم : وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە ویەکەم بەر پرسیاری جێ بەجێ کردنی سیاسەتەکەی و سـەرپەرشـتی وچاودێری کـردنی بەجـێـهـێنانی یاسـاو پەیڕەو ورێنمـایی یەکـانێـتی. هەرلەویشەوە ئەو بریارو فەرمان ورێنمایی یانە دەردەچن کە پەیوەندیان بە ئەرکەکانی وەزارەت ودایەرەکانی ودەسـەڵاتەکانیـان وگشت کـاروبارەکـانی نەخشـەدانـان وهونەری وئیـــداری و دارایی ورێک وپێکی یەوە هەیە، بەپێ ی حـوکـمی یاسـاو پێـڕەوە رەچاوکراوەکان. هەروەکو بەرامبەر بەئەنجوومەنی وەزیران بەرپرسیارە بەو مانایەی کە ئەندامێکی هاوبەشێتی.

دووەم : وەزیر بۆی هەیە هەندێ لەدەسـەڵاتەکـانی خـۆی بەبریکاری وەزارەت یا هەر یەکێ لە سەرۆک و بەڕێوەبەرەکانی دایەرەکانی بسپێرێ.

سێ یەم : وەزیر بۆی هەیە لیـژنەی هەمـیـشـەیی یا کـاتی لەوەزارەتدا پێک بهـێنێ کـەئەرکی تایبـەتی ی پەیوەنداریان بەچالاکی هەڵسـوکـەوتی وەزارەتەوە بەپێ ی حوکمی یاسا رەچاوکـراوەکـان و پەیڕەوو رێنمـاییـەکـانیـان پێ دەسـپێـردرێ بۆیشی هەیە سوود لە هاریکاریی کارمەندانی پسپۆڕ لەناوەوە ودەرەوەی هەرێمدا ببینێ.

**ماددەی چوارەم:**

یەکـەم : بریکاری وەزارەت ئەو ئەرک ودەسـەڵاتانە بەجێ دێنێ کە وەزیر لەچوارچێوەی ئامـانجـە گشـتی یەکانی وەزارەت ودەسـەڵاتەکانی دایەرەکـانیدا پێ یانی دەسـپێرێ وبڕیاردەی وەزیر دەدا لەرێ نیـشـاندان وسەرپەرشـتی کـردنی کاروباری هونەری وئیداری ودارایی ورێک وپێکی یان بەپێ ی ئەو ئامـۆژگـاری یانەی لەوەزیرەوە بەپێ ی حـوکـمی یاسـاو رێنمایی یە رەچاو کراوەکان بۆی دەستنیشان دەکرێن.

دووەم : بریکاری وەزارەت بۆی هەیە هەندێ لە دەسـەڵاتەکـانی بەبەڕێوەبەری گـشـتـیـی دیوان وبەڕێوەبەرەکـان لە پارێزگـاکـانی هەرێمـدا بسـپـێـرێ وئەوانیش لەچوارچێـوەی راسـپـاردەکـانیـدا سـەبارەت بەو دایەرانەی سـەرۆکـایەتی ی دەکـەن، لەبەرامـبـەریدا بەرپرسیاردەبن.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزارەت لەم دام ودەزگایانە پێک دێ.

١- نووســـینـگـەی وەزیر : مـــووچەخـــۆرێک بەپلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبا وچەند

مووچەخۆرێک بەپێ ی پێویست یاریدەی دەدەن.

٢- نووسینگەی بریکاری وەزارەت : مووچە خۆرێک بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکا وچەند مووچەخۆرێک بەپێ ی پێویست یاریدەی دەدەن.

٣- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی دیوان : ئەم بەڕێوەبەرێتی یانەی پێوەدەبەسترێنەوە:

أ - بەڕێوەبەرێتیی کەسان وخزمەتگوزاری ئیداری.

ب- بەڕێوەبەرێتیی ژمێریاری وچاودێری وپێداچوونەوە.

ج- بەڕێوەبەرێتیی مزگەوت ودەزگا وقوتابخانە ئایینی یەکان.

د - بەڕێوەبەرێتیی موڵک وکاروباری یاسایی.

هـ - بەڕێوەبەرێتیی نەخشەدانان وبەدواداچوون.

و - بەڕێوەبەرێتیی رابەرایەتیی ئایینی وکاروباری حەج.

ز - بەڕێوەبەرێتیی ئاوەدانکردنەوەو ئەندازیاریی.

ح- بەڕێوەبەرێتی یەکانی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی لەپارێزگاکانی هەرێمدا.

ط- بەڕێوەبەرێتیی لێکۆڵینەوە وکتێبخانەکان.

**ماددەی شەشەم:**

دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری گشتی ی دیوان بەرێنمایی یەک دیاری دەکرێن کە وەزارەت دەری دەکا.

## ئەنجوومەنی باڵای ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی

**ماددەی حەوتەم:**

یەکەم: ئەنجوومەنێک لە مەڵبەندی وەزارەتدا پێک دەهێنرێ کە پێ ی دەووترێ ئەنجوومەنی باڵای ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی و پەیوەندیی بەوەزیرەوە دەبێ وبەم جۆرەی لای خوارەوە پێکدێ:-

أ - وەزیر سەرۆک

ب- بریکاری وەزارەت جێگری سەرۆک

ج- نوێنەری وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار بەپلەیەک کەلە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ. ئەندام

د- نوێنەری وەزارەتی دارایی ئابوری بەپلەیەک کە لەبەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ. ئەندام

هـ- نوێنەری وەزارەتی کشت وکاڵ وئاودێری بەپلەیەک کە لەبەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ. ئەندام

و- بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەت. ئەندام.

ز- بەڕێوەبەرەکانی ئەوقاف لە پارێزگاکانی هەرێمدا. ئەندام.

ح- چوار لە گەورە زانایانی ئاینی کە وەزیر بۆ ماوەی سێ ساڵ و دەشکرێ نوێ بکرێنەوە هەڵیاندەبژێرێ. ئەندام.

دووەم:

أ- وەزیر بۆی هەیە لەکاتی ئامادەنەبوونیدا بریکاری وەزارەت بکاتە سەرۆکی ئەنجوومەن.

ب- هەر ئەندامێک لەئەندامە ئەسڵی یەکانی ئەنجوومەن، ئەندامێکی یەدەگی بۆ دادەنرێ کەلەکاتی ئامادەنەبوونیدا لەکۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن دا جێگەی دەگرێتەوە.

ج- ئەنجوومەن بۆی هەیە لەکاتی پێویستیدا ولەسەر داوای وەزیر هاوکاری لەکارمەندان بخوازێ.

سێ یەم: دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەن بەپەیرەوێکی تایبەتی دەستنیشان دەکرێن.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەنجوومەنێکی زانستی لەوەزارەتدا پێک دەهێنرێ وپەیوەندی لەگەڵ بریکاری وەزارەتدا دەبێ. دەزگا و دەسەڵاتەکانیشی بە پێیرەوێکی تایبەتی دیاری دەکرێن.

## چەند حوکمێکی جۆراو جۆر

**ماددەی نۆیەم:**

دامودەزگاکانی مەڵبەندی وەزارەت وئەرکەکانیان پەیرەوێک دیاری دەکرێن. ئەرکەکانی ئەو بەڕێوەبەرێتی یانەشی کەمەڵبەندی وەزارەت پێکدەهێنن ئەرکەکانی بەڕێوەبەرێتییەکانی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ولقەکانیان بەڕێنمایی یەک دیاری دەکرێن کە وەزیر دەری دەکا.

دووەم: وەزیر بەپێ ی ڕێنمایی یەک کە دەری دەکا بۆی هەیە بەڕێوەبەرێتی وبەش و لقی نوێ لە وەزارەت ودایەرەکانیدا دابمەزرێنێ بەمەبەستی ڕێک وپێکی و دیاری کردنی ئەرکەکانیان وئاڵ وگۆڕکردنی ئەوئەرکانە وخستنەپاڵ یەکتری هەرکام لەو دامەزراوانەی ڕێکخستن یاجیاکردنەوەیان لەیەکتر یا ئاڵ و گۆڕپێکردنی پەیوەندی یان یا هەڵوەشاندنەوە یان بەپێ ی پێویستی لەکردەوەدا.

سێ یەم: وەزیر بۆی هەیە پارە وەک تەرخان وخەڵات (مخصصات ومكافأت) بدا بە غەیری مووچەخۆران لەئەندامانی ئەنجوومەن ولیژنە پابەندەکانی وەزارەت وخەڵاتی هاندانیش بدا بەکارگەرانی وەزارەت بەپێ ی ڕێنمایی یەک کەبۆ ئەم مەبەستە دەری دەکا.

**ماددەی دەیەم:**

گشت ئەویاساو وپەیرەوو بڕیارو ڕێنمایی یانەی تایبەتن بەئەوقافەوە بەکارپێکراو دادەنرێن تاکاتی دەرکردنی ئەوانەی جێگەیان دەگرنەوە یاهەڵدەوەشێنرێنەوە بەمەرجێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک نەبن.

**ماددەی یانزدەیەم:**

دەبێ وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی دووانزدەیەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**

**و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## «هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە»

لەبەر سەرهەڵدانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کە دەربڕی راستەقینەی ئیرادەی سەربەستی گەلی کوردستانە ولەبەر کاریگەری ئەم رووداوە سیاسی یە گرنگە لەژیانی گەلی کوردستان وسەراپای ناوچەکەدا لەگشت روویەکەوە وبۆ هەوڵدانی دەرکێشانی رەگ وریشەی هەموو ئەو کارو کردەوانەی رژێمی دکتاتۆری بێ ئەوەی دادی بدەن- ویستویەتی بیانچەسپێنێ بەشێوەیەک کە خزمەتی رێبازەکانی ئەم رژێمە زۆردارە بکاو لەبەر ئەو تەقەلاسەرنەکەوتووانەی بۆ بەکارهێنانی ئایینی پاکی ئیسلام وزانا بەرێزەکانی داوێتی بەنیازی دوورخستنەوەیان لەگیانی ئیسلام کەفەرمان بەخزمەتکردنی نیشتمان وخۆبەختکردن بۆ بەرگری لێکردنی دەدا وداوای کارکردن بەبنەمای شووراو دادپەروەری دەکا لە مامەڵەکردنی نێوان خەڵکانی یەک کۆمەڵگادا بەبێ جیاوازی بەهۆی رەنگ ودین ورەگەزەوە، هەروەها بۆ پەروەردەکردنی کۆمەڵگای کوردستان بەجۆرێک کەلەگەڵ بەها پیرۆزەکانی ئایینی پاکی ئیسلامیدا بگونجێ وبۆ ئەوەی ماوەنەدرێ کە ئایین وەک رێگایەک بۆ خزمەتی ئامانجێکی سیاسی ئەوتۆ بەکاربهێنرێ کەلە جەوهەرە رەسەنەکەی دووری بخاتەوە و لەبەر پێکهێنانی وەزارەتێک بەناوی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی یەوە لەهەرێمدا وبۆ یاریدەدان وپەرەپێدانی دەزگا ئایینیەکان و پاراستنی سامانی ئایینی ی گەلی هەرێمی کوردستان، ئەم یاسایە دەرکرا.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٤٦)

سێ شەممە ڕێکەوتی ٣/١١/١٩٩٢

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤٦)

## سێ شەممە ریكەوتی٣/١١/١٩٩٢

*سەعات (١٠)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە ریكەوتی ٣/١١/١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا جێگری سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سكرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی دانیشتنی ژمارە (٤٦)ی خولی یەكەمی ئاسایی ساڵی یەكەمی خۆی سازدا. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەرێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنەكەی دەست پێكرد.*

**بەرنامەی كار:**

**١ــ بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری.**

**٢ــ تازە بابەت.**

**بەرێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

لە پرۆگرامی ئەمرۆماندا خاڵێك هەبوو كە بریار بوو بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە بێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكان، بەداخەوە تائێستا دواكەوتووە، لەبەر ئەوە خاڵی یاسای وەزارەتی كشتوكاڵ دەخەینە روو، هەر كاتێك بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە بوو گفتوگۆی یاساكە دوادەخەین.

**بەرێز خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەكەم لە كاتی گفتوگۆ كردنی یاسای كشتوكاڵ و ئاودێری بەرێز وەزیری كشتوكاڵ ئامادە بێت، لەبەر ئەوەی ئێمە چەند تێبینییەكمان هەیە، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئێمە هەوڵمان داوە بۆ ئەوەی بەرێز وەزیری كشتوكاڵ ئامادە بێت و، هیواداربن ئەمرۆ بتوانین گفتوگۆی ئەم یاسایە بكەین.

**بەرێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

دەقی یاساكەمان لا نییە، دوێنێ داوامان كرد كە بەرنامەی وەزارەتەكان بەكوردی وعەرەبی بێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی تێبینی بەڕێز عومەردەکەم، بەڵام سەرۆکایەتی چاوی لەوە نییە کە داوای قسەکردنی کردبێت.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ زۆر گرنگە، لەبەر ئەوە پێویستە لیژنەیەکی پسپۆڕ دیراسەی بکات و هەموو یاساکانی دارێژێت و، ئێمەش زۆر کادری لێهاتوومان هەیە لەبوارەدا کە پسپۆڕیان هەیە لە کشتوکاڵ و، وەکو ئێمەش دەزانین ژیانی خەڵکی کوردستان بەندە بە کشتوکاڵ، لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە بە زووترین کات یاساکانی کشتوکاڵ دابنرێن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵە، یاسایەک نییە بۆ چاک کردنی کشتوکاڵ، ئێمە واچاوەڕوان ئەکەین کە وەزارەت یاسای خۆی پێشکەش ئەکات، پاشان ئێمە کە بێت ئەینێرین بۆ لیژنەی کشتوکاڵ و، بۆ لێکۆڵینەوەی، دوای ئەوە ئاراستەی لیژنەی یاسای دەکەین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

استناداً لأحكام الفقرة(١) من المادة (٥٦)من القانون رقم(١)لسنة١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير الزراعة والري، ووافق عليه مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق.

قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ( / /١٩٩٢).

اصدار القانون الآتي:

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان پرۆژەی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری، لەگەڵ پرۆژەی لیژنەی یاسادا تەنیا لەوەی وەزارەتدا (بناء على ماعرضه) نییە. ئێمە ئەوەمان بۆ زیادە کردووە:( بناء على ماعرضه وزير الزراعة والري وافق عليه مجلس الوزراء لاقليم كوردستان)، چونکە لەمەودوا کلێشەی هەموو یاساکان بەم شێوەیە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٢

قانون

وزارة الزراعة والري لاقليم كوردستان العراق

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون.

١-الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

٢-الوزارة: وزارة الزراعة والري للاقليم.
٣-الوزير: وزير الزراعة والري للاقليم.
٤-وكيل الوزارة: وكيل وزير الزراعة والري للاقليم.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەرهیچ تێبینییەک هەیە لەسەر مادە (١)، تکایە دەست بەرزبکەنەوە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پرۆژەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ نازانم بۆچی ئەندامانی لیژنەی یاسا وشەی (اقلیم)یان بۆ زیاد کردووە؟، بۆ خۆی یاساکە وایە (قانوون وزارة زراعة والري في اقليم کوردستان)، وشەی (لأقليم کوردستان) چەند جار دووبارە کراوەتەوە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم لە پرۆژەی وەزارەتدا چۆن هاتووە نەگۆڕدرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر ئەو پێشنیارەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لاقليم) نووسراوە نەک (لاقليم کوردستان)، ئێمە ویستمان وەکو کەسایەتییەک دیاری بکەین و، رامان وا بوو کەوا (للاقليم) بنووسرێت لەسەرەوەش وشەی(اقليم) خۆی پێناسە کراوە، لەبەر ئەوە لە خوارەوە تەنیا (اقليم)نووسراوەو، نەمان گوتوە (اقليم کوردستان العراق)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو وشەی (اقليم) لاببرێت تکایە دەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ ئەیەوێ بمێنێتەوە؟. بەزۆری دەنگ پەسندکرا وشەی (إقليم) لابرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثانية: تتولى الوزارة المهام التالية:

١- وضع الخطط الزراعية بما يحقق تنمية الانتاج الزراعي بشقيه النباتي والحيواني ورعاية وتطور الغابات.
٢- تقديم الخدمات الارشادية، وتوفير مستلزمات الانتاج الزراعي والسهام في تعزيز التعاون الزراعي واجراء البحوث الزراعية التطبيقية بهدف تطوير الانتاج الزراعي في الاقليم.
٣- التخطيط للموارد المائية في الاقليم وإنشاء السدود والمشاريع الاروائية واستصلاح الاراضي وصيانتها واستغلال المياه السطحية والجوفية وتشغيل وصيانة المشاريع الاروائية ودرء اخطار الفيضانات والسيطرة على السيول واحواض الانهر.

٤- القيام بالدراسات الخاصة بمشاريع الري، ووضع التصاميم واعداد المناهج لها والعمل على تنفيذها عن طريق تشكيلاتها والاستشاريين المحليين او الاجانب.

٥- تنفيذ المشاريع الموكلة اليها مباشرة اومن قبل اجهزتها التنفيذية او المقاولين المحليين او الاجانب والاشراف على تنفيذها ومتابعتها.

٦- العمل على توفير البذور المحسنة والاسمدة الكيمياوية والمبيدات وتأمين الادوية واتباع السبل الكفيلة بزيادة الانتاج وتحسينه.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كاك ئەیاد خوێندیەوە ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاسایە. بڕگە (١) وەكو خۆی هاتوتە خوارێ لەگەڵ رای وەزارەت تەنیا (ورعایة تطویر الغابات) بۆ زیاد كراوە.

بڕگە (٢) لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی كشتوكاڵ جیاوازی هەیە، بۆ ئاگاداریتان تەنیا راپۆرتێكی لیژنەی كشتوكاڵ گەیشتۆتە دەستمان و، زۆر شتمان لەسەر ئەو بنەمایە داناوە.

بڕگە (٣) ئەوەی پێشنیاری ئێمە بریتییە لە بڕگە (٨،٥،٤) مان لێك داوە بڕگە (٣)مان لێ پێك هێنا، لەبەر ئەوەی هەندێ شتمان تیایدا بە زیاد زانی و، رای كۆتاییش بۆ پەرلەمانە.

بڕگە (٤)بڕگە (٦)ە لای جەنابتانە، بەرای ئێمە بڕگە (٥)بڕگە (٧) بڕگە (٦)ی ئێمە پێشنیارێكی زیادەیەو، رای دوایی بۆ پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثانیة:

تتولى الوزارة المهام التالیة: وضع الخطط الزراعیة بما یحقق تنمیة الانتاج الزراعي بشقیه النباتي والحیواني ورعایة وتطویر الغابات.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە لەو بڕگەیە تەنها (تهدف الوزارە) زیادە، چونكە خۆی (اهداف وزارەیە) و، (رعایە وتطویر الغابات) بۆی زیادەكراوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم بڕگەیە؟.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت مادە (٢) بڕگە (١) وابزانم ئەوەی كە وەزارەتی كشتوكاڵ خۆی نووسیویەتی تەواوترە لە هی لیژنەی یاسا، چونكە ئەو پێشنیارەی كە كراوە (رعایة تطویر الغابات) دەگەڕێتەوە بۆ (بشقیەالنباتی والحیوانی)، لەبەرئەوە بەرای من ئەوە لێرە زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادە (٢) برگەی (١)دا هاتووە (وضع الخطط الزراعية بما يحقق تنمية الانتاج الزراعي بشقيه النباتي والحيواني) من تێبینیم هەیە، لەم یاسایەدا ناوی سامانی کشتوکاڵ نەهاتووە، لەبەر ئەو پێشنیار دەکەم ئەم برگەیە زیاد بکرێ، ئەگەر ماوە هەیە بەعەرەبی دەیخوێنمەوە.

(العمل على احياء مشاريع الثروة الحيوانية في الاقليم وتطويرها بعد توفير المستلزمات في تشغيل كل المشاريع تربية الحيوانية وتوفيرها من خلال تحسين الانتاج الى اعلى المستويات وايجاد الاساليب العلمية في حمايتها من الامراض وكذلك الاهتمام بتشغيل المشاريع الاروائية الكبيرة والصغيرة وملحقاتها كالمحاصيل والمجازر)، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکم هەیە لەسەر مادده (٢) برگە (١) (وضع الخطط الزراعيه بما يحقق)... باسی هۆیەکانی پێشکەوتنی کشتوکاڵ نەکراوە من پێشنیار ئەکەم ئەم برگەیە زیاد بکرێ: الاهتمام برفع المستوي المعاشي والعلمي للفلاح، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو مادانەی کە لیژنەی یاسا لێکی داون و، ئێستا لەبەردەستی ئەندامانی بەڕێزە، وابزانم سەریان لێ شێواوە نازانن چۆنەوچۆن نییە؟، چونکە ئەوەی کە ئەو خوێندییەوە زۆر جیایە لەگەڵ ئەوەی کە لە ژێر دەستی ئەندامانداییە.

سەبارەت بە بایەخ دان بە سامانی ئاژەڵ، ئەوە لە کوردستان و، عێراقدا چەسپاوە کە ئاژەڵداری بکرێتە پیشەییەکی سەربەخۆ نەک وەزارەت پێی هەستێ، سوپاس.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئامانجەکانی وەزارەت باسی گەڕانەوەی جووتیارەکان نەکراوە بۆلادێیەکانیان، چونکە هەموو دێهاتەکان وێران کراون، پێشنیار دەکەم دوای برگە یەک ئەوە برگەیە زیاد بکرێ: (تشجيع الفلاحين العوده الى قراهم وبنائها مجددا واداء مساعدتهم فيما بعد...)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لیژنەی یاسا لاریيان نەبێت یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی کشتوکاڵ وەڵامی پرسیارە تەکنیکییەکان بداتەوە.٠د. جەلال خۆتان یەکێک دیاری بکەن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

**بەڕێز د.جـــەلال شـــەفـــیق عـــەلی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

من بەتەما نەبووم کە وەڵام بدەمەوە، لەبەر ئەوە ئامادەنەبووم بۆ پرسیارەکان، هەروەها بڕگەی نۆی: (بشقیه) لەباسی ئاژەڵدا وابزانم وەڵامی هەموو پرسیارەکان ئەداتەوە.

سەبارەت بە بابەتی بایەخدان بە فێرکردنی جووتیارەکان، وەزارەتی کشتوکاڵ ناتوانێ باری مادی جووتیارەکان دابین بکات، تەنیا ئەوەی ئەکەوێتە سەر وەزارەتی کشتوکاڵ کە مەوادی کیماویی و شتی تریان بۆ دابین بکات، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

بەرای من دەقەکە زۆر باشە تەنها یەک وشە ئەگەر ماوە هەبێت زیاد بکرێت کە بگوترێ (رعـایة وتطویر الغابات والمراعي الطبیعیة)، چونکە شـتێکی زۆر زۆر گرنگە ئەو پاوان و، شـتـانەش رەچاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئەو پرسیارانەی کەپەیوەندییان بەیاساوە هەبێت با لیژنەی یاسا وەڵامییان بداتەوە.

**بەڕێزحـــســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

سـەبارەت (رفع المستوي المعاشي والعلمي للفلاحین) ئەوە لە (الاسباب الموجبه)دا باسمان کردووە. لە بڕگە (٢)دا کە دێت: (تقدیم الخدمات الارشادیة، الخدمات الاستشاریة). ئەم دوو وشەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی جووتیارانە.

ئەو مادەی دکتۆر خسرۆ پێشنیاری کردووە وابزانم کە دەڵێ: (الشقیة النباتي والحیواني) هەمووی دەگرێتەوە، بەڵام تایبەتمەندییەکی تێدایە ئەویش (تطویر الغابات والمراعي الطبیعیة) وەکو بەڕێز کاکەڕەش گوتی لەوەرگەی سروشتی لێ زیاد بکرێت و هەردوو سیغەیەش جایزە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

خـۆی ئەوەی کە ئەڵێ (بشقیه النباتي والحیواني) هەندی جار شتی وا دێت، بەڵام بۆ سەرنج راکێشانە کە پێشکەوتنی دارستانەکان و، لەوەڕگەکان گرنگە، لەگەڵ ئەوە ئەو ئەکرێتەوە بە شتی گشتی، ئەگەر بکرێ سەرپەرشتی دارستانەکان و لەوەڕگەکان بکرێتە بە مادەیەکی تایبەتی.

**بەڕێز د. جـــەلال شـــەفـــیق عـــەلی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

بەرای من کە ئەڵێن (بشقیه النباتی) وابزانم هەموو شتێکی کشتوکاڵی دەگرێتەوە ئەوەی

لەسەر زەوی بێت، چونکە ئەگەر باسی دارستان و، لەوەرگەکان بکەین دەبێ باسی بەروبووم و بستانەکانیش بکەین، لەبەر ئەوە بەرای من برگە (١) وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە لە برگە یەکدا (رعاية وتطوير الغابات) لاببرێت، بۆ ئەوەی برگەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.
کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بکرێت بە (بشقيه النباتي والحيواني)و، (رعاية وتطوير الغابات)ی لێ لاببرێت؟.

پێشنیازێک هەیە کە ئەو (والمراعي الحيوانية) بخرێتە سەر (تطوير الغابات) واتا (المراعي الحيوانية)ی زیاد بکرێت، رایەکی تریش هەیە کە دەڵێ (النباتي والحيواني) بەسە هەتا (رعاية و تطوير الغابات)یشی لێ لاببردرێت. جا ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم برگەیە وای لێ بکرێت..؟. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فقرة ٢ : تقديم الخدمات الارشادية وتوفير مستلزمات الانتاج الزراعي والاسهام في تعزيز التعاون الزارعي واجراء البحوث الزراعية التطبيقية بهدف تطوير الانتاج الزراعي في الاقليم.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی ئێمە لەگەڵ پێشنیاری وەزارەت یەک دەگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمان پێشەکییەکەی یەکە هەتا دەڵێن: (والاشراف على تطوير القوانين ومتابعة تنفيذ النشاطات المتعلقة بالاستثمار الاراضي الزراعية بهدف تطوير الانتاج الزراعي في الاقليم)، ئێمە ئەوەمان لە لیژنەی کشتوکاڵەوە بۆهاتووە بەڵام دامان نەناوە، چونکە دەرئەنجامە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە کێ تێبینی هەیە لەسەر برگەیە؟.

**بەڕێز فەلەکەدین سایبیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کشتوکاڵ زۆر گرنگە لەکوردستاندا لێرە دێرێک هەیە من پێشنیار ئەکەم بخرێتە سەر مادەی دوو واتە ببێت بە: (الاساليب والنظم الحديثة في الانتاج والتوزيع والخزن)، ئەگەر ئەوە وەکو پێشنیازێک جێگەی دەبێتەوە بخرێتە سەری، ئەگەر نا بکرێتە مادەیەکی جیاواز، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەم پێشنیارەت بەنووسین پێشکەشی بکە.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە مادەی (٢)دا دەبینین هیچ باسی ئەرکی وەزارەت ناکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەویوزار، چونکە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەم وەزارەتەیە کە پلانێکی فراوان دابنێت بۆ ئاسان کردنی جێ بەجێ کردنیی یاساکە، بەراستی خۆ ئێمە هەتا هەتایە لەسەر یاسای مادە (٩٠) نارۆین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە ئێستا باسی یاسای ژمارە (٩٠) ناکەین، من گوتم ئەگەر لە بارەی تەکنیکییەوە تێبنیت هەیە قسە بکە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم پێشنیارەی بەڕێز فەلەکەدین کردی لەسەر برگە (٦)کە ئەوەش هەر پێشنیازی ئێمە بوو: «والعمل على توفير البذور المحسنة والاسمدة الكيمياوية والمبيدات وتأمين الادوية. واتباع السبل الكفيلة بزيادة الانتاج وتحسينة» ئەمەش زیادکەین و«الاساليب والنظم الحديثة في الانتاج والتوزيع والخزن» لەگەڵ برگە «٦»دا دەگونجێت زیاد بکرێت، ئەگەر پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برگەی (٦)خۆی لەبنچینەدا زیادەیە، چونکە لە برگەی (٢)دا ئێمە باسی (مستلزماتی انتاجی زراعیمان) کردووە، چونکە برگەی (٦) هێشتا ماوە بێینە سەری لەبەر ئەوەی پێشنیارەکەی بەڕێز کاک فەلەکەدین لێرەدا جێی نابێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە برگەی (٢)دا جێگەی دەبێتەوە.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەتوانین، بیخەینە برگەی (٢)، بەڵام شێوەکەی پێویستی بەهەندێ گۆڕین دەبێت، ئەگەر لەگەڵ لیژنەی یاسا ئەوە بڕیار بدەین، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە پێڕەوی ناخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانییدا ئەڵێت مادە بە مادە دەنگ لەسەر یاسا بدرێت، ئێمە ئەوە برگە بەبرگە گفتۆگۆی دەکەین ئەمە یاسایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە ئەمە لەجێی خۆیەتی، بەڵام برگەکانی ئەم مادەیە دوور و درێژە، لەبەر ئەوە هەمووی ئەخوێنینەوە پاشان دێینە سەر مادە بەمادە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من لەرووی یاساییەوە نابێت دەنگدان لەسەر برگە برگە بکرێت، ئێمە دەتوانین برگەکان یەکە یەکە گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەڵام پاشان مادەکە بە گشتی بخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەکەدا هاتووە دەڵێ: (والاسهام في تعزيز التعاون الزراعي) دەبوایە بگوترایە:(والعمل على تأسيس التعاونيات الزراعية)، چونکە (اسهام في تطوير) مانی وایە دەبێت (تعاونيات) هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتێک ئێمە گوێمان کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەومادەیە بەڕێزت دەستت بەرز نەکردەوە، لەبەر ئەمە ناوی جەنابتانم نەنووسیبوو.

ئێستا دەربارەی ئەو خاڵەی بەڕێز حازم باسی کرد بزانین رای لیژنەی یاسا چی ئەڵێت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان قسەکەی بەڕێز حازم یاساییە لە پێڕەودا دەڵێ: (ويناقش موضوعات القوانين مادة مادة)، بەڵام ئێمە لەبرگە «١»دا ناکۆکین لەسەری، لەبەر ئەوە دەبێ ئەم برگەیە دەنگی لەسەر بدەین پاشان مادەکە بە گشتی دەخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز حازم و بۆ لیژنەی یاسا، لەمەودوا لەسەر ئەم شێوەیە ئەڕۆین، ئێستا تێبینی لەسەر مادەی دوو تەواو بوو. تەنیا پێشنیارەکەی بەڕێز فەلەکەدین ماوە، ئایا جێی دەبێتەوە لەم مادەیە؟.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی کشتوکاڵ ئەوەیە ئەم برگەیە زیاد بکرێت (تقديم الخدمات الاستشارية وتوفير مستلزمات الانتاج الزراعي والاسهام في تعزيز التعاون الزراعي واجراء البحوث الزراعية والتطبيقية بهدف تطوير الانتاج الزراعي في الاقليم، ومكافحة، وتوفير النشاطات المتعلقة بشأن الاراضي الزراعية بهدف تطوير)، چونکە زەوییەکی زۆر هەیە فەرمانگەکان بە کرێ داویانە بە جووتیار، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕایەکەی کاک فەلەکەدین بخەینە ئەومادەیە یان نا؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێوە بڕیار بدەن ئەوەی کاک فەلەکەدین پێشنیاری کردووە، ڕای ئێمە لەگەڵ ئەو بڕگەیە کە بەگونجاوی دادەنێین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژیەتی؟.. بە تێکڕای دەنگ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا پەسند کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک تێبینیم هەیە ئەویش پەیوەندیی بەلیژنەی کشتوکاڵەوە، هەیە داڕشتنەکە بەنووسین بدرێ بەلیژنەی یاسا بۆ ئەوەی جێبەجێی بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز عەدنان قسەکانت زۆر ڕاستە، تکایە بۆمەسەلەی داڕشتن هەر تێبینییەکت هەیە بەنووسین بیدەن بەلیژنەی یاسا.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ بەڕێز عومەر سەید عەلی قسەیەکی جوانی کرد کە پەلە بکەین لە دانانی یاساکان، دەبێت لیژنە هەمیشەییەکان پێشتر بیان بینێ و، توێژینەوەی لەسەر بکات، نەک لە کاتی گفتوگۆدا تێبینییەکانی بدات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی کشتوکاڵدا بەپەسەندمان زانی بڕگە (٣)ی پڕۆژەی وەزات هەڵیگرین (تطبيق التشريعات الخاصة بالزراعة والري)، واتە (تەتبیق)ی پێ ناوێت، چونکە ئەوە شتێکی سروشتییە ئەرکە و دەبێ جێبەجێ بکرێ، لەبەر ئەوە لە پڕۆژەی ئێمەدا پێشنیاری لیژنەی کشتوکاڵ ئەمەمان نەنوسیوە.، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕای من ئەبێ ئەم بڕگەیە بمێنێتەوە و، ئەرکە بنەڕەتییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ جێبەجێ

کردنی یاساکانی وەزارەتەکەیە، ئەوی ئێستا پەیوەندیی بە زەویوزارەوە هەیە بەرای من بەم شێوەیە بێت: (تطبیق القوانین والتشریعات الخاصة بالزراعة والري، والعمل من اجل حل مشكلة الاراضي في كوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو مادەیە بخرێتە دەنگدانەوە زیادەکەشی لابیرێت و، لیژنەی یاساش لاریبان نییە لەسەر ئەمە واتا بەم شێوەیە: (تقدیم الخدمات الارشادیة، وتوفیر مستلزمات الانتاج الزراعي واجراء البحوث الزراعیة التطبیقیة والاسهام في تعزیز التعاون الزراعي)، ئەمەی زیادەیە لابیرێت،(المكافحة وتوفیر النشاطات المتعلقة باستثمار الاراضي الزراعیة بهدف تطویر مكافحة الزراعة في الاقلیم)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی چییە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە سەرەتا پێشنیاری خۆمان کردووە کە جێبەجێ کردنی یاساکان ئەرکی هەموو وەزارەتەکانەو، بەرای ئێمە ئەمە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای ئەوەی کە نووسراوە ئەمانەویت بیخەینە سەر برگە (٢) (للمتابعة وتوفیر النشاطات المتعلقة باستثمار الاراضي الزراعیة التي تدار من الاصلاح الزراعي بهدف تطویر الانتاج الزراعي في الاقلیم)، چونكە زەوییەكی زۆر هەیە كە كاتی خۆی لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە دراوە بەجووتیاران بەشێکی بە (عقد) دراوەو، بەشێکی دراوە بە (متفرغین)، لەوانەیە لە داهاتوودا كۆمپانیای کشتوکاڵی دروست بێت لەکوردستانداو، دەبێت وەزارەتی کشتوکاڵ و، فەرمانگەی کشتوکاڵی چاودێری و سەرپەرشتیان هەبێت لە سەر زەوی و زارەکان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگەی (٢) بێت یاخود برگەیەکی تایبەتی بێت؟.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەواوکەری برگەی (٢) بێت، سوپاس.

بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
(التي تحت إدارة الاصلاح الزراعي) زیادە، چونکە (دائرەی اصلاحی زراعی) نەماوە، سوپاس.
بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ئەم رستەیە (الاصلاح الزراعي والمتابعة لتنفيذ النشاطات المتعلقة باستثمار الاراضي الزراعية).
دەتوانین بیگۆڕین بیکەین بە: (بهدف تطوير الانتاج الزراعي في الاقليم)، سوپاس.
بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:
ئێستا پێشنیارەکەی بەڕێز جەلال دەخەینە دەنگدانەوە ئەو زیادەیە لەسەر برگە (٢) بکرێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا کە ئەم زیادەیە بخرێتە سەر مادە (٢).
بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
لەسەردەمی رژێمدا خەڵکانێک کە دەستیان رۆیشتووە هەندێ پارچە زەوییان وەرگرتووە، بەڵام ئێستا ئەوانە رایان کردووە بۆ ناو رژێم، ئایا ئەو زەوییانە ئێستا چییان لێ دەکرێ؟، سوپاس.
بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
بێگومان ئەوانەی کە چوونەوە ریزی دوژمن ئەوانە هەمووی موڵکەکانیان دەستی بەسەر داگیراوە، ئێمە نیازمان وایە یاسایەک دادەنێین بۆ چۆنیەتیماڵەکردن بەم موڵکانە، سوپاس.
بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:
مادەی (٣) کاک حەسەن گووتی لیژنەی یاسا ئەوەی کەلەبەر دەمایە بەکوردییەو، جێبەجێ کردنی یاسای تایبەتە، جانازانم بەڕێز عەبدولخالق رای لەگەڵ ئەوە هەبوو؟ راتان چییە لەسەر تێبینییەکەی بەڕێز عەبدولخالق.
بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
ئەوەی من تێبینیم کرد جیاوازی هەیە لە نێوان قسەکانی لیژنەی یاساو لیژنەی کشت وکاڵدا.
من رام وایە کە وشە بچەسپێت یان، زیاد بکرێت. لیژنەکان ئەوەیان زیاد نەکردووە.
لە برگەی (٢) ی مادە (٦١)ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە: (تقوم لجنة مختصة بدراسة مشروع قانون وتصدر بشأنها توصياتها واقتراحاتها). هەروەها لە برگەی (٣)ی هەمان مادەدا هاتووە: (يرفع تقرير بالاشتراك من قبل اللجنتين وبعد صياغته من قبل لجنة الشؤون القانونية يتم اصداره خلال عشرة ايام لتاريخ اللجنتين ما لم يطلب إليهما النظر فية بصورة مستعجلة يقدم

خلال «٥» ايام). مانای وایە پێویست بەوە دەکات هەردوو لیژنەکە پێکەوە بڕیارێک دەربکەن، پاشان بیخەنەروو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەوانەیە ئێمە لە سەرۆکایەتی دەورمان هەبێ لەم کەموکورتییە، بەراستی لیژنەکان بەدەوری خۆیان هەڵناستن. هیوادارم لەمەودوا باشتر ئەم کاروبارانە جێبەجێ بکەن.
ئێستا ئەو خاڵانەی کە باسمان کرد لیژنەی یاسا بڕگە (٣)ی لە پێشنیارێکی وەزارەتدا لابردووە، بەڵام بەڕێز عەبدولخالق رای وا بوو بمێنێ.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من یەکێک لە ئەرک و ئامانجەکانی وەزارەت جێبەجێ کردنی یاساکانی تایبەت بە کشتوکاڵ و ئاودێرییە، هەروەها ئامانجێکی دیکەشی (العمل من اجل حل مشكلة الارض)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە بەڕێزت لەگەڵ ئەوەی کە ئەو بڕگەیە بمێنێتەوە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە دەرئەنجامە، ئەگەر ئێمە سەیری هەموو یاسایەک بکەین لە دواییدا دەڵێت: ( على الوزراء المختصين، على الوزير تنفيذ احكام هذا القانون)، ئەوە هیچ کێشەی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەگەڵ رای (بەڕێز عەبدولخالق)ین کە بڕگەیەک تایبەت بێت بۆ چارە سەرکردنی کێشەی زەویوزار لەکوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەو یاسایەدا هیچ باسی جووتیار نەکراوە، ئێمە زۆر گیرگرفتمان هەیە لەسەر زەویوزار، پێشنیار دەکەم ئاماژە بکرێت بەو کێشانەی کە لە نێوان جووتیارو خاوەن زەوییەکاندا هەیە، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم کێشانە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس دەربارەی ئەو هەستەی کەهەتانە بەرامبەر جووتیاران، بەڵام ئەمە یاسای هەیکەلی وەزارەتی کشتوکاڵە، نەک پرۆگرامێکی سیاسی وەزارەتێک بێت، یان پرۆگرامێکی سیاسی ئەنجوومەنی وەزیران بێت، من بەش بەحاڵی خۆم هەروای تێ ئەگەم وابزانم هەربۆ ئەوەت بوو واداڕێژراوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەکو بەڕێزتان فەرمووتان ئەوە یاسای هەیکەلی وەزارەتە، بەڵام ئەوپێشنیازەی ئەو ئەندامانە بۆ ئەوەیە کە وەزیری کشتوکاڵ خۆی چارەسەری کشتوکاڵ بکات، بێگومان لە تواناداا نییە دەقێک بخرێتە ناو هەیکەلی وەزارەت کە وەزیر چارەی کشتوکاڵ بکات، چونکە وەزیر ڕێگای لێ نەگیراوە هەموو کاتێک دەتوانێ پرۆژەی هەر یاسایەک پێشکەش بکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز بەختیار دەڵێت تێکهەڵچوونێک هەیە لە نێوان رای لیژنەی یاساوو لیژنەی کشتوکاڵ، چونکە هەردوو لیژنەکە راپۆرتێکی هاوبەشیان پێشکەش نەکردووە، بەرای ئێمە ئەوە تێکهەڵچوون نییە.

ئەوەی کە لە برگە (٣)دا هاتووە کە بەڕێز عەبدولخالق باسی کرد، من لەگەڵ ئەوەدام، بەڵام بەم شێوەیە نییە ئەوەی ئێمە بەپەسەندمان زانیوە: (تطبيق التشريعات الخاصة بالزراعة والري)، (تطبيق التشريعات الخاصة بوزارة الدخلية) ئەوە پێویست ناکات. ئەوەی تر: (العمل على حل مشكلة الاراضي في كوردستان) دەگونجێ بکرێتە مادەیەک ئەگەر پەرلەمان رەزامەندی لەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئەو برگەیە ناکرێت کە لادراوە. ئەو برگەیەی کەشتی لێ لابراوە با بەڕێز ئەیاد بیخوێننەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الفقرة الثالثة :-تطبيق التشريعات الخاصة بوزارة الري:

ئەوە لە پرۆژەی وەزارەتدا هاتووە لیژنەی یاسا ئەوەی پەسەندکرد کە لەگەڵی دانەنێت ک ەدەڵێ: (تطبيق التشريعات الخاصة بالزراعة والري).

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من لابچێت. سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەگەر لاتان پەسند بێت ئەم برگانە (٨،٥،٤)دەکەین بەیەک برگە، سوپاس.

بەڕێز اياد حاجی نامق:

فقرة (٢): (التخطيط للموارد المائية في الاقليم، وانشاء السدود والمشاريع الاروائية وإستصلاح الاراضي، وصيانتها وإستغلال المياه السطحية، والجوفية وتشغيل وصيانة المشاريع الاروائية ودرء اخطار الفيضانات، والسيطرة على السيول واحواض الانهر).

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خالی چوارەم: (التخطيط للموارد المائية وتحقيق السدود والقنوات)، پێشنیار دەکەم ئەم زیادەی بکرێتە سەری (مساقط المياة ضمن الاراضي، وسيادتها واستغلال المياة السطحية، والجوفية مساقط المياة في كوردستان واستغلال المياة السطحية والجوفية ومساقط المياة في كوردستان).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

باوەڕ ناکەم (مساقط المياه) لەدوای (سطحی) بێت، واتا هەر ئاوە لە (مساقطي المياة السطحية).

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز مەبەستمان لە (شلالاتە)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر جەلال تکایە دکتۆر ئەو شتانەی دیاری بکرێن.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەویش هەر (میاهی سطحی) ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر سەرەکەیە کە ئاوەکەی پێدا دەڕوات.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە بڕگە (٤)ە بڕگە (٦) لای بەڕێزتانە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الفقرة (٤): القيام بالدراسات الخاصة بالمشاريع الاروائية، ووضع التصاميم، واعداد المناهج لها والعمل على تنفيذها عن طريق تشكيلاتها او الاستشاريين المحليين او الاجانب.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردوو پێشنیاری پڕۆژەی وەزارەت ولیژنەی یاسا وەکو یەکە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس لەسەر ئەو بڕگەیە تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی کشتوکاڵ ئەوەیە کە بڕگەی (٤) و، بڕگەی (٥) هەریەک مانا دەبەخشن، لەبەرئەوە داوا ئەکەین کەئەو دوو بڕگەیە لێک بدرێن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

با جارێ بڕگەی (٥) بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الفقرة (٥): تنفيذ المشاريع الموكلة اليها مباشرة، أو من قبل الجهات الاخرى داخل الاقليم وخارجه بصفته مقاول اومن قبل اجهزتها التنفيذية، او المقاولين المهنيين، او الاجانب والاشراف على تنفيذها ومتابعتها.

ئێستا لە رووی یاساییەوە هیچ لارێمان نییە ئەو دوو بڕگەیە لێک بدرێن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە الری (یش) ئەگرێتەوە لێرەدا وەزارەت بووە بە (مقاول تنفيذ المشاريع الموكله اليها مباشره)پرسیارێکم هەیە، کێ تەوکیلی وەزارەت دەکات؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر جار وەزارەتی کشتوکاڵ بە سیفەی مقاول ئیشوکاری (تەنفیذی) راستەوخۆ لەوەزارەتێکی دیکەوە بۆی دێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

ببورە بەڕێز حەسەن ئێمە مەبەستمان لایەنی تەکنیکییە، با بزانین بەڕێز جەلال وەڵامی دوایی چییە؟، پاشان قسەی کۆتایی بۆ بەڕێز بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵە.

**بەڕێز د. جـــەلال شـــەفـــیق عـــەلی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من کە داوام کرد کە بڕگەی (٤ ـ ٥)ی لیژنەی یاسا لێک بدرێت، چونکە ئەگەر سەیری پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ بکەین ئەرک و، ئامانجەکانیان بریتییە لە ٨ خاڵ(١و٢)لە بارەی کشتوکاڵەوەیە، بەڵام (٤، ٥، ٦، ٧، ٨)لەبارەی ئاودێرییەو، لەبەرئەوە ئەوخاڵە ئەکید لە ئاودێرییەو، لەکشتوکاڵ نییە لەبەر ئەوە لێکدانەکەیان زۆر ئاسانترە، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب/بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

هیچ جیاوازیەک نییە لە نێوان ئەوەی وەزارەت مقاوەلاتەکەی پێبسپێرێ، یاخود جێبەجێی بکات، لەبەر ئەوە لاریمان نییە ئەگەر هەردوو مادەکە لێک بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو دوو مادەیە بکرێت بەیەک مادە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا. تکایە پاشان داڕشتنی بۆ بکەن.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

الفقرة «٦» : العمل على توفير البذور المحسنة والاسمدة الكيمياوية والمبيدات وتأمين الادوية واتباع السبل الكفيلة بزيادة الانتاج وتحسينه.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەوە مادەیە؟.

**بەڕێز جەعـــفـــەر شێخ عـــەلی عـــەبدولعـــەزیز:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەوە لە بڕگە (٢)دا ئەو ئەگرێتەوە کە ئەڵێن:(تقديم الخدمات الارشادية وتوفير مستلزمات الانتاج الزراعي). ئەوە وابزنم زیادە، چونکە لەو بڕگەیەدا باسی کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عـــەبدولکەریم عـــەبدولحـەکـیم:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بۆ بایەخدان زیاتر بە لایەنی پاراستنی ئاژەڵ و رووەک لە نەخۆشییەکان، پێشنیار دەکەم وشەی

(تأمين الادويه) زياد بكرێت واته بەو شێوەیه بێت : (تقديم الخدمات العلاجية، والوقائية، وتأمين الادوية واللقاحات لغرض تحسين زيادة الانتاج، ومكافحة الاوبئة الزراعية)، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لەم برگەیەدا باسی سولفەدان بکرێت بۆ جووتیاران، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە بەڕێز شێخ جەعفەر کردی راستە، ئەبێت برگەی (٦) هەر نەمێنێ، چونکە لە برگەی (٢)دا هاتووە.

سەبارەت ئەو پێشنیارەی کرا دەربارەی دروستی ئاژەڵ وابزانم ئەو برگەیە: (وضع الخطط بما يحقق تنمية الانتاج الزراعي بشقيه النباتي والحيواني) ئەو شتانە هەمووی ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە برگە (٦) تەواو بوو ئەوپێشنیارەی بەڕێز عەبدولخالق بکرێت بە برگەی (٧) حەز دەکەن بیخوێنینەوە وەئەگەر رەزامەندی بکەن زیادی دەکەین.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە وەڵامی پرسیارەکەی من نەدراوە دەربارەی بانقی کشتوکاڵی کە قەرز بدات، بە جووتیاران، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی بابەتی سولفە زۆر پێویستە بۆ جووتیاران، ئێمە لارێمان نییە، ئەگەر لیژنەی یاسا رازی بێت دەربارەی ئەم بابەتە برگەیەک دابنێنین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە هەمیشە وەزارەت، یاخود بانقی کشتوکاڵی ئەیدات، وەزارەت پەیوەندیی چییە بە ئەوە؟.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێ چوار ساڵ لەمەو بەر وەک بەبیرم بێت ئەم مەسەلەیە سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵە بوو، بەڵام

ئێستا جیاکراوەتەوە لە هی رژێمەوە بەستراوە بەوەزارەتی دارایی و، ئێستاش نازانم ئایا بانقی کشتوکاڵی لە کوردستان دەبەسترێتەوە بە وەزارەتی دارایی و، یان بە وەزارەتی کشتوکاڵ؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێگومان سەر بە وەزارەتی دارایی دەبێت.

**بەڕێز خەسرەو گوڵ محەمەد :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێکی تر پێشنیاری خۆم دووبارە دەکەمەوە، چونکە بەراستی رێزم هەیە بۆ قسەکانی بەڕێز جەلال کە ئەڵێ «بشقية النباتي والحيواني»، بەڵام ئێمە کۆمەڵێ تاقیگەی ناوەندیمان هەیە، هەروەها سێ چوار جۆرە پرۆژەمان هەیە بۆ سامانی ئاژەڵ لەکوردستانداو، سامانی ئاژەڵ بەشێکی زۆر گەورەیە لەوەزارەتی کشتوکاڵدا، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم برگەیەک بۆ ئەم مەبەستە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی ئێستا هەمانە سامانی ئاژەڵ (بيطرە)یش دەگرێتەوە، لام وایە کە باسی سامانی ئاژەڵ دەکەین هەموو شتێ دەگرێتەوە.

سەبارەت بە بانقی کشتوکاڵی سەر بە وەزارەتی داراییە تا ئێستا ئەوان سولفە دەدەن بەجووتیاران، لەبەرئەوە هیچ پەیوەندییەکی نییە بەوەزارەتی کشتوکاڵەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز ئەکرم ئایا لەگەڵ رایەکەی د.خەسرەوی کە بایەخ بدرێت بە سامانی ئاژەڵ و، پێشخستنی بەیتەرە.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ راستە و، دەتوانین بڵێین سامانی ئاژەڵ و بەیتەرەش زیاد بکرێت و، بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتییەک دانراوە بەناوی (مديرية البيطرة والثروة الحيوانية) لە وەزارەتدا، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ تۆزێ لەسەر بانکی کشتوکاڵی قسە بکەم، چونکە قەرز لە رێگای بانکی

کشتوکاڵییەوە دەدرێت بە جووتیاران و، ئێمە تا ئێستا (٣) لقمان هەیە لە دهۆک و،سلێمانی و، هەولێر دیارە لەمەوپێش هەموویان سەربە بەغداد بوون ئێستا یەکێک لە گرفتەکانی بانقی کشتوکاڵی ئەوەیە کە لەکوردستاندا مەڵبەندێکی نییە، پێویستە ئەوە رێک بخرێت، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین لە ناوچەکانی (کەرکووک، چەمچەماڵ،گەرمیان) لەوشوێنانەش بەزووترین کات لقی بۆ بکرێتەوە، چونکە جووتیارەکان زۆر پێویستیان بەهاوکاری و قەرزە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە لقێک بۆ بانقی کشتوکاڵی لەکەرکووکدا بکرێتەوە، بەڵام سەبارەت بە بابەتی قەرز دەبێت پلان دابنرێت بۆ هەردوو لایەنی ئاژەڵی و، رووەکی، بۆ ئەوەی وەزارەت پارەی بۆ دابنێت، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی بەڕێز عومەر کردی وشەی (تطویر) زیاد بکرێت لەسەر برگە (٦) من بەباشی ئەزانم، چونکە برگەی (٦) کەموکووڕیی تیادا نییە، چونکە لە کۆتاییدا ئەڵێن (واتباع السبل الكفيلة بزيادة الانتاج وتحسينة):(بزياده الانتاج) واتە هەموو شتێ ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕیز د.جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە برگەی (٢)دا ئەڵێت: (تقديم الخدمات الارشادية وتوفير مستلزمات الانتاج الزراعي)، لێرەدا لە وشەی (زراعی) مەبەستی لە هەردوو سامانی ئاژەڵ و رووەکییەو، لە هەیکەلی وەزارەتیش کە لەبەردەستماندایە دوو بەڕێوەبەراتی گشتی تێدایە بۆ ئاژەڵ و رووەک، سوپاس.

**بەڕێز شمایل ننو بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس.**

حقيقة انا مع د.خسرو، وليس مع د.جلال في مسألة الثروة الحيوانية. الثروة الحيوانية تعمل تركيزا في شقي تنمية الاصلاح الزراعي بشقيه النباتي والحيواني على اساس الحيواني تشمل الثروة الحيوانيةو الفقرات الاخرى كلها نباتية، يجب ان نكتفي بالفقرة الاولى الثروة الحيوانية في كوردستان العراق وشكرا.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە برگەیەکی تایبەتی زیاد بکرێت بۆ سامانی ئاژەڵ تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟..بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا.

تکایە د. خسرۆ دارشتنی بۆ بکات و، بیدات بە لیژنەی یاسا بۆ زیاد کردنی.
ئەو پێشنیارەی کە بەڕێز عەبدولخالق کردی، تکایە بخوێنرێتەوە تابزانین چی بوو؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(العمل على حل مشكلة الارض في الاقليم). دەبێتە بڕگەیەکی تایبەتی لە دەقی مادەکەدا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ببێتە بڕگەیەکی تایبەتی لەهەمان مادەدا؟.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من (العمل على حل مشكلة الارض والفلاحين في كوردستان) ئەوە دەبێت یاسایەکی تایبەتی هەبێت کە چارەسەری هەموو کێشەی زەویوزار بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوانەیە وەزیری کشتوکاڵ ئەوە ئەکات بە بەرنامەو، هەوڵ ئەدات کە یاسا دابنرێت، بۆ ئەوەی بگات بە ئامانجی کە چارەسەرکردنی کێشەی زەوییە.
بەڕێز حازم واتا ئەوە دەتوانرێ ببێتە خاڵێک لەوزارەتدا، بۆ ئەوەی یاسایەک پێشنیار بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە؟،

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بکرێت بە: (العمل من أجل حل مشاكل الارض في كوردستان بالسرعة الممكنة)، لەبەر ئەوە کێشەیەکی زۆر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بەڕێوەبەرایەتیەک هەبێت بۆ چارەسەری کێشەی زەوی، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لە تەشکیلاتی وەزارەتدا دەستەیەکی باڵای چارەسەرکردنی کشتوکاڵ لەکوردستان دروست بێت (اللجنة العليا للاصلاح الزراعي)، بەسەرۆکایەتی سەرۆکی وەزیران و،

ئەندامەکانیشی بریتی بن لەوەزیری کشتوکاڵ و، وەزیری دارایی و، وەزیری داد چوارەم، سەرۆکی یەکێتی جووتیارانی کوردستان. ئەرکەکانی ئەم دەستەیەش بریتی بێت لە دانانی یاسای زەوی و، چارە سەرکردنی کێشەی جووتیارو، خاوەن ملک و، ئەم دەستەیە بۆ ماوەی چەند ساڵێک کار دەکات و، ئیشەکە جێبەجێ کرد نامێنێت. ئەمە هەروەکو روون کردنەوەیەک بوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس. بۆ ئەو پێشنیارە نەکەین بێت بە مادەیەک؟.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من مەبەستم تەنها روونکردنەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا دێینە سەر ئەو پێشنیارەی بۆ چارەسەری کێشەی زەویوزارو، کشتوکاڵە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکە بەو شێوەیە:

(العمل على حل مشكلة الارض في الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە چارەسەکردنی کێشەی زەویوزار هەر لە ئەرکەکانی وەزارەتە، ئەگەر مادەیەک هەبێت، یان نەبێت، لەبەر ئەوە بە پێویستی نازانم کە دەقێکی تایبەتی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری بەڕێز ئەکرم دەکەم، چونکە وەزارەتی کشتوکاڵیش کێشەی زەویوزاری هەیە دەبێ چارەسەری بکەن و، ئەوەی ناویت بڵێین:(العمل على حل مشكلة الارض)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان لێرەدا بە وشەی(العمل) ئێمە ئەو حاڵەتانە دەستنیشان دەکەین کە پێویستی بەچارەسەری هەیەو، ئەو کاتە دەڵێین ئەرکێک لەو ئەرکانەی کەپێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ

بیخاتە ئەستۆی خۆی و، خۆی هەوڵ بدات کاری بۆ بکات، ئەو کاتە هەر یاسایەک هەبێت بێتە بەردەستی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بڕیارێک دەمێنێت بەو شێوەیە چارەسەر بکرێت کە خراوەتە روو، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر تێبینی بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیران بکەین دەبنین دەقێک هەیە لەو بابەتە، وابزانم لێرە هەرچی بنووسین هەر زیادە، چونکە لە بەرنامەی وەزارییەوە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتیوانی خۆم بۆ پێشنیارەکەی بەڕێز عەبدولخالق دووبارە دەکەمەوە ئەمە شتێکی زۆر پێویستە بانقێک دابنێین، ئەگەر وابێت هیچ پێویست نییە بۆ (خبرات وارشادات)، چونکە چارەسەرکردنی کێشەی زەوی زۆر گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارێکی تریشم هەیە بۆ ئەو مادەیەو بەو شێوەیە: (تعمل الوزارة لتحسين اوضاع الفلاحين ورفع المستوى الثقافي والاقتصادي وذلك عن الطريق التوعية والارشاد الزراعي والعمل على اعادتهم الى قراهم وتقديم الخدمات)، ئەویش زۆر پێویستە، چونکە ئێستا باری جووتیار زۆر خراپە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز عەبدولخالق ئەم پێشنیارەی کە بەڕێزت خوێندتەوە لە بەرنامەی وەزارەتدا هەیەو، وەزارەتی کشتوکاڵ دەبێت هاوکار بێت بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەکەی.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر لە تواناد‌ا بێت ئەو شتانەی کەلە بەرنامەی وەزارەتی کشتوکاڵدا هاتووە پێویستە جێگای خۆی بکاتەوە لەوەزارەتدا، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە پێشنیاری دووەمی بەڕێز عەبدولخالق هەمووی باسی لێ کراوە لە برگە (٢)ی مادەی

(٢) : (تقديم الخدمات الارشادية وتوفير مستلزمات الانتاج الزراعي والاسهام)، لەگەڵ ئەو زیادانەی جگە لە یەک شت لە (اسبابی موجبەی) یاساکە ئەو مەسەلەیە بە تەواوی بە وردی ئاماژەی بۆ کراوە کە چۆن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بگەڕێنەوە سەر گوندو دێهاتی خۆیان و، هانبدرێن، پاشان کە هاتینە سەر (أسباب موجبە) باسی ئەو مەسەلانە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا مادە (٢) دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە مادە (٢) وەکو خۆی بمێنێتەوەو، لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کە برگەیەک بخرێتە سەری سەبارەت بە سامانی ئاژەڵی و رووەکی تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

المادة الثالثة- هەمان مادە (٣)ی وەزارەتە.

١-الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول الاول عن تنفيذ سياستها وممارسة الارشراف والرقابة على تنفيذ القوانين، والانظمة والتعليمات فيها، وتصدر عنه القرارات والتعليمات والاوامر ضمن مهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحيتها وسائر شؤونها الادارية والفنية ضمن حدود هذا القانون والقوانين النافذة الاخرى، وله تخويل جزء من صلاحياته الى وكيل الوزارة والمدراء العامين أو رؤساء الدوائر الرئيسية في الوزارة ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء بأعتباره عضوا متضامنا فيه.

٢-وكيل الوزراة. يتولى ممارسة المهام التي يوكلها إليه الوزير.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ماددەی«٣» تێبینی هەیە؟

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من پەیوەندیی بەمادە (٣)ی وە نییە، وابزانم ئەگەر بەو شێوەیە بڕۆین و، لێکۆڵینەوە لە بریاردان لەسەر یاساکان زۆر زۆر ئەکێشێ و، هێشتا ئێمە بەشی زۆری یاسای وەزارەتەکانمان باس نەکردووە پێویستە لێی گورج بین، لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە سەرۆکایەتی سنوورێک دابنێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو یاسایانە، لە کاتی گفتوگۆدا تەنیا رێگا بە ئەندامانی لیژنەی پەیوەندارو، ئەو ئەندامانە بدرێت قسە بکەن کە شارەزان لە بابەتەکەوە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بە زووترین کات یاسای وەزارەتەکان پەسند بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی د.کەمال ئەکەین بۆ ئەو تێبینییانەی کە پێشانی دا. سەرۆکایەتی پێش (٢)مانگ ئەم

کارانەی باس کرد لەگەڵ سەرۆکی هەردووک فراکسیۆن و، داوای لێ کردن کە ئەو یاسا هەرچی ئەوانەی کەلێنی ئەزانن لەو فراکسیۆنانەوە بۆ هەر یاسایەک دووکەس، یان سێ کەس دابنرێت کە ئەوان قسەبکەن، بۆ ئەوەی درێژە نەکێشێ.
ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە(٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ مادە (٣) وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حــــاجی نامق مـــەجـــیــــد:**

المادة الرابعة: تشكيلات الوزارة.
تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:
١ـ المديرية العامة لديوان الوزارة: وتتألف من المديريات والمكاتب التالية:-
أـ مكتب الوزير.
ب ـ مكتب وكيل الوزارة.
جـ ـ مديرية الادارة والذاتية.
دـ مديرية التدقيق والرقابة والحسابات.
هـ ـ مديرية التجهيزات الزراعية.
وـ مديرية التخطيط والمتابعة.
زـ الدائرة القانونية.
٢ـ المديرية العامة للزراعة: وتتألف من المديريات التالية:-
أ ـ مديرية البستنة.
ب ـ مديرية الغابات والمراعي.
جـ ـ مديريات الزراعة في محافظات الاقليم.
٣ـ المديرية العامة للأراضي: وتتألف من المديريات التالية:
أـ مديرية الاراضي.
ب ـ مديرية المساحة.
٤ـ المديرية العامة للبيطرة والثروة الحيوانية والسمكية: ترتبط بها المديريات البيطرة والثروة الحيوانية والسمكية في محافظات الاقليم.
٥-المديرية العامة لزراعة وتحسين التبوغ: وترتبط بها مديريات ومراكز تحسين التبوغ في المحافظات الاقليم.
٦-المديرية العامة للري والسدود: وترتبط بها مديريات الري والسدود في محافظات الاقليم.
٧-الشركات.
٨-هيئة تمييز الشؤون الزراعية.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی لەسەر مادەی (٤) هەیە تکایە.

**بەڕێز د. کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەر ئەو پێشنیارەی جاری پێشووم دووبارە دەکەمەوە کە لیژنەیەکی بەرز دابنرێت بۆ چارە سەرکردنی کشتوکاڵ لەکوردستاندا بەو شێوەیە کە خوێندمەوە: (الجنة العليا للاصلاح الزراعي)، چونکە چارەیەکی زۆر گەورەیە بۆ کێشەی زەوی لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینییەکم هەیە دەربارەی (المديرية العامة للري والسدود) بەرای من ئەمە زیادەو، پێویست ناکات بەڕێوەبەرایەتییەکی بۆ دروست بکەین لە وەزارەتی کشتوکاڵدا دەتوانین بیکەن بە (المديرية العامة للزراعة والري)، ئێستاش لە پارێزگاکان بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری پێشنیارەکەی بەڕێز بەختیار دەکەم کە: (مديرية الديوان) و (مديرية التجهيزات)، بخرێتە سەر (مديرية الزراعة والري)، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنیا ڕەخنەم لەسەر بڕگە (٨) هەیە (هيئة التمييز للشؤون الزراعية) دەستەی تەمییز بێگومان دەستەیەکی قەزائیەو، زۆر کێشە هەیە دەکەوێتە سەر تەمییز، ناشگونجێت تەمییز بەوەزارەت ببەسترێتەوەو، دەتوانرێت ئەم بابەتە بەدوو شێوە چارەسەر بکرێت:

یەکەم: ئەو هەیئەی تمییزە بە سەرۆکایەتی وەزارەت ببەسترێتەوە.

دووەم: یاسای وەزارەت داد ڕەچاو بکرێت لە دادگای تەمییز دەستەیەک هەبێت بەناو (دەستەی تەمییزی کشتوکاڵ)، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(٨) بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە هەیکەلی وەزارەتدا زۆرە بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان،

چونکە ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە پێویستییان بە فەرمانبەرو، کەلوپەل و، پێداویستییەکی زۆر هەیە، لەبەر ئەوە بەرای من تەنیا یەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەبوو لە بارەی برگەی (٧)، مەبەست لە (الشركات) چییە؟، ئەگەر بتوانرێت بۆمان روون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم برگە برگە باسی بکەین، یان هەمووی بەیەکەوە، چونکە (٦ـ٧) برگەیە لێرە مادەی چوار پێشنیارەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ بەرای ئێمە ئەبوایە بهاتبایە جێگای خۆی، چونکە تەشکیلاتی بنکەی وەزارەت، لەگەڵ بەڕێوەبەراتی گشتیی کشتوکاڵ وئاودێری نابێت، لەبەرئەوە من بەراستی نازانم کە هەردوو برگەی (٤ و ٥) لێک بدرێن.

دێینەوە سەر مادەی چوار ئەڵێت (المديرية العامة لديوان الوزارة) ئەوەی کە بەڕێز ئەیاد دەڵێ: (مكتب الوزير، مكتب وكيل الوزارة)، نابێت نووسینگەی بریکاری وەزارەت سەربە بەڕێوەبەری گشتی دیوان بێت، بەلام ئەتوانین بڵێین: (مديرية الشؤون الادارية).

سەبارەت بە (مديرية التدقيق والرقابة والحسابات) نابێت (تدقيق ورقابە)و لەگەڵ (حسابات) یەک لێپسرواویان هەبێت، چونکە دوو لایەنی هاویەک نین ئەبێت و، دەبێت (مديرية الحسابات) بەجیا بێت و، (مديرية التدقيق والرقابة المالية) بەجیا بێت، هەروەها من لەگەڵ ئەوەدام کەوا (تخطيط ومتابعة) و(شؤوني قانووني) سەر بە دیوان بن، بەلام (تجهیزاتي زراعي) پەیوەندیی بەدیوانەوە نییە ئەبێت بچێت بۆ (المديرية العامة للشؤون الزراعة) ئەوە پێشنیاری ئێمەیە.

لە برگەی (٢)دا (المديرية العامة للزراعة) بۆ ئەوەی جیای بکەینەوە لەلایەنەکانی تر پێشنیار دەکەین ببێتە،(المديرية العامة للشؤون الزراعية)، چونکە لە کۆنەوە لە عێراقدا (مديرية عامة للزراعة) هەبوو کە هەمووی لایەنەکانی دەگرتەوە.

لە برگە (٢)دا (مديرية الغابات والمراعي) بە هەڵە هاتووە، چونکە دەبوایە بەشەکانیشی تیایدا دیاری بکرابایە کە بریتین لە: (مديرية البستنة والخضروات، مديرية المحاصيل الحقلية، مديرية الغابات والمراعي، وقاية النباتات، التعاون والارشاد الزراعي، التجهيزات الزراعية، الانواء الزراعية او الانواء الجوية الزراعية).

لە کۆتایی برگە (٢)دا دەڵێت: (مديريات الزراعة في المحافظات الاقليم) بەرای ئێمە یەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت کە نوێنەرایەتی هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان بکات لە پارێزگاکاندا.

لە برگەی (٣)دا هاتووە، (مديرية العامة للأراضي)، پێشنیار دەکەین ببێتە (المدريرية العامة

للأراضي والتعاون)، يان (المديرية العامة للأراضي الزراعية)، چونکه له فەرمانگەی تاپۆش (المديرية العامة للأراضي) هەیه.

له برگەی (٤)دا هاتووه: (المديرية العامة للبيطرة والثروة الحيوانية والسمكية) لەو برگەیەدا وشەی (السمكية) زیاده، چونکه ئەویش هەر له زمنی ئاژەڵه، هەروەها بەرای ئێمه (مديرية العامة للبيطرة والثروة الحيوانية) ببێته (مدرية الصحة الحيوانية)، چونکه له خوارەوه باسی بەڕێوەبەرایەتییەکان کراوه.

برگه (٥)، (المديرية العامة للزراعة وتحسين التبوغ)، پێشنیار دەکەین ببێ به (المديرية العامة للتبوغ)، بۆ ئەوەی له دوارۆژدا بتوانین ئەم دەزگایه فراوان بکەین و،بازرگانی به توتن بکەین.

برگەی (٦)، (المديرية العامة للري والسدود)، ئەم برگەیه بەرای ئێمه زۆر باشه، چونکه ئێمه له کوردستاندا بەنداومان زۆره لەوانەیه له دوارۆژیشیدا زیاتریش بێت، بۆیه ئێمه پێشنیار دەکەین که ئەم بەڕێوەبەرایەتییانەی هەبێت (مديرية الشؤون الفنية، مديرية الدراسات والتصاميم، مديرية السدود والنواظم، مديرية صيانة التربة).

له کۆتاییدا وای بەباش دەزانم کەوا دەستەی باڵای چارە سەرکردنی کشتووکاڵمان هەبێت کەپێی ئەڵێن: (المجلس الزراعي الاعلى) که رژێم پێش چەند ساڵێک هەیبوو ئەندامەکانی پێک هاتبوون له وەزیرو، (٤ـ ٥) کەس پسپۆرییان هەبوو له بابەتەکانی کشتوکاڵ، ئەو ئەنجوومەنەش سەر به ئەنجوومەنی وەزیران بوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من تێبینیەکم هەیه وەزارەتەکان کاتێک هەیکەلی خۆیان دادەنێن، سەیری هەیکەلی وەزارەتەکانی بەغداد دەکەن، بەبێ ئەوەی واقیعی کوردستان بخەنه بەرچاویان. ئێمه ئێستا له بارودۆخێکی تایبەتیدا ئەژین و، باری ئابووریمان باش نییه، هەموومان دەزانین که هەموو داهاتی ئێمه لەسەر گومرگه ودەبێ واقیعی خۆمان رەچاو بکەین له دانانی بەرنامەی وەزارەتەکان، لەبەر ئەوەی بەرای من لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمان، لەگەڵ لیژنەی کشتوکاڵی وەزارەت کۆبوونەوه بکەن، بۆ ئەوەی هەیکەلێکی باش دابنێن، پاشان له پەرلەماندا دەیخەینه گفتوگۆوه.

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارانەی که کاتی خۆی ئێمه کردبوومان، هەمووی گۆڕاوه ئەمه مانای وایه وەزارەتەکه کەموکووڕیی تێ ئەکەوێت و،ناتوانێت هیچ جۆره ئیشێک بکات.

سەبارەت به پێشنیارەکەی د.جەلال ، من پشتگیری رایەکەی دەکەم دەڵێت تەشکیلاتی

وەزارەت بەو شێوەیە بێت: (نووسنیگەی وەزیر، نوسینگەی بریکاری وەزارەت، بەرێوەبەرایەتی گشتیی دیوان)، پێویست ناکات تەفسیلاتەکانی دیوان باس بکەین وەکو (خۆیەتی، ژمێریاری...).
سەبارەت بە (المديرية العامة للأراضي)، ئێمە لە کوردستاندا کێشەی زەویوزارمان هەیە، لەبەر ئەوە ئەم بەرێوەبەرایەتییە پێویستە هەبێت.
سەبارەت بە برگەکانی تریش: (٥ـ المديرية العامة لزراعة وتحسين التبوغ، ٦ـ المديرية العامة للري والسدود، ٨ـ هيئة التمييز) ئەمانەش هەمووی پێویستن کە لە هەیکەلی وەزارەتدا هەبن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا دەکەین هەردوو لیژنەی کشتوکاڵ و، لیژنەی یاسای پەرلەمان، لەگەڵ پسپۆڕانی وەزارەتدا کۆببنەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر هەیکەلی وەزارەتی کشتوکاڵ بە شێوەیەکی رێکوپێک دابرێژنەوە.

**بەڕێز د. جەلال شفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئێمە لە بارێکی ئابووری سەختداین و، دروست کردنی بەرێوەبەرایەتی گشتی زۆر راست نییە، بەڵام ئەمە پێشنیاری وەزارەت بووەو، ئێمە لە لیژنەی کشتوکاڵدا لەسەر ئەم بنەمایە ئەم بەرێوەبەرایەتییانەمان دروست کردووە، ئەمە یەک.
دوو: ئەم بەرێوەبەرایەتییانە تەکنیکین، واتا زۆر پێویستیان نییە بە بنایەو، فەرمانبەر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێمە پێشنیارێکمان هەیە کە بۆ ئەم چارەسەرکردنی ئەم بابەتە، (٢) ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ و، ئەندامێکی لیژنەی یاساو، لەگەڵ نوێنەری وەزارەت کۆبوونەوە بکەن، دارشتنێکی رێکوپێک بۆ هەیکەلی وەزارەتی کشتوکاڵ بکەن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا ئەو پێشنیارە تەنها بۆ مادەی (٤)ە کە پەیوەندیی هەیە بە هەیکەلی وەزارەتی کشتوکاڵ؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ تەنها بۆ ئەم مادەیە.
جا کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان

دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بەتێکرای دەنگ پێشنیارەکە پەسند کرا.
ئێستا دێینە سەر مادەکانی تری یاساکە.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
المادة الخامسة/ يترأس كل مديرية عامة موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية من ذوي الخبرة والاختصاص.
**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەوە لە پرۆژەی وەزارەتدا مادەی (٦)ە، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟..کەس.. کەواتە بەتێکرای دەنگ پەسند کرا.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
المادة السادسة:
مادەی (٧) لە پرۆژەی وەزارەتدا.
١- للوزير تشكيل هيئات أو لجان دائمية او موقتة لتنفيذ مهام معينة.
٢- تحديد بنظام تشكيلات الوزارة، وواجبات وصلاحيات المديريات العامة، والمديريات التابعة لها والهيئات والمراكز.
٣- للوزير استحداث شعب ضمن المديرايات، وكلما دعت الحاجة الى ذلك.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٦) وەکو خۆی بمێنێتەوە.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ کەس، بەتێکرای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
المادة السابعة:
تؤول جميع الحقوق والالتزامات للتشكيلات التي كانت مرتبطة سابقا بوزارة الزراعة والري في المركز الى وزارة الزراعة والري في الاقليم.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
تکایە ئەو مادەیەمان بۆ روون بکەنەوە، بۆ ئەوەی بزانین ئیلتزاماتی دارایی وەزارەتی کشتوکاڵ چۆنە دەربارەی ئەم قەرزوقۆڵەی کە خەڵک هەیەتی لەسەر وەزارەت، ئایا ئەچێتە ژێر ئەو ئیلتیزاماتە یان، نا؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێگومان زۆربەی زۆربەی وەزارەتی کشتوکاڵ خاوەن قەرزەو، قەرزی داوەتە خەڵکی بەغدا، هەتا قەرزیش بێت هاوولاتی چ گوناهی هەیە کە شتی لێ بروات، بۆیە هەموو ماف و ئەرکەکانی وەزارەتی کشتوکاڵی کۆن دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵی ئێمە کە پابەند دەبێت پێی، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشینار دەکەم کە تەنها وشەی (الحقوق) بێت و، وشەی (التزامات) لا بچێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە هەر وشەی حقوق دابنرێت و، وشەی (إلتزامات) لابچێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری بەڕێز عەدنان ئەوە بوو کە وشەی (حقوق) بمێنێتەوە، بەلام ئیلتزامات لاببرێت. تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

(تؤول جميع الحقوق للتشكيلات التي كانت مرتبطة سابقا بوزارة الزراعة والري في المركز الى وزارة الزراعة والري في الاقليم). وشەی (إلتزامات)مان لابرد، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو پێشنیار هەیە یەکێک ئەوەیە کە مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوەی تریان وشەی (إلتزامات) لاببرێت، ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وشەی (إلتزامات) لاببرێت لەو مادەیە، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..

دەست بەرز کرایەوە .. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٧) پاش لابردنی وشەی التزامات وەکو خۆی بمێنێتەوە، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة الثامنة:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە (٨) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ مادە (٨) پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة التاسعة:

ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية وينفذ اعتبارا من تاريخهِ.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

(ينفذ اعتبارا من تاريخه) تکایە ئەمە روون بکەنەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

(ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية وينفذ اعتبارا من تأريخه) واتـا (من تاريخ النشـر) ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (نشر).

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسا، ئەو مادەیە بۆ هەموو یاساکان وەکو یەکە.

**بەڕێز مـــەلا مـــحـــەمـــەد شـــەریف تـاهـیـــر:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

پێشنیـار دەکەم سیغەکە بەم شێوەیە بێت: (ينفذ هذا القانون واعتبارا من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية) لەبەر ئەوەی سیغەکەی لە یاساکەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

وابزانم ئەوەی کە بەڕێزت فەرمووت هەتا ئێستا هەروابووەو، لیژنەی یاسا رایەکیان هەیە، بەڵام بەدوای داچوونەو، ئەم داڕشتنە تازەیەو، جاران نەمان بووە.

**بەڕێزحـــەســـەن عـــەبدولـکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

یەکەم جار دەبێت پەرلەمان فەرمان بدات لەو رۆژنامەیەدا بڵاو بکرێتەوە ئەو کاتە یاساکە جێبەجێ دەبێت، چونکە بڵاو کردنەوەی یاسا زۆر پێویستە، لەبەر ئەوە لە هەموو یاسایەکدا مادەیەک هەیە دەڵێت: (ينفذ هذا القانون في الجريدة الرسمية وينفذ اعتبارا من تأريخه، أو

من تاريخ نشره)، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر روون ببێتەوە دەتوانین بڵێین: (ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية وينفذ اعتبارا من) لەجیاتی (من تاريخة من تاريخ نشرة)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەو دەقەی لیژنەی یاسای خوێندیەوە؟، بەمەرجێک ئەو دەقە بچەسپێت بۆ هەموو یاسایەک.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا جیاوازی هەیە لە داڕشتنی دەقەکەی پێشوو، لەگەڵ ئەو داڕشتنەی کۆتایی لیژنەی یاسا، چونکە لە دقەکەی یەکەم ماوە دیاری نەکراوە بۆ جێبەجێ کردنی یاساکە، بەڵام لە دەقی دووەمدا پەرلەمان فەرمان دەدات کە یاساکە جێبەجێ ببێت و، ماوەکەی دیاری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری ئەو رایە دەکەم کە هەردوو مادەکە جیاوازن لەیەک، چونکە لەیەکێکیان تەنیا بڵاو کردنەوەیە، ئەوەی تریان بۆ جێبەجێ کردنە، پێویستە ئەو دوو مادەیە هەردووکی بکرێت بەیەک مادە، سوپاس.

**بەڕێز شیروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای من راسترە بڵێین (ينفذ اعتبارا من تاريخ نشرة في الجريدة الرسمية)، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە دەڵێت (ينفذ إعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية)، سوپاس

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی هەر هەمووی یەک مانا دەگرێتەوە، بەڵام شتێک هەیە پێی دەڵێن زنجیرەی مەنتقی، چونکە یاسا بڵاو دەکرێتەوە پاشان جێبەجێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا دەڵێن زۆر جیاوازی نییەو، راشهاتووین لەسەر دەقەکە کۆنەکە، هەندێ لە ئەندامانی لیژنەی یاسا رایان وایە هەر لەسەر دەقە کۆنەکە بڕۆین، چونکە ئەم دەقە یاساییەو، تاکو ئێستاش (٥ـ ٦) یاسای پێ دەرچووە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بالیۆزنەی یاسا خۆیان لەسەر یەک دارشتن بۆ ئەو دەقە رێک بکەون و، پاشان بیخەنە روو، بۆ ئەوەی ئێمە لێرە وەختی پێ نەکوژین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سبەی باسی دارشتنی ئەم دەقەو، هۆکارە پێویستییەکان (الاسباب الموجبة) دەکەین.

دانیشتنی ئەمرۆمان کۆتایی پێهات، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٧)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ٤/١١/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٧)

## چوارشەممە ریکەوتی ٤/١١/١٩٩٢

کاتژمێر(١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی چوارشەممەی ریکەوتی ٤/١١/١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەرێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و بە ئامادە بوونی بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی دانیشتنی ژمارە (٤٧)ی خولی ئاسایی یەکەمی سالی یەکەمی خۆی سازدا. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.

بەرنامەی کار:

١ــ خوێندنەوەی راپۆرتی ئەو وەفدە پەرلەمانییەی کە بۆ دەرەوە چووە.

٢ــ تەواو کردنی گفتوگۆی پرۆژەی یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری.

٣ــ بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای رێزلێنانی شەهیدان و بزربووەکان وکەمئەندامەکانی پێشمەرگە.

٤ــ بەرچاوخستنی راپۆرتی ئەو لیژنە تایبەتییەی کە بە لێکۆڵینەوەی باری ئاوارەکانی ناوچەی گەرمیان و کەرکوک راسپێردرابوو.

٥ــ تازە بابەت.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێش ئەوەی کە راپۆرتی وەفدەکە بخوێنرێتەوە، کەس هیچ پێشنیارێکی نییە بۆ خاڵی تازەبابەتی ئەم دانیشتنە؟.

**بەرێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کوتلەی سەوز ئەم خاڵە بۆ تازەبابەت زیاد دەکەین، ئەویش سەبارەت بە خانووەکانی ئەنجوومەنەوەیە، تاوەکو بزانین چییان بەسەر هات؟، سوپاس.

**بەرێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە رۆژی ٢٩/١٠/١٩٩٢دا لە کاتژمێر(١١) وەفدەکەمان پێشوازی کرا لە فراکسیۆنی

(SPD) لەپەرلەمانی مەرکەزی لە بۆن کەپێک هاتبوو لە بەرێزان (یوتاجایف پیتر ڤیزەلی، پیتر روشزربازمارتن، فایس فریمون ، ڤانانم، گانزافورد). کۆبوونەوەیەکی زۆر تێرو تەسەل بوو بە درێژی باسی بارودۆخی کوردستانمان کرد، ئەوانیش بەڵێنیان دا کە لێتوێژینەوەی لەسەر دەکەن و بۆ بەیانی وەڵام دەدەنەوە، وەفدی ئێمەیان دەعوەت کرد بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانی ئەڵمان لە لۆجی شەرەف دایان ناین وبەخێر هاتنیان کردین ئەوەی شایەنی باسە ئەو کاتە لە پەرلەمانی ئەڵمانی باسی باری کورد دەکرا، بەتایبەتی کوردی تورکیا و، هەروەها ئیعادەی نەزەر لەیارمەتی ئەڵمانیا بۆ تورکیا.

رۆژی ۳۰ /۱۰/۱۹۹۲ سەعات (۱۱) پێشوازی کراین لەلایەن کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ وهاوکاری مرۆڤایەتی بەسەرۆکایەتی ڤایل هیریسین، نازانم کابرایەکی جووتیارە بەسەرۆکایەتی ئەو کۆبوونەوەکەمان لەلایەن ئەندامی پەرلەمان بەڕێوە برا و وەزعی سیاسی وئابووری کوردستانمان باس کرد لەو کاتەوەدا وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا دەچوو بۆ تورکیا بۆیە لەکاتی کۆبوونەوەکەدا پەیوەندیی پێوەکرا لەگەڵ تورکیا قسەبکات ورێگای زاخۆ یەکسەر بکاتەوە، هەروەها قسە لەگەڵ تورکیا بکات بۆ کۆمەکی زستان رێگای ئاسمانی بەکار بهێنرێت، هەروەها هەوڵ بدات کەمیکانزم بدۆزرێتەوە بۆ جێبەجێ کردنی بازاڕی ئەورووپی هاوبەش سەبارەت بەیارمەتی ئابووری کوردستان .

کاتژمێر(۱۲) پێشوازی کرا لەلایەن سەرۆکایەتی(SPD) ودەعوەتی نانی نیوەڕۆ بووین لەلایەن (پریس کلۆن) نوێنەری سەرۆکایەتی (SPD) و (ڤین گایل فیگەر) سکرتێری پەیوەندییەکان و(دوکلی مارتن ئایس) نوێنەری (SPD) لە کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکانی لە پەرلەمان وگرنگیەکی زۆریان بە وەفدەکەی ئێمە دا پاشان لەسەر بارودۆخی کوردستان زۆر دۆستانە گفتوگۆیان لەگەڵ کردین وچەند تێبینییەکیان پێ وتین:

ـ بەتەئکید بڕیاری لێدانی پەکەکە بڕیارێکی زۆر زەحمەت بوو کە کورد دژی کورد شەڕ بکات، بەڵام ئێمە تێدەگەین سەفارەتی تورکیا پەیوەندیی پێوە کردین و، گووتیان ئەوە دۆستەکانتان لە بەرەی کوردستانی مافی پەنابەریی سیاسیان بە P.P.Kدا، دیارە حەز دەکەن کە پەکەکە بپارێزن، ئێمە لەوە زیاتر زەحمەتە بتوانین فشار بخەینە سەر تورکیا و توانیمان ئێستا (٤٥) فڕۆکەی ڤانتۆم رابگرین لەوەی کە لە تورکیا بدرێت، چونکە ئێمە پەیمانێکمان هەیە لەگەڵ تورکیا کە نابێت چەکی ئێمە بەکار بهێنن، جگە لە چوارچێوەی سیاسەتی ناتۆ.

بۆ ئەمریکا وفەرنسا وبەریتانیا وتورکیا گرنگە بەتایبەتی تا ئەو جێیەی پەیوەندیی هەیە بە کۆماری ئیسلامی پاشماوەی سۆڤییەت، بۆیە هەوڵ بدەن کە پەیوەندیتان لەگەڵ تورکیا راست بێت، لەوانەیە تورکیا رازی بێت لەسەر تازە کردنەوەی پاراستنی دەوڵەتی، بەڵام بە مەرجێکP.K.K لە کوردستاندا نەمێنێت.

هەروەها ئاگاداری بڕیاری فراکسیۆنی(SPD) یان کردین، کە لە پەرلەماندا بڕیاریان لەسەر

دابوو، کە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە: ئێمە ڕۆژێک پێشتر لەگەڵیان دانیشتین داوامان لێیان کرد کە داوا لە پەرلەمانی ئەوروپی بکەن ئەو بڕیارانەی کە داویەتی بۆ یارمەتیدانی کوردستان زوو جێبەجێ بکرێن و، داوا لە (SHP) بکرێت کە کوردستان ئیستیسنا بکات لە ئابڵوقەی ئابووری، یاخود ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی کە هەموو شتێکیان پێبگات، بۆ ئاوەدانکردنەوە وپێشخستن و، ئەوانیش وتیان داواش دەکەین لە حکومەتی ئەڵمانی کە فشار بخاتە سەر تورکیا بۆ درێژە پێدانی پاراستنی دەوڵەتی، ئەگەر پێویست بوو داوا لە حکومەت دەکەین یارمەتییەکی پەلەی کوردستان بدات بۆ زستان، هەروەها لە ڕێگای ئاسمانی بۆ ئەوەی ئەو ڕێگا ئاڵۆزەی تورکیاش زیاتر ئازارتان نەدات و، یارمەتیشتان بدەین بۆ سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە دیموکراسییەی ئێوە، هەروەها ئەنجامی کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقییان زۆر لامەبەست بوو و، بەڵێنمان داوە کە بۆیانی دەنێرین ئێمە دەزانین ئێوە بەیارمەتی مرۆیی تەنها ناتوانن وڵاتەکەتان ئاوەدان بکەنەوە، دەبێ ئابووریی خۆتان ڕێک بخەن بۆبە هەوڵ دەدەین وەکو زۆرتان پێشنیارتان کردووە پرۆژەی ئەمنیتان بۆ جێبەجێ بکرێت، ئەوەی کە ئێوە پێی دەڵێن پلانی ماشارل بچووک ئەمە لەسەر داوای ئێمە بوو وەڵامی کتلەی پەرلەمانی SPD بوو.

لەکۆتایی دا وتیان ئێمە ئامادەین:

أ- لەکۆبوونەوەی سەرکردایەتیی (SHP) لەمانگی یەک دەعوەتتان دەکەین و یەکێ لەمەسەلە گرنگەکان مەسەلەی کوردە کە باسی بکەین وبەتایبەتی لەبەر ئەوەی (SHP) تورکیا ئەندامە لەگەڵ ئێمە.

ب - وەفدێکی گەورەمان لەبەهاری داهاتوو دێنە لای ئێوە.

خاڵێکی تر سەعات (٨)ی ئێوارە کۆبووینەوە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کوردەکانی تورکیا و عێراق، ئێران و، سوریا و بڕیارمان دا لەهەر وڵاتێک بازگەیەک بکەینەوە بەناوی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان ئەوەی شایانی باسە کۆبوونەوە لە نوێنەرانی هەمووڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان پێک هاتبوو، سوپاس.

**بەڕێزجێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە تەنها بانگێشتەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کورتەی سەفەری ئەڵمانیاتان پێ ڕابگەیەنین:

١- ئامادەن بەخێرایی کۆمەکی زستانمان بکەن، کە دەکاتە خۆراک وسووتەمەنی تەنها هەرێمی(نۆرت راین ڤێس ڤالن و نیدەرساکسن) وحکومەتی مەرکەزی هاوکاریمان دەکەن، ئێستا هەرێمی نیدەرساکسن دیارە کە مەبلەغی(٣)ملیۆن مارکیان تەرخان کردووە.

٢- یارمەتی مرۆڤایەتی بەگشتی زیاد دەکەن.

٣ـ پشتگیری دەکەن لەپێشنیاری ئێمە بۆ مارشانی پلانێکی بچووک بۆ ئاوەدانکردن و گەشەپێدانی کوردستان.

٤ـ هەوڵ دەدەن کە تورکیا ئیجابی تر بێت لەگەڵمان و ماوەی پاراستنی کوردستان تازە بکرێتەوە.

٥ـ هەوڵ دەدەن لەگەڵ تورکیا بۆ ئەوەی سوود لەرێگای ئاسمانی وەربگرن بۆ گەیاندنی یارمەتی.

٦ـ هەوڵ دەدەن کوردستانی عێراق ئیستسنا بکرێت لە ئابلـوقەی ئابووری بۆ گەیاندنی هەمووشتێک.

٧ـ بۆ مانگی (١/ ١٩٩٣) نووسراوە وەفدێکمان دەعوەت دەکەن بۆ کۆبوونەوە (SA) لە جنایە خاڵێکیان کێشەی کوردە.

٨ـ تەئکید لەسەر رەزامەنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەکەن بۆ مەسەلەی فیدراڵی وتەئکید لەسەر ئەوە دەکەن کە ئێمە دەبێت پەیوەندیمان لەگەڵ تورکیادا زۆر باش بکەین.

٩ـ وەفدێکی حکومی (SPD) لەبەهاری داهاتوودا دێن بۆ کوردستان.

١٠ـ تەئکید دەکەنە سەر هاوکاری کردنیان بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەویش بۆ سەرکەوتنی ئەو ئەزموونە دیموکراتییە کوردستان و، چەند لیستەیەکی حکومەتی کوردستانماندایە پەرلەمانی هەردوو هەرێمی نیدەرساکسن و نۆرت راین ڤێس ڤالن و ئەوانیش بەڵێنیان دا کە لێتوێژینەوەی لەسەر بکەن و لە ئەنجامەکەی ئاگادارمان بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک بارزان بە راستی ئەو چالاکیانەی کە وەفدەکە کردوویانە جێگای دڵخۆشیمانە، وهیوامان وایە ئەو بەرنامانە جێبەجێ بکرێن، ئێستاش ئەگەر لیژنەی یاسا بفەرموون بۆ خوێندنەوەی پاشماوەی یاسای کشتوکاڵ وابزانم لەسەر مادەی (٩) وتمان بگەینە دارشتنێکی تەواو، چونکە لیژنەی یاسا خۆیانیش لە نێوان خۆیاندا دوو راییان هەبوو لەسەر ئەو دارشتنە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الاسباب الموجبة : لكون اقليم كوردستان العراق منطقة زراعية على مدي العصور السحيقة لغرض تطوير الانتاج الزراعي والحيواني والاهتمام بمصادر المياه في الاقليم والمشاريع الاورائية وتطويرها لهدف ريادة الانتاج وتحسين نوعيته وتنمية الانتاج الزراعي والحيواني مما يحقق الاستخدام الامثل لامكانياتها المادية والبشرية في الاقليم لغرض تهيئة الاجواء الملائمة لاعادة الاعمار القرى وقصبات كوردستان المهدمة وتحقيق الاكتفاء الذاتي في الانتاج الزراعي والحيواني في الوقت الحاضر وتشجيع الساكنين لتلك القرى للعودة الى مناطقهم واحيائها وزراعتها فقط شرع هذا القانون.

ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بوارم پێبدات کە ئەسباب موجبەی پرۆژەی یاسای وەزارەت بخوێنمەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الاسباب الموجبة: تطبيقاً لسياسة حكومة اقليم كوردستان ولغرض تكامل الانشطة الزراعية والاروائية وباتجاه زيادة الانتاج وتحسين نوعية وتنمية الانتاج الزراعي وتطوير المواد المائية بمايحقق الاستخدام الامثل للامكانيات المادية والبشرية في الاقليم فقد شرع هذا القانون.

ئەمەیان ئەسبابی موجەبەی پرۆژەی وەزارەت بوو.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەرۆکایەتی ئەنجوومەن پرسیارێکی هەیە لەسەر ئەسبابی موجەبە باسی ئەوە کراوە کە ئەم وەزارەتە وەزارەتێکی نوێیە و، تازەش لە کوردستاندا دادەمەزرێ، هەتاکو لە کاتی رژێمیشدا ئەم وەزارەتە نەبووە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

چونکە مادەی (٤)ی یاساکە هێشتا تەواو نەکراوە ، دەبوایە مادە (٤)تەواو بوایە، پاشان ئەسباب موجبەکەی لەگەڵدا هاتبایە، پێموایە باشتر دەبوو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەم ئەسباب موجەبەیە هیچ ناکۆکیەکی نییە لەگەڵ مادە (٤)دا، چونکە ئەم ئەسباب موجەبەیە دێتەوە سەر مادەی (٤).

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێموایە ئەو ئەسبابی موجەبەی کە بەڕێز کاک ئەیاد خوێندیەوە، ئەوە خۆیان ئامادەیان کردووە نەک وەزارەت شتێکی پاکە وحەق وایە ئەوە پەسەند بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێستا کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەسبابی موجەبە؟.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەئەسبابی موجەبەدا، بە چاک و بەخراپ باسی تەسنیعی زراعی نەکراوە، وابزانم تەسنیعی زراعیش لەوکاتەدا کە ئێمەش پیا تێدەپەڕین شتێکی زۆر گرنگە وەدەبێت هەوڵی بۆ بدەین، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەسبابی موجەبە نابێت بە شێوەی داڕشتنەوە بێت، دەبێت بە شێوەیەکی یاسایی بێت، مادام

دانراوە دەبێت لە میبیانی یاساکەدا بێت و، روون کردنەوەی یاساکەی تیادا بێت ،سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە تێبینییەکەی بەڕێز هێرۆخان، ئەگەر یەکێ لەلیژنەی کشتوکاڵ وەڵامان بداتەوە، د. جەلال فەرمووو.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دان بەوەدا دەنێم کە ئێمە لەبیرمان چووبوو باسی ئەو بابەتە بکەین، بەرای من پێویستە بیخەینە ئیشوکاری وەزارەتی کشتوکاڵەوە کەوا کۆمەڵگای کشتوکاڵی پیشەسازی بکەنەوە، کە ئەو کارگە بچووکانە دەگرێتەوە کەوا دەتوانین لە ناوچە کشتوکاڵییەکاندا بەکاری بێنین، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ نموونە ئێستاکە کۆمپانیای (MPKO) هەیە لە ناوچەی رانیە، بە هاوکاری رێکخراوی کاردۆی کشتوکاڵی وا خەریکی دروست کردنی کارگەی گوڵەبەرۆژەن، بۆ ئەوەی ئەو گوڵەبەرۆژەی کە لە ناوچەی رانیە دێتە بەرهەم ، لەو کارگەیەدا رۆنی لێدەربهێنین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەسنیع ئیشی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری نییە، بەڵکو ئیشی وەزارەتی پیشەسازی و وزەیە، هەموو کارگەیەک سەربە وەزارەتی پیشەسازی دەبێت، هەتاکو ئەگەر مەوادی کشتوکاڵیش بەکار بێنن، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رایەکەی بەڕێز کاک فرەنسۆدام، بەڵام ئەوکارگانە کە لە دێهاتەکاندا دادەمەزرێن، بەشێوەی پیشەسازی گەورە نین کەوا وەزارەتی پیشەسازی خۆی پێوە سەرقاڵ بکات و، ماوەی ئیشەکانیان ماوەیەکی کەمە هەر لە خەڵکی ئەو گوندانە خۆیان بۆ ماوەیەک ئیشی تیا دەکەن تا ئەو بەرهەمەی کەوا هەیانە هی ناوچەکەیانە تەواو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کارگەی دروست کردنی رۆن لە گوڵەبەرۆژە رۆڵێکی زۆر باش هەیە، بەڵام پێموا نییە کارگەیەکی بچووکە کاتییش بێ تەنها بۆ زستانە ئەوەی کە بەڕێز د.جەلال وتی ئەوە ناگرێتەوە و، چونکە کارگەیەکی گەورەیە بۆ هەمیشەییە.

**بەڕێز هێـــرۆ ئیـــبـــراهیم ئەحـــمــــەد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــومــــــەن.**

ئەم کارگانە دوو جۆرن جۆرێکیان هەیە هەر تایبەتی لە ناو لادێکاندا دروست دەکرێت، وەکو ئامێری گوشین، بۆ دەرهێنانی رۆنی گوڵەبەڕۆژە و ئاوی تەماتە وزۆر شتی تریش، ئەوانە هەمووی کارگەی زۆر بچووکن و هیچ پەیوەندییان بە وەزارەتی پیشەسازییەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

سەبارەت بەو کارگە بچووکانە، ئایا پێویست نییە ئێمە هانی کەرتی تایبەتی بدەین کە بەو کارانە هەستن؟.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـبـــەندیی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــومــــــەن.**

ئێمە دوێنێ گفتوگۆی یاساکەمان کرد و، دەنگیشی لەسەر درا تەنها ئەو مادەیەی کە پەیوەندیی بە هەیکەلی وەزارەتەوە بوو مایەوە، ئەمەیەک بەڕێز د.جەلال فەرمووی کە لەوێدا لەبیرمان چووبوو. سەبارەت بە لیژنەی یاساش ئەوە بەگوێرەی پرۆگرام روونە کە ئیشی ئێمە چییە؟ ئێمە دەڵێین خۆزگە لە بیری نەچوایە هەرچەندە راپۆرتێکی زۆر رێکوپێکیشە، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــومــــــەن.**

بە رای من ئەم کارگانە دەبێ سەر بە وەزارەتی پیشەسازی بێت، وەکو کارگەی جگەرە کە کارگەکە خۆی سەربە وەزارەتی پیشەسازییە، هەرچەندە توتن سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵییە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

بەپێی ئەو تێبینییەی کە لیژنەی یاسا دەیڵێت، ناتوانین ئەومادەیە بخەینە جێگایەکی ترەوە مەگەر بە پێی هەیکەلەکەی بخرێتە مادەی چوارەمەوە .

مادەی چوارەم: دوێنێ پێشنیارێک هەبوو لە سەرۆکایەتییەوە کەوا لیژنەیەک لێتوێژینەوەی لەسەر بکات، بریتی بێت لە لیژنەی کشتوکاڵ و لیژنەی یاسا ولەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵیدا باسی بکرێت، جا ئەگەر تەواو بووە بۆمانی بخوێننەوە بۆ ئەوەی کە تێبینییان چییە لەسەری بڵێین وبریاری لەسەر بدەین.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــومــــــەن.**

دوێنێ لیژنەیەک بۆ ئەم مەسەلە دانرا، ئێستاش مادەی (٤)دەخوێنینەوە:

المادة الرابعة: تكون تشكيلات مزكز الوزارة والمديريات العامة كمايلي:

١ـ مكتب الوزير.

٢ـ مكتب وكيل الوزارة.
٣ـ مديرية الديوان العامة.
٤ـ المديرية العامة للاراضي الزراعية.
٥ـ المديرية العامة للشؤون الخدمات الزراعية.
٦ـ المديرية العامة للثروة الحيوانية والبيطرة.
٧ـ المديرية العامة للري والسدود.
٨ـ المديرية العامة للتبغ.
٩ـ شركة الحفر والآبار الارتوازية ومركز البحوث الزراعية وتطبيقية.
١٠ـ المديريات العامة للزراعة والري في محافظات الاقليم.
لەم (١٠)برگەیەدا وەزارەت پێک دێت، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز دەکەم ئەو بڵێم کە (المديرية العامة وشؤون الخدمات) نییە، بەڵکو( للشؤون والخدمات) دوای (مركز البحوث الزراعية والتطبيقية)، ئەوەشی بخرێتە سەر (المديريات العامة للزراعة والري في محافظات الاقليم).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارێک لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەوە هەیە، کە ئایا بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی پارێزگاکان بووەتەوە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی؟.
ئێستاش کێ لەسەر ئەو تەشکیلەی کە باس کراوە تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من مەبەستم ئەوە نییە ئەو مادەمان دواخست وامان زانی مدیریاتی زۆر تیایە هەتاکو باری وەزارەت سووک کرێت، پێشان (٦) بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبوو، بەڵام ئێستا (٨)بەڕێوەبەرایەتییە و(٤)بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکانە، واتە شتەکەیان گەورەتر کردووەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی مادە (٤)ەوە لەگەڵ برادەران لە کۆبوونەوەکەدا بڕیارمان دا کە ببێتە بەشێک لە تەشکیلاتی وەزارەتی داد، کە گفتوگۆی تەشکیلاتی وەزارەتی داد دەکەین ئەوە لایەنێکی، لایەنی دووەم بابەتی کۆمپانیا و مەرکەز هەبوو ئێستاش بە شێوەیەکی گشتی لەوێدا دیاریمان کرد، سوپاس.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە بەڕێوەبەرایەتییەکیش هەبێت بە ناوی (اصلاح الزراعي)، جا نازانم ئێوە راتان چییە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی زەوی، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ژمارەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان ئەوەندە زۆر بێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ ئەو رایەمە کە هەموو ئەو پسپۆڕایەتیانە دەبێت لە وەزارەتدا هەبن و، دەبینم لە ئەو هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانە هیچ باسی بەستەنە وغابات ومێرگ نەکراوە، کە دەبێ گرنگی پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی زەویوزارەوە ئێمە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زەویوزارمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی داوای رای برادەرانی لیژنەی کشتوکاڵ بکەین هەر پرسیارەکە ئەوەی کە بەڕێزان کردیان، پێویستی بەو هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانە هەیە، بۆ وەڵامەکەی بەڕێز کاک ئەکرەم ئەمە جاران بەش بووە و، بەڵام ئێستا بووە بە وەزارەت و، دەیکەن بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و ئەو بیرورایەی کەهاتە پێشەوە ئەوە بوو، ئایا ناکرێت چەند بەشێک ببەسترێتەوە بە بەڕێوەبەراتی گشتییەکانەوە و، وەکو ئەوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی دابنێن.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند پرسیارێک کرا کە وا پەیوەندیی بەو بابەتەوە کە یەکێکیان بەڕێز سەید حەسەن باسی کرد، کە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان ژمارەیان زیاد بووە، خۆی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانە، لیژنەی یاسا ولیژنەی کشتوکاڵ پەسەندیان کردووە و، هیچ زیادەیەکی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام هی پارێزگاکان کراوە بە بەڕێوەبەرایەتی.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقی (١٥) بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە و، وەزارەتی کشتوکاڵی ئێمە تەنها (٥)بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە، کوردستان ویران بوو وابزانم پێویستی بە دەزگایەکی زۆرە بۆ ئەوەی لە دێهاتەکاندا کشتوکاڵ جێگەی خۆی بگرێتەوە، سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکان رای لیژنەی یاسا وابوو کە لە پارێزگاکاندا بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی هەبێت، ئەگەر ئەنجوومەنی ئیداریش هەبێت، ئەم ئەنجوومەنە بریتی بێت لە سەرۆکی بەشەکان بۆ ئەوەی کە بتوانن لە زۆر شتدا گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم لەوە زۆر دووایین، بەڕێز سەید حەسەن خالێکی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا بەڕێوەبەرایەتی گشتی دانراوە (٦) بەڕێوەبەرایەتی گشتی جێی خۆیەتی (٤)یش زیاد کراوە، راستە پەرلەمان رازی دەبێت، بەلام بەڕێوەبەرایەتی گشتی، بەڕێوەبەرایەتی تری لەدوا دێت و دانەنراون، ئێمە لە یاساکەش بە وەزیر دەسەلاتمان نەداوە کە بەڕێوەبەرایەتی دابمەزرێنێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە کارێکی یاسایی وهونەرییە و دەبێت رەچاو بکرێت، کە وەزیر دەسەلاتی ئەوەی نەبێت بەڕێوەبەرایەتی دابنێ وئێستاش لابرا بێت، دەبێت هەم دیسانەوە جارێکی تر لە پەرلەمانەوە بڕیاری دامەزراندنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە بدرێت.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە کەم کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکان، بەرای من ئێستا وەزعمان خراپە دەبێت بەڕێوەبەرایەتییەکان کەم کەینەوە، چونکی ئێستا پێویستمان بەوە هەیە کە کەم ترین مەسرەف بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق بەگشتی (١٢)بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە، کەچی کوردستان سێ پارێزگایە و(١٠)بەڕێوەبەرایەتی هەیە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا هەندێ بەڕێوەبەرایەتی هەیە کە هیچ یاسایی نییە، بەلام کە یاساکە هاتە کایەوە ئەم

بەڕێوەبەرایەتییە دەتوانین بیکەین بە یەک بەڕێوەبەرایەتی گشتیی، ئێستا ئەگەر یاسای ژمارە(١٧)جێبەجێ کەین هیچ پێویستیەکمان بە بەڕێوەبەرایەتی زەویوزار نامێنێ، هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتی زەویوزاریش دوو ئیشی هەیە، یەکەم داگیرکردن(الاستیلاء)، دووەم ماف چەسپاندن(تثبیت الحقوق)، بەڵام ئەگەر یاسای ژمارە(٩٠)جێبەجێ کەین هیچ ئیشێکمان بەم بەڕێوەبەرایەتییە نابێت، چونکە نە ئستیلاء ماوە و، هەموو مافێکیش چەسپاوە و هەمووی بووەتە کرێ، واتە پێویستیمان بە ئەویش نییە، پاشان بەڕێوەبەرایەتی بەنداومان بۆ چییە؟ ئێمە تەنها بۆ ئاو جۆگە دەروست دەکەین، خۆ جارێکی تر بەنداوی دۆکان ودەربەندیخان دروست ناکەینەوە، ئەمە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ چییە؟!، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باشە ئەگەر ئێمە ئەوەندە بەڕێوەبەرێتی گشتییمان نەبێت ئەی دەبێت ئەرکی سەرشانی ئەو جەنراڵانە چیی بێت کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دانراوەن، خۆ دەبێت بەرامبەر بەهەر یەکێکیان بەڕێوەبەرایەتییەکمان هەبێت تا بیان پارێزی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە مەسەلەکە پێشبڕکێیە لە وەزاەتەکاندا، تاوەکو بزانین کێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی زۆرترە!.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە ناوی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کە ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵە، بەراستی هیچ پەیوەندییەکی بە ناوەڕۆکەکەیەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز سەید حەسەن تێبینیەکی دەربڕی و فەرمووی وەزیر تەنها دەسەڵاتی تازەکردنەوەی هۆبەی هەیە، هەرچەندە لە برگەی(٢)دا دیاری کراوە کە دەسەڵاتی داوەتێ ولە مادە(٦)دا دەڵێت: (تحدد بنظام تشكيلات الوزارة وواجباتها وصلاحيات المديريات العامة)و ئەو تەشکیلانەی کە بەڕێز کاک ئەکرەم باسی کرد لە میانەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە دا دەنرێت ، واتە وەزارەت تەخویل کراوە کە هەیکەلەکە دروست بکات، هەروەها سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی زەویوزار ئەویش کۆمەڵێک ئیشوکاری هەیە، بەڵام ئێستا کۆمەڵێک پێشنیار هەیە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە، کە یاسای ژمارە(٣٥)و بڕیاری (مجلس القيادة الثورة) ژمارە (٣٦٤و ٣٦٧)هەڵبوەشێنرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بیروبۆچوونەکان وای دەردەکەن کە، ئایا دەتوانرێت ئەم هەیکەلیەتە تۆزێ بگۆردرێ وکەم بکرێت،

ئەویش لەبەر ئەوەی کە باری تایبەتی وباری ئابووری ئێستای کوردستانمان لەپێش چاو بێت و،کارێکی وا بکرێت کە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بتوانێت بەئیشی یەک دوو بەڕێوەبەرایەتی هەستێت، کەواتە لێهاتووی ئیش کردن زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە یاسایەک دادەنێین بۆ ڕۆژ ودوو ڕۆژێک نییە، ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کە دەسنیشان کراون، مەرج نییە بەیانی، یا دوو بەیانی، بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری بەڕێوەبەرەکان دامەزرێنێت، ئەگەر دەتوانن ئەو نوێکاریانە بکەن و، تاوەکو بوودجەیەکی گونجاو نەبێت نەتوانن وەکالەت بدینە خەڵک کە ئیشوکارەکانیان بکەن، تکایە بە وردی تەماشای ئیشەکە بکەن وپاشان بریاری لەسەر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز جێگری سەرۆک فەرمووی کە من وتومە: (١٠) بەڕێوەبەرایەتی گشتی داناوە، بەلام لە بەغدا (٢٠)بەڕێوەبەرایەتی هەیە، چونکە لە هەر پارێزگایەک بەڕێوەبەرایەتییەک هەیە و(١٩)پارێزگای هەیە وبەڕێوەبەرایەتییەکیش لە مەرکەز هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزت وتت (١٥)و منیش قسەکانی تۆم کرد.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(١٠) لە مەرکەزدا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جاتۆ باسی پارێزگاکانت نەکرد.

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم تەشکیلاتە بەراستی هەمووی پێویستە و، ئێمە پێشنیارمان کردووە، بەلام لەهەمان کاتیشدا دەتوانرێت (٣)بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکرێت بە یەک بەڕێوەبەرایەتی و ناوێکی تایبەتی بۆ بدۆزینەوە،( مديريات الاراضي العامة للشؤون والخدمات زراعية الري والسدود) ئەوە کاروباری فەنییە دەتوانرێت بکرێت بە(المديرية العامة للشؤون الفنية)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەیکەلێکمان هەیە، ئەگەر بوارم دەدەن ئەوە دەیخوێنمەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە مەسەلەیەکی یاسایی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی هونەرییە، ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە کە سێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکرێت بە یەک بەڕێوەبەرایەتی و ناوی بنرێت(المديرية العامة للشؤون الفنية)با دەست بەرزکاتەوە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو خاڵەی کە بەڕێز سەید حەسەن ئاماژەی بۆ کرد لە یاساکەدا هەیە و، ئێمە دەنگدانمان لەسەری کردووە، ئێمە مافمان داوەتە وەزیر بۆ دامەزراندنی هۆبە لە بەڕێوەبەرایەتییەکان، بەڵام ژمارەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە دیاری نەکراوە کە چەند بێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە نەمان وتوە و ناشمانەوێ بەڕێوەبەرایەتی، یا هۆبەکان نوێ بکەینەوە و، ئاماژەشمان کردووە کە تەشکیلاتی وەزارەت بە چ شێوەیەک بێت، بەڵام چیی تیایە وەزیر دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت، کە لەکاتی پێویست دا ئەو هۆبانە نوێکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا ئێمە باسی ئەو تەشکیلاتە دەکەین کە هەردوو لیژنەی کشتوکاڵ ولیژنەی یاسا کردوویانە، جا ئەگەر خەلەلێک لە یاساکەدا هەیە ئەوە ئێمە ئێستا دەنگدانمان لەسەری کردووە و، وەزارەت پاش ماوەیەکی تر دەتوانێت داوا بکات کە جارێکی تر ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە بنەڕەتدا پێشنیاری پرۆژەی وەزارەت کە هاتووە خۆیان دەستنیشانیان کردووە، کە هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی چەند بەڕێوەبەرایەتییەک پەیوەندیی پێوە هەیە و، دەبێت کەم بکرێنەوە و، تەنها بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بمێنێتەوە، پاشان لێرەدا چەند شتێکی هونەریی هەیە، تەکنیکی هەیە کە پێویستە رەچاو بکرێت و، ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە نابێت کەم بکرێنەوە، چونکە ئەوەمە پیلانی رژێم بوو کە کەمیان بکاتەوە ئەویش لەبەر بەرژەوەندی خۆی بووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پەیوەندیی بەو بابەتەوە هەیە کەگفتوگۆی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز د. خەسرەو گوڵ محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا لە پارێزگاکاندا نووسراوە (فرع الزراعة والري)، ئێمە دەمانەوێ ئاستی ئەو لقە کاتێ کە

سەرۆكی ناوچەی كشتوكاڵی بووە، پاشان كراوە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئێستا بكەینەوە بەلق، نازانم لق مانای چییە؟.

من تێبینیەكم هەیەلەسەر قسەكەی بەڕێز كاك ئەكرم، سەبارەت بە مەسەلەی ئەم سێ بەڕێوەبەرایەتییە كە بكرێت بە یەك بەڕێوەبەرایەتی، لەوانەیە تا رادەیەك دوو بەڕێوەبەرایەتی ئیشەكەیان لە یەكەوە نزیك بێت، بەڵام (الري والسدود) كە بكرێت بە(المديرية العامه للشؤون الفنيه) چ فەنییەك، (فەنی زراعی فەنی الری)، بەراستی دوو شتی لە یەك جیاوازن، سوپاس

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارێك ئاراستەی لیژنەی یاسا دەكەم سەبارەت بە بڕگە(٢) لە مادە (٦)دا كە دەنگدانی لەسەركراوە و نووسراوە (تحدد بنظام تشكيلات الوزارة وواجبات وصلاحيات المديريات العامة والمديريات التابعة لها وهيئات ومراكز)، ئەگەر مەبەست ئەوە نییە وەزیر دابنیشێ بەڕێوەبەرایەتی لە نێوان ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتی دابنێ، مەبەست لە تەشكیلاتی وەزارەت چییە؟ ئەگەر ئێمە لێرە دابنێین بڵێین (تحدد بنظام)، ئەگەر ئێمە لێرە هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەكان كۆكەینەوە وبڵێین ئەو بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیی پێوە هەیە و ئەوی تر پەیوەندیی نییە، واتە پێویستی بەو دەقە نابێت و، دەقەكەش دەنگدانی لەسەر كراوە، دووەم بەڕێز كاك ئەیاد فەرمووی كە وەزیر بەكەیفی خۆی بەڕێوەبەرایەتی دادەنێ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاكان مانای ئەوەیە كە هەموو پسپۆڕایەتییەك لە ناو ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانەدا لە هەیكەلی وەزارەتدا هەیە، كە ئێمە بڕیارمان لەسەر شێوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتییەكانی پارێزگاكاندا، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیارەكەی بەڕێز كاكەڕەش كە كردی، من دەگەڕێمەوە سەر خاڵی سەرەتای نیزامی ئەمە دەبوایە كاتی خۆی گفتوگۆی لەسەر بكرایە، بە رای من لە هیچ پەرلەمانێكدا نەبووە كە یاسا پاش دەنگدانی گفتوگۆی بكرێتەوە و، ئەوە شتێكی زۆر نا نیزامییە و دەمەوێ بیخەمە پێش چاوی بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم ئێستاش نەگەڕاوینەتەوە سەری.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتە ئێستاكە پێویستە وەكو مادەیەك نەبوایە، ئەوە لە هەیكلەوە نییە، لەسەر بابەتی پەسەند كردنی یاساكەیە لەسەر هەیكەلەكە نییە، چۆن دیاری دەكرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابت دەڵێی ئەمە هێشتا نەبووە کە ئێمە بگەڕێینەوە، ئێستا نەگەڕاوینەتەوە سەر هیچ شتێک واتێ گەیشتم ببوورە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(تحدد اختصاصات مديريات عامة بنظام)دەسنیشان کراوە، واتە لە دانیشتنی رابردوودا مادە(٦) پەسەند کرا و، گەڕانەوە بۆ سەری ئیشێکی نیزامی نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز کاکەڕەش مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی، یا نوێکردنەوەی نەبوو، ئەگەر ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لابیرێت تەنها (لشعب) دەمێنێتەوە و، لە وەزارەتیش حەق نییە بەڕێوەبەرایەتی دابنرێت، بەڵکو مەبەستی ئەوە بوو کە بەپێی مادەی (٦) وەزارەت حەقی هەیە نیزامێک بۆ هەیکەلی خۆی دابنێت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جا کاک ئەیاد دیسان بیخوێنەوە، وەڵامەکی من بەو شێوەیەیە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە برگە (٢)ی مادە (٦) مەبەستی ئەوەیە کە ئەرک ودەسەڵاتی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە کە سەربە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانەن لە ناو تەشکیلاتی وەزارەت هەیە و، بە نیزامێکیش دیاری دەکرێت.

٢ـ (تحدد بنظام تشكيلات الوزارة واجبات وصلاحيات المديريات العامة والمديريات والتابعة لها والهيئات والمراكز)، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەستی من ئەوە نەبوو بگەڕێیمەوە سەری، بەڵام خۆی تەشکیلاتی وەزارەت بڕیار دراوە کە لە دەسەڵاتی وەزیر خۆیدا بێت، کە ئەویش هەیکەلی خۆی دروست کرد، واتا ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانەی کە بەڕێز کاک ئەکرەم باسی کرد لە ناو هەیکەلەی ئەو پسپۆڕایەتییەدایە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من خاڵێکی نیزامیم هەیە، ئەویش کە بۆ هەموو وەزیرێک هەیە بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا بکات و، بۆی هەیە گفتوگۆش بکات، بەڵام تەنها لەکاتی

دەنگدان دا ناتوانێت بەشداری بکات، بۆیە بەڕێز کەمال موفتی بۆی هەبوو کە قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

من داوای لێبوردن لە بەڕێز کەمال موفتی دەکەم، چونکە وا تێگەیشتم کە لەسەر بابەتی پێشمەرگە بدوێت، جا ئێستا فەرموو کاک کەمال.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رای بەڕێزان کاک ئیبراهیم وکاک شەوکەت دەکەم، ئێمە کە ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە دادەنێین دەبێت هەنگاو بە هەنگاو پەرەیان پێ بدەین، نەوەکو کەمیان کورتیان کەینەوە و، ئەوەی کە بەڕێز کاک ئەکرەم باسی کرد زۆر لە جێی خۆیەتی، ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ وبەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداوەکان بەیەکەوە بن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

با لیژنەی یاسا بفەرموون پێشنیارەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الرابعة: تكون تشكيلات مركز الوزارة العامة وتتألف من المديريات التالية:

١ـ مديرية الادارة والافراد.

ب ـ مديرية الحسابات والتدقيق.

جـ ـ مديرية التخطيط والمتابعة.

دـ الدائرة القانونية.

٤ـ المديرية العامة للزراعة:

أـ البستنة: مدير البستنة والغابات والمراعي الطبيعية.

ب ـ مديرية التجهيزات الزراعية.

جـ ـ مديريات الزراعة في محافظات الاقليم.

٥ـ المديرية العامة للاراضي:

أـ وتتألف من المديريات التالية:

١ـ مديرية الاراضي.

٢ـ مديرية المساحة.

٦ـ المديرية العامة للري والسدود وترتبط بها مديريات الري والسدود في محافظات الاقليم.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی بۆ چی باسی بەیتەریەتان نەکردووە؟.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

ئەوە پێشنیاری لیژنەیە کە ئەواتە دابنرێت.

٧ـ المديرية العامة للثروة الحيوانية والبيطرة وترتبط بها مديريات البيطرة والثروة الحيوانية في محافظات الاقليم.

٨ـ المديرية العامة للتبغ وترتبط بها مديريات ومراكز تحسين التبغ في محافظات الاقليم.

٩ـ الشركة لحفر الآبار الارتوازية ومراكز البحوث الزراعية التطبيقية.بەڕێز فەرەنسۆ هەریری:

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

ئەو پێشنیارەی کە لەلایەن لیژنەی یاساوە کراوە، پێموایە لەگەڵ ڕێزم بۆیان ئەمە کاری ئەوان نەبوو، ئەگەر پێشنیاری تازەش هەیە، پێویستە لەگەڵ ئەو لیژنە پسپۆڕەی کە دانرا بوو گفتوگۆیان بکردایە و، لەگەڵیاندا ڕێککەون، پاشان پێشنیارەکە پێشکەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە وامان پێباش بوو کە ئەو پێشنیارە پێشکەش بکەین، هەرچەندە پێشنیارەکەش شتێکی مولزەم نییە بە هیچ کەسێک وبە ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئەگەر بەڕێز کاک عەدنان پێشنیارەکەی وەکو ئەندامێک پێشکەش بکات، جیاوازی دەبێت لەوەی کە وەکو لیژنەی یاسای پێشکەشی بکات.

**بەڕێز ئەکرەم عـزەت نەجیب/ بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پاش ئەوەی کە لەگەڵ بەش وهۆبەکان وپسپۆڕانی کشتوکاڵیدا گفتوگۆ ولێتوێژینەوەیەکی زۆرمان کردووە، گەیشتووینەتە ئاکامەی ئەو پێشنیارەی کە پێشکەشی ئێوەی بەڕێزمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئەم مەسەلەیە زۆری خایاند، ئێستا لیژنەی کشتوکاڵ و وەزارەتی کشتوکاڵ دارشتنێکیان پێشکەش کردووە، لەو دارشتنەدا نوێنەری لیژنەی یاساش بەشدار بووە، جا ئێستا کێ لەگەڵ ئەودایە کە ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، بەڕێز کاک ئەیاد با بفەرمووێت پێشنیارەکە بخوێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

تكون تشكيلات الوزارة والمديريات العامة كما يلي:

١ـ مكتب الوزير.

٢ـ مكتب وكيل الوزارة.

٣ـ مديرية الديوان العامة.
٤ـ المديرية العامة للري والسدود.
٥ـ المديرية العامة للثروة الحيوانية والبيطرة.
٦ـ المديرية العامة للتبغ.
٧ـ شركة الحفر والآبار الارتوازية ومراكز البحوث الزراعية والتطبيقية.
٨ـ المديريات العامة للزراعة والري في محافظات الاقليم.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.

پاش ئەوەی کە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ مادە بە مادە خوێندرایەوە و دەنگدانیشی لەسەر کرا، ئێستا یاساکە بە گشتی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ یاساکەدایە بە گشتی با دەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟کەواتە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

خاڵی سێیەم بەرچاو خستنی پرۆژەی یاسا و ڕێز لێنانی پێشمەرگە و شەهیدان وبزربووەکان.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەرچەندە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ تەواو بوو ودەنگدانیشی لەسەر کرا، بەڵام باسی کێشەی زەویوزار و یاسای ژمارە(٩٠)مان نەکردووە، کە هەر لەسەرەتای دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە ئێمە ئەم باسەمان خستووەتە ڕووەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕۆژانە لە ڕۆژنامەکاندا دانیشتنەکانی ئێمە بلاو دەبێتەوە، بەڵام نازانم بۆ ئەو ڕۆژە لە دانیشتنەکەدا ئەو خەڵکەی کە سەربە دەزگا ڕاگەیاندنەکان بوون دەرکرانە دەرەوە!، هەرچەنە ئەوان لانسی خۆیان وەرگرتووە، پاش (٥)دەقیقە دەچنە دەوەوەی هۆڵەکە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە پێی پێرەوی ناوخۆ دانیشتن هەیە کە نهێنییە ونابێت کەس لە ژوورەوە بمێنێت و، هەندێ جاریش خۆمان بە شوێنیاندا دەنێرین کە بێن دانیشتنەکانمان بە تەواوی بۆ بلاو بکەنەوە، وەکو ئەوەی کە ڕایەک هەیە دەڵێت: ئاشکرایی بناغەی دیموکراتییەتە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر لەبارەی نهێنی و ئاشکرایی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانەوە، پێویستە ئەو ڕەوتەی کە لە سەری

ڕۆیشتوین تا ئێستا پێچەوانە بکەینەوە، ئەگەر ڕانەگەیەنرا ئەوە کۆبوونەوەکە نهێنییە، جا وابزانم تاوەکو ئێستا ئەوە پێڕەو نەکراوە کە کاتێ کۆبوونەوەکە نهێنی بوو زوو ئاگاداریان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەپاش کردنەوەی کۆبوونەوەکە بە ماوەیەک بچنە دەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جاران ئەوەی کە ئێستا بەڕێزت باست کرد، پاش ئەوەی کە دەزگا ڕاگەیاندنەکان دەهاتنە ژوورەوە بۆ کردنەوەی دانیشتنەکە پێیان دەوترا ئیتر تەواو هیچی تر تۆمار مەکەن و هۆڵەکەش بەجێ بهێڵن.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق.

رقم القرار /

تاريخ القرار/ /

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون رقم واحد لسنة ١٩٩٢ وبناءً ما عرضه وزير الشؤون البيشمركة و وافق عليه مجلس الوزراء للاقليم كوردستان العراق. اصدر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / القانون الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٢ قانون تكريم قوات البيشمركة

المادة الاولى: يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبنية ازاءها لاغراض هذا القانون:-

١- الثورة الكردية التي اندلعت منذ ١١/٩/١٩٦١.

٢- البيشمركه كل من التحق سياسياً وعسكرياً لتحقيق اهدافها.

٣- الشهيد البيشمركة الذي استشهد اثناء الثورة ومن جرائها ولم يكن له يد في ذلك.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ تێبینییەکتان لەسەری نییە؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاپۆرتی پێشمەرگە ماوەیەکی کورتە بەدەستمان گەیشتووە و، هیچ ماوەمان نەبووە کە گفتوگۆی لەسەر بکەین، جا داوا دەکەین کە بوارمان بدەنێ وەکو لیژنەی یاسا ئاماژە و تێبینیەکانی خۆمانتان بۆ بخوێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەبێت سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە دابنیشێ، چونکە هەندێ پرسیاری تایبەتی هەیە کەپەیوەندیی بە بارەی یاساییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە پێشمەرگەوە هەیە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با لەهەر کتلەیەک سێ کەس مافی قسەکردنی هەبێت، بەڵام ئەندامانی کۆمیتەی پێشمەرگە لەهەر یەکێک لەکتلەکاندا بن با ئەوانیش مافی قسەکردنیان هەبێت، واتە ئەوان ئەو یاسایەیان بەسەردا جێبەجێ نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بەر نەبوونی جێگا لەسەر مێزەکەدا ناتوانین (٥)کەس بە یەکەوە بانگ کەین، بە رای ئێمە یەکێک لە فراکسیۆنەکان بێت و نوێنەری ئەوی تریش بکات.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە، بەڕێز کاک یونس تێبینییەکانی لیژنەی پێشمەرگە لەگەڵ خاڵەکاندا بخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی کە ئێمە چ دەستەواژەیەکمان دارشتوە دەسکاری نەکرێت، پاشان چ تێبینیەک هەبێت با باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەی بەڕێز کاک شەوکەت بەجێیە، هەرچەندە لیژنەی یاسا دواکەوتووە، بەڵام سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە با رای خۆی بدات، تاوەکو چ ئەندامێکیش تێبینی هەیەبیلێت.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە لەسەر مادەی یەکەمدا دوو تێبینیمان هەیە، یەکێکیان لەسەر پێناسەی شۆڕش، وەکو لیژنە وامان بە باش زانیوە شۆڕش (الثورة التحررية الكردية) وشەیی(تحرري) بخەینە سەر.

ئەویتریشیان لەبارەی پێناسەی شەهید، ئێمە وامان بەپەسەند زانیوە، کە ئەمە بگوازرێتەوە بۆ یاسای تەکریمی شەهید، چونکە جێگای لەوێیە، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە یاسای پێشمەرگەوە واتە (تكريم قوات البيشمرگە) بە رای من بکرێ بەتەکریمی پێشمەرگە، چونکە تەکریم پاداشتە بۆ تاکە کەسێک نەوەکو بۆ هێزێک، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لە برگەی دووەمدایە (تكريم قوات) برگەی دووەم(البيشمرگە كل من التحق بالثورة وناضل سياسيا وعسكريا لتحقيق اهدافها) لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگە لەوە بە باشتر دەزانن.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من لەسەر پێناسەی پێشمەرگە (كل من التحق بالثورة وناضل سياسيا وعسكريا لتحقيق اهدافها) پاشان پێناسەی شۆڕشیش کراوە بەوەی کە (الثورة التحررية)، پێموایە کە ئەم پێناسانە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە خەباتی نهێنی ناو شارەکانیان دەکرد، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
وشەی(ناضل سياسيا) ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خەباتی نهێنی ناو شارەکانیان دەکرد.
**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئاخر ئەوە لە هەردووکیدا هەیە، سوپاس.
**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
منیش لەگەڵ رای بەڕێز کاک ئازادام لەوە کە وشەی(قوه)زیادە، چونکە دەبێت وشەی پێشمەرگەش بکەینە(مقاتل)، یا(جندي)، واتە بکرێتە(تكريم البيشمرگه)، سوپاس.
**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
منیش چەند تێبینییەکم هەیە، سەبارەت بە برگەی دووەم (كل من التحق بالثورة وناضل سياسيا وعسكريا) بە رای من دەبێ (سياسيا او عسكريا) بێت، چونکە هەردووکی یەک شت دەگرێتەوە و، نابێت لە یەک پێناسەدا دابنرێت.
سەبارەت بە برگەی سێیەمیش کە دەڵێ(الشهيد البيشمرگه الذي استشهد اثناء ثورة ومن جرائها ولم يكن له يد في ذلك) چۆن دەبێت یەکێک دەستی لە شەهید بوونی خۆیدا بێت!، داواش لە لیژنەی یاسا دەکەم کە ئەم برگەیەمان بۆ روون بکاتەوە، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
بابزانین لیژنەی پێشمەرگەش راییان چییە؟.
**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
تێبینیەکەی بەڕێز کاک ئازاد لە جێی خۆیەتی، چونکە پاداشتی تاکە کەسێک دەکرێت خۆ پاداشتی هێزێک ناکرێت.
راستە کەسانێکی زۆر خەباتی نهێنی ناو شارەکانیان کردووە و، رۆڵێکی یەکجار زۆر گەوریان هەبووە لە شۆڕشی کوردییدا، بەڵام لە چیاکاندا چەکدار نەبوونە، بە لای ئێمە هەر پێشمەرگەیەک چ لە چیاکاندا بێت، یاخود لە رێکخستنی نهێنی ناو شارەکاندا بێت، ئەوە هەر

پێشمەرگەیە و پێناسەی پێشمەرگەش دەیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە لە پێناسەی پێشمەرگەدا پێناسەیەکی وامان کردووە، کە هەردوو ئەو حاڵەتە بەتەواوەتی بگرێتەوە، هەروەها ئێمە (شۆڕش)مان بە شێوەیەک پێناسە کردووە، بەڵام کە لە شێوەیەکی یاساییدا داڕێژرا ئەوسا شتێکی ترە، چونکە لێرەدا دەڵێ:(لاغراض هذا القانون تحديدا)، خاڵێکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە کە ناسنامە بۆ پێشمەرگەکانی شۆڕش کراوە، کە لە شۆڕشی ئەیلوول، تا(١٩٧٥)، تا ئێستاش ڕۆڵیان لە شۆڕشەکەدا دیوە، بۆیە ئەمەمان لە یاساکەدا دیاری کردووە، مەبەستیشمان لە شۆڕش شۆڕشە لە (١٩٦١)ەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە یاساکەدا هاتووە ودەڵێ:

١ـ الثورة الكردية التي اندلعت منذ ١١/٩/١٩٦١.

ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە (١٩٧٥)وە نییە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم با بیخەینە ناو ئەوەی کە ئەو خەڵکە لە (١٩٧٥)وە زۆر هیلاکن، مەبەستی بڕیاردانی ئەم یاسایەش زۆربەی لەبەر ئەوانە، من نەم وتووە (١٩٦١)نەگرێتەوە، پێناسەی شۆڕشیشمان لە (١٩٦١)وە کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە شۆڕشی کوردی لە ساڵی (١٩٦١)وە هەڵگیرساوە، جا بۆیە ئێمەش ئەم ساڵەمان لە پێناسەکەدا دانا.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوی پێشمەرگە بەحەقیقەت ناوێکی پیرۆزە لەناو میللەتی کوردا، چونکە هەر ئەوان بوون ساڵەهای ساڵ زەحمەتێکی زۆریان کێشا بۆ خاک و گەلەکەیان، ئەوەی کە بەڕێز د.کەمال فەرمووی ئێمە زۆرمان گفتوگۆ لەسەر کرد، وشەی (ساهم)یش مەنتقیەتی زۆر بە دەقەکە دەدا، بە بۆچوونی ئێمە ئەم وشەیە بەهایەک بەناوی پێشمەرگە دەدا، ناشمانەوێ زۆر لەسەر ئەمە بدوێین لەبەر ئەوەی (الالتحاق) بۆ ئەو پێشمەرگانەیە کە پێشمەرگەی داخلی بوون و، بە(التحاق)ئیلتیحاقیان بە لایەنێک لە لایەنەکانی بەرەی کوردستانییەوە کردووە و، ئەرکیان پێدراوە وەکو پێشمەرگە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

بە رای من پێناسەی پێشمەرگە زۆر لە جێی خۆیەتی، چونکە دەڵێ پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە (الالتحاق) کردووە بە هێزی چەکداری ناو چیاکان، یاخود بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شارەکان، کە پاش پەیوەندیی کردنیان بەو ڕێکخستنانەوە ئیشوکاری نهێنی ناو شارەکانیان پێسپێردراوە.

من چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد، کە ساڵی(١٩٤٥) بکرێتە ساڵی سەرەتای دەسپێکردنی شۆڕشی ڕزکاریخوازی گەلی کوردمان و، شۆڕشەکانی کۆماری مهاباد و ناوچەی بارزان و برینی ڕێگای سۆڤێت وئەمانە هەمووی بگرێتەوە، تاوەکو مافی ئەو شۆڕشگێڕانەی کە لەو شۆڕشانەدا بەشدارییان کردووە و، ئێستاش لە ژیاندا بپارێزرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

من پێموایە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە مەبەستی ئەوە نەبوو کە بڵێ (١٩٧٥)، چونکە ئەو پرۆژەیەی کە خۆیان پێشکەشیان کردووە دەڵێ (الثـــورة الكردية التي اندلعت منذ ١١/٩/١٩٦١)، بەڵام لەوانەیە کە زۆربەی ئەو کەسانەی التحاقیان کردووە، زۆریان لێ کوژرابێ، هەرچەندە ئەم قسانە پەیوەندییان بە یاساکەوە نییە.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

ئەم بەختەتی خۆم نووسراوە، من کە گوتم ١٩٦١ واتا١٩٦١، بەڵام من گوتم (ساهم) برادەران گوتیان پێشمەرگەی ناوشاریش، ئەوە دەتوانین بیگۆڕین، بەڵام من بڕوام بە (التحق)ە هەیە، لە ئەسبابی موجەبەشدا گوتمان پێشمەرگە گەورەترین هێزی میللەتە و، تا ئێستا گیانی خۆی بەخت کردووە بۆیە دەبێ بایەخێکی گەورەی پێبدرێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

بڕیارێک هەبوو لەسەر (تكريم قوات البيشمرگە) داوا دەکەم کە بە پێشمەرگە نەوترێ (قوات) لەسەر ئەمەش لیژنەکە ڕازیی بوو کە وشەی(قوات)بگۆڕدرێت بە وشەی(پێشمەرگە).

ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە(قوات البيشمرگە)بگۆڕدرێت بە (تكريم البيشمرگە) با دەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا. پێشنیارێکی تر هەبوو لەسەر (يقصد بالتعابير) بە شۆڕش، پێموایە لیژنەی پێشمەرگە وتیان (الثورة التحررية الكردية التي اندلعت) لە جیاتی ئەوە (الثورة الكردية)، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بکرێتە (الثورة التحررية الكردية) بەڕێز کاک بارزان خاڵێکی هەیە دەیەوێ لەسەری قسە بکات، با بفەرموویت.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە (الثورة التحررية الكردية) تۆزێک ناکۆکی لەگەڵ مادەی (٢) پەیدا دەکات و، مافی کەمەنەتەوایەتییەکان دەسووتێنێ، با (الثورة التحررية الكردستانية) بێت باشترە، چونکە لەمادەی (٢)دا دەڵێ:(تعتبر فترة انتقال البشمرگة في صف الثورة منذ التحاقها بها نضالاً فعلياً لاغراض الخدمة تقاعد للذين لم يحرفوا عن اداء الثورة ولم يتعاونوا مع اعداء الحركة الكردستانية)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

رایەکەی بەڕێز کاک بارزان لەجێی خۆیەتی، دەبێت بکرێت بە کوردستان، یان بە کوردی، چونکە لە یاسادا نابێت وەسفی شۆڕشێک بە دوو جۆر بکرێت.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بکرێت بە(الثورة الكردستانية) باشترە، چونکە لەگەڵ ناوەرۆکی شۆڕشەکەدا رێک دەکەوێت، بەڵام من تێبینییەکی زمانەوانیم هەیە، نازانم بۆ چی بە عەرەبی (الكوردستاني) بلاوتر لە نووسینی(الكوردي)، پێویستە ئەو هەڵەیە چاک بکرێتەوە، چونکە ئەمە یاسایە و لە پەرلەمانیشەوە دەردەچێت، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەو مێژووە لابرێت باشترە و، بکرێتە(الثورة التحررية الكردستانية)، چونکە ئەگەر مێژووی تیادا نەبێت ئەوە فراونتر دەبێت بۆ شۆڕشی کورد، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە رای لیژنەی پێشمەرگەیە، یان رای بەڕێز کاک شەوکەت خۆیەتی؟.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەندامم لەلیژنەی پێشمەرگە ودەتوانمیش لەپەرلەماندا رای خۆم دەربڕم، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە لیژنەی پێشمەرگەش باس کرا و، ئێمە وتمان لیژنەی پێشمەرگە بۆی هەیە کە قسە بکات، یان روون کردنەوە بدات، ناکۆکییەکە لەسەر مێژووەکە نییە، بەڵکو لەسەر دەستەواژەی(الثورة التحررية الكوردستانية) تاکو رێک بکەوێ لەگەڵ مادەی (٢)ەمدا. ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە پێناسەی شۆڕش بگۆڕدرێت بە دەستەواژەی(الثورة التحررية الكوردستانية)با دەست بەرزکاتەوە؟.

**بەڕێز فـــەلەكـــەدین ســـابیـــر كـــاكـــەیی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

من پێشنیـار دەكەم كە بكرێتە (الثوره الوطنیه الكوردیه) چونكە ئەمە باشترین دەستەواژەیە، بەڵام (الثـوره الكوردیه) ەش، لە رووی سیـاسـییـەوە هیچ لەنگی تیـادا نیـیـە و، مـافی كەمەنەتەوایەتیەكانیشی تیاد پارێزراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. كـەمـال عـەبدولكەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

بێگومان (التحرریه) زۆر بەهێز ترە لە (الوطنیه) وكوردستانیش بۆیە بەلای ئێمە پەسەند ترە، چونكە لەو شۆڕشەدا جگەلە كوردیش بەشدار بووە لەكوردستـاندا، لەلایەكی تریشـەوە تەنانەت دوژمنانی كوردیش حاشا ناكەن كە كورد میللەتێكە، بەڵام حاشا لەوە دەكەن كەكوردستان هەیە، جا بۆیە ئەگەر ئێمە لەو مەسەلانە ناوی كوردستان دەرخەین شتێكی خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆكی ئەنجـــوومـــەن:**

بەگوێرەی گـفـتـوگـۆكـان و قـسـەكـانی لیـژنەی پێشـمـەرگە وا دەردەخـات كە ئەوانیش لەگـەڵ دەستەواژەی (الثوره التحرریه الكوردستانیه) ەن و، لەگەڵ مادەی (٢) ەمدا رێك دەكەوێت.

**بەڕێز یونس مـــحـــمـــەد ســـەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی پێشمەرگە وا لەسەری رێككەوتووین كە(الحركة التحررية) مێژووشی لەگەڵدا بێت (التي اندلعت من ١١/٩/١٩٦١)، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆكی ئەنجـــوومـــەن:**

لە پاشان ئەو خاڵە هەڵگیرا و، دەبێت لەگەڵ مادە(٢)دا رێك بكەوێت، كە دەڵێت:(ولم يتعاون مع اعداء الحركة التحررية الكوردستانية)، وابزانم رەزامەندی خۆشتان بەرامبەر ئەوەش نیشان دا كە رێكدەكەوێت.

**بەڕێز یونس مـــحـــمـــەد ســـەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

راستـە وابوو، بەڵام من ئێـستـا نوێنەرایەتی لیـژنەی پێشـمـەرگە دەكـەم، ئێمـە لێرە وا رێك كەوتبووین، سوپاس.

**بەڕێز كـــەمـــال ئیـبـــراهیم فـــەرەج شـــالی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

لە برگەی (٢)ی مادەی (١)دا وتراوە (كل من ساهم او التحق) جا ئەو برگەیە هەموو كەسێك دەگرێتەوە، با كوردیش نەبن، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من کاتێ کە دەڵێین لە ١٩٦١/٩/١١واتە ئێمە ئەو خەڵکەی کە پێش شۆڕشی ئەیلوول خەباتیان کردووە، بێ بەش دەکەین، جا با لە مادەکەدا جێگایەکیش بۆ ئەو خەڵکانە بکەینەوە کە لە پێش شۆڕشی ١٩٦١دا خەباتیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من لەبەر خاتری کەمەنەتەوەییەکان دەستکاری هیچ وشەیەکی کوردی نەکرێ بە مەبەستی رێز لێنان لە کەمەنەتەوایەتییەکان، چونکە لە هەموو شوێنێکدا مافی ئەوان دەسنیشان کراوە ئەوەیەک، دووەم روون کردنەوەیەکم لەسەر وشەی (کوردستان) هەیە، کە تاوەکو ئێستا دەنووسرێت(کردستان) جا با بڕیار بدرێت کە پیتی(واو)ی بۆ زیاد بکرێت و بە عەرەبیش نە نووسرێت (کردستان)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی پێڕەوی ناوخۆ دەبێت لیژنەکان پێش ئەوەی پرۆژەی یاساکان بدەنە سەرۆکایەتی وئەندامانی پەرلەمان، دەبێت پرۆژەی یاساکان بدەنە لیژنەی یاسای لەگەڵ را و بۆچوونی خۆیاندا، بەڵام ئەوەی کە ئێستا ئێمە دەبینین وا نییە، گفتوگۆی لیژنەکان هەمووی لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە پێڕەوی ناوخۆدا نەهاتوو کە لیژنە پەیوەندارەکان پرۆژەکانی خۆیان بدەن بە لیژنەی یاسا و، لە دانیشتنی پەرلەماندا تەنها لیژنەی یاسا گفتوگۆی بکات، لیژنەی پەیوەندار بۆی هەیە لە گفتوگۆی ئەو یاسایانە بکات، نەک تەنها لە رووی یاساییەوە، بەڵکو لە رووی هونەری و سیاسیشەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵام ئەوە پێچەوانەی پێڕەوی ناوخۆیە، چونکە لیژنەی پەیوەنددار رای خۆی گەڵاڵە دەکات و، ئاراستەی لیژنەی یاسای دەکات، لەبارەی هونەرییشەوە هەر رایەکی هەبێت لیژنەی یاسای بەپێی پێڕەوی ناخۆی ئەنجوومەن رەفتاری لەگەڵدا دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە پێڕەوی ناوخۆدا ناڵێ تەنها لیژنەکان ئیشیان ئەوەیە کە تێبینییەکانی خۆیان بدەن بە لیژنەییاسا، دەڵێ تێبینییەکانی خۆیان بۆ پەرلەمانیش باس بکەن.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مــــەجــــیـــد:**

(الپشمرگة كل من التحق بالثورة وناضل سياسياً او عسكرياً لتحقيق اهدافها)، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــوومـــەن:**

جـا ئێـستـا برگـەی(٢) دەخـەینە دەنگدانەوە، كێ لەگـەڵ ئەم برگـەیەدایە با دەسـتی خـۆی بەرزكاتەوە؟..دەست بەرزكرایەوە..كێ دژە؟ كەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند كرا.

پێشنیار كراوە كە برگە (٣)لە مادە(١)دا هەڵگیرێت، چونكە ئەمە پەیوەندیی بە شەهیدەوە هەیە، كە ئەویش یاسایەكی تایبەتی خۆی هەیە، فەرموو كاك ئەیاد مادە (٢)مان بۆ بخوێنەوە.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لێرەدا كە دەڵێ شەهید مانای ئەوە نییە كە تۆ تەكریمی شەهید دەكەی، بەڵام پێویستە پێناسەی بكەین، چونكە لە ناوەرۆكی یاساكەدا وشەی شەهید هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــوومـــەن:**

بەڵێ لە رووی یاساییەوە بەجێیە.

**بەڕێز یونس مـــحـــەمـــەد ســـەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئێمە بۆ مادەی (٣)داوامان كردووە كە بچێ بۆ یاسای تەكریمی شەهیدان، چونكە بەراستی كاتی خۆی ئەمە وا دروست كراوە كە پێشنیارەكە لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگە تەكریمی پێشمەرگە وشەهیدان وبێ سەروشوێنەكان هەموو پێكەوە بوون، بۆیە ئێمە ئەو پێناسەیە بە زیاد دەزانین، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لێرەدا لەگەڵ بەڕێز وەزیری كاروباری پێشمەرگە وا رێككەوتیین كە وشەی شەهید لەم یاسایەدا بۆ تەكریمی شەهید هاتووە، نەوەكو (یاسای شەهید) كە تەكریم دەكرێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــوومـــەن:**

چونكە یاسایەكی تر هەیە بۆ تەكریمی شەهید و بۆ قەرەبوودانیان بە ناوی یاسای (قـانون تـكريم شـهداء المعوقين والمشلولين من الپشـمـرگە) هەرچی پەیوەندیی بە پێشمەرگەوە هەیە بخرێتە ئەو یاسایەوە، ئەمە تەنها بۆ تكەریمی شەهید وئەو پێشمەرگانەن كە ماون.

**بەڕێزحـــەســـەن عـــەبدولـكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێموایە مافی پێشمەرگەی شەهید دەخۆین، ئەگەر ئەمەی لادەین، چونكە پێشمەرگە یەك كە زیندوو بووە پێش شەهید بوونی مەدالیای تایبەتی وەرگرتووە ئەویش وەك هاورێكانی مەدالیای تایبەتی وەردەگرێ و، پاش شەهید بوونی یاسایەكی بەسەردا جێبەجی دەكرێ، جا من پێموایە كە ئەمە بمێنێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ وابزانم یاساییەکی تایبەتی هەیە کە باسی تەکریمی شەهید دەکات وناویشی(قانون تكريم شهداء ومفقودين ومعوقين البيشمركه)، ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە لە بڕگەی(٣)دا ناوی شەهید هەڵگیرێت بادەستی خۆی بەرزکاتەوە؟.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای تەکریمی شەهیدمان کرد بە دوو دەروازەی، دەروازەیەکم: تەکریمی پێشمەرگە و، دەروازەی دووەم:تەکریمی شەهید، لەبەر ئەوە بێناسەی یاسا کۆنەکە فراوان وگشتی ترە لەوەی کە لێرە لەیەک جیامان کردووەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێستا لەگەڵ ئەم روون کردنەوەیە چونکی قانونێکی تر هەیە لەهەفتەی ئایندە باسی دەکرێ.
کێ لەگەڵ بڕگەی سێیەمدایە؟.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمادەی (٦)دا باسی( شهداء) کراوە، ئەگەر بڕگە(٣)لە مادەی(١)دا لابەرین، دەبێت مادە(٦)یش هەڵگرین، لەبەر ئەوەی وشەی شەهید لە یاساکەدا هاتووە، دەبێت پێناسەی شەهیدیش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری لیژنەی پێشمەرگە وایە کە یاسایەکی تایبەتی هەیە بۆ تەکریمی شەهید و، هیچ پێویست بە مانەوەی پێناسەی شەهید ناکات لەم یاسایەدا.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام دەبێ هەر پێناسە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی کە پێشمەرگە خۆی شەهیدی زیندووە، هیچ زیانێکی نابێ کە تەکریمی شەهید وتەکریمی پێشمەرگە لەیەک یاسادا بن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە خۆی یاسایە، بۆ ئێمە جارێکی تر بێین و گفتوگۆی لەسەر بکەین، ئێستا سێ مادەمان هەیە یەکیان یاسای تەکریمی پێشمەرگەی زیندووە، دووەم تەکریمی شەهیدە، سێیەمیش

کەمئەندامەکان، پاشان ئەوانەی کە لە ناوشاردا ڕێکخستنی نهێنی بوونە، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە مەبەستمان لادانی پێناسەی شەهید نییە، بەڵکو تەنها مەبەستمان ئەوەیە کە ئەم خاڵانەی کە باسی شەهید دەکات لەم یاسایەدا لە یاسای تەکریمی شەهیدیش دووبارە دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە (الشهید البیشمەرگە الذی استشهد اثناء الثورە)بکرێتە برگە (٣)لە مادە(١)دا و پێناسەی شەهیدیش هەڵگیرێت با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثانية: تعتبر الفترة التي قضاها البيشمركة في صفوف الثورة منذ التحاقه بها نضالاً فعلياً لاغراض الخدمة والتقاعد ومن الذين لم ينحرفوا عن اهداف الثورة ولم يتعاونوا مع اعداء الحركة التحررية الكوردستانية.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لەسەر ئەو ڕێڕەوەدا بڕۆین، لەم هەفتەیەدا یاسای خانەنشینی پێشمەرگەتان دەخەینە پێش چاو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەسەر ئەم مادەیە تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بگوترێ بۆ خزمەت وخانەنشینی بێ (لاغراض من الترفيع والخدمة والتقاعد)باشترە، چونکە مافی خۆمانە کە پلەمان پێبدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا هاتووە دەڵێ:(تعتبر الفترة التي قضاها البيشمركة في صفوف الثورة) لەدوای دا دەڵێ (لم ينحرفوا عن اهداف الثورة ولم يتعاونوا مع اعداء الحركة التحررية الكوردية) لێرەدا پرسیارێکم لە لیژنەی یاسا و لە لیژنەی پێشمەرگە هەیە، کە ئایا ئەو پێشمەرگەی لە (١٩٦١-١٩٧٥) پێشمەرگە بوون پاش (١٩٧٥) دانیشتن و، دەستی لەگەڵ ڕژێمدا تێکەڵ کرد و، نەچووەوە ریزی شۆڕشەوە، ئایا ئەوە ئەوانەش دەگرێتەوە، یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پێموایە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە شتێکی شایستە وپڕ بەپێستیان بۆ پێشمەرگە دەسنیشان نەکراووە و، پێشنیار دەکەم کە ماوەی خەبات کردن وپێشمەرگایەتییان بۆ زیاد کەن، تاوەکو مافی پێشمەرگە بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

بەپێی خزمەت لە سالّی (١٩٦١)وەیان بۆ حسێب کراوە، کاک شەوکەت فەرموو.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

منیش لەگەڵ ئەو رایەدام کە پلە بە پێشمەرگەکان بدرێت بۆ ئەوەی یەکسەر خانەنشین بکرێن و، هەروەها ماوەی خەباتەکانیان بۆ بژمێردرێ و ماوەی دانیشتنەکانیان بۆ نەژمێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

با بزانین لیژنەی پێشمەرگە هیچ رایەکییان نییە لەسەر ئەم بابەتە.

**بەڕێز یونس مــحــمــەد ســەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەکی وامان لەسەر ئەم خالّە نەبووە، بەلاّم لە کاتی گفتوگۆکاندا بەڕێز کاک شەوکەت وەلاّمی دایەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئێستاش کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم دەستەواژەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە(تعتبر الفترة التي قضاه البيشمرگة في صفوف الثورة منذ الالتحاق بها نضالا فعليا لاغراض الخدمة والتقاعد من الذين لم ينحرفوا عن اهداف الثورة ولم يتعاونوا مع اعداء الحركة التحررية الكردستانية)با دەست بەرزکاتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

ماوەکەمان تەواو بوو ولە دانیشتنێ ئایندەدا یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە تەواو دەکەین.

دانیشتنی داهاتوومان رۆژی دوو شەممە کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی دەست پێدەکات، سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری

**مادەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی کشت وکاڵ وئاودێری.

٣- وەزیر: وەزیری کشت وکاڵ وئاودێری.

٤- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی کشت وکاڵ وئاودێری.

**مادەی دووەم:**

وەزارەت ئەم ئەرکانە بەجێ دێنێ:

١- دانانی نەخشەی کشت وکاڵی ی ئەوتۆ کە گەشەپێدانی بەرهەمی کشت وکاڵ ولەبوارەکانی رووەک وئاژەڵ وپاوانە سروشتییەکاندا بەدی بێنێ.

٢- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بواری رێ نیشانداندا و مسۆگەر کردنی پێویستی یەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ وسازدانی لێکۆڵینەوەی کشت وکاڵی ی پراکتیکی وبەشدار بوون لەچەسپاندنی هاریکاری کشت وکاڵی و سەرپەرشتی کردنی بەجێهێنانی یاساکانی زەوی سازی (الاصلاح الزراعی) و بەدواداچوونی جێ بەجێ کردنی ئەو چالاکی یانەی پەیوەندی یان بەخستنەکاری زەوی یە کشت وکاڵی یەکانەوە هەیە بە ئامانجی پێشخستنی بەرهەمی کشت وکاڵ لەهەرێمدا.

٣- نەخشەدانان بۆ سەرچاوەکانی ئاو لەهەرێمدا ودروستکردنی بەربەست وپرۆژەی ئاودێری وسازدانی زەوی وزار وپاراستنی وسوودبینین لەئاوی نزیک وقووڵی ژێر زەوی(سطحی وجوفی) وبەگەرخستن وپاراستنی پرۆژەکانی ئاودێری وبەرگرتن لەمەترسی ی لافاوو ژێر رکێف خستنی سێلاوو حەوزەکانی رووبارەکان.

٤- ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی تایبەتی وسکێچ وپرۆگرام بۆ پرۆژەکان وکارکردن بۆ جێ بەجێ کردنیان وجێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی راستەوخۆ لەلایەنانی ترەوە لەناوەوە ودەرەوەی هەرێمدا پێ یانی دەسپێردرێن بە سیفەتی بەڵێندەر یالەلایەن دەزگا جێ

بەجێکارەکانییەوە یا بەڵێندەرەکانی ناوخۆ یابیانی وسەرپەرشتی کردنی جێ بەجێ کردن وبەدواداچوونیان.

٥- تەقەلادانی مسۆگەرکردنی تۆوی پوختکراوو سەمادی کیمیاوی وقەلاچۆکەر(مبیدات) ودابینکردنی دەرمان وگرتنەبەری ئەورێ وشوێنانەی زیاد کردنی بەرهەم وپوختکردنی مسۆگەر دەکەن.

**مادەی سێ یەم:**

١- وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە وبەرپرسیاری یەکەمی جێ بەجێ کردنی سیاسەتەکەی وسەرپەرشتی جێ بەجێ کردنی یاساو پێڕەوو ڕێنمایی یەکانە تیادا وهەر لەویشەوە بڕیار وفەرمانەکان لە چوارچێوەی ئەرکەکانی وەزارەت ودام ودەزگا ودەسەلاتەکانی و گشت کاروبارە ئیداری و هونەری یەکان لەچواچێوەی ئەم یاسایەویاسا ڕەچاوکراوەکانی تردا دەردەچن بۆیشی هەیە بەشێک لە دەسەلاتەکانی بەبریکاری وەزارەت وبەڕێوەبەرە گشتی یەکان وسەرۆکەکانی دایەرە سەرەکی یەکان لەوەزارەتدا بسپێرێ لەبەرامبەر ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا بەو ئیعتیبارەی ئەندامێکی هاوبەشێتی بەر پرسیارە.

٢- بریکاری وەزارەت ئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کە وەزیر پێ یانی دەسپێرێ.

**مادەی چوارەم:**

دام ودەزگاکانی مەڵبەندی وەزارەت وبەڕێوەبەرێتی یە گشتی یەکانی بەم جۆرە دەبێ:

١- نووسینگەی وەزیر.

٢- نووسینگەی بریکاری وەزارەت.

٣- بەڕێوەبەرێتی گشتیی دیوان.

٤- بەڕێوەبەرێتی گشتیی زەوی وزاری کشتوکاڵی.

٥- بەڕێوەبەرێتی گشتیی کاروبار وخزمەتگوزاری وکشتوکاڵی.

٦- بەڕێوەبەرێتی گشتیی ئاودێری وبەربەستەکان.

٧- بەڕێوەبەرێتی گشتیی سامانی ئاژەڵ وتەندروستی ی ئاژەڵ.

٨- بەڕێوەبەرێتی گشتیی تووتن.

٩- کۆمپانیای هەڵکەندنی بیری ئیرتوازی ومەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەی پراکتیکیی کشتوکاڵ.

١٠- بەڕێوەبەرێتی یە گشتییەکانی کشتوکاڵ وئاودێری لە پارێزگاکانی هەرێمدا.

**مادەی پێنجەم:**

هەریەکێ لەبەڕێوەبەرێتی یەگشتی یەکان مووچەخۆرێک بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا کەباوەڕنامەیەکی زانکۆی هەبێ ولە کارمەندان وپسپۆڕانیش بێ.

**مادەی شەشەم:**

١- وەزیر بۆی هەیە دەستە ولیژنەی هەمیشەیی یەکانی بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکێکی دیاری کراوپێک بێنێ.

٢- دام دەزگاکانی وەزارەت وئەرک ودەسەلاتەکانی بەڕێوەبەرێتی یە گشتی یەکان وبەڕێوەبەرێتی یەکانیان ودەستە ومەڵبەندەکان بەپێڕەوێک دەسنیشان دەکرێن.

٣- وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا ولەچواچێوەی بەڕێوەبەرێتی یەکاندا لق(شعبه) پێک بێنێ.

**مادەی حەوتەم:**

گشت مافەکانی ئەو دام ودەزگایانەی لەوەوبەر بەوەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری ی ناوەندی یەوە بەسترابوونەوە، دەبنە مافی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری ی هەرێم.

**مادەی هەشتەم:**

دەبێ وەزیرە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی نۆیەم: ئەم یاسایە لەڕۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی رەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**

**و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## «هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە»

لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە دێر زەمانەو ناوچەیەکی کشتوکاڵی بووە بەمەبەستی پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵ و ئاژەڵ وبایەخدان بەسەرچاوەکانی ئاوو بەپرۆژەکانی ئاودێری لە

هەرێمدا پەرەپێدانیان بە ئامانجی زیاد کردنی بەرهەم وچاککردنی جۆری وگەشەپێکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ وئاژەڵ کە باشترین شێوەی بەکارهێنانی توانای مادی ومرۆیی لەهەرێمدا بەدی بێنێ و بەنیازی سازدانی بارودۆخێکی گونجاو بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوند وشارۆچکە وێرانکراوەکانی کوردستان وبۆ بەدیهێنانی خود کیفایەتی (ئیکتیفای ذاتی) لە ئێستادا لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداو هاندانی دانیشتووانی ئەو گوندانە کە بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان و بیان بووژێننەوە زەرعاتیان تێدا بکەنەوە ئینجا لەبەر پێکهاتنی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ودامەزراندنی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری، ئەم یاسایە دەرکرا.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٨)

دووشەممە ڕێکەوتی ٩/١١/١٩٩٢

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٤٨)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٩

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٩، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجوومەن، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٤٨)ی خولی یەکەمی سالی یەکەمی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز جێگری سەرۆک بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.

بەرنامەی کار:

١ـ تەواو کردنی پرۆژەی یاسای ڕێزلێنانی (تکريم) پێشمەرگە.

٢ـ بەرچاوخستنی ڕاپۆرتی ئەو لیژنە تایبەتییەی کە بە لێکۆلینەوەی باری ئاوارەکانی ناوچەی گەرمیان و کەرکوک راسپێدراوە.

٣ـ بەرچاوخستنی ڕاپۆرتی ئەو لیژنەیەی کەراسپێردرا بوو بە سەردانی بەندیخانەکانی پارێزگای سلێمانی بکات.

٤ـ تازە بابەت.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خالی تازە بابەت هەردوو فراکسیۆن چ پێشنیارێکیان هەیە با بفەرموون.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارەکی تازەم نییە، بەلام تەنیا حەزمان دەکرد بزانین کێشەی خانووەکانی کەسوکاری پێشمەرگە کە لەلایەن رژێمی بەعسەوە دەستیان بەسەردا گیرا بوو، بڕیار بوو ڕۆژی دووشەممەی رابوردوو کۆتایی پێ بێنن، لەو بارەیەوە چ هەنگاوێک نراوە؟، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم: پشتگیری پێشنیارەکەی فراکسیۆنی زەرد دەکەین.

دووەم: کێشەی ئەو قوتابیانەی کە لەناو رژێمەوە دێن، بۆ خوێندن لە زانکۆکانی کوردستان، کە لە کاتی هاتنیان بۆ کوردستان لەلایەن رژێمەوە دەستگیر کراون و، ئێستاش زانکۆ ئامادە نییە وەریان بگرێتەوە بۆ خوێندنی ئەمساڵ، داوا دەکەین پەرلەمان بڕیارێک دەربکات بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کۆبوونەوەی رابوردوودا وەکو جێگری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان چوار پرسیارمان ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کرد. چاوەڕوان بووین کە تەشریف بێنی و، هەندێ روون کردنەوە لەم بارەیەوە بدات و، دەمەوێ بزانم ئەم پرسیارانە چیان بەسەر هات؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران داوای لێ بووردنی کرد، چونکە ئەو رۆژە کۆبوونەوەیەکی کتوپڕی لەگەڵ (P.K.K) هەبوو، ئیتر خرایە سێ شەممەی ئاییندە کە سبەینێیە.

دەربارەی کێشەی خانووەکانی پێشمەرگەو، ئەگەر لە بیرتان بێت ئێمە دوامان خستن، لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەیەکی پێک هێنابوو لە (وەزیری ناوخۆ و، وەزیری شارەوانییەکان و، وەزیری دارایی و ئابووری)، بۆ ئەوەی بەدرێژی لێتوێژینەوەی ئەو کێشەیە بکەن و، پاشان لەگەڵ لیژنەی یاسا رێک بکەون. ئێستا ئەو لێتوێژنەوەمان لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ هاتووەو، ئەوە دەدرێت بە لیژنەی یاسا و، ئەمەش پێش دەخرێت، چونکە بڕیاری لەسەر دراوە لە پەرلەمان و، تەنیا چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە ماوە تا باس بکرێ.

دەربارەی قوتابییانی زانکۆی سلاحەدینیش، ئەو کێشەیە لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ باس کراوەو، ئەویش گووتی: بەراستی بەپێی یاسا ناتوانین سێ تاقی کردنەوە بۆ قوتابیان دابنێین، تەنها دەتوانین ئەم ساڵی خوێندنیان بۆ بکەین بە ساڵی نەکەوتن (سنة عدم رسوب).

دەربارەی خانووەکانی پەرلەمان ئەمە ئەخەینە خاڵێکی تازەوەو، داوا لە یەکێک لە ئەندامانی ئەو لیژنەیەی کە پێک هاتووە بۆ ئەم مەسەلەیە، لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا لێتوێژنەوەیەک بکەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەوتانی ساڵێکی خوێندن بۆ قوتابییەکی زانکۆ گەلێک زۆرە، بەتایبەتی ئاگامان لێیە ئەو قوتابییانە هەموو ئەو شوێنانەیان کردووە کە چارەی بکرێت، کەچی بۆی نەکراوەو، دوا جار هاتوونەتە پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تۆمــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

لە جیهانی شارستانییەتدا ئێستا خەریکن تاقیکردنەوەی تەواوکەرییش( اکمال) نەهێڵن و، تەنیا یەک تاقیکردنەوە دەمێنێتەوە.

من پێموایە ئەمە کاری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە و، ئەگەر شتێک بۆ ئەوانە بکرێت، دەبێ بۆ هەموو قوتابیان بکرێت ئەوانەی کە ئەم ساڵ ماونەتەوە، هەروەها ئەمە کارێکی شارستانیەتیش نییـە، چونکە کـاتی خـۆی ئێمـە گـوتوومـانە زانکۆ سـەربەخـۆیەو، ئێمە دەست لە ئیشـوکاری وەرنادەین، ئێسـتــاش بڕیارێـک دەربکەین و، بڵـێین تۆ دەبێت ئەوە بکەیت، بەرای من ئەوە کارێکی باش نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.عـــیـزەدین مـــســـتــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

ئەو قـوتابییـانە هەندێکیـان لەکـاتی تاقیـکردنەوەدا هاتنەوە بۆ کـۆلیـژەکـانی خـۆیان، لیـژنەی تاقیـکردنەوەکـان دەیانتـوانی ڕۆژێکیـان بۆ دانابان و، پرسیـاریان دابنایە، بەڵام ئەمە دەبێت بە خـاڵێک لەسـەر ئێـمـە کـە بۆ سێ چوار قـوتابی، سێ تاقـیکردنەوەمـان داناوە، هەرچەندە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕژێم باسمان دەکەن کە غەدرمان لە قوتابییانی زانکۆ کردووە، بەڵام ئێمە ئەوەمان پێ باشترە لەوەی بڵێین، پەرلەمان دەست لە کاروباری زانکۆ وەردەدات، سوپاس.

**بەڕێز حــــەســـــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە دەبێت ئاستی زانستی بەرز بکرێتەوە و، ئێمە ئەو شتانەی کە حزبی بەعس کــردوویەتی بۆ نزم کــردنەوەی ئـاسـتی زانســتی لەگـەڵیـدا نین و، هانی ئەوەش نادەین، بەڵام دەمـویست ڕوونکردنەوەیەک پێشکەش بکەم ، ئەو قـوتابیـانەی من مـەبەسـتـمـە ڕێگایان لێ نەگیراوە، بەڵکو بەند کراون ئینجا هاتوون و، دوا ڕاش بۆ پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز جــێـگری ســـەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن:**

ئێستا دوو ڕا هەیە، ئەگەر بەڕێز حەسەن پاش ئەو ڕوونکردنەوانە کە لێرە سوور نییە لەسەری، ئەوە واز لەو خاڵە ئەهێنین و، ئەگەر هەر سوورە لەسەر ڕایەکەی ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حــــەســـــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

لاریمان نییە، ئەو خاڵە مەخەنە بەرنامەی کار، سوپاس.

**بەڕێز جــێـگری ســـەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن:**

لەتازە بابەت خاڵی خانووەکـانی پەرلەمان هەیە کە بڕیاری لەسـەر دراوە. ئێسـتـا دێینەوە سەر یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ڕەزامەندی بفەرموون، لەبەر ئەوەی جێگاکە لەسەر مینەسە تەنها جێی سێ کەس دەبێتەوە، ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە لێرەوە وەڵامی پرسیارەکان دەدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

١ـ منح البيشمه رگة الأوسمة الخاصة وتحدد اشكالها ودراجاتها و امتيازاتها بنظام خاص وفق هذا القانون.

٢ـ تسري احكام فقرة (١) من هذة المادة على شهادات البيشمه رگة واسرهم.

بەپێی ئەو دەنگدانەی لەسەر مێژووی شەهید کرا، بڕگەی (٢) لێرەدا دەبێت لابچێت و، دەبێت یاسایەکی تر دەربچێت بۆ ئەوەی مەدالیا بدرێت بە شەهید، یان خێزانی شەهیدەکان، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی (منح وسام) گەلێک گرنگترە لە زیاد کردنی خزمەت کە دەڵێ (من الذين لم ينحرف عن اهداف الثورة ولم يتعاونوا مع اعداء الحركة التحررية الكوردستانية)، بەرای من ئەو مەرجەی لە مادەی (٢) دا هەیە، لەمادەی سێیەمیشدا هەبێ، چونکە ئێستا هیچ مەرجێک دانەنراوە بۆ کۆمەکی مرۆیی پێشمەرگە لێرەدا دەڵێ: (يمنح البيشمةرگة الأوسمة) بەو شێوەیە بێت: (يمنح البيشمه رگة من الذين لم ينحرف عن اهداف الثورة، ولم يتعاون مع اعداء الحركة التحررية الكوردستانية اوسمة خاصة، وتحدد اشكالها، وامتيازاتها بنظام خاص وفق القانون)، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە ئەوەی بەڕێز جەمیل باسی کرد لە مادەی دووەمدا کۆتایی پێ هاتووە، پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە، چونکە مادە (٢) دەڵێ: (تعتبر الفترة التي قضاها البيشمه رگة منذ التحاقه بالحركة لأغراض الخدمة والترفيع و التقاعد)، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی سێیەم بڕگەی (٢)، ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە رامان وایە ئەو خاڵانەی کە پەیوەندییان بە شەهیدەوە بوو بگوازرێنەوە بۆ (قانوون تەکریم شهداء)، چونکە لەوێ گونجاوتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا مادەی سێیەم برگە (١) کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ برگە (١) پەسند کرا.

مادەی سێیەم برگە(٢) کێ لەگەڵ ئەوەیە لاببرێت و بخرێتە سەر (قانون تكريم الشهداء) تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

اولا: يمنح العنصر النسوي المشترك في الثوره الامتيازات التي تخصص للپيشمه رگة.

٢- تعتبر الفقرة التي قضاها العنصر النسوي في الثوره، خدمة مضاعفة لأغراض الخدمة والتقاعد.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە تێبینیمان لەسەر هەردوو برگەی مادەی چوارەم هەیە:

یەکەم: بەو شێوەیە بێت: (يمنح العنصر النسوي الملتحق) واتە وشەی (الملتحق) لە جیاتی وشەی (المشترك) بێت.

دووەم: لە برگەی (٢)دا، وشەی (مضاعفة) بکرێت بە (الخدمة الفعلية)، بۆ ئەوەی یەکسان بێت لەگەڵ پێشمەرگە، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیار دەکەم، ئەو ئافرەتانە کێن کە بەشدارییان کردووە؟ ئەوانەی لەسەنگەری پێشمەرگەدا بوون، یان خێزانی ئەو پێشمەرگانەن کە پەیوەندییان بە شۆڕش کردووە؟، راستە ئەم ئافرەتانە پێشمەرگە نەبوونە، بەڵام لەگەڵ پێشمەرگەدا بەشدار بوونە لە شۆڕش.

برگەی دووەم کە دەڵێ:(لاغراض الترفيع والتقاعد) واتا (مضاعەفە)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی بەڕێز یونس کە وشەی (الملتحق) بەکار بهێنرێت لە جیاتی (المشترک)، ئەم پێشنیارە راستە، چونکە لە پێناسەی پێشمەرگەشدا لە پێشەوە وشەی (التحاق) هاتووە. دەربارەی (الخدمة المضاعفة)، مەبەستی لەو ئافرەتانەیە کە پێشمەرگە

بـــوون و، چەکیـان هەڵگرتووە بۆ بەرگری کردن لە خاکی کوردسـتان، بۆیە ئێمە (مضاعفه)مان داناوە، چونکە ئەمە کارێکی زیادە کە ئافرەت دەیکات، سوپاس.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومــــــەن.**

من ڕەخنەم هەیە لە وشەی (التحاق)و، بەرای من وشەی (مشترک) دابنرێت باشترە، چونکە ئەو ئافرەتانەی کە لەناو شارەکاندا کاریان کردووە بەراستی بارەکەیان زۆر قورس بووەو، بەنهێنی لە ڕێکخستنەکاندا کاریان کردووە، لەبەر ئەوە پێویستە ڕێز لەوانەش بگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز لیـوا کـەمـال مـوفـتی/ وەزیری پێشـمـەرگـە:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومــــــەن.**

یەکەم: دەربارەی مەسەلەی ئافرەت لێرەدا گووتوومانە (الملتحق)، چونکە ئەندامان دەیانەوێت ئەو کەسـانەی کـە لەناو شـارەکـانیـشـدا بەشـداربوون لە هەندێ چالاکی پێـشـمـەرگـە ئەوانیش ئەو بەخـشـشـانەیان پێ بدرێتێ، ئەوە رای پەرلەمـانە، بەڵام ئـەمـە تەنهـا بۆ ئەو کـەسانە دەبێت کـە بە کردەوە چوونەتە ڕێز شۆڕش.

دووەم: نەژادی مەسەلەکە شەهید و، پێشمەرگەیە، ئێمە دەمانەوێ لێژیان لێبنێین و، ئەوەی کە تر هەمووی شێوەکارییەو، تایبەتە بە لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومــــــەن.**

بۆ وەڵامی پرسیاری ئەندامان دەربارەی ئەو ئافرەتانەی کە لەناو شارەکاندا خەباتیان کردووە، لە پێناسەی پێشـمەرگە لە پێشـەوەدا هاتووە دەڵێ: (ناضل سـياسـياً وعسكرياً)، ئـــەوەش هەردووکیان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر ئەحـمـەد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــوومــــــەن.**

پرسیارێک کرا دەربارەی ئەو ئافرەتانەی کە بەشدارن کێن؟. بەرای ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە ئەو ئافـرەتە پێـشـمـەرگـانەش دەگـرێتـەوە کـە لەگـەڵ مـێردەکـانیـاندا چوونەتە ڕێزی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردییەوە، پێویستە ئەوانە وەکو پێشمەرگە ڕێزیان لێ بگیرێت.

سـەبارەت ئەوانەی کـە لە ڕێکخـسـتـنەکـانی ناو شـاردا کـاریـان کـردووە وەکـو لە پێناسـەی پێـشـمـەرگـەدا هاتووە، ئەوانەش هەروا دادەنرێن کە چوونەتە ڕێزی بزووتنەوەی رزگـاریـخـوازی کوردی و، ئەوانیش وەکو پێشمەرگە مامەڵەیان، لەگەڵدا دەکرێت.

ئێمە کە گووتمان (مشترک) یان (ملتحق)، لەبەر ئەوە بوو (مطاطیه)تێکی زۆری تێدا نەبێت، لەوانەیە بە هەزاران خەڵکی بخرێتە ناوەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی ناو شاریش نەک کابرایەک بڵێ من ڕێکخستن بووم، کەواتە خێزانەکەشم وەکو خۆم پێشمەرگەیە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاساکەدا هاتووە (من ناضل سیاسیاً وعسکریاً)، ئەگەر بەو شێوەیە بێت مانای وایە هیچ جیاوازیەک نییە لە نێوان پێشمەرگەو، خەڵکی تر، بۆیە پێشنیار دەکەم کە خەباتی سیاسی ناو جەرگەی شۆڕش دیاری بکرێت.

ئەندامان باسی خێزانی پێشمەرگەیان کرد، ئەی دایک و خوشکەکانیان خۆ ئەوانیش پەیوەندیان کردووە و، شۆڕشیان کردووە، لەوانەیە خێزانەکانیان ناچار بوون لەگەڵیاندا بچن، بەڵام دایک و خوشک لەوانەیە لە ناچاری نەبووبێت، دەبێ حیسابێکیش بۆ ئەوانە بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەم بابەتە زۆر باسکرا ئێستا پێشنیارێک هەیە لە مادە (٤) برگە (١) کە وشەی (الملتحق) لە جیاتی وشەی (المشترک) دابنرێت.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە لە برگەی (١) وشەی(المشترک)ە بکرێت بە (الملتحق)و، برگەکە وەربگیرێت، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

برگە(٢) دەڵێ: (تعتبر الفترة التي قضاها العنصر النسوي في الثورة خدمة مضاعفة لاغراض الخدمة والتقاعد) ئەو پێشنیارە هەیە لە لیژنەی پێشمەرگەوە، لیژنەی یاساش ڕەخنەی لەسەر نەبوو.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی (٤) دوو برگەیە:

١ــ ئافرەت وەکو پیاو ئیمتیازاتی دراوەتێ.

٢ــ برگەی دووەم تایبەتمەندیەتێکی هەیە کە (خدمەی مضاعف) بێت، ئەگەر (مضاعف) نەبێت پێویست ناکات و، دەبێ برگەی دووەم نەمێنێت.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگەی (٢) کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە (الخدمة مضاعفة) لابدرێت و، پێشمەگەی ژن هەمان بەخششەکانی پێشمەرگەی پیاوی هەبێت، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

له برگەی (١) ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسا کە (خدمة مضاعفة) دەنگی لەسەر درا لابـرێ، چونکە برگـەی (١) هەمـان مـاف ئەدا بەژن و پیـاو، کێ لەگـەڵ ئەوەدایە تکایە دەسـتی بەرز بکاتەوە؟ دەست بەرز کرایەوە.. سوپاسـتـان دەکەین.. کێ لە دژە؟... بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

المادة الخامسة: يتبوّ حاملو الاوسمة مواقع خاصة في المناسبات العامة كل حسب درجاتهِ.

**بەڕێز جـەمـیل عـەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

هیچ گۆڕین نییە، (پ.م) دوای دەساڵ خیانەت بکات. نرخی تێدا بێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

له مـادەی (٢) دا دەڵێ (من الذين لم ينحرف عن اهداف الثورة ولم يتعاون مع اعدء الحركة التحريرية الكوردستانية) ئەم مادەیە بۆ ئەو پێشمەرگانەیە کە مەدالیایان وەرگرتووە. مادەی (١٠) بەسەردا جێبەجێ دەبێت.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

وشەی (لم ينحرفوا) هەر پێویست نییە، چونکە لە پێناسەی پێشمەرگەدا هاتووە کە پێمشەرگە مرۆڤێکی پاک بێت، ئەگەر مرۆڤێکی دڵسۆز نەبێت هەر لە بنەڕەتدا بە پێشمەرگە دانانرێت، چونکە مەرجەکانی پێشمەرگایەتی تێدا نابێت، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن ئەحـمـەد عـەبدوڵلا کـوێسـتـانی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەشێک لەو برادەرانەی پێشمەرگە بوون لە سەنگەری خەباتدا خۆیان بە دوژمن فرۆشتووەو، ئێستاش بەشی هەرە زۆری پیاوە خراپەکان لەوانە کۆدەبنەوەو، کە لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا بوون.

پێشنیـار دەکـەم، پێشـمـەرگـەی ژن ئەو کـەسـانە بگرێتـەوە کـە لە زیندان بوون و، زۆر ئازارو، ئەشکەنجەیان دیووە، سوپاس.

**بەڕێز فـرەنسـز تۆمـا هـەریری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە ئێستا باسی یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە دەکەین، بەڵام کاتێک سەیری ناوەڕۆکەکەی دەکەین دەبینین کەمتر باسی ڕێزلێنان دەکرێت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم لە مادەی دووەمدا کە تەواو بوو دەنگمان لەسەر دا، کە هاتینە سەر دەنگدان لەسەر یاساکە بەگشتی، ئەو کاتە من مافی قسە کردنم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ هەر مادەیەک گفتوگۆی لەسەر تەواوبوو، نابێت ئێمە دووبارە بچینەوە سەری. ئێستا ئێمە لەسەر مادە (٥) گفتوگۆ دەکەین، بەڵام ئەندامانی بەڕێز لەسەر ئەم مادەیە قسەیان نەکردووەو، وەکو خۆی ماوەتەوە، هەموو لەسەر ئەو مادانە قسەیان کرد کە دەنگیان لەسەر دراوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز جەمیل لەسەر مادە (٥) قسەی کردو، پێشنیاری کرد ئەو مەرجەی کە لە مادە (٢)دا هەیە (من الذين لا ينحرفون عن اهداف الثورة، ولم يتعاونوا مع اعداء الحركة التحريرية الكوردستانية) زیاد بکرێت لەسەر مادە (٥)، بۆ ئەوەی تەنها بۆ ئەو جۆرە کەسانە بێت کە لە ڕێگای شۆڕش لایان نەداوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبوایە ئەوە لە مادەی (٣) زیاد بکرێت نەک لە مادە (٥)، چونکە مادەی (٥) ڕوونکردنەوەی مادە (٣) یە، ئەگەر تەماشا بکەن (يمنح البيشمه ركة الاوسمة الخاصة)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا مادە (٥) دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە .. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟... بە زۆربەی دەنگ مادە (٥) پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة السادسة:

١- تسرى احكام هذا القانون على الذين اشتركوا في الثورة الكوردية لغاية ٢/٨/١٩٩٠.

٢- يتم تكريم الشهداء الذين قدموا أرواحهم في سبيل الثورة بعد التاريخ المحدد في الفقرة (١) من هذه المادة بموجب النظام الخاص.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە مادەکانی پێشوودا ئەوەی کە ڕێزلێنانی شەهیدانی تێدایە هەمووی گوازراوەتەوە بۆ شوێنێکی تری یاخود لێی گەڕاون، کەواتە بڕگە دووی ئەم مادەیەش دەبێت هەر هەمان ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت (يتم تكريم الشهداء الذين قدموا ارواحهم بعد التاريخ المحدد في الفقرة (١) من هذة المادة)، هەرچەندە ئەوە پاش (٨/٢)یش دەگرێتەوەو، مەبەستی ئەوەیە لە(شهداء )، بەڵام ئێمە شەهیدی پێش (٨/٢) یشمان لاداوە، واتا ئەمەش دەبێت بچێتە سەر یاسای شەهیدان، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

من پرسیارێک ئاراستەی لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو، لیژنەی یاسا دەکەم. بۆچی رۆژی داگیرکردنی کوێت بە دوا رۆژ دانراوە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە؟، چونکە لە پاش راپەڕین خەڵکانێک پەیوەندییان کردووەو، بوونەتە پێشمەرگە، سوپاس.

**بەڕێز یونس مـــحـــمـــەد ســـەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە ئەم بەروارەمان پێ باش نەبووەو، وامان پێشنیار کردووە تا ١٩٩١/٣/١ بێ کە دوو سێ رۆژ پێش راپەڕینەکەیە.

سەبارەت بە برگە (٢) ئەویش هەروەکو لیژنەی یاسا باسی کرد پێشنیاری ئێمەیە، ئەو شتانەی کە پەیوەندیی بە رێزلێنان و، رێزلێنانی شەهیدانەوە هەیە بچێتە یاسای (تكريم الشهداء)، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی / وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــوومـــــەن.**

دوو سێ خاڵ هەیە حەز دەکەم لێرەدا باسیان بکەم.

یەکەم: ئەو یاسایە لەوەزارەتی پێشمەرگەوە ئامادە کراوەو، دراوە بە ئەنجوومەنی وەزیران و، پاشان ئەوان ئاراستەی پەرلەمانیان کردووە، لەبەر ئەوە هەندێ پرسیار هەنە وام حەزم دەکرد کە ئاراستەی من بکرێن، چونکە برادەرانی لیژنەی پێشمەرگە رای تایبەتی خۆیان هەیە گفتوگۆی دەکەن و، برادەرانی لیژنەی یاسا لە دارشتنی یاساکەدا رای خۆیان هەیە.

دووەم: پرسیارێک کرا هۆی چییە بەرواری (٨/٢) مان داناوە؟.

وەڵامی ئێمە ئەوەیە کە دەبێ ئەم یاسایە بۆ ئەو کەسانە دابنێین کە بەکردەوە دەستیان لە دروست کردنی شۆڕشەکەوە هەیە، لەبەرئەوە ئێمە نامانەوێ جارێ خەڵکانی تر تێکەڵاوی ئەم هەقە بکەین و، بۆیەش ئێمە رۆژی (٨/٢)مان داناوە، چونکە ئەم رۆژە بوو کە سەدام قەبری بۆخۆی هەڵکەند، ئەگەر ئەم بەروارەش لای ئێوە پەسند نییە، ئەوا دەیکەین بە (٣/١)، چونکە نزیکە لە راپەڕین، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

روونکردنەوەیەکمان هەیە بۆ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە کە پەیوەندیی بە سەرۆکایەتییەوە هەیە، بێگومان خۆی لێرە ئامادەیە بۆ ئەوەیە کە رای وەزارەتی پێشمەرگە بخاتە بەرچاومان و، بەرگری لەو پێشنیارانەی خۆیان بکات، بەڵام بەڕێز وەزیری پێشمەرگە تەنها یەک جار دەستی بەرزکردەوە، بۆیە ئەوەی کە دەستی بەرزنەکاتەوە من وای بۆ دادەنێم کە لەگەڵ ئەو شتانیەیە بۆیە دەستی بەرز ناکاتەوە.

**بەڕێز فـــــرەنسـو تۆمـــا هەریری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ وەزیری کاروباری پێشمەرگە، ئەگەر مەبەستی ئەوە بوو ئەو یاسایە تەنها بۆ ئەو پێشمەرگانەیە کە بەراستی لە شاخەکان ماون پێویست بوو بەرواری ۲۲/۹/۱۹۸۰ دانرابا، چونکە ئەو ڕۆژەی کە سەدام دەستی بەشەڕ کرد لەگەڵ ئێراندا، ئەو ڕۆژەی گۆڕی بۆ خۆی لێدا، نەک ئەو ڕۆژەی کە کوێتی گرت و، لەبەر ئەوەی هەر پاش دەست پێکردنی شەڕی نێوان عێراق و، ئێران، خەڵک ڕایان کرد لەسەرزبای و، پەیوەندییان بە ریزی پێشمەرگایەتی کرد، سوپاس.

**بەڕێز ئەبو بەکـر حـاجی ســفـەر غـولام:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

لە لیژنەی پێشمەرگەدا یەکەم جار ویستیان ٣/٦ دابنێن لەیەکەم ڕۆژی گرتنی ڕانیەوە، ئەم ڕایەش سەری نەگرت، چونکە هەندێک بەرهەڵستیان هەبوو کە ئەم بەرواره ڕۆژی دەست پێ کردنی ڕاپەڕین نییە، بۆیە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە لە ١/٣ بێت، یان ٢/٨ بێت، ئەو ماوەیەی کە کوێت گیرا، مەفرەزەکان زۆر هاتووچۆیان دەکرد و عەمەلیاتیشیان زۆر بوو، ئەگەر ڕۆژی کیمابارانی هەڵەبجەش دابنرێت ئەوا مافی زۆر لەو پێشمەرگانە دەفەوتێ کە لە پاشاندا شەهید بوونە، سوپاس.

**بەڕێز بەخـتـیـار حـەیدەر عـوسـمـان:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، بڕگە (١) دەڵێ: (تسري احكام هذا القانون على الذين اشتركوا في الثورة الكوردية) لێرەدا هەمان گرفت دێتە پێشەوە لە نێوان وشەی (اشتراک) و (التحاق)، لەبەر ئەوە پێویستە بڵێین (الذين التحقوا بالثورة الكوردية لغاية...). دەربارەی بەروارەکەش بەرای من ٣/١ گونجاوە، چونکە نابێت ئێمە بە هیچ شێوەیەک بەرواری ٢/٨ بێنینە ناو مێژووی خۆمان، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عـــەبدولقـــادر قــەرەداغی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

بەرای من ئەگەر ڕۆژی ٢/٨ بکرێت بە مێژوویەک بۆ تەواو بوونی هێزی پێشمەرگە لەوانەیە بەشێکی چاک ئەبێ و، من پێشنیار دەکەم ڕۆژی گرتنی شاری کەرکووک لە ٢/٣/١٩٩١دابنرێت لە جێگای ڕۆژی ٢/٨/١٩٩٠، سوپاس.

**بەڕێز د. فـایەق مـحـەمـەد گـولپی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

من تێبینییەکم هەیە لەسەر ڕایەکەی بەڕێز فرەنسۆ کە ئاماژەی بە بەرواری ۲۲/۹/۱۹۸۰ کرد. لەدوای شەڕی عێراق و ئێران هیچ کارێکی سیاسی نەبوو لەسەر ڕژێمی عێراقی و، هیچ ئەنجامێکی وای نەبوو کە کوردستان ئازاد ببێت و، زۆر لە خەڵکان وازیان لەسەربازی هێنابوو،

من بیرم دێ لەدەرەوە لە ساڵی ١٩٨٣ دا کە بانگەوازێک دەرچوو (٨٠٪) ی سەرباز رایان کردە ناوچەی ئازاد کراوی کوردستان و، ژمارەیەکی کەم لەو خەڵکانە بوون بە پێشمەرگە، لەبەر ئەوە بابەتەکە تۆزێک جیاوازی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە رووی شێوەکاریەوە ئەم بابەتە زۆر باس کرا، ئەگەر ئەندامانی بەڕێز دەڵێن رۆژی ٨/٢ رۆژێکی رەشە سەبارەت هەموو جیهان ئەوە دەتوانرێت لابرێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندیی هەیە بە هەندێک مەسەلەی نهێنی، ئێمە نامانەوێ باسی بکەین، ئەگەر دەتانەوێ پێشنیارێکی تر دەکەم، لەنێوان ٣/١ و رۆژی ٨/٢ مێژوویێکی زۆر گرنگ و شکۆدار هەیە ئەویش رۆژی (١١/٩/١٩٩٠)ە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کە مێژووی ١٩٨٠/٩/٢٢م هێنا، لەسەر ئەوە بوو کە بەڵگەکەی بەڕێز وەزیری کاروباری پێشمەرگە ئەوەبوو کە ٨/٢ بۆیە هەڵبژێردراوە، چونکە حکومەتی عێراق باری سیستەمی تێک چوو، ئینجا من لەسەر ئەوە دەڵێم ئەگەر خەلەلێک بوو، خەلەلەکە لە رۆژی ١٩٨٠/٩/٢٢ هەر هەبوو، من لەگەڵ ئەوەدا نیم بکرێتە ١٩٨٠/٩/٢٢، من دژی ئەوەم، بەڵام ئەو کە دەڵێت لەبەر ئەوەی خەلەلێک پەیدا بووە، بۆیە ئەو مێژووەمان هەڵبژاردووەو، بۆیە منیش ئاماژەم بەوە مێژووە داو، بەڵام من خۆم من لەگەڵ ئەوەدام بکرێت بە ٣/١، سوپاس.

**بەڕێز حازم مەحمود ئەحمەد یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەبێت بەرواریک دابنێین کە گونجاو بێت و، ببێتە پارسەنگ لە نێوان هەردوو قۆناغدا، بۆیە بەرای من ٣/١ باشترین بەروارە، چونکە چەند رۆژێک دوای ٣/١ راپەڕین دەستی پێ کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی /٦ (تسري احكام هذا القانون على الذين اشتركوا في الثورة التحررية الكوردستانية). پێموایە بۆ ئەوەی رێکتر بێ، ئەگەر لاریتان نەبێت وشەی (الكوردية) بیکەین بە (التحررية الكوردستانية لغاية ١٩٩٠/٣/١) وەکو لیژنەی پێشمەرگە پێشنیاری کردووە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مەبەستمان لەم یاسایە دیاری کردنی بەروار نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کام پێشمەرگە مافی رێزلێنانی هەیە کە زیاتر ماندوو بووە بە شۆڕشەوە. بێگومان هەتا گرتنی کوێت پێشمەرگە بە ژمارەیەکی کەم لە ئەشکەوتەکاندا دەژیان و، ژیانێکی ناخۆشیان دەبردە سەر، ئێمە دەمانەوێ جیاوازی ئەو جۆرە پێشمەرگە چاکانە، لەگەڵ ئەو جۆرە پێشمەرگانە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم مادەیە ببێت بە: (تسري احكام القانون على الذين اشتركوا في الثورة التحررية الكوردستانية لغاية ١/٣/١٩٩١) تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟... بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

برگەی (٢) پێشنیاری لیژنەی پێشمەرگە لەگەڵ لیژنەی یاسا ئەوە بوو کە بگوترێ (يتم تكريم الشهداءالذين قدموا ارواحهم في سبيل الثورة بعد التأريخ المحدد في الفقرة (١) من هذة المادة بموجب نظام خاص) ئەمە لابرێ و لەسەر ڕێزلێنانی شەهیدان دابنرێت.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە لابرێ و، لەگەڵ یاسای ڕێزلێنانی شەهیدان دابنرێت تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: (على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون] بەڕێزان دەمەوێت ڕوونکردنەوەیەک بکەم دەربارەی ئەوەی پێش چەند دانیشتنێک باس کرا [ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية].ئێمە ڕێککەوتووین لەسەر داڕشتنێک ئەویش بە دوو مادە دێ [على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون].

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئێمە گفتوگۆمان لەسەر دوو مادەکە نەبوو، گفتوگۆ لەسەر ئەوە بوو (ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره في الجريدة الرسمية) لە جیاتی (ينشر هذا القانون). بەرای من مادە (٧) بکرێت بە (ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره في الجريدة الرسمية) بەبێ ئەوەی بیکەین بە دوو مادە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة/ على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثامنة/ ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

واتا هەر بە دوو خاڵ هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی (مادة ٨/ من تأريخ نشرة في الجريدة الرسمية)، ئەوە لە پێنج شەش یاسا دەنگی لەسەر دراوەو، براوەتەوە، بۆ ئێمە دیسان داڕشتنەکەی بگۆڕین بەرای من ئەمە پەسند نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

من مەبەستم لە داڕشتن گۆڕین ئەوەیە کە دەڵێن (ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة

الرسمية) ئەمە پەیوەندیی نییە بە وەزیرەکان، دەبێ بڵێین (علی الوزراء المختصین تنفیذ هذا القانون).

**بەڕێز فـــــــرەنســــــۆ تۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

لەوانەیە ئەندامـان وابزانن کـە گـووترا (علی الوزراء المختـصین) شـتـێکی قـورس بێت. لە کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستـان و، یەکـێتی نیشتـمانیی، بەڕێز جەلال تاڵەبانی گووتی: شتێکی ئاساییەو، دەبێ ئەمە بکرێت، چونکە هیچی تێدا نییە ئەگەر بڵێین (علی الوزراء)، سوپاس.

**بەڕێز جــێگری ســــەرۆکی ئەنجــــومـــەن:**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ مام جەلال، لێرەدا ئێمـە ڕایەک کە باس دەکـەین کە بزانین ڕوونکردنەوەیەکی دەوێ، ئەگەر ئێوە خۆتان بڕیار دەدەن، ئەو داڕشتنە یاساییە ڕاتان لەگەڵی دایە، ئێمـە لەسـەر ئەوە دەڕۆین.

**بەڕێز حـــازم مـــەحـــمـــود ئەحـــمـــەد یوســـفی:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

کـە ئەڵێ (ینشـر هذا القانون وینفذ) بێگومان هەموو کەسێک پابەندە بە یاساکە، جا ئەگەر وەزیر بێت یان هاووڵاتی ئاسایی بێت، بەڵام ئەوە لە یاسادا شـتـێکی زۆر ئاسـاییە کـە لایەنی پەیوەندیدار پابەند بێت پێی، هاتنی ئەم دەقـەش لە یاسـاکـە تەنیـا بۆ تەئکیـدەو، لەبەر ئەوەی پەرلەمان دەسەڵاتی یاسادانانە دەتوانێت ئەم دەقە دابنێت، سوپاس.

**بەڕێز جــێگری ســــەرۆکی ئەنجــــومـــەن:**

مـادە (٧) کێ لەگـەڵ ئەوەدایە وەکـو خـۆی بمێنێـتـەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە تێکرای پەسند کرا

(مادة/٨ ینفذ هذا القانون من تأریخ نشرهِ في الجریدة الرسمیة) کێ لەگـەڵ ئەوەدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاسـتـان دەکەین.. کێ لە دژە؟ .. بە تێکرای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز لیـوا کـەمـال موفـتی/ وەزیری پێشـمـەرگـە:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

لێـرەدا یەک خاڵ هەیە کـە ڕوونکردنەوەیەکـە بۆ هەمـوو یاسـاکـە، ئێـمـە کـاتێک داڕشـتنی ئەم مـادانەمـان کـردووە زۆر ئاگـاداری فـەرمـانگەی خانەنشـینان بووین، چونکە لە فـەرمـانگەی خانەنشینان لیژنەی یاسایان هەیە کە ئەم یاسایە دەچێتە بەردەمیان، بەو شێوەیە لێکی دەدەنەوە کە خۆیان دەیانەوێ، بۆیە ئێمە لێرەدا سێ خاڵمان هەیە کە برادەران بە کۆمەڵ باسیان کردووە.

یەکـەم: پرسـیـار کرا بۆچی خزمەت و خانەنشین، سـەر مووچەو بەرز کـردنەوەی تێـدا نییـە؟ کە دەڵێ: (تحتسب للتقاعد) ئێمە ئەم خاڵەی (ترفیع و عەلاوەمان) لابرد، چونکە لە فەرمانگەی

خانەنشین بەپێی یاسای خزمەتکردن کاتێک ئەم یاسایە جێبەجێ دەبێت، دوای ئەوەی مانای ئەوە نییە برادەران بچن بڵێن خزمەتەکەمان بۆ حیساب بکەن ئەمە خاڵێک.

خاڵێکی دووەمیش خانەنشین کە بۆیان حیساب دەکەن بە بەرز کردنەوە، یەکسەر بەرز کردنەوەی پلە یەک ئەدات.

خاڵی سێیەم: ئێستا لە یاسای خزمەت و خانەنشیندا دێت، لەمەش تیایەتی ئەم مادەیە پەیوەندیی هەیە، بچووکترین پێشمەرگە مووچەی خانەنشینیەکەی، یان رێزلێنانەکەی یەکسانە بە بەڕێوەبەرێکی قوتابخانەی سەرەتایی، لەبەر ئەوە بە رای من ئەوە یاسایە زۆر فراوانەو گشتییە.

خاڵێکی تریش کە من لە رووی ناوەرۆکەوە باسی دەکەم ئەوەیە کە مەدالیا لە مادەی (٣)دا هاتووە دەڵێ: (اوسمة بنظام خاص) لە پێڕەوەکەدا کە ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەر دەکات، دووشتی تێدایە، لیژنەیەکی پسپۆڕی تێدایە ئەوان بڕیار دەدەن، ئەوانە کێن؟ لەبەرئەوە ئەمە ئەو گفتوگۆیە دادەخات دەربارەی (لمن اشترك ولمن التحق)، چونکە ئەوان زیاتر پەیوەندییان هەیە بە بنەڕەتی بابەتەکە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(الاسباب الموجبة: نظراً للدور البطولي النضالي لفصائل البيشمه رگة منذ اندلاع الثورة الكوردستانية المباركة وتكريما لشهدائنا الابرار لما قدموها من تضحيات) ئەوەی دەڵێ: (تكريما لشهدائنا الابرار) لادەبرێت، (في سبيل تحقيق الاهداف لشعبنا الكوردي في كوردستان العراق الى ما نحن عليه ليوم انتخاب المجلس الوطني الكوردستاني، وتشكيل اول وزارة اقليمية واقرار الفيدرالية كأساس لحقوق شعبنا المناضل فقد شرع هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە درێژایی ئەم یاسایە خاڵێک هەیە وەکو بۆشاییەک لەو یاسایەدا، کە تا ئێستا پەسند نەکراوە، ئەویش ئەوەیە، کێ (تکریم) دەکات و، کێ ئەو مەدالیاکە دەدات.

لە هەموو وڵاتێکدا بەرزترین دەسەڵات مەدالیا دەدات، بەلای منەوە دەبێ مادەیەک یان برگەیەک هەبێت کە بڵێ: دەبێ نیزامی بۆ دابنرێت و، بەڕێز وەزیری پێشمەرگە پێشنیاری بەیانی مەدالیا دەکات و، بەرزترین دەسەڵاتی هەرێم ئەو مەدالیایە دەدات بە پێشمەرگە، بێگومان ئەوە لە هۆکارە پێویستییەکاندا جێگای نابێتەوە، بۆ ئەوەی کە تەواو بوو بتوانین جێبەجێی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێمۆایە وشەی (الكوردي) لەم برگەیەدا زیادە (في سبيل تحقيق اهداف شعبنا الكوردي في

کوردستان العراق)، بە رای من بگووترێ (في سبيل تحقيق أهداف شعبنا في كوردستان العرق)، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو برگەیە (شهدائنا الابرار بما قدموه... ) بەلای ئێمەوە هەمووی لابرێ و، ئەوەی تر بڕوا بەو شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت وشەی (الثورە) ئێمە پێناسەمان کرد لەکاتی خۆیدا کام شۆڕشەو، لەکوێوە دەستی پێ دەکات و، لە کوێ وە کۆتایی دێت، بۆیە منیش لەگەڵ ئەو رایەی بەڕێز بارزان دام بگوترێ (اندلاع الثورة وما قدمة من تضحيات) و، وشەی (الكوردى) لاببرێت، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ وەڵامی بەڕێز فەلەکەدین، بێگومان لە موسوددەی نیزام و، یاساکە لە بنەڕەتدا تیایەتی کە دەڵێ: (تشكيل لجنة اختصاصية في وزارة شؤون البيشمە رگة لمكافاة الذين تتوفر فيهم الاخلاص) واتە: لیژنەی پسپۆڕ کە پێک دێت ئەوان ئەو پێشمەرگانە پۆلین دەکەن و، لەدوای ئەوان بەپێی پێڕەوەکە دەدرێت بە ئەنجوومەنی وەزیران و، ئەنجوومەنی وەزیرانیش بڕیاری لەسەر دەدەن لە (تصنيفات) و، دانانیان، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەندێ جار ئێمە دەستەواژەی (شعبنا الكوردي) لادەبەین، لەبەر ئەوەی هەستێکی زۆر برایانەمان بەرامبەر بە برا تورکمان و ئاشووریەکان هەیە، بە رای من بڵێین (شعبنا الكوردى فى كوردستان العراق) ئێمە لە زۆر جێگا وتوومانە (الثورة التحريرية الكوردستانية) وابزانم شتێکی خراپ نییە و، لەناو خۆمان و، لەناو دەوڵەتانیشدا تێکۆشانی کورد لە هەموو شوێنێکدا بەوە دەناسرێت، جا نازانم بۆ دەبێ لە هەر جێگایەک و لەهەر شوێنێک دا ئەوە لابەرین؟.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەکو بەڕێز ئەیاد گوتی: (لشهدائنا الابرار) لاببرێت و، ئەوەی تر وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە (أسباب الموجبة) وەکو خۆی بمێنێتەوە، تەنیا (الشهداء الابرار) لاببرێت تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟..
بە تێکرای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

ئەم یاسایە، یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگەیە، لەسەرەوە ناونیشانەکەی وا هاتووە کەچی لە ناوەڕۆکەکەی دا ڕێز لە پێشمەرگە نەنرا.

لە برگەی سێیەمدا هاتووە کە مەدالیای بۆ دابنرێ، بۆ ئەوەی ئەو مەترسییەی بەڕێز جەمیل ئاماژەی بۆکرد نەمێنێ، من پێشنیار دەکەم لە خالّی دوو ، وشەی (التكريم) زیاد بکرێت واتە بەو شێوەیە بێت : (تعتبر الفترة التي قضاها البيشمه رگة في صفوف الثورة منذ التحاقه بالنضال لاغراض التكريم والخدمة والتقاعد) چونکە دوای ئەوە تێیدا هاتووە (لاينحرف)، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

پێش ئەوەی تەواوی بکەین داوایەک هەیە، لەلایەن لیژنەی یاساوە هاتووەو، دەڵێ: دوای ئەوەی یاساکە مادە بە مادە خوێنرایەوە و دەنگی لەسەردرا ئێستا هاتووینەتە سەر یاساکە بە گشتی، لەبەر ئەوە دەتوانین جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر مادەکان و، گفتوگۆیان بکەین؟

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

بێگومان هەر مادەیەک ئەگەر دەنگی لەسەر درا تەواو دەبێت، تەنها دەبێ بەپێی یاسا هەموار بکرێت، کە دەنگ لەسەر گشتی مادەکان بدەین، ئەگەر کەموکووری هەبێت مادەیەکی نوێ زیاد دەکەین، چونکە لەسەر هەمووی دەنگ نادەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

دەنگدانی گشتی بۆ ئەوەیە یاساکە بەگشتی وەربگیرێ، یان وەرنەگیرێ، بۆ ئەوە نییە کە هەموار بکرێ لەسەری، یان مادەیەکی تازە زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم مـــەحـــمـــود ئەحـــمەد یوســـفی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

بەڕاستی ئێمە پشتگیری پێشنیارەکەی بەڕێز جەمیل سندی دەکەین، چونکە لێرە لە مادە یەکدا هاتووە (من الذين لم ينحرفوا عن اهداف الثورة ولم يتعاونوا مع اعداء الحركة الكوردية) وە لەمادە (٣)دا نەهاتووە ئەمە، یان دەبوایە هەر نەیەت بەیەکجاری، یان دەبوایە لە هەردوو شوێنەکەدا هاتبایە.

پێشنیارم کە پێش ئەوەی دەنگ لەسەر هەموو یاساکە بدەین ئەم برگەیە ببەینە سەر پێناسەکە (كل من التحق بالثورة وناضل سياسيا وعسكريا لتحقيق اهدافها)، چونکە ئێمە بەپێی یاسا مافی ئەوەمان هەیە شوێنی برگەکان بگۆڕین، چونکە ئێمە هێشتا دەنگمان لەسەر هەموو یاساکە نەداوە، سوپاس.

**بەڕێز لیوا کەمال موفتی/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم مەسەلانە بەرای من هەموویان شێوەکارییە. لیژنەی یاسا خۆیان دەستەواژەی (لم ینحرفوا) لەناو مادەکە دا ناوە، ئەو کەسەی کە لە ڕێ لا ئەدات و، تاوانێک ئەکات بەرامبەر بە شۆڕش یاسای سزادان دەیگرێتەوە، لەبەر ئەوە یاساکانی خزمەتکردن و، (أصول المحاكمات الجزائيه)و یاسای خانەنیشن نایگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ توما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیریی پێشنیارەکەی بەڕێز حازم دەکەم، چونکە چارەیەکی چاکە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز حازم یوسفی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە پێشمەرگە دەبێت بە (كل من التحق بالثورة وناضل سياسيا وعسكريا لتحقيق اهداف الثورة ولم يتعاون مع اعداء الثورة التحريرية الكوردية).

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەرەتاوە کە داوامان لە بەڕێزتان کرد کە هەر پرسیارێک لە ئێمە بکرێت لێرەوە وەڵامی دەدەینەوە، بۆ ئەوەی ماوە بدەین بە لیژنەی یاسا، بەڵام بەداخەوە زۆر گرنگی بەرای لیژنەی پێشمەرگە نادەن! ئێمەش پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز حازم دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینییەکم لەسەر ئەم بابەتە هەیە من هەر لەگەڵ ئەو رایە بووم کە یەکێک لە لیژنەی پێشمەرگە دابنیشێ، چونکە زۆرتر لەبەر چاوە، لەوەی کە دەست بەرزدەکەنەوە، هەروەکو یەکێک لە ئەندامانی پەرلەمان حیسابی بۆ دەکەین.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من یاساکە لە کاتێ جێبەجێ کردنیدا لەو مەبەستەی بۆی دانراوە دوور بکەوێتەوە. لێرەدا دیسان باسی ئەوە دەکرێت کە هێشتا پەسند نەکراوە بۆشایی تر هەیە، دیسان دەگەڕێمەوە سەر پێشنیارەکەی پێشووم، ئەگەر نووسراو بێ (وسام خاص) بڵێین (اعلى سلطة في البلاد)، واتە (يمنح الوسام من قبل اعلى سلطة في البلاد) ئەمە یەک.

دووەم: هەیە پێنج ساڵ بەشدار بووە لە شۆڕشدا دوایی وازی هێناوە، بەڵام بەخاوێنی راوەستاوەو، زۆر حاڵات هەیە دەبێت بۆ خدمە و تەرفیع وشتی وا حیساب بکرێت، بەڵام بۆ مەدالیا بنووسرێت ئەوەی (١٠-١٥) ساڵ کەمتر لە خزمەتدا مابێ بە مەرجێک نەپچرابێ تا ٨/٢، هەروەها من لەگەڵ ئەوەشدا نیم کە ئەم بەرواره بگۆڕدرێ بۆ ٣/١ چونکە گرفتێکی زۆر دروست دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەنیزامێکی تایبەتی ئەم شتانە دەردەچێت لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە و، ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئاگادار دەکرێ بۆ ئەوەی ئەو کێشەیەی لە جێبەجێ کردنی یاسای گەڕاندنەوەی پۆلیسەکان دروست بووە، تووشی نەبێ. پێموایە وەزارەتی پێشمەرگە وا چاکە ئاگاداری ئەوە بن نەمان خەنە ئەو تەنگوچەڵەمەیە، بەڵام ئەم یاسایە ئێستا پەسند کراوەو، دەنگی لەسەر دراوە. ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە پاش ئەو هەموارکردنەی کە لیژنەی پێشمەرگە و، لیژنەی یاساش پەسندیان کرد ئەم یاسایە وەربگیرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە پەسند کرا.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر ئەو لیژنەیەی خانووەکان بۆمان باس بکەن تا ئێستا چیان کردووە بۆ وەرگرتنەوەی خانووەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، ئەنجوومەنی وەزیران و، گەیشتوونەتە کوێ؟.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەنجوومەنی وەزیران لە رۆژی ١٩٩٢/١١/٣ دوا بڕیاری خۆی دا بۆ چۆڵ کردنی خانووەکان، هەر هەموویێ، ئێمە ئەو بڕیارەمان بردو، چووین بۆ چۆڵ کردنی خانووەکان و، چووینە لای بەڕێز پارێزگاری هەولێر، لەوێ بۆ رۆژی دوایی لیژنەیەکی پێشوومان هەبوو کە پێشتر دامان نابوو، بۆ سەرژمێری کردنی ئەو خانووانەو، وەرگرتنی خانووەکانی تر، ئەو خەڵکانەی لەو خانووانەدا دانیشتبوون، کۆمان کردنەوە، دووبارە بەدووررو درێژی لەگەڵیان دانیشتین و، پرۆتۆکۆلی دانیشتمان ئامادەکرد، پێشمان گوتن کە دانەیەکیش بۆ پەرلەمان بنێرن، ئادارکردنەوەیەکی (تبلیغ) تازەشمان ئامادەکرد بۆ هەموو دانیشتوانی ئەو خانووانە بۆ ماوەی هەفتەیەک واتە لە (٤) ی مانگ تاکو (١١)ی مانگ ئەو خانووانە چۆڵ بکرێن، ئەو لیژنەیەش دوێنێ سەری لە پارێزگاری هەولێردا کە دەستی بەکار کردووەو، خەریکی ئیشوکاری خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەزم کرد یەک روون کردنەوە بکەم بۆ بەڕێزان ئەندامان، ئێمە وەکو لیژنە هیچ کەمتەرخەمیمان نەکردووە لەو ئیشە، ئەم نووسراوە کە بەڕێز حەسەن باسی دەکات، رۆژی (١٠/٧) دراوە بە

ئێمەو، ئاراستەی پارێزگا کراوە، پێویست بوو ڕۆژی (١٠/٧) کە کۆبوونەوەکە کرا لێرەوە ئەم نووسراوە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بڕۆیشتبایە بۆ پارێزگا، بۆ ئەوەی تا (١٠/١٧) پەنجا خانوویان بدابایەوەو، تا ١١/١ هەموو خانووەکانیان بدابایەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم نووسراوە بە یەک مانگ لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە نەگەیشتە پارێزگا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وادیارە لەو هەواڵانەی کە بۆمان دێن لەوە ناچێ کە تا دوو ڕۆژی تر کە ئەبێتە ڕۆژی (١١) مانگ ئەو خانووانە چاک بێت و، بارێکی تریش هەیە ئەویش هەندی لەو خانووانە کە چۆڵ دەبێ خەڵکی تر دەچنە ناوی، بەبێ ئەوەی کە بزانرێت ئەو خەڵکە لای ئاشکرا بێ کە هی ئەنجوومەنی وەزیرانە، یان هی ئەنجوومەنی نیشتمانییە.

ئێستا (٨٠) کەس لە دانیشتووانی ئەم خانووانە نامەیەکیان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە کە (٦) مانگ مۆڵەتیان پێ بدرێت، بۆئەوەی ئەم خانووانە چۆڵ بکەن.

ئێمە لە سەرۆکایەتی پرسیار دەکەین لەم لیژنەیە، ئەگەر تاکو (١١)ی مانگ ئەم خانووانە چۆڵ نەکرێن چ ئیجرائاتێک وەردەگیرێت؟.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت ئەو خانووانە کە چۆڵ کراون و، هەندێک چوونەتە ناوی لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە کراوە، هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن، هەندێ خانوو هەنە هی ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئەگەر خانوویەک چۆڵ بێت، ئەوان خەڵکیان ناردۆتە لایان، ئێمەش ئەو ڕەخنەیەمان لێ گرتن.

کاتی خۆی بڕیارەکەتان داوە ئەم لیژنەیە کە لەلایەن پەرلەمانەوە دانرا، بۆ ئەم لیژنەیە پارێزگاری هەولێرو بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، بڕیارەکە وابوو ئێمە بەرپرس بین لە وەرگرتنی خانووەکان و، دابەش کردنی خانووەکان، بەڵام بەداخەوە ئەوە دواکەوت، هەرچەندە لە یەکەم ڕۆژی کە باسی خانووەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، ئەنجوومەنی وەزیران کراوە، ئەو دانیشتووانە هەر هەموویان ئاگادار کراون، بڕیار بوا بوو کە (١٧)ی مانگ چۆڵ بکرێن کەچی بەداخەوە تا ئێستا چۆڵ نەکراون، ئێستا ئاگادار کراون کە بۆ ئەوە ماوەی یەک هەفتە خانووەکان چۆڵ بکەن، ئەگەر نا لەوانەیە بە هێز پێیان چۆڵ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوانەی بیانوویەکیان هەیە کە دەڵێن خانووەکان چۆڵ ناکەین، بەتایبەتی ئەوانەی کە کەسوکاری شەهیدن ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کرد کە (١٠٠٠) دیناریان بدرێتێ بۆ ئەوەی چۆڵی بکەن و، بەڵام هەر چۆڵی ناکەن، لەبەر ئەوە پۆلیس و هێزی ئاسایش ناچارن لە دوای هەفتەیەک بە هێز پێیان چۆڵ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵێکی تر هەیە هەندێ خانوو تاپۆ کراون لەسەر وەزیرەکان، پێمـوایە ئەوە حەق نییـە، من بەرپرسم لەوەی خانووی کارگێڕی سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی چۆڵ نەکراوە من پێم گوتن چۆڵی مەکەن، چونکە بە ئێمەیان گووت: فلان وەزیر چۆڵی نەکردووە، با چۆڵی بکات، ئەگەر وای لێهات من بە لیژنەکەم گوتووە کە خانووەکە چۆڵ بکەن و، خانوویێکی تر پەیدا بکەن، ئەمە یەک.

دوو: زۆر لە بریکاری وەزارەتەکان و، هەندێ لە بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتەکان خانوویان وەرگرتووە، بەڵام ئێمە ئەندام پەرلەمانێن هێشتان خانوومان وەرنەگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەوانەیە ئەگەر یەکێک ئەمینداری گشتیی شارەوانی بێت، ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ وەزیری شارەوانی، هەر لەبەر ئەوە گووترابێ، ئەمە بۆ فلان وەزیرە، وابزانم ئەوەش شتێکی نارەوایە ئەگەر وابێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بڕیارمان وایە کە بە یاسای کۆن کار ناکەین، دیسانەوە خانووەکان دابەش دەکەینەوە، ئەوەش لە زمنی ئەو شتە ئیستسنائیە کرا، کە دراوەتەوە فلان بەڕێوەبەری دیوان یان کەسێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە بە پێی بڕیاری یەکەم، پێویستە ئەم لیژنەیە وەری بگرێت و، دابەشی بکات نووسراوەکان لای ئێمە هەیە، بەڵام بەداخەوە زۆریان یاری تێدا کراوە یەکێک لە بەڵگەکانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوە بوو گوتی، چونکە بەڕێز عەبدولوهەیمەن خانووەکەی چۆڵ نەکردووەو، فەرمانەکەی دەرنەکردووە، ئەو بیانووە زیاتر لەیەک مانگی پێوە کوژرا، لیژنەکەی ئێمە یەکەم ڕۆژ ڕایگەیاندو گووتی: ئێمە چۆڵی ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕوونکردنەوەکە ئەبێت بە ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، ئەنجوومەنی وەزیران بێت، خۆی کێشەیەک هەیە لەوەدایە کە بەداخەوە هەردوو ئەنجوومەنی نیشتمانیی و، ئەنجوومەنی وەزیران، لایان وایە کە جاران ئەو خانووانە هی ئەنجومەنی یاسادانانی کۆن بوون و، کەمێکی هی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن بوون، لەپاشان بە تاپۆ ئەم خانووانە گەڕایەوە بۆ ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن و، وابزانم چوار خانوویان مایەوە بۆ ئەنجوومەنی یاسادانان. پێویستە ئێستا ڕێککەوتنێک بکرێت لە نێوان هەردوو ئەنجوومەنەکە، کە ئەو شتە هەڵوەشێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کە حکوومەتمان دامەزراندووە لە سەر بنچینەیەکی دیموکراتی پەرلەمانی. لە نیزامی دیموکراتی پەرلەمانی جیاکردنەوەی دەسەڵات هەیە لە نێوان (ئەنجوومەنی یاسادانان و، ئەنجوومەنی راپەراندن و، هەیئەی دادوەری)، ئێستا پەرلەمان و، ئەنجوومەنی وەزیران ناتوانن بە زۆر پێیان چۆڵ بکات، تەنها دەبێ دادگا حوکم بکات ئەو خانووەیان پێ چۆڵ بکات. سوپاس

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو رایەی کە دەڵێ بریار دەبێ بە دادگا دەربچێت، رایەکی بەجێ نییە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم یاسایە لەناو یاسای بەکرێدان نییە، خۆی ئەوانە لەسەر بنەمای خەملاندنی لیژانی باجی خانووبەرە دەبێ دابنرێ، ئەمە لەلایەک و، لەلایەکی تریشەوە کە دەوڵەت دەچێتە ناو ئەم جۆرە مەسەلانەوە پێی دەڵێن (عقودی اذعان) لایەنێکی بچووکی تێدایە، لایەنی دووەم دەوڵەتە و، ئەو مەرجانەی بەسەردا ناسەپێت، بەرای من ئەندامانی لیژنەکە تاکو ئێستا ئیجرائاتی تەواویان وەرنەگرتووە بەرامبەر ئەم مەسەلەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئەوەی بەڕێز حەسەن کانەبی باسی کرد، راستە، ئەگەر کرێچی و خاوەن موڵک لەیەک پلەدا بن، وەکو کاکەڕەش گووتی کە دەوڵەت لایەنێکە لێی، ئینجا وەکو ئەوان دەڵێن بەپێی یاسای کرێ ئاگادار بکرێنەوە بۆ ماوەی (٩٠) رۆژ دوای ئەوە حوکم بدرێن. ئەم یاسایە لەسەر ئەوە جێبەجێ نابێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا دەچینە سەر خاڵێکی تر ئەویش ئەوەیە یاسایەک دەربچێت بۆ گەڕانەوەی ئەو خانووانەی کە کاتی خۆی لەلایەن رژێمەوە دەستی بەسەردا گیرا بوو، پاش لێتوێژینەوەی ئەو بابەتە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران و، وەزارەتی پەیوەندیدار پرۆژەیەکی یاسامان بۆ هاتووە دەربارەی ئەم بابەتە کە ئێستا بۆتانی دەخوێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

رئاسة المجلس الوطني الكوردستاني، تشكيل لجنة برئاسة السيد نائب رئيس مجلس الوزراء وعضوية السادة وزير المالية والاقتصاد، ووزير العدل ووزير البلديات والسياحة لدراسة الدور و الممتلكات المحجوزة للافراد بسبب مواقفهم الشريفة تجاه قضية كوردستان، عقدت اللجنة اجتماعات اعتيادية لدراسة الموضوع وتوصلت الى بعض النتائج حسب ما جاء بمحضر اجتماعها بتأريخ ١٨/١٠/١٩٩٢ واقترحت معالجة هذه الحالات بالصيغة التالية:

إصدار قرار من المجلس الوطني الكوردستاني بتخويل مجلس الوزراء أو اللجنة بإمكان اعادة:
١ـ العقارات والدور والاراضي السكنية والزراعية والحقوق المكتسبة التي حجزت باسماء اصحابها الى اصحابها الشرعيين.
٢ـ العقارات والحقوق التي تمت مصادرتها ولم تبع لحد الآن، اتلاف العقارات بحقوقها التي انتقلت ملكيتها نتيجة البيع من الشخص والذي انضم الى السلطة في الوقت الحاضر وترك الاقليم، اما بقية الحالة فستتم دراستها لاحقا وتوضع المقترحات لحلها وثم عرضها على مجلسكم الموقر لاتخاذ القرارات اللازمة بصددها وطيا مشروع القرار مع التقدير ومرفقات القرار.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە ئەوە بوو کە بەڕێز فرەنسۆ باسی کردو ئێمەش گوتمان لە ژێر لێتوێژینەوە دایە، لەگەڵ ئەو پرۆژەی کە بۆمان دێت، لیژنەی یاسا بە وردی لێی دەکۆڵێتەوە، ئینجا پێشکەشی بەڕێزتان دەکرێت.

ئێستا لیژنەی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی باری ئاوارەکان با بفەرموون راپۆرتەکەیان بخوێننەوە.

**بەڕێزان فەوزیە عیزەدین رەشید و، گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید:**

راپۆرتی لیژنەی ئاوارەکانی گەرمیان و، کەرکووکیان خوێندەوەو، لە پاشکۆی ئەم پرۆتۆکۆلە بەرچاو دەکەوێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وا باشتر بوو ئەم راپۆرتە کاتێک پێشکەش بکرێ کە تەلەفزیۆن و، دەزگاکانی راگەیاندن لێرەبان بۆ ئەوەی بزاندرابایە گرنگی بەپێداویستی ئاوارەکان دەدرێت، ئەگەر ئەنجوومەنی نیشتمانیی ماوە بدات بە راگەیاندنی ئەنجوومەن کۆپییەک لەم دانیشتنە بدات بە تەلەفزیۆنەکان بۆ ئەوەی گرنگی پێ بدەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەراستی ئێمە پێمان ناکرێ بە زۆر دەزگاکانی راگەیاندن بێنین. وادیارە ئەبێ ئەوەندە گرنگییان نەبێت کە بایەخ بەشت بدەن، لەسەرەتاوە فێری ئەوە بوون بێن دوو وێنە بگرن و، وا ئەزانن کارەکەیان تەواو بوو، دەچنە دەرەوە.

پێویستە ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیان بە تەلەفزیۆنەکانەوە هەیە، ئاگاداریان بکەن بۆ ئەم مەسەلانەو، بۆیە ئەو پێشنیارەی کە کرا بەراستی لە جێی خۆی دایەو با تەلەفزیۆنی ئەنجوومەن، دوو دانە بدات بەهەردوو تەلەفزیۆنەکان تاکو بڵاویان بکەنەوە و گرنگیان پێ بدەن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان ئەگەر تەلەفزیۆن ودەزگاکانی راگەیاندن لێرە بوونایە شتێکی زۆر چاک دەبوو، بەڵام

ئێمه، ناتوانین فشاریان لەسەر بکەین، چونکە ئەمە تەلەفزیۆنی پەرلەمان نییە کە پێیان بڵێین ئامادە بن و، ئەوانیش تاکو ئێستا واراهاتوون کە بێن تەنیا وێنە بگرن و، بچنە دەرەوە، چونکە تەنیا ئەوەندە ماوەیان دراوەتێ.

خاڵێکی تری نیزامی هەیە ئێمە پەیڕەومان نەکردووە، ئەویش ئەوەیە کە لەسەرەتای دانیشتن دەبێ دەنگدان بکرێ لەسەر ئەوەی دانیشتنەکە نهێنی بێت، ئەو کاتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بچنە دەرەوە، چونکە سەرۆکایەتی بەتەنیا مافی ئەوەی نییە، بڕیاری ئەوەبدات کە دانیشتنەکە نهێنییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لەگەڵ تۆدام کە دانیشتنەکان دەبێ ئاشکرا بێت، تەنها ئەگەر بڕیاری سەرۆکی کۆبوونەوە بێ، پێموایە سەرۆکی پەرلەمان بڕیار دەدات کە ئەم دانیشتنە ئاشکرایە، یاخود نیهێنییە، ئەگەر ئێوە پەسندی بکەن، بەلام هۆی نەهاتنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەوە نییە لەبەر نهێنی دانیشتنەکان بێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە پەیامنێرو ڤیدۆییان کەمە.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕەخنەیەکم هەیە لە خۆمان و، لە وەزارەتیش، هەر لەسەر مەسەلەی تەلەفزیۆن بۆ نموونە: چەند جارێک تەلەفزیۆنی یەکێتی و، پارتیش زۆر ئیهانەی ئەندامانی پەرلەمان دەکەن و، خۆشتان ڕەنگە زۆر جار هەستتان پێ کردبێ و،پشتگیریم دەکەن کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هیچ بایەخێک بە پەرلەمان و، کارەکانی ئەندامانی پەرلەمان نادەن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

نامەیەکمان لە وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بۆ هاتووەو، نیاز هەیە ئاژانسێکی ناوەندیی ڕاگەیاندن دابنێن و، داوایان کردووە کە ئێمە هاوکارییان لەگەڵدا بکەین و، ئێمەش ئامادەین و، پێشمان خۆشە کە ئەو ئاژانسە هەبێت.

ئێستا کێ تێبینی لەسەر ئەو ڕاپۆرتە هەیە کە خوێندرایەوە؟.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە سوپاسی ئەو لیژنەیە دەکەم کە خۆیان ماندوو کردووەو، ڕاپۆرتێکی باشیان پێشکەش بە پەرلەمان کردووە.

من پرسیارێک لە لیژنەکە دەکەم سەبارەت ئەو خشتەیەی کە کردوویانە لە بارەی ئاوارەکانەوە، بۆچی ئەم ڕاپۆرتە قەزای هەڵەبجەی تێدا نییە، چونکە وەکو ئێمە ئاگادارین لە قەزای هەڵەبجە لە ناوچەکانی دەوروبەری هەڵەبجەو، لە سیرواندا لە ناحیەی خورماڵەوە ئاوارەیەکی زۆری کەرکووک و، ناوچەی گەرمیان دەژین لە شارەزوور و، ئەوان باسی شانەدەریان کردووەو، بۆ

ئەوەی خشتەکەیان تەواو بێت داوا دەکەین ئەگەر دەشێ ئەوەیشی بخەنە سەری، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عـــەبدولقـــادر قـــەرەداغی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

بێگومان نەک هەر لە هەڵەبجەدا، بەڵکو لە سەید سادقیش ئاوارە هەن، جا نازانم بۆچی لیژنەکە بە شێوەیەکی گشتی باسیان کردووە؟، لیژنەکە لەسەر دەوربەری سلێمانی راپۆرتەکەی نووسیوە، بە رای من واباشترە بۆ مەسەلەی ئاوارەکان پەلە بکرێ، چونکە خەڵکی ناحەز هەنە زۆر هانیان ئەدەن و، ئەو پێشنیارەی کە کردوویانە بۆ ناوچەکانی بازیان شتێکی چاکە، بەڵام ئاوارەی کەرکووک دوو بەشن، وا باشترە بۆ ناوچەی بازیان کۆبکرێنەوە، چونکە باریان زۆر خراپە، سوپاس.

**بەڕێز عـــومـــەر ســـەید عـــەلی حـــســـێن:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

چەند خاڵێک هەیە دەمەوێ باسیان بکەم:

یەکەم: ئەگەر سوود لەو قەڵایانە وەربگیرێت بۆ نیشتەجێ کردنی ئاوارەکان ئەوە شتێکی باشە.

دووەم: بڕیار بوو (١٥٠٠) تەن ئارد بکرێت بۆ ئاوارەکانی گـەرمـیـان ئایا چی بەسەر هات؟ ئەوەی تا ئێـسـتـا من بیسـتـوومـە لە خـەڵک دەڵێن شـتـێکی وا نەکـراوە، لێرەش بڕیاری لەسـەردراوە، کـە ئەنجـوومـەنی وەزیران ئەوە جـێـبـەجێ بکات و، ئەو (١٥٠٠) تەن ئاردە بۆ ئاوارەکان بکرێت و، ئەوەی گەرمیان تاکو ئێستاکە هیچی دیار نییە.

سێ یەم: مەسەلەی گازو تۆو لە پارێزگای دهۆکدا، زیاتر لە دوو ملیۆن لیتر گاز هەیەو، ئێستا ئەوە باران دەسـتی پێ کـردووە، ئەوە ئایا هی بەرەی کـوردسـتـانـیـیـە،یان هی حکوومـەتی کـوردسـتـانە؟، ئەگەر حکوومەت دەسـتی بەسـەردا گرتووە، پێشـنـیـار دەکەم بەشێـوەیەکی ڕەوا دابەشی بکات بەسەر هەموو پارێزگاکاندا لە کوردستان.

بۆ مەسەلەی تەلەفزیۆنیش ئێستا ئەو حەسیاسەتە نەماوە لە نێوان هەردوو فراکسیۆندا، جاران ئەو حەساسیەتە هەبوو، با ئێستا هەموو تەلەفزیۆنەکان بێن بۆ پەرلەمان و هەموو دانیشتنەکان تۆمار بکەن، بۆ ئەوەی جەماوەر ئاگاداری کارەکانی پەرلەمان بێت، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

سەبارەت بابەتی کڕینی ئارد، ئێمە دوای بە دواداچوون بۆمان دەرکەوت کە تاکو ئێـسـتـا هیچ نەکراوە، چونکە لەکاتی خۆیدا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی داوای کرد ئەم بابەتە لە دەزگاکانی راگەیاندن بلاو نەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوە دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی نرخی ئاردو، نەمـانی لە بازاڕدا، بەڵام بەداخـەوە ئەم هەواڵە بلاو بۆوەو، بووە هۆی نەمـانی ئارد لە بازاڕداو، بۆیەش ئەنجوومەنی وەزیران تاکو ئێـسـتـا نەیتوانیـووە ئەو ئاردە بکرێت، سبەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە دەبێت لێرە، ئەم بابەتەی بە شێوەی پرسیار ئاراستە دەکرێت لەگەڵ پرسیارەکانی تر.

دەربارەی دەزگاکانی راگەیاندنیش ئێمە بڕیارمان نەداوە کە دەبێ تەلەفزیۆنەکان بچنە دەرەوە، بەڵام ئەوان خۆیان زۆر جار دەڕۆنە دەرەوە، لەبەر ئەوە دەبێ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگاداریان بکەنەوە دەربارەی ئەم مەسەلەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێزت فەرمووت راستە، چونکە لە سەرەتا وا پێڕەو کرابوو، پەیامنێرەکان چەند دەقیقەیەک لە ژوورەوە دەمانەوەو، دەردەچوون، ئەوان هەر لەسەر ئەو شێوەیە لێ راهاتوون، منیش پشتگیری لەسەر پێشنیارەکەی بەڕێز عومەر دەکەم تەنیا بۆ دانیشتنی داهاتوو، ئەگەر بەڕێزتان ئاگاداری دەزگاکانی راگەیاندن بکەن کە شتێکی وا هەیە، نەک تێکهەڵچوونەکیان لا دروست بێت و، هەر کاتێکیش کە دانیشتن نهێنی بێت ئەوا پەرلەمان بڕیار لەسەر دەدات، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی لە کاری ئەم لیژنەیەدا تەئکید لەسەر مەسەلەی کۆکردنەوەی ئەو ئاوارانە دەکەم، چونکە بەراستی دوو رووی هەیە:

یەکەم: پەیوەندیی بە هەمان خەڵکی ئاوارەی زەحمەتکێش و، خەڵکی ئەنفال و، برسییەوە هەیە.

دووەم: پەیوەندیی بە حکوومەتی کوردستانەوە هەیەو، بەتایبەتی بە مەسەلەی ئەمنی کوردستانەوە، بۆیە بەرای من مەسەلەی کۆکردنەوەیان بەهەر شێوەیەک بێت، ئەگەر لەیەک شوێندا، یان لە دوو شوێن دا کۆبکرێنەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوانە کۆنترۆڵ بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر بڕیار لێرەوە دەردەچێت، بەڵام ئەنجامەکەی جاری واش هەیە نازانین چەندی جێبەجێ کراوە، تا بتوانین لێپرسینەوە لەگەڵ وەزیرەکاندا بکەین، لەوانەیە ئەمە ئەرکی سەرۆکایەتی بێت کە بەدوای بەجێهێنانی ئەم کارە دابچێت، یان سەرۆکایەتی لەبەر ئیشوکاری ئاگاداری ئەم مەسەلەیە نییە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە لیژنەیەکی بەدواداچوونمان هەبێ.

دووەمیان ئەمە مەسەلەی ژمارەیە، یەکیان داوای (١٧٥٥١) خێزانی کردووە، کەچی ژمارەیەکی تریان بۆ (١٧٦٠١) خێزان دەچێت هەر لە راپەرینەکەدا جیاوازی هەیە لە ژمارەکاندا، هەر چۆنێک بێت زۆرە، لە کاتێکدا کە ئەو ژمارەیە زۆرەو، خێزانی ئاوارە هەنەو، هەمووشی (١٦٣٢) خانوو هەیە، جا ئەمە کارەساتێکی گەورەیە، بەڕێز وەزیری دارایی هاتە پەرلەمان و، ویستی باسی بودجەی چەند مانگی داهاتوو بکات، پاشان باسی بودجەی ساڵی ١٩٩٣ بکات، دوایی لەبەر ئیشوکاری رۆیی و، پرسیارەکە تەواو نەبوو، ئێمە رەنگە هەر هەموومان نەزانین چیمان پێ دەکرێ و، توانای حکوومەت و، ئەنجوومەنی وەزیران و، وەزارەتی

دارایی چەندە؟ پارەیان هەیە یان نیانە؟ ئەو پارەی کە بودجەی پێ دادەنرێت لە کوێوە دێت و چۆن دێت؟، دەبێ شتێکی گشتی لەو بارەیەوە بزانین و، بڕیارێک بدەین تا بزانین چ دەتوانین بکەین و، هیچ نەبێ ئەو (١٦٣٢) خانووەمان پێ ئامادە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت ئاوارەکان کە تەنها لە هەڵەبجەدا نین، لە سیروان و خورماڵ و سەید سادقیش هەن بۆ ئەو خێزانانەش زیاد بکرێ.

خاڵی دووەم: بوونی ئیدارات لە پارێزگای کەرکووک تاوەکو ئێستا هیچ هەنگاوێکی بۆ نەنراوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێموایە کەس لاری لەوەدا نییە کە راپۆرتێکی زۆر چاکە، هەموومان حەز دەکەین بە زووترین کات شتێک بۆ ئەو ئاوارانە بکرێ، بەڵام ئایا لیژنەکە هیچ سەرژمێرییەکی کردووە بۆ ئەو خەڵکانەی کە هەندێ جێگاو کارو کاسبیان بۆ خۆیان پەیدا کردووە؟، چونکە دەبێ ئەو سەرژمێرییە بکرێت و، ئاگاداری ئەنجوومەنی وەزیران بکرێت کە ئەو ئاوارانەی زۆر پێویستن شوێن و، کاسبیان بەزووترین کات بۆ دابین بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان راپۆرتەکە زۆر چاک بوو، ئەو پێشنیارەی کە هەموو برادەران تەئکیدیان لەسەر کرد کۆکردنەوەی ئاوارەکان بوو لەیەک شوێندا، راستە شتێکی چاکە، بەڵام وەکو دکتۆر (علی الوردی) دەڵێ (من یعلق الجرس؟). چۆنیان کۆ دەکەینەوە لەو شوێنەدا؟ ئایا تەکلیف لە حکومەتی کوردستان بکەین کە ئەوانە ئۆردووگایەکیان بۆ دروست بکرێ؟.

لە راپۆرتەکەدا دەڵێ (١٦٣٢) خانوومان هەیە (١٧٥٥١) خێزانمان هەیە، ئەو خانووانەش هی وەزارەت نییە، هی خەڵکێکی ترە، دەبێ بە پارە بیکرینەوە.

سەرۆکایەتی دەڵێت ئەمە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکەین، بەرای من ئەمە لە جێی خۆیەتی، بەڵام هەندێ شت داوا بکەین کە لە تواناد‌ا بێ بکرێن و، هەروەها وەزارەتی مرۆڤایەتی لەگەڵ رێکخراوە مرۆییەکان ئەمە باس بکات کە ئاوارەکان، یان بگەڕێنەوە شارەکانی خۆیان، یان شوێنێکیان بۆ دروست بکرێت، چونکە ئەمە لە توانای حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا نییە، بەڵام بەرای من ئەوەی لە توانای حکومەتی کوردستان دایە، ئەو جووتیارانەی کە لە شوێنی خۆیان ماون تۆیان بداتێ و، گازوایلییان بداتێ، ئەمەش دوو سەرەیە، هەم جووتیارەکان تێر دەبن و، هەم بەرهەمیش دەداتە کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لیژنەکە ئاوارەکانی کردبووە دوو بەش، بەشێکیان خەڵکی شارەکانی (دووز و، جەلەولا)، ئەمانە لەژێر دەسەڵاتی حکوومەت دان و، بەشی دووەمیان خەڵکی (کەلارو، کفری و، سمود و، چەمچەماڵن)، وابزانم لەو جێگایانەدا نوێنەریان هەیە لە پەرلەمان، ئایا بۆچی ئەوانە ئاوارە بوون؟ من پێشنیار دەکەم پەرلەمان، یان حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارێک دەربکات تاکو ئەوانەی دانیشتووی ناوچە رزگارکراوەکانن بچنەوە شوێنی خۆیان، ئەگەر نەڕۆیشتنیشەوە، ئەوا سیفەتی ئاوارەییان نەبێت، سوپاس.
**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە مەبەستمان لە ئاوارە تەنیا ئەوانەی ناو کەرکووک نییە، چونکە لە هەر شوێنێ تیری دوژمنی بگاتێ خەڵکی ئەو شوێنە ئاوارە دەبن، دەبێ خەڵکی ناوچەی سەنگاویش بە ئاوارە دابنرێن، ئەو رۆژە رژێم تۆپی گرتبووە پشت ئەوێ، ئێستا ئەو ناوچانە تۆپیان تێ دەگیرێ و، تووشی زیان دەبن، سوپاس.
**بەڕێز جەلال جەوهەر عەزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من دوو سێ تێبینیم هەیە کە ئەمانەن:
١ـ حەق وا بوو حکوومەتیش لێرە بوایە، ئینجا ئێمە گفتوگۆی ئەم بابەتەمان بکردایە، بۆ ئەوەی بزانین توانای حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەندە؟ تاوەکو بڕیاری بەجێی لەبارەیەوە بدرێ.
٢ـ ئێمە لەوێ ئاماژەمان بۆ لیژنەی سەرەکی کردووە، بەلای من دروست بوونی چەند دەستەیەک بەناوی ئاوارەو، بەناوی کۆمیتەی ئاوارەو، ناوچەی ئاوارە کێشەی زۆری بۆ ئاوارەکان دروست کردووە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم بڕیارێک بدرێت بۆ ئەو کۆمەڵانە، چونکە ئەوان خۆیان لە ئێمە بە نوێنەرتر دەزانن بۆ ئەو ئاوارانە، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئێستا ئەو پێشنیارە هەبوو، لەگەڵ ئەو تێبینییانەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دایان و، هەر شتێکی دی لەپاشان بیری بکەنەوە، بیدەن بە لیژنەکەو، ئێمە دەیان نێرین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، لەگەڵ جەخت کرد لەسەریان کە هەوڵ بدەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.
لیژنەکە پێک هاتووە لە (٨) ئەندام، ئەگەر سێ ئەندام دەستنیشان بکرێن، بۆ بە دواداچوونی ئەم پرۆژەیە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا.
ئێستا کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاسیان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا.

# راپۆرتی لیژنەی ئاوارەکانی کەرکووک و گەرمیان:

**بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان**

لەسەر بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە کۆبوونەوەی رۆژی ۳/۱۰/۱۹۹۲ لیژنەیەک لە (۸) هەشت ئەندامی بەڕێز لە نوێنەرانی کەرکووک و، گەرمیان پێک هات و، بەگوێرەی نامەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ژمارە (۲-۳-۵۵۳) لە رۆژی ۸/۱۰/۱۹۹۲ دا لیژنەکە دەست بەکار بوو.

لە رۆژی (۱۰/۱۰/۱۹۹۲)دا بە ئامادەبوونی گشت ئەندامانی لیژنە لە پارێزگای سلێمانی یەکەم کۆبوونەوەی سازدا. سەرۆکی لیژنەو، جێگرو ژمێریار لە ئەندامانی دەسنیشان کران و، بەکۆمەڵ سەردانی سلێمانییان کرد و داوی هەندێ وتووێژ لەسەر ئیشوکاری لیژنەکەمان و، باری ئاوارەکان لە ناوەوە و دەرەوەی شاری سلێمانیدا باس کرا.

لە کۆبوونەوەی دووەمی لیژنەدا کە هەمان رۆژ بەستمان، لەبەر بەربڵاوی ، زۆری ئیشەکانمان دوو دوو دابەش بووین بەسەر چوار قۆڵدا، تا هەر دوو کەس رووبکەینە لایەک و، لەو کووچەو کەنارو لایەنانەی کە ئاوارەیان تێدا دەژی. بۆیە دوای نیوەڕۆی ئەو رۆژە (۳۲) بنەکەی ناو شاری سلێمانی بەسەر کرانەوە و دوای یەکگرتنەوەمان لە شەوەکەی دا، مەبەستەکانمان یەکخستن و ئەو بنکانەمان دەسنیشان کردن کە رۆژی ۱۱/۱۰ سەردانیان دەکرێ و، هەر بەم چەشنە دوای هەموو گەڕانێک کۆبوونەوەی لیژنەی سازدەدراو، ئیشوکاری داهاتوومان دابەش دەکرد. تابتوانین بە جوانترین شێوەو، سەرکەتووترین و، تێروتەسەلترین راپۆرت لە کەمترین ماوەدا بگەیەنینە بەرچاوی ئێوەی بەڕێز.

بەڕێزان، زۆر لە کۆنەوە باری ژیانی کورد ئاوارەیی بووەو، دەمێکە کورد ئاشنای دەربەدەرییە. کورد دۆستی گیانی بە گیانی تێکۆشان و، خەباتەو هەردەم ئامادەی بەخت کردنی ماڵ و منداڵیەتی لە پێناوی پاراستنی شەرەفی کوردایەتیدا، رەو کۆچ و دڕندایەتی دوژمنە یەک لەدوای یەکەکانی بەدرێژای رۆژگار لەگەڵ گەلەکەماندا لە کاردا بووە.. تا دەگاتە ساڵی ۱۹۸۰ و، هەشتاکان، بەعس و خوێنرێژی و، بەعس ستەم و کورد و ئازار و ئەشکەنجەو تواندنەوە لە کاردابوون. رژێم بۆ گەلەکەمان هەر بەکوشتن و برین و سەرنگووم کردن رازی نەبوون، بەڵکو سەر شێتییەکەی گەیشتە رادەیەک کە زەوی و ئاسمانەکەی بکا بە ئاگرو ژیانی تێدا قەدەغە بکات و، چی تێدا بێ بە گڕی پیسی لە دۆزەخی دەروونی بەعس هەڵقولاو بیسووتێنێ.

بێگومان ئێمە نامانەوێ بە درێژی بتان بەینە ناو کۆس و واوەیلای مێژووی گەلەکەمانەوە، بەڵکو دەمانەوێ تارادەیەک ئاوارەیی حەقی خۆی بدرێتێ، لە کاتێکدا دوژمن ویستی بە ئەنفال سەرقاپی بنێتەوە. گوایە بۆ یەکجاریی ئەنفال بکات بە دوا چیرۆک و بەسەر هات و کارەساتی گەلەکەمان، ئیتر کورد بەبێ دەنگی بتوێنێتەوە. بەڵام هیممەتی کوردایەتی لە فورسەت دەگەڕا

تا بە راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ سەری هەڵدا، ئەمیش گەورەترین کۆچ رەوی بەدووا دابوو. بەڵێ ئاوارەیی ئەم جارەیان گشت ماڵێک و، هەموو کەسێکی کوردستانی گرتەوە.
ئەم جارەیان گەلەکەمان یەک دەستی و یەک دەنگی و وەک یەک مردن وەک یەک ژیانی گەلی کوردستان بەجیهان ناساند. بۆیە دەمانەوێ بڵێین گشت کوردستان ئاوارە بوو، زۆریان گەڕانەوە سەر ماڵی ویرانیان و، لێرەدا مەبەستمان ئەوانەن کە بەکەلاوە رووخاوەکانیان شاد بوونەتەوە.
گەلێکی بێ کارو بەرهەممان بەدەستەوەیە، لێرەدا مەبەستمان ئەوانەن کە ئەگەر ئیشیش هەبێت پیاوی نییە ئیشی بۆ بکات.
سەرانسەری کوردستان ترسی سەرمای هەیە، لێرە مەبەستمان ئەوانەن کەداری خانووەکەی و بەتانی سەر منالەکانی فرۆشتووە لەتاو برسیەتیدا. دەست نەرۆیشتوو زۆرن، مەبەستمان ئەوانەن کە کۆرپەو جگەرە هەڵقرچاوەکانیان دابەش کردووە بەسەر خەڵکیدا تا تێریان بکەن و نەمرن.
بێ جێگەمان زۆرن، بەلام ئەوانە مەبەستمانن کە بەفری پارو هەتاوی هاوین خەیمە شڕەکەی رزاندون و، چاوەڕوانی رەق بوونەوەی زستان دەکەن.
بەرێزان ، دڵتان توند نەبێ و، بێ تاقەت نەبن لە قسەکانمان، ئەمانە هەموویان نموونەیەکن لە خەرمانێکی ئاهی سارد و، پەژارەو کێشە سەختەکانی گەلی کوردستانی بەشەرەف.
بەرێزان، سنووری کەرکوک و گەرمیان ئەم جارەش وەک هەموو جارێک باجی زۆرتری داوەو، قوربانی زۆرتر بووە. بێ گومان بەو پەری پێ خۆشحاڵییەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەن بۆ شارو گوندەکانیان و ،پێیان خۆش نییە زەحمەت بن بۆ کەسێکی تر و چاو ببڕنە دەستی خەڵکی، ئەگەر رێکخراوەکان بن یان کەسانی تر. خەڵکی ئەم سنوورە هەرگیز نەفس نزم نەبوون، بە پێچەوانەوە هەردەم فیداکار بوون، بۆیە ئێستاش ئامادەنین مل کەچی دوژمن بن.

## جۆری ئاوارەکان:

ئاوارەکان بریتین لەچەند جۆرێک:
هەندێکیان خەڵکی ئەو شارانەن کە ئێستە دەکەونە ژێر دەسەلاتی رژێمەوە، وەک شارەکانی (کەرکوک، دووز، جەلەولا، خانەقین، جەبارە، کولەجۆ، قادر کەرەم، نەوجوول، رێدار... )
هەندێکییشیان خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکانن کە دەکەونە سنووری رووبەرووبوونەوەی دوژمن و، مەترسی هەڕەشەی دوژمنیان لەسەرە وەک (کفری، کەلار، سمود، چەمچەماڵ، شۆڕش، تەق تەق، تەکیە..) ئەمانە خاوەنی گەورەترین بەشن لە ئەنفالە بەدناوەکەدا.
هەرچەندە لەناو ئەمانەشدا خەڵکی سوود بین هەن کە خەریکی قاچاغچێتی و، مامەڵەن و، خۆشیان بە ئاوارە لەقەڵەم داوە، بەلام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە زۆربەی ئاوارەکانی ئەم ناوچانە لەناو برسێتی و بێ دەرامەتی، دووبنەیان هەیە بەمەبەستی ئازووقە وەرگرتن و، ئەوانەی خەڵکی

گونده ئەنفال کراوەکانن زیاد لە هەمووان پەرێشان و وێرانن، چ لە بارەی برسێتی و، چ لەبارەی بێ کاری و نەبوونی کەسوکارو رووت و رەجاڵیدا.

## دابەش بوونی ئاوارەکان:

ئاوارەکان سەرانسەری کوردستانیان گرتۆتەوە، بەشێوەیەکی نارێک لە شارەکان و شارۆچکەکان و ئۆردوگاکان دا هەن و دابەش بوون. هەندێکیشیان لە خەیمەو کەپرو کەلاوەو کۆلان و فەرمانگە چۆڵەکاندا دابەش بوون، وەک سەربازگەو، سایلۆو، کارگوە، قوتابخانە.
ئەمانە ژیانیان لە مەترسی دایە و باریان زۆر خراپە، لەبارەی بێ جێگەیی و، نەبوونی سووتەمەنی و، خواردەمەنی و، نەبوونی هیچ جۆرە دامودەزگایەکی خزمەت گوزاریی.

## ئەو دیاردانەی بەهۆی ئاوارەییەوە پەیدا بوون:

بەڕاستی ئاوارەیی هەر ئەوەندە نییە کەباسمان کرد، لەگەڵ خۆیدا چەند دیاردەیەکی ناهەموارو ترسناکی هێناوە، وەک نەخۆشییەکانی (دەروونی، کۆمەڵایەتی نەخۆشی سیاسی) و، بڵاوبوونەوەی چەند نەخۆشییەکی وەک (مەلاریا، گرانەتا، کەم خوێنی، هەستیاری) بە شێوەیەکی فراوان و بەربڵاو، بەتایبەتی لە حەوزی پێنجوێن و شارەزووردا.
ئەمە جگە لە دیاردەی سواڵ کردن و، دابەش بوونیان رۆژانە بە سەر ناسیارو خزم و برادەرانیان و پەنابردنە بەر کار هۆشەی گوڵە گەنم و، کۆکردنەوەی درکی (شاخەلارە) بۆ فرۆشتن.
لەلایەکی تریشەوە بوونیان لەناو دەزگا و فەرمانگەکانی حکوومەتیدا وەک (سایلۆ، کارگەی شەکری سلێمانی، فەرمانگەی ئەمن،) هەندێ لە قوتابخانەکان کێشەی جۆراوجۆری بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیدا کردووە.

## کێشە سەرەکییەکانی ئاوارەکان:

تابڵێی کێشەی ئاوارەکان زۆرن، بەڵام سەرەکییەکانیان ئەمانەن:
١ـ نەبوونی و، کەمی خواردەمەنی (ئارد، برنج، رۆن)، هەروەها نارێکی لەدابەش کردنیاندا.
٢- نەبوونی سووتەمەنی و جێگای نیشتەجێ بوون و نەبوونی ئاوو کارەباو نەخۆشخانە.
٣- کێشەی قوتابیان، گواستنەوەو، وەرگرتن، کەمی قوتابخانە، کەمی ژمارەی مامۆستا.
٤- کێشەی برا فەیلییەکان کە ماوەیەکە حکوومەتی ئێران دەریان دەکات بەمەبەستی بار قورس کردن لەسەر حکوومەتی کوردستان.

٥- کێشەی دەروونی و، قسەو قسەڵۆک و ناوو ناتۆرەی ناشیرین بە خەڵکی ئاوارە، وەک (دۆم، قەرەج ، میسری هتد...).

## پێشنیارەکانی لیژنەکەمان:

١ــ وەک لەمەوبەر باسمان کرد دابەشبوونی ئاوارەکان بە شێوەیەکی نارێک کێشەی زۆری بۆ خۆیان و بۆ خەڵکی ترو حکومەتی کوردستان دروست کردووە. بۆیە کۆکردنەوەی ئەو ئاوارانە لە چەند جێگایەکدا زۆربەی ئەم کێشانە چارەسەر دەکات و، لەجیاتی ئەوەی خۆیان ئاوارەی شارەکان بن، دەبن بە خاوەنی (شاری ئاوارەکان) ئەمەش گرنگییەکی سیاسی و کۆمەلایەتی و دەروونی تایبەتی دەبێت کە ئەمانە بەشێکیانن:ــ

أــ ئاوارەکان لە جیاتی ئەوەی ببن بە خاڵێکی مەعنەوی و، کۆمەلایەتی و، سیاسی لاواز، ئەگەر کۆبکرێنەوە لە جێگایەکی دیاری کراودا، دەبن بە هێزێکی مەعنەوی سیاسی دیارو، ئاشکرا بەرامبەر بە دوژمن و، حیسابی تایبەتی خۆی بۆ دەکرێ.

ب ــ بە کۆکردنەوەو رێکخستنیان، پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک یارمەتی (خواردەمەنی، خەستەخانە، ئاوو کارەبا، قوتابخانە) سووک و، ئاسانتر دەکات.

جـ ــ بە کۆکردنەوەیان سەردانی خەڵکی بیانی (رۆژنامەنووس ، پەیامنێری رادیۆو تەلەفزیۆنی رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان و نوێنەری ولاتان) ئاسانتر دەکات بۆ تێگەیشتن و، لێکۆڵینەوە لە باری ئاوارەکان.

٢ــ حکومەتی هەرێمی کوردستان ــ پارێزگای کەرکووک خۆی سەرپەرشتی کاروباری ئاوارەکان بکات، ئەگەر لە سنووری کەرکووکیش نەبن.

٣ــ سەرژمێری تەواوی ئاوارەکان بکرێ و، پۆلین بکرێن و، گرنگی بەو بەشە بدرێت کە بێ جێگاو زۆر نەدارن و، مەترسییان لێ دەکرێ.

لێردا ئەگەر لەم قۆناغەدا، لەبەر کەمی کات و ،بێ دەرامەتی کۆنەکرانەوە، لیژنەکەمان پێشنیار دەکات:

أــ ئەو ئاوارانەی کە هەندێ لەشاری سلێمانی هەن و هەندێکیش کە لە شاری رانیەو دیانە هەن، بەتایبەتی ئەوانەی لە خێمەو ژێر جەمەلۆن و لە دەزگا حکومەتیەکاندا (وەک قوتابخانە وکارگەو..هتد) دەژین، کۆبکرێنەوە کە ژمارەیان (١٥٠٠ــ٢٠٠٠) ماڵ دەبن.

ب ــ بۆ ئەم مەبەستە لیژنەکەمان (٢) ئەندامی تەرخان کرد بوو، بۆ ئەوەی سەر لەو خانووانە بدات کە لە ئۆردوگای بازیانی (١) و (٢)دا هەن، بۆ ئەوەی بزانین لە بارەی چەندێتییانەوە

به کار دێت و، سوودیان لێ وەردەگرین یان نا؟.
لە پاشکۆی راپۆرتەکەماندا، دەقی ئەو زانیارایانە دەخەینە روو کە هاوپێچە بەم راپۆرتەوە.
ج ــ پێشنیار دەکەین یارمەتییەکی گشتی و، بەپەلە بدرێ بە ئاوارەکان لەلایەن حکوومەتی کوردستان و، ئەو رێکخراوە مرۆڤ دۆستانەوە کە لە کوردستاندا کار دەکەن، بە تایبەتی یارمەتی (خواردەمەنی، سووتەمەنی، بەتانی و جل وبەرگ). بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندیی بە رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانی وەک (کرۆ، کرا، شلتر)ەوە بکرێت.

## چەند تێبینی و پێشنیارێکی گشتی:

لە ئەنجامی گەرانماندا بە ناوچەکان و پەیوەندیی کردنمان بە هەندێ خەڵکی ناوچەکانی گەرمیانەوە، هەندێ تێبینیمان وەرگرتووە کە بریتین لە:
أ ــ ناوچەی گەرمیان کە زۆربەی گوندەکانی ئەنفال کراون و،بێ دەرامەتن و، خاوەنی زەوی بە پیت و، بەرهەمی کشتوکاڵن، ناتوانن ئەم ساڵ تۆو داچێنن،چ لەبەر گرانی گەنم و، چ لەبەر گرانی و نەبوونی گاز، ئەگەر بەم زووانە تۆو نەکرێ ئەوە کات بەسەر دەچێ و بۆ ساڵی ئاییندە بەرهەمی دانەوێڵە نابێ. تەنانەت هەر لەم زستانەدا قات و قڕی پەیدا دەبێ، چونکە بە هۆ مەترسی نەبوونی دانەوێڵە لە ساڵی داهاتوودا ئەوەی هەشیەتی نایفرۆشێ و قایمی دەکات. بۆیە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە یان تۆو گاز پەیدا بکرێ بۆ جووتیارەکانی گەرمیان یان قەرزێکیان بدرێتێ، تاکو بتوانن تۆوەکانیان بکەن.
ب ــ بەهۆی دیاری نەکردنی سنووری ئیداری پارێزگای کەرکووک و، نەبوونی ئیدارە لە سنووری کەرکووک، گەلێ کەموکووری هەیە،تا ئێستا چارە سەر نەکراون، وەک دادگا ــ بەرێوەبەرایەتییە ئیدارییەکان، (قیمقام ــ پۆلیس ــ شارەوانی) بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدا چەندین ناتەواوی لە میلاکی مامۆستایاندا هەیە، بە تایبەتی لە شاری چەمچەماڵ (٤٨٠) کەمی هەیەو، لەوانەیە دەرگای هەندێ لە قوتابخانەکان دابخرێن. بۆیە تا زووترە پارێزگار دیاری بکرێت و، ئیدارە دروست بکرێ و، سنووری کەرکووک دیاری بکرێ باشترەو، کێشەکان کەمتر دەبنەوە و، یاسا جێگیر دەبێ هەست بە ئارامی و، ئاسایش دەکرێ و، دڵنیایی لە ناوچەکەدا دەچەسپێ.
ج ــ سەرژمێرییەکی گشتی و، وردی سنووری کەرکووک و گەرمیان بکرێ لە ئاوارەو دەرکراوەکانی گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێم و، خەڵکە ئەنفال کراوەکان و، پاشماوەکانیان بۆ ئەوەی بخرێتە بەرچاوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و، تاکو چارەسەرێکی یەکجارەکییان بۆ بدۆزرێتەوە، بۆ گەراوەنەوەیان بۆ جێگەی بنەرەتی خۆیان و، بەمەش خەڵکی ئاوارە لە ئاوارەیەتی بە یەکجاری رزگاری دەبێ.
بەرێزان ئەمەش (٢) خشتەیە بە تەواوی سەرژمێری خێزانە ئاوارەکانی سنووری هەولێر،

سلێمانی، کەرکووک دەکات، کە کۆی گشتی یان دەکاتە (١٧٥٥١) خێزانی ئاوارەو، هەر بنکەیە بە گوێرەی جێگای ئێستاو، پشوویان دیاری کراوە، هیوادارین جێی ڕەزامەندیی بەڕێزتان بێ.

## ئەندامانی لیژنەی ئاوارەکان:

١ـ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی ـ سەرۆکی لیژنە.
٢ـ سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوڵلا ـ کارگێڕی لیژنە.
٣ـ گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید ـ ژمێریاری لیژنە.
٤ـ فەوزیە عیزەدین ڕەشید ـ ئەندام.
٥ـ مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین ـ ئەندام.
٦ـ جەلال جەوهەر عەزیز ـ ئەندام.
٧ـ مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم ـ ئەندام.
٨ـ جوهر ئەحمەد شاواز ـ ئەندام.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە

**مادەی یەکەم:**
مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ خواستەکانی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:
١- شۆڕش: شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستانی یە کەلە ١٩٦١/٩/١١ەوە هەڵگیرسا.
٢- پێشمەرگە: هەرکەسێ چووبێتە ریزی شۆڕشەوە لەرووی سیاسی یا سەربازی یەوە خەباتی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کردبێ و لێیانی لانەدابێ و هاوکاریی لەگەڵ دوژمنانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ی کوردستانیدا نەکردبێ.

**مادەی دووەم:**
ئەومـاوەیەی کـە پێشـمـەرگـە لەناو شـۆڕشـدا لە ڕۆژی چوونە ڕێزی یەوە بەسـەری بردووە بۆ مەبەستی خزمەت وخانەنشینی بەخەباتی(فعلی) دادەنرێ.

**مادەی سێ یەم:**
مـەدالیای تایبەتی بەپێشمەرگە دەدرێ کە شێوەو پلە وبەخششـەکانی(امتیازات) بەپێ ی ئەم یاسایە بەپەیڕەوێکی تایبەتی دیاری دەکرێ.

**مادەی چوارەم:**
ئەو بانووانەی چوونەتە ڕیزی شۆڕشەوە هەمان بەخششەکانی پێشمەرگەیان دەدرێتێ.

**ماددەی پێنجەم:**
هەڵگرانی مـەدالیـا لەبۆنە گشـتی یەکاندا هەریەکە وبەپێ ی پلەکەی لەشوێنی تایبەتی یاندا دادەنیشن.

**مادەی شەشەم:**
حوکـمـەکـانی ئەم یاسایە ئەو کـەسانە دەگرێتـەوە کـەتا ١٩٩٢/٣/١ چوونەتە ڕیزی شـۆڕشی ڕزگاریخوازی ی کوردستانییەوە.

**مادەی حەوتەم:**
دەبێ وەزیرە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**مادەی هەشتەم:**
ئەم یاسایە لەڕۆژی بلاوکردنەوەیەوە لەڕۆژنامەی رەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## «هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە»

لەبەر ڕۆڵی خەباتگێڕی و قـارەمـانێـتیی هێـزە تێکۆشەرەکـانی پێشـمـەرگە لە هەڵگیرسانی شۆڕشی پیرۆزی کورددا وبۆ ڕێزلێنانی ئەو فـیداکارییانەی لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کوردمان لە کوردستـانی عێـراقدا پێشکەشیـان کـردووە وبەم ڕۆژەی ئێسـتـامـانیـان گـەیاندووین بە هەڵبـژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان وپێکهێنانی یەکەم وەزارەتی هەرێم و بڕیاردانی فیدراڵییەت وەک بناغەیەک بۆ مافەکانی گەلی تێکۆشەرمان ئەم یاسایە دەرکرا.